تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

جەمال نەبەز

گۆبەرھەم

ژمارە (٦)

زنجیرەی وتارو وتوویژ

لەگەڵ دەزگەی راگەیاندنی گشتی

ژمارە (١)

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

کوردستان - سلێمانی
٢٠٠٦

جەمال نەبەز

کۆبەرهەم

ژمارە (٦)

زنجیرەی وتارو وتووێژ
لەگەڵ دەزگەی راگەیاندنی گشتی
ژمارە (١)

کوردستان ـ سلێمانی
٢٠٠٦

- ناوی کتێب : کۆبەرهەم ژمارە (٦)
- نووسینی: جەمال نەبەز
- دەرهێنانی هونەریی بەرگ: محەمەد زادە
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٢٤٧)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پێدراوە.

لە سەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە

مافی چاپکردنەوەی تەنێ بە دەست نووسەرە

پێرست

بانگەوازێکی دڵپاکانە بۆ هەموو ٧

بانگەوازێك بۆ نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکی کوردستان ١١

دوکتۆر جەمال نەبەز لە کۆڕێکی پێنج سەعاتیدا ١٥

لە وەرامی پرسیارێکی کوردستانی نوێ دا ٢١

مەبەستم کۆماری فیدەرالی کوردستانە، نە کەمتر و نە پتر........ ٢٨

خاین و خیانەت و خیانەتکار و خیانەتکاری ٤٢

پەیمانی واشنتۆنی ١٩٩٨/٩/١٧ چۆن هەڵدەسەنگێنن و ٥٥

لە دیدارێکدا دوکتۆر جەمال نەبەز رێککەوتننامەی ٥٩

پاش نیوەڕۆیەك لە خزمەت شای کوردستان ٦٦

چەند سەرنجێك لەبارەی سەردانەکەمانەوە ٩٠

وتووێژی تەلەفزیۆنی «کوردسات» لە گەڵ د. نەبەز ٩٦

پێ کێ کێ ...... بەرەو کوێ؟؟؟............................. ١١٠

بۆ بەڕێوەبەرانی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە ١١٥

کوردستان «کوردستان» ی کردە راستی ١٢١

سەرنجدانێك لە هەڤپەیڤینی «میدیا» لە گەڵ شاکرێ خدۆ ١٢٦

پەیامی مامۆستا جەمال نەبەز بۆ کۆنگرەی پێنجەمی ١٤١

برای خۆشەویست و بەڕێز مام جەلال ١٤٣

«فەقیانە» کەی شێخ مەحموود بوو بە «دەستەسڕە» ١٤٥

ئەمریکا و تیرۆر و کورد ١٥٥

کورد لەڕۆژانی پەلاماردانی ئەفغانستاندا ١٦٥

ئازادی و حیزبایەتی ١٦٩

سوپاسێکی زۆر گەرم

نووسەر و خاوەنی ئەم بابەتانەی لەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە، (جەمال نەبەز) هەروەها بنکەی چاپەمەنی کوردنامە سوپاسێکی گەرمی هاوبیری هێژا سیروان کاوسی دەکەن کە بە ئەرك و ماندووبوونێکی زۆر ئەم بەرهەمەی خستە سەر کۆمپیوتەر و بوو بە هۆی ئەوەی رۆناکی ببینێ.

ئاهورامەزدا بیپارێزێ و هاوتای فرە بکا.

بانگەوازێکی دڵپاکانە

بۆ

هەموو کوردێکی بەتەنگەوەهاتوو

بەڕێزان!

ئەم بانگەوازە لە کاتێکدا پێشکێشی ئێوەی بەتەنگەوەهاتوو دەکرێ کە هەلومەرجێکی یەکجار تایبەتی و دەگمەن لە ئەنجامی کشانی لەشکری عێراق بەسەر کوێت دا هاتووەتە کایەوە. بەڵام پێشەکی دەمەوێ ئەوە بە ئێوەی بەڕێز رابگەیەنم کە ئامانجی ئەم بانگەوازە ئەوە نییە لە کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتیی کوێت بکۆڵمەوە. چونکە مێژووی داواکردنی کوێت لەلایەن رژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراقەوە بابەتێکی نوێ نییە. هەروەها نیازیش لەم بانگەوازە ئەوە نی یە کە بگوترێ عێراق مافی ئەوەی هەیە خاکی کوێت بنووسێنێ بەخۆیەوە یان نا. چونکە مەسەلەی **"کێ هەقێتی و کێ هەقی نی یە"** ئەوە هەوێرێکە ئاوێکی زۆر دەکێشێ و جێی ئێرە نییە. بێجگە لەمەش مەبەستم ئەوە نییە ئەو برینە ناسۆرەی کە پێوەندیی رژێمی کوێت و رژێمی عێراق لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا کردی یە هەست و گیانی کوردەوە جارێکی دی لێرەدا بهێنمەوە سوێ و بەمە دەماری کۆنە قینی کورد بگرم، نا. مەبەستم ئەوە نی یە. چونکە سیاسەت وەك شەڕەگەڕەك نی یە و بە کۆنەقین ناکرێ. کورت و کرمانجی، مەبەستم لەم چەند دێڕە ئەوەیە کە بەڕاشکاوی ئەو راستینەیە بخەمە بەرچاو کە ئەم هەنگاوەی رژێمی عێراق هەلومەرجێکی نێوچەیی و نێونەتەوەیی وای لە خۆرهەلاتی نێوەڕاست و تەواوی جیهاندا هێناوەتە کایە کە ئەگەر بێتو هۆشیارانە و بەرپرسیارانە باوەش بگیرێتەوە بۆی لەوانەیە کورد بتوانێ سووت وەربگرێ لێی. بۆیە دەمەوێ وەك مرۆڤ دۆستیکی بەتەنگەوەهاتوو روو بکەمە هەموو کوردێك، بێ گوێدانە جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوونی سیاسیی و، داوا بکەم لێی هەوڵی پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی کوردانەی گشتگر

بدات کە لەوێ دا باسێکی بابەتانەی زانستانەی قووڵی ئەو شێمانە (احتمالات) و ڕێکارانە (اسالیب) بکرێ کە دەشێ چاوەڕوانیی سووت بکرێ لێیان.

جا وا لێرەشدا چەند سەرنجێك دەخەمە بەرچاو وەك بیروڕای تایبەتیی خۆم و هیچی دی:

١) ـ بەرلە کۆبوونەوەکە و ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا، واتە بەرلەوەی بڕیارێکی گشتی دەدرێ، نابێ هیچ کوردێك یان هیچ دەستە و کۆمەڵەیەك بەڕەسمی لایەنگیریی هیچ لایەك بکات، نە ڕژێمی عێراق و نە ناحەزەکانی. چۆنکە جارێ هیچ کەس و هیچ لایەك بە تەواوی نازانێ ئەم گوریس کێشەکی یە چی لێ دەردەچێ. شایانی باسە کە گەلێك لایەن بەتەمان دەستکەوتێکیان دەستگیر بێ و لەم بارە ئاڵۆزەدا پارچەیەکی "نێچیرەکەیان" پێ ببڕێ. ئێران بەتەمای ئەوەیە پاش شەڕی هەشت ساڵە و ئەو هەمـوو قـوربانی یە، ئەوەی لەدەسـتی چووە، یان دەسـتی نەکـەوتووە، بە خشکەیی و ئەمجارە بەدەستی ئەوەی ناوی ناوە **"شەیتانی مەزن"** (ئەمریکا) پێی بگات. دەوڵەتی ترك بەتەمایە بە گرتنەوەی سۆراو و سپیاوێکی دێمۆکراتیانە و هەڵوێستی هەلپەرستانە، خۆی لە ئەورووپای ڕۆژاوا نێزیکتر بکاتەوە، بەهیوای ئەوەی بیخەنە **"کۆمەڵی ئەورووپا"**وە چونکە دەمێکە چاوەڕوانی ئەوەیە، بەڵام دەوڵەتەکانی ئەورووپا بە بیانووی ئەوەی کە مافی مرۆڤ لە ترکیا **"پێشێل"** کراوە، تا ئێستە ڕێیان نەداوە ببێتە ئەندام. هەروەها چاوەڕوانی ئەوەشە کە ئەگەر هاتوو ڕژێمی سەددام کەوت، ئەوا ئەویش بە **"ڕەزامەندی"**ی زلهێزەکان و دەوڵەتانی ئەورووپا **"ویلایەتی مووسل"** (کوردستانی بەشی عێراق) بێ هەرا و زەنا بخاتە سەر دەوڵەتەکەی. سووریاش بەتەمایە بەم هۆیەوە لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکا و بەرەی ڕۆژاوا، کە بە ڕژێمێکی تیرۆریستی دادەنێن، ئاشت ببێتەوە و کووزێکی لە **"شووتی"** یەکە پێ ببڕێ. ئەردەنیش کە ساڵانی ساڵ پشتی ڕژێمی سەددامی گرت، عەباکەی پان کردووەتەوە، کێ **"خێرەومەندە"** ئەوا پارەی تێ بکا. یەکێتیی سۆڤیێتیش هەرچەندە بەسەرزاری پشتگیریی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا لە دژی عێراق، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەورێکی هەلپەرستانە دەنوێنێ و دەیەوێ کارێك بکا بەڵکو بتوانێ سەددام ڕزگار بکا. ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژاوا هەرچەندە

گەلەکۆمەیان لە عێراق کردووە، بەڵام لە ژێرەوە لە نێو خۆیاندا یەك نین و هێندێکیان لە ئەمریکا کەوتوونەتە منجەمنج، شەڕیش هەروا هاسان نی یە لە وڵاتێکی گەرمی دوورەدەستدا، مانەوەشیان بە چاوەڕوانی یەوە لە کەنداودا دەسەڵاتێکی ماڵی زۆری دەوێ. دەمێنێتەوە سەر ئیسرائیل کە لە هەموو لایەك پتر لە مەترسی دایە؛ بۆیە لە هەلێکی وا دەگەڕێ کە بە جەزرەبەیەکی کارا؛ مەسەلەی عێراق و ناسیۆنالیزمی عەرەب بەجارێ جێ بەجێ بکا، بەڵام ئیسرائیل تەنیایە و ناوێرێ دەستێك بوەشێنێ کە پەژیوانی و ماڵوێرانی لە دووا بێ.

٢)ـ ئەم شەڕەی عێراق لە دژی ئەمریکا و بەرەی رۆژاوا و دەوڵەتە عەرەبی یە هاوپەیمانەکانیان شەڕی کورد نی یە. وەك چۆن شەڕی عێراق و ئێران شەڕی کورد نەبوو، بەڵام بەداخەوە و بە ناڕەوا کرا بە شەڕی کورد و، کوردیش لە هەردوو لایەنەکە پتر زیانی لێ کەوت. تکایە بەڕێزینە، بەتایبەتی سەرکردەی حیزب و کۆمەڵەکان؛ دەستم داوێنتان، با ئاگری ئەم شەڕەش هەر چڕوچاوی کورد نەگرێتەوە. ئەوەتە وەك خۆتان دەیزانن ئەو دەوڵەتانەی ئەورۆ گەلەکۆمە لە رژێمی عێراق دەکەن، هەر ئەو دەوڵەتانەن کە بوونە هۆی ئەوەی سەددام ببێتە ئەو پیاوەی کە **مارگریت تاچەر** پێی بڵێ **"ملهوڕ"** و **"زۆردار"** و **"دەبێ لە سنووری خۆی دا بوەستێنرێ"**. ئەم دەوڵەتانە هەر ئەو دەوڵەتانەش بوون کە پاش کارەساتی هەناوبڕی **هەڵەبجە**، هەرچەند خۆیان هێنا و برد، ئێستەش سزایەکی عێراقیان نەدا، بەڵکو پاش ئەوە بەچەند رۆژێکی کەم بە سەتان ملوێن دۆلار و مارك و فرەنك و رۆبل کرێدیتیان دا بە رژێمی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا وەك گوتم سیاسەت کۆنەقین و تۆڵەسەندنەوەی کورتبینانەی ناکات نی یە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گەیشتنە ئامانج. بەڵام سیاسەتیش ئەوە نی یە سەرکردەکانی کورد بچنە لای ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت کە تا دوێنێ بوو، بە **"ئیمپریالیست"** و **"زایۆنیست"** و **"سەرمایەدار"** و **"خوێنمژ"** دایان دەنان و ئەورۆ دەستیان لێ پان بکەنەوە و هەریەکە خزمەتی خۆی و چەند هەزار چەکدارێك پێشکێش بکا بەرامبەر **"یارمەتی"**. ئەوانیش بێزیان نەیەت وەرام بدەنەوە، ئەمەش دووای ئەوەی کە هێندێکیان چەندان کەسی وەك هاقل و ماقل یان کردبێ بە تکاکار تا سەددام رازی ببێ بە قسەکردن لەگەڵیان. بەڕاستی بەڕێزینە ئەمە سیاسەت نی یە

و پێویستە لە بەرژەوەندیی کوردەوە بۆ مەسەلەکان بچن و گوێ نەدەنە ئەوەی هەڵوێستی ئەم رژێم و ئەو رژێمی دابەشکەری کوردستان چی دەبێ. پێویستە داو و دەزگە و حیزبە کوردی یەکان سەربەخۆیی خۆیان لە هەموو شتێك گرنگتر بێ لە لایان و کارێك بکەن لەم هەلەدا ئەگەر کرا مەسەلەی کورد وەك یەکێك لە مەسەلە چارە نەکراوەکانی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست بچێتە بەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەرەو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی فراوان.

جەمال نەبەز

ئەڵمانیا ٢٠/ ٨/ ١٩٩٠

سەرنج!

ئەم بانگەوازە وەك دەبینرێ لە ١٩٩٠/٨/٢٠ دا بڵاوکراوەتەوە. ئەوە بوو پاش ئەوە جەنگی کەنداو لە نێوان کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراقدا دەستی پێکرد و لەشکری عێراق لە کوێت کرایە دەرەوە و، راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان روویدا. گەلی کورد لە باشوور توانی هەرێمێکی گەورە رزگار بکا، بەڵام دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و هەڤاڵبەندەکانیان وەك میسر و ئەردەن و عەرەبستانی سعوودی رازی نەبوون کە ئەمریکا کاری سەددام یەکسەرە بکا، نە وەك کورد شتێکی دەست بکەوێ. ئەوە بوو سەددام و لەشکرەکەی مان و پەلاماری کوردستانیان دایەوە و گەلڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ روویدا کە کارەساتێکی مێژوویی بوو. بە بیروبڕوای من ئەگەر سیاسەتکارانی کورد هەروا زوو نەچوونایە لای سەددام و دەست لە ملانێ نەبوونایە، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێجگە لە دامەزراندنی «هەرێمی ئاسایش» بڕیاری دیکەی باشتری دەدا بۆ چارەنووسی کوردی باشوور.

بانگەوازێك بۆ
نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکی کوردستان
((شەڕی چەپەڵی براکوژی بوەستێنن))

ڕۆژنامەکان و ئەژانسی دەنگوباسەکان لەم دواییەدا وایانراگەیاند کە شەڕی براکوژی جارێکی دیکە لە باشووری کوردستاندا دەستی پێ کردووەتەوە، و ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتانی خوارووی کوردستان لە خوتوخۆڕایی و بە دەستی یەکدی بوونەتە کۆچی قوربانیی تەنگەتیلکەیی حیزب حیزبێنە و بەرچاوتەنگیی سیاسی.

شەڕی براکوژی کە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کولتووری پاشقەڕووی سەردەمی سەرەتایی کۆمەڵگەی ئادەمزاد، لە مێژووی کوردەواریدا تا ئێستە گەلێك شێوەی جۆرجۆری بەخۆیەوە گرتووە، و هەر لە بەیەکدادانی خێڵەکایەتی و "تەپڵی باز و بەیاخ" و تێکڕژانی کۆچەر و نیشتەجێ (کورد و گۆران) دوە بگرە تا دەگاتە شەڕە گەڕەك، باو بووە. بەڵام ئەم شەڕە چەپەڵە لە نیوەی دووەمی ئەم سەتەیەدا؛ بەزۆری؛ خۆی لە شێوەی حیزب حیزبێنەدا خستەڕوو. حیزبەکانی کوردستانی ئەم نیو سەتەیە کە بەدەستی هوردەبۆرژوای خوێندەواری کورد هاتنە کایەوە، و تا دوێنێ بوو هەموویان لافی مارکسێتییان لێدەدا و، هەر یەکەیان خۆی بە نوێنەری کارکەر و جۆتکار دادەنا و، هەمووش دەورێشی گوێڕایەڵی ڕژێمی تاوانباری سۆڤێت بوون، ئەوە بوو بە نێوی **"چینایەتی"**یەوە و لەسەر **"پێشڕەوێتیی تاقانەی پرۆلیتاریا"** کەوتبوونە گیانی یەکدی و جاری وا هەبوو بۆ لەنێوبردن و تووناکردنی بەرامبەرەکەیان لە هیچ جۆرە هاوکاری یەك لەگەڵ فاشیترین داگیرکەرانی کوردستان نەدەپرنگانەوە... **ئەرێ.. شەڕی براکوژی و حیزب حیزبێنە گەورەترین هۆیەك بوون و هۆیەکن بۆ ڕاگیرکردنی فەرمانڕەوایی ملهوڕانی بێگانەی تۆتالیتێری دژ بە ئازادیی کوردستان.**

پاش هەرەسهێنانی دیکتاتۆرێتیی سەرمایەدارێتیی دەوڵەت بەسەرۆکایەتیی "یەکێتیی سۆڤێت" و یەکلاییبوونی زلهێزێتی لە جیهاندا بۆ ئەمریکا، حیزبە

مارکسییەکانی کوردستان کە ئێدی ئەوەی جاران نەدەلوا بۆیان، ناچار بوون بە بادانەوە و خۆ سازدان لەگەڵ گێژاوی رۆژگار. بێجگە لەوەش پەلاماردانی عێراق بۆ سەر کوێت و هەڵگیرسانی جەنگی کەنداو، شکانی رژێمی سەددام و راپەڕینی خەڵکی خوارووی کوردستان، و ئەوجا سەرکوتکردنی راپەڕینەکە و گەلڕەوە دوو ملیۆنییەکەی کورد ، کە بوو بە هۆی قوربانیدانێکی یەکجار زۆر، و راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان ... ئەمانە هەموو هەلومەرجێکی وایان هێنایە پێشەوە کە لە باشووری کوردستاندا **"هەرێمی ئاسایش"** دابمەزرێ، بێ ئەوەی حیزبەکان دەستێکیان لە راپەڕینەکە، یان گەلڕەوەکە، یان لە پێکهێنانی **"هەرێمی ئاسایش"** دا هەبووبێ. هەر هەلومەرجی لەباریش بوو کە کارێکی وایکرد کە دوو حیزبە گەورەکە (پارتی و یەکێتی) بتوانن هەڵبژاردن ببەنەوە و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە خۆیان پێکبهێنن کە تا ئێستە هیچ دەوڵەتێکی دنیا بەرەسمی دانی پەبوونیدا نەناوە.

جا ئەم ئازادی یە رێژەیی (نسبی)یەی کە لە خوارووی کوردستاندا هەیە، بەرهەمی تەقوتوقی حیزب حیزبێنە نییە، بەڵکو شتێکە بارودۆخی نێودەوڵەتەکان سازیکردووە، و بە دەزوویەك بەندە. هەموو دوژمنانی نەتەوەی کورد و گشت نەیارانی ئازادی و دیموکراسی خەریکی کەینو بەینن لە دژی و چاوەڕوانی لەنێوبردنین. خۆ ئەگەر بێتو لەلایەن کورد خۆشی یەوە قەدری نەزانرێ و نەپارێزرێ و بکرێ بە قوربانی حیزب حیزبێنە، ئەوا هەلێکی تاکهەڵکەوتوو (استثنائی)ی دیرۆکی لەدەست دەچێ، و هەر لایەکیش دەستی لەم تاوانەدا هەبێ، ئەوا نەتەوەی کورد لێینابوورێ.

ئەورۆ نەتەوەی چل ملوێنی کورد بە هەلومەرجێکی ناسك و چارەنووس سازدا تێدەپەڕێ. لەوانەیە هەڵەیەکی گچکە یەکجار زۆر بکەوێ لەسەر کورد. لەبەر ئەوە لەسەر هەموو دڵسۆزێکی نەتەوە پێویستە واز لە هەموو جۆرە خۆپەرستی و ناکۆکییەکی نێوخۆیی و هەموو جۆرە دەستکەوتێکی تایبەتیی حیزبایەتی بهێنێ و روو بکاتە بەرژەوەندیی بنچینەیی و پێکهێنانی یەکێتییەکی پتەو لەسەر بناخەی رێزگرتن لەمافی یەکدی بۆ بەهێزکردنی بەرەی نێوخۆ، و خۆ ئامادەکردنی گشتی بۆ

رۆژانی تەنگانە کە رەنگە بەم زووانە بێتە بەردەم خەڵکی کوردستان.

دەبێ بزانین کە قەوارەی سیاسیی هەموو نەتەوەیەك دیاردەیەکی ژیاری و بەرهەمی بیری نیشتەجێیی و شارستانێتییە. کۆمەڵانی کۆچەر و خێڵەکی ناتوانن قەوارەی سیاسی دابمەزرێنن. هەر لەبەر ئەوەشە کە بەبیرکردنەوە و بۆچوونی خێڵەکییانە و حیزب حیزبێنە قەوارەی سیاسی پێکنایە. ئەوانەی بەراستی دەیانەوێ قەوارەیەکی سیاسی بۆ دوارۆژی نەتەوەی کورد پێکەوە بنێن، دەبێ بەر لە هەموو شتێك ئامادەی پێکەوە ژیان و پێکەوە تێکۆشین و پێکەوە کارکردن بن. پێکەوە ژیان و پێکەوە تێکۆشین و پێکەوە کارکردنیش پێویستییان بە پەیمان بەستن لەگەڵ یەك و رێزگرتن لەیەك و لەم پەیمانانە هەیە، کە ئەمەیان بەداخەوە لەنێو حیزبەکانی کوردستاندا بە هیچ جۆرێك بەدیناکرێ.

گەلی بەرزەمەتی کورد لە **"هەرێمی ئاسایش"**دا سەرەڕای هەموو برسێتی و بێ دەرامەتی و بێ بەرگی و لەسەرماندا هەڵلەرزینێك و پەلاماردانێکی داگیرکەرانی کوردستان؛ خۆی راگرتووە و دەبێژێ: "ئازادی و برسێتی: ئا، تێری و سەرشۆڕی نا"، بەڵام خەڵکی برینداری کوردستان لووتیان لە شەڕی براکوژی و حیزب حیزبێنە پڕ بووە، و ئیدی رێ نادەن بە شەڕ هەڵگیرسێنەران کاسپی بە خوێنی کوردەوە بکەن. حیزبەکانیش دەبێ بزانن کە بەرژەوەندیی هیچ حیزبێك لە سەروو بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردەوە نی یە. بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە سەروو هەموو بەرژەوەندی یەکی حیزب و کۆمەڵە و تاك و هۆز و تیرە و شار و گوندێکی کوردەوەیە. هەر کەسێکیش بە نێوی حیزبایەتی، یان بەهەر نێوێکی دیکەوە شەڕی براکوژی خۆش بکا، نەتەوەی کورد بەچاوی سووك تێی دەڕوانێ و بە نزمی تەماشای دەکا، و مێژووش بە نەحلەتی دەکا. هەموو ناکۆکی یەکی حیزبایەتی دەبێ بە ئاشتی و هێمنی و برایەتی و لەیەکگەیشتن و دەستدانە دەستییەك چارەسەر بکرێ.

یەکەمین هەنگاو بەرەو ئەم ئامانجە ئەوەیە حیزبەکان ریزەکانی خۆیان لە مرۆڤی شەڕلەتان و مشەخۆر و هەلپەرست و دز و دەسکەلای بێگانە خاوێن بکەنەوە.

بە بیروڕای من باشترین چارەسەر، پاش دەستبەجێ وەستاندنی شەڕی براکوژی ئەوەیە بە زووترین کات هەڵبژاردنێکی نوێ لە **"هەرێمی ئاسایش"** دا رێکبخرێ. ئەوەش بە چاودێریی نوێنەرانی خەڵکی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژاوای کوردستان و

نوێنەرانی ئەوروپایی و ئەمریكایی و رۆژهەڵاتیی بێلایەن و رێدان بە هەموو حیزب و كۆمەڵ و تاكەكەسێك كە بە سەربەستی و بێترس خۆی بپاڵێوێ بۆ هەڵبژاردن، و لەو پەرلەمانەی كە هەڵدەبژێردرێ حكوومەتێكی نیشتمانی دابمەزرێ كە رێز لە دێموكراسی و ئازادی و مافی حیزبە گچكەكان و كەمایەتییە سیاسییەكان و رخنەگران بنێ. ئەوجا ئەو حكوومەتە رێ و شوێن دابنێ بۆ سەرژمێرێكی زانستانەی گشتگر لە **"نێوچەی ئاسایش"** دا بە ئامانجی داڕشتنی ژێرخانێكی پتەوی ئابووری و ئامادەكردنی گەل بۆ سەندنەوەی ئەو ستانانەی (لواء) كە هێشتا لە ژێر دەستی رژێمی عێراقدان، وەك ستانی كەركووك و مووسڵ و دیالە و كووت و هەموو نێوچەكانی دیكەی كوردستان و بەستنی كۆنگرەیەكی نەتەوەیی فراوان بە نیازی دانانی پرۆگرامێك بۆ چارسەركردنی كێشەی نەتەوەی كورد لەهەر پێنج بەشەكەی نیشتماندا.

ئەورۆ كە ئەم وتارە دەنووسم ئێوارەی ٢٤ی مانگی دوانزەیە و رۆژی بیرەوەریی لەدایكبوونی پەیامبەری ئاشتی و خۆشەویستی، حەزرەتی عیسایە (دروودی خودێ لەسەر وی و لەسەر هەموو پەیامبەران و چاكان بێ). **خۆزگە ئەم رۆژە دەبوو بە رۆژی یەككرتنی تەواوی خەڵكی كوردستان، هەر لە كەنداوی فارسەوە تا چیاكانی قەفقاس و هەر لەوێشەوە تا زەریای سپی نێوەڕاست. بە سوننی و شیعە و فەلە و جوو و ئێزدی و كاكەیی و عەلەوی و شەبەك و سارەیی و هەقە و زەردەشتی و بەهایی و دێموكرات و ناسیۆنالیست و كۆمۆنیست و ئاینخواز و نەتەوەیی و گوندی و شاری و هۆز و تیرە و كۆچەر و نیشتەجێ یەوە.** تاوانی خوێنڕێژی لای ئێزدانی مەزن و لە هەموو ئاین و ئێلێكدا، تاوانێكی فرە گرانە بە تایبەتی لە ئاینی ئیسلامدا. پەیامبەری ئیسلام محەمەد (د) دەفەرمووێ:

الآ انّ هذا الانسانَ بنیانُ اللّه، ملعون من هَدّم بنیانَهُ.

ئەوانەی رێ بۆ شەڕی چەپەڵی براكوژی تەختدەكەن و ئاگرەكەی خۆش دەكەن روویان لەبەردەم ئێزدانی مەزن و نەتەوەی كورد و ویژدانی مرۆڤایەتیدا رەشە. شەڕی چەپەڵی براكوژی بوەستێنن و دەست بكەنە ملی یەك! ئەوجا سەردەكەون.

جەمال نەبەز

ئەڵمانیا ١٩٩٣/١٢/٢٤

دوکتۆر جەمال نەبەز
لە کۆڕێکی پێنج سەعاتیدا

کۆڕەکە لە دوو بەش پێکهاتبوو، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە بارودۆخی نەتەوە و ئێستای کوردستان و بەشی دووەمیشی بۆ پرسیار و وەڵام تەرخانکرابوو.

مـامـۆسـتـا نەبەز لە لیکۆڵینەوەکـەیدا بە چڕی ئاوڕێکی وردی لە کـێـشـەی نیشتمانیی نەتەوەکەمان دایەوە و باسێکی پۆختی ئەو گۆڕانکاریانەشی کرد کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەسەر باری نێـودەوڵەتان هاتووە. من باسەکـەم لەو رووەوە کە ئیشارەتم پێکرد بە دڵ بوو، بەڵام ئەو بۆچوونەی مامۆستام پێ سەیر بوو کە دەڵێت: یەکێك لە رێگاکانی چارەی کێشەکـەمان ئەوەیە کە کـورد لە پارچە جیاجیاکـانی کوردستان دا خۆی وەك ئەلتەرناتیڤی حکوومەتە مەرکەزییەکان بخاتە روو. دەست بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بگرێ و لەو چوارچێوەیەدا کێشەی کوردستانیش چار بکات. مامۆستا هەندێ دید و بۆچوونیشی بۆ بەهێزکردنی ئەم رایەی خۆی هێنایەوە.

من پێم وایە ئەم رایەی مامۆستا زۆر نامەوزوعیانە و دوور لە واقیعە. رەنگە ئەم کارە یان کارێکی نزیك بەو چەشنە لەکاتی حوکمی پاشایەتی بەغدادا "وەهم" نەبوایە... یان رەنگە لەکاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بیرکردنەوەیەکی لەو چەشنە لە بەشێك لەو ئیمپراتۆریەدا **"خەیاڵ"** نەبوایە، بەڵام ئێـسـتـا کـە ئەو دەوڵەتانە بە مانای ووشـە بوونەتە دەوڵەتی (قەومی) عـەرەب و تورك و فارس کارێکی مـەحاڵە مـەرزەکـانیـان بگۆڕدرێ، لە لایەکی تریشـەوە رەنگە دەسـتـەیەکی بەرهەڵسـتکاری عەرەب یان تورك و فارس بتـوانن لەم رێگایەوە حوکمێك لابەرن و حوکمێکی تر پێك بێنن و بۆشیان بچێتە سەر. چونکە زەرەری چوارچێوە و بنەما قەومییەکانی ئەوانی تیا نابێ، بەڵام کورد کە لە هیچ یەکێك لەو ووڵاتانەدا لە رووی ژمارەوە لە نەتەوە سـەردەستـەکـان زیاتر نییـە، گـەر پەنا بۆ کـارێکی وا بیـات، هەم بە کـردەوە کارێکی عـەمەلی نییە، چونکە کورد ناتوانێ خەڵکی سلیمانی و دهۆك بەرێ بۆ بەغدا و رزگاری بکات. هەم سەرجەمی نەتەوەی سەردەست دژی رادەوەستێ و ٢٢

دەوڵەتی عەرەبیش پەلاماری دەدات ئەوە بێجگە لە ئێران و تورکیاش.

لەلایەکی تریشەوە ئێستا کورد داوای مافە ڕەواکانی لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی دەکات، پێی ڕەوا نابینن و ئەو دەوڵەتانە بەو پەڕی بەربەریەتەوە سەرکوت و ئیبادەی دەکەن و بە ئاسانی توانیویانە گەلەکانیان فریو دەن و لە دووری سەتان کیلۆمەترەوە بۆ شەڕی کوردستان تەیاریان بکەن و کورد بە جیاوازخواز لە قەڵەم دەدەن و گوایە خاکی باب و باپیرانی ئەوان دادەبڕن. ئەی دەبێ چ ڕوو بدات گەر کورد بەزاری خۆی هاوار بکات و خۆی وەك ئاڵتەرناتیڤ بۆ دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا بخاتە ڕوو.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ڕایەی مامۆستا لە ڕووی حقوقییەوە کارێکی نادیمۆکراتییە. کورد چاوی لەوەیە داگیرکەر وڵاتەکەی جێبهێڵێ، نەك خۆی ببێ بە داگیرکەر و ئەڵتەرناتیڤی نەتەوەیەکی دیکە.

بەشی دووەمی کۆڕەکە کە بۆ پرسیار و وەڵام دانرابوو، گفتوگۆ و راگۆڕینەوەیەکی گەرم و گوڕی تیا کرا.

سەرەتا حەز دەکەم بڵێم خودی مامۆستا نەبەز لە وەڵام و گوێگرتن لە ئامادە بووان زۆر نەرم بوو، بەڵام ئەو برادەرەی کە کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد زۆر چیکڵدان تەنگ و کەم حەوسەلە بوو.

کاتێ پاش ئەوەی هەندێ دەنگی ڕەخنە و گلەیی بەرز بوویەوە لە ڕووی مامۆستادا برای کۆڕ ڕێکخەر لولەی میکرۆفۆنەکەی کردە خەڵکەکە و یەك دەست رێژی تری پیاهەڵدانی مامۆستا جەمالی کرد بە ناو خەڵکەکەدا، من پێم وابوو خودی مامۆستا جەمال، پیاهەڵدانی جاری دووەمی پێخۆش نەبوو. خاڵێکی تریش کە جێگەی ڕەخنە بوو، ئەوە بوو پرسیارەکان دەبوایە بە نووسراوی بێ و ناوی خاوەن پرسیاریشی لەسەر بێ. تەنانەت لەمەشدا سانسۆرێکی ئاشکرا خرایە سەر پرسیارەکان و چەندان کەس لە هۆڵەکەوە دەنگیان لێ بەرزبوویەوە کە پرسیارەکانیان پشت گوێ خراون.

من تێبینیم لەسەر گەلێك لە وەڵامەکانی مامۆستا هەیە، بەڵام تەنیا ئاماژە بەوانەیان دەکەم کە پێم وایە شارەزا و پسپۆڕێکی وەك ئەو نەدەبوو ئەو جۆرە

وەڵامانەی لێ ببیستری.

له وەڵامی پرسیارێکدا کە هاتە سەر سکرتێری گشتی (ینك) و سەرۆکی (پدك) گوتی "مام جەلال پیاوێکی زیرەك و سیاسی و برادەرمە و ساڵانێکی زۆر له دانشگا پێکەوە بووین. کاك مەسعودیش نووسینەکانی خوێندووتەوە زیرەك و وورِیایە و بە رەحمەت بی رێزم هەبوو بۆ باوکی".

سەیر ئەوە بوو ئەم قسانەی له وەڵامی پرسیارێکدا بوو سەبارەت بەو شەڕە خیانەتکارانەی کە ئەم دوو برادەرە زیرەکەی مامۆستا نەبەز بەسەر گەلەکەماندا سەپاندوویانە و چارەنووسی باشووری کوردستانیان داوەتە دەست رێکەوت و تاریکایی.

ئەم قسانەی مامۆستا خەڵکەکەی زۆر بێزار کرد و دەنگە دەنگ و مقۆ مقۆ له کۆرەکەدا دەستی پێکرد و گفتوگۆکان گەرمتر بوون و مامۆستاش لەسەر رایەکەی خۆی سوورتر بوو. دوو برادەرە زیرەکەکەی لەگەڵ داگیرکەران دا بەراورد دەکرد. گوایە ئەمان هەر چۆنێك بن، پێڵاوەکانیان بە داگیرکەرێکی کوردستان ناگۆڕێتەوە.

من روو له مامۆستا ئەکەم، دەڵێم داگیرکەر دوژمنە، بەلام سەرکردەی حزبە کوردییەکان کاتیك سیاسەت و رەفتاریان بخرێتە ژێر پرسیارەوە کەی ئەو بەراورد کردنە راستە.

لەو کۆرەدا مامۆستا هێندە باسی نامەکانی خۆی بۆ ئەو دوو برادەرە زیرەکەی و وەڵامەکانی ئەوانی کرد، گەر "خەلاتی نۆبێل" بەدەست ئەو بوایە هەر لەوێدا بەوانی دەبەخشی و ئێمەش دەبوو شەکراومان نۆش کردبا.

گەر ئەم دوو سیاسەت مەدارە ئەوەندە زیرەك و سیاسی و لێهاتوو بن، دەبێ نێلسون ماندێلا چبێ؟ خاڵێکی تر کە سەرنج راکێشەر بوو ئەوە بوو، هەر کە باسی کار و سیاسەتە چەوتەکانی (ینك و پدك) دەکرا، مامۆستا دەیگوت دەوڵەتمان نی یە بۆیە وایە. هۆی گیروگرفتەکانی بۆ نەبوونی دەوڵەت دەگێڕایەوە.

بێگومان هەر گەلێك دەوڵەتی نەبوو وەك مرۆڤێکی بێ ناسنامە و بێ پاسپۆرتی لێ بەسەر دێ. کەرامەتی نەتەوەیی و بوونی ئینسانیی دەدۆڕێنێ. بوونی دەوڵەت یەکێکە له ئامانجە هەرە پیرۆزەکانمان.

بەلاّم ئەو دوویەرەکی و شەڕ و تالآنی و دیل کوشتن و سووکایەتی یەی بە مافی مرۆڤی کورد لە لایەن ئەو دوو حزبەوە دەکرێ، بۆ نەبوونی دەوڵەت ناگەڕێتەوە. خۆ لە ئەفغانستان و سۆمالیا و یەمەن و شوێنی تریش دا دەوڵەت هەن و شەڕ و کوشتاریان تێدایە.

من پێم وایە سەقەتییەکە هەمووی لە عەقلییەت و بیرکردنەوەی رابەرانی سیاسی کورد و دەزگاکانیاندایە و بێ ویژدانانە سووت لە دواکەوتوویی کۆمەڵگا وەردەگرن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، تەنانەت نایەڵن کورد بچێتە سەر رێگەی بەرەو دروست کردنی دەوڵەت. پێشم وایە گەر دەوڵەت بووینایە بە هەمان سەرکردە و دەزگەی سیاسیی و عەقلییەتەوە، ئەوا ئێستا لە جیاتی شەڕە ئار پی جی و کلآشینکۆف ئەو کاتە لە جێگەیدا راکێتی دووراوێژی "ارض، ارض" بەسەر کوردی بەدبەختی دهۆك و سلیمانی و هەولێردا فڕکان فڕکانی دەبوو.

مامۆستا گەلێك جار دەیگوت من گەش بینم و زۆر جار ئەم وشەیەی دووپات دەکردەوە. بێگومان کورد بە شێوەیەکی گشتی خۆڕاگر و بە هیوایە، یەکێك لەو شتانەش کوردی لە کوردستاندا ڕاگرتووە ئەو هیوا و بەرگرییەیە.

بەلاّم کاتێ پیاو گوێی لە پسپۆڕێکی وەك مامۆستا دەبێ، دەڵێ گەش بینم دەبوایە ئەو خاڵ و کارانەی دەست نیشان کردبایە کە گەشبینیان کردووە و ئەو بنچینە و زەمینەیەی بۆ ئامادەبووانی کۆڕەکە رۆن بکردایەتەوە.

کە باسی دزی و تالآنی و پیاوخراپییەکانی چەکدارەکانی "ینك و پدك" دەکرا مامۆستا دەیگوت ئەم کردەوانە پاشماوەی داگیرکەرانە. من پێم وایە داگیرکەران بە گشتی و بەعس بە تایبەتی خو و رەوشت و گەندەکاریی زۆریان لە کوردستاندا بە جێ هیلآوە، بەلاّم نابێ کورد خۆشویستن وامان لێ بکات عەیبەکانی خۆمان نەبینین و ئەمەش بخەینە ئەستۆی داگیرکەر، بۆ نموونە من پێم وایە لە نێوان شەق و تێهەڵدان و قۆناغە تفەنگێکی حوکمڕانێکی خۆماڵی و بێگانەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبێ، بە تایبەتی لە رووی فیزیکی و نەفسییەوە بۆ مرۆڤ. لەلایەکی ترەوە لام وایە کاتێك دوژمن ئازارت دەدات و ماڵت فەرهوود دەکات، لە ناخەوە بەهێزتر دەبی تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەی بۆ بەرگری داگیرکەر سوورترت دەکا.

بەڵام کاتێك حوکمڕانە خزمەت نەکەرەکەت ئازارت بدات لە ناخەوە دەڕووخێیت و بێ هیوا دەبیت.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم مامۆستا جەمال نەبەز بە یەکێك لە نووسەرانی خاوەن هەڵوێست و فیکری نەتەوەیی دەزانم هەر بۆیەش ئەم تێبینییانەم لەسەر هەندێ لە قسەکانی نووسی.

محمد حسن
ستۆکهۆڵم ١٩٩٥/٣/٢٥
گۆڤاری **"هەنگاو"** ژمارەی ١٦ ـ ٥ی مایسی ١٩٩٥

ـ ـ ـ ـ

سەرنج!

ئەم وتارە کە بە نێوی خواستەمەنی "محەمەد حەسەن"ەوە بلاّو کراوەتەوە لێدوانیکە لە "سەمیناری کوردستان" کە بە نێوی **"راپۆرتێك لەسەر بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد و وتووێژ لەسەر باری باشووری کوردستان"** کە لە ڕۆژی یەکشەممە ١٩٩٥/٣/١٩ دا لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید، لەبەردەم ٢٨٧ کوردی سوێد و شوێنانی دیکەی ئەورووپادا پێشکێشکرا. بلاّوکردنەوەی ئەم لێدوانە لێرەدا هەر بۆ ئەوەیە بیر و بۆچوونێکی پێچەوانەش بخرێتە بەرچاو کە لە هەڤپەیڤینێکدا باری سەرنجی خۆم خستووەتە بەرچاو.

لێرەدا تەنێ بەکورتی دەخوازم ئەوە بێژم بۆچی دەبێ کوردێك لە سوێد کە وڵاتی دیمۆکراتییە کاتێك بیەوێ لە سەمینارێکدا پرسیارێك بکا، بەدزییەوە بیکا و نێوی خۆی نەخاتە پاڵ پرسیارەکەی؟. بۆچی دەبێ ئەگەر داوا لە مرۆڤێك کرا خاوەنی قسەی خۆی و هەڵوێستی خۆی بێ و خۆی نەشارێتەوە، ئەمە «سانسۆر» بێ؟.

دوایی کە من گوتوومە «کورد دەوڵەتی نییە» مەبەستم لە دەوڵەت بووە بەمانای

وشە، دەوڵەتێك کە دەسەلاتی بەسەر خەڵکەکەیدا هەبێ، ئەگەر نا ئەوەی لە لوبنان و ئەفغانستان و جەزائیر دا هەیە هەر بەنێو دەوڵەتە، نەك بەکردەوە. ئەگەر کورد بەڕاستی دەوڵەتی بیوایە ئەودەمە هیچ حیزبێك نەیدەتوانی چەکدار و بەندیخانەی هەبێ، ئەودەمــە چەك بەدەست پۆلیس و لەشکرەوە دەبوو، بەندیخـانەش لە ژێر چاودێریی سیستەمی دادپرسیدا دەبوو.

جەمال نەبەز

له وەرامی پرسیارێکی کوردستانی نوێ دا!
دەستوورێکی بنچینەیی بۆ
کۆماری فیدەرالی کوردستان پێویستە و،
نازانم ئێمە چاوەڕێی چین؟

بەڕێزینە، بەڕێوەبەرانی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ»

سلاوێکی برایانەتان لێبێ و زۆر سوپاس بۆ نامەی رۆژی ٦/١٥ تان کە دەفەرموون بە بۆنەی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن و خستنەوەکار و فراوانکردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، تەوەرێکتان کردووەتەوە، لەوێدا رای سیاسەتمەدار و رۆناکبیران بلاو دەکەنەوە و داخوازیی ئەوە دەکەن لێم کە لەم بارەیەوە هاوکاریتان بکەم بە دەربڕینی بیروڕای خۆم. وا لێرەدا هێندێك سەرنج و تێبینیی خۆم دەنووسم بۆتان. تکام وایە هەروەك خۆی چۆنە، ئاوا چاپی بکەن. هیواشم وایە ئەم چەند وشەیە کە بە نیازێکی پاك نووسراون، سووتێکیان هەبێ بۆ هەموو هاوولاتان، بێجیاوازی.

دوور نییە هێندێك هەبن پێیان وابێ کە هەلبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانێك کارێکە، لە هەر کوێیەك بێ، ئاساییە، چۆنکە شتێکی خۆرسکییە کە لە هەر جێیەك خەلك هەبوون، مافی ئەوەشیان دەبێ دەمڕاستی خۆیان دەستنیشان بکەن. ئەم بۆچوونە کاتێك راست دەردەچێ کە تۆ لە کۆمەلگەیەکی ئازاددا بژیت. ئەو دەمە مافی رادەربڕین بە سەربەستی، دەبێتە مافێکی خۆزایی و چەندو چۆنی لەسەر نابێ، بەلام بۆ نەتەوەیەکی ماف پێشێلکراوی، خاك بەسەر شەش دەولەت دابەشکراوی وەك کورد، ئەوە شتێك بوو خەونی پێوە دەبیندرا. بە رێکەوت خەونەکە هاتە دی. بە بیروڕای من ئەو پەرلەمانەی کە لە بەشێك لە باشووری کوردستاندا لە گولانی ١٩٩٢دا پێکهات، یەکێکە لە رووداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەی کورد کە چەپی نییە لە رووداني دامەزراندنی فەرمانداریتیی باشووری کوردستان پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بە **سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود**،

چەپیشی نیيە لە رووداوی دووی ڕێبەندان، ڕۆژی داخویانی (اعلان) کردنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا بە **سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد**. جا ئەگەر فەرمانداریتیی کوردستان، یەکەمین دەوڵەتی ناسیۆنال بووبێ لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی **عەرەب و ترك و فارس**، پاش ئەوە دروستکرابن؛ ئەوا پەرلەمانی کوردستانیش کە لە بەشێك لە باشووری وڵاتدا دامەزرا، یەکەمین پەرلەمان بوو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (پاش پەرلەمانی ئیسرائیل) کە بە شێوەیەکی دێموکراسی هەڵبژێردرابێ. دیارە لەکاتی هەڵبژاردندا هێندێك هەڵە و ناتەواوی و کەم و کورتی ڕووی داوە، و هێندێك ناهەقیش کراوە، بە تایبەتی لە دانانی ڕێژەی ٧٪ وەك مەرجێك بۆ چوونە پەرلەمان. کە ئەمە شتێکی ناڕاست بوو و دەبوو هەر نەبووایە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەڵبژاردن بەگشتی لە هەوا و کەشێکی دێموکراسی و سەربەستدا بەڕێوە چوو، و ئەنجامەکەشی بە نێزیکە بیروڕای ئەو ڕۆژەی خەڵکی "هەرێمی ئاسایش"ی دەدایەوە، و ئەمەشم لەکاتی خۆیدا لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردنامە" دەربڕی و... هەر لەو ڕۆژنامەیەشدا بڵاوکرایەوە.

داخی گرانم ئێمەی کورد، چۆن، نرخی فەرمانداریتیی باشووری کوردستان و نرخی کۆماری ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان نەزانی، هەتا لە دەستمان چوون. کە ئەوە بوو فەرمانداریتیی لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی یەکەم و کۆماریش لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی دووەمەوە هاتنە بوون. هەر ئاواش، نرخی پەرلەمان و هەرێمی ئاسایش نازانین. کە ئەمەیان لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی سێیەمەوە (جەنگی نێوان عێراق و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان)ەوە هاتووەتە بوون. شایانی باسە کە نە فەرمانداریتی و نە کۆمار و نە پەرلەمانیش توانیان ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان بەباشی بەجێ بێنن. ئاشکرایە ئەم وتارە جێی ئەوە نییە کەموکورتییەکانی فەرمانداریتیی کوردستان وکۆماری کوردستان باس بکەم، چونکە لە شوێنی دیکەدا بە تێرو تەسەلی باسمکردوون. لەبەر ئەوە لێرەدا هەر باسی پەرلەمان دەکەم، بەلام زۆر بە کورتی.

پەرلەمانی کوردستان دەبوو هەر لە سەرەتاوە لە شێوەی پەنجا بە پەنجادا

نەبووایە. ئەمەش بەوە پێکدەهات کە ئەو مەرجی ٧٪ە نەبووایە. ئەو حەلە حیزبەکانی دیکەش بێجگە لە پارتی و یەکێتی دەیانتوانی بێنە پەرلەمانەوە. ئەوەش شتێکی زۆر باش دەبوو. چۆنکە بۆ ولاَتێکی وەك کوردستان کە تازە دەکەوێتە سەر پێی دەولەتداری، پێکەوە کارکردنی هەموو حیزب و کۆمەلە کوردستانی یەکان و رێکردنەوە بۆ دەربڕینی بیروڕای هەموو لایەك لەژێر بنمیچی پەرلەماندا کارێکی پێویستە. باشترین رێش ئەوە بوو کە هەموو حیزبەکان پێکەوە حکوومەتێکی کوالیسیۆن دروست بکەن. نەك تەنێ دوو حیزب ، بۆ ئەوەی هەموو لایەك خۆی بە بەرپرسیار بزانێ. خۆ ئەگەر بهاتایە و حیزبێکی گەورە نەچووایە ئەو کوالیسیۆنەوە، ئەوا بێگومان هیچ زیانێکی بۆ ئەو حیزبە تێدا نەدەبوو. چۆنکە لە سیستەمێکی دێمۆکراسیی گشتگر (پلۆرالیستی)دا، جاری وا هەیە حیزبێکی بەرهەلستکار دەتوانێ دەوری گەلێك گرنگتر بگێڕێ لە حیزبی دەسەلاَتدار و خۆی وا بێنێتە پێشەوە لە جەماوەر؛ کە لە هەلبژاردنێکی دیکەدا بێتە سەرکار، ئەمە لایەك. لە لایەکی دیکەشەوە ناتەواوی یەکی زەق لە پەرلەماندا دەبینرێ. ئەوەش ئەمەیە کە پەرلەمان پەرلەمانی پیاوانە. لە کاتێکدا نیوەی کۆمەلگە لە ژنان پێکهاتووە.

پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتاوە هەنگاوێکی مەزنی نا، و لە بڕیارێکی یەك دەنگیدا پێوەندیی خەلکی باشووری کوردستانی بە خەلکی عێراقەوە لە شێوەی سیستەمێکی فیدەرالیدا دەستنیشان کرد. ئەم بڕیارە بڕیارێکی ئازایانە بوو کە هەستی راستینەی دەروونی گەل و داخوازیی رەوای کۆمەلگەی کوردەواری دەربڕی.

بەلاَم مخابن ئەم بڕیارە هەر لەسەر کاغەز مایەوە و نەخرایە مەیدانی کار. هەر چەندە پەرلەمان دەزگەیەکی زاگۆنکاری (تشریعی)یە و دەزگەیەکی جێبەجێ کاری (تنفیذی) نییە؛ لەگەلْ ئەمەشدا دەبوو پەرلەمان هەر پاش ئەوە دەستوورێکی بنچینەیی کاتی بۆ هەموو باشووری کوردستان (نەك تەنێ بۆ هەرێمی ئاسایش.) ئامادە بکردایە و بە پێی ئەوە دەسەلاَتی سەرکۆمار و سەرۆك وەزیرانی دەولەتی فیدەرالی کوردستانی دیاری بکردایە، و کۆمیسیۆنێکی پەرلەمانی بۆ هێنانەدی ئەم کارە پێك بهێنایە کە بە هاوکاریی لەگەلْ حکوومەتی کوردستاندا رۆژێك بۆ هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری فیدەرالی کوردستان دابنرایە. و هەرێمی ئاسایش، نێو

بنرایه كۆماری فیدەراڵی كوردستان و ئاڵای كوردستان لەسەر هەموو شوێنە گشتییەكان بشەكایەوە و بە پێی زاگۆنێكی تایبەتی هێزەكانی پێشمەرگە ببوونایە بە سوپای كۆماری فیدەراڵی كوردستان، ئەوسا دەست بكرایە بە هەوڵدان بۆ رزگاركردنی شوێنەكانی دیكەی باشووری كوردستان. وەك مووسڵ و كەركوك و خانەقین و كووت و نێوچەكانی دیكەی خوارووی ولات. ئەمانە هیچیان تا ئەمڕۆ جێبەجێ نەكراون. نازانم ئێمە چاوەڕوانی چین؟ **ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەین كە چەند عێراقییەكی گەجەر و گوجەری بێنێو و بێرابوردوو سووت لە هەل وەر بگرن و جێی سەددام بگرنەوە، و ئەوجا لوتف بفەرموون دان بە "فیدراسیۆن"ی كورددا بنێن، یان رژێمی سەددام دەرزیی دێمۆكراسی لەخۆی بدا و بەرە بەرە بەرەسمی بناسرێتەوە و دان بە فیدەراسیۆندا بنێ، ئەوا دلنیا بن ئەوە خەیاڵ پلاوی یە، چۆنكە وەك كوردەكە دەبێژێ، مانگ هەر سەر لە ئێوارە دیارە.** هەڵوێستی هێزە عێراقی یەكان و زۆربەی دراوسێكانی كوردستان و عێراق دەریخست كە ئەمانە بە فیدەراسیۆن رازی نابن. دوایی فیدەراسیۆن سیستەمێكە دەبێ هەموو ولاتەكە (لێرەدا عێراق وەك دەولەتێك) بگرێتەوە. بەشێكی ولاتێك ناتوانێ سیستەمی فیدەراڵی هەبێ و بەشەكەی دی سیستەمی فیدەراڵی نەبێ. ئەوجا ئەو بڕیارەی كە پەرلەمانی كوردستان داوێتی وەك بڕیاری نەتەوەی كوردە و پاشگەز بوونەوە لێی دژایەتییە لەگەڵ ویستەی نەتەوەی كورد. لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین كات پەرلەمان دەستوورێكی بنچینەیی بۆ كۆماری فیدەراڵی دابنێ و كۆماری فیدەراڵی كوردستان لە كۆبوونەوەیەكی گشتیدا داخۆیانی (اعلان) بكرێ و سەركۆمار هەڵبژێردرێ. ئەوجا ئەگەر رۆژێ لە رۆژان خەڵكی عێراق بەو سیستەمە رازی نەبوون؛ ئەوا دیارە هەر لە ئێستاوە دەزانین ئەنجامەكەی بە چیدەگات. لەبەر ئەوە دەبێ هەر لە ئێستەوە خۆ ئامادە بكرێ بۆ رێگرتن لە كارەساتی جەرگبڕ كە رەنگە بە پێشبینیكردن و رێبەستن لێی؛ روو نەدا.

پەرلەمان كە ماوەی كاركردنی درێژ كراوەتەوە؛ پێویستە حكوومەتێكی دێمۆكراسیی كوردستانی دەستنیشان بكات. جا لەبەر ئەوەی بەداخەوە سەركۆمارێك نییە تا بنێرێ بە شوێن نوێنەرانی حیزبەكاندا و داوایان لێبكا حكوومەت دروست بكەن. دەبێ پەرلەمان ئەم كارە بخاتە ئەستۆی خۆی.

بە بیروڕای من ئەو حکوومەتە ئەگەر زۆربەی وەزیرەکانی ئەندامی ئەو حیزبانە بن کە لە پارلەماندا نین، یان مرۆڤی سەربەخۆ بن، بە مەرجێ هەموو دڵسۆز و کارا بن، ئەوە بۆ پێکهێنانی ئەم حکوومەتە کاتی (وقتي)یە لەم رۆژەدا باشترە. ئەو حکوومەتە کاتییەش دەبێ پەلاماری توند و تیژ بۆ سەر برسێتی و بێکاری و بێدادی و راو رووت بدات. هاوولاتانی کوردستان لە هەرێمی ئاسایشدا دەبێ هەست بەوە بکەن کە رۆمەت (شرف) و ئازادی و ژیانیان دەپارێزرێ و پاروە نانێکیش هەیە بیخۆن. دەبێ سەر و ماڵ و ئاوڕووی هەموو هاوولاتیێک هێندە پیرۆز و نەتەکێن (مصون) بێ؛ کە کەس نەوێرێ دەستی بۆ بەرێ، و کەسیش ناچار نەبێ لەبەر بێنانی و نەبوونی ئاسایش؛ ولاتی خۆی بەجێ بهێلێ. و بچێ لە هەندەران دەست لەم و لەو پان بکاتەوە.

هێندەی کێشەکەش پێوەندیی بە پارتی و یەکێتییەوە هەیە، ئەوا گەورەترین هەڵە کە ئەم دوو حیزبە کردیان، ئەوە بوو کە لە سەرەتای دامەزراندنی **"هەرێمی ئاسایش"** دا هەوڵیان نەدا هەر دوو حیزبەکە بکەن بەیەك. خۆ ئەگەر بهاتایە و ئەوەیان بکردایە، ئەوا بە دامەزراندنی پارتێکی ئاوا جەماوەریی کوردستانیی دێموکراسیی نیشتمانی، دەیانتوانی نەك هەر لە سەر ئاستی هەموو کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش خۆیان پێشان بدەن. ئەو حیزبە گەورەیە هێز و پێز و رێزێکی باشی بۆ خۆشیان و بۆ بزووتنەوەی کوردایەتیش وەدەست دەهێنا. بێجگە لەوەش دەیانتوانی هەتا هەندازەیەکی زۆر خۆیان لە هەلپەرست و کوڕی رۆژ و گامەسلەك و خۆ بژێن و ماستاو ساردکەرەوە و ئاژاوەگێڕ و برا لە برا هاندەر و کای کۆن بە با دەر؛ دوور بخەنەوە. چۆنکە ئەو حەلە دوویەرەکی و رکەبەرێتی نەدەما، و ئەوانیش پێویستییان بە زۆرە و بۆرە نەدەبوو، و ژمارەیەکی زۆریش رۆشنبیری سەربەخۆ هاوکاری دەکرد لەگەڵیان، و ئەو شەڕ و بەیەکدادان و براکوژی و خۆکوژییەش رووی نەدەدا. کاتی خۆی ئەمەم بەبای گوێی هێندیك لە بەرپرسیارەکانی هەر دوو لادا دا. هەرچەندە لەبەر دەروەستی (التزام)ی حیزبایەتی لەم رووەوە هیچیان دەرنەبڕی، بەڵام لە کاردانەوەیاندا ئاشکرا بوو کە لە دژی شتێکی وا نین. ئێستەش نەچووە بچێ. فەرموو با بیکەن.

بەرێزینە!

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی مێژووی رامیاریی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد و دراوسێکانیدا، دەمێکە هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئێمەی کورد دووچاری نەخۆشی یەکی یەکجار سەخت بووین، و هەر ئەوەشە کە بووەتە هۆکاری بنچینەیی و شارەگی هەموو ماڵوێرانی و بەدبەختییەکانمان لە ژیاندا. ئەوەش دەردی باوەڕ بەخۆ نەکردنە. دەردی باوەڕ بەخۆ نەکردن، هەستی خۆ کەمدیتنی لە ئێمەدا چەسپاندووە و وای لێکردووین خۆمان یەکجار بەکەم و بێدەسەڵات بێتە بەرچاو. لە ئەنجامی ئەمەشەوە هیچ کامێکمان باوەڕ بە ژێهاتێتی ئەوی دیکەمان ناکەین. خۆ ئەگەر کوردێك لێوەشاوەیی خۆی بە کردەوە ئیسپات کرد بۆمان، ئەوا پێمان وایە ئەو کارە بەرهەمی بیر و دەستی خۆی نی یە. بەڵکو بیانی (بێگانە) یەك لە پشتەوە ئەو کارەی ئەنجام داوە. لەبەر ئەوە رێزی لێنانێین و دانی پێدا نانێین. هەر خۆم لەم بارەیەوە لە هەڵسوکەوتی سالآنی ساڵدا لەگەڵ کوردی هەموو لایەکی کوردستان بە تاقیکردنەوەی تایبەتیی خۆم ... هێندە نموونەم کۆ کردووەتەوە، دەتوانم کتێبێکی گەورە لەمەڕ ئەم بابەتە بنووسمەوە. ئێمە با هیچ دوور نەڕۆین و تەماشایەکی مێژووی نێزیکی خۆمان بکەین. ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبووایە، ئەوا ئەو رۆژەی سەددام لەشکر و پۆلیس و کاربەدەستەکانی خۆی لە گەلێك نێوچەی باشووری کوردستان کشاندەوە (٢٠/١٢/١٩٩١) دەمانتوانی سەربەخۆیی ئەو نێوچانە داخۆیانی (اعلان) بکەین. وەکو لە کاتی خۆیدا گوتم، دڵنیام ئەو هەنگاوە لەو رۆژەدا ئەگەر بە تەواویش سەری نەگرتایە، سووتێکی زۆری دەگەیاند بە کورد... ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبووایە ئەوا بە دڵ و بە گیان بە پیر ئەو نەخشە هیوا بەخشەوە دەچووین کە سەرکۆماری پێشووی فەرەنسا بەهەشتی فرانسوا میتران ژیرانە کێشابووی بۆ مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی ئازادانە بۆ هەرێمی ئاسایش و باشووری کوردستان... ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبووایە کە ئێمەش شتێکمان لەدەست دێ، ئەوا لەم پێنج ساڵەدا کە سەربەستین، سەرمان دەنا بەیەکەوە و ریزەکانی خۆمان یەکدەخست و هەموو حیزب و کۆمەڵە و رێباز و کەسایەتییەکانمان پێکەوە لە بنمیچی کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا، کۆڕێکی بەڕێوەبەرێتیی نەتەوەییمان هەڵدەبژارد و خۆمان وەك جێگرەوە

(ئاڵتەرناتیڤ)ێکی دێمۆکراتیی گشتگر (تعددی)ی ئاشتیخوازانە لەجیاتی رژێمە گەندەڵەکانی نێوچەکە بە جیهان دەناساند. ئەوسا دۆست و نەیار وەکیەك حسێبێکی بایەخداریان دەکرد بۆمان.

ئێستە دەزانم زۆربەی زۆری ئەوانەی ئەم وشانە دەخوێننەوە دەبێژن، راستە وایە، باشە کە راستە وایە، بۆچی بەکردەوە دەستپێناکەین؟ چونکە باوەڕمان بەخۆمان نییە. هەر کاتێك باوەڕمان بە خۆمان هێنا کە ئێمەش لە خەڵکی دیکە کەمتر نین؛ ئەوجا سەردەکەوین. رێز و برایەتیم جەخت دەکەمەوە.

«بەرلین ٢٥/٦/١٩٩٦»

رۆژنامەی "کوردستانی نوێ "

ژمارە (١٣٢٤)، ٢/٧/١٩٩٦

مەبەستم کۆماری فیدەراڵی کوردستانە
نەکەمتر و نە پتر
«هەموو ڕێیەکی ڕاست دەبێ بەرەو
سەربەخۆیی کوردستان بچێ!»

بەڕێز پارێزەر (محامی) هەڵۆ محەمەد سەلام لە شاری لایپزیکەوەنامەیەکی بە هۆی ڕۆژنامەی **«سەکۆ»** وە ناردووە بۆم کە ڕۆژی ١٩٩٧/١/٢٠ ی لەسەر نووسراوە، بەڵام نامەکە لە ١٩٩٧/٣/١٦ دا کەوتە دەست من. هەڵۆ سەلام لە نامەکەیدا دەستخۆشی دەکا لێم بۆ ئەو بیرخەرەوە و نامانەی کە بۆ **بەڕێزان مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی** نووسیبووم و، دەقەکانیان لە «سەکۆ» دا بڵاو کرابوونەوە. هەر لەو نامەیەشدا هەوڵی ئەوەی داوە بەپێی شارەزاییی خۆی لە قانووندا هێندێك تێبینی لەبارەی زاراوەی «کۆماری فیدەراڵی کوردستان» کە لەلایەن منەوە بەکار هێنراوە، بخاتەڕوو. سەربەستیشی داوە پێم کە بۆچوونەکانی وی، یان لە سەکۆ دا بڵاو بکەمەوە، یان هەروەك نامەیەکی تایبەتی بۆخۆم بیدەمە قەڵەم.

سەرەتا سوپاسی بەڕێز هەڵۆ سەلام دەکەم بۆ خۆخەریککردنی بە کێشەی گرنگی «کۆماری فیدەراڵی کوردستان» ەوە و، هەر لەم ڕووەشەوە وام بە باشزانی کە ئەو ڕستانەی پێوەندییان بە تێبینییەکانییەوە هەیە، هەروەك خۆیان، لە گەڵ کەمێك ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووسانە و ڕێزمانانەدا، بڵاو بکەمەوە، سەرنجی خۆشم لەوبارەیەوە بخەمە بەرچاو خوێنەرانی «سەکۆ».

بەڕێز هەڵۆ سەلام لە سەرەتای نامەکەیدا باسی فیدەراڵیزم دەکا کە چییە و چۆنە. پێدەچێ ئەم هاوولاتە کە تازە لە کوردستانەوە هاتووەتە ئەڵمانیا، پێی وابێ کە ئەز نەزانم فیدەراڵیزم چییە، بۆیە کەوتبمە ئەو «هەڵە» یەوە کە زاراوەی «کۆماری فیدەراڵی کوردستان» م بەکار هێناوە. لەبەر ئەوە، هەرلە ئێستەوە ئەم بەڕێزە دڵنیا دەکەم لەوەی کە ئەز زۆر دەمێکە لە وڵاتی فیدەراڵیزم (ئەڵمانیا) دا دەژیم و دەزانم

فیدەراڵیزم چییە و مانای چییە. دوور نییە مەبەستی من لە نامە و بیرخەرەوەکانمدا سەبارەت بە «کۆماری فیدەراڵی کوردستان» تەواو ڕوٚشن نەبێ بۆی ، بۆیە بە پێویستی دەزانم کەمێك ڕوناکی بخەمە سەر مەبەستەکەم، بەڵام با جارێ ئەو چەند تێبینییەی وی پێشانی خوێنەر بدەم. بەڕێز هەڵۆ دەنووسێ: «ئێستا دێمە سەر نامەکەی بەڕێزت»:

١) ــ ژمارە (١) لاپەڕە (٥): «هومێدی ئەوەش دەکرا کە بەڕاستی هەرێمێك دروست ببێ، ببێتە بنکەیەك بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، یان هیچ نەبێ کوردستانێکی فیدەراڵی».

کاتێك بەڕێزت دەڵێیت: «یان هیچ نەبێ کوردستانێکی فیدەراڵی»، بۆ خوێنەر (ەوە) وادەردەکەوێ کە بەڕێزت کوردستانێکی فیدەراڵی لە کوردستانێکی سەربەخۆ بە نەرمتر و کەمتر دادەنێیت، بەڵام لەڕووی یاساییەوە کوردستانێکی سەربەخۆ یان کوردستانێکی فیدەراڵی هەردووکیان واتەی دەوڵەتی کوردی دەبەخشێ، بەڵکو کوردستانێکی فیدەراڵ بەرزتر و پێشکەوتووترە. بۆیە پێویست بوو بڵێیت: «ببێتە بنکەیەك بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ یان هیچ نەبێ کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدەراڵی، واتە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدەراڵی ئایندەدا.

٢) ــ ژمارە (١) لاپەڕە (٥): «بەکورتی یەکێکتان ببێتە سەرکۆماری عێراق و ئەوی دیکەتان ببێتە سەرکۆماری فیدەراڵی کوردستان». (ئەمە) لەڕووی یاساییەوە دەبێ بەم شێوەیە بێ: «بەکورتی یەکێکتان ببێتە سەرکۆماری عێراقی فیدەراڵ و ئەوی دیکەتان ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان»، چۆنکە (ئێمە) خاوەنی کوردستانێکی سەربەخۆ نین، لەشێوەی دەوڵەتێکی فیدەراڵ (دا) تاوەکو سەرۆك کۆمارمان هەبێ، گەر خاوەنیشی بین بەهیچ جۆرێك کوردێك ماقی ئەوەی نییە ببێتە سەرۆك کۆماری عێراقی عەرەبی.

٣) ــ ژمارە (٢) لاپەڕە (٥) «پێویستە ئەمریکا دان بەبوونی کۆماری فیدەراڵی کوردستاندا بەڕەسمی بنێ، کە کۆماری فیدەراڵی کوردستانیش دەبێ بەزوویەکی زوو داخۆیان (اعلان) بکرێ». ئێمە وەك کورد هیچ دەوڵەتێکمان دانەمەزراندووە تاوەکو داوا بکەین لە حکوومەتی ئەمریکا دان بە بوونیدا بنێ،

یاخود راگەیاندنی هیچ دەوڵەتێك، تاوەكو لە ئەمریكا داوا بكەین بەزوویەكی زوو داخۆیان (اعلان) بكرێ. بە بۆچوونی من مەبەستی جەنابت ئەو بڕیارەیە كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ــ پەرلەمانی كوردستان دەری كرد، كە تێیدا هاتبوو كە شێوەی پێوەندیی ئێمە وەك كوردلە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند لەسەر بنچینەی فیدەرالی دەبێ لە عێراقێكی دێمۆكراتی فیدەرالی پەرلەمانی یەكگرتوودا. بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە داوا بكەین نەك تەنیا لە حكوومەتی ئەمریكا بەڵكو لە ئەنجومەنی ئاسایش و سەرجەم دەوڵەتانی تر كە دان بەم بڕیارەدا بنێن چۆنكە لە دەزگایەكی دێمۆكراسییەوە دەرچووە كە نوێنەرایەتی دانیشتوانی ئەو بەشە دەكات كە بە نێوچەی ئارام (هەرێمی ئاسایش» نێودەبرێ». بەمە وتەكانی هەڵۆ سەلام كۆتاییان هات، با بێینە سەر لێدوان لە تێبینییەكانی:

فیدەرالیزم، وەك بەڕێز هەڵۆ سەلامیش لە نامەكەیدا باسیكردووە، بریتییە یان لە دەوڵەتێكی یەكگرتوو، یان لە چەند دەوڵەتێكی یەكگرتوو، وێنە بۆ یەكەمیان ئەڵمانیایە و وێنەش بۆ دووەمیان (چەند دەوڵەتێكی یەكگرتوو) دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە. بەڵام ئەڵمانیا هەر یەك وێنەیە بۆ یەكەمیان و، ئەمریكاش هەر یەك وێنەیە بۆ دووەمیان. وێنەی دیكەش بۆ هەردووكیان زۆرن. مەبەستم لە وێنە شێوەی فیدەراسیۆنەكەیە كە لە هەموو شوێنێكدا وەكیەك نییە. وشەی **فیدەراسیۆن** لە **Foederatio** ی لاتینییەوە هاتووە كە بەمانای **«یەكگرتن»** **Buendniss** یان **كۆمەڵە** **Vereingung** دێ. هێندێك جاریش بەمانای **پەیمان** **Vertrag** بەستنیش دێ. جا كە فیدەراسێون «یەكگرتن» بێ، دیارە یەكگرتن پێویستی بە پەیمانبەستنە و پەیمانبەستنیش (ئەگەر لە هەوا و كەشێكی ئازاد دا روو بدات) دەبێ بە دڵخوازی ئەو لایەنانە بێ كە یەك دەگرن. هەر لەبەر ئەوەشە شێوەی فیدەراسیۆن لە هەموو لایەك وەكیەك نییە. بۆ نموونە كۆمارە یەكگرتووەكانی سۆڤێتی كۆن و كۆمارە یەكگرتووەكانی یۆگسلاڤیای كۆن لە دەوڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا جیاواز بوون. كۆماری فیدەرالی چێك و كۆماری فیدەرالی سلۆڤاك، پێش جیابوونەوەیان بە ئاشتی و دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی چێك و سلۆڤاك، لە شێوەی فیدەراسیۆنی هێندێك لەوانەی دی جیاواز بوون. شایانی باسە دوو دەوڵەت بۆیان هەیە یەك بگرن بەشێوەیەكی

فیدەرالی، ئەوجا یەكێكیان دەتوانێ سیستەمی پاشایەتیی هەبێ و ئەوی دیان سیستەمی كۆماریی هەبێ. بەڵام با لێرەدا كەمێك سەرنجی دەوڵەتی یەكگرتوو (فیدەراڵ) و چەند دەوڵەتێكی یەكگرتوو (فیدەراڵ) بدەین و لە گەڵ یەك بەراوردیان بكەین:

لە دەوڵەتی یەكگرتوو (فیدەراڵ) دا چەند ستانێك **Land**، یان چەند هەرێمێك **Region** لە شێوەی رستەیەكدا یەك دەگرن. ئەڵمانیا وێنەیەكی ئەم رستەیەیە، ئەوەتە خۆشی نێو دەنێ **Bundesrepublik Deutschland واتە رستەستانی كۆماری ئەڵمانیا**. وشەی **Bund** لە زمانی ئەڵمانیدا بەمانای رست دێ، وەك دەبێژن **رستەكلیل Schluesselbund** بەكورتی ئەڵمانیا هەمووی یەك كۆمارە و بریتییە لە رستەستانێك كە هەر ستانە پەرلەمانی ستانی و كابینەی وەزارەتی ستانی و سەرۆك وەزیرانی ستانی و پۆلیسی ستانی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام هیچ ستانێك سوپای تایبەتی و سەركۆماری نییە. كۆماری ئەڵمانیا یەك سەركۆماری هەیە و یەك سوپا. هەروەها سەرۆك وەزیرەكانی ستانەكان سەرۆكێكی گەورەیان هەیە كە سەركردەی حكوومەتی رستەستانەكانە و، بەمەش دەگوترێ: **Bundeskanzler واتە سەرۆكی حكوومەتی رستەستانەكان**. وشەی **Kanzler** یش پێوەندیی بە وشەی **Kanzlei** یەوە هەیە و لە بنەڕەتدا مانای «جێی خزمەت» یان ژووری بەڕێوەبەرێتی» یە و لە زمانی ئەڵمانی نێوەڕاستەوە **Mittelhochdeutsch** هاتووە. **عوسمانییەكان و قاجارییەكان** بەم جۆرە سەرۆك حكوومەتیان دەگوت **«سەدری ئازەم» (صدر اعظم)**. كوردیش لە دەورانی كۆندا بەم سەركردەیەیان دەگوت **«میری میران»** و بەو هەرێمەش كە خەڵكەكەی یەكیان بگرتایە دەگوترا **«كۆمار»** كە وشەی «كۆمار»یش لە **«كۆم هەوار»**ەوە هاتووە. **«هەوار»** و **«وار»** لە زمانی كوردی دا بۆ شوێنی ژیان و جێی مانەوە بەكار هێنراوە. واتە نیشتمان **(سەرنجی وشەی كوردەواری ــ كوردهەواری بدەن)**. زمانی عەرەبی وشەی **«كۆم هەوار»**ی وەرگرتووە و كردوویەتی بە **«كووم هور»** ئەوجا **«جمهور»** و ترك و فارسیش هەر بەو شێوەیە لە زمانی عەرەبییەوە وەریان گرتووە و بەكاری دەبەن. ئەوجا وشەی **«كۆمەڵە»** یش لەزمانی كوردیدا هەر لە وشەی **«كۆمار»** ەوە دێ و، دەنگی ــ **(ر)** لە كوردیدا كۆنتر و رەسەنترە لە

دەنگی ل/ڵ (لیێ، لیێ). شوێنەواری ئەم کۆنێتییەش هەتا ئەورۆ لە زاری **کۆیە و هەولێر** و دەوروبەریدا هێشتا ماوە.

ئەم فیدەراسیۆنەی باسمانکرد، بابەتێکە لە ئۆتۆنۆمیی هەرێمی و بەکورتی بێژین: ئەوەیە کە لەنێو کوردی باشووردا بە «ئۆتۆنۆمیی راستەقینە» ناسراوە. ئۆتۆنۆمیش بریتییە لەوەی کە دەوڵەتی نێوەندیی (مرکزی) بەشێك لە دەسەلاتی دەوڵەتیی خۆی بدا بە هەرێمێك یان چەند هەرێمێك لەو دەوڵەتەدا. ئەوجا مەرج نییە هەموو هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتە ئۆتۆنۆمیدار بن. بەلام کاتێك کە هەموو دەوڵەتەکە سیستەمی ئۆتۆنۆمیێ هەرێمی پەسند کرد، ئەو حەلە بە هەرێمە یەکگرتووەکان (بەپێی بەیمان) دەگوترێ فیدەراسیۆن. ئالەم سیستەمەدا دەسەلاتی نێوەندیی بەهێزتر دەبێ لە دەسەلاتی تاکە تاکەی هەرێمەکان و، ئەوی شارەزای سیستەمی فیدەرالی ئەلمانیا بێ ئەمە دەزانێ.

نموونەی دووەم بۆ فیدەراسیۆن، یەکگرتنی دوو دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێکە لە گەلْ یەك بەشێوەیەکی فیدەرالی. ئەوجا مەرج نییە ئەو دوو دەوڵەتە یان ئەو چەند دەوڵەتە هەموو یەك جۆرە سیستەمی فەرمانڕەواییان هەبێ. دەشێ یەکێکیان کۆماری بێ و ئەوی دییان پاشایەتی بێ **(وەك ئەوەی کاتی خۆی کۆماری یەکگرتووی عەرەب ــ میسر و سووریا لە گەلْ سەڵتەنەتی یەمەن یەکیان گرت).**
بەلام بە پێچەوانەی ئەوەوە کە بەڕێز هەڵۆ سەلام دەبێژێ «کاتێك بەڕێزت دەڵێیت: یان هیچ نەبێ کوردستانێکی فیدەرال، بۆ خوێنەرەوە وا دەردەکەوێ کە بەڕێزت کوردستانێکی فیدەرالی لە کوردستانێکی سەربەخۆ بە نەرمتر و کەمتر دادەنێیت، بەلام لەڕووی یاساییەوە کوردستانێکی سەربەخۆ یان کوردستانێکی فیدەرالی هەردووکیان واتەی دەوڵەتی کوردی دەبەخشن بەڵکو کوردستانێکی فیدەرالی بەرزتر و پێشکەوتووترە ... هتد». لەوەرامدا دەبێژم هیچ کاتێك کۆماری فیدەرالی کوردستان لە کوردستانێکی سەربەخۆ بەرزتر نییە. چونکە فیدەراسیۆن یەکگرتنە و یەکگرتنیش لە هەموو بارێکدا لە سەربەخۆیی و ئازادی ئەو لایەنانە کەم دەکاتەوە کە یەك دەگرن. چونکە یەکگرتن پێویستی بە پەیمانبەستن و هاوبەشکاری «شراکة» یە، دیارە ئەوی پەیمانی بەستووە و کەوتووەتە هاوبەشکاریکردن، سەربەخۆیی و ئازادی کەمترە لەوەی کە سەربەخۆیە. ئەوجا کە بەڕێز هەڵۆ سەلام

دەبێژێت، پێویست بوو بڵێیت: «ببێت بە بنکەیەك بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ یان هیچ نەبێ کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدەرالیدا واتە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدەرالی ئایندەدا»، لە وەرامدا دەبێژم هیچ کاتێك کوردستان نابێتە «هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدەرالی ئاینده دا»، چۆنکە هیچ هەرێمێکی یەك دەوڵەتی فیدەرالی سەربەخۆیی وەرناگرێ، بەڵکومافی خۆبەڕێوەبردن شتێکی دیکەیە و ئەو دوو شتە یەك نین. هەر وشە و زاراوەیەك لە زماندا واتە و سنووری خۆی هەیە. لەمەش بترازێ مەبەستی من ئەوە نییە کە باشووری کوردستان وەك هەرێمێکی دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە، چۆنکە ئەو مانەوەیە هەر جۆرە ئۆتۆنۆمییەکە و هیچی دی. لەبەر ئەوە ئەز لە گەڵ ئەمەدا نیم. ئەوجا بێینە سەر باسی کورد و فیدەرالیزم و بزانین مەبەستی من لە کۆماری فیدەرالی کوردستان چییە.

ئێمە دەزانین کە نێزیکەی پەنجاساڵی ڕەبەق بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بە سەرکردەیەتیی حیزبە فەریکە «مارکسییە خۆ بە پێشڕەو» زانەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور و باکوور و ڕۆژاوای کوردستان، دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ «ئۆتۆنۆمیی» کوردستان لێدا و، ئێمەمانانیان بە «کۆنەپەرست» و شۆڤێنی» و «جیابوونەوەخواز» و چی و چی دەدایە قەڵەم. چۆنکە بە پێچەوانەی وانەوە باسی سەربەخۆییی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانمان دەکرد. ڕاستە کە ڕۆژگار دەریخست کە «ئۆتۆنۆمی» ـ وەك ئێمە دەمانگوت ـ بیرێکی چەوت و پووچەڵ و خەیاڵە خاوە، تێکۆشینی کوردی پەنجا ساڵ خستە دواوە. ئەوانە کە بۆ ئۆتۆنۆمی کەوتبوونە سەما و ملیۆنێك قوربانییان بە نەتەوەی ماڵوێرانی کورد دا بۆی، ئەوە نەدەچووە مێشکیان کە ئۆتۆنۆمی بەرهەمێکی سیستەمی دێمۆکراتییە و تەنێ لە وڵاتێکدا چاوەڕوانی دانی دەکرێ کە پەرلەمانێکی هەبێ و بە شێوەیەکی دێمۆکراتی هەڵبژێردرابێ. ئەو حەلە ئەو پەرلەمانە ئەگەر بیەوێ، ئۆتۆنۆمی دەدا بە هەرێمێکی ئەو دەوڵەتە و هەر لە دەوڵەتێکی لەو بابەتەشدا داوای ئۆتۆنۆمی دەکرێ. **دەوڵەتێك کە سیستەمی دیکتاتۆری هەبێ، ئۆتۆنۆمی نادات بە هیچ هەرێمێك، چۆنکە دیکتاتۆر لە هیچ بەشێکی دەسەڵاتی خۆی چاو ناپۆشێ و واز ناهێنێ. خۆ ئەگەر هاتو لە ئەنجامی زۆر و گوشارەوە ناچار بوو ئەوە بکات، ئەوا ئەو**

ئۆتۆنۆمییەی کە دەیدات هەر بۆ ماوەیەك دەبێ و پاشان دەیسێنێتەوە. رژێمی «عێراق» نموونەیەکی باشە بۆ ئەمە. بێجگە لەمەش هەموو جۆرە ئۆتۆنۆمییەك کە رژێمێکی نادێمۆکراتی بیدات، رەوایەتی (شرعیة) نییە و نابێ. کە واتە: **هەوڵدان بۆ ئۆتۆنۆمی لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە کە لەژێر پێنج رژێمی ملهوڕی دیکتاتۆردا دەناڵێنێ،کارێکی نابەجێ و ناژیرانە و بێ ئەنجامە، وەك بە تاقیکردنەوەش ئیسپات بووە و، رەوایەتی قانوونیشی نییە چۆنکە رژێمی دیکتاتۆر نارەوایە و فەرمانەکانیشی ناقانوونییە.**

کێشەی فیدەراسیۆنیش هەروەك ئۆتۆنۆمییە، ئەگەر بە شێوەی یەکەم بێ، واتە کوردستان ببێتە **«هەرێمێکی فیدەراڵ»**. بێجگە لەوەش فیدەراسیۆن هەر بەتەنێ بۆ **«هەرێمی کوردستان»** نابێ و، ئەوەش لە حکوومەتی دیکتاتۆری سەددام و هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆری دیکە داوا ناکرێ. **بۆ دامەزراندنی فیدەراسیۆن دەبێ لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا کە نێوی بە «عێراق» رۆیوە، رژێمێکی دێمۆکراتی بێتە پێشەوە و خەڵکەکە هەموو بە سەربەستی بریار بدەن بۆ ئەوەی، ئایە دەیانەوێ سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەموو عێراقدا ببێتە سیستەمێکی فیدەرالی یان نا، ئەوجا ئەگەر بێتو خەڵکی باشووری کوردستان دان بە رەوایەتیی «عێراق» دا بنێن وەك دەوڵەت و خۆشیان بە عێراقی بزانن، ئەوا ئەو دەمە مافی ئەوەیان نابێ داوای فیدەراسیۆن بکەن، ئەگەر هاتوو لەنیوەی پتری خەڵکی «عێراق» (عەرەب و کورد و ... هتد) واتە نیوە + ١ دەنگیان لە دژی سیستەمی فیدەرالی دا، ئەوساش دەبێ ئەو بریارەی کە پەرلەمانی باشووری کوردستان داوێتی بۆ ئەوەی پێوەندیی گەلی کورد بە دەوڵەتی تێوەندیی «عێراق» ەوە لە شێوەی فیدەرالی دا بێ، نرخی نەمێنێ و پووچ بێتەوە، چۆنکە گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا لە سیستەمی تێوەندییەوە بۆ سیستەمی فیدەرالی بە دەست هەموو خەڵکی «عێراق» ە نەك تەنێ بەدەست کورد. ئەمە وەك گوتم ئەگەر هاتو کورد «عێراقێتیی» خۆی بەرەوا زانی.**

ئەمەیان وا. بەڵام ئەز بە چاوێکی زانستانە و بابەتانە و لەرووی بەرژەوەندیی جەماوەری زەحمەتکێش و بندەستی کوردەوە تەماشای عێراق و کوردستان دەکەم. هەرچی کوردستانە ئەوا ئەوە راستینەیەکی مێژوویی و جۆگرافیایی و ژیاری و فەرهەنگییە. ئەم کوردستانە وەك قارچك لەزەوی هەڵنەتۆقیوە. بەڵکو بەدرێژایی

چەند هەزار ساڵێك دروست بووە. چوارسەت ساڵ لەمەوبەر مێژوونووسی کورد **شەرەفەدینی بتلیسی** لە «**شەرەفنامە**» کەی دا باسی سنووری ناسیۆنالی کوردستانی کردووە. کە لە تەنگەی هۆرمزەوە **(واتە لەو کەنداوەی کە فارس دەڵێن هی فارسە و عەرەبیش دەڵێن هی عەرەبە) دەستپێکردووە تا دەوروبەری زەریای سپی نێوەڕاست و لەوێشەوە هەتا چیاکانی قەفقاس کشاوە)**. ئەرێ، چوارسەت ساڵ لەمەو پێش، ئەو کاتەی کە هیچ گەلێك باسی سنووری ناسیۆنالی خۆی نەکردووە و، دەوڵەتی ناسیۆنالیش لە جیهاندا نەبووە، کورد باسی سنووری ناسیۆنالی خۆی کردووە. شایانی باسە کە یەکەمین دەوڵەتی ناسیۆنالیش لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پاشایەتیی باشووری کوردستان بوە بە سەرۆکایەتیی «**شێخ مەحموودی حەفید**»، ئەوەش پاش جەنگی جیهانیی یەکەم. جا لەبەر ئەوەی کورد نەیانتوانیوە دەوری دیرۆکی خۆیان بەباشی بگێڕن، ئەوا فرتوفێڵی چەند ملهوڕێکی وەك **ڕەزاخان و مستەفا کەمال و فەیسەلی کوڕی حسەین** و بە پشتگیریی کۆلۆنیالیستە خوێنمژەکانی وڵاتە پیشەسازییەکان، ئەم دەوڵەتە دەستکردانەی «**عێراق و ئێران و ترکیا و سووریا**» دروست بوون کە بوونیان هیچ ڕەوایەتییەکی قانوونی نییە. چۆنکە کورد بە زۆر کراون بە پێوەندەدار(تبعة)ی ئەو دەوڵەتانە و خاکی کوردستانیش بە زۆر نووسێنراوە پێیانەوە. سەبارەت بەمە کورد مافی ئەوەی هەیە و پێویستە لەسەری هەموو هەوڵێك بەکار بهێنێ بۆ خۆ جیاکردنەوە لەم وڵاتە دەستکردە بەناڕەوا دروستکراوانە. کە واتە ڕێی ڕاست ئەو ڕێیەیە کە بەرەو جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بچێ نەك خۆنووساندن بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە و، دروستکردنی ڕەوایەتیی ساختە بۆیان.

پەلاماری سەددام بۆ سەر کوێت و شەڕ دۆڕاندنی، هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ بەشێك لە خەڵکی کوردستان کە لە سێ ستاندا **(هەولێر و دهۆك و سلێمانی)** بەوپەڕی سەربەخۆییەوە خۆیان بیەن بەرێوە. ئەو دۆخەی لەو چەند ستانەدا هەیە سەرەڕای هەموو شەڕ و تێکڕژانێکی گەوجانەی حیزبەکانی باشوور، هەروەها هاتنەکایەی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی کوردستان و پۆلیسی کوردستان و سوپای کوردستان (هەر چەندە بەداخەوە لە شێوەی پێشمەرگەی ئەم حیزب و ئەو حیزبدایە) هەموو نیشانەی سەربەخۆیین. بەڵام سەربەخۆییەکی داخۆیان نەکراو.

لەبەر ئەوە کاتێك حکوومەتی باشووری کوردستان خۆی بە **«حکوومەتی هەرێمی کوردستان»** دەداتە قەڵەم کارێکی هەڵە ئەنجام دەدا، تەنانەت لەڕووی قانوونەوە – ئەو قانوونەی **بەڕێز هەڵۆ سەلام** خۆی پێوە گرێ دەدات – – چۆنکە هەموو حکوومەتێکی هەرێمی دەبێ پێوەندیی بە حکوومەتێکی نێوەندیی **«عێراق»** ەوە هەبێ، واتە دەبێ هەردوولا **«نێوەندیی و هەرێمی»** دان بە ڕەوایەتیی یەکدیدا بنێن. بەڵام لێرەدا نە **«حکوومەتی هەرێمی کوردستان»** دان بە حکوومەتی نێوەندیی عێراقدا دەنێ نە **«حکوومەتی نێوەندیی عێراق»** یش دان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێ. کە واتە **«زاراوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان» ناڕاستە و**، هەرێمی کوردستانیش لە شێوەی حکوومەتێکی سەربەخۆدایە. کەسانێکیش سەربەخۆییان دەستکەوتبێ ناچن خۆیان بکەنەوە بە دیل و بندەست، مەگەر ئەوەی زۆر ساویلکە بن یان مێشکیان لەکار کەوتبێ. جا ئێستە دوو ڕێ هەیەبەدەست خەڵکی **«هەرێمی ئاسایش»** ەوە لە باشووری کوردستاندا، یان ئەوەتە سەربەخۆییی خۆیان داخۆیان دەکەن، کە ئەوەتە ئەمەیان دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، لەبەر هەر هۆیەك هەیە بیێ (باوەڕ بەخۆ نەکردن، ترسان، گوشاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، نەگونجانی هەلومەرجی نێودەوڵەتان ... هتد) مل نادەن بۆی. لەبەر ئەوە یەك ڕێ ماوەتەوە بۆ ئەوەی ڕەنجی گەلی کورد بە فیڕۆ نەڕوات و بڕیاری پەرلەمانی هەرێمی ئاسایش – یش فت نەبێتەوە، ئەو ڕێیە ئەوەیە هەرێمی ئاسایش ببێتە کۆمارێك و ئەو کۆمارە ئامادە بێ خۆی پێشان بدات بۆ یەکگرتن لە گەڵ دەوڵەتی «عێراق» بە شێوەیەکی فیدەرالی. واتە دوو دەوڵەتی کۆماری، بەشێوەی فیدەرالی یەك بگرن. خۆ ئەگەر دەوڵەتی عێراق ئەوەی نەویست، ئەوا دیارە کۆماری کوردستان بێداخۆیانیکردنی جیابوونەوە، جیا بووەتەوە. لەبەر ئەوەیە ئەز **«کۆماری فیدەرالی کوردستان»** م بەکار بردووە. ئەگەر نا مەبەستم ئەوە نییە باشووری کوردستان ببێتە هەرێمێکی فیدەرالی لە سنووری **«عێراق»** دا و ئەم بۆچوونەی خۆشم لە وتووێژێکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی **«کوردستانی نوێ»** (ژمارە ١٣٢٤، سێ شەممە ١٩٩٦/٧/٢) بێ پێچوپەنا دەربڕیوە، کاتێك بە ئاشکرا باسی دەوڵەتی فیدەرالی کوردستانم کردووە: «هەر چەندە پەرلەمان دەزگەیەکی زاگۆنکاری (تشریعی) یە و دەزگەیەکی جێبەجێکاری (تنفیذی) نییە.

لە گەڵ ئەمەشدا دەبوو پەرلەمان هەر پاش ئەوە دەستوورێکی بنچینەیی کاتی بۆ هەموو باشووری کوردستان (نەك تەنێ بۆ هەرێمی ئاسایش) ئامادە بکردایە و بەپێی ئەوە دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار و سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی فیدەرالی کوردستانی دیاری بکردایە و، کۆمیسیۆنێکی پەرلەمانی بۆ هێنانەدی ئەم کارە پێك بهێنایە کە بە هاوکاریی لە گەڵ حکوومەتی کوردستاندا رۆژێك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری فیدەرالی کوردستان دابنرایە و هەرێمی ئاسایش نێوی بنرایە **کۆماری فیدەرالی کوردستان و ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو شوێنە گشتییەکان بشەکایەتەوە و، بەپێی زاگۆنێکی تایبەتی، هێزەکانی پێشمەرگە بیوونایە بە سوپای کۆماری فیدەرالی کوردستان، ئەوجا دەست بکرابایە بە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی شوێنەکانی دیکەی باشووری کوردستان، وەك مووسڵ و کەرکووك و خانەقین و کووت و نێوچەکانی خوارووی وڵات.** ئەمانە هێچیان تا ئەمڕۆ جێبەجێ نەکراون. **نازانم ئێمە چاوەڕێی چین؟ ئەگەر چاوەڕێی ئەوەین کە چەند عێراقییەکی گەجەر و گوجەری بێنێو و بێرابردوو سووت لە هەل وەربگرن و جێی سەددام بگرنەوە و، لوتف بفەرموون و ئەوجا دان بە «فیدەراسیۆن» ی کورد دا بنێن، یان رژێمی سەددام دەرزیی دێمۆکراتی لە خۆی بدا و بەرە بەرە بەرەسمی بناسرێتەوە و،ئەوجا دان بە «فیدەراسیۆن» دا بنێ، ئەوا دڵنیابن ئەوە خەیاڵ پلاوییە. چونکە کوردەکە دەبێژێ: «مانگ هەر سەر لە ئێوارەوە دیارە». هەڵوێستی هێزە عێراقییەکان و، زۆربەی دراوسێکانی کوردستان و عێراق دەریخست کە ئەمانە بە فیدەراسیۆن رازی نابن. دوایی فیدەراسیۆن سیستەمێکە دەبێ هەموو وڵاتەکە (لێرەدا عێراق وەك دەوڵەتێك) بگرێتەوە. بەشێکی وڵاتێك ناتوانێ سیستەمی فیدەرالی هەبێ و بەشەکەی دی سیستەمی فیدەرالی نەبێ.** ئەوجا ئەو بڕیارەی کە پەرلەمانی کوردستان داوێتی بڕیاری نەتەوەی کوردە و پاشگەزبوونەوە لێی دژایەتییە لە گەڵ ویستەی نەتەوەی کورد. لەبەر ئەوە پێویستە بە زووترین کات پەرلەمان دەستوورێکی بنچینەیی بۆ کۆماری فیدەراڵ دابنێ و کۆماری فیدەرالی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا داخۆیان (اعلان) بکرێ و سەرکۆمار هەڵبژێردرێ.

ئەوجا ئەگەر رۆژێ لە رۆژان خەڵکی عێراق بەو سیستەمە رازی نەبوون، ئەوا دیارە لە ئێستاوە دەزانین ئەنجامەکەی بەچی دەگات. لەبەر ئەوە دەبێ هەر لە ئێستەوە خۆ ئامادە بکرێ بۆ رێگرتن لە کارەساتی جەرگبڕ کە رەنگە بە پێشبینیکردن و رێبەستن لێی روو نەدات.

خۆم تا ئەو هەندازەیەی بیرم بڕ بکات پێم وایە زۆر زەحمەتە، ئەگەر نەبێژم لە نەبووانە، کە دەوڵەتێکی **«عێراقی»** دان بەوەدا بنێ کە **«عێراق»** ببێتە دەوڵەتێکی فیدەرالی. **چۆنکە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و شیعە موسڵمانەکان و موسڵمانە سوننییە عەرەبەکان هەموو دژی سیستەمی فیدەرالن. تەنانەت ترکمانەکان کە بە هۆی خەباتی کوردەوە هەموو جۆرە مافێکیان لە هەرێمی ئاسایشدا هەیە، سەرکردەکانیان (واتە ئەوەی نێونراوە بەرەی ترکمانی عێراق) نەك هەر دژی سیستەمی فیدەرالین، بەڵکو دژی ئەوەشن کە نێوی «کوردستانی عێراق» لە جیاتی باکووری عێراق بەکار بهێنرێ (تەماشای دەربڕینەکانی عیسمەت قوجاق، نوێنەری «بەرەی ترکمانی» عێراق»، لە رۆژنامەی «الشرق الاوسط» ژمارەی رۆژی ١٩٩٧/٣/٢٤ دا بکە).**

بەڵام ئەگەر هاتو کۆمارێك لە هەرێمی ئاسایشدا دامەزرا و داخۆیان کرا و خۆی ئامادە کرد بۆ یەککگرتنێکی فیدەرالی لە گەڵ دەوڵەتی **«عێراق»** و هەلومەرجێك دروست بوو کە دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی فیدەرال لە گەڵ کۆماری کوردستان یەککگرتنی فیدەرالی ساز بکات، ئەوا دیارە ئەوە هەنگاوێك دەبێ بەرەو سەربەخۆیی، بەڵام ئەو دەمەش گەلێك کێشەی رامیاری و جۆگرافیایی دێنە پێشەوە. وەك کێشەی ئەو ستانانەی کوردستان کە جارێ لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری فیدەرالی کوردستاندا نین، وەك **کەرکووك و مووسڵ و بەشێکی گەورە لە ستانەکانی دیالە و کوت و سەلاحەدین و عەمارە.** پاش ئەوەش کێشەی نێزیکەی ملیۆنێك و نیو پتر کورد دێتە پێشەوە کە لە بەغدا و ئەو شوێنانەدا دەژین کە بەر «عێراق» دەکەون. هەروەها کێشەی کوردە فەیلییەکان. ئەو دەمە دیارە دەبێ کورد گەرەنتی ئەوەشی هەبێ کە سوپای تاوانبار و تیرۆریستی «عێراق» جارێکی دی پەلاماری کوردستان ناداتەوە و کەلی کورد بەر چەکی کیمیایی ناکەوێ و ئەنفال ناکرێ و وڵاتەکەی ناکرێ بە عەرەبستان.

بە بیروڕای من تا هەموو کێشەکانی نێو کورد و «عێراق» چارەسەر دەکرێ و عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی ئاشتیخواز و دێموکرات و مرۆڤدۆست، پێویستە سوپای شەڕخواز و دەستدرێژکەر و تاوانباری «عێراق» بخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوە، ئەمەش بەوە دەبێ کە سەرکۆماری عێراق، یان سەرۆکایەتیی سوپای عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی کورددا بێ. ئەمەش داخوازییەکی ناڕەوا نییە و ئەوە ناگەیەنێ کە کورد بینە فەرمانڕەوای عەرەب. **بەڕێز هەڵۆ سەلام** دەبێژێ: «بە هیچ جۆرێك کوردێك مافی ئەوەی نییە ببێتە سەرۆك کۆماری عێراقێکی عەرەبی!». ئەمە کاتێ راستە کە عێراق هیچ پێوەندییەکی فیدەرالی لە گەڵ کۆماری فیدەرالی کوردستاندا نەبێ و دەوڵەتێکی شەڕ هەڵگیرسێن و پەلاماردەر و جانەوەر نەبێ. **کاکی بەڕێز هەڵۆ سەلام، قانوون لە هەموو کات و شوێن و هەلومەرجێکدا ڕەوایەتیی دروست ناکات.** قانوون تا ئەو هەندازەیە ڕەوایەتی هەیە و جێی ڕێزە کە لە خزمەتی مرۆڤدا بێ. واتە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ بپارێزێ. ئەگەنە ئەگەر بێینە سەر **«قانوون پەرستی»** و ڕەوایەتی و قانوون وەك یەك تەماشا بکەین دەبینین هەموو ئەو دیکتاتۆر و تێرۆریست و ملهوڕ و هۆڤانەی فەرمانڕەوایی دەکەن و بکوژ و بیڕ هەر خۆیانن، بۆ ئەنجامدانی کاری تاوانبارانەی خۆیان پشت بە **«قانوون»** دەبەستن. دیارە ئەو قانوونەی کە خۆیان دروستیان کردووە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان. ئەوانەی پەنجەی خەڵك لەسەر دزینی هێلکەیەك دەبڕن و خۆشیان بە ملیۆن دەدزن، هەر خۆشیان بە دزییەوە هەموو جۆرە کارێك دەکەن کە بۆ خەڵکی دی بە **«ناڕەوا»**ی دادەنێن، کە ژنی بەدبەخت و بێچارەی لەسەر بەردەباران دەکەن، لەوەشدا هەر پشت بە «قانوون» دەبەستن. ئەو قانوونەی کە خۆیان دروستیان کردووە. **ئەگەر هەموو جۆرە قانوونێك پیرۆز بێ، ئەوا هیتلەر و مۆسۆلینی و فرانکۆ و سەددام و ستالین لە هەموو کەس پتر قانوونیان چاپ کردووە. بەعسییەکان بڕیارەکانی حیزبەکەیان بە قانوون دەزانن.**

ئەوجا کە گوتوومە پێویستە هەوڵبدرێ کە ئەمریکا بەڕەسمی دان بە بوونی کۆماری فیدەرالی کوردستاندا بنێ، ئەوا مەبەستی خۆم لە بەشی دووەمی رستەکەدا دەربڕیوە. کاتێك گوتوومە کە «کۆماری فیدەرالی کوردستانیش دەبێ بە زوویەکی زوو داخۆیان بکرێ»، ئاشکرایە مەبەستم ئەوە نییە کە کورد خۆیان هێشتا هیچیان

داخۆیان نەکردبێ، داوا لە ئەمریکا بکرێ، دان بە بوونیدا بنێ. ئەو پێوەندە کە هەردوو پارچەی رستەکە پێکەوە دەنووسێنێ، واتە ئەو دوو شتە پێکەوە روو بدەن. دیارە منداڵێکیش دەزانێ کە تۆ ژنەکەت هێشتا کچێکی نەبوویێ، ناتوانی بانگی بکەیت «دایکی شیرین». مەبەستم ئەوەیە کۆمارێکی کوردستان بەو جۆرەی سەرەوە کە باسم کرد داخۆیان بکرێ و هاوکاتیش داوا لە ئەمریکا بکرێ وەك هێزی پارێزەری «هەرێمی ئاسایش» بەرەسمی دانی پێدا بنێ. دوایی من نەمگوتووە «داوا لە ئەمریکا بکەین دەوڵەتێك بە زوویەکی زوو داخۆیان بکرێ» وەك هەڵۆ سەلام تێی گەیشتووە. نە ئەمریکا و نە هیچ بیانییەکی دیکە دەوڵەتی کوردستان داخۆیان ناکات، بەڵکو کورد خۆی دەبێ داخۆیانی بکات. پاش ئەوەش تا دۆزی کورد لە چوارچێوەی «عێراق» دا بمێنێتەوە، هیچ دەوڵەتێك دان بە بوونی «ئۆتۆنۆمی» یان «فیدەراسیۆن» دا بەشێوەی یەکەم، نانێ، چۆنکە هیچ دەوڵەتێك مافی ئەوەی نییە دەست بخاتە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتی «عێراق» ەوە و ئۆتۆنۆمی و فیدەراسیۆن لە شێوەی یەکەمدا کاروباری نێوخۆن.

لە کۆتایی ئەم چەند دێرەدا ئەوە جەخت دەکەمەوە کە هەموو جۆرە ئۆتۆنۆمییەك یان هەموو جۆرە فیدەراسیۆنێك کە لە سنووری «عێراق» دا دابمەزرێ، ئەنجامەکەی هەر پووچ دەردەچێ. تاکە رێیەك بۆ پاراستنی مافی کورد ئەو کۆمارە فیدەرالییەیە کە لە سەرەوە باسم کرد. ئەو جۆرە فیدەراسیۆنەی من باسم کرد لە فیدەراسیۆنی نێوان «عێراق و ئەردەن» دەچێ لە ساڵی ١٩٥٧ دا بەسترا. بەکورتی دەبێ کێشەی کورد لە کێشەی نێوخۆیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بکرێتە کێشەی نەتەوەیەکی بندەستی وڵات بەزۆر دابەشکراو، کە تەنێ لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆناڵیدا چارەسەر دەکرێ. ▣

«سەکۆ» ژمارە (٧)

مایسی ١٩٩٧

خاین و خیانەت و
خیانەتکار و خیانەتکاری!

وشەی **خاین و خیانەت و خیانەتکار و خیانەتکاری** لەو وشانەن کە زوو زوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری و، ولاتانی رۆژهەلاتدا بەکار دەبرێن و، بوونەتە بنێشتەخۆشەی بندان. لەبەر ئەوە وام بە باش زانی کەمێك لە زاراوەی وشەی خاین و خیانەت و خیانەتکار و خیانەتکاری لەباری سەرنجی زمانەوانی و کۆمەلأیەتی و رامیاری و زاگۆنی (قانونی) یەوە بدوێم.

«خیانەت» کە بەزمانی عەرەبی **«خیانة»** یە و لە چاوگی **«خون» (خەون)** ەوە وەرگیراوە و، بە فارسی «خیانت» و بە ترکی **ئیخانەت ihanet** ە، بەلای خەڵکییەوە وایە کە وشەیەکی عەرەبی بێ و، گەلانی کورد و فارس و ترك لە زمانی عەرەبییەوە وەریانگرتبێ، بەلاّم ئەم بۆچوونە بەلای منەوە راست نییە. بەپێی لێکۆڵینەوەی من، وشەی **«خیانەت»** لە بنەرِەتدا لە کوردییەوە خواستراوە و، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە زمانی کوردیدا وشەی خاپاندن **Xapandin و خەپاندن Xepandin** هەیە کە ئەورِۆ بەزۆری کوردی باکوور بەکاری دەبەن. خاپاندن (خەپاندن) بەمانای تەفرەدان و فریودان و فێڵلێکردن دێ. رەگی خەپاندن دەچێتەوە سەر **«خپ xip»** کە تا ئەورِۆش لە کرمانجیی ناڤین **(سۆرانی، موکریانی، ئەردەلأنی)** دا بەکار دەبرێ. بۆوێنە دەگوترێ: **«زللەیەکی لێدا خپی کرد»**، واتە بێ دەنگی کرد، هۆشی لەبەر برِی. **«خپ کردن»** لە زمانی فارسی دا بە شێوەی **«خەفە کەردەن» (خفه کردن)** دەرهاتووە، کە بە مانای **«تاساندن»** و **«خنکاندن»** و **«دەنگلێبرِین»** دێ. هەرچی وشەی **«خەپاندن»** ە ئەوا بووە بە **«خەفاندن»** و ئەوجا **«خەڤاندن»**، کە لە کرمانجیی ناڤیندا شێوەی **«خەواندن»** ی گرتووە، واتە **«نواندن»** و **خەولێخستن»** و **«خستنە خەو»**. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە چاوگی وشەی **«خیانەت»** لە زمانی عەرەبیدا ــ وەك لەسەرەوە باسکرا ــ **«خون»**، **«خەون»** ە. لێرەدا پێویستە ئەوە بێژین کە دەنگی **پێ P** لە وشەی خەپاندندا بووە بە **فێ F** و بە

شێوەی **«خەفاندن»** دەرکەوتووە و، ئەم خۆگۆڕینی **«پیٚ»** یە بۆ **«فیٚ»** لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان و تەنانەت نائێرانییەکانیشدا، هەیە. بۆوێنە وشەی «سپلە» (واتە: پێنەزان)، لەزاری هەولێریدا بووە بە «سفلە». هەروەها وشەی «پەند» بووە بە «فەن» (سەرنجی وشەی فەن و فێلٚ بدەن واتە پەند و **فێلٚ**). ئەوجا زمانی عەرەبی وشەی **«پەندی»** کوردی کردووە بە **«فن»** و بە مانای **«هونەر»** بەکاری دەبا. هەروەها وشەی **«باپشتیان»** کە ئێوی شوێنێکە لە باشووری کوردستان، لە زمانی عەرەبیدا بووە بە **«بافیستان»** و **«پێشخابوور»** بووە بە **«فیشخابوور»**. شایانی باسە کە دەنگی **«پیٚ P»** لە دەنگی **«فیٚ F»** کۆنترە و، زمانی کوردی بە پێچەوانەی فارسییەوە ئەم کۆنینەیەی پێوە دیارە. بۆوێنە وشەی **«پەرپووت»ی کوردی و «فرتووت» (فرتوت)ی فارسی و «پالە»ی کوردی و «فەعلە» (فعلە)ی فارسی و «پیرۆزە»ی کوردی و «فیروزە»ی فارسی و «پلیتە»ی کوردی و «فتیلە»ی فارسی و «پووکان» و «پووکانەوە»ی کوردی و «فرسودن»ی فارسی و «پۆلا»ی کوردی و «فولاد»ی فارسی و عەرەبی، لە گەلٚ یەك بەراورد بکەین.** زمانی فارسی تاك و تەرا دەنگی «پیٚ» ی لەبری «فیٚ» بەکار هێناوە، وەك لەم هۆنراوەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ کە چەند سەت ساڵێك لەمەوبەر گوتراوە:

سرچشمە شاید گرفتن بە بیل چو پر شد، نشاید گذشتن بە پیل

واتە: سەری کانی لەوانەیە بە بێلێك بەری بگیرێ، بەڵام کە پڕ بوو، فیلێکیش خۆی بداتە بەر ناتوانێ بیگرێ.

لێرەدا **«پیل»** لە جیاتی **«فیل»** بەکار هێنراوە.

کە واتە گۆڕانی وشەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

لە «خاپاندن»ەوە بۆ «خەفاندن» و، دوایی بووە بە «خەواندن»، ئەوجا «خەون «خون». لێرەدا دەبێ ئەوەش کەبێژم دەنگی **«فیٚ F»** و **«ڤیٚ V»** لە زمانی کوردی دا زۆر جێگۆڕکێ دەکەن. بۆوێنە خەڵکی باشوور دەبێژن: **«قسە لە قافی خۆیدا بکە» واتە «قسە لە گافی خۆی دا بکە»** (گاف بەمانای کات دێ لە زاراوای کوردیی باکووردا). هەروەها دەنگی **«ڤیٚ V»** و **«ویٚ W»** بەزۆری لە باکوور و باشووردا لە جێی یەك بەکار دەبرێن. وەك **«چاو و چاڤ، هەنگوین و هەنگڤین (هنگف)»** و ... هتد.

ئێستا زانیمان کە وشەی **خەواندن بنچینەکەی خەپاندن** ە و خەواندنیش بە مانای خستنە خەو و نواندن بەکار دەبرێ. ئەوجا کە تۆ یەکێك بخەوێنیت (بینوێنیت)، واتە بیخەیتە خەو، مانای وایە هۆش لەبەر ئەو کەسە دەبری و، ئەگەر نیازێکی خراپەکاریت هەبێ لە دژی ئەو کەسە، ئەوا لە کاتی خەوتندا هەرچییەك بکەیت لێی، ئاگای لە خۆی نابێ، هەر لەمەشەوە خیانەت و خیانەتکاری سەری هەڵداوە. پێویستە لێرەدا بگوترێت کە بۆ خەواندنی کەسێك واتە بێهۆشکردنی بە مەبەستی خراپەکردن دژی ئەو کەسە لە لایەن تۆوە، جارێ دوو مەرج پێویستن: ١ ــ نیازی خراپەکاری بەرامبەر بەو کەسە لە لایەن تۆوە. ٢ ــ بوونی هۆشیاریی تەواو، واتە دەبێ تۆ بە تەواوی بزانیت کە ئەو کارەی تۆ بەرامبەر بەو کەسە دەیکەیت، خراپەکارییەکی ناڕەواییە بەرامبەر بەو کەسە. هی وا هەن ئەم خراپەکارییە ناڕەوایە لە هەموو دۆخ و بارێکدا بە **«خیانەت»** دەدەنە قەڵەم.

کە واتە بە پێی ئەم باسەی سەرەوە تا ئێستا ئەوە ڕۆن بووەوە بۆمان کە خیانەت کردن بریتییە لە کردنی کارێکی خراپ، یان هەوڵدان بۆ کردنی ئەو کارە لە لایەن کەسێکەوە، یان کەسانێکەوە، بەرامبەر کەسێکی دیکە، یان کەسانێکی دیکە بە نیازی خراپەکاری و بەوپەڕی هۆشیارییەوە. ڕاستییەکەی زۆر کار هەن کە کردەوەی گوناهبارانە، یان تاوانکارانەن، کە لە هەڵە و نەزانی و بەسەرچوون و کەمتەرخەمی و گوێنەدانەوە ڕوو دەدەن و، بەهیچ جۆرێ خیانەتکاری نین. بۆوێنە ئەگەر تۆ چوویت بۆ لای دوکتۆرێك و گوتت: «زگم دێشێ» و، ئەویش ناچار بوو بێ هۆشت بکا بۆ ئەوەی ئامێرێك (آلة) لە گەرووتەوە بیاتە نێو **«گەدە»** ت، تاکو هەست بە ئێش و ئازار نەکەیت و، تۆ لە ئەنجامی ئەو بێ هۆشکردنەوە مردیت (با بێژین دوکتۆری بێهۆشکەر هەڵەیەکی کردبوو، سا یان لە کەمتەرخەمی، یان لە مشوور نەخواردن، یان لە کەمزانینەوە)، ئەوا بەو کارە ناگوترێ «خیانەت»، چۆنکە نیازی ئەو دوکتۆرە ئەوە نەبووە بەوپەڕی هۆشیارییەوە و بە مەبەستی خراپەکاری، ئەو کارە بەرامبەر تۆ بکات. دیارە دادگە سزای دوکتۆرەکە دەدات، بەڵام وەك گوناهبارێك نەك وەك خیانەتکارێك و تاوانبارێك.

سەرەڕای ئەمەش، هەموو کارێکی خراپ کە بە نیازی خراپەکاری و، بەوپەڕی هۆشیارییەوە بکرێت، مەرج نییە ببێتە خیانەت. بۆنموونە تۆ بە بیابانێکدا

تێدەپەڕیت و تینووت دەبێ و، ئاویش دیار نییە لێتەوە. لەپڕ کابرایەك دەردەکەوێ و دەزانێ تۆ بەدوای ئاودا دەگەڕێیت، دەبێژێ: فەرموو وەرە با بچین بۆ ماڵی ئێمە کە لێرەوە دوور نییە، لەوێ ئاو بخۆرەوە، تۆش کە لە تەنگانە دایت، بیر لە هیچ ناکەیتەوە، تەنانەت سوێندێکی کابرا بدەیت، یان بەڵێنێك وەرگریت لێی کە هیچت بەسەر نایە، ئەگەر بێتو لە گەڵی بچیت، یەکسەر دەڵێیت باشە. ئەویش دەتباتە ماڵەوە و، لەوێ رووتت دەکاتەوە. ئەو کابرایە ئەگەر بشزانێت ئەو کارەی بەرامبەر تۆ کردوویەتی کارێکی خراپەکارییە و، بەنیازی خراپەکاریش کردوویەتی، هێشتا هیچ جۆرە خیانەتێکی لە تۆ نەکردووە و، کارەکەشی کارێکی خیانەتکارانە نییە، بەڵکو تاوانبارانەیە، چۆنکە هیچ دەروێستی (التزام) یەك لەنێوان تۆ و ئەودا نەبووە کە جۆرە متمانەیەك لە نێوانی تۆ و ئەو کابرایەدا دروست بکات و بتانبەستێ بە یەکەوە.

کە واتە بۆ کارێکی خیانەتکارانە، یان هەڵوێستێکی خیانەتکارانە، بێجگە لە خراپەکاری بە نیازی خراپەکاری و، بەوپەڕی هۆشیارییەوە، مەرجێکی دیکەش پێویستە کە زۆر گرنگە و، ئەوەش بوونی پێوەندییەکە لەنێوان خراپەکەر و خراپەلێکراودا کە لەشێوەی دەروێستییەکدا دەردەکەوێ، واتە بوونی پەیمانێك. شایانی باسە کە مەرج نییە پەیمان هەر بە نووسین و لەسەر کاغەز بێ. **«پەیمان»** بە شێوەی دەمیش دەبێ، لە قاڵبی رێکەوتن، یان بەڵێندا. دووکەس کە هاوڕێیەتییان لە گەڵ یەك بەست، ئەوا دیارە کە پەیمانی هاوڕێیەتی دەکەوێتە نێوانیانەوە. ئەگەر هاتو یەکێکیان لە پشتەوە دزانە و هۆشیارانە لەوی دی سرەواند، ئەوە خیانەتی کردووە بەرامبەری. بەکورتی «پەیمان» هەیە لەشێوەی پێوەندییەکی زاکۆنی (قانونی) دا و، پەیمانیش هەیە لە شێوەی پێوەندییەکی میناکی (اخلاقی، معنوی، مۆرالی) دا. بەڵام شکاندنی پەیمان (چ ماکی و چ میناکی) لە لایەن لایەنێکی پەیمانەکەوە، بی ئەوەی ئەو لایەنە بە لایەنەکە، یان لایەنەکانی دیکەی راگەیاندبێ کە وا لە پەیمانەکە دەرچووە، کارەکەی دەبێتە خیانەتکاری.

کە واتە بۆ خیانەتکاری سێ مەرج پێویستن: ١ـ بوونی نیازی خراپەکاری. ٢ـ بوونی ئەوپەڕی هۆشیاری. ٣ـ بوونی پێوەندییەك لەنێوان خراپەکەر و خراپەلێکراودا.

خۆ ئەگەر یەکێك لەو مەرجە نەبوو، ئەوا ئەو کارە خیانەتکاری نییە، بەڵکو جۆرێکە لە گوناهباری، یان تاوانکاری، یان تۆڵەسەندنەوە ... هتد. بۆ وێنە: کرمانجێکی گوندیی نەخوێندەواری هەژار، چەند ساڵێك تفەنگ هەڵدەگرێ بۆ حیزبێك لەم حیزبانەی کوردستان و، دەکەوێتە کەژ و کێو و، ژن وماڵی خۆی بەجێ دێڵێ و، هەرچەند مانگ جارێك شەوێك بەدزییەوە و بە ترسولەرزێکی زۆرەوە دێتەوە بۆ سەردانی ژنەکەی. بەڵام جارێکیان کەدەگەڕێتەوە کۆخەکەی خۆی! دەبینێ ژنەکەی دیار نییە. لە ئەنجامی پرسیار و بەدواگەڕاندا بۆی دەردەکەوێ کە **«هاوڕێ حیزبییەکانی»** ژنەکەیان هەڵگێڕاوەتەوە لێی و، لە گەڵ خۆیان بردوویانە. کابرا لەوە تووترکەسەر دەبێ و، لەبەر ناهۆشیاری، ئەوە لێك ناداتەوە کە ئەگەر ژنەکەی دڵی گۆڕیبێ لێی و نەخوازێ لەگەڵی بژی، ئەوا پێویست ناکا ئەو چی دی لەسەری بڕوا. دوایی هەر لەبەر ناهۆشیاری، ناچێ ئۆباڵی ئەم کارە ناڕەوایە کە بەرامبەری کراوە بخاتە مل ئەو چەند هاوڕێ حیزبییانەی کە ئەم کارەیان کردووە، بەڵکو گوناهی هەموو پێشمەرگەیەك و هەموو حیزبییەك دەگرێ و، دەبێتە ئەو کەسەی کە لەنێو خەڵکیدا بە «جاش» نێو دەبرێ. کردەوەی ئەم کابرایە بەرامبەر بە پێشمەرگە و حیزبەکەی خۆی، شکاندنی پەیمانی پێشمەرگایەتی و حیزبایەتییە، بەڵام ئەم کابرایە خیانەتکار نییە، چۆنکە ئەو کارە بە هۆشیاری ئەنجام نادات. هۆشیاری ئەم کابرایە هەر هێندە بڕ دەکات کە ئاوڕووی تایبەتی خۆی لە ئاوڕووی پێشمەرگایەتی بەرزتر بگرێ و، ئۆباڵەکەشی نەخاتە مل ئەوانەی لەم کارەدا دەستیان هەبووە، بەڵکو بیخاتە مل هەموو پێشمەرگە و هەموو حیزبییەك.

کە شای ئێران لە مانگی مارتی ١٩٧٥ دا و لە پڕ، دوای ڕێککەوتنی لە گەڵ سەددام هەر لەو مانگەدا لە جەزائیر، یارمەتی لە سەرکردایەتیی شۆرشی کورد بڕی و، شۆرش هەرەسی هێنا، خەڵکی دەیانگوت: **«شا خیانەتی کردووە بەرامبەر کورد»**. ڕاستییەکەی شای ئێران هیچ خیانەتێکی بەرامبەر بە کورد، یان سەرۆك بارزانی نەکردبوو. کورد و شای ئێران دوو نەیاری یەك بوون، هەر لایەنە دەیویست لایەنەکەی دیکە دابدۆشێ و، هیچ جۆرە دەرونیستییەك و پەیمانێك لە نێواندا نەبوو. کاتی خۆشی کە سەرۆك بارزانی لە مارتی ١٩٧٠ دا لە گەڵ بەعسییەکان ڕێککەوت، هیچ پرسێکی بە شای ئێران نەکرد، چۆنکە خۆی بە

دەروێست (ملتزم) نەدەزانی. ئەوجا کورد ساویلکە بوون و، شای ئێران توانی دەستیان ببڕێ، ئەوە خیانەتی شای ئێران نەبوو، گوناهی سەرکردەکانی کورد بوو کە ئەو کارەساتەیان بەسەر کورد هێنا. ئەو ساویلکەیەتی و نەزانییە ئێستەش لە سەرکردایەتیی کورددا هەرماوە، وێنەکانیشی لە هەڵوێستی سەرکردایەتیی حیزبەکانی کوردستاندا بەرامبەر بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەچاوی خۆمان دەبینین. کورد هیچ سووتێکی لە رابوردووی پڕکارەساتی خۆی وەرنەگرتووە. **ئێمە لە کاتێکدا کە چاو لە دڕندەیی و گیانی دژ بە مرۆڤایەتیی داگیرکەرانی کوردستان و، یارمەتیدەرانیان ناپۆشین، دەبێ هەڵە و ناتەواوی و گەوجی و ژنەهاتێتیی و کردەوەی خراپی تاوانبارانەی خۆشمان وەك کورد بخەینە بەرچاو، ئەگەر نا هەروەك گا لە پێستی خۆماندا دەمێنینەوە.**

جا لەبەر ئەوەی لەنێو کوردەواریدا وشەی خاین و خیانەتکار بەزۆری لە سنوور و کەوشەنی هەڵسوکەوتی نیشتمانیدا بەکار دێ، دەبێ بەرلە هەموو شتێك ئەوە بزانین کە هەموو تاکە کوردێك و هەموو کوردستانییەك، سا ئەو کوردە، یان ئەو کوردستانییە، مرۆڤێکی سەربەخۆ بێ، واتە ناحیزبی بێ، یان لەنێو کۆمەڵێك، یان رێکخراوێکدا کار بکات، پێویستە لەسەری لەرێی نیشتمانپەروەری لا نەدات. چونکە هەموو کوردێك و هەموو کوردستانییەك دەروێستییەکی ماکی و مینۆکی (مادی و معنوی)، یان بەلایەنی کەمەوە، دەروێستییەکی مینۆکی بە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستانەوە هەیە، کە ئەوەش شتێکی خۆڕسکییە و لێدوانی پێناوێ. جا ئەگەر هاتوو تاکە کوردێك، یان حیزبێکی کوردی، یان رێکخراوێکی کوردستانی، هەڵوێستێکی خراپەکارانەی بەرامبەر کورد و کوردستان نواند، بەنیازی خراپەکاری و، بەوپەڕی هۆشیارییەوە، ئەوا ئەو هەڵوێستەی بە هەڵوێستێکی خیانەتکارانە دەژمێردرێ. چونکە هەموو کوردێك و، هەموو حیزبێکی کوردی و، هەموو رێکخراوێکی کوردستانی، دەبێ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان لە هەموو کاتێك و لە هەموو بارودۆخێکدا، بخاتە سەروو بەرژەوەندیی تاکە تاکەی خەڵك و حیزب و رێکخراو و هۆز و تیرە و بنەماڵە و بازێر و گوند و هەرێمێکی کوردستانەوە. **جا ئەگەر تاکە تاکەی خەڵك هەبن کە هۆشیاری سیاسییان نەگەیشتبێتە هەندازەیەك کە نیشتمانپەروەری و خیانەت لە یەك جیا**

بکەنەوە، ئەوا کەس ناتوانێ پاکانە بۆ سەرکردەکانی حیزبەکانی کوردستان بکات، ئەگەر کارێکی دژ بە نیشتمانیان کرد، بێژێ هۆشیاری سیاسییان نییە. ئەگەر هاتو سەرکردەی حیزبێك هۆشیاری سیاسی نەبێ، ئەوا مافی سەرکردایەتی نییە.

شتێکی زۆر رۆنە کە هەموو حیزبێکی کوردی و کوردستانی، رەوایەتی (شرعیة) ی بوونی خۆی تەنێ لە دەروێستیدا بەرامبەر بە بەرژەوەندیی نیشتمان (کوردستان) وەردەگرێ. ئەگەنا لە هەموو جیهاندا ولاتێك نابینیت کە زاگۆنی ئەو ولاتە رێ بدات حیزبێکی بیانی، یان لەشکرێکی بیانی لەو ولاتەدا و، بۆ بەرژەوەندیی ولاتێکی دی کار بکات. جا لەبەر ئەوەی ئەورۆ کوردستان دەولەتێکی سەربەخۆ نییە و، بەسەر پێنج داگیرکەری دڕندەدا دابەشکراوە، دیارە ئەم دەولەتانە لە پالْ دابەشکردنی ناڕەوای کوردستاندا، خیانەتیش لە کورد دەکەن، چۆنکە کورد وەك «هاونیشتمان» ی خۆیان دەدەنە قەلەم و، لە زاگۆنە بنچینەکانیاندا بۆ هاونیشتمانانی خۆیان مافی وەکیەك دەستنیشان دەکەن، کەچی بە پێچەوانەوە، ئەم دەروێستییە زاگۆنییەی خۆیان بەرامبەر بە کورد بەجێ ناهێنن و، بۆ نەمانی کورد بە هەموو رێیەکی ناڕەوا هەولْ دەدەن.

بەتایبەتی ئەورو کە بەشێك لە باشووری کوردستان بەنێوی «هەرێمی ئاسایش» ەوە،بەسایبی هەلومەرجی نێوچەیی و نێونەتەوەییەوە کەوتووەتە دەست دوو حیزبی گەورەی کوردستانی (پارتی دێموکراتی کوردستان ویەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و حیزبێکی گچکە (بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق) و لەشکری داگیرکەری تێدا نەماوە، دەرفەتێکی باش هەلکەوتووە بۆ سەپاندنی مافی کورد لە باشووردا، لەبەر ئەوە هەموو جۆرە هاوکارییەك لە گەلْ هەر داگیرکەرێك، بە مەبەستی هێنانی لەشکری دەولەتێکی داگیرکەری کوردستان بۆ «هەرێمی ئاسایش»، هەلوێستێکی خیانەتکارانەیە و، تەنانەت ئەگەر حیزبێکی کوردستانی لە لایەن حیزبێکی کوردستانیی دیکەوە بەجۆرێك تەنگاو کرابوو، کە مەترسی نەمانی لا ئاشکرا بوو، ئەو دەمەش ئەو حیزبە مافی ئەوەی نییە لەشکرێکی داگیرکەر کێش بکاتە «هەرێمی ئاسایش»، چۆنکە هێنانی لەشکری بیانی (بەتایبەت داگیرکەر) بۆ کوردستان خیانەتێکی نیشتمانییە.

لە ١٩٩٦/٨/٣١ دا پارتی لەشکری سەددامی کوردستان داگیرکەری دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، جارێکی دی لە ١٩٩٧/٥/٤ دا لەشکری ترکی کوردستان داگیرکەری کوردکوژی هێنایە سەر «**هەرێمی ئاسایش**» لە دژی پارتی کارکەرانی کوردستان).

ئەز لێرەدا نەبۆ **یەکێتیی** دەپارێمەوە و، نەبۆ «**پی کی کێ**» پاکانە دەکەم. بەڵام هەموو خراپەکاری و ناجسنی و زاڕۆبازاڕییەکی ئەم دوو حیزبە، هەر چەندێك قورس و گران بن، هێشتا بایی ئەوە نین کە پارتی پەنا بەرێتە بەر لەشکرێکی داگیرکەری کوردکوژ و بیهێنێتە «هەرێمی ئاسایش» بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دوو حیزبەدا، کە ئەمە بێجگە لە پێویستیی ئاماژەکردن بۆ هەڵوێستی خیانەتکارانە و، راستکردنەوەی پشتی شکاوی سەددام و، بەهێزکردنی هێزی ترك و، زیان گەیاندنێکی گەورە بە دۆزی کورد لە سنوورێکی جیهانیدا، ئەو راستییەش دەبێ بخرێتە بەرچاو کە «**زاڵبوون**»ی حیزبێکی کوردستانی بەسەر حیزبێکی کوردستانیی دیکەدا بە پشتگیری داگیرکەرێکی کوردستان، «**زاڵبوون**» و «**سەرکەوتن**» نییە، بەڵکو ژێرکەوتن و نابووتی و خۆکوژییەکی لەسەرخۆیە. چۆنکە داگیرکەرانی کوردستان دوژمنی تاکە حیزبێك نین، بەڵکو دوژمنی هەموو نەتەوەی کوردن و، هەوڵی نەمانی هەموویان دەدەن، بەڵام بەرێزە و یەك لەدوای یەك.

کە پارتی پەنای بردە بەر سەددام و، لەشکری سەددامی هێنایە کوردستانەوە، بە بیانووی ئەوەی کە «**سەروەرێتیی عێراق**» لە مەترسی رزگار بکات بەرامبەر بە «**مافی بوونی پارتی**»، پارتی بەمە رەوایەتیی خۆی وەك حیزبێکی کوردستانیی خستە بەردەم نیشانەی پرسیارەوە، **چۆنکە یەکەم: بوونی «سەروەرێتیی عێراق» لە کوردستاندا مانای نەبوونی «سەروەرێتیی کوردە لە نیشتمانەکەی خۆی دا». حیزبێکی کوردستانی کە «سەروەرێتیی عێراق» بپارێزێ، ئەو عێراقەی کە دەستکردی فرۆفێڵی ئیمپریالیزمی بەریتانیایە و، لەشکری تیرۆریستی عێراق باراستوویەتی و دەیپارێزێ، خۆیایە کە ئەو حیزبە مافی ئەوەی نامێنێ باسی کوردستان بکات.** دووەم: «**مافی بوون و ژیانی پارتی لە سەددام داوا ناکرێ**»، **سەددامی ئەنفال و چەکی کیمیایی و توێنەرەوەی سەت و هەشتا هەزار کورد و هەشت هەزار بارزانی کە ئەمانە هەموو کەسوکاری برای بەرێز کاك مەسعوود**

بوون، سەددام تاوانباری دوو جەنگی قرکەرە. کاتێ خۆی لە نامەی رۆژی ١٤/٩/١٩٩٦ دا بـۆ کاک مەسعوود نووسیبووم کە «مـافی مـان و ژیانی حیـزبێکی کوردستانیی لە نەتەوەی کورد داوا دەکرێ نەک لە سەددام. بێگومان ئەو مافـە لە ترکە تۆرانییەکانیش داوا ناکرێ».

کاتێ خۆی کە بەڕێوەبەری پێشووی دەزگەی هەواڵگوزاری (استخبارات) ی عێراق وەفیق سامەرایی لە رۆژنامەی «الحیاة» دا هەڵیکوتابووە سەر برای بەڕێز کاک مەسعوود و، لەنێو گەلێک تۆمەتدا کـە خستبوویە پاڵ کاک مەسعوود، گوتبووی: کاک مەسعوود «شەڕی رژێمی بەعسی نەکردووە و، داوای لە کاک مەسعوود کردبوو بە ئاشکرا بڵاوی بکاتەوە کە دژی رژێمی سەددام حسەین» ە. (رۆژنامەی الحیاة ٥/٨/١٩٩٥)، نامەیەکم نووسی بۆ «الحیاة» (رۆژی ١٥/٩/١٩٩٥ نامـەی الدیموقراطیة السامرائیة) و، بە خەستی لەسەر کاک مەسعوودم کردەوە، نەک لەبەر خاتری کاک مەسعوود، بەڵکو پێم وابوو کە کاک مەسعوود بەڕاستی دژی رژێمی سەددامە و، قوڕم دا بەدەمی وەفیق سامەرایی دا. بەڵام کاک مەسعوود ساڵێک و دوو مانگ دوای ئەوە، تۆمەتەکانی کۆنە دەسکەلای دەستی سەددام، رەفیق سامەرایی، هێنایە سەر خۆی، داخی گرانم.

لە هەمووی سەیرتر ئەو بیانووە کرچوکاڵ و زرکەیە کە سەرکردەکانی پارتی دەیهێننە پێشەوە بۆ پاساودانی هێنانی لەشکری ترک بۆ «هەرێمی ئاسایش»، ئەوەش ئەوەیە کە «پی کی کی» حیزبی باشووری کوردستان نییە و، جێی چالاکیی پی کی کی باکووری کوردستانە و، دەبێ لە باشوور بچێتە دەرەوە. ئەم بیانووە نەک هەر تەنێ نانیشتمانپەروەرانەیە، بەڵکو زۆر سادە و ساویلکانەشە. باشە کە باشووری کوردستان (کە لەو داخۆیانییانەدا کە پارتی لە دەرەوەی کوردستان دەریدەکات، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا بەنێوی «بیرۆی کوردەکانی عێراق» ەوە دەنووسێ: «باکووری عێراق» لە جیاتی باشووری کوردستان «جێی پی کی کی نییە»، ئەی جێی سەربازە تۆرانییە کوردکوژەکانە؟ ئەوانەی کە دەبێژن «کورد هەر نییە و کوردستان درۆیە!؟. یان جێی لەشکری سەددامی دوژمنی مرۆڤایەتییە؟ کەسێک کە دەمی خۆی لە رامیاری (سیاسەت) ەوە وەردەدا، پێویستە هیچ نەبێ بزانێ کە چ دەبێژێ و، مێژووی خۆی لەبیر خۆی نەباتەوە. ئەوا ئەز مێژووەکەتان

دەهێنمەوە بیرتان:

جارێ باشووری کوردستان وەك هەموو شوێنێکی دیکەی کوردستان، مالّی هەموو کوردێکە و، هەموو کوردێك مافی ئەوەی هەیە لە هەر جێیەکی کوردستاندا کە بیەوێ، بژی و کار بکا و چالاکیی سیاسی بنوێنێ. خۆ ئەگەر کوردێك رێی لێگرت و دەری پەڕاند، ئەوا ئەو کوردە هاوکاری داگیرکەرانی کوردستانە کە کوردستان بە مالّی خۆیان دەزانن، نەك بە مالّی کورد. ئەوجا لەباری ئەم سەرنجە نیشتمانییەوە بوو کاتی خۆی لەسەر **پارتی دێمۆکراتی کوردستان (عێراق)** م کردەوە، کاتێك پاش سەرکەوتنی شۆرشی **خومەینی، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان (ئێران) و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) و لکی کوردستانی (فدائیانی خەلکی ئێران) و گشت نوێنەرانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، داخوزیانێکی هەشت مادەییان دەرکردبوو و، داوایان لە رژێمی ئیسلامیی ئێران کردبوو کە ئەندامانی پارتی، بە تایبەتی بارزانییەکان، لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئێران بکەنە دەرەوە، بە بەلگەی ئەوەی کە ئەمانە «نۆکەری ساواك» بوون.** ئا لەو رۆژانەدا بوو کە پێنووسم گرت بە دەستمەوە و لەسەر پارتیم کردەوە و بە بەلگەی ئەوە کە رۆژهەلاتی کوردستان مالّی هەموو کوردێکە، نەك مالّی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان. بەلاّم سەرکردەکانی پارتی کە ئەورۆ دەبێژن، **(باکووری عێراق ــ بە قسەی ئەوان) جێی** پێ کێ کێ نییە و، دەبێ بڕوا، گوێیان لە داخوازیی ئەو حیزبانەی رۆژهەلات نەدەگرت کە نوێنەرانی ئەو رۆژەی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان بوون و، سەری خۆشیان کز نەکرد، بەلکو چوون خۆیان خستە خزمەتی رژێمی ئێران و، بە چەك و پارەی رژێمی ئێران کەوتنە کوشتنی خەلکی رۆژهەلات و، رۆژنامەکانی ئەودەمەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو رۆژێك باسی هاوکاریی **«افراد قیاده موقت»** یان دەکرد لە گەلّ لەشکری ئێران. ئەو رۆژنامانە ماون و ئەو رۆژانەش لەبیر نەچوونەتەوە. **بۆچی بانێکە و دوو هەوا؟؟.**

دوایی هەر لەنێو پارتی خۆیدا، کە ئەورۆ بەو شێوەیە کەوتووەتە، **«عێراقچێتی»**، گەلێك ئەندامی سەرکردایەتی و دەستڕۆیشتوو هەبوون و هەن کە خەلکی **«باکووری عێراق»** یان **«عێراقی»** نەبوون و نین. بۆ وێنە **بەرێز دوکتۆر حەمە سالّح جومعە** لە شەستەکانەوە ئەندامی پارتییە و ئێستە بە قسەی خۆی راوێژکەری کاك مەسعوودە.

هەروەها **بەڕێز كاك فەوزی ئەسعەد** كە ئەویش ۳۰سالْك دەبیْ ئەندامی پارتییە و ئێستە یەكێكە لە بەرپرسیارەكانی پارتی لە ئەورووپا. هۆنەری كورد **هەژار** كە خەلْكی **مەهاباد** بوو، ئەویش هەر سەر بە پارتی بوو، بەلاّم پارتی رۆژێك بەمانەی نەگوت **«جێی چالاكیی ئێوە سووریا و ئێرانە و راكەن بچن بۆ ئەویٚ!!»**.

من هەر لە سەرەتای پەلاماری لەشكری تۆرانییەوە بۆ سەر باشوور، رامگەیاند كە ئەم پەلامارە نەك هەر پیٚ كیٚ كیٚ لەنێو نابات، بەلْكو بەهێزیشی دەكات. پێشبینییەكەم هاتە دی. پاش خستنە خوارەوەی چوار فڕۆكەی لەشكری تۆرانی لە لایەن پیٚ كیٚ كیٚ وە، لەشكری تۆرانیان پاشەكشەیان كرد و، بەزم و رەزمەكەیان بۆ پارتی بەجیٚ هێشت. لە پەلاماری بەعس و تۆرانییەكاندا بۆ سەرباشوور، هەزاران كورد كوژران و، لەنێو ئەوانەدا ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی پارتی، ئەوی لەرێی نیشتمانی خۆیدا بمریٚ، پێی دەلْین **«شەهید»** بەلاّم نێوی ئەوانە چی بیٚ كە لەرێی پاراستنی سنووری دەولْەتێكی داگیركەردا دەكوژرێن؟.

لە هەمووی ناخۆشتر ئەو قسەیەیە كە **برای بەڕێز كاك مەسعوود** لە رۆژی ۱۶/ ۱۹۹۷/۸ دا كردوویەتی بە بۆنەی بیرەوەری پەنجاو یەكەمین سالْی دامەزراندنی پارتییەوە و گوتوویەتی: **«ئەگەر بەغدا ئارەزووەكان (طموحات) ی كورد بەجیٚ بهێنیٚ، ئەوا لە گەلْ بەغدا دۆزی كورد چارەسەر دەكەین»** و گوتوویەتی **«دوارۆژی دۆزی كورد لە عێراقدا بەستراوە بە چارەسەر كردنییەوە لە گەلْ بەغدا»**.

جاریٚ بێجگە لەوەی كە هیچ كەسێك نییە نەزانیٚ كە سەددام لە نەهێشتنی كورد بەولاوە هیچ نەخشەیەكی دیكەی بۆ كورد پێنییە، ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕیٚ كە كاك مەسعوود بە چ مافێك دەچیٚ لە گەلْ سەددام لەسەر شتێك رێك دەكەویٚ كە چارەنووسی كوردی پێوەیە و بەوە، دۆزی كورد كە چووەتە چوارچێوەیەكی نێونەتەوەییەوە، دەیباتەوە نێو سنووری عێراق. هیچ حیزبێكی كورد مافی ئەوەی نییە بەبیٚ دەنگوەرگرتنی كورد لە ئازادی دا و، بەبیٚ چاوەدێریی كۆمەلْی نەتەوە یەكگرتووەكان، هیچ پەیمانێك لە گەلْ رژێمی بەغدا ببەستیٚ. خۆ ئەگەر پارتی ئەوە بكات، دیارە كارێكی یەك لایەنە دەكات و نەتەوەی كورد چاویلێناپۆشیٚ و، بەمەش پارتی تووشی كێشەیەكی گەورەی نێوچەیی و نێونەتەوەیی وا دەبیٚ كە بەرگەی نەگریٚ.

پێویستە سەرکردەکانی حیزبەکانی کوردستان ئەوە بچێتە مێشکیانەوە کە هەلومەرجی نێوچەکە و نێونەتەوەیی، وا پێویست دەکات کە ئەم حیزبانەی ئێستە هەن، بمێنن و لەنێو نەچن، بەڵام هیچ کامێکیشیان نەبنە هێزێکی زل لە نێوچەکەدا، لەبەر ئەوە کارێکی زۆر نەزانانە و ناشیانەیە ئەگەر بێتو حیزبێك هەوڵ بدا حیزبێکی دی لەنێو بیات، بەخەیاڵی ئەوەی بەتاقی تەنێ دەست بەسەر گۆڕەپانی کوردایەتیدا بگرێ. ڕێی ڕاست ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان بەپێی بەرنامەیەکی نەتەوەیی و، لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا، داخوازییەکانی خۆیان یەك بخەن و ئەوسا دەبینین کە سەرفرازی و سەربەرزی بە نەتەوەی کورد و بە هەر یەکێك لەوانیش دەبڕێ.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەخوازم پەنجە بۆ بابەتێك رابکێشم کە تۆمارکردنی لێرەدا بە گرنگ دێتە بەرچاوم. ئەز لە کاتێکدا کە بە داخ و خەفەتێکی یەکجار زۆرەوە خۆم ناچار دەبینم رۆناکی بخەمە سەر ئەم هەڵوێستە خیانەتکارانەیەی پارتی، مەبەستم ئەوە نییە بێژم کە پارتی وەك حیزب خاینە و هەر بە خیانەتکارییەوە دەمێنێتەوە، نا، مەبەستم ئەوە نییە. پارتی حیزبێکی جەماوەرییە و لەنێو پارتیدا هەزاران مرۆڤی بەرۆمەت و، جوامێر و، خاوێن و، دڵپاك و، نیشتمانپەروەر و، سەر لەرێی کورد و کوردستان هەن، کە ئەمانە دەبێ بە فەرمانی ویژدانی زیندووی خۆیان بکەونە کار و، گیانی سەرۆك بارزانی لە بەهەشتی بەریندا شاد کەن و، بەرەخنە گرتن لە کاربەدەستانی پارتی و، لێپرسینەوەی بەرپرسیارەکانیان، هەوڵی راستکردنەوەی بارە لاکەوتووەکە بدەن و، رێ نەدەن بە دووپاتبوونەوەی ئەم کارەساتە جەرگبڕە و، شوێنەواری ئەم هەڵوێستە خیانەتکارانەیە بە تەواوی بسڕنەوە و، لەم رێیەشدا سەرکەوتنیان بە ئاوات دەخوازم.

جەمال نەبەز

سەرەتای تەباخی ٢٦٠٩ ك - سەرەتای ئابی ١٩٩٧

«سەکۆ» ژمارە ١١ ئەیلوولی ١٩٩٧

سەرنــج!

ئەم سەرنجەی خوارەوە لە مانگی یەکی سالی ۲۰۰۱ دا نووسراوە!

وەك دەردەکەویْ ئەم وتارە لە سەرەتای مانگی تەباخی سالی ۱۹۹۷ دا نووسراوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئەو رۆژە لەبەر دەستمدا بوون. بەلاّم تاقیکردنەوەکان دەریانخست کە پارتی بەرامبەر بەوەی سەددام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە هەولێر دەرپەڕاند و هەولێر کەوتە دەست پارتی، پارتی لە پاداشتی ئەوەدا هیچ کارێکی وای بۆ سەددام نەکرد کە بۆنی خیانەتی نیشتمانیی لێبێ. ئەوەش راستییەکە کە دەبێ مرۆڤی بەویژدان دانی بنێ پێیدا. بێجگە لەوەش لێکۆلینەوە و سەرنجدانی خۆم لەو سالاَنەی دواییدا ئەوەیان ئاشکرا کرد کە هەلوێستی ی. ن. ك. و پێ کێ کێ بەرامبەر پ. د. ك. زۆر دوژمنانە و شەرپێفرۆشانە و دەمارگرانە (استفرازی) و دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوون. مەبەستم لێرەدا ئەوە نییە پاکانە بۆ هەلوێستی پارتی بکەم، بەلکو دەمەوێ قسەیەکی حەق بکەم و بێژم ئەگەر حیزبێکی کوردستانی حیزبێکی کوردستانی دیکەی وا تەنگەتاو کرد کە ناچار بێ لە ترسی نەمان هاوسەنگێتیی خۆی لە دەست بدا و پەنا بیا بۆ داگیرکەرێکی کوردستان، دیارە ئەو دەمە حیزبی ناچارکەر و تەنگەتاوکەر تاوانبارە بەرامبەر بە نیشتمان. ■

پەیمانی واشنتۆنی ١٩٩٨/٩/١٧
چۆن هەڵدەسەنگێنن و ئاکامەکانی چۆن دەبینن؟

مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە واشنتۆن لە ١٩٩٨/٩/١٧ دا، کە هەردوو سەرکردەی کوردستانی باشوور، بە بەشداریی راستەوخۆی ئەمریکاوە، کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو مادلین ئۆلبرایت نوێنەری بوو بەشدارییان تێدا کرد، گەر بێت و رێچکەی جێ بە جێ کردنی بکرێ، دەژمێردرێ بە یەکێ لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی گەلی کورد لە دوارۆژەکانی سەدەی بیستەم، ئەو پەیمانە دەنگ و سەدایەکی نایەوە لە کوردستان و هەموو لایەنەکان و جەماوەری خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی مۆرکردنیان لێکرد و ئاهەنگی ئاشتی و شادیان گێڕا. بۆ ئەوەی راوهەڵوێستی کەسایەتییە کوردییەکانی نیشتەجێی هەندەران بزانین و پێشکێشی خوێنەرانی سەکۆی بکەین، بە تەلەفۆن پێوەندیمان کرد بە هەندێ لەو بەڕێزانە، ئەوانیش بە سوپاسەوە فەرموویان:

پێشڕەوی سەید برایمی

بیروڕای جەمال نەبەز:

ڕاستییەکەی هەمو ڕێککەوتنێك لەنێوان کورد و کورد دا شتێکی باشە، ئەم ڕێکەوتنە پێویست بوو، دەمێك بوایە بکرێ، پێش چەند ساڵێك، پاش ئەوەی ناخۆشییەکە کەوتە نێوان پارتی و یەکێتییەوە پێویست بوو هەردووکیان هەوڵی ئەوە بدەن کە وا لە کوردستاندا بە یارمەتیی حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دیکە و کەسایەتییەکانی کورد و، وەکو کاتی خۆی پێشنیازم کردبوو بۆ **مام جەلال و کاك مەسعوود**، کە بێن بۆ ئەورووپا و ئێمە هەوڵبدەین ژمارەیەکی زۆر کوردی سەر بە هەموو حیزبەکان و مرۆڤی ڕۆشنبیر و خەڵکی دڵسۆژ کۆ بکەینەوە و هەوڵبدەین بەرنامەیەکی نەتەوەیی بخەینە بەردەمی هەردووکیان، نەك هەر بۆ ئاشتبوونەوەی هەردوولایان، بەڵکو بۆ ئەوەی بۆ پاشەڕۆژیش بتوانین بەرنامەیەك پێشان بدەین چی بکرێ و چی نەکرێ، هەتا ئەو نێوچانەی **«هەرێمی ئاسایش»** ببێتە بنکەیەك بۆ کوردستانێکی پاشەڕۆژ. بەڵام بەداخەوە ئەوە نەبوو، هەرچۆنێ بێت ئەم پەیمانە شتێکی باشە. یەکێك لەو تایبەتکارانەی ئەوەیە کە لایەنێکی کورد (وەکو یەکێتی و پارتی) لە گەڵ لایەنێکی دیکە کە تەنها زلهێزێکە لە جیهاندا، کە ئەوەش ئەمریکایە، هاتوون ڕێککەوتوون لە سەر شتێك و بە ئیمزای هەردوو لایان، کە ئەمە بۆخۆی بەڵگەنامەیەکی زیندووە، کە ئەو زلهێزە گەورەیە دان بە بوونی گەلێکدا دەدەنێ، کە گەلی کوردە، هەرچەند باسی سەربەخۆیی کوردستان ناکرێ لێرەدا و باسی دەوڵەتی کورد ناکرێ، بەڵام بوونی **ئەمریکا** وەکو لایەنێك، کە لە گەڵ چەند نوێنەرێکی کوردی بێ دەوڵەتدا قسە دەکا، ئەوە خۆی لە خۆیدا دان نانێکە بەوەدا، کە کورد هەیە و، کورد گەلێکە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم وتووێژەی **مام جەلال و کاك مەسعوود** تایبەتکارێکی دیکەشی هەیە، ئەوەش ئەوەیە، لایەنێکی دیکە بێجگە لە کورد و ئەمریکایی، با بڵێین ترك بۆ وێنە، لەم دانیشتنەدا نەبووە، ئەمەش شتێکی باشە، چونکە هەتا ئێستا هەر کۆبوونەوەیەك بووبێ لەنێوان ئەم دوو حیزبەدا، دەوڵەتی ترك خۆی هێناوەتە پێشەوە و ئەو شتانەی کە ویستوویەتی، واتە بەرژەوەندییەکانی خۆی سەپاندووە بە سەریاندا، کە ئەمەش شتێکی باش نییە. هەر چەند لەنێو ئەو ڕێککەوتنەدا، کە من بە دووروودرێژی نەمدیوە و تا ئێستا نازانم چییە، دەڵێن هەندێ بەرژەوەندیی ترك خراوەتە بەرچاو.

بەلاَم وەك كاك مەسعوود و مام جەلال هەردووكیان لە وتووێژەكانیاندا لە گەڵ دەنگی ئەمریكا باسیانكرد، ئەوان ئەو شتە لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا داوا دەكەن و دەوڵەتی ترك، یان دەوڵەتێكی دیكە مافی ئەوەی نییە دەست بخاتە ئەوەوە كە كورد لە سنووری ئەم دەوڵەتەی عێراقەدا چی دەكا و چی ناكا، چۆنكە لەو بەینەدا ئەوە هاتبووە پێشەوە، كە دەوڵەتی ترك نایەڵێ حكوومەتێكی كوردستانیی هەتا سەر لەو نێوچەدا هەبێ. ئەوە وەرامی كاك مەسعوود و مام جەلال بوو. هەتا ئێستە ئەم دەوڵەتانە، چ ئێران چ سووریا چ عێراق چ ترك توانبویانە گەلێك شت بكەن لەنێوچەی هەرێمی ئاسایشدا. بۆچی؟ چۆنكە ئەو دوو حیزبە كە حیزبی سەرەكیی ئەو نێوچەیەن لەنێو خۆیاندا رێك نەبوون، بەلاَم ئێستا كە كار هاتووەتە سەر ئەوەی ئەوانە لەنێو خۆیاندا رێك بن، پێموانییە ئەو دەوڵەتانەی داگیركەری كوردستانن، بە تایبەتی دەوڵەتی ترك هەروا بە هاسانی بتوانن دەست بكێشنە نێوەوە.

ئەمە لایەنی دووەم. جا شتێكی دیكەش هەیە، كە ئێستا بەڕاستی نەك هەر ئەو دەوڵەتانە پێیان ناخۆشە كە كورد لە گەڵ كورددا رێككەوتوون، خەڵكانێكی دیكەش هەن، كە ئەز سەرم سوور دەمێنێ لێیان، تا ماوەیەك لەمەوبەر خۆیان بە منیان دەگوت: **«ئەرێ بابە ئەمانە بۆچی وا دەكەن و گلاوار لە عەمریان كەوتووە، هار بوون ئاوا شەڕی یەك دەكەن!»**. كەچی ئالەم رۆژانەدا زۆر كەس تەلەفۆن بۆ من دەكەن، هێندێك لەوانەی كۆن ئەمەیان دەگوت، ئێستە دەبێژن: **«دە باشە بابە ئەم دوو سەركردەیە با بچن گۆشتی قەلی خۆیان بخۆن و گوو بەریشی بابی ئەوانەی كە كوژران لەم شەڕەدا!»**. جا لەبەر ئەوە ئەز پێیان دەڵێم: **«ئێوە خۆتان دەتانویست ئاشتی بێ و شەڕ نەبێ. ئیتر هیچ وەرامێكیان نییە»**.

ئەوەیە لە هەردوولا لەنێو یەكێتی و پارتیشدا كەسانێك هەن كە بەڕاستی پێیان ناخۆشە ئاشتی بێ، چۆنكە سووتیان وەرگرتووە لەم شەڕ و هەڵلایە. لەبەر ئەوە دەبێ هەردوو حیزبەكە ئاگایان لەوە بێ ئەو كەسانەی كە بەڕاستی زۆرێلێ و درێژدادڕ و شەڕخواز و كینە لە دڵ و رك ئەستوور و لەمانەن، بێ دەنگیان بكەن و پێیان بێژن: ئەگەر بەڕاستی ئێوە وا دەكەن جێگەتان نابێتەوە، چۆنكە دەبی بڕیارەكە وابێ، كە بە هیچ جۆرێك ئەم ئاشتییە نەپسێندرێ و نەشكێ و جارێكی دیكە شەڕ

نەبێتەوە، چونکە جارێکی دیکە شەڕ بیێتەوە زۆر خراپە بۆ کورد. ئەمریکا گوتی: **«دەبێ کوردەکان یەکبگرن بۆ ئەوەی بتوانین بیانپارێزین»**. پێموایە ئەوە دوا جاریشە، جارێك ئەوە بوو لە **پاریس**، **رەحمەتی میتران** هەوڵی دابوو بۆ ئەوەی کورد رێك بخاتەوە و لەوانە بوو زۆر سووتیش بگەیەنێ بە کورد. بەڵام سەری نەگرت، لە چەند شوێنێکی دیکە بۆ نموونە لە **دبلن** کۆبوونەوە، دیسان جارێکی دیکە ئەوەش سەری نەگرت. لە شوێنانی دیکەش کۆبوونەوە، ئەمجارە پێموایە پێویستە سەر بگرێ و پێویستە نەك هەر مام جەلال و کاك مسعوود، بەڵکو ئەوانەی کە دڵسۆزن لەنێو پارتی و یەکێتیدا پشتیان بگرن و هەوڵبدەن بۆ سەرکەوتنی ئەو کارە و، ئەوەش بزانن هاتنە خوارەوە (تنازل) ی هەر حیزبێکی کوردی بۆ حیزبێکی دیکەی کوردی شتێکی شەرم و شوورەیی نییە. ئەمە بەراستی سەربەرزییە، ئەمە بەڕاستی ئەوە پێشان دەدا ئەو حیزبەی کە «تەنازول» دەکا رۆشنبیرترە لەوەکەی دیکە و زیاتر بە تەنگ پاشەڕۆژی کورد و کوردستانەوەیە. جا لەبەر ئەوە زۆرم پێمخۆشە ئەگەر هەردوو لایان هەوڵبدەن دەستپێشکەری بکەن لەم مەیدانەدا و بۆ یەکتری بێنە خوارەوە.

جەمال نەبەز

«سەکۆ» ژمارەی ٢٤ تشرینی ۱۹۹۸

له دیدارێكدا
دوكتۆر جەمال نەبەز
رێككەوتننامەی واشنتۆن هەڵدەسەنگێنێ!

ئەم چاوپێكەوتنە، كە لە ئەڵمانیا لە گەڵ نووسەر و سیاسەتمەداری ناسراوی كورد د. جەمال نەبەز دا بەتایبەت بۆ رۆژنامەكەمان ئەنجام دراوە، بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، چونكە بیروڕاوبۆچوونی سەربەست و تایبەتی كەسێكی نیشتمانپەروەر و بەشدارێكی هەڵسووڕاوی فیكری و سیاسیی كوردایەتییە. لە هەمان كاتدا هەڵوێستی نووسەرێكە كە بە درێژاییی شەڕی ناوخۆ، دەنگی خۆی خستووەتە پاڵ دەنگە ئاشتیخوازەكان و بەردەوام بە وتار و نامە و ئیمزاناردنی هەوڵیداوەزووتر ئاگری شەڕی ناوخۆ بكوژێتەوە و ئاشتی بگەڕێتەوە بۆ كوردستان و كورد پێكەوە ئەزموونی دوا راپەڕین پەرە پێبدات و كوردایەتی و دێموكراسیەت پێشەنگی خەباتی لایەنە سیاسییەكان بێت.

لێرەدا دەقی ئەو چاوپێكەوتنەی د. نەبەز دەخەینە بەرچاوی خوێنەران.

كوردستانی نوێ

ساڵی حەوتەم

ژمارەی ١٧٥١ (١٩٩٨/١١/٢٩)

چۆن ڕێککەوتنی واشنتۆنی نێوان یەکێتی و پارتی هەڵدەسەنگێنی؟

ج ـ ڕێککەوتنی واشنتۆن لەنێوان پارتی و یەکێتیدا ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی رامیاریی کورددا، نەك هەر لەبەر ئەوەی دوو حیزبی کوردیی خاوەن جەماوەری دژ بەیەك بڕیاری دەستهەڵگرتن لە خۆکوژی و هەوڵی ئاشتبوونەوە و پێکەوە کارکردن دەدەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەمە یەکەمین جارە زلهێزێکی وەك ئەمریکا کوردی بێدەوڵەت بانگهێشتن دەکا و وتووێژی رەسمی لە گەڵ دەکا و پەیماننامەیەك مۆر دەکا لە گەڵیان، بێ ئامادەبوونی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان و، لە هەمانکاتدا ئەمریکا دەستەبەر دەبێ بە پاراستنی کورد لە پەلاماری سەددام. ئەمەش خۆی لە خۆیدا داننانێکە بەبوونی کورددا وەك هێزێك. ئا لەبەر ئەوە بوو، هەر ئەو ڕۆژەی ڕێککەوتنەکە ئیمزا کرا، بە نامەیەکی تایبەتی پیرۆزباییم لە کاك مەسعوود و مام جەلال کرد و گوتم ئەوڕۆ جەماوەری ڕەشوڕووتی کورد چاوەڕوانی دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی کوردستانیی بە هێزە کە هەموو حیزب و کۆمەڵە و ڕێباز و ئاینێکی گرتبێتە باوەشی خۆی و ئازادی و نان و کار و ئاسایش و یەکسانیی ژن و پیاو و دادی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی نێوچەی ژێردەسەڵاتی کورد، لەسای سێبەری دەستوورێکی دیموکراتیی پەرلەمانیی کوردستانی و ئاڵای شەکاوەی کوردستاندا مسۆگەر بکا.

دیارە لەم پەیمانەدا هێندێك لایەنی نەرێتی (سلبي) هەن، وەك پێداگرتن لەسەر پاراستنی سنوورە دەستکردەکانی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە دراوسێکان، بێ ئەوەی ئەوان دانیان نابێ بە مافی باشووری کوردستاندا کە بە لایەنی کەمەوە کۆمارێکی فیدەرالی هەبێ. بەکورتی دەبێ ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرەڕای کەموکورتییەکانی، وەك پەیژەیەك بەکار بهێنرێ بۆ گەیشتنە ئامانجی سەرەکیی کورد کە ئەوەش دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و یەکسانە.

زامنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە چییە؟

ج ـ گەرەنتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە هەردوو حیزبەکە بەڕاستی بیانەوێ جێبەجێی بکەن بەوپەڕی لێبڕانەوە، واتە (تەنازول) بۆ یەکتری بکەن.

خۆ ئەگەر حیزبێکیان ورکی گرت و هیچ (تەنازول) ێکی نەکرد، با حیزبەکەی

دیکە ئەو (تەنازول) ە بکا و بەوە پلەی بەرزی نیشتمانپەروەرێتیی خۆی پێشان بدا. ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو حیزبەکە پێویستە دەوری خۆیان بەباشی بنوێنن بەوەی گوشارێکی یەکجار گران بخەنە سەر کاربەدەستانی حیزبەکانیان بۆ گەیشتنە دۆخی هاوئاهەنگیی نەتەوەیی. هەر لەو کاتەشدا رێ لە هەموو هەوڵێکی ناپاکانە بگرن کە کەسانی هەلپەرست و ئاژاوەگێڕ و بازرگانی خوێن و ملیۆنێرانی شەڕ دەیدەن بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی گڵاوی خۆیان لەسەر حسێبی خوێن و فرمێسکی هەزاران ژن و پیاوی زگ سوتاوی کورد. ئەوجا جەماوەری زەحمەتکێشی کوردیش دەبێ بێوچان و بەوپەڕی هۆشیاری و بەرپرسیارییەوە هەنگاو بە هەنگاو چاودێریی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە بکەن، کە بە داخەوە تا ئەورۆ، تا ئەو هەندازەیەی ئەز ئاگام لێیە هیچی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکراوە.

چۆن لە هەڵبژاردنی ئایندەی کوردستان دەڕوانن؟ پێویستە چی بکرێ و خۆ لە چی دوور بخرێتەوە؟

ج ـ دەبێ هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی هەرێمی ئاسایش هەڵبژاردنێکی نموونەیی بێ، بۆ ئەوەی کورد پێشانی جیهانی بدەن کە نەتەوەیەکی باژێروان (مەدەنی) و ئاشتیخواز و لایەنگری دێموکراتی و ژیانی فرەحیزبی و سیستەمی پەرلەمانین. دەبێ هەردوو حیزبە سەرەکییەکە، پارتی و یەکێتی و هەموو حیزب و کۆمەڵەکانی دیکە وەکیەك ئازادیی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان هەبێ. دەنگدان دەبێ بە سەرپەرشتیی کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیی بێ و، ئەو رێژە (نسبە) یە ٧٪ هەڵبگیرێ. هەروەها پێویستە لەسەر کاغەزی دەنگدان پرسیارێك ئاڕاستەی دەنگدەر بکرێ، کە ئایا دەیەوێ باشووری کوردستان وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە، یان دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەوێ. **ئەم پرسیارە و لابردنی رێژەی ٧٪ و هەوڵدان بۆ خستنەگەڕی فڕگە (مطار) ە کانی کوردستان، لە رێزی ئەو بڕیارانەدا بوون کە چوارەمین کۆنگرەی ـ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن دای بۆ خستنە بەردەمی کاربەدەستانی (هەرێمی ئاسایش).** هەروەها پێویستە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی ئاسایش و دەرەوەی کوردستان، واتە کوردەکانی هەندەران، مافی دەنگدانیان هەبێ. هەر حیزبێکیش لە هەڵبژاردندا زۆربەی دەنگەکانی نەبردەوە، مانای وانییە فت کراوە. دەورەی پەرلەمان بۆ چوار ساڵە. لەوانەیە جارێکی دی

پلەی یەکەم بۆ خۆی بگرێ.

ئێستا ئەمریکا و ئینگلیز باسی زیندووکردنەوە و گەشەپێکردنی هێزی بەربەرەکانێی عێراقی دەکەن، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم گۆڕانکارییە؟

ج ـ نامەوێ ئەمریکا و بەریتانیا لەبارەی پلەی هونەری رامیارییەوە بە یەك تەرازوو بکێشم، بەڵام ئەوەی راستی بێ، ئەمریکا وا دێتە بەرچاوم کە هیچ نەخشە و بەرنامەیەکی پوختکراو و توێژراوی نەبێ. هەر بۆ نموونە: ئەمریکا ساڵانی ساڵ بە پارە و چەکی قورس و مەشق پێکردن یارمەتیی پێشمەرگەکانی ئەفغانستانی دا دژی لەشکری سۆڤێت، هەر لەبەر ئەوەی ئەو ئەفغانییانە دژ بە سۆڤێت و کۆمۆنیزم بوون. ئەوجا ئەوەتە ئەورۆ ئەمریکا هاوارێتی لەدەست ئەو ئەفغانییانە و مووشەکیان تێدەگرێ و بە تیرۆریستیان دەداتە قەڵەم.

ئەمریکا ساڵانی ساڵ یارمەتی شای ئێرانی دا و کردبووی بە پۆلیسی کەنداو و چاوسوورکەری ئێوچەکە، کەچی لەپڕ رووی لێوەرگێڕا و دەستی لێبەردا، بە جۆرێك تەنانەت ڤیزەیەکیشی نەدەدایە بچێتە ئەمریکا بۆ چارسەرکردنی نەخۆشییەکەی. ئەز باسی خۆمان و ئەمریکا ناکەم کە هەڵوێستی چۆن بوو بەرامبەر شۆرشی ئەیلول، ئەوە هەموو کەس دەزانێ، بەڵام ئەمریکا هەر خۆی بوو کە لەماوەی هەشت ساڵ جەنگی عێراق و ئێراندا بە هەموو جۆرێك پشتی سەددامی گرت و چاوی لە هەموو تیرۆرێکی سەددام بەرامبەر بە خەڵکی عێراق و نەتەوەی بێ کەسی کورد پۆشی. تەنانەت بە یەك وشەش باسی ئەنفال و چەکی کیمیایی و کۆچپێکردن و بە عەرەبکردنی کوردستانی نەکرد، تا سەددامی کرد بەو ملۆزمەی پەلاماری کوێتی دا. ئەوجا کە ئەمریکا کەوتە وێزەی سەددام، لەبەر خاتری حوسنی موبارەك و شاحسێن و دەولەتی ترك و هەڤاڵبەندەکانی دیکەی کە نەیاندەویست عێراق داگیر بکرێ و کورد بکاتە ئامانجی خۆی و سەددامیان لە کورد پێ باشتر بوو، ئەمریکا وازی لە سەددام هێنا، بەڵام ئەمەیان با بۆ ئەو بێ.

خۆ ئەو رۆژەی **سەددام** پەلاماری هەولێری دا، دەرفەتێکی باش هەڵکەوت بۆ ئەمریکا، نەك هەر کاری سەددام تەواو بکا، بەڵکو ئەو رێککەوتننامەیەی کە دوو ساڵ لەدوای ئەوە لە واشنتۆن لە گەڵ **کاك مەسعوود** و **مام جەلال** دا ئیمزای کرد لە **هەولێر** لە گەڵیاندا بکا. ئەوجا ئێستە ئەمریکا دەیەوێ پارە و چەك بدا بە

(بەرهەڵستکەرانی عێراقی) بۆ خستنی سەددام. بەڕاستی مرۆڤ سەری لەم سیاسەتە دەرناچێ!!! راستە عێراقی هەن کە بەرهەڵستکەرن، واتە دژی رژێمی سەددام دەوەستن و هێندێکیشیان لە سەددام خراپترن. ئەوەش راستە ئەمانە وەك تاکە تاکە و گروپی بچووك لە دەرەوەی عێراق هەن، بەڵام هێزێکی بەرهەڵستکەری جەماوەریی رێکخراوی بەهێزی دەستڕۆیشتوو و قاڵبووی خەباتی سەخت لەسەر ئەو خاکەی کە بەدەست سەددامەوەیە، نییە. بەڵێ لە رۆژی ۱۱/۲۳ دا گوایە حیزب لە گەڵ کاربەدەستانی بەریتانیا لە لەندەن کۆبوونەوە بۆ باسی (خستنی سەددام)، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە هەر یەکەیان لە ئاوازێك دەخوێنێ و هەر یەکەش دژ بە هەموو، هەر کۆمەڵەش بە تەمای پارووی چەورە و، زۆربەی هەرە زۆریان حیزبی چوار پێنج کەسین کە دەیانەوێ لەرێی بلاٚۆکەوە سەددام بخەن. ئاشکرایە سەددام بە شیعر و قسەی نێو رۆژنامە و جنێوی رادیۆ و هووها لێکێشان ناکەوێ. کێشەکەش کێشەیەکی دێموکراتی نییە تا خەڵکێکی زۆر کۆبکرێتەوە کە لە هەڵبژاردندا دەنگ بۆ سەددام نەدەن. سەددام نە شەڕە شیعر دەکا و نە خۆشی پالاٚوتووە بۆ هەڵبژاردنێکی دێموکراتی، بەڵکو بەهێزی لەشکر و تیرۆر دەنگی دوژمنانی خۆی کپ دەکا. بۆ خستنی سەددام پێویستە هێزێکی سوپایی هەبێ. دیارە ئەو هێزە نییە و دەبێ دروست بکرێ و، ئاشکرایە ئەمریکا و بەریتانیا ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن مەشق بە هەزاران عێراقی بکەن کە رایان کردووەتە دەرێ و لەشکرێك دروست بکەن لێیان. بەڵام ئەو لەشکرە بە کوێدا دەنێرنەوە عێراق؟ بێگومان هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق، تەنانەت کوێتیش رازی نابێ ئەو لەشکرە بە سنوورەکەیدا بەرەو عێراق تێپەڕ بێ. سەیر ئەوەیە چەند رۆژێك لەمەوبەر ئەمریکا داوای لە ئێران کرد کە یارمەتی بدا بۆ رووخاندنی رژێمی سەددام، بەڵام ئێران دایەوە بە دەمیدا. لەبەر ئەوە «بەرهەڵستکارانی عێراقی» مرخی خۆیان لەوە خۆشکردووە کە بێنە **«هەرێمی ئاسایش»** و لەوێوە هێزی چەکداری کورد بکەن بە گژ سەددام دا. جا ئەگەر سەددام جارێکی دیکە پەلاماری کوردستانی دایەوە و ئەمریکا و بەریتانیا وەك جاری پێشوو فریای کورد نەکەوتن و سەددام کوردستانی کاول کردەوە، ئەوا ئەوان رابکەنە ئەورووپا و ئەمریکا و لەوێوە بە شیعر و وتار، باسی هەڵوێستی پاڵەوانانەی خۆیان بکەن و ئۆباڵەکەی بخەنە ملی کورد. خۆ

ئەگەر هێزی چەکداری کورد بە ڕێکەوت توانی سەددام بخا، ئەوا ئەوان ئاغا و ئێمەش مسکێن و دەست بە سنگەوە چاوەڕوانی ئەوە بین «**ئۆتۆنۆمی**» بیەخشن پێمان. لە هەمانکاتدا **کەرکووك و مووسڵ و خانەقین و کوێت کوردستان** نین و (مسئلة فیها نظر). هەر قسەشمان کرد، ئەوا بە تۆمەتی جیابوونەوە خوازی، لە سەددام خراپتر بکەن پێمان. عەرەبی وەك **میشعان جبوری** ئازا و راستگۆ لەنێو بەرهەڵستکەرانی عێراقیدا دەگمەنن. لەبەر ئەوە پێویستە ئاگامان لە خۆمان بێ.

ئێوە چۆن دەڕواننە پێوەندیی نێوان هێزی کوردی و هێزی بەربەرەکانێی عەرەبی عێراقی؟ پێویستە ئەو پێوەندییە چۆن خۆی بنوێنێ؟

ج ـ هەڵوێستی راست ئەوەیە کە کورد بە هیچ جۆرێك رێ بە «بەرهەڵستکەرانی عێراقی» نەدا کوردستان بکەنە بنکەیەك بۆخۆیان و لەوێوە بکەونە ترساندن و هەڕەشەی درۆ لە سەددام و بیانوودان بە سەددام بۆ پەلاماری کوردستان. چونکە هێزی دەستوەشێنی کورد دەرەقەتی لەشکری سەددام نایە و، هیچ گەرەنتییەکیش نییە بۆ ئەوەی ئەمریکا و بەریتانیا دەکەونە فریای کورد، هەر چەندە بەڵێنی ئەوەشیان داوە، بەڵام ئەگەر ئەمریکا و بەریتانیا ئامادە بن بەو پارەیەی تەرخانیان کردووە بۆ ئەمانە واتە (١٠٠ ملیۆن دۆلار)، لە کوردستاندا لەشکرێکی کوردستانی بەهێز دروست بکەن، بەکورتی پێشمەرگە بکەنە سوپایەکی مۆدێرن، ئەو دەمە ئەوە بابەتێکی دیکەیە. بەڵام لە هەموو بارێکدا کورد نابێ واز لەم (بەرهەڵستکەرە عێراقییانە) بهێنێ کاری خۆ بەسەری بکەن. چونکە لەوانەیە تاقمێك ئەفسەری سەرچڵی هەڵمەتەکاسە پەیدا بن، سا یان لەبەر خاتری پارە، یان بۆ پایە، دەست لە سەددام بوەشێنن و خۆیان بچنە جێگەی و ببنە هەڤاڵبەندی ئەمریکا و بەریتانیا و داگیرکەرانی کوردستان. ئەوجا ئەگەر لە سەددام خراپتر بکەن بە کورد، دەنگمان بە کەسدا ناگا. لەبەر ئەوە دەبێ لە هەموو کار و کردارێکی ئەمانە ئاگادار بین و پێوەندیی لە گەڵیان نەبڕین، بێ ئەوەی رێ بدەین داماندۆشن. **خۆ ئەگەر کرا لەسەر ئەم پتانەی خوارەوە لە گەڵیان و لە گەڵ ئەمریکا و بەریتانیا رێك بکەوین:**

١) ـ کورد لەرێی پەرلەمانی خۆیەوە لە سنووری عێراقدا سیستەمی فیدەرالی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەو بڕیارە نایەتە خوارێ. لە کاتێکدا خەڵکی عێراق دژ بە

سیستەمی فیدەرالی بوەستن، کورد مافی جیابوونەوەی هەیە.

٢) ــ ئەگەر خەڵکی عێراق دەنگیان بۆ سیستەمی فیدەرالی دا، خەڵکی باشووری کوردستان لە شێوەی کۆمارێکی کوردستانیی دێمۆکراتیدا لە گەڵ پاشماوەی عێراق یەك دەگرن.

٣) ــ باشووری کوردستان بریتییە لە مووسڵ و کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کووت و خانەقین و دەوروبەری. دەست لە هیچ بەشێکی هەڵناگیرێ.

٤) ــ کۆماری عێراقی عەرەبی لە ماوەی (٢٥) ساڵدا (٢٥٠) ملیار پاوەندی ئینگلیزی دەبژێرێتەوە بۆ کورد لەبری گەلکوژی و تووناکردنی کەلەپوری کولتووری کورد و کاولکردنی کوردستان.

٥) ــ کۆماری عێراقی عەرەبی هیچ پەیماننامەیەك لە گەڵ هیچ دەوڵەتێکدا نابەستێ دژی نەتەوەی کورد.

پاشنیوەڕۆیەك لە خزمەت شای کوردستان "شێخ مەحموودی نەمر" دا

ئەوڕۆ کە ٩ی مانگی ئۆکتۆبەری "١٩٩٧"ە؛ ٤١ ساڵ تێپەڕی بەسەر کۆچی دوایی **شای کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی (حەفید) (١٨٨٢ـ ٩/١٠/ ١٩٥٦)دا**. ڕێککەوت وا هەڵکەوت کە چەند مانگێك بەر لە ماڵاوایی هەتا هەتایی شێخی نەمر، لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆشەویستدا بچمە خزمەتی. ئەم وتارە ڕێپۆرتاژێکە بۆ ئەو سەردانە کورتە کوتوپڕە.

ساڵ ساڵی ١٩٥٦ بوو، پشووی هاوینەی قوتابخانە و کۆلیجەکانی باشووری کوردستان و عێراق بوو. ئەو سەردەمە نێزیکەی ساڵێك دەبوو کە خوێندنی خۆم لە زانستگەی بەغدا تەواو کردبوو، بووبوومە مامۆستای قوتابخانە نێوەندییەکانی کەرکووك. هاوینان دەچوومە سلێمانی، چونکە کەسوکارم لەوێ دەژیان. هەر لەو کاتەوە کە لە قوتابخانەی نێوەندیی سلێمانی دەمخوێند، هاوڕێیەتییەکی توند و تۆڵم لەگەڵ چەند قوتابییەك هەبوو؛ لەوانە: **شێخ ئەحمەدی نەقیب و عەزیز محەممەد بوون. ئەحمەد کوڕی شێخ ڕەئووفی کوڕی سەی نووری نەقیبە (١)**؛ کە لە بنەماڵەی شێخ مەحموودن. ئەحمەد کوڕێکی بێ فیز، قسەخۆش و سەر لەڕێی خزمەتی خەڵکدا بوو. عەزیزیش (کە ئێستە بووەتە "حاجی عەزیز") بە "عەزەی برای ئەرکان" بەنێوبانگ بوو(٢)؛ کوڕی خێزانێکی هەژار بوو. دایکی بە نانەوایی و جلك شتن بۆ ماڵان بەخێوی دەکرد. عەزیز کوڕێکی هەتا دەم بڕ بکا بە وەفا و زمان شیرین و گاڵتەزان بوو. مرۆڤ هەر حەزی دەکرد لەگەڵی دابنیشێ. دوایی بوو بە مامۆستای وەرزین (ریاضة) لە سلێمانی.

شایانی باسە: پاش ئەوەی لە کۆتایی چلەکاندا، ڕێبازی کوردستانێتی و ڕێبازی عێراقچێتی کەوتنە نێو قوتابیان و خەڵکەوە لە سلێمانی، چەند کەسێك لە ئێمەی سەر بە ڕێبازی کوردستانێتی، دۆستایەتیمان لەگەڵ یەك زۆر خۆش بوو بوو؛ بە تایبەتی لە پەنجاکاندا. بێجگە لە ئەحمەد نەقیب و عەزیز محەممەد؛ شەهید شێخ شەهابی شێخ نووری و پارێزەر ڕوشدی عەزیز (کە هەردووکیان دراوسێی ماڵ و

هاوڕێی منداڵیم بوون)، **جەلال عەزیز و نەجاتی عەبدە و پارێزەر جەمال فەقێ شالی و مەلا عومەری گۆلێ(٣) و جەمال حەکیم و دوکتۆر عەلی تۆفیق و مامۆستا فایەق عارف و دوکتۆر ئیحسان فوئاد و مەلا عەبدولی مەلا سەعید و عومەری وەستا سەعید (کە ئەم دووانەی دواییش هاوڕێی منداڵیم بوون) و بابەتایەری شێخ جەلال و ئەحمەد سمێل کاکەیی و حەمەکەریم فەتحوللاّ و کامەران موکری و عەبدوللاّ میدیا و عەبدوللاّ ئەژدەر و سلێمانی مەجی بەگ** و چەند کەسێکی دیکە کە دەبێ ببوورن؛ چونکە جارێ دەستم لە هەویرە و هەر هێندەم لەبیرە؛ هاوڕێی ئەم سەردەمەم بوون. جا هەرچەندە زۆربەی زۆری ئەم برادەرانە، یان ئەندامی پارتی بوون، یان سەر بە پارتی بوون و، ئەز و یەك دوانێکی دیکەمان ناحیزبی و سەربەخۆ بووین، لەگەڵ ئەوەشدا بە زۆری پێکەوە دەگەڕاین و زوو زوو یەکدیمان دەدی و بیروڕامان دەگۆڕییەوە.

کۆتایی ساڵی ١٩٥٥ ئەحمەد نەقیب خوێندنی خۆی لە ئامۆژگەی بەرزی کشتوکاڵ لە **"ئەبو غرێبی"** نێزیك بەغدا تەواو کردبوو. ئەو سەردەمە هەر کەسێك خوێندنی لە زانستگە، یان لە ئامۆژگە بەرزەکانی بەغدا تەواو بکردایە؛ دەبوو جارێ بۆ ماوەی شەش مانگ سەربازی بکا، ئەوجا دەیانکرد بە ئەفسەر. ئەحمەد دەورەی سەربازی بردبووە سەر و، کرابوو بە ئەفسەر لە **"فیرقەی" کەرکوك.** بەو بۆنەیەوە جار و بار دەهاتە قوتابخانەی نێوەندیی **"موسەللاّ"** بۆ لام و، زۆر دڵی خۆش دەبوو کە دەیدی لە لابۆر "مختبر"ی فیزیك؛ نێوی ئامێر (آلات)ەکانم بە کوردیی لاتینی نووسیبوو. لە کاتێکدا کە ئەو حەلە لە قوتابخانە نێوەندییەکانی باشووری کوردستاندا؛ زمانی کوردی رەسمی نەبوو؛ بە تایبەتی لە کەرکووك، کە سەرەڕای رژێمی داگیرکەری عێراق، تورانییەکانیش دژایەتییان دەکرد.

رۆژێکیان لە هاوینی ١٩٥٦دا، **ئەحمەد نەقیب** لە سلێمانی بەمن و عەزیزی گوت: **"کوڕینە بۆچی نەچین سەرێکی شێخ بدەین؟"**. دیارە ئێمە هەموومان دەمانزانی کە شێخ مەحموود لە گوندی **"داریکەلی"ی** نێزیك بە **سلێمانی** دەژی. چونکە شێخ لە سەرەتای سییەکانەوە، پاش کوژانەوەی شۆرشەکانی بە فرۆکە و تۆپ و فرتوفێڵی کاربەدەستە ئینگلیزەکان، رەوانەی بەغدا کرابوو و، لەوێ بەزۆر نیشتەجێ کرابوو، بەڵام لە ئاژاوەی **"رەشید عەلی گەیلانی"** (لە مایسی ١٩٤١ دا) کە

دەیویست بە یارمەتی **ئەلمانیای نازی؛ ئینگلیزەکان لە عێراق** دەربکا و، حکوومەتێکی عەرەبیی فاشستیی؛ وەك بەعسییەکانی ئەوڕۆ دابمەزرێنیّ، هەلیّك بۆ **شێخ مەحموود** هەلکەوتبوو، توانیبووی بگەڕێتەوە کوردستان؛ بە نیازی تازەکردنەوەی شۆڕشەکەی لەو دەرفەتەدا، بەلاّم ڕێکنەکەوتنی شێخ لەگەلّ سەرکردە کوردەکانی دیکەی ئەو سەردەمەدا، وەك "عەلی کەمال بەگ" و **"ئەمین زەکی بەگ" و تۆفێق قەزاز** و، دەستوبردی ئینگلیزەکانیش لە ڕووخاندنی حکوومەتی ڕەشید عالی و ناچارکردنی بە هەلاّتن بۆ ئێران (٤)، ماوەی ئەوەیان نەدا بەوەی کورد سووت لەو دەرفەتە وەربگرن. جا لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود لەگەلّ حکوومەتی ڕەشید عالی هاوکاریی نەکردبوو، جەنگی جیهانیی دووەمیش هێشتا کلّپەی دەسەند و، ئەنجامیشی دیار نەبوو، ئینگلیزەکان و حکوومەتی شای عێراق چاویان لەوە پۆشی کە جارێکی دی بیهێننەوە بەغدا، بەلاّم زۆریانلێکرد کە لە گوندی **داریکەلی** دابنیشێ و ئەوێ بەجێنەهێلێ. خەلّکی ئەو ڕۆژەی کوردستان بەم بەزۆر دانیشتنەیان دەگوت "دەستبەسەری" کە عەرەب پێیدەلّێن «**الاقامة الجبرية**» کەواتە شێخ مەحموود لە گوندی **داریکەلی** دەستبەسەر بوو و، بۆی نەبوو ئەوێ بەجێ بهێلێ و، کەم کەسیش زاتی ئەوەی دەکرد بچێتە خزمەتی؛ لە لایەکەوە لە ترسی حکوومەت (٥) و لە لایەکی دیکەشەوە لە ترسی کۆمۆنیستە عێراقچییەکان، چونکە عێراقچییەکان پرۆپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە شێخ پیاوی ئینگلیزە و دەرەبەگە و، جۆتکارە هەژارەکان دەچەوسێنێتەوە بۆ گیرفانی خۆی(٦).

لێرەدا حەز دەکەم پەنجە بۆ ڕاستییەك ڕابکێشم کە مایەی سەربەرزی و ماکی خۆشبەختیمە لە ژیاندا. ئەوەش ئەوەیە، هیچ کاتێك نەمویستووە دلّی ڕەشە خەلّکی گەوج و ڕێژگاو بە نرخی شاردنەوەی باوەڕم ڕابگرم؛ یان بۆ ئەوەی بۆرەپیاو و بەکرێگیراو بە **"کوڕی باش"**م بداتە قەلەم، واز لە بیروبۆچوونی خۆم بهێنم. هەر ئەم هەلّوێستە بنچینەیی یەش بوو وای لە من کرد کە وەك یەکەمین کورد و تاکە کوردێك؛ هەر لە پەنجاکاندا ڕژێمی دیکتاتۆر و تۆتالیتێری **سۆڤیت** و ئەورووپای ڕۆژهەلاّت و، زوڕناژەنە بێغەرەکانی لە کوردستان و ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا؛ ئازایانە و زانستانە لە بەردەم ڕای گشتییدا ڕووت و قووت بکەمەوە و، لەسەر کورسی دادگەی ویژدانی

مێژوو و، مرۆڤی چەوساوە دایانبنێم و، وایانلێبکەم لەباتی پەلاماردان و بوختان بە خەڵك کردن و دەستوەشاندنی جارانیان، ناچار بین بکەونە پاڕانەوە و پاکانە بۆ خۆ کردن و پەژیوان بوونەوە لە کردەوەی تاوانبارانە و ناپەسەندانەیان. لەبەر ئەوە کە شێخ ئەحمەد ئەو پێشنیازەی کرد، بچینە خزمەت شێخ مەحموود، هەر دەسبەجێ گوتم: "باشە". عەزیزیش گوتی: "باشە دەچین". ئەوجا بە ئەحمەدم گوت: "دە کەواتە تۆ تەلەفۆنێك بکە بۆ شێخ، با بزانێ کە دەچینە خزمەتی. "ئەحمەد گوتی: "تەلەفۆنکردنی بۆ چییە؟ خۆ ئێمە ناچینە لای شای ئێران، یان شا فەیسەڵ؟ ئێمە دەچینە لای شێخی کورد".

کە لە نێو برادەراندا باسی چوونە لای شێخمان کرد؛ دوو برادەری دیکە ئامادەیی خۆیان پێشان دا بۆ هاتن لەگەڵمان. یەکێکیان **شەهید شێخ شەهابی شێخ نووری** بوو و، ئەوی دیکەشیان **حەمەی ئەحمەدی تەها (کامەران موکری هۆنەر)** بوو. ئەو شەوەی کە دەبوو بۆ بەیانییەکەی بکەوینە ڕێ؛ شەهاب دەمەو نیوەشەو لە دەرگەی ماڵی ئێمەی دا و، رایگەیاند پێم کە سبەینێ ناتوانێ لەگەڵمان بێ، چونکە مامۆستا نەخۆشە و؛ پێویستیی بە دەرمانێکە کە لە سلێمانی دەستناکەوێ و، دەبێ سبەینێ زوو بچێ بۆ کەرکووك بۆ کڕینی. مەبەست لە مامۆستا، مامۆستا هەمزە عەبدوڵا بوو؛ کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و، ئەو سەردەمە لە نێزیك سلێمانی خۆی شاردبووەوە و، جار و بار شەهاب شەوانە زۆر درەنگ کە کەم کەس بە کۆڵانەوە دەمان، دەیهێنا لەگەڵ خۆی بۆ لام. شەهاب ئەو حەلە مووچەخۆرێکی بچووك بوو لە سلێمانی، لەبەر ئەوە لێمپرسی، پارەت پێیە دەرمانەکە بکڕێت بۆی، گوتی: پارەی پێویست نییە. جارێ لەگەڵ بەهجەت دەچم، ئەو دەزانێ بۆچی دەچم، پارە وەرناگرێ، دەرمانەکەش لە کەرکووك لە دەرمانخانەی **"رەئووف"** دەهێنم، ئەویش پارە وەرناگرێ لێمان". بەهجەت هاژۆر (سائق)ی ئۆتۆمۆبێل بوو لە نێوان کەرکووك و سلێمانیدا کاری دەکرد. کوڕێکی دیانی خەڵکی سلێمانی بوو؛ وەك زۆربەی زۆری دیانە کوردەکانی سلێمانی، بە تایبەتی ماڵباتی بەهەشتی کەریی ئەلەکە؛ کوردپەروەر بوو. رەئووفیش دەرمانساز "صیدلی" ێکی خەڵکی سلێمانی بوو، خاڵی **بەرێزان بروسکە و بەختیار ئیبراهیم** بوو. لە کەرکووك

دەرمانخانەیەكی گەورەی هەبوو. بە نێوی دەرمانخانەی رەئووفەوە كە نێزیك كۆنە دوكـانەكـەی عـومـەر بنێكەسـەوە بوو. كـە تۆرانیـیـەكـانی كـەركـووك بە هاوكـاریی بەعسییەكان، كەوتنە دامەزراندنی تۆڕی نهێنیی تیرۆریستانە بۆ كوشتنی كورد و كۆمۆنیستە ناسراوەكان، رەئووفیش هاتەوە سلێمانی. هەرچی كامەران موكریشە؛ ئەوا چووینە مـاڵەوە بە شـوێنیـدا، تاكو هەڵیگرین لەگەڵ خۆمـان، لە ماڵەوە نەبوو. نێزیكەی دوو سەعـات پتر ئەم لاو ئەو لا گەڕاین بە دوایدا وەگیرمان نەكەوت. پاش چەند رۆژێك كـە دیمانەوە؛ گـوتی: "بیـوورن نەمـتـوانی بێم لەگـەڵتـان"، هەر هێندە و بەس.

لەبەر ئەوە شێخ ئەحـمـەد و عەزیز و ئەز؛ هەر سێكمان بە جیبە شڕەكـەی شێخ ئەحـمـەد بەرەو داریكەلی كـەوتینە رێ. ئەو سـەردەمـە رێ و بان زۆر ناخۆش و پڕ لە كۆسپ و نشێو و زرگو هەڵەت و پێچاوپێچ بوو. ئۆتۆمۆبێل بە شەش حەوت سەعات دەگەیشتە كەركووك. جێبەكەی شێخ ئەحمەدیش وەك **"كەری ماستەكە"** وا بـوو، هەر چوارهەنگاو دەڕۆی و دەوەسـتـا. ئۆتـۆمـبـێلەكـەمـان لە رێ دووجـار پەكـی كـەوت، جارێكیـان تایەیەكی پەنچەر بـوو، جارێكی دیـكەش ئاوی مـەكـینەكـەی دەكـولآ. بە نێزیكەی پێنج سەعـات بە نێو خۆڵ و تەپو تۆزدا گـەیشتینە **داریكەلی**. چرۆچاو و جلكەكانمان وەك چڕ و چاو و جلكی ئاشەوانی لێهاتبوو. كە دابەزین خۆمـان تەكاند و فوومان لە سەروچاوی یەكدی كرد. ئەحمەد گـوتی: **"ئەمە داریكەلی یە"** داریكەلی چی؟ نێـوی گـەورە و دێی وێران. گـوندێكی بچـووكـی ٤٠ مـاڵەی پەرپـووت. خانووەكانی هەموو قوڕین وەك كونە گورگ بە وێنەی هەموو گوندەكانی دیكەی ئەو سـەردەمـەی كـوردسـتـان، داریكەلیش ئاوی لوولە و وزەی كـارەبای نەبوو. خـەڵكی گوندەكە لە كانییەكی نێزیك ئاویان دەهێنا، بە شەویش لە بەر قوتیلە نەوت و **"چرای ئینگلیزی"** دادەنیـشتن. بەڵآم دوایی دیمان كـە شـێخ "چرایەكی لۆكس"ی هەیە. ئەم جۆرە چرایە تیـشكی لە چراكـانی دیكە و قـوتیـلە نەوت بە هێزتر بـوو، بە زۆری لە چایخانەكانی سلێمانی دایاندەنا.

ئێمە یەكسەر چووینە بەر مـاڵی شێخ، كە راستییەكەی جیاوازییەكی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ مـاڵی گوندی یەكـانی دەوروپشتی. گـوندییەكـان شێخ ئەحـمـەدیان

دەناسی. لەبەر ئەوە یەكسەر رایان كردە لای شێخ مەحموود و پێیانراگەیاند كە میوانی هاتووە. شیخی نەمر بە جلكی كوردی و بەو پیری یەوە، ئیمەش بەو گەنجییەی ئەوسامان، هاتە بەر دەرگە بەپیرمانەوە. ئەحمەد یەكسەر چووە پێشەوە لیی و، دەستی ماچ كرد و، پێیگوت كە ئێمە كێین. شێخ بە بزەیەكی باوكانە و بە دەنگێكی نزمەوە فەرمووی: "بە خێرهاتن و سەرچاو" ئەوجا ئێمەش دەستی شێخمان ماچ كرد و، ئەویش نێوچەوانی ئێمەی ماچ كرد و بردینی بۆ ژوورەوە بۆ دیوەخان.

لە نێو كوردەواریدا وشەی "دیوەخان شڕ" هەیە. شێخی نەمر؛ بەڕاستی و بە هەموو مانای وشە "دیوەخان شڕ" بوو. چەند كورسییەكی كۆنی شەقوشڕ دانرابوون؛ گوایە ئەمانە "مۆبیلە" بوون. چەند دۆشەك و پشتییەكی چڵكنیش راخرابوون، كە رەنگە هێندێكیان هی سەردەمی عوسمانی بووبن. شایانی باسە؛ كە ساڵێك دوای ئەوە، جارێكیان لە خزمەت **مامۆستا رەفیق حیلمی** و چەند برادەرێكی دیكەی ئەو كاتەدا بە ئۆتۆمبیل چووینە **هەڵەبجە و مامۆستا رەفیق حیلمی** فەرمووی: با بچین سەرێكی ماڵی **حەسەن بەگی جاف** بدەین، چونكە ئەگەر بیبستێ هاتوومەتە هەڵەبجە و نەچوومەتە سەردانی، دلگران دەبێ. كە چووین و، دیوەخانی ئاوێنەبەندی بەگزادەی جافمان دی و، بە دیوەخانەكەی كۆنە **شای كوردستان شێخ مەحموود** بەراوردم كرد، جیاوازییەكی یەكجار زۆر لە نێوان شێخ و بەگزادەدا كەوتە بەرچاوم و، هەستم بەوە كرد كە بەگەكان و شێخەكان لە باری ژیانی ئابوورییەوە: دوو چینی تەواو لە یەك جیاوازن و، لەهەمان كاتدا **بەچاوی خۆم دەركەوت بۆم كە كۆمۆنیستە عیراقچی یەكان چەند درۆزن و بوختانكار و بێویژدانن؛ كە پیاوێكی وەك شێخ مەحموود بە دەرەبەگ دەدەنە قەڵەم.**

لە كورتی ببڕمەوە، شێخ فەرمووی "دانیشن" و ئێمەش پاش ئەوەی شێخ خۆی دانیشت، لەسەر دۆشەكەكان دانیشتین. دەمودەست؛ دەستوپێوەند هاتن بۆ بەخێرهاتن كردنمان. "بەخێر هاتن"، "قوربان بە خێر هاتن"، "ئەمجاریش بەخێر هاتن". "یاخوا بەخێر هاتن". هەر وەك رەوشتوخووی خەڵكی گوندەكانی كوردستان، ئەگەر ئەز بێژم سەت جار، ئیوە بێژن هەزار جار و گوێ مەدەنی، بەخێر هاتن كراین و یەك لە دوای یەك چایی شیرین دەهاتن بۆمان.

سەرەتا بە شێخی نەمرم گوت: "زۆر بەختیارم بەوەی كە ئەمڕۆ لە خزمەت شای كوردستانندام". شێخ فەرمووی: "شای كوردستانی چی؟ شای كوردستان، شای كوردستان! كوڕم؛ ئەگەر شای كوردستان دەبووم، ڕێی ئەوە نەدەگیرا لێم كە بە كوردستاندا بگەڕێم".

شێخ هەرچەندە تەمەنی لە حەفتا تێپەڕی كردبوو، چاویشی كەمێك كز بوو بوو، بەڵام لەشی زۆر تێك نەچوو بوو. مێشكیشی هەر لەسەر خۆی بوو. پیرەمێردیكی بێفیز و رووگەش و قسەخۆش بوو. لە هەموو وتە و هەڵسوكەوتێكی شێخدا نیشانەی سادەیەتی و راستی، بەڵام گلەیییەكی زۆر لە رۆژگار و لەخەڵك بەدیدەكرا.

شێخ كە زانی لە كەركووك كار دەكەم؛ هێندێك پرسیاری كرد لێم لە بارەی بارودۆخی كەركووك و دەسەڵاتی ئینگلیزەكان لەوێ. چونكە ئەو سەردەمە كۆمپانیای نەوتی كەركووك كە بە **ipc** ناسرابوو، بەدەست ئینگلیزەكانەوە بوو. لە قسەكانی شێخ دا رۆن بووەوە بۆم كە ئینگلیزەكان و هێندێك لە سەرۆك هۆزە كوردەكان، بەتایبەتی پشدەرییەكان و، هێندێك لە كوردە خوێندەوارەكانی سەردەمی خۆی، لەوانەی كە بووبوونە تۆرانی و خەڵكی كوردستان نێویان نابوون **"جلخوار"(٧)** بە گوناهباری هەرە گەورە دەزانی لە پووچكردنەوەی هەوڵدانیدا بۆ دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆ.

كە باس هاتە سەر ئینگلیزەكان، شێخ فەرمووی: "ئینگلیزەكان بە منیان دەگوت: "تۆ بچۆ شەڕی ترك بكە. لیرەش جلخوارەكان دەیانگوت: "ترك موسڵمانن لەگەڵیان رێك بكەوە. لەنێو خەڵكیشدا دەچوون ترسیان بڵاو دەكردەوە، دەیانگوت ئینگلیزەكان ماوەیەك لێرە دەبن و دەڕۆن، ئەوجا ترك دەگەڕێتەوە، تۆڵە لەوانە دەستێنێتەوە كە پشتی ئینگلیزەكانیان گرتووە. منداڵینە: ئێوە نازانن ئەو رۆژە چ رۆژێك بوو."

لێرەدا بە شێخم گوت: "قوربان، رەنگە جەنابت كە لە شەڕی ترك دوودڵ بووبیت؛ هۆی ئەوە بووبێت كە تركەكان موسڵمان بوون". شێخ فەرمووی: "موسڵمان؟ تركەكان موسڵمان بوون؟ تركەكان موسڵمان نەبوون. نە عوسمانییەكان موسڵمان بوون و نە كەمالییەكان. جا ئەگەر ئەوان موسڵمان بونایە، چۆن

ئینگلیزەکانم دەهێنایە کوردستان! موسڵمان ئەوەیە خوێنی خەڵك بڕێژێ؟ ڕاووڕووت بکا؟ منداڵی ئەرمەنی بکا بە نووکی سونگییەوە؟ دەست بۆ ناموسی ژنان درێژ بکا؟ ئەوانە موسڵمان نەبوون. جلخوارەکانی ئێمەش موسڵمان نەبوون. هەموو سەرسەری و ئارەقخۆر و بەنگکێش و مێشك پووت بوون. کە خۆم دوو دڵ بووم لە شەڕی ترك ئەوە بوو، کە ئینگلیزەکان هیچ بەڵێنێکیان نەدەدا و نە دەچوونە ژێر هیچ پەیمانێکی مەردانە. دەمگوت: باشە پێم بڵێن تا کوێ بچم بە شەڕ کە ئێوە ڕازی بن بچێتە سەر ئەم کوردستانەی ئێستە؟ ئەوان هەر ئەوەیان دەگوت و دەگوتەوە: "تۆ جاری ترکەکان لە کوردستان دەربەرێنە". زۆر هەوڵم دا دڵی ئینگلیزەکان ڕابگرم، بەڵام ئەوان لە پشتەوە دزانە خەریکی پاشقولگرتن بوون لە من. هێندێك هەتیوچە و ناکەس بەچەیان چراخ کرد و ڕاستیانکردنەوە دژی من. بە کورتی باوەڕم بە ئینگلیزەکان نەمابوو. سەیر ئەوەیە کە **سمکۆ (سمایل خانی سمکۆ)** (٨) هاتە سلێمانی بۆ لام، ئینگلیزەکان زۆر شتیان پێچەوانە تێگەیاندبوو، تەفرەیان دابوو. پێم گوت تۆ قارەمانی کوردستانیت، چۆن دەبێ بە درۆی ئەوان باوەڕ بکەیت و فریو بخۆیت. دواییش هەر بۆ خۆی ئاشکرا بوو کە ئینگلیزەکان دەستیان بڕیبوو، ئەگەنا لە سەرەتاوە هیچ دژی ئینگلیزەکان نەبووم. زۆر حەزم دەکرد لەگەڵیان ڕێکبکەوم. من هێنابوومنە کوردستان و، بێ شەڕ و هەرا و خوێنڕێژی دەرگەمان کردبووەوە بۆیان. چونکە پێمـوابوو سەربەستی و خێر و خۆشی دەهێنن بۆمان و، دەمانپارێزن و دەمانکەنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵام ئەوان بە تەواوی بە پێچەوانەوە جووڵانەوە. میجەر نۆئیلی لێدەرکەیت کە پیاوێکی جوامێر و ڕەسەن بوو، ئەوانی دیکە هەموو بە چاوی نزم تەماشای ئێمەیان دەکرد، وەك خزمەتکاری خۆیان، بە تایبەتی "مێجەرسۆن" کابرایەکی لەخۆیایی، قسەتڕن، لووتبەرز بوو؛ دەیویست ئێمە بچین کڕنۆش بیەین بۆی. هەموو جارێك کە قسەمان لە یەك گیر دەبوو، ئەوەم دەدایەوە بەچاویدا کە ئەوان بە شەڕ کوردستانیان داگیر نەکردووە، بەڵام ئەوان زۆر بێوەفا و سپڵە و پێنەزان بوون، هیچ چاکە و دۆستایەتییەکیان لەبەر چاو نەبوو".

شێخ مەحموود باسی دروستکردنی عێراقی کرد و، دەوڵەتی عێراقی بە **"زۆڵەکی ئینگلیزەکان"** دەدایە قەڵەم. هەروەها فەرمووی: «ئەم عێراقە کابرایەکی دووەدەرکی

دروستیکرد کە لەگەڵ فەیسەڵە حیز (مەبستی شا فەیسەڵی عێراق بوو: ج.ن.) سەربەسەرنێنەیان دەکرد ».

لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەرەوەی بەڕێز دەکەم کە قسەکانی شێخم بەم شێوەیە هەروەك خۆی و بێدەستکاریکردن، نووسیوە. چۆنکە سەرڕاستی وا پێویست دەکا کە قسەکانی شێخ هەر وەك خۆی بخەمە بەرچاو. بەڕاستی ساڵانیساڵ دوودڵ بووم لەوەی: ئایە ئەم سەردانەی شێخ مەحموود بخەمە سەر کاغەز یان نا. ئەوەش لەبەر ئەم وتە بێ پەردە و ڕەپوڕاستانەی شێخی نەمر. دوایی گوتم: "بۆچی نە،،! شێخ مەحموود مرۆڤێکە وەك هەموو مرۆڤێکی دیکە و، دەتوانێ بیروباوەڕی خۆی بەو شێوەیە دەربیڕێ کە خۆی بەباشی دەزانێ. بێجگە لەوەش خۆم کاتێك کە لە بەغدا دەژیام، لە پەنجاکاندا هێندێك چیرۆکم لە چەند کەسێکی کورد و عەرەبی شارەزای سەردەمی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بیست کە بەڵگەن بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانی شێخ. لەوەش بترازێ ئەوەتە هۆنەری بەنێویانگی کورد؛ مەعرووفی ڕەسافیی (معروف الرصافي) کە هۆنراوەکانی بە زمانی عەرەبی هۆنیوەتەوە، لە بارەی بارەگەی شا فەیسەڵەوە گوتوویەتی:

"أبلاط، أم ملاط، بالمنائيك مُحاطُ"

مانا: **"ئایە ئەمە بارەگەی شایە، یانە مارەگەیە کەوا بە حیزان دەورە دراوە؟"** (سەرنج: ملاط لە زمانی عەرەبی دا بە مانای **"قوڕ و قسڵ"** و **"لووس و بی تووك"** **یش دێ، کەواتە ملاط (لووسخانە)** دەگرێتەوە.

پێوەندیی سێکسی **شا فەیسەڵ و سێر پێرسی کۆکس**، کاربەدەستی گەورەی بەریتانیا لە بەغدا؛ لە نێو خەڵکی ئەو سەردەمەی عێراقدا لە هەموو لایەك باس دەکرا. لەمەش بترازێ، ئەو شتە ئەوڕۆ **"مۆدێرنە"** و، وەك کوردەکەش دەبێژێ: «هەرکەس دەچێتە گۆڕی خۆی»، هونەر ئەوەیە پێوەندیی تایبەتی دوو کەس، یان چەند کەسێك نەبێتە هۆیەك بۆ دوژمنایەتیکردنی خەڵکی دیکە.

یەکێك لەو شتانەی کە زۆر حەزمدەکرد بیزانم، بیروباوەڕی شێخ مەحموود بوو بەرامبەر **بەکر سیدقی عەسکەری** (٩). چۆنکە بە هۆی هاتوچۆی دوکانی مامۆستا بەشیر موشیرەوە کە بوو بووە "ماڵی کورد" لە بەغدا، گەلێك چیرۆکم لە بارەی بەکر

سیدقییەوە بیستبوو، بە تایبەتی مامۆستا بەشیر خۆی؛ بەکر سیدقی بە سەرکردەیەکی گەورەی کورد دادەنا و؛ ناسیاوەتیی تایبەتیشی لەگەڵیدا هەبوو بوو. شێخ لەم بارەیەوە فەرمووی: "بەکر سیدقی کورد بوو، حەزی بە کوردایەتیش دەکرد، بەڵام کەرپیاو بوو، زۆر سەیرە! گوناهی ئەوەی کە ئینگلیزەکان فەیسەڵە حیزیان کردووە بە سەرگەورەی کورد و عێراق؛ دەخستە ئەستۆی من. کە لە بەغدا دەستبەسەر بووم، جاروبار دەهاتە لام (١٠). ئەم کابرایە هەموو جارێك شەرێکی دەفرۆشت پێم و، بە تووڕەیی منی بەجێدەهێشت... جارێکیان بەکرە شێت میوانم بوو. کاتی نوێژ هاتبوو، هەستام نوێژەکەم بکەم کەچی گوتی: **"تۆ بۆچی نوێژ دەکەیت؟"** گوتم: چونکە موسڵمانم و نوێژ کردن پێویستکراوە لەسەرم." گوتی: "ها موسڵمان! موسڵمان لە لایەکەوە نوێژ دەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە دزیدەکەن، دەستی خەڵك دەبڕن، جاسووسیدەکەن، خوێنی خەڵك دەڕێژن..." **گورج قسەکەم پێبڕی و گوتم: "وس بە! تۆ ئەمانە هیچیانت لە من نەدیوە"**. گوتی: «تۆ کە شێخی دەروێشیت و موسڵمانیت، تۆ بوویت ئینگلیزەکانت هێنایە کوردستان بەرامبەر بە هیچ. دواییش دەرتنەکردن، تا ئەوان تۆیاندەرکرد، دەبڕۆ بخۆ، تۆ خائینیت". بەکر زۆر دەمشڕ و بێناموس بوو. وایدەزانی دەرکردنی ئینگلیزەکان حەلوا خواردنە. هەر بەو کەرێتییە مایەوە تا ئینگلیزەکان سلیان سارد کردەوە».

که شێخ ئەوەی فەرموو، لێمپرسی: **"بۆچی بەکر سیدقی موسڵمان نەبوو؟"** شێخ فەرمووی: "بەکر سیدقی خەڵکی ئەسکەر بوو، لە هەقەکان بوو. پێی وا بوو هەر ئەوان لەسەر هەقن." لێرەدا شایانی باسە کە کاتی خۆی لە مامۆستا ڕەفیق حیلمیشم بیستووە کە بەکر سیدقی هەقە بووە، بەلام لای هەموو کەسێك باسینەکردووە. هەر لە بارەی بەکر سیدقییەوە شێخ فەرمووی: **"بەکرە شێت منی تاوانبار دەکرد کە گوایە رقم لە پشدەرییەکانە. راستییەکەی ئاغاکانی پشدەر رقیان لە من بوو، خیانەتیشیان لە من کرد. دوواییش هێندێکیان بوونە نۆکەری ئینگلیز و نووری سەعید. بەڵام بەکرە شێت پێی وابوو، ئەوانە کوردی باشن، دەچوو پارە و چەکی دابەشدەکرد بەسەریاندا. ئەو کەرە پێیوابوو کە پشدەرییەکان لە تەنگانەدا دەیپارێزن، چاکیان پاراست"**. هەر لەم بارەیەوە شێخ فەرمووی: بەکرە شێت چەند شیتێکی لە بابەتی خۆی کۆ

کردبووەوە، وەك خولەی جەودەت (مەحموود جەودەت: ج. ن.) و کێ و کێ. ئەحمەد نەقیب لەمەدا گوتی: **"بەڵام ئێمە بیستوومانە کە مەحموود جەودەت کوردێکی باش بووە"**. ئەوجا شێخ فەرمووی: **" خولە، خوا هەڵناگری، کوردێکی باش بوو، کە بەکر کوژرا هات بۆ لام و گوتی: "ئەی هاوار! پاشا شەهید کرا، ئای دەستی شکاوم"، دەگریا. گوتم: خولە برۆ خۆت بشارەوە، سەرەش دێتە سەر تۆ. بەڵام خولە شێت بوو، گوتی: ئەوی دەست دەبا بۆ من هێشتا لە دایك نەبووە... ئەوە بوو خولەیان گرت و ملیان کرد بە پەتدا."**

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بۆ مێژوو ئەوە رۆن بکەمەوە، کە پاش دامەزراندنی فەرمانداریتیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود؛ چەند ئەفسەریکی کورد کە لە سوپای عوسمانیدا بوون؛ گەڕابوونەوە کوردستان و، چووبوونە سوپای کوردستانەوە، لەوانە **جەمال عارف کەرکووکی و مەحموود جەودەت و کامیلی حەسەنەفەندی** و، وابزانم **قالەی ئایشە خانیش** (لەمەی دوایی یان دڵنیا نیم)، لە خزمەت شێخدا مانەوە تا ئینگلیزەکان عێراقیان کرد بە دەوڵەت و ، باشووری کوردستانیان نووساند بە عێراقەوە، ئەوجا ئەمانە چوونە نێو لەشکری عێراقەوە، جارێکیان مەحموود جەودەت لە بەغدا دەچێ بۆ لای کاربەدەستێکی حکوومەتی عێراق کە نێوی عەبدولقادر سەنەوی (عبدالقادر سنوی)(١١) دەبێ، کە ئەویش هەر کورد دەبێ و، داوای ئەوەی لێدەکات کە خزمەتەکەی لە سوپای کوردستاندا بۆ مووچەی مانگانە و پلەی فەرمانبەریتی بۆ حسێبکەن. بەڵام ئەو عەبدولقادرە پێیدەڵێ: **"تۆ تا ئێستە جەردە بوویت و، ئێستەش هاتوویتە سەر ئێمە و، دەتەوێ داوای ماف بکەیت لێمان؟"** مەحموود جەودەت پێیدەڵێ: **"ناماقووڵی مەکە، جەردە نەبووم. خزمەتی کوردستانم کردووە، لە خزمەت شای کوردستاندا بووم، ئەوەتا کوردستانیان خستووەتە سەر عێراق و هاتووم داوای مافی خۆم دەکەم"**. عەبدولقادر سەنەوی جنێو دەدا پێی و بە شێخ مەحموودیش. مەحموود جەودەت کابرایەکی توند دەمار دەبێ؛ دەمانچەکەی دەردەهێنێ و دەیداتە بەر گولله و دەیکوژێ. لەمەوە مەحموود جەودەت دەگیرێ و دادگە فەرمانی لەسێدارەدانی دەدا. بەڵام **بەکر سیدقی** کە ئەمە دەبیستێ دەستبەجێ مەحموود جەودەت بەرەڵا دەکات و، دەبێژێ: "دەستی

خۆش بێ". پاش شەهید کردنی بەکر سیدقی لە مووسڵ بە دەستی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و بە هاوکاریی ئینگلیزەکان، مەحموود جەودەت جارێکی دی دەگیرێتەوە و لە سێدارە دەدرێ. **لە سێدارەدانی مەحموود جەودەت کسپە لە جەرگی نیشتمانپەروەرانی کورد هەڵدەستێنێ و، هۆنەری گەورەی کورد مامۆستا عەبدوڵلآ گۆران (١٩١٤ ـ ١٩٦٢) بە هۆنراوەیەکی زۆر بە سۆز شیوەن دەکا بۆی**(١٢). جا ئەز بەر لەوەی بەخزمەت شێخ مەحموود بگەم، باسی مەحموود جەودەتم لە گەلێك کەس بیستبوو، بە تایبەتی لە **ئەفسەر جەمال عارف کەرکووکی و شێخ سەلامی هۆنەر (شاعیر) و مامۆستا رەفیق حیلمی. شێخ سەلام و مامۆستا رەفیق حیلمی** شەوی پێش لە سێدارەدانی **مەحموود جەودەت** چووبوونە بەندیخانە لە بەغدا بۆ لای و، باسی وەرەبەرزی و بێباکی و ئازایەتیی مەحموود جەودەتیان دەگێڕایەوە. لێرەدا حەز دەکەم ئەوەش بخەمە بەرچاو کە قسەکانی ئەو عەبدولقادر سەنەوییە بەرامبەر بە مەحموود جەودەت و شێخی نەمر، ناماقوولییەکە تا سەری هەڵدەگرێ. بەڵام کوشتنی عەبدولقادریش لەسەر قسەیەك؛ هەر چەندە ناشیرین و نانیشتمانپەروەرانەش بێ، راست نییە. هەروەها لە سێدارەدانی مەحموود جەودەتیش کە لەسەر رۆمەت (شرف)ی خۆی و سەرۆکی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی؛ ئەو کارە نابەجێیەی لە دەستدەرچووە، ئەوەش هەر نادروستە.

مامۆستا رەفیق حیلمی دەیفەرموو: **"مەحموود جەودەت بۆیە لە سێدارە نەدرا، چونکە عەبدولقادر سەنەوی کوشتبوو. عەرەبە شۆڤێنیستەکان بە ئاشکرا دەیانگوت: "سەگێك سەگێکی دیکەی کوشتووە"**. مەحموود جەودەت بۆیە لە سێدارە درا؛ چونکە کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو و، پشتگیریی بەکر سیدقی کردبوو" شایەنی باسە لێرەدا کە مامۆستا رەفیق حیلمی خۆی حەزی لە چارەی بەکر سیدقی نەدەکرد و، دەیگوت: **"بەکر هەر کوردێك لەگەڵی نەبووایە، بە پیاوی ئینگلیزی دەدایە قەڵەم"**.

ئەم رووداوە خۆی لە خۆیدا هەڵوێستی بەکر سیدقی بەرامبەر دەوڵەتی شێخ مەحموود کە عەبدولقادر سەنەوی بە **"جەردەیەتی"** داوەتە قەڵەم، دەخاتە روو، کە بەکر سیدقی دژی شۆڕشی شێخ مەحموود نەبووە؛ ئەگەر چی شێخ مەحموودیشی بەوە

گوناهبار کردووە کە بە بیروڕای وی نەیتوانیوە "ئینگلیزەکان لە کوردستان دەربکا."

جا کە ئێستە وا هاتووینەتە سەر باسی **بەکر سیدقی** زۆر بە پێویستی دەزانم بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ناڕاستییانەی کە دوکتۆر کەمال مەزهەر بڵاوی کردوونەتەوە بەرامبەر ئەم کوردە مەردە کە ئێستە چووەتە جێی هەقی خۆی و، دەسەڵاتی ئەوەی نییە لەسەر خۆی بکاتەوە، بێمە قسە و، هێندێك راستینە بۆ مێژوو تۆمار بکەم. **دوکتۆر کەمال مەزهەر** ساڵانی ساڵ رژێمی تاوانباری سۆڤێتی بە رزگارکەری گەلانی ژێردەستە دادەنا، بەڵام ئەم هەڵوێستە رێی ئەوەی لێنەدەگرت کە نەبێتە سکرتێری دوژمنێکی ناسراوی سۆڤێت و کۆمۆنیزم **مامۆستا مەسعوود محەممەد** و، ژمارەیەکی زۆری نووسینەکانی دوکتۆر کەمال لە بەرهەمی ئەرمەنی یەکان و رووسەکانەوە وەرگیراون، بێلیکۆڵینەوە و توێژینەوە. ئەوڕۆش لەبەر خاتری رژێمی تاوانباری بەعس؛ بە پێی پیلان؛ لە مێژووی کورددا ساختەکارێتی دەکا. لە لایەکەوە کتێب دەردەکا لەسەر **"شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ی عێراق"** و **"شۆڕشی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود بە بەشێك لە شۆڕشی عێراق"** دەداتە قەڵەم". لە کاتێکدا کە هەر کەسێك کە ئەلفوبێی مێژووی کورد بزانێ، دەزانێ شۆڕشی شێخ مەحموود پێوەندیی بەراپەڕینی خەڵکی عێراقەوە نەبووە. **شێخ مەحموود گۆڕ هەڵتەکێنە!** لە لایەکی دیکەوە و، هەر لەبەر خاتری بەعسییەکان دەنووسێ کە بەکر سیدقی پێوەندیی بە کوردایەتییەوە نەبووە. لەم بوارەدا؛ دەپرسم: ئایە ئەگەر ئەوڕۆ لە جیاتی بەعسییەکان بەکر سیدقی لە بەغدا فەرمانڕەوا بووایە، دوکتۆر کەمال گەلێك چیرۆك و داستانی پێکەوە نەدەنا بۆ پەسندان (مدح)ی بەکر سیدقی؟. بەعسییە تاوانبارەکان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارەوە لە شوباتی ١٩٦٣دا؛ هەوڵیان دابە بەکر سیدقی بگەفن. تەنانەت لە دادگەکەیاندا لە پرۆفیسۆر ئیبراهیم کوبەیان پرسی (کە ئەو کاتە بە تۆمەتی کۆمۆنیستی گرتبوویان)، **"مامۆستا بیروڕات چییە بەرامبەر بزووتنەوەی بەکر سیدقی؟" مامۆستا کوبە مەردانە گوتی: "لە بزووتنەوەی بەکر سیدقییم نەکۆڵیوتەوە، لەبەر ئەوە ناتوانم لەم بارەیەوە هیچ بێژم"**. ئافەرینی لێبێ و؛ رووی ئەوانەش سپی نەبێ کە بۆ پارە و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، راستی دەشارنەوە.

ئێستەش دەمەوێ ئەم چیرۆکەی خوارەوە بۆ مێژوو بگێرمەوە و مەبەستیشم لەمە هەر خزمەتی میژوو و، راستبێژییە:

هۆنەری کۆچکردوو **ئەورەحمانی شەرەفکەندی (هەژار)** (۱۹۲۱ـ ۱۹۹۰) کە لە پەنجاکاندا لە بەغدا بە دزییەوە دەژیاو، لەگەڵ من دۆستایەتییەکی توند و تۆڵی هەبوو، دەمێك بوو بە دەست نەخۆشیی سیلەوە دەینالاند. ساڵی ۱۹٥٤ نەخۆشییەکەی تەواو زۆری بۆ هێنابوو، بەلاّم لە نەخۆشخانەی سیلدارەکان لە "تویثة" وەریاننەدەگرت. لەبەر ئەوە ناچار بووم تکا لە "عەقیدی موتەقاعید" ئەمین رەواندزی بکەم کە بمبا بۆ لای پیاوێکی دەسترۆیشتوو؛ کە ئەو قسە لەگەڵ بەرێوەبەرێتیی نەخۆشخانەکە بکات. **ئەمین رەواندزی** بردمی بۆ لای **نوورەدین مەحموود** ، کۆنە فەرمانداری گشتیی سوپای عێراق، کە لەو کاتەدا تەقاویت کرا بوو. نوورەدین مەحموود ئەو پیاوە بوو، کە دوو ساڵ لەوەبەر (۱۹٥۲) پاش ئاژاوەیەکی یەکجار سەخت لە بەغدا؛ کە بە **"راپەرینی تشرین"** (انتفاضة تشرین) نێوی رۆیوە، وەسی عەبدولئیلا (الوصي عبدالاله) تکای لێکرد، کە حکوومەت بگرێتە دەست خۆی، بۆ ئەوەی تانج و تەختەکەی رزگار بکا. نوورەدین مەحموود حکوومەتی گرتە دەست و ئاژاوەکەی زوو کوژاندەوە. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم تەقاویتکرا. کە چووینە لای نوورەدین مەحموود، ئەمین رەواندزی لەبەردەمی نوورەدین مەحموود دا روویکردە من و گوتی: "پاشا کوردە". گوتم: "دەزانم. چۆنکە عەقیدی تەقاویت کراو محەممەد عەلی کوردی باسی پاشای کردووە بۆم". ئەوجا نوورەدین مەحموود باسی ئەوەی کرد کە **هەورامییە و لە بەغدا** لە دایکبووە و، کوردی زۆر کەم دەزانێ. جا لەبەر ئەوەی هاوین بوو، هەوا زۆر گەرم بوو، لە حەوشەی ماڵی پاشا دانیشتبووین، نوورەدین مەحموود منی بردە ژوورەوە و، کتێبخانەکەی پیشانمدا کە گەلێك کتێبی کوردی و سەربە کوردی تیدا بوو. نورەدین مەحموود گوتی: ئەز شاگرد و سەربازی شەهید بەکر سیدقی بووم. ئەو منی پێگەیاند. کە زانی کوردم یەکسەر رێی پێشکەوتنی لە سوپادا کردەوە بۆم". ئەوجا گوتی: **"شەهید بەکر کوردێکی زۆر ئازا و چاونەترس بوو. لەو باوەرەدا بوو کە سوپای عێراق دەبێ بەدەست کوردەوە بێ، تا بتوانن لە هەلێکدا کارێك بۆ کورد بکەن"**. کە ئەوەی گوت

منیش و ئەمین ڕەواندزیش گـوتمان: " پاشـا خـۆ هەلێکی زۆر باش هەلکەوت بۆ جەنابتان، بۆچی بەکارتان نەهینا ؟".

نورەدین مـەحمـوود گوتی: "کە وەسی منی بانگ کردە لای خۆی و رووی نا لێم حکوومـەت بگرمـە دەست، هێـشـتـا بەلێنی تەواوەتیم نەدابوو پێی بیکەم، بەلاّم بەتەمای کردنی بووم، کە فەرمانی جوولاّنی فیرقەی کوردستانم دا لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا و، دەسبەجێ پێوەندیم بە ئەفسەرە کوردەکانەوە کرد، تەنێ دووانیان ئامادە بوون کە هاوکاریم بکەن. یەکێکیان **مەحەممەد عەلی کوردی** بوو کـە تەقاویتـە و لە سوپادا نەماوە، بەلاّم ئەفسـەرێکی باشـە. لەبەر ئەوە سـەرینەگـرت" لێرەدا گـوتم: "پاشا ، ئەز لە سەرەتای ژیاندام و رایەم ناکەوێ ئامۆژگاریی یەکێکی وەك جەنابت بکەم، بەلاّم نەدەکرا زووتر لە نێو سوپادا کۆمەڵە ئەفسەرێکی کورد دروستبکەیت و، جۆرە دەروێستیی (التزام)یەك لە نێوانیـاندا پێکبـهێنیت بۆ رۆژی تەنگانە؟". نورەدین مـەحـمـوود گوتی:" سوپا وەك زانستگە نییە (سەرنج: ئەو دەم هیشتا لە زانسـتگە خوێندکـار بووم. ج. ن.) هەروا بە هاسانی پێوەندییـەیەکـەوە بکرێ و کۆمەڵە دروستبکرێ. ئەوی بە سووسەیەك شتێك دەربکەوێ لێی؛ چارەنووسی، یان گرتنە یان مردنە".

قسەکانی **نورەدین مەحموود** راست بوون. چونکە دوایی لە مـحـەممەد عـەلی کـوردیم پرسی، گـوتی« راستـە، وابوو، پیوەندیی بە منەوە کـرد بە نیـازی کـودەتا (انقـلاب) و، منیش بەلێنم دا پێی تا مـردن لەگـەڵی بم». شـایانی باسـە مـحـەممەد عـەلی کوردی گـوتی: «نورەدین مـەحـمـوود هەر لە سـەرەتای هاتنەسـەرکارییەوە؛ دەستنێژی بەکـر سیـدقی بوو، ئێـمـە هەمـوومان سوپاسبێژی بەکـر سیدقـین، کـە توانیمان بێینە سوپای عێراقەوە» بێجگە لەوەش خۆم پاش هاتنە سەرکاری نورەدین مەحموود بە دوو رۆژ، لە بەغدا گیرام! و، چەند هەفتەیەك خرامە بەندیخانەی ئەبو غرێبەوە. هەموو ئەو سەربازانەی کە پارێزگاریی بەندیخانەکەیان دەکرد و، هەموو ئەو سـەربازانەی لەسـەر جادەکـانی بەغـدا وەستـابوون، کـورد بوون. بەرێز جـەلال بێـتـوشـیش گـیـرابوو، ئەویش هەر لە بەندیخـانەکـەی ئێـمـە بوو، ئەو دەزانێ کـە سـەربازەکانی بەر دەرکـەی زیندان، سـەموون و پیـڤاز و مـەکینەی تەراشیـان دەهێنا

بۆمان. مەبەستم لەو چیرۆكە ئەوە بوو كە بە بەڵگە ساخی بكەمەوە كە بەكر سیدقی كوردێكی نیشتمانپەروەر بووە.

ئێستە بۆ ئەوەی بەڵگەی كوردبوون و كوردایەتیكردنی بەكر سیدقی باشتر ڕوون ببێتەوە؛ ئەوجا لە زمانی دوژمنەكانییەوە، واتە عەرەبە شۆڤێنیستەكان، چەند بڕگەیەك لە كتێبی (العراق الثائر) وەردەگرین، كە حكوومەتی عەرەبی ناسیۆنالیستی سووریە لە ڕۆژانی یەكـەمی كـودەتای قـاسـمـدا لە عـێـراق، دەریانكرد و، لە چاپخـانەی حكوومەت لە دیمەشق چاپكرا، تا بزانین ئەوانە لە بارەی بەكرەوە چی دەبێژن: «فلما اعلن الفريق بكر صدقي تمرده على حكام بغداد و قام بانقلابه العسكري في ١١ اب ١٩٣٦ هلل له الشعب و اعتبره بداية الخلاص من الاستعمار الانكليزي و فاتحة التحرير من الفوضى و التاخر والضائقة والحرمان... الخ (ص٥٨). "... ولكن بكر صدقي كان متهما ايضا بانه عدو للقومية العربية في العراق، وانه على جرائته و اقدامه كان عاجزا عن قيادة الشعب العراقي قيادة سليمة... فهو لم يدرك اهمية الشعور بالقومية العربية في العراق... الخ(ص٥٩)" "... و مع ان بكر صدقي بطل الانقلاب كان يُومن؛ باستقلال العراق، الا انه لم يتجاوب قط مع القضية العربية و لا أمن بها... الخ (ص٦٠)". "... كان بكر صدقي يريد ان يقلص النفوذ الانكليزي في العراق. و كان يهدف فعلا مهما كانت اتجاهاته و افكاره لانشاء عراق مستقل لا يرتبط بالعروبة ارتباطا وثيقا، و لكنه عراق نظيف بعيد عن تاثير دوائر التجسس البريطانية... الخ (ص٦١)" "... اراد (بكر) تقوية الجيش و تسليحه فعلاً، ففاوض ايطاليا و المانيا بانشانها بشروط سهلة و دعوه لحضور مناورات جيشها. و لماكان (بكر) في الطريق يحمل مسودات الاتفاقيات هذه قتل في مطارالموصل... (ص ٦٢)" "... ولكن خطأ بكر صدقي انه تنكر لكل من يقول بالعروبة في قلب الجيش و ابعد عنه عددا كبيرا من القادة العرب... الخ (ص ٦٢) (العراق الثائر. من منشورات الفرع الثقافي العسكري. مطبعة الحكومة بدمشق ١٩٥٨) (١٣)".

ئەوجا دەبێ بگەڕێینەوە سەر كرۆكی باسەكەمان، بەڵام چیبكەین قسە قسە دێنێ:

ئێوارێ وەك كوردەكە دەبێژێ: نانێكی **"دەروێشی"** (برنج و شلەیەك) خـرایە

بەردەممان و، هەموو پێکەوە لەگەڵ شێخی نەمر شێومان کرد و، ئەوجا پاش چایی خواردنەوە، مالاوایمان لە کۆنە شای کوردستان و **"کۆشك و تەلار"**ە دەربەگانەکەی! کرد و کەوتینە ڕێ بەرەو سلێمانی. سەعاتێك پاش نیوەشەو، بە جێبە شڕ هاتینەوە سلێمانی. لە ڕێ زۆر بێزاریی خۆمان دەربڕی، بەڵام **شێخ ئەحمەد** هیچ قسەی نەکرد، تا گەیشتینەوە سلێمانی، ئەوجا گوتی: **"جارێکی دی کە سەفەرێکمان پێکەوە کرد بە جێبەکەی ئێوە سەفەر دەکەین". ئێمەش گوتمان: "کەی ئێمە جێپمان هەیە؟" ئەحمەد گوتی: "جا ئێوە کە شتێکی لەمە باشترتان نییە، ئەم بۆڵە بۆڵە چییە دەیکەن بە سەرمدا. ئێوە کۆشك و تەلاری شێخی گەورەتان بە چاوی خۆتان دی. هیچ نەبێ شێخی بچووك جێپێکی هەیە. خۆ شێخ مەحموود ئەوەیشی نییە".**

ڕاستییەکەی ئەو ڕۆژە زۆر بەزەییم بە شێخ مەحمووددا هاتەوە؛ خەفەت و پەژارەیەکی خەستوخۆڵ سەرودڵمی داگرتبوو و، گلەییم لە خۆمدەکرد کە چۆن ڕوومنەهات بە شێخی نەمر بێژم؛ ڕێمبدات مانگێك لە خزمەتیدا بم. ئەو بیرەوەرییەکانی خۆی باس بکات و، منیش بیانووسمەوە. بڕیارم دا بە هۆی ئەحمەدەوە بەڵێن وەربگرم لێی بۆ ئەم مەبەستە، داخی گرانم ڕۆژگار نەخشەیەکی دی کێشابوو.

هاوین بڕایەوە و پایز هات و، چوومەوە کەرکووك بۆ سەر کارەکەم. ڕۆژ ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ بوو، پاش نیوەڕۆیەکی زوو بوو کە لە قوتابخانەوە، دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ؛ لە پردی خاسە پەڕیمەوە، هەستم بە جووڵە و بزووتنەوەیەکی نائاسایی دەکرد لە نێو شاردا. جادەکان بە درێژایی چەند کیلۆمەترێك بە ئۆتۆمبێل گیرابوون، خەڵك هەموو شپرزە و شڵەژاو، هێندێك دەگریان، هێندێك ڕایاندەکرد، سەتان دەوریش زیکریاندەکرد، دوکانداران دوکانەکانیان دادەخست. کە گەیشتمە بەر گەراجی سلێمانی، کامەران موکریم دی، بەخێرهاتنمکرد و، لەوم بیست کە شێخ بەیانیی ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا کۆچیدواییکردووە. هەتا دەهات دنیا دەخرۆشا. سەتان ئۆتۆمبێل لە مووسڵ و، هەولێر و دیالە و، بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقەوە هاتنە کەرکووك و لەگەڵ سەتان ئۆتۆمبێلی دیکەی کەرکووکییەکان

روویان کردە سلێمانی؛ تەرمی پیرۆزی شێخ مەحموود بە کەرکووکدا برایەوە سلێمانی.

ڕۆژی ناشتنی شێخی نەمر قیامەتێك بوو بۆ خۆی لە مێژووی نەتەوەی کورددا، نێزیکەی ملوێنێك کەس رژابوونە سلێمانی و؛ دەستکرا بە خۆپێشاندان دژی ڕژێمی داگیرکەری عێراق، کە ئەویش بە گوللە وەرامی جەماوەری بێزار بووی دایەوە، گەلێك کەس بریندار کران، **ئەختەری ژنی ڕەشۆڵی گۆرانیبێژ** کە سەرکردەی کۆڕێك خۆپیشاندەری دەکرد، بە گوللەی داگیرکەران شەهید کرا، تەنانەت تەرمەکەی شێخ مەحموودی نەمریش چەند گوللەیەکی بەر کەوت.

ئەرێ ... شێخ مەحموود بە لەش مرد، بەلاَم ئەوەتە بە گیان و بیرەوەری لە نێو خۆماندا زیندووە. شێخی نەمر سەربەرزی بۆ خۆی و، سەرشۆڕی و رووڕەشی بۆ دوژمنان بەجێ هێشت. جێی بەهەشتی بەرین بێ.

بەرلین ١٩٩٧/١٠/٩

" سەکۆ " ژمارەی ١٣ تشرینی دووەم ١٩٩٧

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٠ جوزەردانی ٢٠٠١

پەراوێزەکان!

(١) و ٢) و ٣): لەگەڵ شێخ ئەحمەد و حاجی عەزیز و مەلا عومەری گۆلێ
چیرۆکی خۆش و پڕ گاڵتەمان پێکەوە زۆرترە. سەیر ئەوەیە ئەحمەد لە سەرەتای شەستەکانەوە، پاش ئەوەی ماوەیەك لە ڕۆمانیای، **بە قسەی کۆمۆنیستە عێراقییەکان** تیروتەسەل و (لە ڕاستیدا لە برساندا مردوو) یەك دوو ساڵ خوێندی؛ ئەوجا هاتە ئەلمانیا و لە ئەلمانیا ساڵانێکی دوور و درێژ لە یەکەوە نێزیك بووین. وا لێرەدا بەزمێکی خۆشی ئەم برادەرانە دەگێڕمەوە بۆ پێکەنین:

لە پاش تەواو کردنی خوێندنی قوتابخانەی نێوەندی، ئەز چوومە بەشی زانستی لە قوتابخانەی دوانێوەندیی سلێمانی و، **ئەحمەد و عەزیز و مەلا عومەریش** چوونە بەشی وێژە (ادب). ژووری هەر دوو پۆلەکە (هی ئێمە و هی ئەوان) لە تەنیشت یەکەوە بوون. بە ڕێکەوت کچێکی دیان (مسیحی) لە بەشی وێژەدا دەیخوێند، چۆنکە لە قوتابخانەی دوانێوەندیی سلێمانی کچان، بەشی وێژە نەبوو. ئەم کچە سرەکەی لە تەنیشت سرەکەی مەلا عومەرەوە بوو. زۆرتریش هەر لەگەڵ مەلا عومەر بەحەوشەی قوتابخانەکەدا دەگەڕا و قسەیدەکرد. ڕۆژێکیان مامۆستای زمانی عەرەبی عەزە هەڵدەستێنێتە سەر تەختە و، ڕستەیەکی پێدەنووسێ و دەبێژێ ئەم ڕستەیە (اعراب) بکە: لە ڕێزمانی عەرەبی دا (جار و مجرور) هەیە کە دەبێ ببەسترێ (متعلق) بە بەشێکی ڕستەکەوە، کە عەزە دێتە سەر (جار و مجرور) مامۆستا لێی دەپرسێ بەستراوە (متعلق) بە چییەوە، عەزە گەلێك شت دەڵێ، بەلام مامۆستاکە هەر دەبێژێ وا نییە. لەوەوە عەزە سەرلێدەشێوێ و هیچی پێنامێنێ، کە تەماشای مەلا عومەر دەکات لە تەنیشت (میلۆ)وە دانیشتووە و دەخنێتەوە، دەڵێ: جا کە ئەمانە هیچیان نەبن، کە واتە (جار و مجرور)ەکە (متعلق) ە بە گونی مەلا عومەرەوە". هەر ئەوە دەڵێ و مەلا عومەر وەك فیشەکە شێتە ڕاستدەبێتەوە و دەستدەداتە یەخەی. مامۆستاکە کە کوردی تێناگا و نازانێ عەزە چیگوتووە، دەقیرێنێ بەسەریاندا و دەبێژێ: "دەستبەردەن لەیەك". قوتابییەك بە عەرەبی تێی دەگەیەنێ کە عەزە چی گوتووە، ئەو دەمە مامۆستاش دەپچڕێ لەبەر پێکەنین و

قوتابییش هەموو پێدەکەنن. هێندێك هەوڵدەدەن لەیەکیان بکەنەوە. ئەمەدا هەرا زل بوو و ئێمەش کە گوێمان لە هەراوهۆریا بوو ژوورو پۆلمان بەجێهێشت، کە تەماشام کرد مەلا عومەر ڕەنگی تێکچووە و هەناسەی سوار بووە و جنێودەدا. گوتم ئەوە چییە؟ گوتی: "ڕاوەستە بزانە ئەوی باسی شتومەکم بکات چۆن لە دارەڕای جسناتی دەبەم" و قوتابخانەی بەجێ هێشت. دوایی هەموومان زانیمان چییە. سەعاتێکی پێ نەچوو ئێمەش لە پشوودا بووین، مەلا عومەر بە قەمەیەکەوە خۆی کرد بە قوتابخانەدا؛ زۆربەی زۆری مامۆستایان و قوتابییان لەبەر پێکەنین نەیاندەتوانی هیچ بکەن، بەڵام دوایی قەمەکەیان لە دەستی مەلا عومەر سەند و دەستمان پێکردنە ملی یەك و بەزمەکە کۆتاییهات. بەڵام ئەم چیرۆکە وەك پەندی پێشینیانی لێهات، هەر کاتێك باسی "جار و مجرور" بهاتایە پێشەوە، دەبوو بە پێکەنین و، دەمانگوت بەستراوە بە گونی مەلا عومەرەوە و، تەنانەت مەلا عومەر خۆشی پێدەکەنی.

٤) بزووتنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەب و فارس و ترك لە بیستەکانی ئەم سەتەیەوە زۆر پەرەی سەند، بەتایبەتی پاش دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆنال بۆ ئەم سێ گەلە. دەوڵەتی ترك بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال (ئەتاترك) لە ١٩٢٣ / ١٩٢٤دا و دەوڵەتی فارس بە سەرکردەیەتیی ڕەزا خان (پەهلەوی) لە ١٩٢٥دا و دەوڵەتی عەرەب بە سەرکردەیەتیی بنەماڵەی شا فەیسەڵ لە ١٩٢١دا. پاش مردنی فەیسەڵی یەکەم، شا غازی پێوەندییەکی توند و تۆڵی بە ئەڵمانیای نازییەوە بەست و پڕۆپاگەندەی یەکێتیی عەرەبی دەکرد، هەتا لە ١٩٣٩/٤/٤دا بە ڕووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل مرد (کە دەڵێن دەستی دەزگەی نهێنیی بەریتانیای تێدا بووە). لە ١٩٤١دا ڕەشید عالی گەیلانی کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، بە تەمای نەهێشتنی دەسەڵاتی بەریتانیا بوو لە عێراق؛ بە پشتیوانیی ئەڵمانیا. بەڵام هێزەکانی بەریتانیا کە لە حەبانییە (حبانیة) مۆڵیان بەستبوو، لە ١٩٤١/٦/٢دا حکوومەتی گەیلانییان خست و گەیلانی ڕایکرد بۆ ئێران بۆ لای ڕەزاخانی دۆستی و لەوێ مایەوە تا پاش کودەتای قاسم لە ١٩٥٨دا. کە گەڕایەوە بەغدا جارێکی دی هەوڵی کودەتای دایەوە، بەڵام گیرا و خرایە زیندانەوە.

٥) پاش کودەتای ژەنەراڵ قاسم لە بەغدا لە ١٩٥٨/٧/١٤دا کە بوو بە هۆی

هەڵتەکاندنی رژێمی شایەتی و دامەزراندنی رژێمی کۆماری لە عێراقدا، گەلێك کەینوبەین و راپۆرتی نهێنیی سەردەمی شایەتی کەوتنە ڕوو. لەوانە نامەیەك بوو کە لە دەزگەی ئاسایشی (دائرةالامن)ی کەرکووکەوە نێردرابوو بۆ سلێمانی و، داوای چاوخستنەسەری پتری ئەوانە کرابوو کە خەریکی چالاکی کۆمۆنیستانە و جیابوونەوەخوازانەن. لیستەیەك نێو نووسرابوو، کە یەکەمین نێو، **ئەز (جەمال نەبەز) بووم، ئەوجا مامۆستا رەفیق حیلمی، فایەق هۆشیار (حاکم)، (دوکتۆر جەمال رەشید)** (بژیشك) **حەمە سالح دیلان، ئەحمەد غەفوور بابان (یەکێك بوو لە بەرپرسیارەکانی پارتی کۆمۆنیست لە سلیمانی)، ئیبراهیم ئەحمەد** و، چەند نێویکی دی کە لە بیرم نەماون.

بەتایبەتی باسی **حەمە سالح دیلان** کرابوو، کە لە رۆژی ناشتنی مامۆستا **حەسەن تۆفیق دا** بە قسە پەلاماری **"خاوەن مەزنێتی"** (فخامة) **نووری سەعیدی** داوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رژێمی دوابراوی شایەتیی عێراق: کوردایەتی و کۆمۆنیستی وەکیەك تێدەنواڕی و کوردایەتی لە کۆمۆنیستایەتی بە بقەتر دەزانی.

٦) گۆڤاری **"یەکێتی تێکۆشین"** کە لە سالآنی ١٩٤٤ / ١٩٤٥دا وەك زمانی حاڵی پارتی کۆمۆنیستی عێراق (لقی کورد) دەرچووە (ژمارە ٢ ساڵی ١) لاپەڕە ٧ دەنووسێ: **"ئەگەر سەیری حەرەکەتی شێخ مەحموود بکەین لەکاتێ کە ئەیەویست لە ژێر نفووزی ئیستیعمار بە دەرەبەگیاتی کوردستان ئیدارە بکا...** "(تەماشای جەمال نەبەز: **گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین ١٩٤٤ ـ ١٩٤٥ و ئیدیۆلۆژی هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد**) بلآوکراوەی ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆلم ٢٦٠٠ / ١٩٨٨ بکە.

٧) وشەی **"جلخوار"** لە "جلی خـوار"ەوە نەهاتووە. وشەکە لە بنەڕەتدا **"جر خوارە"** جر Cir لە زمانی کوردیدا بە مانای رەوشتوخو، هەڵسوکەوت، دێ. لە کوردی باکووردا دەبێژێ "جرێ وی خراپە Cirê wî xirape واتە رەوشتوخووی خراپە. کەواتە **"جلخوار" مانای رەوشت نزم**"ە.

٨) **سمایل خانی سمکۆ** لە ٨/١٠/١٩٢٣دا چووەتە سلیمانی بۆ لای شێخ مەحموود، شێخ زۆر رێزی لێگرتووە. سمکۆش شێخ مەحموودی بە شای کوردستان

زانیوە، ڕۆژنامەی **"ڕۆژی کوردستان"** لە ١٩٢٣ دا گەلێك نامە و تەلەگرافی نێوان شێخ مەحموود و سمکۆی بڵاوکردووەتەوە.

٩) بەکر سیدقی لە ١٩٣٦/١٠/٢٩دا لە ڕێی کودەتای سوپاییەوە حکومەتی عێراقی خست و حکوومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتیی حیکمەت سلێمانی ڕەواندزی دامەزراند و، چەند وەزیرێکی ناسراوی عەرەبی وەك **کامیل چادرچی و جەعفەر ئەبو تمەن** (جعفر ابولتمن) گرتە خۆی. بەڵام لە ١١/ ١٩٣٧/٨ دا و لە کاتێکدا بە فڕۆکە دەیویست لە ڕێی مووسڵەوە بچێ بۆ ئەڵمانیا، تا پەیمانی یارمەتیی سوپایی لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا بکا، لە یانەی ئەفسەران لە مووسڵ کوژرا.

١٠) ئەم قسەیەم جارێکی دی لە **مۆنیخ** لە ساڵی ١٩٦٥دا لە باوکی **ئەحمەد نەقیب**، واتە **شێخ ڕەئووف** بیست، چونکە لە کاتی دەستبەسەریی شێخ مەحموودا لە بەغدا؛ شیخ ڕەئووف لە خزمەتیدا بووە.

١١) بنەماڵەی **عەبدولقادر سنوی (عبدالقادر سنوی) بە بنەچە و ڕەچەڵەك خەڵکی سنەن و وشەی "سنەیی"یەکەیان لە بەغدا کردووە بە "سنوی"** ئەم بنەماڵەیە خزمی شێخ لەتیفی دانساز بوون لە سلێمانی، کە ئەوانیش هەر سنەیی بوون. **شێخ لەتیف** پیاوێکی زانا و، لە پیشەسازیدا زۆر زیرەك و ژێهاتی بوو، بێجگە لە دانسازی گەلێك پیشەی دیکەشی زۆر بەباشی دەزانی. پیاوێکی بە ڕۆمەت و کوردپەروەر بوو. کوڕەکانی **شێخ عەبدوڵڵا و شێخ بابا عەلی** دۆست و هاوڕێی سەردەمی منداڵیم بوون، باخێکیان هەبوو بەرامبەر **گردی سەیوان** کە بە باخی **شێخ لەتیف** ناسرابوو.

١٢)-

لە بەغداوە دەرچوو، سەیوانە ئامانجی
ڕێ چۆڵکەن ئەی برای زازایی و کرمانجی
ئەو مەحموود جەودەتەی کە قیبلەی هیوا بوو
ئەو مەحموود جەودەتەی قەڵا بوو، پەنا بوو
ئەو مەحموود جەودەتەی کە ڕۆژی تەنگانە
تۆڵەی بۆ دەسەندین لە ئۆردووی بێگانە

ئەو مەحموود جەوددەتەی سروشتی خاکی بوو
سەرتاپای کردەوەی پاکی بوو، چاکی بوو
ئەو کوردە، ئەو مەردە، ئەو رۆڵەی هەڵکەوتە
ئەو زانا و ئەدیبە، ئەو مەحموود جەودەتە
رێ بەردەن با بڕوا بۆ سەیوان تابووتی
چاو شۆڕکەن لە ئاستی توانج و تانووتی

(شیوەن و فرمێسك، عەبدوڵڵا گۆران): **مامۆستا گۆران لە ساڵی ١٩٥٤ دا فەرمووی: "کورد دەیانتوانی کارێك بکەن کە مەحموود جەودەت لە سێدارە نەدرێ، بەڵام بێغیرەتییان نواند."**

١٣) سەفیری ئەڵمانیا لە عێراق لە سەردەمی بەکر سیدقیدا (دوکتۆر فریتز گرۆبە) بوو. لە یەکێك لە راپۆرتەکانیدا لەسەر عێراق دەبێژێ: **"کاتێك بەکر سیدقی نەخشەی پاراستنی کوردستانی باسکرد لەگەڵم، بە دزییەوە پێمی گوت کە خۆی کوردە و بەتەمایە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ، کە کوردی عێراق و ئێران و تورکیا بگرێتەوە، ئەم دەوڵەتە دەبێ ئەوەی لەدەست بێ سەربەخۆیی خۆی لە دەستدرێژیی دراوسێکانی بپارێزێ"**

(تەماشای (نجدت فتحي صفوت، العراق في مذاكرات الدبلوماسيين الاجانب، لبنان ١٩٦٩ ص ١١٧ بکە) . **ئیدی قسە لەمە پاك و پوختەتر دەبێ؛ جەنابی دوکتۆر کەمال مەزهەر؟؟**

— — —

سەرنج!

پاش خوێندنەوەی ئەم وتارە لە لایەن هاوڕێی خۆشەویستم شێخ ئەحمەد نەقیبەوە کە نامە و تێبینییەکانی بە تایبەتی بڵاوکراونەتەوە، رووبەڕوو پێمیراگەیاند، کە ئەو هاوڕێ قوتابییەی قەمەکەی هێنا بۆ قوتابخانە، **مەلا عومەر** نەبوو؛ بەڵکو **عەزیز محەمەد** بوو؛ کە عێراقچییەکان بۆ گاڵتەکردن بە کورد و کوردایەتی دەماری عەزیزیان گرتبوو، ئەویش لەتاو گیانی خۆی پەنای بۆ ئەو کارە بردبوو.

شێخ ئەحمەد گوتی **"مەلا عومەر پاش ئەوەی لە سەرەتاوە پێی ناخۆش بوو کە**

"جار و مجرور"ە کە **"بیەستریٚ بە گونییەوە"**، دوایی راهات لەگەڵی". لێرەدا حەزم کرد ئەم چیرۆکە راست بکەمەوە کە وادیارە شێخ ئەحمەد باشتر لە بیری ماوە.

جەمال نەبەز

«سەکۆ» ژمارە (۱۳) تشرینی دووەمی ۱۹۹۷
گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ۲۰ مانگی جۆزەردانی ۲۰۰۱

چەند سەرنجێك
لە بارەی سەردانەکەمانەوە لە
«شێخ مەحموودی نەمر»

تێبینی!

لە ژمارەی پێشووی **"سەکۆ"**دا (ژمارە ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧) وتاری"پاشنیوەڕۆیەك لە خزمەت شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر دا" بلآو کرایەوە. هێشتا ئەو ژمارەیە لە ژێر چاپدا بوو، کە برا و هاوڕێی هەمیشە لە یاد ئەحمەد نەقیب بەرێکەوت بۆ سەردانێکی کورت هاتبووە ئەلمانیا و، لە مۆنیخەوە تەلەفۆنیکرد بۆم. هاتنی ئەحمەد؛ کە هەڵکەوتێکی سەیر بوو لەم کاتەدا، بوو بە هەلێك کە دەقی وتارەکەم بنێرم بۆی و، تکا بکەم لێی بیخوێنێتەوە و، ئەویش چی دیکەی بەبیردا دێ لە بارەی ئەو سەردانەمانەوە لە شێخ مەحموودی نەمر؛ بیخاتە سەر کاغەز، تا ئەوەش لە "سەکۆ"دا بلآو بکرێتەوە. ئەحمەد لە پاڵ راگەیاندنی هەواڵی جەرگبڕی کۆچیدوایی هاوڕێی هێژامان عەزیز محەممەد کە بەشداری ئەو سەردانەمان بوو، ئەم نامەیەی خوارەوەی نارد بۆم، کەوا منیش نامەکە و سەرجەمی ئەو بەشانەی کە پێوەندییان بەو سەردانە و شێخی نەمرەوە هەیە پێشکێش بە **"سەکۆ"**ی خۆشەویست دەکەم.

جەمال نەبەز
بەرلین ١٩٩٧/١١/١١

بەناوی خوای گەورە و کوردستانی پیرۆزەوە

برای ئازیز و کوردپەروەر و نووسەری بیری کوردایەتی، جەمال نەبەز

ئەم کاتە و هەموو کاتێکت باش. ئەم لاو و ئەو لاکانت ماچدەکەم... بەخوا زۆر بیرتدەکەم، بەڵام قەدەر نەیهێشت ئەمجارە لێرە چاومان بەیەکبکەوێ. خوا یار بێ بە زوویەکی زوو یەکدەبینینەوە. ئەگەر هەواڵی برای کوردی لێ قەوماوت دەپرسیت، باشم و ئیشاڵا هەر باش دەبین و خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

ئەوا بە تەپە تەپ و هەنگە شەلێ ئەم شۆرشەی دواییمان ٣٥ ساڵی خایاند. داستانێکی خوێناوی و پڕ لە گاز (ی ژەهراوی) و ئەنفال و ناهەقی بوو، تا گەیشتە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١. کورد بۆ جارێکی دی چوونەوە قامووس. ئێستە ئێمەی کورد پاش چەند مانگێکی کە پێدەنێینە ٨ ساڵەوە کەوا باشووری کوردستان بەدەست خۆمانەوەیە. کورە جەمال، ئەمە کەم نییە. خەونەکانی من و تۆ و هەزاران کەس هاتوونەتە دی. رۆژی کورد هەڵهات، بەڵام بەداخەوە کار باش ناڕوا بەڕێوە.

چەچەنستان بە ساڵێك رزگاری بوو. گەورەکەیان کوژرا. بەپەلە گەورەیەکی کەیان دروست کرد و ئەمە یەك و ئەوە دوو. **سلۆڤێنیا، کرواتیا، ئەرمینیا، بۆسنە، ئۆکرانیا، تاجیکستان** ... هتد هەموویان رزگاریان بوو. ئەمڕۆ مۆدە مۆدەی رزگاربوونە. لە بیرتە کاتی خۆی تەلەفۆنت بۆ کردم و گوتت: "**لەشکری ترك ئاڵای لەسەر باکووری قبرس هەڵکرد، بەڵام ئەمە سەرناگرێ**". من گوتم: "**جەمال کورد دەڵێت: هەر شتێك شەوی بەسەردا رۆیشت، تەواو سەریگرتووە**". ترك بوون بە خاوەنی ملکی هێلینییەکان و برایەوە. مەسەلەکەی ئێمەش شەوی بەسەردا تێپەڕیووە. بە هەموو ناتەواوییەکیشەوە ئیشاڵلا سەریگرتووە و، ئێمەی کوردی خواناس دەستبەنزاوەین بۆی.

وەرە ٥٠ ملوێن خەڵك لەسەر زەوی خۆی بژی، کەچی نەك هەر دەوڵەتی نەبێ، بەڵکو هەموو رۆژێکیش سەگ بە حەسارمان پێبکەن. ئێمە لە سەگیش (دوور لە تۆ و هی وەك تۆ) و کوڵەش خراپترمان پێکراوە. خۆ سەگی ئەوروپا قەدر ورێزی زیاترە لە ئێمە کە بەدەست بەغدا و تاران و ئەنقەرە و شامەوە دەناڵێنین. یەکێکیان دەڵێت

"سۆسیالیستم"، یەکێکیان دەڵێ "موسڵمانم"، یەکێکیان دەڵێت "دێمۆکراتم". مافی مرۆڤیشیان خستووەتە ناو ئاودەستخانەوە (دوور لە سۆسیالیزم و ئیسلام و دێمۆکراتی). هەی هەزار نەحلەت لە هەموویان.

رەبی مووی لێیێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ.

ئەوا کاتژمێر یەك و نیوی پاش نیوەشەوە، بەیانی دەڕۆمەوە کوردستان و، قەڵەمەکەم هێشتا کۆڵ نەبووە. (ئەحمەد، وا دیارە بەشیرستی تەواویت "قەڵەمەکەت بە قووەتە"! جەماڵ). بەڵام دووریی تۆ لە منەوە و من لە تۆوە زۆر ناخۆشە. لێرە دێتەوە بیرم کاتی خۆی تۆ لە گەراجێکدا دەخەوتیت (سەرنج: شێخ ئەحمەد باسی ساڵی ١٩٦٧ دەکا، کە لە شاری فیرتزبورگ دەمخوێند و کارمدەکرد و، ئەو پارەیەی دەستمدەکەوت دەمدا بە چاپ و چاپەمەنی و کرێ ی پۆستە و مەسرەفی دیکەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ـ نوکسە و نەمدەتوانی ئەپارتمانێك بەکرێبگرم، بەڵام هەر لە گەراجەکەدا جێی خواردنەدروستکردن و دووشکردن و تەوالێتی تێدا بوو. ئەحمەد کە نامەی دەنووسی بۆم لە پشتی پاکەتەکەی دەنووسی: in der garage (لە گەراجەکەدا)، تا پۆستەبەر سەری لێنەشێوێ: جەماڵ نەبەز) زۆرم لا سەیر بوو مرۆڤێك لە گەراجێکدا بخەوێ لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا. ئەوجا لە بیرتە کە قبووڵییەکەمان لێنا و بڵدەرچوو تۆ تۆرایت و لەسەر چەرپاکە خۆت تەخت دا بەزەویدا، ئێمەش نانەکەمان بە رەحەتی خوارد و سوپاسی خوامان کرد. ئەوجا رووم کردە تۆ و گوتم: جەماڵ، من لە هەموو ژیانمدا نەمدیوە خاوەن ماڵ لە میوان بتۆرێ، بەڵام وا دیاربوو تۆ خۆت بە میوان دانا و منت بە خاوەن ماڵ. هەر بژیت بۆ کورد و کوردستان.

لە بیرتە جارێکیان **کەماڵ فوئاد و ئەرجومەند** (سەدیق) نامەیان بە عەرەبی نووسیبوو بۆم (ئەو ساڵە پێم وایە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووم)، تۆش هەڵەی رێزمانی عەرەبیت لێدۆزینەوە و نامەکەمان بە راستکراوی ناردەوە بۆیان.

ئەوجا دێمە سەر باسی سەردانەکەمان لە شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر لە داریکەلی:

١) یەکێکمان، لەبیرم نەماوە، کامان بوو، داوای شۆرشی لە شێخ کرد، **شێخ لە** وەرامدا فەرمووی: «**کاتی نییە ... پەیمانی سەعدئاباد هێشتا ماوە. ئێستە پەیمانی** بەغدای پێدەڵێن. لێماندەدەن و دەنگمان کپدەکەن. ئەو دەمە هەر کوری خەڵك بەکوشت دەدرێن و هیچی کە، چەند کەسێکیش پێیدەبنە پیاوی رۆژ».

٢) یەکێکمان بە شێخی گوت: "تۆ لەم خانووە قورینە بچکۆلەیەدا دانیشتوویت، بێگانە دێنە لاتان، ئەمە بۆ شانی شای کوردستان جوان نییە." (سەرنج: وا بزانم ئەو پرسیارە عەزیزی کۆچکردوو کردی: جەمال نەبەز). شێخ لە وەرامدا فەرمووی: "**من زۆر جار ماڵ و حاڵم پێکەوە ناوە. خانووی جوانم دروستکردووە، بەڵام هەمووی بە فیڕۆ رۆیشت. هەتاکو کورد نەبێ بە دەوڵەت، خانوو و ماڵ و سامان دروستناکەم. چۆنکە هەمووی لەناکاو بە تاڵاندەبرێ!**"

٣) شێخ مەحموود رووی کردە هەموومان و فەرمووی: " کەس بە کەڵکی من نایەت، هەتاکو کورەکانی خۆشم خزمەتم ناکەن. لەوانەی خزمەتی من دەکەن، حاجی مەلا شەریفی سەعاتچییە، ئەو هێندێك لێفە و دۆشەك و ناوماڵی کریوە بۆم و لە سلێمانییەوە کەلوپەل دەنێرێ بۆم. حاجی نامیقی خەراجیانیش یەکێکە لە پێشمەرگە کۆنەکانم کە هیچ کاتێك پشتمی بەرنەداوە. ئەویش و حاجی مستەفاش. شێخ جافەر کاکەلاویش بنکدار (وەکیل) یم دەکا. بەڵام ژێر تاڵی ریشی هەزار هێندەی تێدایە ... هتد" هەروەها شێخ فەرمووی: " **ئەوانەی کە دۆستی هەتا سەرم بوون و، لە شۆرشدا پشتمیانبەرنەدا شێخ حەمە غەریبی قەزانقایە (زاوای شێخ ئەحمەد بوو: ئەحمەد نەقیب). هەروەها سەید نووری شێخ محێدینی کانیکەوە و کەریم بەگی هەمەوەند و داودبەگی جاف (کەلار) و سەی محەممەدی جەباری و جافرسان و شێخ مستەفای کەلبەزە و سەی ئەحمەدی نەقیب (ئەمیان لە حیجاز کۆچیدوایی کردووە: ئەحمەد نەقیب) و شەلی ناکە و کوێخا ئەمینی چوارتایی و حاجی سەی حەسەن و خەلیفە شێخ عیسای بەرزنجی و محەی ساڵە سوور و زۆری دیکە**".

٤) شێخ فەرمووی: "کە ئینگلیزەکان من و **شێخ حەمە غەریب** یان لە ئەندامانەوە هێنایە کوێت، میوانی باوکی ئەم شێخانەی ئەمرۆی کوێت بووین (نازانم شێخ مەحموود سالم الصباح ی گوت، یان یەکێکی دیکە لە بیرم نەماوە: ئەحمەد نەقیب). شێخەکانی کوێت زۆر خزمەتی منیان کرد و هاتن بۆ لام دڵخۆشییان

دەدامەوە و دەیانبردم بۆ راو و شكار. رۆژێكیان ئینگلیزەكان فرۆكەیەكیان ئامادە كرد كە بمبەنەوە بۆ ناسرییە (عێراق). منیش مالآواییم لە شێخی كوێت كرد و ئەم لاو و ئەو لای یەكمان ماچكرد و شێخی كوێت سەرینایە پەنا گوێم و گوتی: «یا شێخ. یا ابن عمي. الانكليز يعطوني آني و الفرسان و الحراس فقط ٨٠٠٠ روبيه و هذا ما يكفي لمصاريفنا. ارجوا ان تعفوا قصورنا اذا ما كنا قائمين بواجبنا». ئامۆزا، ئینگلیزەكان بە من و سوارەكان و پاسەوانەكان ٨٠٠٠ رووپیێ دەدەن. ئەمەش بەشی خەرجیمان ناكا. تكایە لە كەمو كورتیمان ببوورن ئەگەر نەمانتوانیبێ پێویستی سەرشانمان بەرامبەرتان بەجێبهێنین». ئەوجا شێخ مەحموود فەرمووی: "ئێستە من كوێخای داریكەلیم و ئەوانیش لە خوا بە زیاد بێ و خوا لێیانتێكنەدا پاشای كوێتن..."

جەمال گیان، ئەمانە ئەو شتانە بوون كە شێخ باسیكردن، بەلآم لە وتارەكەی تۆ دا نین. ئەوجا دێمەوە سەر باسی هەلآتنی شێخ لە بەغداوە بۆ كوردستان لە سالی ١٩٤١دا، كە تۆ لە وتارەكەتدا پەنجەت راكێشاوە بۆی. مەحەی سالەسوور شێخ مەحموودی لە بەغداوە بە ئۆتۆمبیل فراند بۆ گەرمیان و، لەوێوە بە سواری گەیاندیانە داریكەلی و گەیشتە لەشكری كوردی دەور و پشتی سلێمانی و لەشكری پشدەریش هاتن بۆلای. بنەمالەی بابەكراغا و ئاغاكانی هێرۆ و شێخ محیدینی سندۆلان بەشداری ئەم هەلمەتەیان كرد.

منیش تازە سواری هەسپ دەبووم؛ تفەنگێكی شكاوم پێبوو، لە خزمەت شێخ دا بووم. لە سیتەكەوە هاتین بۆ چایخانەكەی ئەزمەڕ. لەوێ شێخ مستەفا قەراخی (كە متەسەریفی سلێمانی بوو) و بابە عەلی حەفید نوێنەری حكومەتی بەغدا بوون، مافی كورد دانی پێدا نەنراو بە شێخیان گوت: تۆ نابێ بجوولێیتەوە". ئەویش (شێخ مەحموودی نەمر) هەلسایە سەرپێ و جنێوێكی خراپی دا بە شێخ مستەفای قەراخی. خەلكەكە هەموو لە پشتی شێخەوە بوون. تەنانەت پۆلیسەكانیش گوتیان: "بە قوربانت بین شێخ مەحموودی شێر". دانیشتنەكە سەرینەگرت و هاتینەوە سیتەك. لەشكری كورد لەسەر مالی شیخ جەلالی حەفید دەژیا. مالی شیخ جەلال ئەوساكە لە سیتەك بوو. ئەوجا با هەر لەسەر ئەم خالە كەمێك برۆین.

ئەو رۆژە من بەچاوی خۆم دیم كوردیان دەناردنە لای شێخ مەحموود بۆ

پێکهێنانی ئاشتی. **شێخ فەرمووی: "لە جیاتی ئەوەی پیاو ماقوولێکی عارەب بنێرنە لام، دەچن کورد دەنێرن بۆم. خۆ من شەرم لەگەڵ کورد نییە؟!"** ئەم بەسەرهاتەی شێخی نەمر، **بارزانی نەمرم** دەخاتەوە یاد، جارێکیان لەگەڵ خوالێخۆشبوو، حاکم حەمە سالحی قەراخی، لە ئەوروپاوە چووینە کوردستان بۆ نێو شۆرش و، لەو سەفەرەدا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك بە بۆمبای فڕۆکەی هیلۆشین بریندار بووین؛ شەو لە پێنجوێن لە خزمەت بارزانیدا دانیشتین لە ماڵی **حەمە رەشید خانی دارۆخان. بارزانی** فەرمووی: **"شەرم لەگەڵ بەغدایە، کەچی لە جیاتی چەند عەرەبێکی رێکوپێك دەچن فەتاح شالی دەنێرنە لام. خۆ من شەرم لەگەڵ کورد نییە، کەچی کورد دەنێرنە لام بۆ ئاشتی"**.

جەمال گیان: دیارە ئێمە کە باسی شێخمان دەکەین لە کوردایەتییەوە باسیدەکەین، نەك لە خزمایەتییەوە. بەڵام بۆ زانین دەمەوێ ئەوە رابگەیەنم پێت: ئێمە و بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفید لە باپیرەوە ئامۆزاین و هەمووشمان لە بەرەی **شێخ عیسا** و **شێخ مووسای بەرزنجەین. باوکم، شێخ رەئووف، لەگەڵ شێخ مەحموود دا لە دایکەوە خاڵۆزا و پوورزان. کچی شێخ محەممەدی مفتی دایکی شێخ رەئوفە، خوشکی شێخ محەممەدی مفتی دایکی شێخ مەحموودی نەمرە. ئێمە لە بنەماڵەی شێخ حەسەنی گڵە زەردەین،** کە شێخ حەسەنی گڵەزەردە لە کتێبە عەرەبییەکاندا بە "شێخ حسن السعدانی" دەناسرێ و، لە کوردەواریدا **بە شێخ حەسەنی قوتب**. شێخ حەسەن، وەك خۆشت دەزانیت؛ هەر نوێژی نەکردووە، بەڵکوو خاوەنی بەرهەمێکی فرە دەوڵەمەندە کە بۆ کوردستان بەجێیهێشتووە. دەستنووسی کتێبی رۆژژمێر (التقویم) و ئەستیرەناسی (علم الفلك) و کتێبی کیمیاکەی لە کتێبخانەی گشتیی بەغدادن. کتێبی دکتۆرییەکەی لای منە، بە یارمەتی خوا کە هاتە چاپکردن، دانەیەکی دەنێرم بۆت. جارێکی کە سوپاس بۆ نووسینە دێرینەکەت. بژی بۆ کورد، ئەم لاو ئەو لاکانت ماچ دەکەم.

ئەحمەد نەقیب مونیخ ١٩٩٧/١٠/٢٥

سەکۆ ژمارەی (١٤)

کانوونی یەکەمی ١٩٩٧

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٠ ـ جۆزەردانی ٢٠٠١.

وتووێژی تەلەفزیۆنی «کوردسات» لە گەڵ دوکتۆر جەمال نەبەز

لە درێژەی چاوپێکەوتنەکانی «کوردسات» لە گەڵ ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرەکانی گەلەکەمان لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان، سەبارەت بە بارودۆخی ئەم دواییەی کوردستان و، پەلاماردانی پێ کێ کێ بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێستا بە تەلەفۆن لە گەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز لە ئالمانیا قسە دەکەین تا لەو بارەوە ڕەئیی خۆیمان پێبڵێ!

بەڕێز د. جەمال نەبەز ئەم کاتەو باش!

- کاتی ئێوەش باش، فەرموو!

زۆر سوپاست دەکەین، ئەگەر دەکرێ ڕەئیی جەنابت بزانین کە هۆکاری دروستبوونی ئەو شەڕە یا هۆکاری پەلاماردانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن پێ کێ کێ وە چۆن دەبینێ؟

باشە! ئەو بارە نالەبارەی کە ماوەیەکە لە نێوچەی سلێمانیدا هەیە، ئەنجامی ڕاستەوخۆ و خۆرسکیی ئەو ڕۆژە ڕەشەیە کە «پێ کێ کێ»ی تێکەوتووە. پێ کێ کێ وەك هێزێکی ڕێکخراو، کە لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا، یانی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا شەڕی دۆڕاندووە و لە هەموو لایەکیشەوە تەنگیپێهەڵچنراوە و، سەرەڕای گۆڕینی ستراتیژی خۆی، لە سەربەخۆیی کوردستانەوە بۆ مافی هاوولاتی لە سنووری کۆماری گوایە دێمۆکراتی ترکدا، وازهێنانی لە بەربەرەکانێی چەکدارانە و تەنانەت دوورکەوتنەوە لە سنووری دەوڵەتی ترك، دەمەوێ بێژم پاش ئەم هەموو هاتنە خوارەوەش هێشتا دەوڵەتی ترك هەڕەشەی لە نێوبردنی لێدەکا و لە نێوەوە و لە دەرەوە ڕاوەدوو و بەرەدووای دەنێ. ئەمە هەمووتان دەیزانن ئەم شتە. لەبەر ئەوە پێ کێ کێ ناچار بووە بەوەی ئامادە بێ دەست بە چڵەپووشێکیشەوە بگرێ تاکو نوقم نەبێ. ئێمە ئەگەر واز لەمە بێنین، یان بڵێین لەوە بگەڕێین کە بەشێکی باشی ئەم کوێرەوەرییەی کە «پێ کێ کێ»ی تێکەوتووە گوناهی هێندێك لەو ئەندامانەن کە

دەستڕۆیشتوون لە نێو پی کی کی دا (ئێمە ئەگەر واز لەمە بێنین!)، دەبی ئەوە بزانین کە داگیرکەرانی کوردستان لە بارەی هەوڵدانیانەوە بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستاندا، هەموو سوێندخۆری یەکن سەرەڕای هەموو دوژمنایەتییەکیان لە گەڵیەك. دەبی ئەوەش بزانین کە دیارە ئەمانە هەوڵدەدەن سووت لە پی کی کی ی تەنگاوکراو وەربگرن و بیبەن و بیانکەن بە گژ بەڕێوەبەرێتیی هەرێمی ئاسایشدا. لەمەشدا دەرفەتێکی باش دەبینن، چونکە هەتا ئێستا دەسەڵاتدارێتیی پارتی و دەسەڵاتدارێتیی یەکێتی، سەرەڕای چەند جارێك ئیمزای ڕێککەوتن، هەتا ئێستا ئەو ڕێککەوتنانەیان نەخستووەتە گەڕەوە. ئەمەش داخ و خەفەتێکی زۆرە و هیوام وایە کە بەزووترین کات جێبەجێبکرێت.بەتایبەتی لەم کاتەدا کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هەردوو برای بەڕێز مام جەلال و کاك مەسعوودی بانگهێشتکردووەتەوە بۆ لەندەن، هیوام وایە ئەمجارە بەڕاستی بیبڕنەوە و ڕێککەوتنێکی دۆستانە و برایانە و دیمۆکراتانە بێتە پێشەوە. ئەمە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕێکنەکەوتنەی پارتی و یەکێتی کارێکی وایکردووە کە سیاسەتی پارتی و یەکێتی بەرامبەر بە پی کی کی پێچەوانەی یەك بی. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە لە نێوان پارتی و پی کی کی دا شەڕێکی هۆ بە هۆ ڕوویدەدا، گێریلا و سەرکردەکانی پی کی کی بەوپەڕی سەربەستییەوە لە نێوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا هاتوچۆیاندەکرد و چالاکییان دەنواند و، تەنانەت یەکێتی و هەڤاڵبەندەکانی، وەك ئەوەی کە خۆی نێو ناوە «زەحمەتکێشان» دەچوونە شەڕەوە لە دژی لەشکری ترك و لە سەر پی کی کی بوون و، ئەوە بوو چەند سەت پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوون. ئەمەش دیارە هەڵەیەکی گەورە بوو کە دەبوو هەردوو حیزبەکە (پارتی و یەکێتی) ئەم هەڵەیە نەکەن. واتە سیاسەتێکی کوردانەی یەکگرتوویان پێشبگرتایە بەرامبەر پی کی کی. مەبەستم ئەوە بوو و، مەبەستم ئەمەیە هەردوو حیزبەکە پاش ئەوەی ئۆجەلان فەرمانی کشاندنەوەی گێریلاکانی لە سنووری ترك دەرکرد، پی کی کی بگرنە ژێر دەست خۆیان. پی کی کی هەرچەندە کردەوەی خراپی بی، هەرچەندە کردەوەی خراپیشی بی، هەڵەی ببی. بەڵام لە هەمانکاتدا پی کی کی هێزێکی کوردییە. ئێمە ئەگەر چاو لەوە بپۆشین کە بەڕاستی هەڵەیان کردووە و کردەوەی خراپیشیان نواندووە، بەڵام

ئەمانە کوردن و هێزێکی کوردین، خۆشك و بران، کوڕ و کچن ، باوك و دایکن، مرۆڤ ناتوانێ دەست لەمانە هەڵگرێ. پێویست بوو پارتی و یەکێتی ئەمانە بگرنە ژێر باڵی خۆیانەوە و، پێویست بوو کارێکی وابکەن کە وا پێ کێ کێ ناچار نەبێ پەنا بەرێ بۆ دوژمن. من کاتی خۆی (ئێوە ئەگەر بیرتان بێت!) لە **«کوردستانی نوێ»** دا وتارێکم نووسی **«پێ کێ کێ بەرەو کوێ؟!»** ئەو وتارەم پاش ئەوە نووسی کە نامەیەکم ناردبوو بۆ برای خۆشەویست و بەڕێزم **کاك مەسعوود بارزانی** و، وێنەی ئەو نامەیەشم دا بە برای خۆشەویست و هاوڕێی دێرینم **مام جەلال** و،کاتی خۆی کە **مام جەلال لە ئەمریکا** بوو بە تەلەفۆن منی ئاگادار کرد کە ئەو پێشنیازەی من کردوومە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی پێ کێ کێ شتێکی زۆر راستە و زۆری پێخۆشە ئەگەر پێ کێ کێ و پارتیش رازی بن بەوە. ئەمە لە لایەن یەکێتییەوە، هەرچی پارتیشە ئەوە بوو تەلەفزیۆنی **«کوردستان تی ڤی»** چەند جارێك نامەکەی من و پێشنیازەکانی منی خوێندەوە، یانی وادەرکەوت کە هەردوو سەرکردایەتیی حیزبەکان لەوەدا رێکن کە مەسەلەی پێ کێ کێ بەشێوەیەکی کوردانە و بە شێوەیەکی نەتەوەییانە چارەسەر بکرێ.ئەو شێوە کوردانە و نەتەوەییانەش ئەوە بوو کە ئەوگێریلایانەی کە دێنە باشووری کوردستانەوە، چەکەکانیان بدەنە دەست کۆمیتەیەك کە لە پارتی و یەکێتی و هەموو حیزبەکانی کوردستان پێکهاتبێ، رێکبکەون،(مەبەستم هەموو بەشەکانی کوردستانە، ناڵێم بەتەنیا پارچەی باشوور!) بە شەرتێك ئەو چەکانە نەبنە ماڵی حیزبێك بەڵکوو ببنە ماڵی لەشکرێکی کوردستانیی پاشەڕۆژ کە هیوام وایە بە زووترین کات پاش رێککەوتنی پارتی و یەکێتی بیرێتە پێش. ئینجا ئەمانە لە نێوچەی باشووری کوردستان کە وڵاتی خۆیانە وەکو هەموو هاووڵاتییەکی **کەرکووکی، هەولێری، سلێمانی، دهۆکی، زاخۆیی، فەیلی و خانەقینی** و ... هتد بتوانن بژین، هەروەك ماڵی خۆیان. ئەوەشم باسکردووە کە ئەوانەیان کە زۆر شتیان لە سەرە، دەتوانرێ بە شێوەیەکی دیکە پەنابەرێتی وەربگیرێ بۆیان لە وڵاتانی دیکە، هەتا پارتی و یەکێتی بتوانن لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆناڵیدا بۆ مەسەلەی پێ کێ کێ زۆر هۆشیارانە و بە شێوەیەکی سیاسەتکارانە ئەنجامێك ببیننەوە. ئەو شتانەم هەموو نووسیوە، بەڵام لە رۆژنامەی **«وڵاتدا»** کە لە سلێمانی دەردەچوو، مشتێ جنێو و درۆ و دەلەسە و قسەی

ناشیرینیان بە من تێدا نووسیبوو، جگە لەوەش لە «کوردستانی نوێ» شدا چەند چەقاڵ و بەقاڵێك راستبوونەوە و گەلێك قسەی ناشیرین و ئەوەیان کرد، ئەوە بوو جارێکیان حیزبێك ئاڵەو سەردەمەدا «حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان» تکای لە من کردبوو بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنیانەوە پیرۆزباییان بۆ بنووسم و، منیش ئەو پیرۆزباییەم بۆ نووسین، کەچی سەیر دەکەم لە ژمارەیەکی رۆژنامەکەیاندا پیرۆزباییەکەیان لە لایەك بلاّو کردووەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە هەزار جنێو و قسەی ناشیرین بە من، وەك گوایە ئەو قسانەی کە من کردوومە، وریِنەن.

هەروەك باسمکرد من لەو وتارەمدا «پیّ کیّ کیّ بەرەو کویّ؟!» نووسیومە ئەگەر یەکێتی و پارتی رازی نەبن بەوەی هێزەکانی پیّ کیّ کیّ بێنە باشوورەوە، بەهیچ جۆرێك هیچ کەسێك ناتوانێت لەویّ جێگایانبکاتەوە، چۆنکە جاریّ ئەو ولاّتە دەولەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو هەرێمی ئاسایشە و هێشتا دانی پێدا نەنراوە، دوای ئەوە دەسەلاّتی سوپایی پارتی و یەکێتی ئەوە نییە کە بتوانن بچن بەگژ دەولەتێکی داگیرکەری کوردستاندا، ئەمانە شتێکی ئاشکرا بوون. بەلاّم هێندێك کەس کە نەیانەویّ لە شت بگەن، یان بیانەویّ لە بەر بەرژەوەندیی حیزبەکەی خۆیان شت تێکبدەن، ئەوە بابەتێکی دیکەیە. دوێنیّ شەو خۆم لە تەلەفزیۆنەکەتاندا دیم کە یەکێك لە سەرکردەکانی زەحمەتکێشان کە جاران لە سەر «پیّ کیّ کیّ»ی دەکردەوە ئێستا بە ١٨٠ پلە لە دژیان دەدوا و قسەکانی بە جۆرێکی دیکە بوو. بەلاّم با ئێمە لەم شتانە بگەڕێین!.

بەڕاستی بۆ ئەوەی کە وا مەسەلەی پیّ کیّ کیّ چارەسەر بکریّ نابیّ بهێڵین بەهیچ جۆرێك «مجاهدين خلق»ێکی دیکە لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا دروستببیّ. پێویستە هەردوو حیزبەکە (پارتی و یەکێتی) بەزووترین کات بە بێگوێدانە بەرژەوەندیی حیزبایەتیی خۆیان، بە پشتگیریی هەموو دەسەلاّتدارانی دیکەی کوردستان، بە پشتگیریی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بە پشتگیریی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان و بە پشتگیریی موسلّمان و ئێزیدی و کاکەیی و هەموو هۆزەکانی کوردستان، بە پشتگیری ژنانی کوردستان، کارێکی وا بکەین کە مەسەلەی پیّ کیّ کیّ چارەسەر ببیّ و لەوە زیاتر نەتەنێتەوە، لەوە زیاتر بتەنێتەوە و درێژە بکێشیّ بروابفەرموون داگیرکەرانی کوردستان زۆر سووتی لێدەبینن. کە ئەم

قسەیە ئەمڕۆ دەکەم، هەر ئەمەشم وتووە لە ساڵی رابردوودا، بەڵام ئەوە بوو بەو شێوەیە لە «کوردستانی نوێ» و لە رۆژنامەی «زەحمەتکێشان» و لە «وڵات» و لەمانەدا بەو شێوەیە بەربەرەکانێکرام ر، وەرامدرایەوە. ئەوەتا ئەورۆ هاتە دی و، وەك دەبینن لە نێوچەی «یەکێتی» یش ئەو شەڕ و هەڵلایە هەڵگیرسا ....

یـووره دوکتۆر بەڵام خۆ یەکێتی لە سیاسەتیدا نەبووە شەڕی پی کی کی بکات، ئێستا ئەم شەڕە بەسەریدا سەپێندراوە!

من ئەختێك لەمەوبەر گوتم، یەکێتی لە سەر پی کی کی شەڕی کردووە و شەهیدی داوە، ئەوە راستە ئەو قسەیە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە بگرینە بەرچاو، ئێستا بارودۆخێك هەیە لەونێوچەیەدا، بارودۆخێك کە شەڕ هەیە لە نێوان یەکێتی و پی کی کی دا. ئێستا من تەماشای ئەمە ناکەم ئەم شەڕە لە چییەوە دروست بووە، چۆنکە ئەگەر باسی ئەوە بکەین ئەبێ سێ ـ چوار رۆژ قسەیلێبکەین. بەڵام ئەوەی کە هەیە ئەو شەڕەیە و پێویستە ئەوە ئەمێنێ. ئێمە بە شەڕ بە هیچ جۆرێك نابێ پشت ببەستین. دەبێ ئەوانەی سەر بە «پی کی کی»ن تێبگەن کە ئەو نێوچەیە نێوچەی خۆیانە، وڵاتی خۆیانە، بەڵام لە هیچ وڵاتێکدا تەنانەت، وڵاتێکی سەربەخۆ رێگە نادا بە تاقمێك بێن بەشێوەیەکی چەکداری لەوێدا دابنیشن. پێویستە بەرلە هەمووشتێك گوێڕایەڵی بکەن بۆ ئەو دەستوور و رێسا و یاسایەی کە لەو نێوچەیەدا هەیە. ئەمە خۆ لە هەموو دنیادا هەیە. ساڵانی ساڵ فەلەستینییەکان لە ئەردەن بوون، فەلەستینییەکان لە سووریە بوون، بەڵام لە ئەردەن و سووریاوە پەلاماری ئیسرائیل یان نەدا. خۆ من لە سەر یەکێتی ناکەمەوە، یان لە سەر پارتی ناکەمەوە، بەڵام پارتی و یەکێتییش ناتوانن رێگەیانبدەن لەو نێوچەوە دەوڵەتی ترك پەلامار بدرێ. شتێکی دیکەش هەیە کە دەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە ئەمان (پی کی کی) خۆ ئێستا نایانەوێ لە باشوورەوە پەلاماری هێزەکانی ترك بدەن، ئەمان شەڕیان لەوێ راگرتووە، باشە بۆچی شەڕەکە لە باشووری کوردستاندا دەکەن؟. تۆ باشوور بە مەڵبەندی خۆت دەزانی، بە شوێنی خۆتی دەزانی، قەیناکا، تۆ دەتەوێ ئاشتی بکەی لە گەڵ دەوڵەتی ترك، ئەی بۆچی ئاشتی ناکەی لە گەڵ خەڵکی وڵاتی خۆت، بۆچی ئاشتی ناکەی لە گەڵ برای خۆت، ئاشتی ناکەی لە گەڵ خوشکی خۆت. بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی نەرمو نیان لە گەڵ ئەمانە بجووڵێنەوە، چۆنکە ئەو

تاقیکردنەوە و ئەزموونەی کە لە باشووری کوردستاندا هەیە بەو شێوەیە لە باکووری کوردستاندا نییە، من تا هەندازەیەکیش حەق دەدەم بەوانەی خەڵکی باکوورن. ئەوی کە لە باشووری کوردستانە ئەزموونێکی نێزیکی پەنجا ساڵ **شۆرشی ئەیلوول** و شۆرشی دیکەی لە پشتە، ئەوە بەسەر ئەواندا هێشا نەهاتووە. ئەو شێوە پەروەردەکردنی سیاسییەی کە لە باشووری کوردستاندا هەبوو، هەتا ئێستا لە باکووری کوردستاندا نەبووە، ئەوان پێویستە هێندێك لەو ئەزموونانەی کە لە باشوور دا هەن تێبگەن و بیکەن بە ماڵی خۆیان. ئەگەنا باشووری کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە.

بەڵێ دوکتۆر، بەڵام وەك جەنابت وەزعی مەنتقەکە ئەبینی، یانی یەکێتی خۆ زۆر هەوڵیدا کە بە چارەسەری ئاشتییانە کێشەکە چارەسەر بکرێ، بەڵام جەنابت هەست ناکەی ئەمە تەنیا شەڕێکی کاتی نەبێ، سیاسەتێکی لە پشتەوە بێ و بەرنامەی بۆ دارێژرابێ؟

بەڵێ! من هەست بەوە دەکەم کە ئەمە هەیە، ئەمە هەیە. بەڵام هەموو ئەوانەی کە وا لە سنووری چەکدارەکانی پێ کێ کێ دا کار دەکەن، هەمووشیان ئاگایان لەمە نییە، دڵنیا بە! وەکو چۆن لە نێو یەکێتی، لە نێو پارتی، لە نێو هەموو حیزبێکی دیکەی کوردستانیدا هەزاران مرۆڤی بەشەرەف و بەناموس هەن، لە پاڵ ئەمانەشدا چەقاڵ و بەقاڵ و گەجەر و گوجەر هەن، لە نێو ئەوانیشدا هەن، بگرە لە نێویاندا زۆرتریش هەن. ئەگەر ئەو چەقاڵ و بەقالأنەیان لە نێو نەبوایە، دڵنیا بە «ئۆجەلان» نەدەگیرا. ئێستا من حەز ناکەم بە دوور و درێژی قسە بکەم، ئەوەی وا بەسەر ئەوان هات بەشێکی باشی گوناهی هێندێك لەوانەی خۆیانە کە لە سەر ئەوان حسێبن، جا بۆچی وادەکەن! ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەمە راستە، وایە. بەڵام ئێستە چارچییە؟!. چار ئەوەیە بە سیاسەتێکی کوردانە بە نەرمو نیانی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێ و، ئەمەش بەتاقی تەنیا بە یەك حیزب ناکرێ، بەڵکو یەکێتی و پارتی و هەموو حیزبەکانی دیکەی باشوور و باکوور و رۆژهەلات رۆژئاوا پێویستە یەکبگرن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی یەکگرتوویان بێ بەرامبەر بە پێ کێ کێ. پێ کێ کێ لە تەنگاویدایە. تەماشای مرۆڤ مەکەن، وەرە پشیلەیەك بخەرە ژوورێکەوە و لە هەموو لایەکەوە دەرگای لە سەر داخە، دیارە پەلامارتدەدا. کاتی خۆی لە وتارەکەمدا

نووسیبووم کە، ترسی ئەوەمان هەیە لە باشوور بێتەوە بە شەڕ و لە هەمانکاتدا «مجاهدین خلق» ێکی دیکە دروست ببێ. تکاتان لێدەکەم، یانی ئەو تکایەی من هەر بەرەورووی یەکێتی نییە، بەرەوڕووی پارتییە، بەرەوڕووی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانە، بەرەوڕووی هەموو ئینسانێکی بەشەرەفە، هەوڵی ئەوە بدەن کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن، چونکە بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر جێگەی مەترسی و خەتەرناکە. لە هەموو لایەکەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم دەسەلاتدارێتییە نەمێنێ. ئەم دەسەلاتدارێتیی کوردە نەمێنێ. ئەوانە، داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو رووێکەوە لە گەڵ یەکتر ناڕێکن، بەلام لەوەی کە وا ئەم دەسەلاتدارێتییە نەهێڵن، هەموویان یەکن. جا کوردیش دەبێ بۆ ئەوەی ئەم دەسەلاتدارێتییە رابگرێ، هەموو یەکبگرن، چونکە ئەم دەسەلاتدارییە بەتەنێ هی خەڵکی باشوور نییە، هی خەڵکی باکووریشە، هی خەڵکی رۆژهەلاتیشە، هی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانیشە، هی خەڵکی کوردستانی سۆری قوڕ بەسەرە. پێویستە ئەو دەسەلاتدارییە رابگیرێ و ئەم دەسەلاتدارییەش هەموو کاتێك رائەگیرێ بەوەیکە وا مرۆڤی تێگەیشتوو، مرۆڤی پشوودرێژ، مرۆڤی لە سیاسەتزان بێننە کارەوە. من دڵنیام لەوەی ئەوانەی کە وا لێشیان جیا بوونەتەوە ماوەیەکی زۆری دەوێ کە تۆ تێیانبگەیەنی کە بابە! من برای تۆم، کەسی تۆم، کاکی برام من چاکەی تۆم دەوێ، هەتا دەچێتە مێشکییەوە کاتی زۆر دەبا ....

پیووره دوکتۆر، ئەوا ئێستا یەکێتی هەوڵدەدا بە ئاشتی مەسەلەکە چارەسەر بکا، لە نێو پێ کێ کێ دا، کادرە دڵسۆزەکانی پێ کێ کێ چ دەورێکیان هەیە؟

بەڵێ، با من یەك شتت پێ بڵێم! ئایە ئەو کادرە دڵسۆزانەی ئەوان، شتیان بەدەستە؟ من ئەو پرسیارەت لێدەکەم! بەرەیی من ئەم شتە بەم شێوەیە نابێ، ئەم شتە بەوە دەبێ کە ئەوانەی بەڕاستی ئینسانی سادەن و لە نێویاندان تیانبگەیەندرێ، ئەگینا بەوەی کە تۆ زەلامێك لە سەرەوە بچی تێیبگەیەنی، یان کابرایەك کە پێوەندیی بە لایەکەوە هەیە، یان مرۆڤێکی دڵسۆزە، بەلام پێی وایە ئەم رێیەی ئەو گرتوویەتی راستە، یان تەنگاو کراوەو سەریلێشێواوە و، نازانێ چی بکا، ئەمە فایدەی نییە. ئەبێ سیاسەتێکی یەککگرتووی پارتی و یەکێتی ببێ لە هەردوو نێوچەکەدا، کارێکی وابکەن کە وەکو دەڵێ، بانگەوازێك دەرکەن بۆ

ئەوانەی کە وا لە نێویاندا ئەندامن. من پێموایە زۆر لەوانەی کە لە نێویاندان و ئەندامن ئاشتییان دەوێ، باوەڕ ناکەم شەڕیان بوێ. ئینسانی شەڕخوازیان هەیە لە نێودا، بەلاَم کارێکی وا بکرێ ئەو شەڕخوازانەی لە نێویاندان دەسەلاَتیان نەمێنێ. ئەوانەی کە تۆ دەفەرمووی دلَسۆز و واو و وان ... دەوریانتییە و، بەشێوەیەکی زۆر خراپ بێدەنگکراون. بۆخۆت دەزانی، کاتێ کە وا سەرکردەکەیان گیرا، پاش ماوەیەك گەلێك کەس هاتن، گەلێك کەس هاتن و کەوتنە رەخنەگرتن، مرۆڤی زۆر تێگەیشتوو بوون، بەلاَم سووتی کەم بوو، بۆچی؟ چۆنکە کەسانی دیکە نەبوون کە وا پشتیانبگرن. ژمارەیەکی زۆر کەم پشتیانگرتن. بەلاَم ئەگەر ئێستا پارتی و یەکێتی هەردوولا دەنگی خۆیان بکەن بە یەك و، بە شێوەیەکی کوردانە مەسەلەکە چارەسەر بکەن، رێنەدەن کە دەولَەتێکی دەر و دراوسێی داگیرکەر بچێ سووتیان لێوەر بگرێ، پێموایە بارودۆخەکە جۆرێکی دیکەی لێدێ. ئەوە رەیی منە. سالَ و نیوێك لەمەوبەر لە نامەکەمدا ئەو شتانەم نووسیبوو، ئەوا ئەمرۆ هاتنە دی. ئێستەش من پێت دەلَێم، ئەگەر یەکێتی و پارتی یەکبگرن و سیاسەتێکی یەکگرتوویان بێ لەم مەسەلەیەدا، ئەم شەڕ و هەلاَّیە بەو شێوەیە نامێنێ و، تەنانەت ئەگەر تاقمێك هەبن لە نێویاندا بە دەسیسەی بێگانە و داگیرکەری کوردستان بیانەوێ شتێ بکەن، ئەوە سەرناگرێ، دلَنیا بە لەوەی کە سەرناگرێ. چۆنکە زۆر تاقمی وا هەن لە باکووری کوردستاندا، لەوانە هەڤالَ خەجێ کە ئەو شتانە زۆر باش دەزانێ کە خەلَکی باکووری کوردستان، دەزگە و رێکخراو و رێبازی دیکە هەن کە لە گەلَ ئەمانەدا بەهیچ شێوەیەك رێك نین و یەك ناگرنەوە. لە بەر ئەوە من پێموایە ئەگەر پارتی و یەکێتی لە سەر ئەم ناکۆکییە برۆن بەرێوە و سیاسەتێکی یەکگرتوویان نەبێ، بڕوا بفەرموون شتەکە زۆر مەترسی لێدەر دەچێ. یانی مەترسییەکی وا کە ترسی ئەوەمان دەبێ ئایا دەسەلاَتدارییەکە دەکەوێتە لەرزینەوە یان ناکەوێتە لەرزینەوە!. ئێستا من ئەوە دەلَێم، هەلَیگرن بۆ پاشەڕۆژ!.

بە رای جەنابت دوکتۆر، دەوری رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی بێلایەنی نیشتمانپەروەر لە دەرەوەی کوردستان چییە بۆ روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە!

من بڕوا ناکەم یەکێ خۆی بە سیاسەتمەدار بزانێ بێلایەن بێت، لام وایە جەنابت مەبەستت لە بێلایەن یانی سەربەخۆ بێت. من بۆ خوم مرۆڤێکی سەربەخۆم و لە هیچ

حیزبێکدا نیم، بەڵام بێلایەن نیم. ئەگەر شتێك روویدا دەبێ مرۆڤ هەڵوێستێکی ببێ. بێ هەڵوێستیش مانای لایەندارییە. هەڵوێستی ئەوانەی لە دەرەوەن جیاوازە لە گەڵ یەکتری. هەڵوێستی مرۆڤی تێگەیشتوو، مرۆڤی نەتەوەیی ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ و، رێنەدرێ تەشەنە بکات و بە زوویەکی زوو پەلاماردانی چەکداری بوەستێنرێ و، کارێکی وا بکرێ کە وا پاڵ بە هەردوو حیزبەکەوە بنرێ، پارتی و یەکێتی سیاسەتێکی یەکگرتوویان ببێ بەرامبەر بەمانە، ئەوانەی کە لە باکوورەوە هاتوونەتە ئەو نێوە، پاش ئەوەی کە چەکەکانیان دایە دەست دەسەڵاتداریتیی کوردستان، رێی ئەوەیان بدرێوەکو هەموو هاووڵاتییەکی دیکە بەوپەڕی رێز و خۆشەویستییەوە لە باشووردا بژین، ئەمە ئەو بێلایەنییەیە کە تۆ دەفەرمووی، هی ئەو تاقمەیە کە سەربەخۆن کە سیاسەتێکی نەتەوەییان هەیە، یانی نەتەوەیین. بەڵام هێندێکی دیکەش هەن بۆخۆی لە ماڵی خۆی دانیشتووە و هیچ ناکا و هەرچی بقەومێ ئاگای لێنییە، ئیتر بە لای ئەوەوە زستانە، بەهارە، پایزە یان هاوین، بەلایەوە وەکیەکە. ئەوانەی کە تۆ دەفەرمووی سەربەخۆ ئەوانە جیاوازن، ئەوانەی کە نەتەوەیین دیارە لە گەڵ ئەوەدان کە مەسەلەی پ‌ی‌ک‌ی‌ک‌ی دەبێ لە لایەن کورد خۆیەوە چارەسەر بکرێت، چونکە ئەمانە کوردن و، پێویستە لە لایەن هێزی کوردەوە چارەسەر بکرێ. ئێستا دوو هێزی دەسەڵاتدار هەیە لە کوردستان، یانی هێزی دیکەش هەن لە کوردستاندا بەڵام ئەم دوو دەسەڵاتدارانە پێویستە لە سەریان پێکەوە دابنیشن و سیاسەتێکی یەکگرتوویان ببێ بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە. ئەگەر پێویستیش کرا کۆنفرانسێك بگیرێ بۆ ئەو مەسەلەیە کە بە ئاشکرا و لە هەموو دنیادا بڵاو ببێتەوە کە ئێمە پلان و نەخشەمان بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە بەم شێوەی خوارەوەیە. ئێمە رێیاندەدەین بێنە نێوچەکە بژین، بەڵام ئێمە رێنادەین بەوەیکە وا هیچ هێزێك بە شێوەی چەکداری ببێ لە نێوچەکەدا. ئێستا من رەییم لە گەڵ ئەوە نییە کە هیچ ئەندامێکی یەکێتی یان پارتی و چ ئەندامی حیزبێکی دی بێت بە چەکەوە بگەرێت. چەك ماڵی پێشمەرگەیە کە لەشکری کوردستانە، ماڵی پۆلیسە، ماڵی هێزی ئاسایشە، لەبەر ئەوە هیچ دەسەڵاتدارییەك مافی ئەوەی نییە رێ بە تاقمێك بدا بە شێوەی چەکدارانە بجووڵێتەوە، ئەمە راستنییە. بەڵام پێویستیشە لە سەری لە هەمانکاتدا بیانپارێزێ.

پاراستنی گیانی هەموو کەسێك کەوتووەتە سەر دەسەڵاتدارێتیی ئەو شوێنە و، بەڕاستی دەبێ ئەو کارە بکا و، ئەگەر زانی یەکێك زوڵمی لێکراوە یان لە بەردەم هەڕەشەی ئەوەدایە، هەڕەشەی گیانی، یان هەڕەشەی ماڵی، پێویستە دەسەڵاتدارێتیی کوردستان لە سەری بکاتەوە. ئەمە ڕەیی ئەو کەسانەیە کە سەربەخۆن و، ئەوە ڕەیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیشە، وەکو من قسەم کردووە لە گەڵ مامۆستا و برای بەڕێز جەواد مەلا، ئەویش بیروڕای خۆی دەربڕی بەرامبەر بەم حاڵە کە هەیە و، لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»شدا بیروڕای ئەو بڵاو کرایەوە. هەموو ئەوانەی کە وا ڕۆشنبیرن و، ڕۆشنبیری دڵسۆزن، ڕەییان لە سەر ئەمەیە کە ئەم مەسەلەیە بە زووترین کات بە شێوەیەکی دێمۆکراتیانە، برایانە خۆشکانە و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێ. چاوەڕوانیی من لە ئێوە ئەوەیە لە «کوردسات» و لە «کوردستان تی ڤی» کە ئێوە لەمڕۆوە کار بکەن و هەوڵبدەن لە خەڵکی بگەیەنن کە ئەمە مەسەلەیەك نییە ببێتە هۆی شەڕ و دوو بەرەکی و ناخۆشی و ئەمانە دروستببێت، ئێمە هەموو کاتێك ئامادەین ئەو کەسانەی کە وا دێنە ئەم نێوچەیە، خەڵکی هەرلایەکی کوردستان بن، یان هەر جورە کوردێك بن، حەز دەکا کوردی جاوە و سۆمەترەش بن، دەتوانن بێن لەو نێوچەیە بژین، بەڵام وەکو هاووڵاتییەك کە گوێڕایەڵی یاسا و ڕێسا و ئەو قانوونانە بن کە لەو نێوچەیەدا هەیە. خۆ ئەوە لە هەموو دنیا هەروایە، تۆ بچی بۆ هەر وڵاتێ بژیت، پێویستە ڕێز لەو ڕێسا و یاسایە بگری کە لەو شوێنەدا هەیە. ناتوانی خۆت جیا بکەیتەوە لەو دەسەڵاتەی لەوێ هەیە و دەسەڵاتێکی چەکداری پێڕەو بکەی. پێویستە هەوڵبدەی لە ڕێی سیاسەتەوە پێشبکەوی. ئەوە ڕەیی منە و ڕەیی زۆر لەوانەن کە ئینسانی سەربەخۆن.

بەڵێ، بەڵام دوکتۆر، ساڵی ڕابردوو یان ساڵێ لەمەو پێش لە ئەورووپا شتێ دامەزرا بەناوی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، یان کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بەڵام دەرکەوت لەم ڕووداوانە هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو، کە بە حیسابی خۆشیان نەتەوەییانە بیر دەکەنەوە!

تۆ لە من مەپرسە، لەوانە بپرسە کە هەوڵی ئەوەیان دا ئەو شتە دروستبکەن!. پانزە ساڵ لەمەوبەر لە لایەن بەڕێز جەواد مەلاوە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان دروست کرا و، کاك جەواد یەکەمین کەس بوو کە بیریی دامەزرانی پەرلەمانی

کوردستان لە دەرەوەی وڵات و کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی هێنایە پێش. ئەو لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەیی ئەوەی هێنایە پێش و ئەوە بیری ئەو بوو. ئەمان (**پی کی کی**) **کاتێکە پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتیان** دامەزراند، ویستیان کە **کاک جەواد** بچێتە نێو ئەو پەرلەمانەوە. **کاک جەواد** نەیویست بچێتە نێو پەرلەمانەکەوە، ئەوان هاتن تکایان لە من کرد، چۆنکە دەزانن ئێمە برایەتی و هاوبیرێتیمان کۆنە، وتیان تکات لێدەکەین داوای لێبکە بێتە نێو پەرلەمانەوە. منیش پاش ئەوەی بیرم لێکردەوە، گوتم باشە ئەگەر ئەکرێ بچۆرە ئەوێ بەڵکو لەو ڕێگەوە خزمەتێکی ڕێبازی نەتەوەیی بکەی. وتی باوەڕ ناکەم ئەوان ڕێبدەن، چۆنکە ئەوان بە شێوەیەکی دیمۆکراتیانە نایەنە پێشەوە. گوتم هەولبدە تاقی بکەرەوە، کە تاقیکردەوە، پاش ساڵێك ئەوانە وەکو دەڵێ دەردێکی زۆریان دەرخوارد دا و، ناچار بوو لە ئەنجامدا وازبێنێ و بێتە دەرەوە. کاتی خۆی ئەو (**کاک جەواد**) **بە نێوی نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە لە نێو ئەو پەرلەمانەدا بوو و، ئەو بۆخۆی دوو ــ سێ کۆبوونەوەی سازکرد، کۆنگرەی یەکەم و کۆنگرەی دووەم. لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمدا ئەوان بۆ خۆشیان ئامادە بوون.** بەڵام پاش ئەوەی پەرلەمانەکەیان دروستکرد، ئەم (**کاک جەواد**) **بوو بە نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە نێو پەرلەماندا.** کاتێ کە کۆنگرەی سێهەم لە **فەرانسە** گیرا، **پەرلەمانی فەرانسە** سالۆنێکی گەورەی دا بە **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** کە کۆبوونەوەکەی لەوێکا و، **مسیۆ پییێر بیرسی** کە یەکێکە لەوانەی **سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤە لە فەرانسە**، ئەویش هەوڵیدا لە گەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا هاوکاری بکا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کۆنگرەیە. ئەو حەلە دوو حەفتەی مابوو و، خەڵك بانگ کرابوون بۆ کۆنگرە. **یاشار کایا** هات بە کاك جەوادی وت کە تۆ دەبێ ئەو کۆنگرەیە هەڵوەشێنیتەوە!. **کاك جەواد** دەپرسێ بۆچی هەڵیوەشێنمەوە، من لە هەموو دنیاوە خەڵکم بانگهێشت کردووە بۆ کۆنگرە. یاشار کایا دەڵێ مرۆڤی سەگ و سەگباب و مرۆڤی خراپ ئەمانەیان کردووە و ... . کاك جەوادیش پێیدەڵێ وەکو کێ؟ یاشار دەڵێ وەکو **کەندال نەزان!**. کاك جەواد ئەڵێ، بابە کەنداڵ نەزان ئاگای لە مەسەلەکە نییە باوەڕ بکە. یاشار کایا پێ دادەگرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەکە و وتبووی ئەمە خیانەتە و تەنانەت هەڕەشەی کردبوو.کاك جەوادیش وتبووی پرسم

بە برادەرەکانی خۆم کردووە ئەوان رازین و هەڵیناوەشێنمەوە. بەڵێ بەمجۆرە کۆنگرەی سێهەم گیرا. کەندال نەزان چووبوو بە حکومەتی فەرانسەی وتبوو کە ئەمە کۆنگرەی پێ کێ کێ یە، لە بەر ئەمە حکومەتی فەرانسە سالۆنەکەی وەرگرتەوە و، پاشار کاپاش دەیڤەرموو ئەمە (کەندال نەزان) ئەمەی دروستکردووە ... . ئیتر پاش ئەمە کاک جەواد ناچار بوو بکشێتەوە لە پەرلەمانەکەیان. دوایی ئەوە بوو پەرلەمانەکەیان بەجارێ هەڵوەشاندەوە و، هەر بە ئەمرێکی سەرکردەکەیان پەرلەمانەکەیان هەڵوەشاندەوە. پاش ئەوە هاتن پار ئەم کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەیان دروستکرد. ئەوە زۆر چاک بزانە کە چەند هێزێکی وەکو حیزبی زەحمەتکێشان و چەند کەسانێکی دیکەش هەوڵیاندا کە بێنە نێو کۆنگرەی نەتەوەییەوە و کارێکی وا بکەن وەکو وتم بەرامبەر بە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ئەمە بوو مەسەلەی دامەزراندنی ئەم کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانە!.

هەروەها ویستیان کارێکی وابکەن کە بەڕێز «ئاپۆ ـ ئۆجەلان»، وەکو سەرکردەی فەخری وەربیگرن هەتا تۆزێ وەکو بڵێن حکومەتی ترک ترسێکی وای بێ کە لە سێدارەی نەدەن. ئەوە هەموو کەس دەیزانێ، نەك هەر ئێمە. بەلام ئەوە هەتا ئێستا کۆنگرەی نەتەوەیی چیکردووە، هیچی نەکردووە. کۆنگرەی نەتەوەیی حیزبێك دروستیناکا. کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ مرۆڤی سەربەخۆ دروستیبکەن و، حیزبەکان وا لێبکەن بیانخەنە ژێر ئەو چەترەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی بریتی یە لەوەی کە حیزبەکانی کوردستان، رێبازەکانی کوردستان و کەسایەتییەکانی کوردستان بێنێتە ژێر ئەو چەترەوە و کارێکی وا بکات هاوڕێیانە، دۆستانە، هاووڵاتانە و ئاشتیخوازانە لە گەڵ یەك هاوکاریبکەن. کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە حیزبێك لە حیزبێکی دیکە بەر بدا، ئەمە پێیناڵێن کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەمە پێی دەڵێن کۆنگرەی شەڕەشەق. کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە لە سەر بیروباوەڕی نەتەوەیی بڕوا بەڕێوە. لە بیروباوەڕی نەتەوەییدا حیزب حیزبێنە نییە. بۆ مرۆڤێکی نەتەوەیی پارتی و یەکێتی و پێ کێ کێ یی و ئیسلامی و کۆمۆنیست و ژنان و ... هتد ئەمانە و هەموو کەسێك بە کەسی خۆی دەزانێ، هەموو بە پارچەیەکی نەتەوەکەی خۆی دەزانێ. ناتوانێ لایەك بکا بە گژ لایەکی تردا. ئەگەر لایەکی کرد بە گژ لایەکی دیکەدا، پێیناڵێن مرۆڤی نەتەوەیی، پێیدەڵێن مرۆڤێکی تێۆچە پەرست، پێی دەڵێن

کابرایەك کە هیچ ڕێبازێکی نەتەوەیی نییە. جا لە بەر ئەوە ئەم کۆنگرەی نەتەوەییە تا ئێستا نەیتوانیوە کار بکا. بەڵام من سەرم لەوە سووڕ دەمێنێ هێندێك لەوانەی کە وا خۆیان بە ئینسانی ڕۆشنبیر دەزانن، یەکێکی وەکو **بەڕێز شێرکۆ بێکەس** تازە هاتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەوە کۆنگرەی نەتەوەیی نییە، لە کاتێکدا کۆنگرەی نەتەوەیی هەروا بووە. کۆبوونەوەکانی کۆبوونەوەی حیزبی پێ کێ کێ لە گەڵ چەند حیزبێکی دیکە بووە. لە بەر ئەوە سەرینەگرت و سەریشناگرێ. لە دوای ئەوە، ئەو کۆنگرەی نەتەوەییە بۆچی دەبێ کاربکا؟ دیارە دەبێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان کار بکات. ئەوان کە دێن لە سنووری دەوڵەتی ترکدا دەیانەوێ کۆمارێکی دێموکراتی دروستبکەن و، لەو سنوورەدا بژین، ئیتر ناتوانن باسی هەموو کوردستان بکەن و، باسی نەتەوە، چل ملوێن نەتەوەی کورد لە باشوور لە باکوور لە ڕۆژهەڵات لە ڕۆژاوا و تەنانەت کوردی **خۆراسان** و هێندێك لەو کوردانەی کە لە **بەلووچستانن**، ٤ ملوێن کورد لە ئەستەموڵ، چەند ملوێنێك لە ئەنقەرە، ملوێنێك کورد لە تاران دەژین. کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ بۆ هەموو کورد بێ، ئەگەر هەر بۆ پارچەیەکی بێ پێنالێن کۆنگرەی نەتەوەیی. جا لە بەر ئەوە ئەم شتانە هەموو تێکەڵبوون لە گەڵ یەك. یانی زۆرم بەلاوە سەیرە یەکێك ئێستا پاش ئەم هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوانە، تازە هاتووەتە سەر ئەو بیرە کە گوایە ئەمە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی نییە وئەوە وایە و خیانەتکارە و لەم شتانە دەڵێت. ئەگەر ئەمانە خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن و نەتەوەیین، ئەشیا هەر لە سەرەتاوە بیانزانیبایە حیزبێك ناتوانێ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دروست بکا، ئەوە ئەلف و بێی سیاسەتە!.

بەڵێ، دوکتۆر جەماڵ نەبەز، ئێمە کاتمان نەما، زۆر زۆر سوپاستان دەکەین و ماندوومان کردی، سوپاس بۆ ئەو گفتوگۆیە.

منیش زۆر سوپاستان دەکەم و، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و، هومێد دەکەم ئێوە کە ئەم تەلەفزیۆنەتان بەدەستەوەیە، دەزگەی ڕاگەیاندنی گشتیی، لە سەر خزمەتی خۆتان برۆن و خزمەتی گەورەتر بکەن بۆ نەتەوەی کورد و، شتێکی خۆشە کە نەتەوەی کورد چەند تەلەفزیۆنێکی سەتەلایتی هەیە، دەوڵەتی وا هەن تەلەفزیۆنێکیان نییە. خۆزگە یەکێتیی نەتەوەیی کورد بە دۆستایەتی و بە یەکگرتنیش هەروەکو ئەمە بێت. یانی بەم شێوەیە دڵی خەڵکی خۆشدەکرد. هەروەك چۆن دەنگوباسی **سلێمانی و هەولێر و دهۆك و خانەقین** و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ئەوانە دەگاتە دەرەوە، خۆزگە هەر ئاوەهاش دەنگی یەکێتیی نەتەوەیی

کوردیش بەو شێوەیە دەگەیشتە دەرەوە. هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

بەڵێ زۆر زۆر سوپاست دەکەین و، هیوای تەمەن درێژی بۆ جەنابت دەخوازین.

— — —

سەرنج!

ئەم وتووێژە تەلەفزیۆنییە بە تەلەفۆن لە رۆژی ٥/١٠/٢٠٠٠ دا لەگەڵ من کرا. مەرجی من بۆ هەڤپەیڤین لە گەڵ «کوردسات» ئەوە بوو هەرچییەك دەبێژم بێدەستکاری بڵاوی بکەنەوە. «کوردسات» بەڵێنی ئەوەی دا و لە ٦/١٠/٢٠٠٠ دا دەقی هەڤپەیڤینەکەی وەك خۆی بڵاوکردەوە و بەڵێنی خۆی بەجێهێنا.

بەڵام رۆژنامەی کوردستانی نوێ کە زمانحاڵی «یەکێتی نیشتمانیی کوردستان»ە و، لە سلێمانی دەردەچێ، قسەکانی منی بە دەستکاریکراوی و گۆڕینی رستەکانی و پڕ لە هەڵەی چاپی و رێزمانی لە ١٠/١٠/٢٠٠٠ دا بڵاوکردەوە. جا لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەمجار نییە کە کاربەدەستانی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کردەوەی نەیارانە بەرامبەر بە من دەنوێنن، ناچاربووم رەخنە و گلەیی خۆم بە نامەیەك لە ٣١/١٠/٢٠٠٠ دا بۆ «کوردستانی نوێ» بنووسم، بەڵام کوردستانی نوێ نامەکەمی بڵاو نەکردەوە. لەبەر ئەوە ناچار بووم نامەکە بنێرم بۆ رۆژنامەی «میدیا» زمانحاڵی یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان کە لە هەولێر دەردەچێ. «میدیا» دەقی نامەکەی لەگەڵ لێدوانێکی خۆی لە ژمارە (٨٠)ی «میدیا» دا بڵاوکرایەوە. دەقی ئەو نامەیە لە لاپەڕەی پاش ئەم لاپەڕەیەدا چاپکراوە.

شایانی باسە کە دەقی ئەم هەڤپەیڤینە تەلەفزیۆنی بە تەواوی لە ژمارە (١٨)ی «کۆنگرە» گۆڤاری «کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان» کە لە مانگی ١١ی ٢٠٠٠ دا دەرچووە بڵاوکرایەوە.

— — —

پی کی کی .... بەرەو کوێ؟؟؟

مەبەست لەم کورتە وتارە ئەوە نییە شوێنی پی کی کی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا و، هۆی پێشکەوتن و، ئەوجا نووچدانی ئەم دواییـیـەی و، دەوری ئاپۆ خۆی و هاوکـارەکـانی لەم نەهامـەتیـیـەدا بخـەمـەبەرچاو. چۆنکە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتانەی خـەسـتـوخۆڵی پێـویسـتـە کـە بەتەمـام لە پایزی ئەمـسـاڵدا لەشـێـوەی سەمینارێکی گەورە و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا، بەزمانی کوردی و بەزمـانێـکی ئەورووپایی پێشکێش بکەم کە لە ئەنجامی خۆکشاندنەوەی چەکدارەکانی پی کی کی وە روودەدەن.

وەك دەزانین سـەرکـردەی پی کی کی بەڕێز عـەبدوڵا ئۆجـەلان (ئاپۆ) پاش فڕاندنی لە کـینیـاوە بۆ ئیـمـرالی، داوای لە ئەندامانی حـیزبەکـەی کـرد کـە شەڕ بوەستێنن و هەتا رۆژی ١ی ئایلوول لە سنووری دەوڵەتی ترکدا نەمێنن. هەرئەو رۆژە سـەرکردەیەتیی پی کی کی هەواڵی ئەوەی بڵاوکـردەوە کـە (فـەرمـانی سـەرۆك ئاپۆ) بەجـێـدەهێنێ. چەند رۆژێکیش لەمـەوبەر بەڕێز ئاپۆ لە داخـویانیـیـەکی دیکەدا وایڕاگەیاند کە ئەگەرهاتو خۆشی لەسێدارەدرا، ئەوا چەکدارەکانی حیزبەکەی نابێ شەڕ تازەبکەنەوە.

ئێـمە لێرەدا نامانەوێ لەوە بدوێین کـە ئایە ئەم (فەرمـانە) ی ئاپۆ کـە لەژووری خڕداخراوی گرتووخانەوە دەینێرێ بۆ چەکدارەکانی، رەوایەتی (شرعیة) هەیە یان نا، بەڵکو تەنێ دەمـانەوێ بێـژین کـە ئەمـە یەکـەمـجـارنییـە ئاپۆ یەکـلایەنە شەڕ دەوەسـتێـنێ و هەوڵی ئاشتی و وتووێژ دەدا و، دەوڵەتی ترکیش گوێ شلناکا بۆی. بەڵام شەڕوەستاندنی ئەمجارە جۆرێکی تایبەتییە و لەشەڕوەستاندنەکانی پێشوو ناچێ، چۆنکە بارودۆخی ئەوڕۆی پی کی کی و بارودۆخی ئەوڕۆی رژێمی ترك و نێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش لەجاران ناچن.

دەوڵەتی ترك، وەك پاش ئەم بوومەلەرزەیەی دوایی بەڕۆنی دەرکەوت، لەژێرباری گرانی ئابوورییەکی تێکشکاودا دەناڵێنێ، کە هەر ئەورووپایە بتوانێ فریای کەوێ و رزگاری بکا، بەڵام ئەورووپا نەدەیەوێ و نەپێشی دەکرێ ئەو بارە لاسەنگە بەرامبەر بەهیچ دەسکەوتێك راستبکاتەوە بۆی، بەتایبەتی دەوڵەتی ترك بەوهەموو دوژمنەی

دەوروبەرییەوە و، بەوهەمووە کێشەسەختانەی نێوخۆیەوە، بووە بە بەردێکی قورس لەسەر دڵی ئەورووپا. راستە دەوڵەتی ترك ئەندامی پەیمانی ناتۆیە و، وڵاتەکەی لەرووی ستراتیژیی سوپاییەوە بۆ ئەورووپا گرنگە، بەڵام ئەورووپا ئەندامێکی دەوێ کە ئاسایش لە ماڵەکەیدا مسۆگەر بیٚ و، دراوسێکانی دانەجیرێنی لێنەکەن. لەبەرئەوە شتێکی سەیر نییە ڤێرهەمۆیگن کاربەدەستی بەرپرسیاری وەرگرتنی ئەندامی نویٚ بۆ یەکێتیی ئەورووپاله رۆژی ۸/۱٦ دا لە برۆکسل گوتی: «ترکیا هەرچەندیٚ لەباری ستراتیژەوە بۆ ئەورووپا گرنگ بیٚ، نابیٚ بەتەمای ئەوە بیٚ کە ئەورووپا هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵدا بکا. ترکیا بەم کەموکورتییەوە کە هەیەتی لەبارەی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتی و پێوەندیی دراوسێکانییەوە، ناتوانیٚ ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا».

هەرچی پیٚ کیٚ کیٚ یشە ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێژم: تەنانەت ئەگەر پیٚ کیٚ کیٚ وەك حیزبێکیش بمێنیٚ و نەبێتە چەند پارچە و دەستەیەکی دژبەیەك، ئەوا ئەو پیٚ کیٚ کیٚ یەی جاران نابیٚ، واتە ئەو پیٚ کیٚ کیٚ یە نابیٚ کە بتوانیٚ لە شەوورۆژێکدا سەت هەزار کەس کۆبکاتەوە و لە شەقامەکانی ئەورووپادا خۆپێشاندان سازبکا. ئەو پیٚ کیٚ کیٚ یە نابیٚ کە بە هەزاران ئەندام و لایەنگری فیداکار و سەرلەپێناوی هەبیٚ و ئامادەی خۆسووتاندن بن لە پێناوی فەرمانێکی سەرکردەکەیاندا.

ئەو پیٚ کیٚ کیٚ یە نابیٚ کە خاوەنی سەتان ملیۆن دۆلار بوو ... ئەو پیٚ کیٚ کیٚ یە نەما و دەوری تەواو بوو ... ستراتیژ و تاکتیکی پیٚ کیٚ کیٚ سەرتاخوار گۆڕاوە و بووەتە حیزبێکی ئاوەڕووتکراو.

مانگیش هەر سەرلەئێوارەوە دیارە. ئەوەتا ژمارەیەکی زۆر ئەندامانی چالاك و ئیشکەر وازیان لە پیٚ کیٚ کیٚ هێناوە و ژمارەیەکی زۆرتر پشتیان ساردبووەتەوە. پیٚ کیٚ کیٚ دەبیٚ دان بەم راستییە تاڵوتفتەدا بنیٚ و بزانیٚ کە سەرچڵی و سەرەڕۆیی و سەرکێشی سووتی نییە و نابیٚ.

ئەوەی ئەورۆ هۆی پەژارە و دڵەڕاوکە و جێی پرسیارە ئەوەیە کە چەند رۆژێکی دیکە کاتێك چەکدارەکانی پیٚ کیٚ کیٚ بە فەرمانی ئاپۆ سنووری دەوڵەتی ترك بەجێدەهێڵن، ئایە دەچن بۆکویٚ؟ دیارە یان دەبیٚ بچن بۆ دەوڵەتێکی دراوسێی ترك، یان رووبکەنە نێوچەی (هەرێمی ئاسایش) لە باشووری کوردستان، چۆنکە رێیەکی

دیکەیان نییە.

جارێ (هەرێمی ئاسایش) دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و، لە لایەن سوپای ئەمریکا و بەریتانیاوە دەپارێزرێ. ئەمریکا و بەریتانیا لەرێی پەیمانی ناتۆوە، هەڤاڵبەندی دەوڵەتی ترکن و پشتگیریی دەکەن. کەواتە رازیبوونی دەوڵەتانی ترک و ئەمریکا و بەریتانیا پێویستە، کە ئەمەش کارێکی هەروا هاسان نییە. ئەوجا پارتی و یەکێتی کە دەسەلاتدارانی هەرێمی ئاسایشن دەبێ رازی بن بەوەی چەکدارەکانی پێ کێ کێ روویکەنە هەرێم. ئاشکرایە کە پارتی و یەکێتی نە رازی دەبن و نە دەشتوانن رێدەن بە هەزاران چەکداری پێ کێ کێ بچنە نێوهەرێم. خۆئەگەر چەکدارەکانی پێ کێ کێ بێرازیبوونی ئەوانەی سەرەوە روویکەنە هەرێم، ئەوا دەبێتە شەرێکی هۆیەهۆ، ئەنجامەکەشی بەتەفروتونابوونی پێ کێ کێ تەواودەبێ و، لەوانەشە ماڵۆچکەکەی کوردیش بکەوێتە بەرمەترسیی نەمان. خۆئەگەر چەکدارەکانی پێ کێ کێ روویکەنە دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەری کوردستان، بۆنموونە عێراقی سەددام، ئەوا (مجاهدین خلق) ێکی دیکە دروستدەبێ، کە ئەنجامەکەشی لەهەموو لایەك رۆنە.

ئەز ماوەیەك لەمەوبەر بەنامە رووم لە بەرێزان مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی نا، کە پێکەوە چارەسەرێکی کوردانەی ژیرانە بۆ کێشەی پێ کێ کێ بدۆزنەوە. پێشنیازی من ئەوەبوو کە کۆمیتەیەك لە پارتی و یەکێتی و حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان دروست ببێ بۆ وەرگرتنی ئەو چەکانەی کە بەدەست پێ کێ کێ وەیە، بەمەرجێ دوارۆژ ببێتە ماڵی لەشکرێکی کوردستانی نەك ماڵی ئەم حیزب و ئەو حیزب و ئەوجا رێ بە ئەندامە سادەکانیان بدرێ کە لە هەرێمی ئاسایشدا وەك هاووڵات بژین و سەرکردەکانیشیان لە وڵاتانی دوور لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە پەنابەرێتی وەربگیرێ بۆیان، چۆنکە ژیانیان لە هەرێمی ئاسایشدا ناپارێزدرێ.

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ١٣ مانگی ١٩٩٩

«کوردستانی نوێ» ژمارە (١٩٣٥) ١٩٩٩/٨/٢٩

برای بەڕێز و خۆشەویست کاک مەسعوود بارزانی

سلاوێکی برایانەتان لێبێ وشادی و تەندروستی دەخوازم بۆتان.

ماوەیەك لەمەوبەر کاك دلشادم دی لە بەرلین، سلاووهەوالی ئێوەی گەیاند پێم. زۆرسوپاس. پێمخۆشە کە پەرتۆکی «المستعضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون» تان بەدڵە. ڕاستییەکەی نێزیکەی ساڵونیوێك لەمەوبەر ئەو پەرتۆکەم ناردبوو بۆتان، وادیارە زۆر درەنگ گەیشتووەتە دەستان.

کاکە مەسعوودی بەڕێز: ئامانجی ئەم نامەیە ئەوەیە بیروڕای خۆمتان پێڕابگەیەنم لەبارەی کارکردی ئەو تەنگاوییەوە کە پیّ کیّ کیّ تێی کەوتووە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بێمە سەرباسی ئەوەی چۆن و بۆچی وایلێهات. تەنێ دەمەوێ بەکورتی بێژم ئەگەر ئێوە و یەکێتی، بەتایبەتی بەڕێزتان و مام جەلال، پێکەوە هەوڵی چارەسەرێکی ژیرانەی کوردانەی ئەم بارەنالەبارە نەدەن و، هەڵوێستێکی وەکیەکتان نەبێ، ئەوا هەرسهێنانی داروپەردووی پیّ کیّ کیّ دەبێتە هۆی رووخانی خانۆچکەکەی کورد و ئامانجی داگیرکەرانی کوردستانیش هەر ئەوەیە کە بەتیرێك دوونیشان بشکێنن. داگیرکەرانی کوردستان پێیان وایە، کە پیّ کیّ کیّ نەما، گۆڕەپانی تەراتێنیان سافولووستر دەبێ و، ئیدی بوونی کوردی دیکەش، نەك هەر پێویست نییە، بەڵکو مەترسیداریشە بۆیان. ئەوان هەر دژی پیّ کیّ کیّ نین، بەڵکو دژی هەموو جۆرە کوردێکن (*).

دوزی پیّ کیّ کیّ دوزی کوردە و دەبێ کورد خۆی چارسەر بدۆزێتەوە بۆی. جا ئەگەر مەبەستی پیّ کیّ کیّ بەڕاستی ئەوەیە واز لە شەڕی چەکداری بهێنێ، با چەکانیان بدەنە دەست کۆمیتەیەك کە لە پارتی و یەکێتی و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان دامەزرابێ، بەمەرجێ ئەو چەکانە دوارۆژ ببنە ماڵی لەشکری بەرگریی کوردستان. ئێوەش ڕێ بە هەموو مرۆڤەسادەکانیان بدەن کە لە «هەرێمی ئاسایش» دا وەك هەموو ولاتییەکی دیکەی کوردستان بژین. سەرکردە و کاربەدەستەکانیشیان لە ولاتانی دیکەی دوور لە دەولەتە داگیرکەرەکان پەنابەرێتی وەربگیرێ بۆیان. چۆنکە مان و ژیانی ئەوانە لە «هەرێمی ئاسایش» دا بە ئێوە ناپارێزدرێ. بەلام ئەگەر راستە خەلکەکەیان خۆیان بگەیەننە دەولەتێکی داگیرکەری دیکەی کوردستان، ئەوا بەدلنیاییەوە دەکرێنە دەسکەلا و کوتەکی دەست لەدژی

بزووتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتی «هەرێمی ئاسایش» و ئەم دەوڵەتیش بەکاریان دەهێنێ لەدژی ئەو دەوڵەتە. ئەنجامەکەشی کۆرەوەرییە بۆ کورد. خەیانەتی شای ئێران و زوڵمی شای ئێرانیش بەرامبەر بە شۆرشی ئەیلوول نابێ لەبیر بچێتەوە، کە کاریان بەکورد نەما، کورد لە شەووڕۆژێکدا بوونەوە بە دوژمنەکەی جاران.

هەرلەم نامەیەشدا تکایەکیشم هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە خاوەن سەروەرێتی پاپا بانگێشت (دەعوەت) بکەن بۆ کوردستان. چۆنکە پاپا بەتەمایە بچێ بۆ سەردانی عێراق. پاپا دڵی بۆ کورد بەکوڵە و شایانی رێزوخۆشەویستییە و، کوردستانیش مەڵبەندێکی کۆنی ئاینی دیانی (مەسیحێتیی) بووە و تەنانەت حەزرەتی ئیبراهیم لە هاران (حران) ەوە چووە بۆ رۆژاوای کوردستان و هەتا ئێستەش نێوی «برایم خەلیل» هەروەك خۆی ماوە. بەبیرورای براتان باشتر وایە ئەو بانگێشتنە لەلایەن بەرێزتان و مام جەلالەوە رەوانەبکرێ.

هەربژین و بێوەی بن

سەرنج! وێنەیەکی نامەکە دەچێ بۆ برای بەرێز مام جەلال تاڵەبانی، چۆنکە پێوەندیی بەویشەوە هەیە.

براتان جەمال نەبەز

١٩٩٩/٨/١٥

(*) - ئەم پەراوێزە لە ٢٠٠٢/٩/٥ دا نووسراوە، کاتێك کە ئەم لاپەڕانە بۆ چاپکردن ئامادەکران:

رۆژگار دەریانخست کە ئەم پێشبینییە راست دەرچوو. پارتی و یەکێتی کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە گەڵ حکوومەتی ترك هاوکارییان دەکرد، ئەوەتا ئێستە رژێمی ترك هەرەشە لە هەردووکیان دەکا و بە توندی دژی ئەوە وەستاوە کە باشووری کوردستان ببێتە کۆمارێکی فیدەراڵی و، لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە داوای «ئۆتۆنۆمی» دەکا بۆ ترکمانەکان لە کەرکووك و مووسڵدا

بۆ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە سلێمانی
بابەت: دەستکاریی ڕێپێنەدراوی دەقی وتووێژی تەلەڤیزیۆنی و شێواندنی بەرهەمی بیری خەڵك لە ڕاگەیاندندا

تەلەڤزیۆنی «کوردسات» لەرۆژی ٥/١٠/٢٠٠٠ دا وتووێژێکی لەبارەی شەڕی نێوان پ ی ک ی و ی. ن. ك ەوە لە گەڵ من سازکرد. مەرجی من بۆ ئەنجامدانی ئەو وتووێژە ئەوە بوو هەرچییەك دەبێژم بێ دەستتێوەردان و وەك خۆی پێشکێش بکرێ بە بینەرانی «کوردسات». کاربەدەستانی «کوردسات» کە لە ئێوارێی ٦/١٠ دا وتووێژەکەیان بڵاوکردەوە، بەڵێنی خۆیان بەجێهێنا. بەڵام ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لەرۆژانی ١٠ و ١١ی مانگی ئۆکتۆبەردا بێ پرسوڕای من و، بە دەستکاریکراوی و تێکوپێکدراوی و پڕ لە هەڵەی چاپی و زمانی بڵاویکردبووەوە، بەجۆرێکی وا کە لە هێندێك شوێندا خوێنەرەوە تێناگا مەبەستەکە چییە و، لە هێندێ شوێنیشدا مەبەستەکەی منیان بە تەواوی پێچەوانە خستووەتەڕوو. هەر بۆ نموونە: «..... کەندالْ نەزان چووبوو بە حکوومەتی فەرەنسای گوتبوو، ئەمە کۆنگرەی پ ی ک ی نییە ... هتد». ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەندالْ نەزان چووبوو بە حکوومەتی فەرەنسای گوتبوو، ئەوە کۆنگرەی پ ی ک ی یە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە حکوومەتی فەرەنسا ئەو سالۆنەی دابووی بە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان وەریگرتەوە. ئەوجا بزانن جیاوازیی قسەکان چەند دوورن لە یەك. ئەم مشتەش لێرەدا نموونەی خەروارێکە، ئەمەش بێجگە لەوەیکە سەرنێوی وتووێژەکە خۆی لەخۆیدا دەستێوەردانی وتووێژەکە و بە هەڵەبردنی خوێنەرەوەیە، چۆنکە نووسراوە: «سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی پ ی ک ی جەمال نەبەز بۆ تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی کورد سات دەدوێت». ڕاستییەکەی ئەوەیە من بە هیچ جۆرێك باسی دەستدرێژیی کەسم نەکردووە و، ئەوی گوێی لە قسەکانم بووبێ دەزانێ کە قسەکانم هەموو لەسەر ڕێبازی ئاشتی و ئاشتبوونەوە و چاوپۆشیی لە خراپەی یەکدی و پێکەوە ژیانی نەتەوەیی بوو.

ئەم هەڵوێستەی «کوردستانی نوێ» ناپاکییە لە کاروپیشەی ڕۆژنامەگەریی و، یەکگرتنێکی تەنگەبەرانەیە لەسەر درێژەدان بە دوژمنایەتی و خراپەکاری بەرامبەر

بە من.

کاربەدەستانی «کوردستانی نوێ» زۆرباش لەبیریانە کە ئەز لە ١٩٩٩/٨/١٥ دا نامەیەکم نارد بۆ برای بەڕێزم مەسعوود بارزانی و «کوردستانی نوێ» خۆشی لەڕۆژی ١٩٩٩/٨/٢٩ دا وتارێکی منی بلاوکردەوە لەژێرنێوی «پی کی کێ بەرەو کوێ!؟». لە نامەکەدا بۆ کاك مەسعوود نووسیبووم:

«لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بێمە سەرباسی ئەوەی چۆن و بۆچی (پی کی کێ) وای بەسەرهات، تەنێ دەمەوێ بەکورتی بێژم ئەگەر ئێوە و یەکێتی، بەتایبەتی بەڕێزتان و مام جلال، پێکەوە هەوڵی چارەسەرێکی ژیرانەی کوردانەی ئەم بارەنالەبارە نەدەن و، هەلوێستێکی وەکیەکتان نەبێ، ئەوا هەرەسهێنانی داروپەردووی پی کی کێ دەبێتە هۆی رووخانی خانۆچکەکەی کورد و ئامانجی داگیرکەرانی کوردستانیش هەر ئەوەیە کە بە تیرێك دوو نیشان بشکێنن. داگیرکەرانی کوردستان پێیان وایە کە پی کی کێ نەما، گۆڕەپانی تەراتێنیان ساف و لووستر دەبێ و، ئیدی بوونی کوردی دیکەش، نەك هەر پێویست نییە، بەڵکو مەترسیداریشە بۆیان. ئەوان هەر دژی پی کی کێ نین بەڵکو دژی هەموو کوردێکن».

لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکەوە نووسیبووم:

«دۆزی پی کی کێ دۆزی کوردە و دەبێ کورد خۆی چارەسەر بدۆزێتەوە بۆی. جا ئەگەر مەبەستی پی کی کێ بەڕاستی ئەوەیە واز لە شەڕی چەکداری بهێنێ، با چەکەکانیان بدەنە دەست کۆمیتەیەك کە لە پارتی و یەکێتی و حیزب و ڕێکخراوکانی کوردستان پێکهاتبێ، بە مەرجێ ئەو چەکانە دوارۆژ بینە ماڵی لەشکری بەرگریی کوردستان. ئێوەش ڕێ بە هەموو مرۆڤە سادەکانیان بدەن کە لە «هەرێمی ئاسایش» دا وەك هەموو ولاتییەکی دیکەی کوردستان بژین. سەرکردە و کاربەدەستەکانیشیان لە ولاتانی دیکەی دوور لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان پەنابەرێتی وەربگیرێ بۆیان. چونکە ماڵ و ژیانی ئەوانە لە «هەرێمی ئاسایش» دا بە ئێوە ناپارێزرێ. بەلام ئەگەر ڕاستەخەڵکەکەیان خۆیان بگەیەننە دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکەی کوردستان، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەکرێنە دەسکەلاوکوتەکی دەست لەدژی بزووتنەوەی کوردایەتی و، بەتایبەتی «هەرێمی ئاسایش» و ئەم دەوڵەتیش بەکاریان دەهێنێ لەدژی ئەو

دەوڵەت. ئەنجامی ئەمەش کورەوەرییە بۆ کورد ... هتد».

دیارە ئەم نامەیە و وتارەکەشم «پی کی کی بەرەو کوێ؟» کاتێك نووسیم کە سەرکردەی پی کی کی بەڕێز ئۆجەلان گیرابوو و، بڕیاری وازهێنانی دابوو لە خەباتی چەکداری و، فەرمانی دابوو بە چەکدارەکانی کە لە سنووری دەوڵەتی ترك بکشێنە دەرەوە و بە ئاشتی بۆ دامەزراندنی «کۆماری دێمۆکراتی ترك» هەوڵبدەن. من، بە پێشبینیکردنی ئەو مەترسییانەی کە لەو گۆڕانکارییانەوە دەیانتوانی روو بدەن و زیان بە کێشەی رامیاری کورد بگەیەنن، لە وتارەکەمدا نووسیبووم:

«ئەوەی ئەورۆ هۆی پەژارە و دڵەڕاوکە و جێی پرسیارە ئەوەیە کە چەند رۆژێکی دیکە کاتێك چەکدارەکانی پی کی کی بە فەرمانی ئاپۆ سنووری دەوڵەتی ترك بەجێدەهێڵن، ئایە دەچن بۆکوێ؟ دیارە یان دەبێ بچن بۆ دەوڵەتێکی دراوسێی دەوڵەتی ترك، یان روویکەنە نێوچەی «هەرێمی ئاسایش» لە باشووری کوردستان، چۆنکە رێیەکی دیکەیان نییە. جارێ «هەرێمی ئاسایش» دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و، لە لایەن سوپای ئەمریکا و بەریتانیاوە دەپارێزرێ. ئەمریکاو بەریتانیا لەرێی پەیمانی ناتۆوە، هەڤالبەندی دەوڵەتی ترکن و پشتگیریی لە دەوڵەتی ترك دەکەن. کەواتە رازیبوونی دەوڵەتانی ترك و ئەمریکا و بەریتانیا پێویستە، کە ئەمەش کارێکی هەروا هاسان نییە. ئەوجا پارتی و یەکێتی کە دەسەڵاتدارانی «هەرێمی ئاسایش»ن دەبێ رازیبن بەوەی چەکدارەکانی پی کی کی روویکەنە هەرێم. ئاشکرایە کە پارتی و یەکێتی نەڕازی دەبن و، نەدەشتوانن رێبدەن بە هەزاران چەکداری پی کی کی بچنە نێوهەرێم. خۆئەگەر چەکدارەکانی پی کی کی بێ‌ڕازیبوونی ئەوانەی سەرەوە روویکەنە هەرێم، ئەوا دەبێ بەشەڕێکی هۆیەهۆ، ئەنجامەکەشی بەتەفروتونابوونی پی کی کی تەواو دەبێ و، لەوانەشە ماڵۆچکەکەی کوردیش بکەوێتە بەرمەترسیی نەمان. خۆ ئەگەر چەکدارەکانی پی کی کی روویکەنە دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەری کوردستان، بۆنموونە عێراقی سەددام، ئەوا (مجاهدین خلق) یکی دیکە دروست دەبێ، کە ئەنجامەکەشی لەهەمولایەك روونە». (کوردستانی نوێ ژ ١٩٣٥، یەکشەمە ١٩٩٩/٨/٢٩، ل ٧).

ئاشکرایە رۆژگار دەریخست کە ئەم پێشبینییانە راستبوون و، رێی چارەسەریش هەرئەو رێیەیە کە بەوپەڕی ویژدانی لەفرۆشتن نەهاتوو و هوردبینییەوە

پێشانمدابوو، بەلاَم ڕۆژنامەکەی یێ کێ کێ «ولاَت» کە لە سلێمانی دەردەچوو، لەباتی سوپاس و دەستخۆشانەکردن لێم، کەوتە جنێوپێدانم و، قسەکانی منی بە «دەربڕینی خەون و خەیاڵی خواستەکانی خیانەتکاران و داگیرکەرانی کوردستان» دانابوو. («ولاَت» ژ ٣٦٣، ١٩٩٩/٩/٦). داروودەستەی «زەحمەتکێشان» یش وەك مەنجەڵی لە شۆرباوگەرمتر و لە یێ کێ کێ، یێ کێ کێیتر کەوتنە پەلامار. سەیر ئەوەیە، لەلایەکەوە بەنامە تکایان لەمنکرد کە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنیانەوە پیرۆزبایی بکەم لێیان، منیش نامەیەکم نووسی بۆیان کەبەزۆری شتی گشتی بوو. لەلایەکی دیکەوە، هەرلەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەیاندا کە ئەو نامەیان بلاَوکردبووەوە، گەلێك جنێویان دابوویێم لەژێرنێوی «جەمال نەبەز خەون دەبینێ و واقیع نابینێ، نووسینی: لوقمان حسەن»، بەڕاستی پێکەنینم هات پێیان. وادیارە هێندە زەحمەتیان نەکێشابوو، ڕۆژنامەکەی خۆیان تەماشابکەن. ڕەوشتوخووشیان هێندە بەرزە، ئەوەتە ئەوڕۆ دەچنە سەر تەلەفزیۆن و پاکانە بۆ خۆیان دەکەن و، قسە بە یێ کێ کێ دەڵێن.

ئەمەیان وا. «کوردستانی نوێ» ش هەردستبەجێ، وەك ئەوەی هەنگی لە هێلاندا دۆزیبێتەوە، یان خودێی مەزن قەپاڵێکی چەوری ناردبێ بۆی، کەوتە چالاکی. لەپێشدا بە خەتێکی درشت بلاَویکردەوە «وتارەکەی جەمال نەبەز فەرتەنە دەنێتەوە». واتە هەوڵەکەی منی بۆ پاراستنی ئاشتیی نەتەوەیی، دوورخستنەوەی شەڕ لە باشـــوور کـــە بەرژەوەندیی «ی. ن. ك.» یش بوو، بە «فـــەرتەنەنانەوە» دەستنیشانکردبوو و، لە خۆشییاندا هەر پێشەکیی خوێنەرەوەکانی خۆی ئاگادارکردبوو لەوەی کە «گەلێك کەس هەن خۆیان ئامادەکردووە بۆ وەرامدانەوەی قسەکانی جەمال نەبەز». ئەمەش ئەوە دەردەخا کە دەستی ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی «کوردستانی نوێ»، نەك هەر لەمەدا هەبوو، کە تاقمێك چەقاڵوبەقاڵی سیاسەت لەسەر لاپەڕەکانی «کوردستانی نوێ» ڕیزێك قسەی ساردوسووکی دیکە بەمن بڵێن، بەڵکو دژی بیری نەتەوەیی و بەتایبەتی ڕێبازی کاژیك قسەی هەلومەلەق بلاَویکەنەوە، کە ئەمانە هیچ پێوەندییەکیان بە باسەکەی منەوە نەبوو. (بۆوێنە تەماشای «ك. ن.» ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٥ بکە کە بەنێوی یۆسف محەممەدەوە بلاَویکردووەتەوە)، بۆئەوەی دڵی ڕەشی بەرپرسیارانی

«ی.ن.ك.» ئاو بخواتەوە و، بەنیازی ئەوەشکە دوژمنایەتی بخەنە نێوان من و هێندێك لە سەرکردەکانی ی.ن.ك. ەوە کە سالآنی سالە دۆستایەتی هاوڕێیەتی هەیە لە نێوانماندا، تا ئەوانیش لەو گۆمەلێلەدا مەلەبکەن. بەلآم بەو ئامانجە نەگەیشتن.

ئەوجا «ك. ن.» هەربەمەوە نەوەستا، بەڵکو پتر کەوتە قۆچەقانی هاویشتن و ئەمجارە بەنێوی وتووێژەوە، یەکێك لە هاوکارە داخلەدلەکانی کە نێوی «سالار یاسین» ە ناردەلای کاك سەروەت عەلی (کوردۆ) کۆنەنوێنەری پاسۆك لە ئەورووپا و سکرتێری گشتیی کۆمەلەی خوێندکارانی سۆسیالیت (سۆکسە) کە تەنێ لەبەر هێندێك هۆی کەسیی (شەخصی) و تایبەتی لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە کوردستان، کە ئەوەش باسێکە بۆخۆی. سالار یاسین بەوێنەی رۆژنامەنووسە بەعسییەکان، بەقسەخستنەدەمی کاك کوردۆ عەلی و، بەرتیلی پەسندان (مدح) و تەنانەت گۆڕینی نێوەکەشی لە «سەروەت» ەوە بۆ «سەروەر»، بێبۆنە (مناسبة) باسی من دێنێتە پێشەوە و بیروڕای کاك کوردۆ عەلی بەرامبەر وتارەکەی من «پێ کێ کێ بەرەو کوێ؟» دەپرسێ لێی و پێشەکی دەبێژێ: ئەو وتارە «لە گەلێ هەلوێستی رابوردووی جەمال نەبەز یەکناگرنەوە کە خۆی بە کەسایەتییەکی قەومی دەزانێ» (ئاوا!) (ك.ن. ژ ١٩٧٢، ١٢/١٠/١٩٩٩). کاك سەروەت عەلی (کوردۆ) ی بێچارە، ناچاردەبێ کەساسانە بکەوێتە «بەرائەت» دان و گەلێك جنێو بەرابوردووی خۆی بدا و خۆی بە «عەقلْ تەسك» بداتە قەلەم، واتە بەزاراوەی مامۆستا بەشیرموشیر «ناقص العقل» بزانێ. دیارە دەبێ ئێستە بووبێتە «زائدالعقل» پاش ئەوەی پرژی تەکاندنی رابوردووی خۆی بەرمنیش کەوتووە، بەپێی دەستووری «اتق شرّ من احسنت اليه» و دلّی کاربەدەستانی «ك.ن.» ی خۆشکردووە بەوەی فەرموویەتی: «ئێستەش (پێ کێ کێ) ئیسپاتیان کردووە کە زۆر کارامە و لێهاتوونە، بەوەی تا ئێستە گوێڕایەلّی سەرکردەکەیانن کە لە زینداندایە» (ك.ن.ژ ١٩٧٢، ١٢/١٠/١٩٩٩). وادیارە ئەوی بێچەندوچۆن گوێڕایەلّی سەرکردەکەی بێ «کارامە و لێهاتووە». ئافەرین لەم «زائدالعقلی» یە!.

کاربەدەستانی «ك.ن.» دەیانویست ئەم هەموو جنێووڕینانە بە «بیری ئازاد» و «دێموکراسی» بفرۆشن. بەلآم میزلّدانی «بیری ئازاد» و «دێموکراسی» ی «ك. ن.» هەرزوو فش بووەوە، کاتێك هاوبیری بەڕێز هەندازیار بروسکە ئیبراهیم

کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی «سۆکسە» و کاک سەروەت عەلی (کوردۆ) زۆر باشدەناسیێ، نامەیەکی نارد بۆ «ک. ن.» و ڕاستینەی ئەو دەربڕینانەی کاک سەروەتی ڕۆنکردەوە، بەلأم کاربەدەستانی «ک. ن.» ی لە دێمۆکراسیدا «کولأو» نامەکەی کاک بروسکەیان بلأونەکردەوە، ئەگەرچی چەند دۆستێکی بەڕێز کە لە «ی. ن. ک.» دا بەرپرسیارن، ڕەئیان وابوو کە ئەو نامەیە دەبێ بلأوبکرێتەوە. وادیارە بەرپرسیارانی «زائدالعقل» ی «ک. ن.» ئەوەیان لە خەیاڵدا نەبوو کە **«ڕۆژان ڕۆژیان لەدوودایە»**.

جەمال نەبەز

بەرلین: ٢٠٠٠/١٠/٣١

کوردستان «کوردستان» ی کرده راستی

له نێوان بنه‌ماڵه‌ی ئێمه و بنه‌ماڵه‌ی به‌هه‌شتی مامۆستا گیوی موکریانیدا دۆستایه‌تی و خۆشه‌ویستی و یه‌کماڵییه‌ك هه‌یه که له نیوه‌ی سه‌ته‌ی رابردووه‌وه ده‌ستیپێکردووه، له به‌ر ئه‌وه ده‌توانم بێژم که‌م که‌س هه‌ن هێنده‌ی من شاره‌زای به‌سه‌رهات و ره‌نج و تێکۆشینی بێوچانی ئه‌م بنه‌ماڵه نیشتمانپه‌روه‌ر و زه‌حمه‌تکێشه بێ.

مامۆستا گیو و برای گه‌وره‌ی، واته مێژووناس و رۆژنامه‌وان و هونه‌روه‌ری کورد، **داماوی موکریانی**، دوو ئه‌ستێره‌ی گه‌شن به ئاسمانی رۆشنبیریی نه‌ته‌وه‌یی کورده‌وه که به درێژاییی سه‌تساڵی رابوردوو رێی تاریکونۆته‌کی کاروانی کوردایه‌تییان رۆناك کردووه‌ته‌وه و، له‌و پێناوه‌دا برسێتی و ده‌ربه‌ده‌ری و گرتن و ئازار و گه‌ڕ و گێچه‌ڵی دوژمنانی نه‌ته‌وه‌ی کوردیان سه‌ربه‌رزانه و یه‌کره‌نگانه گرتووه‌ته خۆ.

دامه‌زراندنی **یه‌که‌مین چاپخانه‌ی کوردی له ١٩١٤ دا له شاری حه‌له‌ب**، به‌رهه‌مێکی خه‌باتی ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه بوو. زیندووکردنه‌وه‌ی مێژووی کورد و کۆکردنه‌وه‌ی ژیاننامه و وێنه و به‌رهه‌می بوێژان و نووسه‌رانی کورد و، ده‌رهێنانی پتر له ده رۆژنامه و گۆڤاری کوردی، به‌تایبه‌تی **زاری کرمانجی و رۆناکی و هه‌تاو**، به‌رهه‌مێکی دیکه‌ی خه‌باتی ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه بوو. به‌ڵام **مامۆستا گیو** به زۆری به‌و فه‌رهه‌نگانه‌وه ده‌ناسرێ که هه‌ر یه‌که‌یان گه‌نجینه‌یه‌کی به‌نرخه بۆ پاراستنی وشه‌ی کوردی. ئه‌وجا فه‌رهه‌نگی کوردستان جێیه‌کی تایبه‌تی هه‌یه له‌و گه‌نجینه‌یه‌دا.

که له ساڵی ١٩٦٠ دا بوومه مامۆستای قوتابخانه‌ی دوانێوه‌ندیی **هه‌ولێر**، چه‌ند مانگێك له‌سه‌ر یه‌ك، هه‌ر هه‌فته‌ی شه‌وێك له ماڵی یه‌کێکمان، **له گه‌ڵ مامۆستا گیو و مامۆستا حسه‌ین ره‌شوانی** کۆ ده‌بووینه‌وه بۆ پێداچوونه‌وه‌ی **فه‌رهه‌نگی مه‌هاباد** که له ساڵی ١٩٦١ دا له **چاپخانه‌ی کوردستان له هه‌ولێر** چاپکرا. ئه‌وه‌ی راستی بێ! من پاش ماوه‌یه‌ك به هۆی سه‌رگه‌رمیمه‌وه به چالاکیی رامیارییه‌وه پێمنه‌کرا چیدی به‌شداریی ئه‌و کۆبوونه‌وانه بکه‌م. هه‌ر چه‌نده **مامۆستا گیو** له پێشه‌کیی **فه‌رهه‌نگی مه‌هاباد** دا به شێوه‌یه‌کی نازك ناخۆشیی خۆی به‌رامبه‌ر به

دوورکەوتنەوەم لەو کارە دەربڕیوە، بەڵام بەهیچ جۆرێك دڵی نەیشا لێم.

لەو ماوەیەدا کە لە هەولێر بووم، چەند جارێك **فەرهەنگی کوردستانم** لە ماڵی مامۆستا گیو چاوپێکەوت و سەرنجمی زۆر ڕاکێشا. **فەرهەنگی کوردستان** هەزاران و هەزاران وشەی کوردی گرتبووە خۆی کە ماناکانیان زۆر بە هوردی لێکدرابوونەوە و، نێوچەی بەکارهێنانیشیان دەستنیشان کرابوون، بەڵام فەرهەنگەکە پەڕە پەڕە و کۆنە کراوەبوو. هەموو جارێك کە لە مامۆستا گیوم دەپرسی: **"کەینێ سەرە دێتە سەر چاپکردنی فەرهەنگی کوردستان!"** **مامۆستا گیو** هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا و کەمێك دەوەستا و ئەوجا دەیفەرموو: **«زۆر حەز دەکەم بە چاوی خۆم بیبینم، بەڵام باوەڕ ناکەم، چونکە یەکجار دژوارە. بەم چاپخانە شڕەی من ئەم کارە ناکرێ. هیچ لایەنێکی دەسەڵاتداریش نییە دەستی یارمەتی درێژ بکا بۆم».**

مامۆستا گیو ڕاستیدەگوت، ئەو سەردەمە سەردەمێك بوو، زمانی کوردی وەك ئەوڕۆ نەبوو بوو بە زمانی نانپەیداکردن. ئەوی خزمەتی زمانی کوردی بکردایە، ئەگەر نانیشی ببوایە، سەرەڕای ئەوەی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە نانی دەبڕا و تووشی گرتن و دەربەدەری و ماڵوێرانی دەبوو، زۆر لەوانەش کە خۆیان بە ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز دەزانی گاڵتەیاندەکرد پێی و دەیانگوت: **«یابە ئەمریکا ڕایسپاردووە ئەوە بکا.»** وەك ئەمریکا هیچ کاروبارێکی نەبێ و بچێ لە بێتاقەتی خۆی، خەریکی خزمەتی زمانی کوردی بێ.

ئەوڕۆ ڕۆژگارێکە کە گەلێك لایەن زمان و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییان کردووە بە دەستاوێژێك بۆ خۆژیاندن و نانپەیدا کردن، بە تایبەتی لە دەرەوەی کوردستان. هی وا هەیە ئەورووپاییە، دەچێ سەفەرێك دەکا بۆ کوردستان و، یەك دوو حەفتە لەوێ دەمێنێتەوە و شارێك و چەند گوندێك دەبینێ و، قسە لە گەڵ چوار پێنج کەس دەکا و، کە دەگەڕێتەوە ئەورووپا نێوی خۆی دەنێ **"کوردستان ناس"** ئەکادێمیایی واش هەن کە نازانن دوو دێڕ بە کوردییەکی ڕاست و دروست بنووسن، کەچی بەخۆیان دەڵێن: **"کوردۆلۆگ" (کوردەوان)**. بەڵام کە ڕۆژنامەیەکی ئەورووپایی باسی زمانی کوردی دەپرسێ لێیان، لە بەر نەزانین و بۆ خۆلادان لە باسەکە، فەرمایشتەکەی بە **"تەرسەقوڵ"** پێ دەبڕن و دەبێژن: **بۆچی کوردی زمانە؟** ئەم قسەیش دەقی ئەو وەرامەیە کە **مارتین فان برێنسن** ی هۆلەندی لە وەرام

پرسیارێکی رۆژنامەی ئەلمانی **"تاگەس تسایتونگ"** ی بەرلیندا دابوویەوە کە لێپرسی بوو " **تۆ وەك کوردۆلۆگ لە بارەی باری زمانی کوردییەوە چ دەبێژیت؟"** بەرزترین بەرهەمی ئەم کوردۆلۆگ" ەش ئەو کتێبەیە کە نێوی ناوە **"شێخ و ئاغا و دەوڵەت"** وەك ئەوەی کێشەی کورد و کۆمەڵگەی کورد هەمووی کێشەی شێخ و ئاغا بێ. سەیریش ئەوەیە ئەم **"کوردۆلۆگ" ی ئاخرە زەمانە** بە سایی کوردی "رۆشنبیری"ی هاوشانی خۆیەوە لە هەموو کۆڕ و سەمینارێکدا بەشدارە. جا ئەوەش وەنەبێ بەخۆڕایی بێ، چونکە کوردی لەو بابەتەش هەن کە دوای ئەوەی سالانی ساڵ لە کوردستان خەریکی مارکس و لینین و ماو و ستالین بازی، و سلاوانتدان لە دیاری یەکێتیی سۆڤێت و جنێودان بە جیهانی سەرمایەداری بوون، پاش هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلول رایانکردە ئەوروپای سەرمایەداری و، زمان و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەواریان کردە دەسکەلایەکی دەست بۆ بازرگانی کردن و بە ملوێن پارەیان لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا کێشایەوە، بە تایبەتی لە **سوێد و فەرەنسا و ئەلمانیا و بەریتانیا** و ئەوەش بە نێوی خزمەتی کولتووری کوردەوە.

با بگەڕێنەوە سەر باسەکەمان!

ساڵ بوو بە ساڵی ١٩٧٧، هەموو دوو ساڵێك نەبوو کە **شۆرشی ئەیلوول** هەرەسی هێنا بوو. بەڵام **دەزگەی تاوانباری بەعس** هێشتا نەیتوانیبوو، یان جارێ نەیویستبوو، هەموو رێکخراوە کوردییەکان لە بنهەڵکێشێ. لەوانە **"کۆڕی زانیاری کورد"** کە بوو بوو بە بەشێك لە **"کۆڕی زانیاری عێراق"**، وەك نێو هەر مابوو. شایانی باسە ئەوەیە ئەم کۆڕە گەلێك کەسی جۆراوجۆری لە باش و لە خەراپی تێکەوتبوو. بۆ نموونە، ئەوی سوێندی بە سەری رژێمی سۆڤێت دەخوارد ، لە گەڵ ئەوەی کە رژێمی سۆڤێتی بە دیکتاتۆر و ملهوڕ دەدایە قەڵەم! لە نێو ئەم کۆڕە دا بەرژەوەندیی تایبەتی! یەکیخستبوون. ئێستەش کە ئێستەیە زۆربەی زۆری ئەوانە هەروان لە **بەغدا** و لە پاڵ رژێمی بەعسدان، ئەوەش کە جێی پرسیارێکی بەجێیە ئەوەیە! **مامۆستا مەسعوود محەممەدێك** کە کاتی خۆی رازی بوو سەرکردەیەتیی کۆڕێك بکا کە لکێك بوو لە کۆڕی زانیاری عێراق و لە ژێرچاودێریی راستەوخۆی بەعسدا بوو، بۆچی ساڵی پار رازی نەبوو سەرکردەیەتیی کۆڕێکی زانیاری کورد بکا لە **هەولێر** کە هیچ نەبێ لە ژێر چاودێریی دەسەلاتێکی کوردیدایە. وەك

بیستوومە دەڵێن داوای پایەی لە وەزیر گەورەتری کردووە بۆ ئەوەی ڕازی بێ بە سەرکردەیەتیی کۆڕ، ئەوانیش نەیاندابوو پێی.

مامۆستا گیوی بە ڕاستی داماو، پەنای بردبووە بەر "کۆڕی زانیاری کورد" لە بەغدا کە **فەرهەنگی کوردستان و فەرهەنگی نۆبەرە** چاپبکەن بۆی. کەچی لێژنەی فەرهەنگ دوو ساڵی ڕەبەق تەفرەیان دا و بەنێوی ئەوەوە کە بەو فەرهەنگانەدا دەچنەوە، نانیان پەیدا کرد پێی و فەرهەنگەکانیش کەوتنە بەردەست گەلێك کەس و لە بەریشیان گرتەوە و، دیارە کەڵکی تایبەتیشیان وەرگرتووە لێی بۆ ئەو فەرهەنگانەی لەو کاتەوە دەرچوون. لە ئەنجامیشدا فەرهەنگەکانیان چاپنەکرد بۆ مامۆستا گیو و خەفەتێکی زۆریان کردە دڵی. بەکورتی چارەنووسی فەرهەنگەکانی مامۆستا گیو وەك چارەنووسی گۆڤاری **«زیارە»** و دەستنووسەکانی **حەمە بۆری** لێهات کە لە بارەی **مستەفا بەگی** کوردییەوە نووسیبوونی. مامۆستا گیو لە نامەیەکدا کە ماوەیەکی کورت پێش کۆچیدوایی نووسیوێتی بۆم و پێموایە ئەو نامەیە دووا نامەیەکە لە ژیانیدا نووسیبێتی، باسێکی ئەو کەساسییەی خۆی دەگێڕێتەوە. خوێندنەوەی چیرۆکی ئەم دڵشکاوی و هەستبریندارییەی **مامۆستا گیو** و دەستیدەستیپێکردن و تەفرەدانی لە لایەن **"کۆڕ"ەوە منی ناچار کرد ئەم ڕاستییە لە ژمارە (٢٢) ی ساڵی ١٩٧٨ ی گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتی زانستگەی بەغدا"** دا بخەمەڕوو. بەڵام هەر زوو دەستوپێوەند و نانخۆرەکانی **"کۆڕ"** بەوپەڕی بێشەرمییەوە لە پێتەختی بەعسییەکانەوە کەوتنە جنێودان پێم. با هەر خۆیان بە خۆیان بن کە ئێستەش وان لە پاڵ بەعسدا.

ئەرێ. **مامۆستا گیو** کۆچیدوایی کرد و، ئەو ئاواتەی بردە ژێر گڵ. بەڵام مامۆستا گیو زۆرجار دەیگوت **"کوردەی کچم جێمدەگرێتەوە و ڕێنادا ئەو مۆمەی ئەم بنەماڵەیە هەڵیکردووە بکوژێتەوە"**.ڕاستییەکەشی هەروا دەرچوو. **دوکتۆر کوردستان** لە سەر ڕێ و شوێنی باوك و مامی خۆی چوو بەرێوە و بوو بە زانایەکی کوردناس و توانی سەرەڕای هەموو گەڕ و گێچەڵپێکردنێکی بەعس و دەسکەلاکانی لە کوردستان و هەموو مەترسییەکی ڕۆژانی **"ئەنفال"** و **کوردقڕان، فەرهەنگی کوردستان** بپارێزێ لە نەمان و، پاش ئەوەی دەسەڵاتی کورد لە نێوچەیەکی گچکەی باشووری کوردستاندا دامەزرا، کاربەدەستانی کورد بە تایبەتی **بەڕێز نێچیرڤان**

بارزانی سەرۆکوەزیرانی بەڕێوەبەرێتیی هەرێم کە چالاکییەکی بەرچاو و بەرفراوان دەنوێنێ بۆ ژیاندنەوەی کەلەپوری کورد، بەڕێزبوونی **دوکتۆر کوردستان** موکریانی، بڕیاری چاپکردنی فەرهەنگی کوردستانی دا. **دوکتۆر کوردستان بۆ** سەرپەرشتیکردنی چاپی فەرهەنگەکە چەند مانگێك گەڕایەوە هەولێر و لە ڕێ ئەو ئوتۆمۆبیلەی بە کرێیگرتبوو هەڵگەڕایەوە و **دوکتۆر کوردستان** بریندار بوو و، ماوەیەکیش لە ماڵەوە کەوت، لە گەڵ ئەوەشدا بە وورەیەکی بەرزەوە و بە هاوکاری **بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب سەرنووسەری دەزگەی چاپ و بلاو کردنەوەی «ئاراس»** و چەند بەڕێزێکی دیکە کە **دوکتۆر کوردستان** لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا بە سوپاسەوە نێوی بردوون، پاش ئەرك و زەحمەتێکی یەکجار زۆر، فەرهەنگی کوردستان بەو چاپە جوانە و بەو شێوە دلگیرە کەوتە بەردەست خەڵك. بە کورتی دوکتۆر کوردستان بە پاراستنی **فەرهەنگی کوردستان** لەنێوچوون و بە هاوکاریکردنی لە گەڵ هەموو ئەو دڵسۆزانەی کە لە چاپکردنی فەرهەنگەکەدا رەنجیانکێشا، **فەرهەنگی کوردستانی کردە راستییەکی بەرچاو.**

بێگومان فەرهەنگی کوردستان فراوانترین و زانستانەترین فەرهەنگی کوردی ـ کوردییە کە تا ئێستا دەرچوویێ. لە گەڵ ئەوەشدا فەرهەنگەکە لە کەموکورتی و ناتەواوی ئاوارتە نییە. بۆیە پێویستی سەرشانی هەموو کوردیزانێك ئەوەیە زۆر بە هوردی فەرهەنگەکە بخوێنێتەوە و هەڵەکانی دەستنیشانبکا و ئەگەر وشەیەکی بەبیردا دێ کە لەو فەرهەنگەدا نەبێ، لای خۆی بینووسێ و ئەنجامی کارەکەی بنێرێ بۆ **دوکتۆر کوردستان** بۆ ئەوەی لە چاپی دووەمدا ئەو سەرنج و تێبینی و وشانە بگیرێنە بەرچاو لە گەڵ سوپاسی خاوەنەکانیان.

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ١٧

خەرمانانی ٢٠٠٠ی زاینی

سەرنجدانێك لە
هەڤپەیڤینی «میدیا» لە گەڵ
پرۆفیسۆر شاکرێ خدۆدا

هاتنی شاکرێ خدۆ و هاوکارەکانی لە مۆسکۆوە بۆ هەولێر بوو بە هۆی هێنانەوەبیری گەلێك بەسەرهاتی هەناوتەکێنی کوردەکانی ئیمپراتۆرێتیی رووخاوی سۆڤێت و، هەروەها کولاندنەوەی برینی سارێژنەبووی گەلکوژیی رژێمی سۆڤێت لە کوردی بندەستی خۆی و، خراپەکاریی ئەو رژێمە لە گەڵ کوردی دەرەوەی سۆڤێت بە درێژاییی مێژووی رەشی خۆی. هێندێك لەو بەسەرهاتانە لەو وتووێژەدا کەوتنە روو کە «تەلەفزیۆنی کوردستان» لە هەولێر لە ئێوارەی رۆژی ٨/١١/ ٢٠٠٠ دا سازی کرد بۆیان، کە ئەزژی یەکێك بووم لە بەشدارانی ئەو وتووێژە.

هەڤپەیڤینی «میدیا»ش لە گەڵ شاکرێ خدۆ، رۆناکییەکی دیکەی خستە سەر ئەو باسە.

بەکورتی، قسەکانی شاکرێ خدۆ و هاوکارەکانی بەرەو ئەوە دەچوون کە گوایە رەوشی کورد لە کۆمارەکانی ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێتدا گەلێك لایەنی باشەی هەبووە، کە گەلێك پەرتۆك بەزمانی کوردی، یان لە بارەی کوردەوە، بەتایبەتی بەزمانی رووسی و ئەرمەنی دەرچوون، کوردەکان لەوێ شانۆیان هەبووە و، هێندێك کوردیش توانیویانە خوێندنی بەرز تەواو بکەن و پلە و پایەیان پێبدرێ، کە کاك شاکر خۆشی یەکێکە لەوانە.

قسەکانی منیش کە تەلەفزیۆن بلاّویکردنەوە، ئەمە بوو:

راستە ئەو شتانە هەبوون، هەرچەندە دەبێ ئەوەش بێژین کە کوردناسی و لێکۆڵینەوە لە کورد و پێوەندیی رووس لە گەڵ کورد لەسەرەتاوە لە سەردەمی ئیمپراتۆرێتیی قەیسەریدا دەستیپێکردووە، ئەوەش بەئامانجی سووتوەرگرتنی کۆلۆنیالیستانە لە کورد، وەك هێزێکی سوپایی دژ بە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی و قاجاری. بۆوێنە: ڤلیامینۆف زێرنۆف بلاّوکەرەوەی شەرەفنامە و ژمارەیەکی زۆر لە کوردناسە نێودارەکانی رووس، وەك پیۆتر لێرخ و ن. یا. مار و فەردیناند یوستی و ئەلەکسەندەر ژابا و مینۆرسکی و نیکیتین، کوردناسی پێش رژێمی کۆمۆنیستی

بوون، کە ئەمانەش بەزۆری، یان دیپلۆمات بوون یان سوپایی بوون. لە گەڵ ئەوەشدا چاپکردنی چەند کتێبێك، یان خوێندنی زمانی کوردی لە چەند قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا، ئەوەیش بە ئەلف و بێی سریالی (کە کوردی دەرەوەی سۆڤێت هیچ سووتێکیان وەرنەگرت لێی)، یان دەرهێنانی رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی بۆ پرۆپاگەندە کردن بۆ ملهۆڕانی رژێمی سۆڤێت، یان بوونی بەرنامەیەك لە ئینستیتۆیێکدا بۆ کوردناسی، ئەوەش لە باری سەرنجی سۆڤێتەوە، ئەمانە هەموو درۆیێك ئاو نین بەرامبەر ئەو ئاگری گەلکوژی چەند جارەی رژێمی سۆڤێت لە کوردەکانی بندەستی و، لەنێوبردنی کۆمارە ئۆتۆنۆمیدارەکەی **(کوردستانی سۆر)** و دانی خاکەکەی بە ئازەربایجان و، کۆچپێدانی کورد بە کۆمەڵ لە شوێنی خۆیانەوە بۆ **سیبریا و کازاخستان** و، مردنی هەزارانیان لە ڕێ لە برساندا و لە سەرماندا و، گوللەبارانکردنی هەزارانی دیکەیان. ئەوجا پاش تۆپینی **ستالین** و هەتا داتەپینی ئیمپراتۆرێتیی ترەکەڵەکی سۆڤێتیش، **کۆماری کوردستانی سۆر** دانەمەزراوەتەوە و، بێجگە لەمەش رژێمی سۆڤێت یەکەمین دەوڵەت بوو کە دانی بە **«حکوومەتی ئەنقەرەی ئەتاترك»** دا نا و لە ١٩٢١/٣/١٦ دا **پەیمانی «هاوڕێیەتی»** لە گەڵ بەست، بەرلەوەی هیچ دەوڵەتێکی دیکە دانیپێدا نابێ. هەروەها بێدەنگیی **«کۆنگرەی گەلانی رۆژهەڵات»** کە لە ١ــ١٩٢١/٩/٨ لە **باکۆ** بەسترا، لە مافی کورد، ئەگەرچی هەشت کورد لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون، بەڵام ناسینی «حکوومەتی ئەنقەرە» وەك «حکوومەتی جۆتکار و هەژار»، و ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پەیمانی سێڤر هێشتا لەکاردابوو. دوایی فرۆشتنی **کۆماری کوردستان** بە **شای ئێران** لە سەردەمی **ستالیندا** و، بوونە هۆی شەهیدکردنی **پێشەوا قازی محەمەد** و هەزاران کوردی دیکە، ئەوەش بەرامبەر بەڵێنی وەرگرتنی مافی گەڕان بەدوای نەوتدا لە باکووری ئێران. ئەوجا خراپەکاری بەرامبەر شۆرشگێڕی گەورەی کورد **سەرۆك بارزانی و هاوڕێکانی**، کاتێك کە پەنایان بردبووە بەر **سۆڤێت**. هەروەها پشتگیری کردنی **گەلکوژیی رژێمی بەعسی عێراق** لە کورد و **هەرەسهێنان بە شۆرشی ئەیلوول بە چەك و پشتگیریی دیپلۆماسیی رژێمی بەعس و، پاکانەکردن بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و سەردەشت و بادینان و زەردی ئاوا (قەراخ)**. ئەم کارەساتە جگەربڕانە و تاوانە زلانە لە لایەن شاکرێ خدۆ و هاوڕێکانییەوە هیچ

باسنەکران و رەنگە ئەگەر من سەرنجی بینەرانی بەرنامەکەم بۆ دیوە رەشەکانی رژێمی سۆڤێت و زۆرپاژەنە کوردەکانی رانەکێشایە، ئەوا هەر هەمووی دیزە بە دەرخۆنە بکرایە.

ئاشکرایە ئەز لەو کۆڕە تەلەفزیۆنییەدا نەبووم کە شاکریێ خدۆ و هاودەنگەکانی تێیدا بوون. ئەز بە تەلەفۆن بەشداریم کرد و بۆ ماوەیەکی کورت. لەبەر ئەوە بواری ئەوەم نەبوو وەرامی ئەو قسانەی ئەوان و تێبینی کەسەکانی دیکە بدەمەوە کە پاش تەلەفۆنەکەی من کردیان. بۆوێنە کاك **مومتاز حەیدەری** بە تەلەفۆن گوتی کە کوردستانی سۆر لە سەر ئازەربایجانە نەك لە سەر ئەرمەنستان. من لە قسەکانمدا ئەوەم گوت کە **ستالین** کاتی خۆی **کوردستانی سۆری** دا بە **ئازەربایجان** و نەمگوت لە سەر ئەرمەنستان بووە. بەڵام پاش **شەڕی ئەرمەن و ئازەری** لە سەر نێوچەی **ئەرزاخ (نەگۆرنی قەرەباخ)** بەشێکی گەورەی کوردستانی سۆر، بەتایبەتی پێتەختەکەی کە **لاچینە** کەوتە دەست ئەرمەنییەکان و ئێستە بەدەست ئەوانەوەیە. دیارە مومتاز حەیدەری هیچ ئاگای لە سەردەمی پاش تلیسانەوەی شێرە بەفرینەی سۆڤێت نییە، کە ئەو سالآنی ساڵ بە پیرۆز و نەتەکین (مصون)ی دەزانی. دوایی **مومتاز حەیدەری** بەدەمی خۆی گوتی کە ئەو و برادەرە کۆمۆنیستە عێراقییەکانی لە پاش حەفتاکانەوە ئەو راستییانەیان باش دەزانی کە رژێمی سۆڤێت چی و چی بەکورد کردووە، بەڵام باسیاننەدەکرد. ئەوەش **«لەبەر خاتری سۆسیالیزم!!»** زۆر سەیرە؟! کەسێك خۆی کورد بێ و رژێمێکی تێرۆریستی کوردکوژی دژ بە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ و **هەڤاڵبەندی رژێمی ئەتاترك** و **رەزاخان و هیتلەر و رژێمی بەعسی عێراقی تێرۆریست، بە رژێمێکی "سۆسیالیستی" بداتە قەڵەم، کە سۆسیالیزم لە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ بەولاوە هیچی دی نییە.** پاشان **مومتاز حەیدەری** گوتی کە هەر **دلزار** نەبووە کە بە هۆنراوە پەسنی (مدح)ستالینی داوە، **هەژاریش** پەسنیداوە. لەوەدا مومتاز راست دەکا، **هەژاریش وەك دلزار، ستالین پەرست بووە** و گوتوویەتی:

کوردە، دەتەوێ ببی سەربەخۆ
هەستە، دەی راکە تۆ بەرەو مۆسکۆ
قسەی درۆیە سانفرانسیسکۆ

بژی ستالین، خۆش بێ چەکوش و داس
لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خەلاس

ئەز مەبەستم لە نێونەهینانی هەژار ئەوە نەبوو کە هەژار بپارێزم، چۆنکە لەو لێکۆلینەوەیەدا کە لە بارەی گۆڤاری **«نیشتمان»** زمانی حالی **کۆمەڵەی ژێکاف**ەوە نووسیومە و، لە سالی ١٩٨٥ دا لە سوێد بەکوردی و ئەلمانی بلاو کراوەتەوە، باسی هەژار و هۆنراوەکەیم کردووە (تەماشای ل ٤٧ی بەشە کوردییەکەی بکەن). لێرەدا تەنێ مەبەستم ئەوە بوو نموونەیەك بهێنمەوە بۆ هوردە بۆرژوازیی مارکسیستی کورد و نەمویست لیستەکە درێژ بکەمەوە، ئەگینا سەرە دەگەیشتە سەر کاك مومتاز خۆشی.

شاکرێ خدۆ لە کۆڕە تەلەفزیۆنییەکەدا گوتی کە گوایە کوردەکانی کۆنە سۆڤێت خەلکی ئەوێ نەبوون و لە دەرەوە وەك **«کۆچەر»** هاتوونەتە ئەوێ. **بەکورتی دەیویست بێژێ لەوێ (سۆڤێت) پارچەیەك کوردستان نەبووە.** ئەمەش هەر ئەو قسەیە کە زورناژەنەکانی رژێمی سۆڤێت سالانی سالْ دەیانکرد بۆ ئەوەی رژێمی سۆڤێت بەداگیرکەری بەشێکی کوردستان نەدەنە قەلەم. شاکرێ خدۆ بە رۆژنامەی **"میدیا"** دەبێژێ:

«هێندێك دەبێژن پێنج کوردستان هەنە. ئەز ئەوە قبولْ ناکەم. ئەوە راست نییە کە لەوێ لە لاچین، کەلباژار، کوبادلی، زەنگیلان پارچەیەك کوردستان هەبێ. کورد لە سەردەمی شەدادییەکانەوە لەوێ دەژی بەلام ئەو شوێنانە پارچەیەك نین لە خاکی کوردستان. ئێمە وەکو کورد دەبێ هەندێك واقعی و ریالیست بین، ئێمە هێشتا چوار پارچەمان رزگار نەکردووە، داوای پارچەی پێنجەمیش دەکەین و دایدەنێینە تەنیشت چوار بەشەکەی تر. ئەوە شتێکی هەلەیە و ئەز ئەوە قبولْ ناکەم و راست نییە. دەکرێ وەکو نەتەوەیەك کە لەسەر خاکی خۆت نی، لەوێ داوای مافی ئۆتۆنۆمی خۆت بکەی».

جارێ بەرلە هەموو شتێك دەخوازم بە شاکرێ خدۆ بێژم کە **«پێنج کوردستان تونەیە»**، بەلکو یەك کوردستان هەیە و، لە سەردەمی سۆڤێتدا پێنج پارچە بوو، ئێستە بووە بە شەش پارچە. چۆنکە **کوردستانی سۆر** بەشێکی کەوتووەتە دەست ئەرمەنییەکان و بەشێکی هەر بەدەست ئازەرییەکانەوەیە. شاکرێ خدۆ کە کوردی

سۆڤێت بە مێوان و كۆچەر و بێ خاك و كرێگرتەی ماڵی ئازەری یەكان دادەنێ، دەبێ ئەوە بزانێ **«كوردستانی سۆر»** كە لە سەردەمی **لێنین** دا **بوو بە كۆمارێكی ئۆتۆنۆمیدار**، وەك قارچك لە زەوی هەڵنەتۆقیبوو، بەڵكو لەوە پێش هەبوو، ئەگەنا ئۆتۆنۆمی وەرنەدەگرت لەنێو زەریایەك تركزماندا. لە سەردەمی قەیسەردا بەو بەشەی كوردستانیان دەگوت **«كوردستانی سۆر» چۆنكە خاكەكەی سۆر بوو، نەك «سۆر» وەك نیشانەی كۆمۆنیستی.** شاكرێ خدۆ خۆشی دەبێژێ كە **كوردستانی سۆر** لە ١٩٢٣ دامەزرا و شەش ساڵێك ژیا، **تا لە كۆتاییی بیستەكاندا** بەفیتی تورانییە ئازەرییەكان و فەرمانی **ستالین** هەڵوەشێنرایەوە و خرایە سەر ئازەربایجان. ئەو هەرێمە بچووك نەبوو، وەك شاكرێ خدۆ دەیەوێ بێنرخی بكا، **بەڵكو** هەر بە قسەی خۆشی **نێوچەكانی لاچین و كوبادلی و كەلباژار و زەنگیلان** و گەلێك شوێنی دیكەشی دەگرتەوە و، درێژ دەبووەوە تا سەر سنووری رۆژهەلاتی كوردستان. بەڵگەش بۆ ئەوەی ئەو هەرێمە پێش سەردەمی كۆمۆنیستی هەر نێوی كوردستان بووە، ئەوەیە كە **لێنین** لە تەلگورافێكیدا كە پاش سەركەوتنی شۆرشی ئۆكتۆبەر بۆ كادرەكانی حیزبەكەی ناردووە بۆ ئازەربایجان، رایسپاردوون كە **«جۆتكارە هەژارەكانی كوردستانیان لەبیر نەچێ».** بێجگە لەوەش ئەگەر وتارەكەی **مینۆرسكی لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلام و نووسینەكانی خالفین بخوێنینەوە، تێدەگەین كە لە وڵاتی سۆڤێت پارچەیەك كوردستان هەبووە لە سەردەمی پێش كۆمۆنیستیدا و، پاش ئەمە بە پێی پەیمانی بریست ـــ لیتۆڤیسك كە لە ١٩١٨/٣/٣ لە نێوان سۆڤێت و بەرەی رۆژاوادا بەسترا پارچەیەكی دیكەی خاكی كوردستان بە سۆڤێت برا.** لەبەر ئەوە قسەكانی شاكرێ خدۆ نەك هەر زانستانە نین بەڵكو ساختەكارانەن و دژایەتیشن بەرامبەر مافی رەوای كورد و خەڵكی كوردستان. دوایی كاك شاكر دەبێژێ كە كورد لەوێ لە سەر خاكی خۆی ناژی، با داوای ئۆتۆنۆمی بكا!. **خۆ كورد ئۆتۆنۆمی هەبوو، بەلام تركەكان بەیارمەتیی ستالین ئۆتۆنۆمییەكەیان لرف دا.** لێرەدا كاك شاكر دەیەوێ كورتانەكەی جەجاڵ بەكورد بدوورێتەوە. ئەوجا كە شاكرێ خدۆ دەبێژێ «ئێمە هێشتا چوارپارچەمان رزگار نەكردووە، داوای پارچەی پێنجەمیش دەكەین» قسەكەی هزقەبازانەیە. چۆنكە ئێمە هێشتا نەك چوارپارچە بەڵكو پارچەیەكیشمان بەتەواوی رزگار نەكردووە، جا كە وایە نابێ جارێ باسی

هیچ پارچەیەکی دیکە بکەین، چۆنکە جاریٚ پارچەیەکمان بەتەواوی پیٚ رزگار نەکراوە.

ئێستە پاش ئەم قسانە چی بۆ جەنابی شاکریٚ خدۆ دەمێنێتەوە؟ شاکریٚ خدۆ کە کورد بە "کۆچەر" دادەنیٚ، دەبیٚ ئەوە بزانیٚ کە خاکی ئازەربایجان کە ئەورۆ بەشێکی گەورەی بە ترکنشین دەدرێتە قەڵەم، پێش شالاوی مەغۆلەکان و هۆزە ترکەکان کە لە نێوەڕاستی ئاسیا و چیاکانی ئاڵتایەوە بە کۆچەری و بۆ راووڕووت رووبانکردە هەرێمی دەسەلاتی خەلیفەی عەباسی و ئاسیای گچکە، یەك ترکزمان لە ئازەربایجان نەدەژیا. تەماشایەکی سەرپێیی نەخشە کۆنەکان بکەن بزانن ولاتی ترك لە کویٚ و ئازەربایجان لە کویٚ. تەنانەت سەرنجدانێکی نێوی شوێنەکانی ئازەربایجان، بۆمان دەردەخا کە نێوەکانیان ترکی نین. هەر بۆوێنە وشەی باکۆ و تەورێز (تبریز) خۆیان بۆ خۆیان هاوار دەکەن. ئازەربایجان وشەیەکی کوردی ـ ئێرانی کۆنە و نێوچەیەکی کۆنی کورد بوو. هەر شەدادییەکان نەبوون کە لەویٚ فەرمانڕەوا بوون کە ئەوەتە شاکریٚ خدۆ دەفەرمویٚ «دەرکران لەویٚ»، بەڵکو ئەو ولاتە ولاتی کورد بووە و کراوە بە ترکزمان. راستە لە سەتەی ۱۹ و ۲۰ دا هێندێك کوردی دراوسێی ئیمپراتۆرێتیی قەیسەری و ئەوجا سۆڤێتی رەڤینە نێو ولاتی قەیسەری و سۆڤێتییەوە، بەلاٚم ئەمانە کەمەیەکی کەم بوون. چەند هەزار کۆچەرێکی پەنابەری بێدەسەلاٚت ناتوانن هەرێمێکی گەورە و پان و فراوانی وەك کوردستانی سور لە دەست دانیشتووەکانی بستێنن و نێوی بنێن کوردستان، ئەوەش لە سەردەمی سۆڤێت و دەسەلاٚتی تورانییەکانی ئازەربایجاندا.

شاکریٚ خدۆ لە دانیشتنە تەلەفزیۆنییەکەدا زۆری پێناخۆش بوو کە گوتم، لە ریٚی کەسایەتیی ئەرمەنی دوکتۆر ژیرایەر کۆچەر یانەوە هەوڵمان داوە کە کاربەدەستانی ئەرمەنستان وا لێبکەین جارێکی دی کوردستانی سور دابمەزرێنەوە و، ئەو هەوڵە تا ئێستە سەرینەگرتووە. سەیر ئەوەیە **دوکتۆر مارف خەزنەداریش هەر بە تەلەفۆن گوتی "وا باشە واز لە کوردستانی سۆر بهێنریٚ و بخرێتە لاپەرەی مێژووەوە"**. باشە! جا ئەگەر ئێمە وا بیر بکەینەوە، دەبیٚ واز لە **کەرکووك و مووسڵ و خانەقین و جلەولا و شارەبان و زەرباتییە و مەندەلی و کووت و شەنگار و شێخان و مەخموور و گەلێك شوێنی دیکەش بهێنین، چۆنکە بەعسییەکانی عێراق کوردەکانی ئەو شوێنانەیان**

دەر کردووە و لە جێی ئەوان عەرەبیان نیشتەجێکردووە، وەك چۆن ترکە تورانییە ئازەرییەکان کوردی کوردستانی سۆریان بەیارمەتیی ستالین دەرکرد و ترکیان لەو شوێنانە نیشتەجێکرد و ئێستەش ئازەرییەکان بەیارمەتیی هێندێك ئازەریی تورانی کە لە نێو رژێمی ئێراندا دەستیان دەڕوا، دەیانەوێ گەلێك ئێوچەی «ئازەربایجانی رۆژئاوا» کە بەشێکە لە خاکی کوردستان بکەنە ترکنشین بەدەربەڕاندنی کوردەکانی ئەو ئێوچەیە.

لێرەدا دەمەوێ پەنجە بۆ هەواڵێك رابکێشم کە چەند رۆژێك پاش ئەم وتووێژە تەلەفزیۆنییە بلاو کرایەوە. راستییەکەی نازانم ئەوە رێکەوت بوو، یان کارکردی ئەو وتووێژە بوو. رۆژنامەی «یەنی مساوات» (یەکسانیی نوێ) کە رۆژنامەیەکی شۆڤێنیستی تورانییە و بەزاری ترکمانی لە باکو دەردەچێ، لە رۆژی ۱۱/۱۱ دا نووسیبووی کە کامیلی حەسەنۆف «سەرکردەی کوردە ئازەرییەکان» و سەرکردەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد (رۆناهی) لە دژی ئەو پرۆژەیە قسەی کردووە کە بە پێی ئەوە کوردی دەرەوە دەبەن لە ئێوچەی لاچین دا نیشتەجێیان دەکەن. حەسەنۆف گوتوویەتی کە ئەوە فیتی ئەرمەنییەکانە. هەروەها گوتوویەتی کە لە ساڵی ۱۹۹۳ دا هەوڵێك دراوە بۆ ئەمە، بەلام لە دژی ئەو پرۆژەیە زۆر کار کراوە تا پەکیخراوە. حەسەنۆف درێژە بە قسەکانیدەدا و دەبێژێ: «چووینە لای دەزگەی سەرۆکایەتیی (ئازەربایجان) و چاومان بە هیدایەت ئۆریۆف، راوێژکاری دەوڵەت بۆ کاروباری ئێتنی کەوت. ئەوجا چەند ریش سپییەکمان نارد بۆ لای ئەو کەسانە (کە بە تەمابوون بچن بۆ لاچین). شێخ عەبدولمە ناف؟ کە خۆی کوردە، بانگەوازێکی بۆ ئەو کوردانە دەرکرد کە دەیانویست بچن بۆ لاچین و داوای لێکردن کە بیری خۆیان بگۆڕن. بەلام ئەم راپۆرتانەی دوایی کە لە رۆژنامەکاندا بلاوکرانەوە لە بارەی نیشتەجێکردنی کوردەوە لە لاچین ئێمەی زۆر شپرزە کرد. ئێمەی کوردی ئازەربایجان ئەو هەوڵدانە بە نەحلەتدەکەین کە کورد لە دەرەوە بهێنن بۆ نێو لاچین. ئێمە بەوە رازی نابین. دڵنیاشم لەوەی کە کوردە موسڵمانەکان نایەنە لاچین. لە ئەرمەنستانیشدا چەند خێزانێکی (کەم) ئێزدی ماون. ئێمە داوا دەکەین کە ئەم پرۆسەیە رابگیرێ. دەمەوێ جارێکی دی بێژم کە ئێمە ئەم کردەوانە ریسوا دەکەین کە لە لایەن کاربەدەستانی ئەرمەنییەوە دەکرێن. ئێمەی کورد دەمانەوێ لە گەڵ

خۆشك و برا ئازەرییەکانمان پێکەوە بگەڕێینەوە نیشتمانی خۆمان».

شایانی باسە کە رادیۆی BBC دووڕۆژ دوای ئەمە، واتە لە ۱۱/۱۳ دا هەر ئەو هەواڵەی بلاّو کردەوە.

وەکو کورد دەبێژن **«سەیرە لە کوێیە!!!»** سالاّنی ساڵە و هەتا ماوەیەك لەمەوبەر، ترکە ئازەرییەکان دەیانگوت: «کورد لە ئازەربایجاندا نین». ئەمەتە شاکریێ خدۆ خۆشی لە هەڤپەیڤینێکدا لە گەڵ **«میدیا» (ئۆرگانی یەکێتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان)** دان بەوەدا دەنێ کە ئازەرییەکان لە پاش ساڵی ۱۹۷۰وە دەبێژن کە کورد لە ئازەربایجاندا نین. بەلاّم ئێستە بۆ دوژمنایەتیکردنی کورد، کورد نەك هەر لە ئازەربایجان پەیدابوون، بەڵکو سەرکردەشیان هەیە و خۆی کردووە بە دەمڕاستیان و نایەوێ کورد بگەڕێنەوە **لاچین**، بەڵکو دەیەوێ **«لە گەڵ ئازەرییەکان بچینە لاچینەوە»** واتە **کوردستانی سۆر** دروستنەبێتەوە. ئەمەش هەر قسەکەی شاکریێ خدۆیە کە نایەوێ لەبارەی ئەو هەوڵدانەوە قسە بکا کە بۆ دامەزراندنەوەی کوردستانی سۆر دەدرێ، چۆنکە کە رۆژنامەی **«میدیا»** لێیدەپرسێ بیروڕات چۆنە لە بارەی هەوڵەکانی **مستەفا وەکیلەوە** کە لە ساڵی ۱۹۹۲ دا دابووی بۆ زیندووکردنەوەی کوردستانی سۆر؟ شاکریێ خدۆ دەفەرموێ: **«ئەز باسی ئەو پرسە ناکەم و حەز ناکەم لەو بارەیەوە بدوێم!»**.

لێرەدا بەدڵنیاییەوە دەبێژم کە کاربەدەستانی ئەرمەنستان هێشتا بڕیاری ئەوەیان نەداوە کە کوردستانی سۆر بدەنەوە بە کورد، چۆنکە هەموویان لەو بارەیەوە بیروبۆچوونیان وەکیەك نییە. بۆ ئەمەش سەرنجی خوێنەرەوەی ئەم وتارە بۆ ئەم هەوالاّنەی خوارەوە رادەکێشم!

رۆژنامەی **Turkish Daily News** کە زمانحاڵی دەوڵەتی ترکە لە رۆژی ۱۰/۲۸ی ئەمساڵدا نووسیبووی کە **«فەلەکناز»** ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا لە گەڵ شاندێکی ئەوەی نێویان ناوە **«کۆنگرەی نەتەوەیی کورد KNK** چووە بۆ ئەرمەنستان بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆ پی کێ کێ و هاندانی ئێزدییەکانی ئەوێ بۆ پشتگیریکردنیKNK**»**. ئەز **فەلەکناز** دەمێکە دەناسم و دەزانم کچێکی کوردی رۆشنبیر و ژیهاتییە. ماڵباتی **فەلەکناز**، ماڵباتێکی **کوردی ئێزدی** نیشتمانپەروەری خەڵکی باکووری کوردستانن و ۳۰ ساڵ پترە لە ئەڵمانیا دەژین و

کاردەکەن. **فەلەکناز** وەك خوشك و براکانی لە ئەلمانیا لە دایکبووە، بەلام بە کوردییەکی جوان و رەوان قسە دەکا و زۆر لە سەر مافی کورد و بێگانەکان دەکاتەوە. ئێستە **ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپایە و لە برۆکسل (بەلجیکا) دادەنیشێ.**

جا لەبەر ئەوەی ئەو هەواڵەی رۆژنامەی نێوبراو بلاوکردبووەوە، سەرنجی منی زۆر راکێشا، دەمویست بزانم راستییەکەی چییە.بەرێککەوت لە رۆژی ٢/١٢/ دا چاوم بە فەلەکناز کەوتەوە و ئەوەش لە شاری **ڤینیسیا (ئیتالیا)**، بە بۆنەی گرتنی کۆنفرانسێکەوە لەو شارە لە لایەن شارەوانیی ڤینسیا و جڤات (کۆمۆنیتا)ی کوردەکانی ئیتالیاوە بۆ باسی کورد و باسی پرۆژەیەکی گرنگ بۆ خزمەتی زارۆی کورد کە نێویان ناوە **«پرۆژەی چەمچەماڵ»**. کاربەدەستانی **ڤینسیا، فەلەکناز و دوکتۆر مەحموود عوسمان و منیان بانگێشت کردبوو بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا.** دیارە ئەم وتارە جێی ئەوە نییە باسی ئەو کۆنفرانسە بکەم کە لە راستیدا سەرکەوتنێك بوو بۆ کورد و ماڵی جڤاتی کورد لە **ئیتالیا** ئاوابێ کە بە ژمارە کەم و بە کار و کردەوە زۆرن، دەشزانم کە **بەرێز شۆرش سورمێ** کە پەیامنێری رۆژنامەی **«برایەتی»**یە لە ئیتالیا، خۆشی لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بوو، وتووێژێکیشی لە گەڵ من تۆمارکرد و خۆیایە کە ریپۆرتاژێك لە سەر ئەو کۆنفرانسە دەنووسێ. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە لە فەلەکنازم پرسی کە تۆ چووی بۆ ئەرمەنستان چتکرد و دەبێژی چی بەرامبەر ئەو هەواڵەی لە بارەی تۆوە بلاو کراوەتەوە؟ گوتی: **«ئاگام لەو هەواڵە نییە»**. گوتم باشە کە گەڕامەوە بەرلین رەوانەی دەکەم بۆت. ئەوجا گوتی: **«دڵنیابە ئەو هەواڵانەی رۆژنامەی دەوڵەتی ترك بلاوی کردوونەتەوە درۆی رووتن. راستە چووم بۆ ئەرمەنستان بۆ ئەوەی بزانم باری ژیانی ئێزدییەکان و کوردی دیکە چۆنە، بەلام نەك بۆ ئەوشتەی کە رۆژنامەکە نووسیوێتی»**. دوایی گوتی: «ئەرمەنییەکان رێیانندا پێم کە بچم بۆ کوردستانی سۆر. رووسەکانیش ڤیزەیانەدا پێم کە بچم بۆ رووسیا و سەرێکی کوردەکانی ئەوێ بدەم. **بەلام زۆربەی کاربەدەستە ئەرمەنییەکان کوردستانی سۆر بە خاکی خۆیان دەزانن و بەتەمانین بیدەنەوە بە کورد**. تەنانەت گەلێك ئەرمەنی هەن کە باسی کوردیاندەکرد وەك دوژمن باسیاندەکرد». هەروەها گوتی: «چووم بۆ ئەنقەرە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی HADEP دا وەك ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا

و، ویستم بەکوردی قسە بکەم، گوتیان قسەکردن بە کوردی رێبەندە (ممنوع)ە. گوتم باشە بە ئەڵمانی قسە دەکەم، گوتیان، نابێ، دەبێ بەترکی قسە بکەیت، گوتم ترکی نازانم، گوتیان، دەکەواتە مافی قسەکردنت نییە. پەرلەمانی ئەورووپاشم ئاگادار کرد لەوە».

بەمەدا دەردەکەوێ ئەو هەواڵەی تورانییەکانی ئازەربایجان لە بارەی گەڕانەوەی کوردەوە بۆ لاچین نووسیویانە و، جاشە کوردەکانیان خستبووە جرتوفرت، جارێ لە راستییەوە دوورە، بەڵام کار دەکرێ بۆی. شایانی باسە بزووتنەوەی تورانێتی لە ئازەربایجان و بەتایبەتی لە ئازەربایجانی ئێراندا گەلێك توند و تیژترە لە بزووتنەوەی تورانێتی لە سنووری دەوڵەتی ترکدا. ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، نەك هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەمووگەلانی ئێران، بەتایبەتی چۆنکە ئازەرییەکانی ئێران، بە ژمارە زۆر و بەدەسەلات و بەهێزن. ئازەرییەکان دەستیانگرتووە بەسەر بەڕێوەبەرێتیی سیاسەتی دەوڵەتی ئێراندا، هەروەها ئابووریی ئێران و بازاڕی ئێران بەدەست ترکەوەیە. **زۆربەی سەرکردەکانی لەشکری ئێرانی ترکن. مەلا حەسەنی کە خوتبەخوێنی رۆژانی هەینی شاری ورمێیە و، دەستی تا بنهەنگڵی بە خوێنی کوردی قارنا و ورمێ سوورە، رۆڵێکی دیار دەبینێ لە کورد دوژمنی و ژندوژمنیدا (*). دەبێ ئەوەش بزانین کە خامنەیی و زۆربەی ئایەتوڵڵا دەستڕۆیشتووەکانی ئێران ترکن. هاوینی ئەمساڵ لە سەردانێکیدا بۆ ئەردەبیل، خامنەیی ماوەیەك بەترکی قسەیکرد و گوتی «ئێران لە چەند گەلێك پێکهاتووە و لە پێش هەموویانەوە ترك و فارس کە هەردووکیان بران، چۆنکە هەردوکیان موسڵمانن».**

شایانی باسە کە شاکرێ خدۆ هەر ناڕاستەوخۆ پشتگیریی رۆڵی ستالینی تێرۆریست و جافەری باقرۆفی تورانی، لە چارەنووسی خویناوی کوردستانی سۆر دا ناکا و بەس، بەڵکو بۆ رژێمی تاوانباری سۆڤێتیش دەپارێتەوە لەو دەستبڕینە بێشەرمانەیەدا کە لە کاتی کۆماری کوردستاندا(١٩٤٦ ــ ١٩٤٧) بەرامبەر بە کورد روویدا، شاکرێ خدۆ دەبێژێ: «چۆنکە کاتێك لە ساڵی ١٩٤١ دا **لەشکری ئێمە** چووە ئەوێ (ئێران) ئەوە بە گوێرەی خاڵێکی پەیمانی ساڵی ١٩٢١ بوو لە نێوان ئێران و رووسیا بەسترابوو، بۆیەش دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم گەرەك بوو رووسیا لەشکری خۆی لە ئێران بکشێنێتەوە، لە بەر ئەوە بە

تێڕوانینی من رووسیا نەیدەتوانی یارمەتی کوردی مەهاباد بدات».

گوێبگرن خەڵکینە! تا بزانن شاکریێ خدۆ چ دەفەرموێ: «کاتێك لە ساڵی ١٩٤١ دا **لەشکری ئێمە** چووە ئەوێ (ئێران) ... هتد»، فەرموون، ئەوەتە کاك شاکر **لەشکری ستالینی تێرۆریست و سۆڤێتی کوردکوژ** کە هەردووکیان بە رووڕەشییەوە گۆڕبەگۆڕ بوون، ئێستەش هەر بە لەشکری خۆی دەزانێ. ئەرێ، «**لەشکری ئێمە!**». پێموایە لەوەشدا ناحەقی نییە، چۆنکە ئەو ئێستەش هەر خۆی بەنانخۆری وان دەزانێ و بیروهۆشی هەر لەو سەردەمەدا دەخولێتەوە و پاکانە بۆ ئەو سەردەمە دەکا و بەچوار چاو بۆ ئەو رژێمە تاوانبارە دەگری و راستینابێژێ کە ستالین کوردی رۆژهەلاتی بە بەڵێنی مافی گەڕان بەدوای نەوتدا لە باکووری ئێراندا فرۆشت، کە دەستیشی نەکەوت.

شاکریێ خدۆ لەبارەی پێوەندییەکانی رووسیا بە کوردەوە دەبێژێ: «هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر کوردەکان هێندێك بۆنی بێلایەنی لێدێت، ئەویش گرێدایی پێوەندییەکانی رووسیایە. چۆنکە پێوەندییەکانی **رووسیا لە گەڵ ئێران و عێراق و سووریا** خۆشن.

ئەمە نەك هەر شاردنەوەی راستییە، بەڵکو ساختەکارێتی و گۆڕینی راستییە. چۆنکە هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر کورد هەڵوێستێکی بێلایەنانە نییە، هەڵوێستێکی دژایەتی تەواوە. حکوومەت و پەرلەمانی رووسیا بە کۆمۆنیست و ناسیۆنالیست و لیبرالەوە پشتی **سەددام** دەگرن و هەوڵدەدەن بۆ **نەهێشتنی «نێوچەی نەفرین»** و **لابردنی «هەرێمی ئاسایش»** و گێڕانەوەی سەددام بۆ نێوچەی ژێردەسەلاتی کورد. حکوومەتی رووسیا **ئۆجەلانی** نەگرتە خۆی و پەنابەرێتی نەدایە و دەریکرد و، هێشتا ئۆجەلان بە فڕۆکە نەگەیشتبووە رۆما کە **پریماکۆف** سەرۆك وەزیرانی رووسیا، دەوڵەتی ترك و هەموو جیهانی لە سەفەری ئۆجەلان ئاگادار کردبوو. **حکوومەتی رووسیا یارمەتی تێکنۆلۆژیی رژێمی ئێران و عێراق دەدا بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و تۆپی دوورهاوێژ.** رووسیا نەك هەر بێلایەن نییە، بەڵکو دوژمنە. بێ لایەن ئەوەیە نە یارمەتیی کورد بدا و نە یارمەتیی دوژمنەکانی. شاکریێ خدۆ ئەم راستینە زەقانە وەردەگێڕێ و پێیوایە دەتوانێ رووی خۆری رۆناك بە کەلەبێژنگ بگرێ.

شاکرێ خدۆ لە هەڤپەیڤینەکەیدا لە گەڵ **«میدیا»** هێندێك شت باسدەکا کە ئامانجی هاتنی خۆی و هاودەنگەکانی بۆ هەولێر ناڕاستەوخۆ دەخاتە روو. شاکرێ خدۆ باسی پەرتۆکێك دەکا کە دەبێژێ بریتییە لە مێژووی کوردستان و دەبێژێ: «جاری یەکەمینە نەك تەنیا لە رووسیا، بەڵکو لە کوردستان و هەموو جیهاندا کارێکی وا زانستی بۆ مێژووی کوردستان بکرێ. ئەو پەرتۆکە لە لایەن پێنج پرۆفیسۆران و بە سەرۆکایەتیی من نووسراوە. ئێستا من ئەو پەرتۆکەم لە گەڵ خۆم هێناوە بۆ ئەوەی بیدەمە برادەرانی ئێرە کە بیگۆڕنە زاراوەی سۆرانی و لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا بخوێندرێ». شاکرێ خدۆ درێژە بە قسەکانی دەدا و دەبێژێ: «دیارە کاتی خۆی رەحمەتی **محەمەد ئەمین زەکی مێژووی کوردستانی** نووسیبوو، هەروەها مێژووی پارچەکانی کوردستانیش هەیە کە بەجیا و تایبەتی نووسراوەتەوە. بەڵام ئەوەی ئێمە لەوەدا جیاوازە کە بەشێوەیەکی گشتگر و زانستی نووسراوەتەوە».

جارێ بەرلە هەموو شتێك دەبێ بزانین پاش ئەوەی گوێمان لە قسەکانی شاکرێ خدۆ بوو لە بارەی **کوردستانی سۆر و کۆماری کوردستان** و سیاسەتی رژێمی تیرۆریستی سۆڤێت و بەتایبەتی **ستالین** بەرامبەر بە کورد هەرلە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤێتەوە تا لەنێوچوونی، پێویستمان بە زەحمەتدان بەخۆ نابێ تا بزانین شاکرێ خدۆ ئێستەش هەر گرێدایی رەوشی سۆڤێتە و خەون بەو سەردەمەوە دەبینێ و قسەکانی بەلای حەقدا ناچن. لەبەر ئەوە زۆر گومانم لەوە هەیە کە پەرتۆکێك بە سەرپەرشتی وی نووسرابێ ئاوێنەی راستینەی مێژووی کوردستان بێ. کاربەدەستانی باشووری کوردستان پێویستە لە سەریان بەهیچ جۆرێك بڕیاری ئەوە نەدەن کە ئەو پەرتۆکە لە هیچ خوێندنگە و زانستگەیەکدا بەکار بهێنرێ هەتا چەند زانایەکی کوردی بەتەنگەوەهاتوو و لە پێش هەمووانەوە کەسانێکی وەك **دوکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد، مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی و مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف** بەهوردی و لەسەرخۆ تەماشایدەکەن و گیاکەڵەکانی دەسکەنە دەکەن. باشتریش ئەوەیە پارچەپارچە بکرێ و بەشە بەکەڵکەکانی بکرێنە کەرەسە بۆ سەرچاوەیەکی زانستانەی خۆمانە.

سەیر ئەوەیە شاکرێ خدۆ هێندەی بەرەکەی خۆی پێراناکێشێ و رووقایمانە دەیەوێ وامان تێبگەیەنێ کە بەرهەمەکەی بەهەشتی **محەمەد ئەمین زەکی** و هەموو

ئەو بەرهەمانەی تا ئێستە پێشکێش کراون زانستانە نین. شاکرێ خدۆ پێویستە بزانێ کە مێژوونووس بێجگە لە زانایی لە بابەتەکەی خۆیدا، دەبێ دوو تایبەتکاری دیکەشی تێدا بێ: یەکەمیان ئازایەتی، واتە نەترسان لە قسەی خەڵك و رەخنە و پرتە و بۆڵەی ئەم و ئەو و، نەترسان لە لەدەستچوونی بەرژەوەندیی تایبەتی. دووەمیان: دوورکەوتنەوە لە لایەنگریی نابابەتانە. هەر کەسێك بەرهەمەکەی بەهەشتی **محەممەد ئەمین زەکی** بخوێنێتەوە دەبینێ ئەم پیاوە زانستانە کاریکردووە، واتە لە باسەکەیدا پشتی بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی جیاجیا بەستووە و، وشەفرکێی نەکردووە. بێجگە لەوەش باسی ئەو سەردەمەی مێژووی کوردی کردووە کە پێوەندیی نەبووە بەو رۆژانەوە کە تێیدا ژیاوە. لەبەر ئەوە ناچار نەبووە خاتری کەسی دی بگرێ. ئەمەشی لە پەرتۆکەکەیدا باسکردووە. دوایی شاکرێ خدۆیەك کە نەیەوێ باسی کوردستانی سۆر و مێژووە خوێناوییەکەی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنەوەی بکا و نەیەوێ هەڵوێستی **ستالین** و سۆڤێت بەرامبەر **کۆماری کوردستان و شۆرشی ئەیلوول** تاوانبار بکا و هەڵوێستی ئێستەی رووسیا بەرامبەر بە کورد بە **«بێ لایەن»** بداتە قەڵەم، چۆن کارەکەی **«زانستانە و گشتگیر»** دەبێ، بێگومان نابێ!.

مەبەستی سەرەکیی سەردانەکەی شاکرێ خدۆ بۆ هەولێر پتر لە وەرامی ئەو پرسیارەدا دەردەکەوێ کە **«میدیا»** لێیکردووە و گوتوویەتی: «ئێوە لە سەمیناری ١٣/١١/١٩٨٨ی سوێد و ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری **«رۆژا نوو»** دا مژدەی ئەوەتان دابوو کە مژۆڵی کارکردنن لەسەر **ئینسکلۆپیدیای کورد**. ئایە ئەو پرۆژەیە چی بەسەرهات؟». شاکرێ خدۆ دەبێژێ: «ئێمە لێرە دەمانەوێ بە ئاگاداریی حکوومەتی کوردستان پێوەندیی لە گەڵ برادەرانی زانکۆ بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی دەست بەو کارە بکەین، چونکە بەراستی ئەوە کارێکی گرانە و، ئێمە بەتەنیا ناتوانین ئەو کارە بکەین، ئەوجا ئەوە هەزار و یەك گرفتیشی هەیە. ئەگەر ئێمە بگەینە بڕیارێك لێرە، کە ئەز باوەڕمەندم پێیدەگەین، ئەوکا ت ئێمە دەست بەو کارەی خۆمان دەکەین. بەڵام ئەوە کارێکی دوورودرێژە و دەبێ بەیەك بەرگ بنووسرێ و پێویستی بە زەمانی دوانزە تا پانزە ساڵ هەیە ... هتد».

ئەرێ ... ئەوەی شاکرێ خدۆ لە ساڵی ١٩٨٨ دا، واتە دوانزە ساڵ لەمەوبەر

باسی کردووە و گوایە ئەو سەردەمە خەریکی بووە، واتە **ئینسکلۆپیدیای کورد**، تازە دەیەوێ ئەو کارە بکا، ئەوەش ئەگەر هاتو **لە گەڵ حکوومەتی کوردستاندا** بگاتە بڕیارێك لە هەولێر. ئەوجا دەبێ ئەو بڕیارە چی بێ بۆ کردنی کارێك کە بەقسەی وی ١٢ــ١٥ ساڵی بوێ، بێجگە لەوەیکە **حکوومەتی کوردستان چەند ملوێنێك دۆلار بۆ شاکرێ خدۆ** و هاوڕێکانی تەرخان بکا و بۆ ئەنجامدانی کارێك کە ١٢ ــ ١٥ ساڵی بوێ. ئەوەیە "**شیردا بۆ داپیردا!!!!**".

جا وەنەبێ ئەز ئاگام لەم چیرۆکی «**ئینسکلۆپیدیای کورد**»ە نەبێ. ڕاستییەکەی چەند ساڵێك لەمەوبەر بە بانگهێشتی «**ئینستیتۆی کورد لە بەرلین**» کۆبوونەوەیەك **لە برۆکسل** کرا لە خانووی «**پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات**» بۆ باسی ئینسکلۆپیدیای کورد. لەوکۆبوونەوەیەدا **بەڕێزان دوکتۆر کوردستان موکریانی، دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد، دوکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، دوکتۆر جەمشید حەیدەری، دوکتۆر جەبار قادر، دوکتۆر میهرداد ئیزەدی، دوکتۆر لازارێف، دوکتۆر ژیگالینا** و چەند بەڕێزێکی دیکەش بەشداربوون. ڕۆژێك بە دوورودرێژی لە سەر بابەتەکانی ئینسکلۆپیدیایەکی کورد دوواین. بڕیاردرا کە **ئینسکلۆپیدیایەکە ئینسکلۆپیدیای کورد بێ نەك کوردستان.** چۆنکە ئینسکلۆپیدیای کوردستان زۆر کاری دەوێ و کاتێکی فراوانی پێویستە. بۆ ڕۆژی دوایی **عیسمەت شەریف گۆتی** بڕیارەکەیان گۆڕیوە و کردوویانە بە **ئینسکلۆپیدیای کوردستان.** جا لە بەر ئەوە، ئەو بڕیارە دێمۆکراتانە و زانستانە نەبوو، بەڵکو ڕامیارانە و نازانستانە بوو، ئەز خۆم کێشایەوە لێی، پاش ئەوەش چەند هەڤاڵی دیکەش خۆیان کێشایەوە و کارەکە سەرینەگرت.

ئینسکلۆپیدیای کورد گاڵتەی منداڵان نییە و کاری یەك کەس و دوو کەس نییە. دەبێ نەخشەیەکی ڕێکوپێك دابنرێ بۆی و بابەتەکان بە پێی پسپۆڕی دابەشبکرێ بەسەر سەتان زانستکاردا. سەرجەمی کارەکەش دەبێ بەچاودێری و سەرکردەیی کۆمیتەیەك بێ کە لە چەند زانایەکی کوردی پسپۆڕ کە ئامانجیان خزمەتی ڕاستی و نەتەوەی کورد بێ، پێکهاتبێ.

— — — —

(*) ــ **مەلا حەسەنی** کە بە «**ژەنەراڵ حەسەنی**» نێوی ڕۆیوە، کابرایەکی

دەوڵەمـەند و خـاوەنی زەوی و زارێـکی زۆرە لە ڕۆژهەلاٌتی کـوردسـتـان و نوێنەری **«خامنەیی»** یە لە ورمێ. جا لەبەر ئەوەی لەو وڵاتە سینەما و جێی ڕابواردن نیـیە، خەڵکەکە بەزۆری بۆ پێکەنین و کـاتبـردنەسەر، ڕۆژانی هەینی دەچنە مـزگەوتەکـەی مەلاحەسەنی و گوێ لە قسە نەستەقەکانی دەگرن. ڕۆژێکیان لە کاتی باسکردنی **ژنـدا** دەبێـژێ: «ژن دەکـرێن بە سێ بەشـەوە. بەشـێکیـان سـەریانداناپۆشن و دەمـوچاویشـیـان داناپۆشن، ئەمـانە وەك ئۆتۆبووس (پاس) وانە، هەمـوو کـەسێك دەتوانێ سـواریان بێ. بەشـێکی دیکەشـیـان سـەریاندادەپۆشن بەلاٌم دەمـوچاویان ڕووتدەکـەن، ئەمـانە وەك تاکسی وانە، هەر چەند کـەسێك دەتوانێ سـواریان بێ. بەشێکی دیکەش هەن کـە سەریشیـان و دەموچاویشیـان دادەپۆشن، وەکـو ژنەکـەی بەندە، ئەمانە هێسترن، هەر یەك کەس دەتوانێ سواریان بێ». کە خەڵکەکە گوێیان لەم فەلسەفەیە دەبێ هەموو بەجارێك هاوار دەکەن «الله اکبر» «الله اکبر».

جا وەرن بزانن قووپەسەریی ئەم کوردە گەیشتووەتە کوێ، لە لایەکەوە تووشمان بووە بە تووشی مەلاحەسنی و لە لایەکی دیکەشەوە شاکرێ خدۆ!!.

ڕۆژنامەی «میدیا» ژمارە (٧٩)

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٠١

پەیامی مامۆستا جەمال نەبەز
بۆ کۆنگرەی پێنجەمی
یەکێتیی نەتەوەییی دێمۆکراتی کوردستان!

بەرێزینە! کارگێڕانی کۆنگرەی پێنجەمی **یەکێتیی نەتەوەییی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر!**

پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز و بانگێشتنەکەتان بە بۆنەی ئاهەنگی پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتییەکەتانەوە، گەیشتە دەستم، زۆر سوپاستان دەکەم. هیوام وایە سەرکەوتووبن لە پێناوی خزمەت و هێنانەدی ئامانجەکانی بیری نەتەوەییی کوردی دا.

بەرێزینە! بیری نەتەوەییی کوردی نێوی خۆی بە خۆیەوەیە، واتە بیرێکە کە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان دەگرێتە خۆ، بە هەموو حیزب و کۆمەڵ و رێباز و هۆز و نێوچە و هەرێم و باژێڕ و گوند و هەموو تاکێکی نەتەوەی کورد و هەموو کوردستانییەك. ئەوەش لە سەر بنچینەی ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵگەی کوردستان و هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆیە. ئەوجا ئەو قەوارە سەربەخۆیە لە چ شێوە و چارچێوەیەکدا دەبێ، ئەوە جێی لێدوان و وتووێژە و، گرنگ یەکسانیی کورد و گەلانی دیکەیە لە دەسەڵاتدا. ئەم یەکسانییەش لە دەسەڵاتدا هەر بۆ نەتەوە جۆربەجۆرەکان نییە، بەڵکو بۆ بەشەکانی کۆمەڵگەشە و بە تایبەتی بۆ ژن و پیاو، کە بەداخەوە دەسدرێژی پیاو بۆ سەر مافی ژن لە لایەن پیاوی تەنگەتیلکە و خۆپەرست و مێشکودەروونەخۆشەوە زوو زوو لە کوردستانی رزگاربوودا روودەدا، کە ئەمەش بەڵگەیەکی بەرچاوە بۆ ئەوەی کە فەرهەنگی کۆن و رزیو و گەنیوی داگیرکەرانی کوردستان خەریکە جێ بۆ خۆی دەکاتەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دا، کە نموونەیەکی ئەوەش لە دەستوور و نەریتەکانی رژێمی فاشستی بەعسی دا دەردەکەوێ کە هەتا ئێستەش لە کوردستانی رزگاربوودا بەکار دەهێنرێن. مەبەستم لێرەدا زاگۆن (قانون)ی دۆخە تایبەتییەکانە (قانون الاحوال الشخصية)ی بەعسییەکان کە ژن وەك کۆیلەیەك تەماشا دەکا. لە بەر ئەوە چاوەڕوانیی هەموو کوردێکی نەتەوەیی لە کاربەدەستانی

کوردستان و لە پێش هەموویانەوە، لە بەڕێز و خۆشەویست نێچیرڤان بارزانی ئەوەیە، ئەم دەستوور و نەریتانەی بەعسی فاشیست بخرێنە گۆفەکی مێژووەوە و، دەستوور و نەریتی دێموکراتیانە بێنە جێیان کە لە گەڵ فەرهەنگی پێشکەوتنخوازانەی کورد بگونجێن و، پەنجەی ئەو پیاوە کەللە ڕەقە بشکێنرێ کە بە نیازی خراپەکاری بۆ ژنێك درێژ دەکرێ.

بەڕێزینە! فەرهەنگی کورد، فەرهەنگی چەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیمووری لەنگ و حەجاجی کوڕی یوسف و یەزیدی کوڕی معاویە و میشێل عەفلەق و رەزاخان نییە. فەرهەنگی کورد فەرهەنگی ئەناهیتا و زەردەشت و پاپەکی خورەمدین و فەیلسووفی مەزن سوهرە وردی و سوڵتان سەهاکی کاکەیی و شێخ هادی ئێزدی و پیری عەلەوی یە. فەرهەنگی کورد فەرهەنگێکی مرۆڤدۆستانەیە، و دژ بە هەموو جۆرە زۆرداری و ستەم و هۆڤێنی یەکە. شەرەفی پیاو لەم فەرهەنگەدا لە کەنەفتکردن و بندەستکردنی ژندا نییە، بەڵکو چەوساندنەوەی ژن بەوپەڕی بێ شەرەفی دادەنێ. ئەو پیاوانەش کە پیاوەتیی خۆیان لە ژنکوژی دا دەبینن، با دڵنیابن ئەگەر بچنە سەر پەیژەش هێشتا ناگەنە ئەژنۆی ژنانی وەك قەدەم خێر و خانزاد و قەرە فاتمە و ماهشەرەف خانم و حەپسەخانی نەقیب و عادلەی جاف و رەوشەن بەدرخان و میناخانم و لەیلا قاسم و هەڤاڵ خەجۆ و کوردستان موکریانی و دایکی جوان ....

سەرکەوتن هەر بۆ رێبازی نەتەوەیی کوردە، رێبازی ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆیی!

جەمال نەبەز

بەرلین ٢٦/٣/٢٠٠٠

برای خۆشەویست و بەڕێز مام جەلال

پەلاماری دەستدرێژیکەرانەی ئەوانەی خۆیان نێوناوە «**جندالاسلام**» بۆ سەر خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجە و دەورووپشتی و رشتنی خوێنی پێشمەرگە و لەتوپەتکردنیان بە تەور و قەمە و سووتاندنی لاشەکانیان، وێنەی فەرهەنگی دڕندانەی **جەنگیزخان و هۆلاکۆ و حەجاج و یەزید و داگیرکەرانی کوردستان** دێنێتە بەرچاومان. دیارە ئەمانەش هەر میراتگری ئەوانن. دەسا تف لە چارەیان و روویان رەش بێ و پێستی سەریشیان بەنەحلەت بێ بۆ خۆیان و کاروکردەوەیان.

ئەم دارودەستە چەند سەت کەسییە کە بەپارە و چەکی قورسی بێگانەوە هێنراونەتە سەرسنووری هەرێمی باشووری کوردستان، دەبێ باش بزانن کە نەتەوەی چل ملیۆنیی کورد کە بە قوربانییەکی زۆر بەنرخ توانیویێتی بەشێکی گچکە لە نیشتمانەکەی رزگار بکا، هیچ کاتێك ئامادە نییە رێیدا بە دەستەیەك جەردە و بازرگانی ئاین، پیاوەکانی دیل و ژنەکانی کەنفت بکا و وەك کالاْ بیانکڕێ و بیانفرۆشێ. چونکە ئەوە فەرهەنگی کورد نییە و هیچ کاتێکیش نابێتە فەرهەنگی کورد. لەبەر ئەوە نابێ هیچ جۆرە رێککەوتنێك لەلایەن کاربەدەستانی کورد و تێرۆریستانەوە هەبێ. دەبێ چەك دانێن و داوای لێبووردن بکەن لەبەردەم نەتەوەی کورد دا. هەموو حیزب و کۆمەڵە و رێبازە رامیاری و ئاینییەکانی کوردستانیش پێویستە لەسەریان هەڵوێستی خۆیان بەئاشکرا و بێگرێوگۆڵ بخەنەڕوو. لێرەدا هیچ جۆرە «بێلایەنییەك» لەکەس پەسندناکرێ. هەر نێویژییەکیش کە بەلای ناڕەواییدا دایتاشی، دەبێ بدرێتە دواوە. ئەز نە لەسەر یەکێتی دەکەمەوە و نە لەسەر هیچ حیزب و کەسێکی دیکە. چونکە خۆشم گلەییم لە **یەکێتی و پارتی** هەیە. ئەوەتە تا ئێستە **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خەباتکاری ناسراوی نەتەوەکەمان جەوادی مەلا** کە بۆ یەککرتنی هەموو حیزبەکان و ئاشتیی نەتەوەیی هەوڵدەدا، رێی پێنەدراوە لە **هەولێر و لە سلێمانی و دهۆك** بیرۆیەکی هەبێ، یان رۆژنامەیەك دەربکا. بەڵام ئەم شەڕە شەڕی یەکێتی و «جندالاسلام» نییە، بەڵکو شەڕی رێبازی شارستانێتی و بیری ئازادی و رۆناکی لەلایەك و رێبازی کۆنەپەرستی و

مێشکهیشکی و تاریکییە. هەولوتەقەلای دزێوی ئەوانەیە کە سالانی سال شەڕی براکوژیی دوو حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستانیان قۆزتووەتەوە بۆ تەیارکردنی خۆیان و کاتێك دییان کە پارتی و یەکێتی لەیەك نێزیکبوونەتەوە، ئەوجا کەوتنە کوشتنی سیاسەتکارە حیزبییەکانی کورد بۆ ئەوەی ئاگری ناکۆکیی نێوان یەکێتی و پارتی جارێکی دی هەلگیرسێننەوە کە ئەوەش نەچووە سەر بۆیان، ئا ئەم بەزمەیان داگیرساند بەنێوی «جندالاسلام»ەوە. ئەمە لەباتی ئەوەی بچن یەخەی داگیرکەرانی کوردستان بگرن.

کوردستان دیارە مالی هەموو کوردستانییەکە، سەر بە هەر ئاین و رەگەزێ بێ. ئەوی دەیەوێ فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، دەبێ لە شەڕی هەلبژاردندا بیباتەوە، نەك لە خوێنڕێژی و زیندوژمنیدا.

زۆرم پێخۆشە کە برای بەڕێز و خۆشەویست مەسعوود بارزانی پشتگیریی خۆی بۆ ئێوە دەربڕی. تێکەلبوونی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی بۆ بەربەرەکانێی تێرۆریستان، هەنگاوێکە بەرەو دامەزراندنی لەشکری بەرگریی کوردستان و یادێکی سەردەمی سەرۆك بارزانییە. چونکە پێشمەرگە سەر بە هەر حیزبێك بن، هەموو پێشمەرگەی کوردستانن.

دوا تکام لێت برای بەڕێز ئەوەیە ئەوانەی لەلایەن پێشمەرگەوە دەگیرێن، یان خۆیان دەدەن بەدەستەوە، دەستبەجێ بدرێنە دەستی پۆلیس و دۆزگری گشتی و ئەوجا دادگە و بەشێوەیەکی دێموکراتانە هەلسوکەوت بکرێ لە گەلیان. بڕیار بەدەست دادگەی کوردستانە، فەرهەنگی ئێمەش فەرهەنگی زەردەشت و سەلاحەدینی ئەیووبی یە، نەك فەرهەنگی هۆلاکۆ و حەجاج و یەزید.

براوهاویری دێرینت

جەمال نەبەز

بەرلین ٤/١٠/٢٠٠١

بۆ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی «پەیام»

«فەتیانە» کەی شێخ مەحموود بوو بە «دەستەسڕە»

لە دوازمارەی سالّی رابردووی رۆژنامەکەتاندا و، لەژێر سەردێڕی «دەستەسڕەکەی مەلیکی کوردستان» دا، کورتە وتارێکتان بڵاو کردبووەوە. جا لەبەر ئەوەی وتارەکە نێوی هیچ کەسێکی پێوە نەبوو، دیارە بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکە راستەوخۆ بەرپرسیاری ئەو نووسینەن و ناتوانن خۆیان لەژێر باری بەرپرسیاریی رۆژنامەگەریی رابسکێنن و بێژن «هەرکەس بەرپرسیاری نووسینی خۆیەتی»، ئەگەرچی رۆژنامە وەك گۆڤەك و سەرەنوێلك نییە هەرکەسێك هەستا و چڵکاوی کنج (جلك) و بەرماوەکەی خۆی تێفرێبدا.

«پەیام» لەو نووسینەدا پەسنێکی زۆری بەیانی ١٩/١١/١٩٩٩ی ئەستەموولّ دەدا، کە لە لایەن دەوڵەتەکانی سەر بە بەرەی osce وە ئیمزاکراوە و، بە «خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ» ی دادەنێ لە «سیاسەتی نێودەوڵەتیدا». بەپێی رۆژنامەی «پەیام» خاڵێکی ئاشکرای ئەو دۆکومێنتە «گرنگییەکی زۆری بۆ ئەو کەمایەتییە نەتەوانە هەیە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتانی خاوەن قەوارەی سیاسی دانپێانراودا گیروگرفتی سیاسی، یان ئەتنیکیان هەیە». مەبەستم لێرەدا ئەوە نییە کە بە کارگێڕانی **«پەیام»** بسەلمێنم کە ئەم بۆچوونە لە بنەڕەتەوە چەوتوچەوێڵ و نادروستە، چونکە شتێکی بەڵگەنەویستە کە کێشەی گەلانی ژێردەستەی ئەو دەوڵەتانەی کە هەڤاڵبەندی زلهێزەکانن، بەتایبەتی ئەمریکا و ئەورووپا، تەنێ لە گۆشەی بەرژەوەندیی هەڤاڵبەندیی خاوەن دەوڵەتەوە لێیدەڕوانرێ، نەك لە گۆشەی بەرژەوەندیی گەلی بندەستی بێدەوڵەت و کۆمەڵگەی بەشخوراو و بێدەسەڵاتەوە. وەرن بەراوردێکی کۆزۆڤۆی یوگسلاڤیای بێلایەن و، کوردستانی داگیرکراو لەلایەن دەوڵەتی ترکی ئەندامی ناتۆوە بکەن. بەلّام با واز لەمە بهێنین.

«پەیام» داوا لە کورد دەکا «لەجیاتی چاویلکەی رەشی مافیایانە بەچاوی وردبینی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە نەخشە سیاسییەکانی دنیا بخوێنینەوە». هەروەها دەبێژێ: **«زۆر گرنگە سیاسەتمەدارانی کورد کە تەوقە لە گەلّ گۆڕانکارییە**

سیاسییە نوێیەکانی جیهاندا دەکەن نە کەلەبچەی درواسیّ و براگەورەکانیان لە دەستدا بێت و نە دەستەسرەکەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان».

بەرلەوەی بچمە نێو باسەکەوە دەمەوێ ئەوە بێژم کە مەبەستم لەم بەدواداچوونە لەسەر کردنەوەی شێخ مەحموودی نەمر نییە کە خۆم لە پاڵ ڕێزی زۆرمدا بۆی، هێندێك گلەیی و ڕەخنەشم لە هەڵسوکەوتی رامیاریی وی هەبووە، بەڵکو مەبەستم خزمەتی راستی و راستکردنەوەی مێژووی دەستکاریکراوی کوردە. ئەو مێژووەی کە لە سەتەی رابوردوودا بەدەستی تاوانبارانەی چینی هوردەبۆرژوای خوێندەواری کوردگەلێك ساختەکارێتی تێدا کرا. ئەوە نەبوو پەنجا ساڵی رەبەق وانەی دەروێشێتیی رژێمی تێرۆریستی دژ بە ئازادیی سۆڤێتیان فێری کورد دەکرد و، هەرکەسێك پێچەوانە بوەستایە، دەستبەجێ مۆری نۆکەرێتیی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و رەگەزپەرستی و شۆڤێنێتی و فاشێتی و چی و چیان لێدەنا. ئێستەش بێچووە ئاغا و دەرەبەگە کۆنە توودەیی و بەگداشییەکانی ئەو سەردەمە کە دەرچووی زانستگەکانی «ئیمپریالیزمی رۆژئاوان»، لەباتی ئەوەی تۆبە لە رابردووی چەپەڵی خۆیان و بنەماڵە خوێنمژەکانیان بکەن، ئەمجارە بەنێوی **«کوردۆلۆژی»** یەوە کەوتوونەتە بازرگانیکردن و، ئەم شار و ئەو شار دەگەڕێن و، بێشەرمانە دژی ئاڵاهەڵگری بیری ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ و رێبازی نەتەوەیی کورد **«کاژیك»** بوختان و درۆ و دەلەسە بلاو دەکەنەوە. چۆنکە هەر کاژیك بوو دەستی دزانەیانی خستەڕوو. بەڵام زۆرناژەنەکانی رژێمی سۆڤێت کە دوێنێ بە **«دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا»** وە بازرگانییان دەکرد، ئەوا ئەورۆ بە **«دیالۆگ»**ەوە بازرگانی دەکەن. ئەی کوڕی رۆژ مانای چی؟.

بۆ تێگەیشتن لە کێشەی ئەم **«دەستەسرە»**، دەمەوێ بێژم کە چەند ساڵێکە قسەیەك کەوتووەتە نێو کوردەکانی ئەورووپاوە، گوایە شێخ مەحموود کاتێك تەوقەی لە گەڵ ئینگلیزەکان کردووە، جارێ بە «فەقیانە»کەی دەستی خۆی پێچاوەتەوە، ئەوجا دەستی داوەتە دەست ئینگلیزەکان، چۆنکە ئینگلیزەکان دیان (مەسیحی) بوون و، دەستیانی بە گلاو زانیوە. ئەز خۆم یەکەمجار ئەم قسەیەم دوو ساڵێك لەمەوبەر لە برادەرێك بیست کە لە لەندەن دادەنیشێ. کە لێمپرسی لە کێی بیستووە!، گوتی لە **جەرجیس فەتحولاّ**. ئەو سەردەمە جەرجیس فەتحولاّ لە سوێد

پەنابەر بوو، ئێستە گەڕاوەتەوە کوردستان و لە هەولێر دەژی. شایانی باسە، لە پاییزی ساڵی ١٩٩٩ دا بەڕێز شاهێن بەکرسوورەکلی بەڕێوەبەری رادیۆی کوردیی شاری سیدنی (ئوستراليا) وتووێژێکی دوورودرێژی لە گەڵ من ئەنجامدا لەژێر نێوی **«کێشەی کورد لە سەتەی نۆزدەدا»** و لەو ماوەیەدا باسی «فەقیانە» کەی شێخ مەحموودیشی لێم پرسی. ئەزژی بیروڕای خۆم لەوبارەیەوە دەربڕی. دەقی وتووێژەکە بە رادیۆ و، دوایی بە ئینتەرنێت بە هەموو جیهاندا بڵاو کرایەوە.

راستییەکەی، دەمێکە ئەوە دەزانم کە یەکێك لەو چەکە ژەهراوییانەی کە بەرەی تاریکی دزانە و دزێوانە لە دژی بەرەی رۆناکی بەکاری هێناوە و دەیهێنێ، درۆودەلەسە و بوختان و قسەهەڵبەستنە بۆ مرۆڤی ئازا و لێهاتوو و سەربەرز، بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی سەرلێشێواودا، وەك کۆمەڵگەی کورد، کە قسەو قسەلۆکی بێبەڵگە و توێژینەوە یەکسەر دەقوزرێتەوە و، وەك تووتی دەگوترێت و دەگوترێتەوە و، لە گەڵ تێپەڕبوونی کات و بەپێی پێویست ترش و خوێدەکرێ و، سەروبۆری بۆ دادەنرێ و، دێتە گۆڕان و دەبێتە بنێشتەخۆشەی بندان و، وێردی سەرزمان. ئەوەتە «فەقیانە»کەی جەرجیس فەتحولاّ، لەلای بەڕێوەبەرانی «پەیام» بووە بە «دەستەسڕە». وادیارە لەبەر ئەوەیە کە ئەو سەردەمەی شێخ مەحموود «تێمپۆ» و «دەستکێشی نایلۆن» لە کوردستاندا باو نەبوون، تا شێخ لەجیاتی «فەقیانە» و «دەستەسڕە» بەکاریانبهێنێ.

ئێستە دەمەوێ لە دوولاوە لەم باسە بکۆڵمەوە: لەلایەکەوە وەك زانستکارێك بە پێویستیی سەرشانی خۆم هەڵسم و، بابەتانە، نەك دەروێشانە، یان دوژمنانە، تەماشای کێشەکە بکەم. لەلایەکی دیکەوە، وەك کەسێك کە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە هێشتا شێخ مەحموود ماوە و، گوێی لە قسەی ئەوانە بووە کە پێوەندییان بە شێخەوە بووە و، خۆشی جارێك شێخی دیوە و قسەی کردووە لە گەڵی، بەشکو بتوانم بەوکارە ئەرکی سەرشانی خۆم وەك مرۆڤێکی خاوەنویژدان لە خستنەڕووی کەسایەتییەکدا بەجێبهێنم، کە ژیانی خۆی لە پێناوی چەسپاندنی مافی گەلێکی بندەستدا بەختکردووە و، بۆ گەیشتن بەوە، بێترس و لەرز و بێپاڕانەوە و کڕنۆشبردن و داواکردنی لێبووردن، لەبەردەم دادگەی بێدادی ئیمپریالیستەکانی بەریتانیادا لەسەر مافی نەتەوەی کوردی کردووەتەوە و، فەرمانی لەسێدارەدانی داوەتە بەر

گاڵتە و، ئەوانی بە تاوانبار داوەتە قەڵەم، نەك خۆی. راستە، شێخ مەحموود کەموکورتی و ناتەواوی هەبووە، بەڵام کێ تەواوە، فەرموو بێتە پێشێ، ئایە ئەوانەی کە چیرۆکی **«فەقیانە»** و **«دەستەسرە»** ەکەی شێخ مەحموودیان هەڵبەستووە، سەتیەکێکی شێخ مەحموودیان پێکراوە و پێدەکرێ؟.

شێخ مەحموود سەرکردەیەکی کلاسیکی کورد بوو بەهەموو مانای وشە. سەرکردەی کلاسیکی کورد تایبەتکاری خۆی هەیە. تایبەتکارەکانی ئەم سەرکردەیەتییەم لەو لێکۆڵینەوەیەدا خستووەتە بەرچاو کە لە ساڵی ١٩٨٣ دا لەبارەی گۆڤاری **«نیشتمان» (زمانی کۆمەڵەی ژێکاف)** کردبووم، بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری نیشتماندا و، لە ١٩٨٥ دا بە کوردی و ئەڵمانی لە وڵاتی سوێد بڵاوکرایەوە. هێندێك تایبەتکارەکانی سەرکردەی کلاسیکی کورد ئەمانەن: خۆبەستن بە نەریتی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە. قسەکردن بە کوردی و گرنگی دان بەخووڕەوشتی کوردانە. خۆ بەبچووکدانان بەرامبەر بە خۆ و خۆ بەقورسگرتن بەرامبەر داگیرکەر و دوژمن. هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی هەموو کوردستان، دوور لە هەستی نێوچەپەرستی. خۆنەبەستن بە هیچ جۆرە حیزبایەتی و ئیدیۆلۆژییەکەوە و گرتنی دۆستایەتی و بەستنی هەڤاڵبەندی لە گەڵ هەموو لایەکدا، بێگوێدانە ئیدیۆلۆژیا و سیستەم و نەتەوەی ئەو لایەنە. رێزگرتن لە ئاینی ئیسلام وەك فەرهەنگێك نەك وەك دۆگمایەکی رامیاری بە مەبەستی فەرمانڕەوایی ئاینی. تەماشاکردنی کورد بەیەك چاو، بێگوێدانە پێوەندارێتیی بنەماڵەیی و چینایەتی و ئاینی، واتە گێڕانی رۆڵی «باوکێك» نەك سەرکردەیەکی رامیاری (سیاسی) بەمانای وشە.

ئەمانەم هەموو بە بەڵگە و نموونە پێشانداوە لە گەڵ بەراوردکردنیان بە سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژوای کورد. خوێنەرەوە دەتوانێ تەماشای سەرچاوەی نێوبراو بکات. بۆ شارەزابوونی پتر لەبارەی سەردەمی شێخ مەحموودەوە، خوێنەرەوەی ئەم وتارە دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو زنجیرە وتارەی کە لە ساڵی ١٩٧١ دا لە بەرلین بە زمانی ئەڵمانی بۆ کورد و بۆ دۆستانی کوردم پێشکێشکردووە، لە چوارچێوەی ئەو سەمینارانەی کە **«یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا»** (نوکسە) کە حەفتانە سازی دەکردن و، لە ساڵی

١٩٧٢ دا لەلایەن نوکسەوە چاپ و بلاوکرایەوە بەنێوی «کوردستان و شۆرشەکەی» یەوە. وەرگێرانی کوردی ئەم بەرهەمە لە سوێد لە سالی ١٩٨٥ دا بلاوکرایەوە. ئەوجا ئێستە دەچمە نێو جەرگەی باسەکەوە:

بەرلە هەموو شتێك خۆم وەك مندالێك لە شاری سلێمانی باسی شێخ مەحموودم لە گەلێك خەلك دەبیست، بەتایبەتی لە پیرەکانی ئەو سەردەمەکە پێوەندیی راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆیان بە شێخ مەحموودەوە هەبوو. لەوانە باوکم و برادەرەکانی وەکو: **مامۆستا رەفیق حیلمی (کە باوەرپێکراوی شێخ مەحموود بوو)، ئەحەی تەقی (خاوەنی بیرەوەرینامە)، ئیسحاق میر (پارێزەرێکی زۆر شارەزای خەلکی سلێمانی و سەربە ئاینی جوو)، کەریمی ئەلەکە (وەزیری دارایی حکوومەتی شێخ مەحموود»، شێخ ئەولکەریمی شەدەلە (یەکێك لە سەرکردە هەقەکان)، حەماغای برایماغای خویلە (سەرکردەی کاکەییەکان و باوکی ئەحمەد سمێلْ کە هاورێی قوتابخانەم بوو).** لەم بەرێزانەم دەبیست کە لە سەردەمی شێخ مەحموود دا زۆربەی هەرەزۆری خوێندەوارانی کورد، بەپێچەوانەی راستە خەلکە سادەکەوە، دژی شێخ مەحموود بوون و، وەك ئاگری بنکا دەیانویست شێخ مەحموود بچێ بە گژ ئینگلیزەکاندا و حکوومەتی ترکانی سەر بە مسەتەفا کەمال بهێننەوە کوردستان. ئەم **«خوێندەوارانە»** لە نێو خەلکدا بە **«جل خوار»** ناسرابوون. شایانی باسە کە وشەی جلخوار لە جلی خوارەوە نەهاتووە، بەلکو لە جرخوارەوە هاتووە. **«جر»** لە زمانی کوردیدا کە ئێستەش لە هێندێ شوێنی باکوری کوردستاندا بەکار دێ، بەمانای «**هەلسوکەوت و رەوشت**» ە. لەبەر ئەوە جلخوار مانای «رەوشت خوار» و «رەوشت نزم» ە. تەنانەت وشەی «جر» لەگەلْ وشەی «جرتوفرت» و «جموجۆلْ» و «جرت» یشدا پێوەندییەکی ئێتمولۆژیانەی هەیە. جلخوارەکان کاتێك کەوتنە چالاکیی تەواو، کە شێخ مەحموود لە **دەربەندی بازیان** بریندار کرابوو و گیرابوو و درابوو بە دادگەی سوپایی هێزی چەکداری بەریتانیا لە بەغدا و فەرمانی لەسێدارەدانی درابوو، بەلام دوایی رەهەندەی هێندستانی کۆلۆنی ئەوکاتی بەریتانیا کرابوو. پاشان لەژێر گوشاری خەلکی کوردستاندا هێنرایەوە سلێمانی. هۆنەرێکی کورد لەرۆژی هاتنەوەی شێخ مەحموودا بۆ سلێمانی، هۆنراوەیەکی خوێندووەتەوە کە خۆشیی خۆی پێدەربریوە و تانووتی لە

«جلخوارەکان» داوە!

ئەو شەمعی جەمعی عالەمە، دوێنێ کوژایەوە،
ئەمڕۆ بە لوتفی حەزرەتی حەق هەڵکرایەوە.
....
هەی بەزمە، هەی شادمانییە، هەی تەرەبە،
سنجاقی فەتح و نوسرەتی کورد دانرایەوە.
....
ئەی مونکیران خەجاڵەتی دیوانی حەق دەبن،
ئەم «گێلمە گێلم» و «کەشاکەشە» بەسیە، بڕایەوە.

— — —

سەرنج! ئەم هۆنراوەیەم لە پەنجاکاندا لە خودێ لێخۆشبوو شاکیر موجریم بیست کە وەزیری پۆستە و تەلگورافی حکومەتی کوردستان بوو لە دەوڵەتی شێخ مەحموود دا. شاکیر موجریم خەڵکی سلێمانی بوو، بەڵام لە ڕەواندز دەژیا. کە لە بەغدا بوایە بۆ سەردان، پێی لە دوکانەکەی **مامۆستا بەشیر موشیر** نەدەبڕی و لەوێ گەلێك کوردی دیکەم دی لەوانەی کە لە نێزیکەوە ئاگایان لەسەردەمی شێخ مەحموود بوو. مەبەست لە «گێلمە گێلم» زاری ترکی و «کەشاکەش» زاری فارسییە.

— — —

لەساڵی ١٩٤٨ ەوە و، پاش «قەڵەمباز» (الوثبتیی)ی کانوون لە بەغدا، بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی سۆڤێتی و عێراقچێتی و «برایەتی درۆزنانەی کورد و عەرەب» و سڵاوتدان لە دیاری **مارکس و لێنین و ستالین**، کەوتنە نێو چینی خوێندەواری کوردەوە، ئیدی بزووتنەوەی کوردایەتی بە بزووتنەوەیەکی دەرەبەگانە و کۆنەپەرستانە درایە قەڵەم و، ئەوی کوردایەتیکردبوو و دەکرد، بە دەرەبەگ و کاسەلێسی ئیمپریالیستەکان دادەنرا و، یەکێتیی سۆڤێتیش بە «قەڵای ئاشتی» و «ڕزگارکەری گەلان» و «دۆستی کورد» و، هەرلەم تێڕوانینەشەوە، شێخ مەحموودیش بە «دەرەبەگ» و «خوێنمژ» و پیاوی ئیمپریالیزمی بەریتانیا مۆردەکرا. تەنانەت گۆڤاری «یەکێتیی تێکۆشین» زمانی حاڵی پارتی

کۆمۆنیستی عێراق، دەستەی «وحدة النضال» لکی باشووری کوردستان لە ژمارە (٢)ی سالی یەك (لاپەڕە ٧) دا نووسیبووی: **«ئەگەر سەیری حەرەکەتی شێخ مەحموود بکەین لە کاتێ کە ئەیەویست لەژێر نفووزی ئیستیعمار بە دەرەبەگیاتی کوردستان ئیدارە بکا ... هتد». (جەمال نەبەز: گۆڤاری کۆمۆنیستانەی «یەکێتیی تێکۆشین» ١٩٤٤ ـ ١٩٤٥ و ئیدیۆلۆژی هوردەبۆرژوای مارکسیستی کورد، ستوکهۆلم ١٩٨٨).**

سەیر ئەوەیە کاتێك کە ئەم مارکسییە پێشکەوتنخوازانە لێیاندەقەوما، پەنایان دەبرە بەرمالی ئەو «دەرەبەگە خوێنمژانە» وەك **هەباسی مامەند ئاغا و کاکە زیادی کۆیی و شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود و سەی ئەحمەدی خانەقای کەرکووك** و، لە دیوەخان و تەکیەکانی ئەواندا دەیانخوارد و دەخەوتن و دەپارێزران. لەمەش سەیرتر ئەوە بوو کە شێخ مەحموودی «دەرەبەگ و پیاوی ئیمپریالیزم» ئالەم کاتەدا بەفەرمانی حکوومەتی عێراقی دەسەکەلای ئیمپریالیزم، لە گوندی داریکەلی دەستبەسەر کرابوو، و بۆی نەبوو گوندەکە بەجێبهێلێ. لەبەر ئەوە واقم وڕمابوو لەم «ئیمپریالیستە گەوجە» کە وەك مامۆستا بەشیر موشیر دەیفەرموو هێندە «ناقص العقل» بێ، بچێ پیاوەکانی خۆی کەنەفت و دەستبەسەر بکا. کە لە کۆمۆنیستە «کارزانەکان»م دەپرسی، بۆچی دەبێ ئیمپریالیزمی ئینگلیز پیاوێکی گوێڕایەلی خۆی وا تەنگاو بکا کە نەتوانێ بستێك لە گوندەکەی بەولاوە دوور بکەوێتەوە، زەردەیەك دەیگرتن و دەیانگوت:« ئەوە سیاسەتە». بەکورتی، کەم کەس دەیوێرا بچێ بۆ سەردانی شێخ مەحموود، لەلایەکەوە لەترسی سیخوڕ و کاربەدەستانی حکوومەتی عێراقی سەربە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و، لەلایەکی دیکەوە لەترسی زمان و ئەو تۆمەت و تیرونەتۆرانەی کە کۆمۆنیستە عێراقچییە سۆڤێتپەرستەکان بە خەلکیانەوە دەنووساند.

سەرتانئەیەشێنم ... لە هاوینی سالی ١٩٥٦ دا هەمووی چەند مانگێك بوو کە خوێندنی خۆم لە زانستگەی بەغدا تەواو کردبوو، و بووبوومە مامۆستای فیزیك و ماتماتیك لە قوتابخانە نێوەندییەکانی شاری کەرکووك و، بۆ پشووی هاوین چووبوومە سلێمانی، چونکە کەسوکارم لەوێ دەژیان. لەو هاوینەدا بەخت فریامکەوت کە بە خزمەتی شێخ مەحموود بگەم، ئەوەش چەند مانگێکی کەم

بەرلەوەی کۆچیدوایی بکا لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا لەرۆژی ١٥٩٦/١٠/٩ دا.

نامەوێ لێرەدا ئەو وتووێژە بگێرمەوە کە بە سێقۆڵی لە گەڵ هاورێی منداڵی و قوتابخانەم **شێخ ئەحمەدی شێخ رەئوفی سەی نووری نەقیب و مامۆستا عەزیز محەمەد (عەزەی برای ئەرکان)** ئەو رۆژە لە گەڵ شێخ مەحموودی نەمردا کردمان، چونکە پاش ئەوەی چل ساڵ بلاوکردنەوەیم راوەستاند، هەر لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود لە قسەکانیدا هێندێك جنێوی توندی دا کە بلاوکردنەوەیانم پێباشنەبوو. دوایی هاتمە سەر ئەو باوەرەی کە بلاوکردنەوەی ئەو سەردانە خزمەتێکە بۆ مێژووی کورد و، رۆناکییەکە دەخرێتە سەر رابردووی دەوڵەتانی **عێراق و ترك و بەریتانیا** و، ئەوە بوو لە ژمارە (١٣)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ ی رۆژنامەی **«سەکۆ»** دا کە لە بەرلین دەردەچێ، لەژێر سەرنێوی «پاشنیوەرۆیەك لە خزمەتی شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمردا» بلاوم کردەوە. هاورێم **شێخ ئەحمەدی نەقیب** کە لەو کاتەدا بەرێکەوت هاتبوو بۆ **مۆنیخ** بۆ سەردانی نووری کوری، وتارەکەمی خوێندەوە و، لە نامەیەکی برایانەدا بۆ من، هێندێك شتی هێنایەوە بیرم لەبارەی ئەو سەردانەوە کە ئەز لەبیرم چووبووەوە. لەبەر ئەوە تەواوی نامەکەی شێخ ئەحمەد، هەروەك خۆی لە ژمارە (١٤)ی «سەکۆ» دا بلاوکرایەوە.

شێخ مەحموود لەو بەیەکگەیشتنەدا فەرمووی کە ئەو «بە ئارەزووی دڵی خۆی ئینگلیزەکانی هێناوەتە کوردستان، پێیوابووە کە پشتی کوردستانێکی سەربەخۆ دەگرن. لەبەر ئەوە زۆر رێزی گرتوون. بەڵام ئەوان لە پشتەوە پاشقولیان گرتووە لێی و هەتیوچە و ناکەسبەچەیان راست کردوونەتەوە لێی».شێخ دەیفەرموو: «ئینگلیزەکان نەدەچوونە ژێرباری هیچ پەیمان و بەڵێنێك بۆ دوارۆژی کوردستان. دەمویست بزانم ئەو کوردستانەی ئەوان بەرەسمی دانیپێدا دەنێن سنووری دەگاتە کوێ، بەڵام ئەوان هیچیاننەدەگوت. هەر دەیانگوت تۆ جارێ بچۆ شەری ترك بکە. لەبەر ئەوە بوو شەری ترکم نەدەکرد، نەك لەبەر ئەوەی ترك موسلمانبوون. ترکەکان موسلماننەبوون. موسلمان ئەوەیە خوێنی خەڵك برێژێ؟ راوورووت بکا؟ منداڵی ئەرمەنی بکا بە نووکی سۆنگییەوە؟ دەست بۆ ناموسی ژنان درێژبکا؟ ئەوانە موسلماننەبوون. جلخوارەکانی ئێمەش موسلماننەبوون. هەموو سەرسەری و ئارەقخۆر و بەنگ کێش و ... بوون».

جا وەرن خەڵکینە ...! شێخ مەحموودێك کە ئاوا لە موسڵمانی گەیشتبێ، دژی خەڵك کوشتن و خوێنڕشتن و ڕاوڕووت و دەستدرێژکردن بۆ نامووسی ژنان بووبێ و، بەکامی دڵی خۆی ئینگلیزەکانی هێنابێ بۆ کوردستان و ڕێزیگرتبن ... **شێخ مەحموودێك کە کەریمی ئەلەکەی دیان (مەسیحی) و ئیسحاق میری جوولەکە و شێخ ئەولکەریمی شەدەڵەی هەققە و حەماغای کاکەیی، هاوڕێ و دۆستی نێزیکی بووبن و پێکەوە سیاسەتیانکردبێ و نانیان لەسەر سینییەك خواردبێ ... شێخ مەحموودێك کە ژنێکی هەژاری وەك ڕەحمە کانێسکانی کردبێ بە سکرتێری خۆی و قوتابخانەی بۆ کچانی کورد کردبێتەوە و،** تەنانەت هوردەبۆرژوایەکی هەڵپەرستی وەك حەمدی ساحێبقران بە شیعر تانووتی لە شێخ مەحموود دابێ کە ڕێی داوە بە هەڵپەرکێی ڕەشبەڵەك و گوتوویەتی: « باجی ڕەحمە بێقەزا بێ نایەڵێ قنجهەڵپەڕین ...! ». شێخ مەحموودێك کە لەلای ئێمە زۆر بە باشی باسی **میجەر نۆئێلی** دەکرد و پەسنی دەدا ... **شێخ مەحموودێك کەلە سەردەمی دەسەڵاتی پێنج ساڵەی خۆیدا، چ بە فەرمانداریتیی و چ بە شایەتی، کەسێك لەسەر دزی دەستینەبڕدرابێ و، هیچ کەسێك لەسەر سەرخۆشی دارکارینەکرابێ و، هیچ ژن و پیاوێك لەسەر پێوەندیی سێکسی بەردەبارانەکرابن تا مردن ... ئەمانەش هەمووی هەشتاساڵ پێش ئەوڕۆ** ... ئەوجا وەرن ئەگەر ویژدانتان سەگ نەیخواردووە، **بەراوردێکی سەردەمی فەرمانڕەوایی شێخی کوردی موسڵمان بکەن لە گەڵ ڕژێمی ئەوڕۆی ئێران و سۆدان و عەرەبستانی سعوودی و ئەفغانستان و پاکستان کە خۆیان بە ڕژێمی ئیسلامی دەدەنە قەڵەم و، ئەوجا بزانن جیاوازییان لە چ ڕادەیەکدایە. شێخ مەحموودێك ئەوە قسە و کردەوەی بووبێ، دەچێ بە «فەقیانە» و دەستەسرە» دەستی خۆی دەپێچێتەوە، ئەوجا دەست دەداتە دەستی ناموسڵمانێك؟** ئەمە بێجگە لەوەیکە ئێمە بە چاوی خۆمان «کۆشك و تەلار»ەکەی «دەرەبەگ و خوێنمژی کورد» شێخ مەحموودمان دی، کە کوڵیتەیەك بوو، ئەوانەی کە تا دوێنێ «مارکسی و لینینی و ڕەنجدەران و زەحمەتکێشان» بوون و، باسی «دیکتاتۆریتیی پرۆلیتاریا» یان دەکرد بۆمان و، ئێستەش بۆ سڕینەوەی ڕابردووی خۆیان خەریکن «شیعر و میعر» ی منداڵانەیان بەنرخی «عیرفان» و «فەلسەفە» دەفرۆشن پێمان، ڕازینابن یەك شەو لەو کوڵیتەیەی شێخ

مەحموود دا رۆژ بکەنەوە.

کاکینە! دەردی گەلی کورد دەردی چیرۆکی هەڵبەستراوی «دەستەسرِ» و «فەقیانەکە»ی شێخ مەحموود نییە. دەردی گەلی کورد دەردی چینە خوێندەوارەکەیەتی کە تووشی نەخۆشی هەڵپەرستی و راڕایی و خۆبژێنی بەنرخی رۆژ و بێیاری و دزێوی و درۆزنی و ترسنۆکی و بێشەرمی بووە ... .

شێخ مەحموود، سەرەڕای هەموو هەڵە و ناتەواوی و کەموکورتییەکی، مرۆڤێکی سادە و پاکژ و بێفرتوفێڵ و بێفیز بوو ... . شێخ مەحموود ئازا و بەجەرگ و شێری مەیدان بوو ... . خۆزگە سەتی یەکێکی ئەو بەخت و شانسەی بۆ **ئۆجەلان** هاتە پێشەوە، بۆ شێخ مەحموود دەهاتە پێشێ ... ئا ئێستە کوردستانێکی سەربەخۆمان هەبوو ... **بەڵام رووی رۆژگار رەش بێ ... لەو جێیەی ئاو هەیە زەوی نییە و، لەو جێیەی زەوی هەیە ئاو نییە.**

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢١
گەلاوێژی ٢٠٠١

سەرنج!

ئەم وتارە نێردرا بۆ رۆژنامەی «پەیام» لە لەندەن، بەڵام بڵاوینەکردەوە، لەبەر ئەوە درا بە گۆڤاری «کۆنگرە» و کۆنگرەش بڵاوی کردەوە.

ئەمریکا و

تیرۆر و

کورد!

ئەگەر تیرۆر، زۆر بە سادەیی، بە دەستدرێژیی ناڕەوای کەسێك یان کۆمەڵێك بۆ سەر گیان و ماڵ و ئابڕووی کەسێك یان کۆمەڵێکی دیکە بدەینە قەڵەم، دیارە ئەم جۆرە تیرۆرە لە سەرەتای بوونی ئادەمزادەوە هەربووە.ئەوەتە تەورات چیرۆکی کاین و هابل **(قابیل و هابیل)** دەگێڕێتەوە بۆمان. تیرۆر بەشێوەی دەستوەشاندنی نهێنی، یان پەلاماردانی ئاشکرا، هەر لە ژەهرکردنە خواردن و خواردنەوەوە بگرە تا چوونە مەکۆوە و، تا بەکارهێنانی دەزگەی مودێرن بۆ کوشتن لەرێی شکەنجەدانەوە، کە ئەورۆ لە لایەن دەوڵەتە تیرۆریستەکانەوە بەرامبەر بەرهەڵستکاران بەکار دێ، شتێکی شاراوە نەبووە و نییە، ئەگەرچی بێدەنگی لێکراوە و لێدەکرێ.

تیرۆریزم لەم چل پەنجاساڵەی دواییدا سەرنجی دەوڵەتەکانی ئەورووپای بۆلای خۆی راکێشا، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی چەند کۆمەڵێکی گچکەی دەستوەشێن لە ئەورووپا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا **(بۆ نموونە دەستەی بادەر ماینهۆف)** کەوتنە فڕاندنی سیاسەتکاران و کوشتنی هێندێکیان. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی گەلێك وتاری رۆژنامە و رادیۆ و وتووێژی تەلەفزیۆن و لێکۆڵینەوەی نێو گۆڤار و پەرتۆك بەزمانە ئەورووپاییەکان لەبارەی تیرۆرەوە بڵاوبکرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە شایانی باسە ئەوەیە هەتا ئێستە تاریفێکی یەکگرتوو و گشتگری وا بۆ تیرۆر کە هەموو لایەك پێیرازی بن، هێشتا نییە و زەحمەتیشە بیێ، چۆنکە سیستەمە جیاوازەکان و دەوڵەتەکان هەر یەکەیان خەریکن تاریفی تایبەت بە بەرژەوەندیی ناسیۆناڵی خۆیان بۆ تیرۆریزم بێننە پێشەوە. سەیر ئەوەیە ئەو رژێمانەی کە لە جیهاندا بە رژێمی تیرۆریست نێویانرۆیوە، ئەوانیش هەر هاواریانە لە دژی ئەوەی نێویانناوە «تیرۆر». ئەوە بوو

ئەرێل شارۆن كە تاوانی تیرۆری **سەبرا و شەتیلا** دەخرێتە ملی، ماوەیەك لەمەوبەر لە **ئەنقەرە** باسی **«تیرۆریزمی كورد»**ی بۆ هەڤاڵبەندە **تركەكانی** دەكرد و، لە رۆژنامەی «الشرق الاوسط» (ژ ... وەرامیدایەوە).

هەرچەندە رژێمی تێـرۆریست و دەوڵەتی تێـرۆریست هەر لە كـۆنەوە بووە و، ژمارەشیان كەمنەبووە، بەڵام باسی رژێمی تیرۆریست و دەوڵەتی تیرۆریست دەخرایە پشتگوێ، بەبیانووی ئەوەی كە هەموو دەوڵەتێك مافی سەروەرێتی هەیە بەسەر ئەو گەل و خاكەدا كە فەرمانڕەوایی دەكا و كەس مافی دەستێوەردانی نییە. بەڵام پاش ئەوەی هێندەك لە دەوڵەتە تیرۆریستەكان كەوتنە هەڕەشەكردن لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە پیشەسازە گەورەكان و زلهێزەكان، ئەودەمە دۆزەكە جۆرێكی دی لێهات. شایانی باسە هەرچەندە دەوڵەتە ئەوروپایی یەكان و رۆژئاواییـیەكان لەنێوخۆدا لیبراڵ و دیمـۆكـراتن، بەڵام لە سیـاسـەتی دەرەوەیاندا زۆر نادیمـۆكـرات و خـۆپەرستن. سەرنجێكی مێژوو بدەین دەبینین كە هەر ئەم دەوڵەتە ئەوروپاییانە بوون كە گەلێك دەوڵەتی دەستكردیان لە رۆژهەڵاتدا بنیاتنا كە رژێمەكانیان رژێمی تیرۆریستانە بوون، وەك ئەو رژێمانەی كە كـوردسـتـان بەزۆر دابەشكرا بەسـەریاندا. بۆوێنە: دەوڵەتی **بەریتانیا** بوو كە دەوڵەتی عێراقی داتاشی و باشووری كوردستانی بەزۆر نووساند پێیەوە. هەر بەریتانیا بوو كە پشتی چەند جەردە و چەتەیەكی بەعسی گرت بۆ رووخاندنی رژێمی **قاسم** و رشتنی خوێنی هەزاران كۆمـۆنیست و كورد. دوای ئەوە ئەمـریكا و ئەوروپا بوون كە پشتی رژێمی بەعسییان گرت لە شەڕی هەشت ساڵەیدا دژی ئێران كە ملیـۆنێك كـەسی تێدا كـوژرا، ئەگەرچی هەر **ئەمـریكا و ئەورووپاییـیەكان** بوون كـە لەسـاڵی ١٩٧٩ دا پشـتی **خومەینییان** گـرتبـوو بۆ رووخـاندنی رژێمی **حەمەڕەزاشای كۆنەدۆستیان**. رژێـمی **سۆڤێت** بوو كە ساڵانی ساڵ یارمەتیی رژێمەكانی **ترك و سووریا و ئێران و عێراقی** دا و لە حەفتاكاندا بە چەك و دیپلۆماسی و تەكنۆلۆژی پشتی رژێمی عێراقی گرت بۆ هەرەسهێنان بە شۆرشی مەزنی ئەیلوول لە ١٩٧٥ دا. هەر دەوڵەتەكانی ئەوروپا بوون كە یارمەتی رژێمی سەددامیـان دا بۆ دروستكردنی چەكی كیـمیـایی و میكرۆبی كە ئەوە بوو كاتێك دژی كورد بەكاری هێنا، هەموویان قوڕوقەپیان لەو تاوانە گەورەیە كرد، تا ئەوە بوو **سەددام** كەوتە پەلاماری **كوێت** و مەترسی پەیداكردن بۆ بەرژەوەندییەكانی

کۆنە هەڤاڵبەندەکانی رۆژاوای.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لەسەردەمی **« جەنگی سارد »** دا لەنێوان رۆژاوا و بەرەی سۆڤێتدا، بەرەی رۆژاوا، ئاینی ئیسلامی وەك چەکێك دەهاتە بەرچاو دژی ئیدیۆلۆژیی کۆمۆنیزم. هەر لەبەر ئەوە بوو کە رۆژاوا، بەتایبەتی **ئەمریکا**، پشتگیری بێچەندوچۆنی رژێمی بنەماڵەی **سعوودی** کرد دژی دەوڵەتە عەرەبەکانی هاوپەیمانی سۆڤێت وەك **میسری سەردەمی ناسر و سووریا و یەمەن.** هەروەها پشتگیریی موجاهیدەکانی ئەفغانی کرد بۆ دەرپەڕاندنی لەشکری سۆڤێت لە **ئەفغانستان** و دامەزراندنی ئەم رژێمە **تالیبان** یەی ئەورۆ. ئەوەش دەبێ بێژین کە **فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا** بوون کە پشتگیریی **خومەینی** یان کرد بۆ هاتنە سەر کار وەك بەربەستێك لەبەر دەم کۆمۆنیزمی سۆڤێتیدا، چۆنکە پێیان وابوو خومەینی، بە پێچەوانەی شاوە، هێزێکی جەماوەریی لەگەڵە و دوژمنی کۆمۆنیزمە.

پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و، رووخانی سۆڤێت و دەرچوونی لەشکری سۆڤێت لە **ئەفغانستان** و هاتنە سەرکاری موسڵمانە بنچینەگەرەکان لە **ئێران و ئەفغانستان و سۆدان** و، ئاشکرابوونی دوژمنایەتیی رژێمی **خومەینی** بەرامبەر **ئەمریکا** کە بە گرتن و ریسواکردنی کاربەدەستانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بۆ ٤٤٤ رۆژی تەواو دەستیپێکرد، **ئەمریکا** کەوتە ناسینی **« هەڤاڵبەندە موسڵمانەکانی »** و ئەمجارە لەباتی ئەوەی بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە و لە هەڵەکانی سووت وەربگرێ، چوو بە هەڵەیەکی دیکە هەڵەکەی پێشووی خۆی راستبکاتەوە. ئەوەش بە پشتگیریی رژێمی **سەددام** کە گوایە **«سێکۆلاریست»**ە و دژی رژێمی ئێرانە کە رژێمێکی **«موسڵمانی فوندەمێنتالیستە»**. ئەمەش درێژەیکێشا هەتا ئەو کاتەی ـ وەك باسکرا ـ سەددامیش کەوتە دوژمنایەتیی ئەمریکا. خۆ ئەگەر ئەم رژێمانە رۆژی هەزار کەسیان لە گەلەکەی خۆیان بکوشتایە و دەستیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بەرەی رۆژاوا نەبردایە، ئەوا هەر باسیان بەخەونیش نەدەکرا. پاش پەلاماری تیرۆریستانەی ١١ی ئەیلوول بۆ سەر **مەڵبەندی بازرگانیی جیهان و پێنتاگۆن** لە ئەمریکا کە بوو بە هۆی کوشتنی هەزاران کەس، کاردانەوەی ئەمریکا بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەبیروڕای من، بەرەو ئەوە دەچێ کە ئەمجارەش سووتی لە هەڵەکانی خۆی وەرنەگرتبێ. دیارە ئەمریکا مافی تەواوی

خۆیەتی لەسەر خۆی بکاتەوە بەرامبەر بەو کردەوە تیرۆریستانەیەی کە تووشی بووە و، لەمەشدا دەبێ هەموو مرۆڤێکی خاوەنویژدان ماف بدا بە ئەمریکا. بەلام بۆ بەربەرەکانێی تیرۆریزم پێویستە چەند خالێك بخرێتە بەرچاو کە ئەمریکا بەداخەوە نەیخستوونەتە بەرچاو:

(١) ـ دەبێ تیرۆریزم لە مافی رەوای بەرخۆدان و لەسەر خۆکردنەوەی چەوساوان و بەشخوراوان و گەلانی ژێردەستە دژی زورداری و ملهوری جیا بکرێتەوە. راپەرینی بەشخوراوان دژی بەشخوران و راپەرینی نەتەوەیەکی ولات داگیرکراو بەرووی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیدا، بەهیچ جۆرێك ناتوانرێ نێوبنرێ تیرۆریزم. بۆیە دەبێ **ئەمریکا و ئەورووپا** بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی **کورد و فەلەستین و بەربەرەکان و تامیلەکان و بەلووجەکان** و ... هتد دژ بە تیرۆریزمی دەولەتی، لە تیرۆر جیا بکەنەوە، کە مخابن تا ئێستا جیایان نەکردووەتەوە. ئەوەتە وەزیری دەرەوەی **بەریتانیا** لە **ئەنقەرە** دەفەرموێ: **«بەریتانیا یارمەتی رژێمی ترك دەدا بۆ بەربەرەکانێی کوردە سەرهەلداوەکان»**. واتە دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. هەروەها نوێنەری ئەمریکاش لە **ئەنقەرە** بەلێن بە دەولەتی ترك دەدا کە **«دژی هەولدانی کورد بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ، بوەستن»**. **بەلام باسی تیرۆریزمی هەشتاسالەی دەولەتی ترك لەدژی نەتەوەی کورد ناکا**. ئەمریکا لەم رۆژانەی دواییدا باسی دەولەتی فەلەستین دەکا، بەلام ئەوەش هەر بە قسە نەك بەکردەوە، بۆ ئەوەی دلی هەڤالبەندە عەرەبەکانی رابگرێ کە گوایە بەتەمایە پێکەوە بچن بەگژ **«تیرۆر»** دا!!!!

(٢) ـ ئەگەر کەسێك، یان کومەلێك، یان دەولەتێك، ویستی بەراستی دژایەتیی تیرۆرکار بکا، دەبێ دەست نەداتە دەستی تیرۆریستێك دژی تیرۆریستێکی دیکە، وەك ئەمریکا و بەریتانیا تائێستا کردوویانە و دەیکەن. بەلکو هەموو تیرۆریستێك بەیەك چاو تەماشا بکا. ئەوەتە **ئەمریکا و بەریتانیا** لەو رژێمانەی کە خۆیان بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ دایاناناون، وەك **چین و ئێران**، خۆیان نێزیکدەکەنەوە و باسی هاوکاری دەکەن لە گەلیان دژی تیرۆر و قورقەپدەکەن لەباسی مافی مرۆڤ لەو ولاتانەدا.

جا لەبەر ئەو دوو هۆیەی سەرەوە شەری ئەمریکا و بەرەی رۆژاوا دژی تیرۆر

سەرکەوتوو نابێ. چونکە تیرۆر میکرۆبێکە لە چڵکاوی بێدادی و زۆرداری و کەڵەگاییدا دەژی و گەشە دەکا. تیرۆر وەك قارچك لە زەوی هەڵناتۆقێ، بەڵکو لە ئەنجامی سالآنی ساڵ بندەستی و بەشخوراوی و سەرشۆڕی و پێشخواردنەوە و بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە و ناهومێدییەوە سەر هەڵدەدا. خۆ ئەگەر ئیدیۆلۆژییەك هەبێ بتوانێ بیقۆزێتەوە، ئەوا بەجۆرێك دەتەقێ کە خۆشی و دەوروپشتیشی بەجارێ تەفروتوونا بکا. تیرۆریزم هەر بە گوللە و تۆپ و فرۆکەی بۆمباهاوێژ و سەربازی پڕچەك کۆتایی پێنایێ. نەمانی تیرۆریزم بەندە بە گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، لە سیستەمێکی زۆرداری و دیلی و بێدادییەوە بۆ سیستەمێکی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری.

ئەوەی ئەورۆ ئەمریکا و بەریتانیا لە ئەفغانستان دەیکەن لەوانەیە ببێتە هۆی هاتنە سەرکاری چەند حیزبێکی دیکەی دژ بە تالیبان کە سالآنی ساڵە لە باکووری ئەفغانستاندا گیرماون و هەر یەکەشیان پاشکۆیەکی «**ئیسلامی**»یان بەخۆیانەوە ناوە، و هەر یەکەشیان سەربە کەمەگەلێکی ئەفغانستانن، وەك **هەزارەکان و تاجیکەکان و ئۆزبەکەکان** و دوژمنایەتیی **پەشتوونەکان** دەکەن و هەر یارمەتیی ئێرانە کە جارێ بەیەکیەوە بەستوون. هێندێکیشیان یارمەتی لە **ئۆزبەکستان و تاجیسکتان** و رووسیا وەردەگرن. خۆ ئەگەر هاتوو هاتنە سەرکار، ئەوا جارێکی دی دەکەونە گیانی یەك و ئەو دەم تیرۆر کۆتایی نایێ. چونکە ئەم کۆمەڵانە هیچیان پەروەردەیەکی دێمۆکراتی و ئازادیخوازانەیان نییە. هەرکە هاتنە سەرکار بەرلە هەموو شتێك بیر لە تۆڵە سەندنەوە و خوێنڕشتن دەکەنەوە.

ئەمریکا و بەریتانیا، چۆن لە **عێراق** کاری خۆیان تەواو نەکرد و، لەبەر خاتری **حوسنی موبارەك و شاحسەین** کە گوایە «**هەڤالبەندی**» ئەمریکا بوون، سەددامیان لەجێی خۆی هێشتەوە بۆ گیانی کورد و شیعە و هەموو عێراقییەکی ئاشتیخواز، بێگومان لە ئەفغانستانیشدا هەر وا دەکەن. ئەمریکا و بەریتانیا دەستیانبەدەستی دەوڵەتی نادێمۆکراتی و زۆرداردوەیە و ئەمانەش نایانەوێ دەوڵەتێکی دێمۆکراتی لە تەنیشتیانەوە هەبێ و، ئەمریکا و بەریتانیاش بە قسەیاندەکەن، چونکە نێزیکبینانە و کورتخایەنانە بیر دەکەنەوە لە بەرژەوەندیی خۆیان، نەك دووربینانە و درێژخایەنانە. ئەوەتا دەوڵەتی تورك کە «**هەڤالبەندی ئەمریکا و بەریتانیا**»یە لە دژی

تیرۆر، لە ئەمریکا و بەریتانیا دەپارێتەوە رژێمی **سەددام** بپارێزن و پەلاماری نەدەن. ئەوجا ئیدی کێ بێ باوەڕ بکا کە ئەمانە بەڕاستی دژی تیرۆرن.

هێندەی کێشەکە پێوەندیی بەکوردەوە هەیە، ئەوەتا دیپلۆماسیێتیی کورد لەم هەلومەرجە نازکەدا سەرسام و دۆشداماوە. هەر هێندەی لەدەستدێ سوێند بخوا کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد نییە، وەك ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان نەزانن کە دەسەلاتدارانی کورد، نە ئەوەیان لەبار دایە و، نە دەشیانەوێ دەوڵەتی کورد دابمەزرێنن. تاکە شتێك کە دیپلۆماسیێتیی کورد دەبوو بیکردایە و چۆکی دابدایە لەسەری ئەوە بوو بە ئەمریکا و ئەورووپای بسەلماندایە کە بە هەڤاڵبەندێتیی ئەو رژێمانەی دژ بە دیمۆکراسی و مافی مرۆڤن و بەزۆری لەشکر خۆیان دەسەپێنن بەسەر گەلەکەیاندا، شەڕ دژی تیرۆریزم ناکرێ و بشکرێ سەرناگرێ و، هەڤاڵبەندێتیی ئەم رژێمانە لەگەڵ ئەمریکا بۆ دەستکەوتنی پارووی چەور و پاراستنی کورسییەکەی ژێریانە. بۆوێنە رژێمی **ترك** بەنێوی **«هەڤاڵبەندێتیی»** ئەمریکاوە دەیەوێ زۆر لە ئەمریکا بکا پەلاماری عێراق نەدا، نەبا کورد شتێکی دەستبکەوێ. واتە دەیەوێ تیرۆر لەسەر کورد هەر درێژە بکێشێ و ئەمەش بە ئاشکرا دەبێژێ. رژێمی ئێران دەیەوێ بەنێوی **«بەربەرەکانێی تیرۆر»**ەوە رژێمی تالیبان کە دەوڵەتی پەشتوونەکانە و دژ بە فارسەکانە بڕووخێنێ و دەوڵەتێکی سەر بە فارسزمانەکان لە ئەفغانستان دامەزرێنێ کە فارسزمانەکان لە ئەفغانستان کەمایەتین. خۆش ئەوەیە کە وەزیری دەرەوەی ئێران **ئاغای خەرازی** لە سەفەرەکەیدا بۆ **تاجیکستان** رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٩ بە **رادیۆی ئەورووپای ئازاد** (بەشی فارسی) گوت: «رازی نییە بەمانی رژێمی **تالیبان**، بەلاّم پەشتوونەکان وەك کەمایەتییەك مافی خۆیان هەیە». بەڕاستی مرۆڤ دەبێ چەند رووقایم بێ کە وا زۆربەیەکی زۆر بە «کەمایەتی» بداتە قەلەم. خەرازی دەیەوێ کەمایەتیی فارسزمانەکان لە ئەفغانستانیشدا وەك ئێران فەرمانڕەوا بن. چۆنکە فارسەکان لە ئێراندا کەمایەتین لە چاو **«کورد و ترك و بلووج وعەرەب و ... هتد»** دا، بەلاّم بە ملهوڕی و بە زۆردارەکی، فەرمانڕەوایی خۆیان سەپاندووە بەسەر گەلانی ئێراندا، ئەوەش بەنێوی شیعەگەرێتییەوە.

راستییەکەی، **چ رژێمی ئەفغانستان، چ رژێمی ئێران، چ رژێمی سعوود، چ**

رژێمی سۆدان و چ رژێمی پاکستان، کە بەناوی ئیسلامەتییەوە هاتوونەتە کایە و خۆیانکردووە بەمیری سەربڕ، هەریەکەیان نوێنەری ناسیۆنالیتەیەکی تایبەتین و خۆیان لە پاڵ ئیسلامەتیدا شاردووەتەوە. رژێمی ئەفغانستان نوێنەری پەشتوونەکانە و، بەناوی سوننییەتییەوە شەڕی رژێمی ئێرانی فارسی شیعە دەکا. رژێمی ئێران رژێمی فارس و ترکی ئازەرییە و بەناوی شیعەیەتییەوە بەربەرەکانێی کوردی سوننی و بلووجی سوننی و پەشتوونی سوننی و عەرەبی سوننی و وەهابی دەکا. رژێمی سعوود رژێمێکی عەرەبی وەهابی یە و بەربەرەکانێی ئێرانی شیعە دەکا و پشتی رژێمی ئەفغانستان دەگرێ دژی ئێران. رژێمی سۆدان رژێمێکی عەرەبییە و بەربەرەکانێی دیانەکانی خوارووی سۆدان دەکا کە دەیانەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ. رژێمی پاکستان رژێمی ئۆردووزمانە سوننییەکانی پاکستانە و بەناوی سوننی یەتییەوە دژی شیعەی پاکستان و شیعەی ئێرانە و پشتی رژێمی پەشتوونەکانی ئەفغانستان دەگرێ و هەروەها.

کە واتە کێشەکە لێرەدا کێشەی ئیسلامەتی و نائیسلامەتی نییە، کورد دەبێ باش لەمە بگەن و بزانن کێ وڵاتەکەیانی داگیر کردووە و سەرەڕای ئەوەش بەناوی ئیسلامەتییەوە دەیانچەوسێنێتەوە. خۆیایە کە دیان و جوولەکە ئەورۆ کوردستانیان داگیر نەکردووە، بەڵکو موسڵمانە عەرەب و ترك و فارسەکانن کە کوردستانیان داگیرکردووە. خۆ ئەگەر ئەوانە بەڕاستی موسڵمان بوونایە و موسڵمانەتیش ــ وەك خۆیان دەبێژن ــ مانای وەکیەکی بوایە، دەبوو زوڵموزۆر و چەوساندنەوەی ناسیۆنال لەسەر کورد هەڵگیرایە. لەبەر ئەوە ئەوانەی بەناوی ئیسلامەتییەوە لە کوردستاندا کار دەکەن، دەبوو ئەمەیان باش بزانیبایە. ئەگەر کوردێك بەڕاستی موسڵمان بێ و بیەوێ بۆ ئیسلامەتی کاربکا و بەخەیاڵی خۆی دەست بە **«فتوحات»** بکا، دیارە لە **بیارە و تەوێڵەوە** دەست پێناکا و بەناوی **«جندالاسلام»**ەوە پێشمەرگەی کورد ناکوژێ، بەڵکو جارێ دەچێتە وێزەی داگیرکەرانی کوردستان. کە ئەم قسەیە دەکەم مەبەستم ئەوە نییە لە سەر **«یەکێتی»** یان حیزبێکی دیکە بکەمەوە، چونکە خۆم گەلێك رەخنەم هەیە لەم حیزبە و لە حیزبایەتی بەشێوەیەکی گشتی. ئاشکراشە کە گوناهی «یەکێتی» و حیزب حیزبێنەی «یەکێتی» و پێوەندییەکانی دەرەوەی «یەکێتی» و، ئەوجا شەڕی چەند ساڵەی

براکوژیی نێوان **یەکێتی و پارتی** و حیزبەکانی دیکەی کوردستان و شەڕفرۆشتن بە نەتەوەییەکانی کورد و هەڵبەستنی بوختان و درۆدەلەسەی گەوجانە و بەعسییانە بۆ نەتەوەییەکانی کورد، بەتایبەتی بۆ ڕێبازی خۆنەفرۆشتووی **کاژیك** لەسەر لاپەڕەکانی **«کوردستانی نوێ»** و نووسینی هێندێك لەسەرکردەکانی یەکێتی بەنێوی گوایە «بیرەوەرینامە»وە بەنیازی خراپکردنی نێوی «کاژیك». هەروەها بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە بە مەبەستی چاوبەست و شاردنەوەی دەستی ئەوانەی کە خوێنی سیاسەتکارە نەتەوەییەکانی کوردیان ڕژاند، بەتایبەتی **شەهیدان سەعیدی یەزدانپەنا و سەربەست مەحموود**. ئەوجا پشتگیریکردنی **پی کی کی** و بەکوشتدانی سەتان پێشمەرگە لە پێناویاندا بەدەستی لەشکری **ترك** و دروستکردنی دەزگەیەکی ساختە بۆ **پی کی کی** بەنێوی **«کۆنگرەی نەتەوەیی»**یەوە لەدژی **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**، ئەمانە هەموو زەویخۆشکەر بوون بۆ خۆتەیارکردنی ئەوانەی خۆیان نێوناوە **«ئیسلامی»**. ئەگینا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئیسلامییەکان ٥٪ی دەنگیان نەهێنا، بەڵام ئەو هەلومەرجە نالەبارانەی کە لەسەرەوە پەنجەمان خستە سەریان، بوون بەهۆی بەهێزبوونی ئیسلامییەکان تا گەیشتە ئەوەی بەزۆری چەك پەلاماری **«یەکێتی»** یان دا، ئەو «یەکێتی»یەی کە خۆی هۆیەك بوو بۆ دەسەڵاتپەیداکردنی ئیسلامییەکان.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو ئیسلامییەکی کورد بەخراپەکار و دەستوەشێن و دەسکەلای دەستی داگیرکەرانی کوردستان بدەمە قەڵەم. نەخێر. کاتێك کە سەمینارەکەم «المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون» لە ساڵی ۱۹۹۷ دا بەشێوەی نامیلکە بڵاوکرایەوە، هێندەك چڵکاوخۆر و بەکرێگیراوی داگیرکەرانی کوردستان کە بەنێوی ئیسلامەتییەوە بازرگانیدەکەن، کەوتنە جنێوپێدانم و هێندێکیش لە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی زانای گەورەی کورد **مامۆستا شێخ عومەر غەریب** کە یەکێکە لە سەرکردەکانی **پارتی ئیسلامیی کوردستان** پشتی منیان گرت.

ئیسلام باوەڕێکە وەك هەموو باوەڕێکی دیکە و تا ئەو هەندازەیەی کە بەزۆر نەسەپێندرێ بەسەر خەڵکدا، دەبێ ڕێز بنرێ لێی وەك هەموو بیروباوەڕێکی دیکە. باوەڕ خۆشەویستییە و لەسەر خۆشەویستیی وتووێژ ناکرێ و داوای بەڵگەهێنانەوە بۆ ڕاستی وناڕاستی ناکرێ. هەموو خاوەن باوەڕێك خۆی بەڕاست دەزانێ. لێرەدا

حەزدەکەم بەکورتی چیرۆکێك بۆنموونە بێنمەوە!

جارێکیان لە زانستگەیەکی ولاتی **نەمسا** سەمینارێك رێکخرابوو بۆم کە لە سنووری ئەو سەمینارەدا باسی میتۆلۆژیای کوردم کرد و لەنێو ئەوانەدا رامانی ئێزدییەکان کە خودێ هەموو ساڵێك سەری ئێزدییەکان دەدا لە **چیای جوودی** و بەکوردی قسەدەکا لەگەڵیان لەبارەی ساڵی نوێوە و پەیمانێك دەبەستێ لەگەڵیان.

پاش ئەوەی لە سەمینارەکە بوومەوە، کوردێکی خەڵکی باکوور کەوتە قسە لەگەڵم و بە ئۆتۆمۆبیل منی برد بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. لەرێ گوتی: پێم خۆشبوو کە باسی چیای جوودیت کرد، بەڵام چیرۆکەکەی بەوجۆرە نییە، حەز دەکەم چیرۆکە راستەکە بگێرمەوە بۆت، گوتم فەرموو: گوتی: «خودێ پێیەکی لەسەر **چیای جوودی** داگرتووە و پێیەکی دی بەهەموو گەردووندا دەسوورێتەوە و بەمجۆرەسەرنجی هەموو جیهان دەدا و هەر کەسێك خراپ بجووڵێتەوە، یان کارێکی خراپ بکا، بەردێکی تێدەگرێ». راستییەکەی کەمێك پێکەنین گرتمی، بەڵام گوتم: باشە، بەردەکە گچکەیە، یان گەورەیە؟ گوتی: «بەردەکە بەپێی گوناهە، ئەوی گوناهێکی گەورە بکا بەردی گەورەی تێدەگرێ و ئەوی گوناهەکەی گچکە بێ بەردێکی گچکەی تێدەگرێ». گوتم: باشە، ئەم هەموو بەردە چۆن کۆدەبێتەوە؟ گوتی: «ئەوە هاسانە. دە دوانزە فریشتە هەن کە شەووڕۆژ بە لۆریی گەورە بەرد دەگوێزنەوە بۆ چیای جوودی». قسەکانی برادەرەکە لەمەدا بوو کە زۆر پێکەنینم هات، بەڵام شەرمیشم بەخۆم دەهات، هەرچی چۆنێك بێ گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەر و برادەرەکەش پەست ببوو لێم، چۆنکە گوتی: «پێمەکەنە، خۆت کافر نەکە». کاتێك کە دەرگەی ئۆتۆمۆبیلەکەم کردەوە بۆ دابەزین، تەپڵی سەرم بەر لاشیپانی سەرەوەی دەرگەکە کەوت و زۆر یەشا. دەستبەجێ برادەرەکە گوتی: «ها.... ئەوە بەردەکە بوو. پێنەکەنە». کاتێك دابەزیم ویستم ماڵاوایی بکەم لێی، ئۆتۆمۆبیلێك وا بەخێرایی بەلامدا نێزیك تێپەری، زۆری نەمابوو راپێچم بکا لە گەڵ خۆی. برادەرەکە گوتی: «تکایە تۆبە بکە، ئەگەنا بەردێکی دیکەشت تێدەگرێ، بەڵام ئەمجارە لە جۆرێکی دیکە».

ئێستە تۆ ناتوانیت بێژیت کە ئەم برادەرە درۆ دەکا. ئەو برادەرە درۆی نەکردووە چۆنکە باوەڕی بەو چیرۆکە هەبوو، هیچ خاوەن باوەڕێکیش درۆ ناکا. چۆنکە درۆ

ئەمەیە تۆ بابەتێك بگێڕیتەوە بە کەموکورتکراوی، یان بەهەڵە، و بەوپەڕی هۆشیارییەوە. لەمەشدا هیچ زیانێك نییە. زیانەکە لەوەدایە ئەو برادەرە باوەڕ نەکردنی من بەخودێیەك کە بەردەفڕکێ بکا، بەکافرێتی دەداتە قەڵەم. کە سەری من لە پەلەکردن، یان لەبێئاگایی یەوە بەر لاشیپانی سەرەوەی دەرگەی ئۆتۆمۆبیلەکە کەوت، بە شتێکی سادە ناداتە قەڵەم، بەڵکو بە بەڵگەیەکی دادەنێ بۆ ئەوەی لە چیای جوودی یەوە بەردێك ئاڕاستەی سەرم کراوە بۆ وریاکردنەوەم کە نابێ بە قسەکانی ئەو برادەرە پێبکەنم. ئا مەترسییەکە لەمەدایە. **بەڵێ مەترسی گەورە لەوەدایە کە تاقمێك هەبن لەسەر باوەڕێك بن و پێیان وابێ ئەوی وەك ئەوان ئەو باوەڕەی هەڵنەگرتبێ کافرە. هەر ئەم جۆرە ڕێبازەیە کە وا لە «جندالاسلام» دەکا «یەکێتی» بە کافر بدەنە قەڵەم. چونکە پێیان وایە ئەوی لە گەڵ ئەوان نەبێ «کافرە». لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە یەکێکی وەك جۆرج دەبلیو بوش دەبێژێ: «ئەوی لەگەڵ ئەمریکا نەبێ، ئەوا لە گەڵ تیرۆرە»، کە ئەم قسەیەش ئەگەر هوردی بکەیتەوە هەر لە قسەی «جندالاسلام» دەکا. جیاوازییەکەش لەوەدایە کە ئەویان بە فڕۆکەی بۆمباهاوێژی مۆدێرن هەڕەشە دەکا و، ئەمیشیان بە «تەوراسی ژەنگاوی».**

بەرلین ٢٠٠١/١٠/٢٠

سەرنج!

ئەم وتارە لە ژمارە (١٠٩)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١١/١ی ڕۆژنامەی «میدیا» دا کە لە هەولێر دەردەچێ بلاوکرایەوە.

هەروەها لە ژمارە ٢٢ی گۆڤاری «کۆنگرە» زمانحاڵی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە مانگی خەزەڵوەری ٢٠٠١ دا بلاوکرایەوە.

کورد لە ڕۆژانی پەلامارذانی ئەفغانستاندا

لە وتاری «تیرۆر و ئەمریکا و کورد» دا (میدیا ۱۰۹، سالی شەشەم ۲۰۰۱/۱۱/۱) و (کۆنگرە ژمارە ۲۲ بەفرانباری ۲۰۰۱)، هێندەك لایەنی ئەم باسەم ڕۆنکردەوە و گوتم ئەوانەی لە باکووری **ئەفغانستان** دا چەند سالێکە گیریان خواردووە و، بە خۆیان دەلێن **«تحالف شمال»** ئەگەر هاتو توانییان بەیارمەتیی هێزی سوپاییی ئەمریکا بینە فەرمانڕەوا، ئەوا دەستدەکەن بە کوشتنی نەیارەکانیان، چۆنکە ئەوانیش هەروەك **«تالیبان»** پەروەردەیەکی دێمۆکراتانە و ئازادیخوازانەیان نییە. ئەمە بەئاشکرا دەرکەوت، کاتێك کە چەکدارەکانی **«تحالف شمال»** کە بریتین لە ئەندامانی کەمایەتیی **ئۆزبەك و تاجیك و هەزارە و ....**، ڕژانە **مەزاری شەریف و کابلەوە** و کەوتنە کوشتنی هەزاران ژن و پیاو لە **پەشتوونەکان** کە لە ٤٠٪ی خەلکی ئەفغانستانن و بەژمارە لە هەموو گەلەکانی دیکە زێترن.

ئەوڕۆ، کە ئەم وتارە دەنووسم ڕۆژی ۲۰۰۱/۱۱/۲۵ ە و نازانم ڕۆژی سێ شەممەی ۱۱/۲۷ کۆبوونەوەی بۆن (ئەلمانیا) چ بڕیارێك دەدا لەبارەی دواڕۆژی ئەفغانستانەوە، بەلام بەدلنیاییەوە دەبێژم، هەر حکوومەتێکی ئەفغانی کە پەشتوونەکانی تێدا نەبن، سەر ناگرێ. **ڕووسەکان دژی پەشتوونەکانن، چۆنکە پەشتوونەکان پشتگیریی جیابوونەوەخوازانی چەچەنستان دەکەن. هێندستانیش هەر دژی پەشتوونەکانە، چۆنکە پاکستان لەبەر هێندەك هۆی جوگرافیایی و ئاینی و رامیاری پشتی پەشتوونەکان دەگرێ.** جا لەبەر ئەوە ئەگەر **ئەمریکا و ئەورووپا و کۆمەلی نەتەوە یەککگرتووەکان** چارەسەرێکی ژیرانە بۆ کێشەی ئەفغانستان نەدۆزنەوە، ئەفغانستان وەك لوبنانی حەفتاکان و هەشتاکانی لێ دێ و بگرە خراپتریش. ڕژێمی ترك و ڕژێمی ڕووسیە لە هەموو ڕژێمەکانی دیکە پتر کەوتوونەتە بازرگانی بەخوێنی گەلی ڕەشڕووتی بەر بۆمباکەوتووی ئەفغانستانەوە. **ڕژێمی ترك پاش ئەوەی سالانی سال پشتی دەستوەشاندنی ترکە ڕاپەڕیوەکانی چەچەنستانی گرت، ئێستە وا خەریکە دەیانفرۆشێ بە کەلسەری کورد.** سەرکردەی

سوپای ترك حسەین قوریق ئۆغلو چەند رۆژێك لەمەوبەر بە رۆژنامەی «ئایدن لق»ی گوت کە «یاخی بووە چەچەنەکان رێکخراوێکی تیرۆریستین»، بەرامبەر بەوە **رژێمی مۆسکۆ** بەڵێنی داوە بە دەوڵەتی ترکان کە ئێدی **«پەنا نادا بە ئەندامانی پ ك ك لە رووسیا بێنێتەوە»**. هەروەها **رژێمی مۆسکۆ رژێمی ترکی «دڵنیا کردووە کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد دەوەستێ لە باکووری عێراقدا»**. بەپێی رۆژنامەکە **حکوومەتی ترك پێی وایە کە ئەمریکا دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی لەو نێوچەیەدا دروست ببێ.**

بەڵام با بزانین کورد لەم بازارە پڕ لە ئاژاوەیەی بازرگانیی رامیاریدا چی دەستکەوتووە. ئەمە لە کاتێکدا کە هەوڵ و تەقەلای **ئێران و دەوڵەتی ترك و سووریا** بۆ نەهێشتنی **هەرێمی ئاسایش** رۆژ بە رۆژ پتر جۆش دەستێنێ و «پاکتاوکردنی رەگەزی» بۆ نەهێشتنی کورد لە کوردستانی ژێردەستی **سەددام دا** و هەرەشەکردن لە کورد رۆژ لەدوای رۆژ شێتگیرانەتر دەبێ.

ئەگەر کەسێك رۆژنامەکانی **یەکێتی و پارتی** بخوێنێتەوە، بەتایبەتی دەزگەی راگەیاندنی یەکێتی، پێی وادەبێ «دەوڵەتێکی کوردیی» بەهێز و بە دەسەڵات هاتووەتە کایە کە هەموو جیهان رێز دەنێ لێی. نوێنەرانی ئەم حیزبانە زوو زوو سەر لە کاربەدەستانی دەوڵەتە گەورەکان دەدەن و بەوپەڕی خۆشییەوە بەخێرهاتن دەکرێن و بەڵێن دەدرێ پێیان کە مافی کورد بپارێزرێ و ... هتد. خۆ ئەگەر ئەمە هورد بکرێتەوە، ئەوا دەزانین ئەوە دەساڵ پترە هەرێمێکی نێوچەی باشووری کوردستان بەدەست ئەم دوو حیزبەوەیە و تا ئەوڕۆش هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانە، تەنانەت «جزرالقمر» یش بەرەسمی هەرێمی نەناسیوە. ئەمەش جێی سەرسووڕمان نییە، چونکە بۆ گەیشتنە ئەو پلەیە دەبێ جارێ نوێنەرایەتییەکی کوردی هەبێ کە لەلایەن پەرلەمانێکی یەکگرتووی هەڵبژێردراوەوە دەستنیشان کرابێ، نەك هەر یەکە خۆی بە نوێنەری کورد بزانێ، بەڵام بەنێوی حیزبی خۆیەوە قسە بکا و حیزبەکەی دیکە دانی پێدا نەنێ. لەبەر ئەوە قسەیەکی خۆشی کاربەدەستێکی ئەورووپایی، یان ئەمریکایی لەمبارەدا هیچ جۆرە دەروێستی (التزام) یەك دروست ناکا. ئالەم گێژاوە رامیارییەدا ئامۆژگاریکەرانی کورد یەکجار زۆر بوون. تەنانەت یەکێکی وەك **مەکرەم تالەبانی** بەخۆی و کۆمەڵێك رابردوو و ئێستەی پرشنگدارییەوە لێمان بووە بە

مامۆستا و، دەیەوێ حیزبەکان فێر بکا چۆن خۆ جیاکردنەوە لە یەك و خۆ دوورخستنەوە لە یەك باشتر بچەسپێنن. کەچی ئەوەتە لەلایەن یەکێتییەوە بەوپەڕی ڕێزەوە بەخێرهاتن دەکرێ و «وتارەکەی» لە ڕۆژنامەی نێوەندیی یەکێتی **«الاتحاد»** دا بلاو دەکرێتەوە. ئێمەش هەر ئەوەمان لە دەست دێ بێژین: **«لە بەرە بەرەی پژدەرێ، هۆمان کەوتووەتە قرینەی دایکی هاژەرێ»**.

بەڕاستی چارەڕەشییەکی سەختە بۆ کورد کاتێك دەبیستم ئەو تۆرانییانەی کە لە هەولێر سەرەڕای هەموو سەربەستییەك کە هەیانە، دان بەبوونی وشەی کوردستان و دەسەلاتداریتیی کوردستاندا نانێن و، دەیانەوێ ڕێکخراوە خوێندکارانەکەیان کە بێزی نایە داوای «ئیجازە» بکا لە کاربەدەستانی هەولێر، بچێتە هەلبژاردنەوە و، لەبەر ئەوە لەلایەن کاربەدەستانەوە ڕێ نادرێ پێی، کەچی کە دەچنە سلێمانی، کۆمەلی خوێندکارانی سەر بە یەکێتی ڕێیان پێدەدا بچنە هەلبژاردنەوە. (رادیۆی العراق الحر ڕۆژی ١١/٢٤ لە هەولێرەوە) و،

ـ ئەمە لەکاتێکدایە کە سێ سالە کاربەدەستانی یەکێتی بەلێن دەدەن بە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە ئیجازە بدەن پێی، بەلام ئەنجامەکەی هەر دەستبڕین و دەستخەڕۆ کردن بوو ... بیانویان بۆ ئەمەش وەك لە ڕۆژنامەکەیاندا «کوردستانی نوێ» بلاویان کردووەتەوە ئەوەیە کۆنگرە مەلبەندەکەی لە کوردستان نییە.

هەروەها دەبێژن کە «کۆنگرەی نەتەوەیی» یش مەلبەندەکەی لە کوردستان نییە بۆیە «ئیجازە» بەو دووانە نادرێ. ڕاستە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان سەرکردەیەتییەکەی لە کوردستان نییە بەلام کۆنگرە حیزب نییە، بەلکو ڕێکخراوێکی کوردستانی ئینتەرناسیۆنالییە. کۆنگرە ڕێکخراوێکی پاکژ و سەربەرزە و نایەوێ بیێتە دەسکەلای هیچ حیزب و ڕژێم و دەولەتێك و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان کار دەکا. ئا ئەمەیە کە ترسی بە هێندێك لە کاربەدەستانی یەکێتی پەیدا کردووە، چۆنکە دەزانن ڕێ بە چالاکیی کۆنگرە بدرێ، جەماوەرێکی زۆری لە گەل دەبێ و، لە سەرێکی دیکەشەوە داگیرکەرانی کوردستان دلیان لە یەکێتی دەئێشێ. ئەگینا لەبەر ئەوە نییە کە مەلبەندی سەرکردەیەتیی کۆنگرە لە دەرەوەی کوردستانە. چۆنکە کاربەدەستانی یەکێتی زۆر باش دەزانن کە یەکێتی لە

١٩٧٥ دا لە کوردستان دانەمەزرا، بەڵکو لە دیمەشق و بە سەرپەرشتیی و چاودێری رژێمی سووریا هاتە کایەوە و سەرکردەتییەکەشی ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە و هەر لەوێشەوە چەکداریان بۆ دەکرا بە باشووری کوردستاندا. ئەمە لە کاتێکدایە کە رژێمی سووریا نە ئەو کاتە و نە ئێستەش دان بە بوونی گەلی کورد دا نانێ لە سووریا. تۆ واز لە نێوی رۆژاوای کوردستان بهێنە، ئاشکرایە کە یەکێتی لەوە بێدەنگ بووە، کە ئەورۆ باسی گەلی کورد و رۆژاوای کوردستان دەکرێ، بە سایبی تێکۆشینی نەتەوەییەکانی کوردەوەیە نەك یەکێتی. پاشان کە **«کوردستانی نوێ»** باسی «کۆنگرەی نەتەوەیی» دەکا، ئایە ئەوە نازانێ کە **«کۆنگرەی نەتەوەیی»** رێکخراوێکی حیزبی سەر بە **پی کی کی** یە و لەدامەزراندنی ئەو رێکخراوەیەشدا یەکێتی «دەستێکی باڵا»ی هەبوو. رۆژنامەکانی یەکێتی بە ئاوتاوەوە باسی «کۆنگرەی نەتەوەیی» یان دەکرد، بێگومان نەك لەبەر چاوی رەشی پی کی کی بەڵکو لەدژی پارتی، بەڵام بە یەك وشە باسی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانیان نەدەکرد. ئەمە لە کاتێکدا کە **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** لە چاکە پتر هیچ خراپەیەکی بەرامبەر یەکێتی نەکردووە. ئەز گەلێك زانیاریم لا هەیە چ لەبارەی پێوەندییەکانی یەکێتی بە پی کی کی وە هەر لە ١٩٨٠ ەوە، هەروەها گەلێك زانیاریی دیکەش، بەڵام لە لایەکەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و لە لایەکی دیکەوە لە خۆشەویستیی ئەو دۆست و هاوبیرانەی کە ئەندام و لایەنگری یەکێتین و ئەم کردەوە دوژمنانەیەی هێندێك لە کاربەدەستانی یەکێتییان زۆر پێ ناخۆشە، جارێ چاوپۆشی دەکەم. بەڵام شەرلەتەنەکانی نێو یەکێتی پێویستە بزانن کە کوردایەتی کردن مافی رەوای هەموو کوردێکە و کوردایەتیکردن «مارگرتن» نییە کە بە «ئیجازەی» شێخی شەرلەتەنان بێ.

وادیارە ئەوی رێزی شەرلەتەنان بگرێ، بێ رێز تەماشای دەکەن.

جەمال نەبەز

بەرلین: ٢٠٠١/١١/٢٥

:گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٢ بەفرانباری ٢٠٠٢ی زاینی.

ئازادی

و

حیزبایەتی

حیزب وشەیەکی عارەبییە. وادیارە ئەم وشەیە لەزمانی عارەبیدا لەپێش دەرکەوتنی ئیسلامدا بووە، واتە، پانزە سەتە لەمەویەر. هەرچی چۆنێك بێ نازانین حیزبایەتی لە کۆمەڵگەی عارەبی پێش ئیسلامدا چۆنچۆنی بووە، بەلاّم بەهۆی قورئانەوە دەزانین کە ئاینی ئیسلام حیزبایەتی بە شتێکی باش نەزانیوە و خەڵکی هانداوە کە لایەنی **«حیزبی خودێ» (حزب الله)** بگرن. دیارە مەبەست لە «حیزبی خودێ» گوێڕایەڵییە بۆ فەرمانەکانی خودێ و گوێنەگرتنە لە فەرمانەکانی «دارودەستەی شەیتان» کە بە **«حزب الشیطان»** نێوی بردووە و، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە **«حیزبی خودێ» دەبیاتەوە (سوورەتی المائدة ئایەتی ٥ و سوورەتی المجادلة ئایەتی ٥٨) و «حیزبی شەیتان» دەیدۆڕێنێ — سوورەتی المجادلة ئایەتی ٥٨ »**.

شایانی باسە کە حیزب لە ولاّتی **یۆنانی کۆندا لە شاری «ئاسینا »** گەلێك پێش ئیسلام هەبووە، وەك **«حیزبی ئەرستۆکراتی» و «حیزبی دێمۆکراتی»** و ... هتد. بەلاّم حیزب بەمانای نوێ لەسەتەی ١٩ ەوە لە ولاّتانی رۆژاوادا هاتووەتە کایە، پاش ئەوەی تێۆری **«حکوومەتی گەل» لە ئینگلستان و فەرەنسا و ئەمریکا** لە سەتەی ١٨ دا هاتە پێشەوە، بە ئامانجی کۆکردنەوەی هاوولاّتانی دەوڵەتێك لە دەوری رێکخراوێکی رامیاری بە مەبەستی چوونە هەڵبژاردنەوە و بردنەوەی زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بەنیازی گرتنە دەستی فەرمانڕەوایی لەو دەوڵەتەدا. کوردیش لە کۆتاییی سەتەی نۆزدەهەمەوە (واتە سەت ساڵێك لەمەویەر) دەستی بە دروستکردنی رێکخراوی سیاسیی کردووە، بەلاّم نەك بە ئامانجی چوونە هەڵبژاردن و

فەرمانڕەوایی گرتنە دەست لە کوردستانێکی سەربەخۆ و دێمۆکراتدا ، بەڵکو بۆ خۆکۆکردنەوە و بەرخۆدان و بەربەرەکانێکردنی داگیرکەران.

مەبەستی ئەم وتارە ئەوە نییە کە مێژووی حیزب و حیزبایەتی و حیزبەکانی کوردستان باس بکا ، بەڵکو دەیەوێ پێوەندیی حیزب و حیزبایەتی بە تێگە (مفهوم) ی ئازادیی مرۆڤەوە بخاتە بەرچاو. بەرلە هەموو شتێك دەبێ بزانین کە بۆ بوونی حیزب و حیزبایەتی بەمانای راستینەی مۆدێرنی خۆی، دەبێ کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتی هەبێ تاکو حیزب بتوانێ بە سەربەستی بەرنامەی خۆی لەنێو گەلدا بلاو بکاتەوە و بکەوێتە چالاکی بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و، خەڵکەکەش سەربەستیی ئەوەیان هەبێ کە بتوانن بێترس دەنگ بدەن بە «ئا» یان «نا» بۆ ئەم یان بۆ ئەو حیزب. خۆ ئەگەر وانەبێ، ئەوا حیزب مانای نابێ و دەبێتە دەستەیەك خەڵکی ئەڵقە لەگوێی حکوومەت/ یان دەستەیەك خەڵکی هەڵگەڕاوە لە حکوومەت. جا هەتا سیستەمی ولاتێك ملهوڕانەتر و دیکتاتۆرانەتر بێ و حیزبەکانی دژ بە حکوومەت ناچار بن خۆیان بشارنەوە، هەڵسوکەوتی حیزبە بەرهەڵستکارەکان بەناچاری رێیەکی نادێمۆکراتیانە وەردەگرێ و لەوە دەردەچێ کە نێوی «حیزب» یان پێ ببرێ. لەبەر ئەوە باسەکەمان لێرەدا لە سەربەخۆیی راستینەیە، واتە رێکخراوێکی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی سەربەستدا.

ئێستە بەرلە هەموو شتێك دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە حیزب بە ژمارە گەورە بێ یان بچووك بێ، ئەوە هەر بریتییە لە دەستەیەك خەڵك، واتە هەموو کۆمەڵگەکە نییە. لە ولاتێکی دێمۆکراتیدا کە هەڵبژاردنی پەرلەمان بەسەربەستی کوتاییهات و حیزبێك لە ٥٠٪ پتری دەنگەکانی بردەوە، مافی ئەوەی هەیە فەرمانڕەوایی ولات بگرێتە دەست و، حیزبەکەی دیکە، یان حیزبەکانی دیکە ئەگەر ٤٩٪ شیان هەبێت، دەزگەی فەرمانڕەواییان بەدەست نابێ. هەرچەندە دەستووری بنچینەییی ولاتە دێمۆکراتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رێزی مافی کەمایەتییەکان دەبێ بگیرێ، بەلاّم ئاشکرایە ئەوی فەرمانڕەوایی بەدەست نەبێ، فەرمان دەکرێ بە سەریدا.

جا فەرمانڕەوایی هەموو جارێك بە بردنەوەی ٥٠٪ پتری دەنگەکان نییە لە لایەن حیزبێکەوە، بەڵکو جاری واهەیە چەند حیزبێك دەچنە زۆرانبازیی هەڵبژاردنەوە و، حیزبێکیان ٤٦٪ ی دەنگەکان وەردەگرێ و، حیزبێکی دیکە ٤٨٪ ی دەنگەکان

دەهێنێ و، حیزبێکی دیکە ٥٪ دەنگەکان. جا لەبەر ئەوەی ئامانجی حیزب فەرمانڕەواییە، ئەو حیزبەی ٤٦٪ی هێناوە لە گەڵ حیزبی ٥٪ دەکەوێتە وتووێژەوە بۆ ئەوەی حیزبی ٥٪ نەچێتە پاڵ ئەو حیزبەی ٤٨٪ی هەیە، ناچار دەبێ گەلێک «تەنازولات» بکا بۆی. حیزبی ٥٪ دەزانێ بەختی باشە، پێ دادەگرێ لەسەر ئەوەی چەند کورسییەکی وەزیرە گرنگەکانی بەربکەوێ، وەك وەزارەتی دەرەوە، یان وەزارەتی نێوخو، یان وەزارەتی کار، یان وەزارەتی زانیاریی. بەوجۆرە حیزبی ٥٪ دەتوانێ چەند ساڵێك سیاسەتی نێوخۆ، یان دەرەوە، یان کار، یان زانیاریی وڵاتێك ئاراستە بکا و، ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی خۆی بکاتە کاربەدەستی گەورە و دەسەڵاتدار و دەستکەوتی باش پەیدا بکا بۆیان، ئەمە لە کاتێکدا کە تەنێ ٥٪ی گەلی ئەو وڵاتە دەنگی بۆ ئەو حیزبە داوە. جاری واش هەیە حیزبی ٥٪ لە پڕ گێڕ دەگۆڕێ و دەست لە حیزبی هاوپەیمان بەردەدا و دەچێتە پاڵ حیزبی بەرهەڵستکارەوە بەرامبەر دەستکەوتی پتر لە حکوومەتی نوێدا. ئەوی سەرنجی حیزبی « **دیمۆکراتەبەرەڵڵاکان» FDP بدا کە ئەڵمانەکان بە «حیزبی پاندۆلی کاتژمێر»** نێوی دەبەن، چۆنکە هەردەم لەملاونەولا کردندایە، ئەم راستییەی بەجوانی بۆ دەردەکەوێ. ئەمەش لە پێشکەوتووترین وڵاتی دیمۆکراتی جیهاندا وایە. **بەڵام با ئێمە واز لەمە بهێنین و بزانین حیزب نوێنەری بەرژەوەندیی کێیە؟**

بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە **پێویستە بزانین ڕەوایەتیی حیزب لە کوێوە دێ؟ ڕەوایەتیی حیزب لەوەوە دێ کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك هەموو لەباری بەرژەوەندییەوە وەك یەك نەبێت.** بەرژەوەندیی هێندێکیان لە گەڵ بەرژەوەندیی هێندێکی دیکەیان یەك نەگرێتەوە. بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە، **ئەوانەی بەرژەوەندییان وەك یەکە، پێویستییان بەوە هەیە پێکەوە کار بکەن، نەك تاکە تاکە و هەرکەس بۆخۆی. پێکەوە کارکردنیش پێویستی بە ڕێکخستن و بەرنامە و پێوەندی هەیە، کە ئەمانە بە هۆی حیزبێکەوە نەبێ ناکرێ.**

لێرەدا دەبێ بپرسین، بزانین **ئایە بەرژەوەندیی چییە؟**

مارکسیستەکان و لیبراڵەکان بەرژەوەندیی بە دەستکەوتی ئابووری لێکدەدەنەوە، بەڵام مارکسیستەکان چینەکانی کۆمەڵگە بە چینەکانی خاوەن بەرژەوەندیی جیاواز و دژیەك دەدەنە قەڵەم. پێیان وایە هەموو حیزبێك بەرژەوەندیی ئابووریی تاکە

چینێکی کۆمەڵگە دەنوێنێ. تەنانەت لێنین دەیگوت: **«حیزب نێوەرۆکی چینە»**. بە قسەی مارکسیستەکان پارتی کۆمۆنیست نوێنەری چینی کرێکارە. حیزبەکانی دیکەش، یان نوێنەری چینی بۆرژوازیی سەرمایەدارن، یان نوێنەری چینی دەرەبەگن. لێرەدا کە مارکسیستەکان باسی چینی کرێکار دەکەن، سەرنجی ئەوە نادەن کە کرێکاری، بەرلە هەموو شتێك، پیشەیە، وەك دوکتۆری، هەندازیاری، مامۆستایەتی، پۆلیسی و گۆرانیبێژی. کرێکار بە کرێ کار دەکا و ئەگەر کار نەکا، نانی نییە بیخوا، لەبەر ئەوە ناچارە هێزی لەشی بەپارە بفرۆشێ. مامۆستایەکیش بە کرێ (مووچەی مانگانە) کار دەکا، ئەگەر کار نەکا نانی نییە بیخوا، لەبەر ئەوە ناچارە زانستی خۆی بە پارە بفرۆشێ. بەڵام ئەو راستییەش هەیە کە نە کرێکارەکان هەموکاتێك کرێکەیان وەکیەکە و، نە مامۆستاکانیش هەموو کاتێك مووچەکەیان وەکیەکە. کرێکارێکی کارگەی تێکنۆلۆژیای هورد، کرێکەی گەلێك پترە لە کرێکارێکی سەرجادە کە بەفر بماڵێ لە زستاندا. مامۆستایەکی زانستگە مووچەکەی زۆر زێترە لە مامۆستایەکی قوتابخانەی سەرەتایی. لەبەر ئەوە ئەمانە هەرچەندە سەربە پیشەیەکن (کرێکاری و مامۆستایی)، بەڵام بەرژەوەندیی ئابوورییان وەکیەك نییە. **بەرژەوەندیی وەکیەك لە بارودۆخی وەکیەکەوە دروست دەبێ. کە بارودۆخی دوو کەس، یان دوو کۆمەڵ وەکیەك نەبوو، ناتوانرێ قسە لە بەرژەوەندیی وەکیەك بکرێ. جا لەبەر ئەوەی سنووری چینایەتی، هەموو کاتێك بەرۆنی دیار نییە، ئاشکرایە دابەشکردنی ئەوانەی کە یەك پیشەیان هەیە بەسەر یەك چیندا شتێکی راست نییە. بەپێچەوانەوە دابەشکردنیان بەسەر سانديکا (نقابة) یەکدا پتر لە واقیعەوە نێزیکە.**

راستییەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤ هەرلە بنچینەوە بەسەر دوو بەرەدا دابەشدەکرێ، **بەرەی بەشخوراو و بەرەی بەشخۆر**. تەنانەت وشەی **«زەحمەتکێش»** یش بۆ **«بەشخوراو»** زاراوەیەکی پڕ بە پڕی **«بەشخوراو»** نییە. **چۆنکە زۆر مرۆڤی دەوڵەمەند و سەرمایەدار هەن کە رۆژانە چەند هێندەی کرێکارێك زەحمەتدەکێشن، لە کاتێکدا ئەمانە وەك کرێکارەکە بەشخوراو نین.**

کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا هاتم بۆ **بەرلین**، ژوورێکی بچووکم لە ریزە خانوویەکدا بەکرێگرت، کە نێزیکەی ٨٠ ژوور و ئەپارتمانی گەورە و گچکەی بەکرێدراوی تێدا

بوو و، ســاڵانی دووروودرێژ لەوێدا ژیام. خــاوەنی ئەم ریزە خــانووانە کــابرایەکی بەساڵداچوو بوو کە شەووڕۆژ لەکاردا بوو. ئەمز هەر کاتێك لە ماڵ بچوومایە دەرەوە، یان بهاتمایە ماڵەوە، ئەم کابرایەم لە دەوروبەری خانووەکان، یان لە ژوورەوە دەدی، سا یان شــتـێکی قــورسی هەڵگرتبـوو و، یان خـەریکی چاککرن و نۆژەن کـردنی ئەپارتمانەکان بوو. شـەوێکیـان دەرنگانێك دەگـەڕامـەوە مـاڵەوە، **هێر شتومـفـۆلم** دی خـەریکبوو دەرکـەی خـانووەکـەی دەکـردەوە کە خـۆی و ژنەکـەی لە نهـۆمی دووەمـیـدا دەژیان و ئەزژی لە نهـۆمی سـەرەوەیدا. **هێر شتومفۆل** زۆر مـاندوو و شـەکـەت دیار بوو. سلاوم کـرد لێی و گـوتم چۆنیت؟ گـوتی: «زۆر مـاندووم». گـوتم «بۆچی؟». گـوتی: «ئەوڕۆ کـار یەکـجـار زۆر بوو. کـرێـگرتەیەك ئەپارتمانەکـەی چۆلکردووە، داروپەردووی بەسەر یەکدا داوە، دەبێ نۆژەن بکرێ ئەگەنا کەس بەکرێی ناگرێ». منیش بۆ گاڵتە گوتم: «جا کارکردن بۆ تەندروستی باشە، کارکردن خۆشیدەدا بەدڵ. تەمەڵی زۆر خراپە» و قسە نەستەقەکەی ئەڵمانەکانم هێنایەوە بۆی: «چەقۆ کە کاری پێنەکرێ، ژەنگ هەڵدەهێنێ». وادیارە قسەکەم بەدڵی هێرشتومفۆل نەبوو، گوتی: بەهەر جۆرێك بێ ... شـەوێکی خۆش دەخوازم بۆت». چەند مـانگێك دوای ئەوە، ئێـوارەیەکی درەنگ بـوو دەگـەڕامـەوە مـاڵێ پاش رۆژێکی پڕ لەکـار و هەڵسـووڕان. هێرشتومفۆلم دی بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوت بۆ ئەپارتمانەکەی و منیش سلاوم لێکرد و گوتی «چۆنیت؟» گوتم: «سوپاس، ماندووم». گوتی: «بۆچی؟». گوتم: «ئەوڕۆ کـارم یەکـجار زۆر بوو». هێرشـتـومـفـۆل تەمـاشـایەکی دەموچاومی کـرد و گـوتی: «جـا کـارکـردن بۆ تەندروستی بـاشـە. تەمـەڵی خراپە. چەقـۆیەك کـە کـاری پێنەکرێ ژەنگ هەڵدەهێنێ». بەڕاستی زۆر پێکەنینم هات. گوتم: «هێرشتومفۆل! گۆڵی خۆت کرد. شەوباش».

مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە ئەوە بوو کە بەکردەوە پێشانی بدەم، کە هەموو زەحمەتکێشێك مەرج نییە «بەشخوراو» بێ. هێرشتومفۆل بەڕاستی زەحمەتکێش بوو، بەڵام ملیۆنێر بوو. هەرچەندە گووینەدەکرد ئەوەك برسیی بێ.

شایانی باسە کە دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە هەموو کاتێکدا دروستناکا. بۆوێنە کرێکارێکی سوێدی کە بێکار بووبێ و بە پارەی سۆسیال بژی، دەسـەڵاتی کـۆمـەڵایەتیی و ئازادیی زۆر بەرزترە لە ملیـۆنێـرێکی کـوردی خـاوەن

فابریکە و کرێکار و بەردەست کە لە ژێر فەرمانڕەواییی رژێمی دەوڵەتی ترکدا بژی. لەبەر ئەوە، **پلەی چینایەتیی ـــ ئابووری، مەرج نییە هەموو کاتێك پلەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی کەسێك دەستنیشان بکا.**

بێجگە لە مارکسیستەکان کە دەبێژن حیزب لەسەر بنچینەی **«چین»** دادەمەزرێ، هێندەك کەسانی ئایینیش هەن کە دەبێژن حیزب لەسەر بنچینەی **«ئاین»** دادەمەزرێ. بۆوێنە موسڵمانەکان دەچن حیزبێکی ئیسلامی دروستدەکەن و مرۆڤی خاوەن باوەڕی تێدەخەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەو رێیەوە فەرمانڕەوایی بگرنە دەست. **حیزبە مارکسییەکان و حیزبە ئاینییەکان، هەر یەکە بەشێوەی خۆی، دەچنە ژێر خانەی رێکخراوی خاوەن ئیدیۆلۆژییەوە.** هەڵبەتە رێکخراوی دیکەش هەن کە دەچنە خانەی رێکخراوی ئیدیۆلۆژییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەرەکەی ئەم حیزبانە وەنەبێ هەموو یەکرەنگ بن، یان هەموو لە ئیدیۆلۆژیای خۆیان باش گەیشتبن، بەڵکو مرۆڤی جیاواز جیاواز خۆیان دەگەیەننە نێو ئەم حیزبانە و جاری واش هەیە دەبنە سەرکردە و بەڕێوەبەر. پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئێران بە سەرۆکایەتیی خومەینی و داخویانیکردنی «کۆماری ئیسلامیی ئێران» **گەلێك حیزبی ئیسلامی لە باشووری کوردستان و عێراق و لوبنان و وڵاتانی دی سەریانهەڵدا وەك قارچك،** بەتەواوی وەك ئەوەی کە پاش **سەرکەوتنی شۆرشی ئوکتۆبەر** لە روسیای قەیسەری دا و دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤێت، گەلێك **«پارتی کۆمۆنیست»** لەملاولەولای جیهاندا هاتنە کایەوە.

جا لەبەر ئەوەی ئامانجی حیزب، هەموو حیزبێك، فەرمانڕەوایییە، و، ژمارەش دەورێکی زۆر گرنگ و بنچینەیی دەنوێنێ بۆ گەیشتنە فەرمانڕەوایی. بەتایبەتی لە وڵاتانی دێمۆکراتیدا، حیزبەکان ناچار دەبن پرۆگرامی وا دابنێن کە بە دڵی خەڵکێکی زۆر بێ، هێندەك جاریش پرۆگرامەکانیان خۆی لە خۆیدا ناتەبا (متناقض) دەردەچێ. ئەم حیزبانە بەهەموو شێوەیەك، هەوڵدەدەن ژمارەی خۆیان زۆرکەن. لەبەر ئەوە گوێنادەنە «زۆروبۆر». هێندەك جار بۆ شاردنەوەی ئەم ناتەواوییە دەبێژن

حیزبەکەیان «حیزبی گەل» ە و «حیزبی هەموو کەسێك» ە. پاش ئەوەی گەیشتنە فەرمانڕەوایی، هێندەك لەو بەڵێنانەی کە لە پرۆگرامەکانیاندا بووە و خەڵکەکە بە هۆی ئەوانەوە دەنگیان داوە بۆی، دەخرێنە پشت گوێ و ئەوەش بە چەند بیانوویەکی بێشەرمانە پینە دەکەن.

ئەم بارە نالەبارە کارێکی وایکردووە کە راستە خەڵکەکەی ئەو وڵاتانەی دەزگەی حکومەت بە هەڵبژاردن دادەنرێ، ناهومێد بن و زۆریشیان تفونەحلەت لە سیاسەت بکەن و لە ماڵی خۆیان دابنیشن و ئەمەش ئاویکردووە بە ئاشی هەلپەرست و هەڵمەتەکاسە و کوڕی رۆژ و بازرگانی سیاسەتدا. **هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی زۆری خەڵك وا پەروەردە کراون کە دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن و هەمیشە رەدووکەون و زاتی ئەوە نەکەن ببنە دەستپێشکەر و داهێنەر و رێپیشاندەر.**

ئەمە رەوشی حیزب و حیزبایەتی و ئەنجامەکانێتی لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی دێمۆکراتییان هەیە. **بەڵام لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی دیکتاتۆری تێدا فەرمانڕەوایە، حیزبەکان، یان کلکی فەرمانڕەواکانن، یان ناچارن بە دزییەوە کار بکەن و خۆیان کۆبکەنەوە بۆ چوونە شەڕەوە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی دیکتاتۆر و ملهوڕ. خۆ ئەگەر هاتو رۆژێك ئەم حیزبە میلیتانتانە هاتنە سەرکار، ئەوا دەست دەکەن بە تۆڵەسەندنەوە و گوشارخستنە سەر ئەوانەی لەگەڵیان نین. بەکورتی دەبنە جێگرەوەی دیکتاتۆرە لەکار خراوەکان و، لەوانیش خراپتر.** لەبەر ئەوە زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ، حیزبێك لە وڵاتێکی دیکتاتۆرفەرمانیدا دەسەڵاتی دەستبکەوێ، سا ئەو دەسەڵاتە لە ئەنجامی شۆرشێکەوە بێ، یان لە ئەنجامی بەسەرهاتێکی چاوەڕواننەکراوەوە بێ، بتوانێ رێیەکی دێمۆکراتیانە بگرێ و مافی سەربەستی بەوانی دیکە رەوا ببینێ.

ئەوجا حیزب، لە دەوڵەتێکی دێمۆکراتیدا بێ، یان لە وڵاتێکی تۆتالیتەردا بێ، بەدەنگی جەماوەرێکی زۆر هاتبێتە سەرکار، یان بە هێزی چەك و لێبڕانی ئەوانەی لەو حیزبەدان، دەسەڵاتی دەستکەوتبێ، ئەوا نەك هەر بۆ بەرژەوەندیی ئەوانە کار ناکا کە دەنگیان داوەتێ، یان فیداکارێتییان کردووە بۆی، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی ژمارەیەکی کەم لەوانەی لەنێو حیزبەکەدا کاربەدەستن، سا یان بیرۆکراتن، یان

دیماگۆك و درێژدادڕن، یان ماستاوکەری سەرکردەکانی حیزبەکەن.

ئەز بەچاوی خۆم گەلێك مرۆڤی خەباتکار و دڵسۆز و لێبڕاو و چالاکم دیوە، کە ساڵانی ساڵ بێچاوەڕوانی، لە خزمەت حیزبی خۆیاندا بوون و، بە هەموو جۆرێك قوربانییان بۆ حیزبەکەیان داوە و، لەو پێناوەدا گرتن و لێدان و دەربەدەری و برسێتییان چێشتووە، کەچی کاتێك حیزبەکەیان دەستیبووە، ئەمانە نرخی کەسانێکیان پێ ڕەوا نەدیتراوە کە ساڵانی ساڵ ئەم حیزب و ئەو حیزبیان کردووە، یان لەگەڵ بەرەی نەیار بوون، بەڵام چونکە پارەدار، یان دەستڕۆیشتوو بوون، یان دارودەستەیەکیان لەگەڵ بووە، یان بوونە فەرمانڕەوای ڕژێمێك لەڕێی کودەتایەکەوە، وەك دارودەستەی بەعس. حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نموونەیەکی ڕۆنی ئەمەیە. **ئەو کۆمۆنیستە کورد و عەرەب و فارسانەی کە ساڵانی ساڵ دەروێشی یەکێتیی سۆڤێت و حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتیی بوون، ئەوەتە ئەوڕۆ نرخی بەعسییەکی عەرەب و کاربەدەستێکی ڕژێمی شای لێخراو، یان خومەینی، یان حافز ئەسەد ــ یان نییە کە دوژمنی کۆمۆنیزمن.**

لە گەڵ ئەم هەموو لایەنە خراپانەی حیزبدا، حیزب دەزگەیەکی گەلەکۆمەیە و جارێ هەر دەمێنێ وەك باری ناچاری. لەنێوچوونی حیزب بەندە بە ڕۆشنبیربوونی جەماوەر و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیاوە بە مەرجێك لە خزمەتی هەموو کەسێکدا بێ. لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا هیچ کەسێك پێویستی بە دەمڕاست و نوێنەر و قسەبۆکەر نییە. هەموو کەسێك مافی خۆی دەزانێ و دەتوانێ ئەو مافە بەکار بهێنێ و کۆمەڵگەش دان بەو مافانەدا دەنێ. لەکاتێکدا کە بیروڕای گشتی بەرامبەر ڕووداوێك جیاوازبوو، دەستپێشکەریی جەماوەریی دێتە کایەوە، بۆ دەربڕینی هەڵوێست بەرامبەر بەو ڕووداوە. ئەم دەستپێشکەرییە پاش چارەسەرکردنی ڕووداوەکە نامێنێ، دەستبەجێ گەلەکۆمەکە هەڵدەوەشێتەوە و هەرکەسە دەچێتەوە سەرکاری خۆی.

لەبەرئەوە پێویستی سەرشانی هاوبیرانی ڕێبازی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ ئەوەیە هەتا دەتوانن بۆ ڕۆشنبیرکردنی تاکەتاکەی کۆمەڵگە هەوڵبدەن و بیرۆکەی حیزبی تاقانە و حیزبی پیرۆز و حیزبی سەرکردە و حیزبی پێشڕەو لە مێشکی خەڵك بکەنە دەرەوە و لە ئەندامانی هەموو حیزبەکان بگەیەنن کە بەهیچ جۆرێك

دوژمنایەتی و دژایەتیی یەکدی نەکەن و لەڕێی گۆڕینەوەی بیروڕاوە بگەنە باشترین و لەبارترین چارە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە.

ڕۆشنبیرانی کورد دەبێ لە ئەندامانی هەموو حیزبەکان بگەیەنن کە نابێ ڕێبەدەن بە هەلپەرست و داخ لەدڵ و خۆپەرست و ماستاوکەر، خۆیان بخزێننە حیزبەکانەوە و، گورج کردەوە خراپەکانیان لەبەر دەم جەماوەردا یەکالا بکەنەوە.

دەبێ ڕۆشنبیرانی کورد لە جەماوەری کورد بگەیەنن کە حیزب دەزگەیەکی «پیرۆز» نییە، بەڵکو ڕۆلی کەرێك دەبینێ، دەبێ ئەندامەکانی سواری بن، تا دەگەنە ئامانج. خۆ ئەگەر ڕێبەدەن خودێ نەکا، «کەرەکە» سواریان بێ، ئەوا هەش بەسەریان!.

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٣

نەورۆزی ٢٠٠٢ی زاینی.

سەرنج!

ئەم وتارە بەشێکە لە «هێندێك لەکێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم»

ئێزیدییەکان و مالا ئێزیدیان لە ئۆلدنبورگ

لەبارەی کوردە **ئێزیدییەکان و ئاینی ئێزیدییەوە** گەلێك پەرتوك و گوتار بە زمانانی رۆژهەلاتی و رۆژاوایی بلاو کراونەتەوە، کە بە داخەوە زۆربەی زۆریان نابابەتانە و تەنگەتیلکانە نووسراون. مرۆڤ ئەگەر بە چاوێکی زانستکارانە تێیان بڕوانێ، دەبینێ پڕن لە درۆ و دەلەسە و بوختانکردن بە ئێزیدییەکان و هەوڵدانێکی بێویژدانانەیە بۆ گەلەکۆمەی کەسانی بەرچاوتەنگ و نەزان لەنێو موسلمانانداا لە دژیان. مێژووی کوردە ئێزیدییەکانیش پڕە لە دەستدرێژی و پەلامار بۆ سەروماڵ و نامووسیان و هەروەها پڕیشە لە ئازایەتی و خۆڕاگری و فیداکارێتیی ئێزیدییەکان بۆ پاراستنی باوەڕەکەیان. جا لەبەر ئەوەی ئاینی ئێزیدی لە لایەن دراوسێکانیانەوە بە **«خودێ نەناسی»** و **«لە دین وەرگەڕان»**، درابووە قەلەم، ئەوا سەروماڵیان حەلال کرابوو، بەتایبەتی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا. لەبەر ئەوە ئێزیدییەکان ناچار بوون فەرمانەکانی ئاینەکەیان بە دزییەوە بەجێبهێنن تا لە کوشتن و ماڵ تالانکردن و ئەتککردن و دەربەدەر کردن رزگاریان بێ. دیارە کاتێك کەسێك، یان کۆمەلێك ناچار کرابێ بە خۆشاردنەوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانێ وەرامی بوختانی دوژمنانی بداتەوە، بە پێچەوانەی کەسێك، یان کۆمەلێکەوە کە سەربەستیی رادەربڕین و چالاکی هەبێ.

ئەم بارە ناهەموارە درێژەی کێشا هەتا **شۆرشی ئەیلوول** کە لە سالی ١٩٦١ دا لە باشووری کوردستان هەلگیرسا و ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدییەکان، شان بە شانی **کاکەییەکان و هەقەکان** و **شەبەکەکان** وەك پێشمەرگە بەشدارییان تێدا کرد. ئەم بەشدارییە و بەهێزبوونی رۆژ لەدوای رۆژی بیری نەتەوەیی لەنێو کورددا، رێی بۆ ئێزیدییەکان کردەوە کە برێك لە کولتووری خۆیان پێشانی دەرەوە بدەن، بەلام تێکشکانی کوتوپڕی شۆرشی ئەیلوول لە ١٩٧٥ دا و هەوڵدانی **رژێمی تیرۆریستی عێراق** بۆ تواندنەوەی ئێزیدییەکان و کردنیان بە عەرەب، بووە بەرهەلست لەڕێی تێکۆشانی ئاشکرای ئێزیدییەکاندا بۆ خستنەڕووی باوەڕەکەیان. شان بە شانی

ئەوەش زۆرداریتی و ملهوڕیی رژێمەکانی ترك و سووریا دژی کورد و بە تایبەتی دژی ئێزیدییەکان بوو بە هۆی ئەوەی هەزاران خێزانی ئێزیدی ناچار بن کوردستان بەجێبهێڵن و رووبکەنە ئەوروپا و ئەمریکا کە لەوێ هەوایەکی ئازادییان هەڵمژی و هێندێك لە رۆشنبیرەکانیان کەوتنە سەر رێی ئەوەی خۆیان بناسێنن بە گەلانی رۆژاوایی. بەلاّم ئەوانیش کە لە کۆمەڵگەی ترسدا لە دایکبوویبوون و گەورە بووبوون، سەریان لە گەلێك لایەنی گرنگی ئاینەکەی خۆیان دەرنەدەچوو. بۆوێنە: **بۆ ئەوەی تۆمەتی «خودێ نەناسی» لە خۆیان دوور بخەنەوە، دەچوون ئاینی ئێزیدییان بە ئاینی زەردەشتی دەدایە قەڵەم، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرخانی باوەڕی ئێزیدێتی و فەرهەنگی ئێزیدێتی گەلێك پارچەی ئاینی میترایزم (خۆرپەرستی) و ئاینە هێندۆئەوروپاییە کۆنەکانی تێدایە کە ئەمانە کۆنترن لە ئاینی مەزدایەسنیی زەردەشت.**

ئەز بەش بە باری خۆم، سەرەتای هەستکردنم بەوەی کە ئاینی ئێزیدی بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە کولتووری نەتەوەی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەنجاکان، واتە بۆ ئەو سەردەمەی کە خوێندکار بووم لە زانستگەی **بەغدا** و، چ لە زانستگە و چ لە دوکانی **مامۆستا بەشیر موشیر (ئوستاد) گەلێك ئێزیدی و کاکەییم** ناسکرد و کەوتمە پرسیار لێیان لەبارەی ئاینەکەیانەوە. کاتێك قسەکانی ئەمانم بەراورد دەکرد لەگەڵ ئەو شتانەی کە بە عەرەبی و فارسی و ترکی نووسرابوون لەبارەیانەوە وەك نووسینەکانی **عەباسی عەززاوی و عەبدولڕەزاقی حەسەنی و سەدیقی دەملووجی و مستەفا بەگ** و کێ و کێ، زەوی و ئاسمان دوور بوون لە یەك، ئەوجا بۆم رۆن بووەوە کە زۆر شت بەناڕەوا و بوختان دراونەتە پاڵ ئەم ئاینانە، وەك «شەوەڕەش» (چراپف) و «ئەهریمەن پەرستی». ئەمە وای لە من کرد کە پتر لەو ئاینانە بکۆڵمەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا گەیشتمە ئەوەی کە ئەم ئاینانە لەسەر بنەمایەکی کولتووری کۆنی کوردستان دامەزراون و بەشێکن لە فەرهەنگی نەتەوەی کورد و پێویستە بهێنرێنە بەر رۆناکایی.

کە لە سەرەتای شەستەکاندا هاتمە ئەوروپا، زانیارییەکی باشم لەبارەی ئێزیدییەکانەوە کۆکردبووەوە کە لە ئەورووپادا کەوتمە فراوانکردنی. لەنیوەی یەکەمی

حەفتاکاندا **هاوبیری هێژا بەڕێز یۆسف نسرۆ کە ئێزیدیی نێوچەی ئافرینە،** لە سەفەرەکانیدا بۆ ڕۆژاوای کوردستان گەلێك قەولی ئێزیدییەکانی کۆکردەوە بۆم. خۆشی باسێکی لەوبارەیەوە نووسی.

دۆستایەتی بەستنم لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کارکەرە ئێزیدییەکان و کەسایەتییە ئاینییەکانیان لە ئەڵمانیا منی خستەسەر بیری ئەوەی هاوکاریی ئێزیدییەکان بکەم بۆ ناسینی ئاینەکەیان بەرەسمی لە ئەڵمانیا. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە لەگەڵ **بەڕێز شێخ سمایل دەنز** پێش ئیمامی ئێزیدییەکان پێوەندیمان بە گەلێك سیاسەتکاری ئەڵمانیاوە کرد و بەسەتان ئیمزامان کۆکردەوە بۆ ئەم داخوازییە و، هێندێك بەڵێنیشمان وەرگرت. جا هەرچەندە ئەو بەڵێنانە بەجێ نەهێنران، ئێمە لە هەوڵدانی خۆمان نەکەوتین. **خەریکبووتم بە لێکۆڵینەوەی ئاینی ئێزیدی و کاکەیی (ئەهلی هەق، یارسان) و هەقە و شەبەك و ئاشنایی پەیداکردنم لە گەڵ کوردە ئەلەوییەکان، بەتایبەتی لەو ساڵانەدا کە بۆ «ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی زانستانەی ئەڵمان» (دۆیچە فۆرشونگس گێمەین شافت)** کارم دەکرد، بوو بە **هۆی ئەوەی باسی ئەم ئاینانە بخەمە بەرنامەی کاری ئەنجومەنەوە و، دەست بە نووسینی لێکسیکۆنێکی گەورە بکەم بە زمانی ئەڵمانی بەنێوی «لێکسیکۆنی میتۆلۆژیای کورد» ەوە کە بەداخەوە هێشتا چاپ نەکراوە.** هەروەها توانیم گۆتارێك لە «لێکسیکۆنی جیهانی ئیسلام» دا لەسەر ئاینی ئێزیدی بنووسم و بۆ یەکەمجار پەنجە بخەمە سەر ئەو ڕاستییە کە ئێزیدییەکان «یەزیدی» نین و پێوەندییان بە **یەزیدی کوڕی معاویەوە** نییە و، خۆیان بە خۆیان دەبێژن: **«ئێزیدی» نەك «یەزیدی»** و ئەم نێوەش بەسە وەك بەڵگەیەك بۆ ڕاستکردنەوەی ناسنامەی ئێزیدییەکان.

بە توێژینەوەی ئەم ئاینانە دەرکەوت بۆم کە **ئێزیدێتی و کاکەیەتی (یارسانێتی) و ئەلەوێتی،** هەر یەکەیان گۆی ملوانکەیەکن و گەلێك تایبەتکاری وەك یەکیان هەیە و بنەچە و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی کۆنی کورد و کوردستان.

بێجگە لەوەش دەرکەوت بۆم کە هەڵگرانی ئەم ئاینانە «موسڵمانی ساختە» نین، وەك هێندەك پەرتۆکنووسی ئەوروپایی دوور لە بابەت، نێویانلێناون، بەڵکو کۆمەڵە ئاینێکی سەربەخۆن کە من بۆ ئەم ئاینانە و بۆ یەکەمجار زاراوەی

سینکرێتیزمم بەکار هێنا. **سینکرێتیزم بریتییە لە پەیدابوونی باوەڕێکی نوێ لە** یەکگرتنی چەند باوەڕێك بە شێوەیەکی زنجیرەیی، نەك بەشێوەیەکی تێکەڵوپێکەڵ لەنێو یەکدا توانەوە. **سینکرێتیزم وەك ئەوە وایە تۆ بچیت چەند گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ (زەرد و سوور و پەمەیی و وەنەوشەیی و ... هتد) بە یەکەوە ببەستیت و چەپکێك گوڵ دروستبکەی لێیان، کە دیارە هەر گوڵە ڕەنگی خۆی و شێوەی خۆی پێوە دیارە، بەڵام هەموو پێکەوە نە زەردن و نە سوورن و نە پەمەیی و نە وەنەوشەیی، بەڵکو «یەکەیەکی نوێ» یە کە ئەوەش «چەپکە گوڵ» ە. ئەم ئاینانەش تایبەتکاری میترایزم و مەزدایزم و مانیزم و بودایزم و مووسایزم و عیسایزم و ئیسلامەتییان لە خۆیاندا کۆکردووەتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەیی وئاینێکی نوێیان هێناوەتە بەرهەم بە وێنەیەکی سینکرێتیستی.**

لە هەشتاکان و نەوەتەکانی سەتەی ڕابوردوودا ژمارەی ئێزیدییەکان لە ئەڵمانیا یەکجار زۆر بوو، ئەوەش بەهۆی ئەو زۆرداریيەوە بوو کە ڕژێمەکانی **ترك و عێراق و سووریا و ئەرمەنستان و گورجستان** بەرامبەر بە ئێزیدییەکانی بندەستی خۆیان دەکەن و ئێزیدییەکان ناچار دەبن نیشتمان و ماڵی خۆیان بەجێبهێڵن و ڕوو بکەنە تاراوگە. **زۆربەی زۆری ئێزیدییەکانی ئەڵمانیا لە شاری تسێلە celle و بیلەفێلد Bielefeld و ئۆلدنبورگ Oldenburg** دەژین. هەرلەو کاتەدا ژمارەی ئەلەڤییە کوردەکان لە ئەڵمانیا بەهۆی هاتنی «کرێکاری مێوان» ەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژاوای ئەو سەردەمە زۆر بوو. هەروەها بەهۆی ملهوڕیی ڕژێمی ترکەوە بەرامبەر ئەلەڤییەکان و کوشتاری ئەلەڤییەکانی مەرەش لە لایەن ترکە فاشیستەکانی سەر بە ترکەش و بزووتنەوەی «گورگە بۆر» ەوە، هەزاران ئەلەوی ناچار کرد نیشتمانی خۆیان بەجێبهێڵن.

هەرچی ئێزیدییەکانن، ئەوا دەبێ بزانین کە گەلێك لایەن تا ئەوڕۆ هەوڵیانداوە دایانبدۆشن بۆ بەرژەوەندیی ناڕەوای خۆیان. بۆوێنە: ڕژێمی عێراق بە عەرەب نێونووسی کردن. ئەرمەنییەکان و هێندەك ئەورووپایی بەیتوبالۆرەی ئەوە لێدەدەن کە ئێزیدییەکان کورد نین بەڵکو «گەلێکی جیاوازن». دیارە ئەم بەیتوبالۆرەیە لەوە پێش بۆ ئەلەڤییەکان و کاکەییەکانیش لێدەدرا و سەرینەگرت.

شایانی باسە کە تا ئەورۆ هیچ کۆمەڵێکی کورد لە ئەورووپا نەیتوانیوە خانوویەکی سەربەخۆی هەبێ، ئینیستیتۆی کورد لە پاریس نەبێ، بەڵام ئەم ئینیستیتۆیە بە یارمەتی راستەوخۆی حکوومەتی فەرەنسا و بە پارەی پیتاك کڕاوە. لە کاتێکدا کە ئێزیدییەکان بەکارکەری خۆیان و هەندازیاری خۆیان و بەنای خۆیان و ژن و پیاو و مێرمنداڵی خۆیان و هەمووشی بە خۆڕایی و هەرەوەزی، واتە بە ڕەنجی شانی خۆیان، کۆشکێکی دوو نهۆمی کە ڕووبەرەکەی ٧٠٠ مەتری چوارگۆشەیە لەسەر زەوییەکی ٣٥٠٠ مەتری چوارگۆشەیی دروستبکەن. ئەم کۆشکە سێ ساڵۆنی تێدایە، یەکێکیان جێی ٤٠٠ کەسێکی تێدا دەبێتەوە و ئەوەی دیکەیان ١٥٠ و سێیەمیشیان ٨٠ ــ ٩٠ کەسێك. کافەتێریا و ژووری مێوان و بیرۆ و نامەخانە و گەلێك شتی دیکەی تێدایە و تەنانەت شوێنی مردووشوشتنیشی تێدایە بەپێی ڕێ و ڕەوشتی ئێزیدێتی. سەرۆکی ئەم ماڵە **بەڕێز تەلیم تۆلان**، تەمەنی ٣١ ساڵانە و لە ئەڵمانیا لە شاری **تسێلە** لە دایکبووە، بەڵام بە کوردییەکی جوانی ڕەوان دەپەیڤێ و مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و ڕووخۆشە. بێجگە لەوەش چەند ڕۆشنبیرێکی کوردی ئێزیدی وەك **پیرخدری سلێمان و ئەسکەری بۆیك و شەوقی عیسا**، هاوکاری ئەم ماڵەن. گۆڤاری **«دەنگی ئێزیدیان»** بە سەرنووسەریی **بەڕێز شەوقی عیسا** یەکێکە لە گۆڤارە باشەکانی کورد کە بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی دەردەچێ و تا ئێستە ٩ ژمارەی لێدەرچووە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەم ماڵە گەلێك پەرتۆکی بەزمانی کوردی بۆ زارۆکانی ئێزیدی چاپکردووە کە بە ئالأی کوردستان و هەستی کوردایەتی ڕازێنراونەتەوە. بێجگە لەوەش بەرهەمێکی بەنرخی شەوقی عیسا کە بریتییە لە چەند دەقێکی پیرۆزی ئاینی ئێزیدییەکان لە گەڵ وەرگێڕانیان بە زمانی ئەڵمانی و ئەزژی پێشگۆتنم بە ئەڵمانی بۆ نووسیوە، بەمزووانە لە لایەن ماڵا ئێزیدیانەوە چاپدەکرێ. وادیارە ئێزیدییەکانی ئەڵمانیا نرخی ئەم مەڵبەندە دەزانن، بۆیە دووسەت خێزان (ماڵبات) ی ئێزیدی بوونەتە ئەندامی ئەم ماڵە، بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر تاکە تاکەی خەڵکی.

ماوەیەکی درێژ بوو کە کاربەدەستانی ماڵا ئێزیدیان و ڕۆشنبیرانی ئێزیدی بە کولودڵەوە دەیانویست گوێ لە سەمینارێکی من بگرن لەبارەی ئاینی ئێزیدی و

ئاینەکانی دیکەی کوردستانەوە وەك کاکەیی (ئەهلی حەق، یارسان) و ئەلەڤی و ... هتد. مخابن هەر جارە بەرهەڵستێك دەهاتە پێشەوە کە پێمنەدەکرا بەخزمەتیان بگەم. ئەمجارە وا رێککەوت کە ٣ رۆژی یەك لە دوای یەك پشووی گشتی بوو لە ئەڵمانیا. لەبەر ئەوە نیوەڕۆی شەممەی ١٨/ ٥ لە گەڵ هەڤاڵی بەڕێز شەوقی عیسا بە ترۆمبێل کەوتینە رێ و بۆ ئێوارەیەکی زوو گەیشتینە ئۆلدنبورگ. کە گەیشتینە بەر حەوشەی ماڵا ئێزیدییان و ئەو کۆشکەم دی، چاوم رۆن بووەوە، نەك لەبەر ئەوەی خانوویەکە و دروستکراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بیستبووم کە کۆمەڵێك کورد توانیویانە بەرەنجی شانی خۆیان و لە تاراوگە و ئاوارەییدا ئەوە پێکبهێنن، کە ئەمەش بەڵگەی هاوکاری لە گەڵ یەك و پێ داگرتنە لەسەر پاراستنی مافی خۆ و فەرهەنگی خۆ و بەرهەمی خەباتی کۆڵنەدەرانەی **«کۆمەلا چاند و دینی ئێزیدی»** یە کە لە ١٩٩٣/١٠/٣١ دامەزراوە.

رۆژی ١٩/ ٥/ کاتی ١٤/٣٠ سەمینارەکەمان دەستپێکرد. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدییەکان چووبوون بۆ پرسەی یەکێك لە خزمەکانی پێشئیمام کە رۆژێك لەوەبەر کۆچیدوایی کردبوو، لە گەڵ ئەوەشدا نێزیکەی هەشتا کەسێك بەشدارییانکرد کە هێندێکیان لە شارەکانی دیکەوە هاتبوون.

سەمینارەکەمان بە بەخێرهاتنێکی گەرمی من و بەشداران دەستپێکرا کە لە لایەن **بەڕێز دوکتۆر ئەسکەری بۆیکەوە** پێشکێش کرا و، **ئەوجا باس هاتە سەر ئەو تایبەتکارانەی کە ئێزیدییەکان و ئاینە سینکرێتیستەکانی کوردستان دەبەستێ بەیەکەوە، وەك بە پیرۆزدانانی خۆر و رۆناکی و گەڕانی رەوان (روح) لە بەرگێکەوە بۆ بەرگێکی دیکە پاش مردن کە ئێزیدییەکان «کراس گهۆڕین» و کاکەیی و ئەلەوییەکان «دۆنای دۆن» ی پێدەڵێن، هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان و ژیان لە لایەن «یارانی خودێ» وە کە لە حەوت فریشتە پێکهاتوون و هەر یەکەیان بۆ کارێك بەرپرسیارە و یەکێکیان سەرکردەیانە و بێجگە لەوەش گرێدانی ئەم باوەڕانە بە زمان و فەرهەنگی کورد و خاکی کوردستانەوە و بە تایبەتی بە چیاکانەوە (وەك چیای جودی و شاهۆ).**

ئەوجا رێدرا بە بەشداربووان کە بکەونە پرسیار و رادەربڕین، کە بە شێوەیەکی

سەربەستانە و دێموکراتیانە چووە سەر. یەکێك لەو پرسیارە زۆرانەی کە کران ئەوە بوو، **«بۆچی ئێزیدییەکان رێنادەن کەسێك کە لە خۆیان نەبێ ببێ بە ئێزیدی، بۆوێنە: موسلمان و دیان رێ دەدەن بە هەموو ناموسلمانێك و نادیانێك بێنە سەر ئەو دوو ئاینە»**

لە وەرامدا گوتم: «راستە ئێزیدییەکان چاویان نەبڕیوەتە ئەوەی هیچ کەسێك لەم ئاین و لەو ئاین بکەنەوە، بەڵام بۆچی ئەوانی دیکە بەزۆری دارێ و بە کوشتن و تۆقاندن ئێزیدییەکان لەسەر ئاینی خۆیان لادەبەن و دەیانهێننە سەر ئاینی خۆیان!. ئێزیدییەکان ترسیان بۆ کەس نییە و دینی کەس ناگۆڕن، بۆچی واز ناهێنن لێیان وەك ئێزیدی بژین؟».

ئەم وەرامە زۆر بەدڵی بەشداران بوو کە هەستی خۆیان بە چەپڵەڕێزان دەربڕی.

سەمینارەکەمان لە کاتی ١٨/٣٠ دا کۆتایی هات و لە گەڵ **هەڤاڵی بەڕێز شەوقی عیسا گەڕاینەوە بەرلین. بەم بۆنەوە سوپاسی گەرمی ماڵا ئێزیدییان دەکەم بۆ پێشوازیی گەرمیان و سوپاسی سەرۆکی ماڵ تەلیم تۆلان و هاوکاری ماڵ دوکتۆر ئەسکەرێ بۆیك دەکەم بۆ میوانداریی برایانەیان و هەروەها سوپاسی هاوییران یوسف نەسرۆ و عەبدوڵلا عەلی چوارتایی و خێزانەکانیان دەکەم کە ئەرکی هاتنیان لە هەمبورگ و براون شڤایکەوە خستبووە سەر خۆیان و هاتبوونە شاری ئۆلدنبورگ بۆ ئامادەبوون لەو کۆڕەدا.**

لە کاتی ماڵاواییدا گەلێك لە هاووڵاتانی ئێزیدی دەیانگوت **«ئاهوڕامەزدا و تاوسی مەلەك کوردستان لە شەڕی دوژمنان و دەستدرێژیی داگیرکەران بپارێزن».**

جەمال نەبەز

بەرلین ٢٦/٥/٢٠٠٢

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٤

رۆژنامەی «میدیا» ژمارە ١٢٤

پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق
و
دۆزی کورد

کورد ، «قسەی نەستەق» یان زۆرە، ئەگەرچی بەپێی ئەوانە ناجووڵێنەوە. یەکێك لەو «قسـەنەستەقانە» ئەمەیە: «ئەوەی تۆ ئێستە بە بێوەژنی دەیکەیت، دەبوو بە کچێنی بتکردایە». ئەم «قسەنەستەقە» بەسەر ئەمریکاش و کوردیشدا دەچەسپێ. چونکە ئەمریکا ئەو رۆژەی کە لەشکری عێراقی ناچارکرد، کوێت بەجێبهێڵێ و بەسەری شکاوەوە بگەڕێتەوە عێراق، دەیتوانی بەهاسانی بکشێتە عێراقەوە و رژێمی عێراق بخا و حکوومەتێکی لیبەراڵ ـ دیمۆکرات لەجۆری حکوومەتەکانی رۆژاوا دابمەزرێنێ و سەرپەرشتیی بکا تا خۆی دەگرێ. بەکورتی، ئەمریکا چی لە ئەڵمانیا کرد پاش شکانی لەشکری ئەڵمانیای نازی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، دەیتوانی هەرئەوەش بکا لە عێراقدا. بەڵام جۆرج بوشی سەرکۆماری ئەودەمەی ئەمریکا تەماشای بەرژەوەندیی درێژخایەنی ئەمریکا و بەرەی رۆژاوای نەکرد و گوێی لە قسەوڕاوێژی سەرلێشێوێنەرانەی «هەڤاڵبەندەکانی» گرت، وەك حوسنی موبارەکی میسر و شاحسەینی ئەردەن و شافەهدی حیجاز و، کارەکەی بەناتەواوی بەجێهێشت و، تەنانەت رێیدا بە سەددام کۆپتەرەکانی بەکار بهێنێ و لەوەش خراپتر، جۆرج بوش کورد و شیعەی هاندا کە دژی سەددام راپەڕن، کەچی کە کورد و شیعە راپەڕین و لەشکری عێراق بە کۆپتەرەکانییەوە کەوتە دروێنەی گیانیان، ئەمریکا لەسەری نەکردنەوە و تەنانەت کە کورد بە ملیۆن کەوتنە رەوکردن، جۆرج بوش لەبەردەم کامێرای تەلەڤیزیۆنی CNN دا گۆتی: «ئەز سەددام حسەین بەنەحلەت دەکەم، بەڵام من هیچ بەڵێنێکم نەداوە بەکورد کە لەباری سوپاییەوە یارمەتییان بدەم». ئەم درۆ ئاشکرایە ئەوەتە ئەوڕۆ لەلایەن کاربەدەستێکی گەورەی ئەمریکایی وەك جێمس وۆلزلییەوە باسدەکرێ و رەخنە لە بوش دەگیرێ.

ئەو رۆژەی جۆرج بوش ئەمەی گوت: ئێوارەیەکی مانگی مارتی ١٩٩١ بوو کە گەلڕەوەکەی کوردم لە تەلەڤیزیۆنی CNN دا دی و گوێم لە قسەکانی جۆرج بوش

بوو، دەستبەجێ ئەو ئێوارەیەی مانگی مارتی ١٩٧٥ م هاتە بیر کە ئەمریکا کوردی کردە قوربانیی «هەڤاڵبەندە» درۆزنەکانی ئەو سەردەمەی، وەك شای ئێران و ساداتی میسر و بومیدیەنی جەزایر و، سەددامی لە کەوتن و مردن رزگارکرد و نەتەوەی کورد و کەڵەپیاوێکی کوردستان و، رۆژهەلاتی وەك مەلامستەفای بارزانی کردە قوربانیی کورتبینیی خۆی. ئەنجامی ئەم کورتبینییەی ئەمریکا پەرەسەندنی ئیسلامی رامیاری (سیاسی) بوو کە بوو بەهۆی نەمانی شای ئێران بەخۆی تاجوتەختییەوە و، کوشتنی ساداتی میسر و لەنێوچوونی بومیدیەن و، بەهێزبوونی لەسنووربەدەری سەددام و، هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و ئەوجا پەلاماردانی کوێت و، دوژمنایەتییەکی خەستوخۆڵ دژی ئەمریکا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا و بەجێگەیاندنی گەلێك کرداری تێرۆریستانە دژی ئەمریکا کە دەستوەشاندنی رۆژی ١١ی ئەیلوول دواچالاکیی گەورەی ئەم زنجیرەیە بوو، نەك کۆتایی ئەم زنجیرەیە. ئەمانەش هەمووی بەولاوە، باوەڕنەکردنی کورد بە بەڵێن و پەیمانی ئەمریکا، ئەگەرچی ئەمریکا هێزی پارێزگاری سەرەکیی **(هەرێمی ئاسایش)** ە لە باشووری کوردستاندا.

وادیارە ئەمریکا لەو دۆخوبارانەی کە بەسەر رۆژهەلاتی ناڤین ونێزیك و دووردا لەم پەنجاساڵەی دواییدا تێپەڕبوون، زۆر کەم فێربووە. هەرلە پاش بەستنی پەیمانی ئازاری ١٩٧٠ وە رێیدا بە سەددام و رژێمەکەی، خۆیان بە یارمەتیی سۆڤێت و دەوڵەتانی چاوچنۆکی رۆژاوا، بەتایبەتیی **فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا** بەهێزبکەن. کوردیش لەڕووی دڵپاکی و کەم ئەزموونیی خۆیانەوە، چوارساڵ پشوویاندا بە سەددام بۆئەوەی گوایە پەیمانی ئازار بهێنێتەدی. سەددام لەم ماوەیەدا توانی خۆی لەباری سوپایی و دیپلۆماسی و رامیارییەوە یەکجار بەهێز بکا و لە ئەنجامدا توانی بەهۆی خلەتاندنی شای ئێران و ئەمریکاوە، پەیمانی جەزایر لەگەڵ شا لە مارتی ١٩٧٥ دا ببەستێ و شۆرشی ئەیلوول رابوەستێنێ و دەردبکا بەگەرووی کورد و هەڤاڵبەندەکانی خۆشیدا، بەتایبەتی کۆمۆنیستە عێراقییەکان کە ئەوانیش لە کورتبینیی رامیاریی خۆیان و سەرشۆڕکردنیان بۆ فەرمانی رژێمی سۆڤێت، بۆماوەیەك بووبوونە دەسکەلای دەستی سەددام.

کورتبینیی ئەمریکا بەرادەیەك بوو کە کەوتە یارمەتیدانی ئەو موسڵمانە

ئەفغانییانەی کە دژی لەشکری داگیرکەری سۆڤێت راپەڕیبوون، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی سۆڤێت رژێمێکی گوایە «کۆمۆنیستی» بوو و، ئەمریکا ترسی هەبوو لێی و بەدوژمنی خۆی دەزانی، ئەمیش هەر وەکو کوردەکە بەپێی پەندی چەواشەکەری **«دوژمنی دوژمنم دۆستمە»**. ئێستەش ئەوەتە ئەمریکا لە جەنگدایە دژی ئەو موسلمانانەی کە دوێنێ «هەڤاڵبەندیان» بوو و، یارمەتیدان بێنە سەرکار و ئەوەتە لەملی خۆی ئالاون.

شایانی باسە کە ئەمریکا لەنێوخۆیدا سیستەمێکی دێمۆکراتی هەیە و کەس ناتوانێ چاو لەوە بپۆشێ. بەڵام لە سیاسەتی دەرەوەیدا زۆر تەنگەتیلکانە و ناشییانە دوای نەخشەی کورتخایەن دەکەوێ و ئەمەش بەزیان دەگەڕێتەوە بۆخۆی. هەر بۆوێنە لە کاتێکدا دژی **عێراق و ئێران و سووریایە** و ئەم رژێمانە بە رژێمی سەربە تێرۆریزم نێودەبا، کەچی دەستی لەگەڵ رژێمی ترک تێکەڵە و بە هەمووشێوەیەك پشتی ئەم رژێمە لەشکرتارییەی گرتووە کە ئەمە هەشتاساڵە بۆ لەنێوبردنی کورد هەوڵدەدا. ئەمریکا لە هەمانکاتدا بزووتنەوەی کوردەکانی باکوور بە بزووتنەوەیەکی تێرۆریستانە دەداتە قەڵەم و بەڵێن بە ترك دەدا کە رێ بە کوردی باشوور نەدا! دەوڵەتێك بۆخۆیان دروست بکەن. ئەم سیاسەتی **«بانێك و دووهەوا»** یەی ئەمریکا وای لە کورد کردووە کە دوودڵ بێ بەرامبەر هەموو بەڵێن و گوتێکی ئەمریکا و ملنەدا بۆچوونە بەرەیەکەوە لە گەڵ ئەمریکا دژی سەددام، مەگەر ئەمریکا بە تەواوی دەستبەربێ بە پاراستنی کورد و مافەکانی. دەستبەربوونیش هەربە «بەڵێن» نابێ، بەڵکو بەکردەوە دەبێ.

ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەمریکا کە ئەو هەلەی سالی ١٩٩١ ی لەدەست خۆی دا و یانزەساڵ وازی لە سەددام هێنا خۆی بەهێز بکاتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵبەندەکانی ئەمریکای لە ئەمریکا دوورخستەوە، بەتایبەتی زۆربەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان و رووسیا و چین. هەروەها سیاسەتی «بانێك و دووهەوا»ی ئەمریکا بەرامبەر کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، دڵی گەلی فەلەستین و دەوڵەتە عەرەبییەکانی لە ئەمریکا کرمێ کردووە، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە لەساڵی ١٩٩١ دا هەڤاڵبەندی ئەمریکا بوون لەدژی سەددام، وەك میسر و سووریا و حیجاز و دەوڵەتەکانی کەنداو. تەنانەت کوێتیش دەبێژێ «نامانەوێ عێراق بەر

جەزرەبەیەکی سوپایی ئەمریکا بکەوێ».

ئەوجا ئێستە ئەمریکا هەرچەندێك هەوڵبدا ئێسکی خوی سووك بکا، ئەوا بە هاسانی ناچێتەسەر بۆی و، لە ئەنجامی نەخشەی چەوتوچەوێڵەوە، تەنانەت ئەوانەی زۆر خزمەتیشی کردوون، بەخزمەتەکەی نازانن و وەك، کوردەکە دەبێژێ: «نمەکی ئەمریکا سوێرە». ئەوەتە دەوڵەتی ترك کە مانەوەی بەپێوە بەهۆی ئەمریکاوەیە، بۆ یارمەتیدانی دژی سەددام، داوای گەلێك پاداشی گەورەگەورە دەکات، چ لەباری ئابووری و چ لەباری رامیاری و چ لەباری جوگرافیاییەوە. ئەوجا وەنەبێ هەر ترك وابن، ئەڵمانەکانیش کە مانیان پاش جەنگی جیهانیی دووەم بەسایی ئەمریکاوە بوو، بەهیچ جۆرێك منەت لەوە نازانن. لەمانگی مایسی ئەمساڵدا جۆرج بوش هات بۆ سەردانی بەرلین و ئەورۆژە رۆژێکی خۆشی گەرمی هەتاوی بوو. لە بەستەمەنیخانەیەك دانیشتبووم شتێکی سارد بخۆمەوە! لەبەردەم مێزێکدا دانیشتبووم کە هەشت نۆکەس لە تەنیشتمەوە بوون و قسەیان بە جۆرج بوش و ئەمریکا دەگوت. یەکێکیان بەپێکەنینەوە گوتی «بابچین هێندێك تەماتە بکرین و بیکێشین بە ئۆتۆمۆبیلەکەی بوشدا»، منیش هەروەك ئەوان بە پێکەنینەوە گوتم: «دەبێ ئەوە لە گۆرەپانی پردی ئاسمانی بکرێ». کە ئەوەم گوت بێدەنگ بوون. (سەرنج گۆرەپانی پردی ئاسمانی گۆرەپانێکی بەنێوبانگە لە **بەرلین**، کاتی خۆی کە بەرلین بەسەر **ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا**دا دابەشکرا و سۆڤێت بەرلینی رۆژهەلاتی بەرکەوت، لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی بەرلینی رۆژاوای دا و رێی نەدەدا خۆراك بچێ بۆ بەرلینی رۆژاوا. خەڵکەکە وایان لێهات لە برساندا بمرن. ئەمریکاییەکان هەموو رۆژێك تا ئەو گەمارۆیە هەڵگیرا، بەفرۆکە خواردەمەنیان فرێدەدایە خوارەوە لەو گۆرەپانەدا بۆ خەڵکی بەرلین).

هەرچی کوردیشە، دەبێ بزانین کە ئەمە یەکەمجارە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پارچەیەك زەوی لەژێر دەسەلاتی حکومەتی دەوڵەتێك جیادەکاتەوە و دەیخاتە ژێردەسەلاتی خەڵکی ئەو پارچە زەوییەوە و بەهێزی سوپا دەیپارێزێ دژی دەستدرێژیی ئەو دەوڵەتە. بەراستی دامەزراندنی «هەرێمی ئاسایش» رووداوێکی مێژوویی بوو لە هەموو جیهاندا کە بۆ یەکەمجار لە کوردستان روویدا. دیارە ئەوەش بەهۆی ئەو هەلومەرجانەوە هاتە پێشەوە کە یەکیانگرت و ئەم «هەرێمی

ئاسایش»ەیان هێنایە بوون. لەمانە: پەلاماردانی سەددام بۆسەر کوێت و جەنگی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی عێراق و راپەڕینی گەلیری کورد و رزگارکردنی بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سەددامەوە و گەلرەوی دووملیۆنی کورد بۆ دەرەوەی باشوور و بوونی فەرانسوا میتران وەك سەرکۆماری فەرەنسا و تورگوت ئۆزاڵ وەك سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی ترك و بوونی ژمارەیەکی زۆر کوردی رۆشنبیر و چالاك لە ئەمریکا و ئەورووپا و پێشاندانی کوێرەوەریی کورد لەرێی رادیۆوتەلەڤیزیۆن و رۆژنامەکانی جیهانەوە و بوونی هێزێکی چەکداری کورد لە شێوەی پێشمەرگەدا.

راستییەکەی کوردیش هەروەك ئەمریکا زۆرکەم سووتی لەسەردەمی کچێنیی خۆی وەرگرت. ئەورۆژەی کە سەددام لەشکرەکەی و بەڕێوەبەرێتییەکەی لەو سێ پارێزگە کێشایەوە (١٩٩١/١٢/٢٠)، کورد دەیانتوانی سەربەخۆیی ئەو نێوچەیە داخویانی بکەن، کە ئەمەیان نەکرد، ئەو هەلە مێژوویییەیان لەدەست خۆیان دا. چۆنکە ئەگەر هەنگاوێکی وایان بنایە و دەوڵەتەکانی دراوسێی ئەو پارێزگایە دەستیان لە کورد بوەشاندایە، ئەو دەمە ئەو سێ پارێزگایە دەبووە پرۆتێکتۆرات (محمیە) ی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەوەش بترازێ هەڵسوکەوتی رامیاریانەی کورد، پاش دامەزراندنی «هەرێمی ئاسایش» (هەرێمی نەفرین) لە باشووری کوردستاندا، واتە «سەردەمی کچێنیی کورد» بەهیچ جۆرێك ژیرانە و بەرپرسیارانە نەبوو. دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ دا (دەساڵ لەمەوبەر) دەنگی بۆ فیدەراسیۆن دا، هەتا ئێستە دەستوورێك و ئالایەك و سروودێکی نەتەوەیی و هەڵبژاردنێکی گشتی بۆ سەرۆك کۆمار و پەرلەمانی نوێ و لەشکرێکی یەکگرتوو و نوێنەرێتییەکی یەکگرتوو لە دەرەوەی ولات نییە. هەر نوێنەرێك بەنێوی حیزبی خۆیەوە قسەدەکات، نەك بەنێوی خەڵکی هەرێمی فیدەرالی کوردستانەوە. هەر دەستەیەك لە پێشمەرگەکان خۆی بەچەکداری حیزبی خۆی دادەنێ نەك بە سەربازی لەشکری ناحیزبیی کوردستان. راستە هەردوو حکوومەتەکەی «هەرێمی نەفرین» (پارتی و یەکێتی) توانیویانە تا هەندازەیەك ئاوەدانی بگێڕنەوە بۆ ولات و گوند و رێ و شەقام و خانی و نەخۆشخانە و قوتابخانە و بازاڕی گەورە دروستبکەن، ئەوەش بەو پارەیەی کە

کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٣٪ی داهاتی نەوتی عێراق) بڕیویەتەوە بۆ کورد، بەڵام گەلێك شتی زۆر گرنگ هەن کە هەتا ئێستە جێبەجێ نەکراون، وەك ئاوی خواردنەوە، کارەبا، پۆستە. بۆ کێشەی بێکاریش ئەوە هەر مەپرسە.

خەریکبوونی هەردوو حیزبەکە چوارساڵی رەبەق بە شەڕێکی ماڵوێرانکەرەوە لەدژی یەك و لە بنچینەدا لەسەر هیچ (کامیان نوێنەرێکی پەرلەمانی لەویدی پترە، کامیان پارەی پتری پێدەبڕێ، کامیان دەسەڵاتی بەسەر رەشوڕووتی کورددا لەویدی زێترە) گەورەترین زیانی بەکورد و گەورەترین سووتی بەدوژمنانی نێوخۆ و دەرەوەی کورد گەیاند و دەستی هەموو جۆرە تاقمێکی نەیار و ناحەز و دەستوەشێنی بەرەڵڵاکرد بۆ خۆکۆکردنەوە و، ئەوە بوو لە ئەنجامدا کەوتنە گیانی ئەم دوو حیزبە کە ئەم دوو حیزبە هەرخۆیان هۆی سەرەکی بوون بۆ بوون و باڵگرتنی ئەوانە و لەنێو ئەوانەشدا تورانییەکان و موسڵمانە تەنگەتیلکەکان.

بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی (الامن القومی) هەتا ئەورۆ هیچ هەنگاوێك نەنراوە، بەقسەی **هاوبیری هێژا جەوادی مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هەتا ئەورۆ تەنانەت «خەندەکێکی پان و کوور» (قووڵ) بەدەوری "هەرێمی ئاسایش" دا هەڵنەکەندراوە تاکو رێ لە تانك و لەشکری پێدەی بیانیی بگرێ و نەهێڵێ هەروا بە هاسانی بکشێنە کوردستانی رزگارکراوەوە.**

ئەمە یانزەساڵە ئەم دووحیزبە کاربەدەستن، نەك یانزە فڕۆکەوان، بەڵکو یەك فڕۆکەوانیان پێنەگەیاندووە و ژمارەی کادری رامیاری و دیپلۆماتی و ئابوورییان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

بەڕاستی دەردوخەفەت زۆرە و، وادیارە کاتیشمان کەم ماوە. هەتا پەلامارەکەی ئەمریکا بۆسەر عێراق، دەبا بێینە سەر ئەوەی کە لەم سەردەمی «بێوەژنی» یەدا هەوڵی کردنی چی بدرێ و کردنی چی پێویستە:

١) ـــ دووەم پەرلەمانی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەڵبژێردرێ، نەك لەماوەی شەش مانگ یان ساڵێکی دیدا، چۆنکە هیچ دوورنییە لەماوەیەکی کورتدا کارەساتێکی وابقەومێ کە هەڵبژاردنی پەرلەمان درەنگی بەسەر هاتبێ. ئەم پەرلەمانەی ئێستا هەیە ماوەکەی تێپەڕبووە، کە ماوەی پەرلەمان تێپەڕی، ئەو پەرلەمانە کۆن دەبێ و، رەوایەتی (شرعیەت)ی نامێنێ. ئەمەش خاڵێکی زۆرگرنگە،

تاکو دوارۆژ لە لایەن دەزگە ئینتەرناسیۆنالییەکانەوە رەخنە لە رەوایەتیی بڕیارەکانی پەرلەمانی کۆن نەگیرێ و نەگوترێ ئەمە بڕیاری دووحیزبە نەك بڕیاری نوێنەرانی خەڵکی کوردستان.

٢) ـ دەستوورێکی بنچینەیی بۆ کۆماری فیدەراڵی کوردستان دابنرێ کە ببێتە دایکی هەموو زاگۆنێك (قانون) کە لەو کۆمارەدا دەریچێ. ئەم دەستوورە سنووری کۆمارەکە دەستنیشان بکا. شایانی باسە لەبارەی سنوورەوە دەنگورەگرتن و گشتپرسی (استفتا) کارێکی نارەوایە. سنووری باشووری کوردستان راستینەیەکی (حقیقة) مێژوویی و جوگرافیایی و ژیارییە، ئەو سنوورە پیرۆز و نەتەکێن (مصون) ە، دیارە وتووێژ ناکرێ لەسەری.

٣) ـ پێشمەرگەکەکانی حیزبەکان، بەپێی زاگۆنێك دەبن بەبەشێك لە سوپای بەرگریی کۆماری فیدەراڵی باشووری کوردستان. ئەم سوپایە مافی دەستوەردانە حیزبایەتی و رامیاری نابێ. سەرکردەکانیشی سەربەخۆ و نەتەوەیی دەبن و دەستناخەنە هیچ کێشەیەکی نێوخوییەوە، کە ئەمەیان لە دەسەڵاتی پۆلیس و هێزی ئاسایشدا دەبێ، ئەمانیش هەردەبێ ناحیزبی بن.

٤) ـ دادگەکانی کوردستان سەربەخۆ دەبن و هیچ دەسەڵاتێك مافی ئەوەی نابێ کار بکاتە سەریان. دادگەکان بەپێی ئەو زاگۆنانە کاردەکەن کە حکوومەتی کۆماری فیدەراڵی کوردستان دەریاندەکا، پاش پشتڕاستکردنیان (تصدیق) لەلایەن پەرلەمانەوە.

٥) ـ پەیماننامەیەك لەنێوان دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەرهەڵستکەرە سەرەکییەکانی عێراقدا مۆربکرێ کە فیدەراسیۆنی کورد لەشێوەی کۆماری باشووری کوردستان و بەو سنوورە مێژوویی و جوگرافیاییە دەبێ کە هەیە. ئەم کۆمارە لەگەڵ دوو کۆماری دیکە، واتە کۆماری بەغدا، کە بەغدا و نێوچەکانی نێوەڕاستی عێراق دەگرێتەوە و، کۆماری بەسرە کە نێوچەکانی خوارووی عێراق دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی فیدەراڵی یەکدەگرێ.

٦) ـ هەرسێ کۆمارە فیدەراڵییەکە مافیان وەك یەك دەبێ و نێویان «کۆمارە فیدەراڵییەکانی عێراق» دەبێ.

٧) ـ کۆماری فیدەراڵی باشووری کوردستان کۆمارێکی دێموکراتی

پەرلەمانیی ئاشتیخواز و سێکولاریستی (علمانی) دەبێ. مافی هەموو کەمە نەتەوە و پێڕەوانی ئاین و ئاینزاجیاوازەکان، بێ جیاوازی، دەپارێزرێ.

٨) ــ بەلایەنی کەمەوە سێیەکی دەسەڵاتی نێوەندیی کۆمارە فیدەراڵییەکانی عێراق بەدەست کوردەوە دەبێ، کە بەجێهێنەرانی ئەو دەسەڵاتەش تەنێ لەلایەن کورد خۆیانەوە دەستنیشاندەکرێن.

٩) ــ حکومەتی نێوەندیی کۆمارە فیدەراڵییەکانی عێراق دووسەتوپەنجا (٢٥٠) ملیارد پاوەندی ئینگلیزی لەماوەی (٢٥) ساڵدا دەبژێرێتەوە بۆ کورد لەباتی وێرانکاییی کوردستان و گەلکوژی لە کورد لەلایەن عەرەبی عێراقەوە.

١٠) ــ هیچ کۆمارێك لەم سێ کۆمارە مافی ئەوەی نابێ بۆ شتێك دەنگبدا کە تەنێ پێوەندیی بەکۆمارەکانی دیکەوە هەبێ.

١١) ــ بەهیچ جورێك نابێ لە دەستووری عێراقدا بنووسرێ کە «عێراق بەشێکە لە نیشتمان یان نەتەوەی عەرەبی».

١٢) ــ کورد لە کۆماری بەغدادا، بەتایبەتی کوردە فەیلییەکان مافیان لەشێوەی ئۆتۆنۆمیدا دەبێ و لە کۆماری بەسرەدا وەك کەمایەتییەك بەرەسمی دەناسرێن.

١٣) ــ ئەگەر کۆماری بەغدا و بەسرە ویستیان لە گەڵ دەوڵەتێکی عەرەب یەکبگرن لەشێوەی فیدەراسیۆندا، ئەو هەلە کۆماری فیدەراڵی کوردستان بەشێوەی کۆنفیدەراڵی لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا پێوەندیی دەبەستێ. خۆئەگەر ئەو یەکگرتنە لەشێوەی یەکێتیدا بوو، ئەوا کۆماری کۆنفیدەراڵی کوردستان مافی جیابوونەوەی دەبێ و ئەمەش دەبێ لە دەستووردا بچەسپێنرێ.

١٤) ــ کۆماری بەغدا و بەسرە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ هیچ لایەکدا پەیمان نابەستن دژی کورد و کۆماری فیدەراڵی باشووری کوردستان.

١٥) ــ سەرکۆماری فیدەراڵگەل (هەرسێ کۆمارەکە) بۆ سێ ساڵ هەڵدەبژێردرێ و سەرکۆمارێتیش بەنۆرە دەبێ لە هەر سێ کۆمارەکەدا.

١٦) ــ بەلایەنی کەمەوە سێیەکی سەرکردەکانی سوپای عێراق کورد و کوردستانی دەبن.

١٧) ــ زمانی کوردی زمانی رەسمیی یەکەم و زمانی عەرەبی زمانی رەسمیی دووەم دەبێ لە کۆماری فیدەراڵی کوردستاندا. لە دوو کۆمارەکەی دیکەدا زمانی

کوردی زمانی رەسمیی دووەم دەبێ.

١٨) ــ ئالای کوردستان ئەو ئالایە دەبێ کە لە سەتەی رابردوودا کۆماری کوردستان کردی بە ئالای کۆمار و سروودی نەتەوەیی (مارشی کوردستان) «ئەی رەقیب» دەبێ.

ئێستە بابزانین ئەگەر ئەمریکا پەلاماری عێراقی دا کورد چی بکا باشە:

١) ــ ئەگەر ئەمریکا پەلاماری عێراقی دا، ئەوا بێگومان کورد ناتوانن بێلایەن بوەستن. جوگرافیای نێوچەکە و رژێمەکانی رێ بەو بێلایەنییە نادەن. بەلام ئەو بێلایەنییە دەبێ هاورێ بێ لەگەڵ دڵنیاییەکی تەواو کە کورد دەگاتە ئامانجەکانی خۆی، نەك ئەوەی کە هەیەتی لەدەستی بچێ. بۆئەمەش دەبێ ئەمریکا چەکی کاریگەری دژەفڕۆکە و دەمامکی دژەگازی ژەهراوی و دەرمان و دوکتۆری شارەزا و دەزگەی چەکی پاتریۆت بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی راکێت و گوللەتۆپ بدا بەکورد و بەپەلە پسپۆری ئەو چەکانە بۆکورد پێبگەیەنێ.

٢) ــ سەرکردەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا رێکبکەون لەسەر ئەوەی ئەمریکا رێنەدا بە دەوڵەتی ترك باشووری کوردستان، یان بەشێك لە عێراق داگیربکا. چۆنکە ئەودەمە شەڕوشۆڕ و بەیەکدادانێکی زۆر سەخت دەکەوێتە نێو هێزەکانی کورد و عێراق لەلایەك و هێزەکانی ترك لەلایەکی دیکەوە و دەبنە هۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانی دیکە. کە ترك دەستی نەخستە کاروباری باشووری کوردستان و عێراقەوە، ئەو دەمە ئەمریکا دەتوانێ هەڕەشە لە ئێران و سووریا بکا کە دەست نەخەنە کاروباری عێراقەوە و بێلایەن بوەستن.

٣) ــ هێزی چەکداری کوردستان لە گەڵ هێزی چەکداری شیعەکان یەکبگرن و نەخشەیەك دابنێن بۆ داگیرکردنی بەغدا، کاتێك ئەمریکا بەهێزی ئاسمانی خۆی لە عێراق دەدا و، رێنەدەن چەند ئەفسەرێك سەددام بکوژن و بێنە سەرکار و **«کەرێکم دا بە کەرێك»** دووپات بێتەوە.

٤) ــ باشترین شت ئەوەیە لەشکری پێدە (زەوی) ئەمریکا لە کوێتەوە بکشێ بەسەر عێراقدا. بێگومان لەم شەڕەدا چەکی پێشکەوتوو زاڵبوون مسۆگەردەکا، نەك ژمارەی زۆری لەشکر، ئەمریکا ئەوجۆرە چەکانەی هەیە.

٥) ــ ئەو ترسولەرزەی کە دەخرێتە دڵی خەڵکەوە کە گوایە سەددام سوپایەکی یەکجار بەهێزی هەیە، لەسەر بناخەیەکی پتەو دانەمەزراوە و زۆربەی ئەوقسانە پرۆپاگەندە و چاوڕاون. بێجگە لە بەشێکی تایبەتی وەك «پاسەوانی کۆماری» (الحرس الجمهوری) بەشەکانی دیکە «کەرەسەی شەڕ» نین و بەزۆر کراون بە سەرباز. سوپا بریتی نییە لە زۆروبۆر و «رەشەلەشکر». هەزارساڵ لەمەوبەر هۆنەری بەنێوبانگی فارس، **فیردەوسی** گۆتوویەتی:

سیاهی لشکر نیاید بە کار

چویەك مرد جنگی بە از صد هزار

(واتە: رەشەلەشکر بەکار نایەت، تاکە یەك جەنگاوەر لەسەت هەزاری وا باشترە).

سوپای عێراق چەك و تفاقی جەنگی وەك یانزەساڵ لەمەوبەری نییە. لەبەر ئەوە پەلاماری کتوپڕی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بۆ سەر بەغدا و تکریت و مووسڵ و فەلوجە و بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتوو، بەمەرجێك لەوە پێش شوێنی مۆڵگەکانی سوپای عێراق و جێی ئەمارکردنی چەکە قڕکەرەکانی سەددام بەباشی دەستنیشانکرابن، بەرگریی سوپای عێراق دەپسێنێ و بەشێکی گەورەی سوپاکە ناچار بە خۆبەدەستەوەدان دەکا و گەلێك سەرکردەی سوپایی لە سەددام هەڵدەگەڕێنەوە ئەگەر بزانن سەددام دەکەوێ. بەڵام هونەر ئەوەیە پەلامارەکە بروسکەئاسایی بێ بۆئەوەی رێنەدرێ بە سەددام و کلکەکانی لە ناهومێدیدا چەکی کیمیایی و میکرۆبی بەکار بهێنن.

٦) ــ زۆرجار ئەفغانستان لەگەڵ عێراق بەراورد دەکرێ، بەڵام ئەم دوو وڵاتە و بارودۆخیان بەهیچ جۆرێك لەیەکناچن و ئەم بەراوردکردنە هەڵەیە. رژێمی ئەفغانستان کە «القاعدە»ی بن لادن و مەلاعومەر دەیانبرد بەڕێوە، پشتیوانییەکی یەکجار بەهێزی لەنێو مرۆڤی خاوەن باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای بنچینەگرانەی ئیسلامدا هەیە لە هەموو جیهاندا کە ئامادەی خۆبەختکردن و «شەهید» بوونن لەپێناوی چوونە بەهەشتدا. بێجگە لەوەش گەلی پەشتوون کە زۆربەی گەلی ئەفغانستان پێکدێنێ، بەزۆری پشتگیریی رژێمی مەلا عومەری دەکرد، چۆنکە رژێمێکی پەشتووندۆست بوون. پەشتوونەکان ئەزموونی باشیان نییە لەگەڵ فارسیزمانانی

تاجیك و ترکزمانانی ئۆزبەکدا. هەرچی سەددامە ئەوا ئەو پشتیوانە گەلێرییەی نییە. جوگرافیای عێراقیش وەك جوگرافیای ئەفغانستان نییە کە ولاتێکی، چیاییە و بۆ خۆشاردنەوە و شەڕی پێشمەرگایەتی لەبارە. عێراق کە کوردستانەکەی پێوەنەبێ تەخت و بێ چیایە. بەلاّم هونەر ئەوەیە رێنەدرێ بە سەددام کە بتوانێ کار لەو موسڵمانانە بکا کە بوونەتە دوژمنی ئەمریکا و بیانکێشێ بەلای خۆیدا.

٧) ــ باشتر ئەوەیە هەرلە ئێستەوە سیاسەتکارانی کورد لەگەڵ سیاسەتکارانی بەرهەڵستکاری عێراقی لەسەر ئەوە رێکبکەون کە پێکەوە و بەزووترین کات لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەوانە دەربکەن کە لەگەڵ سەددامن، بەمەرجێك تاوانی خەڵك کوشتن نەکەوتبێتە ئەستۆیان، بۆئەوەی لەکاتی پەلاماردانە سەر سوپای عێراقدا، بەلایەنی کەمەوە بێلایەن بوەستن.

٨) ــ نوێنەرانی کورد و بەرهەڵستکارانی عێراقی بیرخەرەوەیەك بدەن بە **روسیا و چین و فەرەنسا** و بەئاشکرا پێیان رابگەیەنن کە ئەگەر بێتو یارمەتیی رژێمی سەددام بدەن، ئەوا هەرکاتێك سەددام لەسەر کار نەما، هیچ جۆرە سوودێکی ئابووری لە سیستەمی نوێی عێراق نابینن.

لەکۆتایی ئەم چەند دێڕەدا دەمەوێ بێژم کە حیزبەکانی کوردستان پێویستە لەسەریان لەمڕۆژانەدا کە سەردەمێکە چارەنووسی کوردی پێوەیە، واز لە حیزبحیزبێنە بهێنن و رووبکەنە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کە لەسەروو هەمو جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکەوەیە. با تەماشای ترکەکان بکەن. ئەوەتە پاش ئەوەی پەرلەمانی ترکەکان، نەك لەباوەڕەوە، بەڵکو لەژێر گوشاری ئەورووپا و بۆ مسۆگەرکردنی چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپاوە، پاش ژانکردنێکی چەند ساڵە، دانی بە هێندێك گوایە «مافی کورد» دا نا، وەك بوونی رادیۆ و رۆژنامەی کوردی و خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەی تایبەتدا (نەك لە قوتابخانەی رەسمیدا)، حیزبی تۆرانییەکانی ترکەش MHP دژی وەستا و حیزبی ئیسلامیستەکانیش دژی وەستا. ئەمە هەر لەبەر ئەوەی باسی کورد هاتووەتە پێشەوە. کاتی خۆشی حیزبی ئیسلامیستی ئەربەکان هەموو ئەو پەیماننامانەی پەسندکرد کە حکوومەتی پێش خۆی لەگەڵ ئیسرائیل بەستبوونی. ئێستە با ترکمانەکان و ئیسلامیستەکانی «هەرێمی ئاسایش» مافەکانی خۆیان بەراورد بکەن بەو مافەی دەوڵەتی ترك بە بیست ملیۆن

کورد رەوای دیوە و «برامو‌سڵمانەکان»ی کوردیش چەند ماف بەکورد رەوا دەبینن.

حیزبەکانی کوردستان پێویستە لەژمارەی ئاژاوەگێڕ و هیچنەکەر و مووچەخۆرە تەمەڵەکان کەمبکەنەوە و مشەخۆرەکانیان بگۆڕن بە مرۆڤی مشوورخۆر. خەڵکی رۆشنبیری دڵسۆز و ژێهاتی بهێننە نێوخۆیان. دڵنیابن کە کوردستان بەشەڕەگەڕەکی رامیاری و حیزبحیزبێنە رزگاری نابێ. یەکگرتن لەسەر بنچینەیەکی راست و پتەو دەبێتە مایەی ئازادیی خەڵکی کوردستان.

بەرلین ٢٠٠٢/٨/٨

«میدیا» ژمارە (١٢٩) ساڵی حەوتەم ٢٠٠٢/٨/١٥

"کۆنگرە" ژمارە (٢٥) رەزبەری ٢٠٠٢ ی زایینی.

بێلایەنی لەنێوان حیزبایەتینەکردن و بێهەڵوێستیدا
(فەلسەفەی "بەگوێمەوەی" مام ئەوڕەحمانی خامە)

لەنیوەی یەکەمی پەنجاکاندا لە زانستگەی بەغدا خوێندکار بووم. بە هاوینان لە کاتی پشووی زانستگەدا لە سلێمانی دەژیام و، بەزۆری دەمەو ئێواران لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەو سەردەمەدا لە چایخانەکەی **"بەرتەکێ"** کۆدەبووینەوە کە بەرامبەر بە گردی **"سەیوان"** و کەناری شار بوو. ئێمە هەرچەندە ئەودەمە سەرەتای ژیانمان بوو، بەڵام کە دەچووینە چایخانەکەی بەرتەکێ لەدەوری پیاوێکی پیر کۆدەبووینەوە کە نێوی **"مام ئەوڕەحمانی خامە سنەیی"** بوو. مام ئەوڕەحمان ئاسنگەرێکی بەنێوبانگ و پیرەمێردێکی هەتا بڵێیت تەندروست و ڕووخۆش و گاڵتەزان بوو. لەم کۆڕەی ئێمەدا کابرایەك بەشداریدەکرد کە هاوڕێمان نەبوو، بەڵام هەموو جارێك دەهات و لەنێوماندا دادەنیشت. ئەم کابرایە مرۆڤێکی هێندە نەدوو بوو، دەمی لەهیچ بابەتێکەوە نەدەدا. تەنانەت نەشماندەزانی کوێندەرییە، یان چیکەرە. خۆ ئەگەر بهاتایە تۆ پرسیارێکت لێبکردبایە لەبارەی شتێکەوە تاکو بزانیت بیروڕای چییە؟ ئەوا پێکەنینێکی شلەپەتەی دەکرد بۆت و دەیگوت «پەنا بەخوا» یان «خوا گەورەیە» و بەوە پرسیارەکەی جەنابتی بە «تەرسەقوڵ» دەبڕی. خۆ ئەگەر تۆ زۆر لەسەر قسەکەت بڕۆیشتیتایە، ئەوا دەیگوت: «ببوورە، هەقم نییە بەسەرەوە»، واتە بەزاراوەی ئەوڕۆ **"بێلایەن"** بوو.

ڕۆژێکیان منداڵێکی ١٤ ــ ١٥ ساڵە بە قیژوهۆڕ و زریکەزریك بە باخەکەدا رایدەکرد و پیاوێکی چوارشانەی پتەو ها لێرەوهالەوێ، بەدوایەوە بوو. بەرێکەوت لەبەردەم ئێمەدا پیاوەکە منداڵەکەی گرت و کەوتە گیانی بەزللە و بەشەق و، منداڵەکەش هاواریدەکرد لەدەستی. ئێمە کە بەزەییمان بە منداڵەکەدا دەهاتەوە، هەستاینە سەرپێ و بۆ پیاوەکە چووین و لە منداڵەکەمان جیاکردەوە. پیاوەکە دەیگوت: «منداڵی خۆمە و وازی لێبهێنن، هەموو ڕۆژێك لە هیچە چەند جارێك لە خوشکە بچکۆلەکەی دەدات، دەمەوێ پەروەردەی بکەم». لێرەدا نامەوێ لەسەر ئەم باسە پتر بڕۆم، تەنێ مەبەستم ئەوەیە بێژم ئەو کابرایەی کە «حەقی بەسەر هیچەوە نەبوو»، لەم بەزمەشدا هیچ مێشێك میوانی نەبوو، نەهەستایە سەرپێ لە گەڵمان و نەهیچ قسەیەکی کرد. مام ئەوڕەحمان کە دەمێك بوو لەم کابرایە پڕ بووبوو،

لێیپرسی: «ئەریٚ برا ئەوە تۆ بۆچی وایت. هەزار شت روودەدات گوێنادەیتێ». کابرا گۆتی: «حەقم نییە بەسەرەوە». مام ئەورەحمان گوتی: «چۆن هەقت نییە بە سەرەوە؟ لەوانەیە سبەینێ یەکێك بێت و نە پێش چاوی ئێمە لەتۆ هەڵبدات، ئەوسا ئێمەش بڵێین هەقمان نییە بەسەرەوە؟». ئەوجا کە کابراکە گوتی: «خوا گەورەیە»، مام ئەورەحمان بەجارێ هەڵچوو و گوتی: «خوا، خوا، لەبن چنگت دا، کەی خوا دۆستی کەروکەربابی وەك تۆیە!» بەڵێ ئەمەیە "فەلسەفەی بە گوێمەوە". ئێمەش گوتمان مام ئەورەحمان "فەلسەفەی بە گوێمەوە چییە؟" گوتی: «فەلسەفەی بە گوێمەوە ئەوەیە لە قوونی خۆت و خەڵك بیەن کەچی تۆ هەر بڵێیت بە گوێمەوە. وەك کەر وابیت هەر کەسێك کۆیان بخاتە سەر پشتت، بەلاتەوە وەك یەك بێ. بەکورتی حیزی و سلامەتی. ئائەم کابرایە لە حیزیی بە گوێمەوەیە» ... .

مام ئەورەحمان لەم قسانەدا بوو کە عەلی شالی هاورێمان گوتی: «مام ئەورەحمان بیبوورە، دەبێ برۆم عومەری برام چاوەڕێم دەکات». مام ئەورەحمان دەستبەجێ گوتی: «جا دەڕۆیت بە گوێمەوە». ئەوجا گوتی: «ئەوا فەلسەفەکەی ئەم کەرانباوکگاوەشم خستە کار بۆتان».

راستییەکەی «بێلایەن» ئەوەیە کە مام ئەورەحمان بۆیچووبوو. چونکە «بێلایەنی» مانای خۆدوورخستنەوەیە لە ژیان. کەسیش ناتوانێ تا زیندوو بێ خۆی لە ژیان دوور بخاتەوە. لەبەر ئەوە سەری "بێلایەن" لەژێر خاکدایە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ئەوانەی خۆیان "بێلایەن" پێشاندەدەن، هەموو هەر یەك بابەت نین. هێندێك هەن نایانەوێ دڵی کەس بیەشێ لێیان. ئەم بابەتەیان هەلپەرست و هەلمەتەکاسەن، نایانەوێ خۆیان بەسەر لایەکدا ساخ بکەنەوە، وەك کەری نێو جۆگە لە هەردوولا دەخۆن، بەڵکو لە کەری جۆگە خراپتر لە هەموو لایەك دەخۆن. هێندێکی دیکە هەن ترسنۆك و بوودەڵەن، ناوێرن بە ئاشکرا لایەنگریی خۆیان دەربخەن. ئەم تاقمە دەکەونە درۆکردن و دووڕوویی بۆ شاردنەوەی مەبەستی خۆیان لە پەنای بێلایەنیدا. دەستەیەکی دیکەش هەن کە بێلایەنی و حیزبایەتینەکردن وەك یەك تەماشا دەکەن. پێیان وایە ئەگەر هاتو یەکێك حیزبایەتینەکرد ئەوا دەبێ ئەو کەسە بێلایەن بوەستێ، لە ئاست هەڵسوکەوتی حیزبەکان و هیچ هەڵوێستێکی نەبێ بەرامبەریان.

بێهەڵوێستی خۆسووککردن و وازهێنانە لە مافێکی بنچینەیی مرۆڤ. حیزبایەتی

نەکردن مانای بێلایەنی و قورتوقەپکردن نییە لە ئاستی کاروکردەوەی حیزبەکان. واتە ئەگەر حیزبەکان هەرچییەکیان کرد و هەرچۆنێك جووڵانەوە، ئەوا یەکێك بێ و بەبیانووی حیزبایەتینەکردنەوە بێژێ: "بێلایەنم هەقم نییە بە سەرەوە" و ئەو فەلسەفەیەی کە مام ئەورەحمان باسیدەکرد بخاتە کار. بەکورتی، حیزبایەتینەکردن مانای بێهەڵوێستی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوانەی حیزبایەتیناکەن ئازادیی بیروڕادەربڕینیان پترە لەوانەی کە لە حیزبەکاندان. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان بەهیچ جۆرێك لە رەخنەگرتن لە کردەوەی حیزبەکان و لێپرسینەوەیان درێخینەکەن. بەڵام رەخنەگرتن، هەرچەندە توندوتیژ بێ، دەبێ بۆ چاکەخوازی و بەنیازێکی خاوێن بێ. ئەگەر رەخنەگرتن بۆ خۆنواندن، یان بۆ داپۆشینی پاشڵی پیسی خۆ بێ، ئەوا زیانی فرەیە و سوودی کەم. دەبێ ئاگاشمان لەوە بێ کە هێندێك کەسی واهەن ژمارەیەك کردەوەی خراپی حیزبێك، یان چەند حیزب دەخەنەڕوو، قسەکانیشیان زۆر راستە، بەڵام ئامانجیان لەو قسەیە ئەوە نییە بارێکی کەوتوو هەڵبگرنەوە یان هەڵەیەك راستبکەنەوە، بەڵکو مەبەستیان گێرەشێوێنی و ماسیگرتنە لە گۆمی لێڵدا. سەبارەت بەمە، کاتێك کە گوێمان لە رەخنەیەك دەبێ و دەزانین رەوایە، دەبێ هەوڵبدەین بزانین خاوەن رەخنەکە و، رابردووی رەخنەگر چۆن بووە و ئێستە چۆنە؟. باوەڕ بکەن هی وام دیوە لەم ئەورووپایە کە خۆی بەدەمی خۆی گێڕاوییەتەوە بۆم، سالانی ساڵ لە کوردستان لە گەڵ ئەو حیزبانە بووە و چاك و خراپی بە قسەی ئەو حیزبانە کردووە و تەنانەت باسی گەلێك کاری تاوانبارییشی کردووە کە بۆ حیزبەکانی ئەنجامداوە. دوایی کە هاتووشەتە ئەورووپا، لێرەش ماوەیەك هەر لە گەڵیان بووە تا جێی خۆی کردووەتەوە و کاری نەماوە پێیان، ئەوجا ئێستە کەوتووەتە بەردەفرکێ بۆ سەروگوێلاکی حیزبەکەی خۆی. باشە، ئێستە ئێمە بچین و هەروا بە هاسانی چەپلە بۆ قسەزلەکانی لێبدەین و جنێوە هەرزانەکانی بەنرخێکی گران لێبکڕین؟ نەخێر، با بەرەورووی بینەوە و فیلمی ژینی رابردووی خۆی بخەینەوە بەرچاوی. ئەوجا ئەگەر گوتی: "بە هەڵە چووبووم"، نیشانەیەکی پرسیار بنێینە سەردڵی، تا دڵنیا دەبین لەوەی راست دەکا ،یان نا!.

ئەز بۆخۆم نە حیزبایەتی دەکەم و نە حیزبحیزبێنەش بە شتێکی راست دەزانم. هۆی ئەمەشم بە ئاشکرا و بێپێچوپەنا بلاوکردووەتەوە. بەڵام هی واشم دیوە کە لە

ژیانیدا لە هیچ حیزبێکدا نەبووە و هەر بیری لەخۆیکردووەتەوە و، لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا هاوکاریی لە گەڵ هەموو مرۆڤێکی تاوانبار و رژێمێکی تاوانباردا کردووە و شانازیشی پێوە کردووە و خراپەشی لە گەڵ هەموو مرۆڤێکی باش کردووە، تەنانەت ئەوانەش کە چاکەیان بە سەرییەوە هەبووە. ئەوجا ئێستە دەبینیٚ حیزبەکانی کوردستان گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی، دەستیکردووە بە پەلاماردان و هاشە و هووشە. ئەمجارە بەنێوی رۆشنبیرێتییەوە کەوتووەتە پلارگرتنە حیزبەکان و ئەمونەو. باشە، ئایە پێویست نییە رووپەڕەی کارنامەی پڕ لە پەڵەی ئەم «رۆشنبیرانەی هاودەستی جەجاڵ» هەڵبدەینەوە و بیخەینەوە بەرچاویان تا خۆیان باشتر بناسن و ئێدی دەمەدەمیٚ نەکەن؟.

راستە، ئەوانەی ریٚ بۆ رزگاری و بەختیاریی نەتەوەیەك خۆشدەکەن رۆشنبیرانی ئەو نەتەوەیەن. رۆشنبیران بەلای منەوە چینێکی کۆمەلأیەتین وەك چینی سەرمایەداران و دەرەبەگان و، هەروەها ئەوانیش دەسترۆیشتووی نێو کۆمەڵگەن. بەلأم بەداخەوە، ئەو چینەی لەنێو کورددا بە رۆشنبیر دەدرێتە قەڵەم ــ وەك چین، نەك وەك تاکەتاکەی خەڵك ــ چینێکی هەلپەرست، کوری رۆژ، دووڕوو، دووەك، ترسنۆك، خۆپەرست، ماستاوساردکەرەوە، باوەڕ بەخۆنەکردوو، بێئامانج، خۆیژین، سێرەنگ و دەسکەلای دەستی زۆرداره. فەرهەنگی ئەم چینە فەرهەنگێکی کوردانەی رەسەن نییە، بەڵکو فەرهەنگێکی تێکەڵوپێکەڵی خواستراوی بێسەروبەرە. هەر لەبەر ئەوەشە کە رێبازی رامیاریی (سیاسی) ئەم چینە رێبازێکی نەتەوەیی نییە. ئەو رێبازەی کە باوەڕ بەخۆکردن و پشتبەستن بەخۆ و ریٚ بە دوودڵی نەدان و کەوتنە ریٚ بەرەو ئامانجێکی دیار دەخاتە بەرچاوی مرۆڤ و لەم پێناوەشدا هەموو بەرژەوەندییەکی تاکی و بنەماڵەیی و هۆزی و حیزبی و نێوچەیی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندیی نەتەوە و بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنیٚ بەرەو هەوارگەی ئازادی و یەکسانی، رێبازی نەتەوەییە.

دەردی کورد، نەبوونی ئەم چینە رۆشنبیرەیە. بۆ پێگەیاندنی چینێکی وا، یەکەمین هەنگاو ئەوەیە مرۆڤی خێرخوازی کورد بەرەی ژێر خۆیان لە بەرەی ئەو تاقمانەی سەرەوە، لە پێش هەموو شتێکدا لە مرۆڤی هەلپەرست جیا بکەنەوە، ئەوجا دەتوانین بیر لە گەیشتنە ئامانج و ئاواتی نەتەوە بکەینەوە.

«سەکۆ» ژمارە ٥
مارتی ١٩٩٧

کوردستان بەسەر دەستی
چەند دێوێکەوە و رێیەك بۆ چارەسەر

پاش شکانی لەشکری سەددام لە پەلامارەکەیدا بۆ سەر کوێت و راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان و خوارووی عێراق بەڕووی رژێمی سەددامدا، رژێمی ئێران هەل هەڵکەوت بۆی کە تۆڵەی جەنگی هەشت ساڵە لە سەددام بسێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەکانی ئێران ژمارەیەکی زۆر پاسدار و چڵکاوخۆری خۆیان رژاندە خوارووی عێراقەوە کە ئەمانەش کەوتنە دەستوەشاندن و کوشتنی کاربەدەستانی بەعس بەشێوەیەکی جانەوەرانە و هەڵبڕینی وێنەی خومەینی و باسی "کۆماری ئیسلامیی عێراق" و ئەمەش ترسێکی گەورەی خستەدڵی حکوومەتی ئەمریکاوە کە رژێمی مەلاکانی ئێرانی خستووەتە لیستەی تێرۆریستەکانەوە و، وای لە ئەمریکا کرد کە گوێ بۆ راوێژی چەواشەکەرانەی **حوسنی موبارەکی میسر و شاحسەینی ئەردەن و شافەهدی حیجاز** شل بکا و پشتبکاتە ملیۆنان خەڵکی راپەڕیوی کوردستان و عێراق و دەست بۆ سەددام و دارودەستەکەی نەبا و لە ئەنجامی ئەوەدا سەددام کەوتە وێزەی کورد و شیعە و، هەزاران کەسی بێتاوان لەکاتی گەلڕەوەکەی کورددا کوژران.

کە «هەرێمی ئاسایش» لە ساڵی ١٩٩١ دا بە دەستپێشکەریی **بەهەشتی سەرۆك میتران (سەرۆکی ئەودەمەی کۆماری فەرەنسا)** لە لایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرا، رژێمی ئێران و ترك و سووریا ترسیان لە «هەرێمی ئاسایش» پتر بوو وەك لە رژێمی سەددام، بەڵام ئەودەمە سەردەمێك نەبوو کە بتوانن بەربەرەکانێی ئەمریکا و ئەورووپا بکەن، چۆنکە رژێمی تاوانباری سۆڤیێت، لە گرێژەنە دەرچووبوو و ماڵی چوویووە سەربەشی ماڵان. ئێران بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەوە وزەی لەبەر برابوو و نێوبانگیشی بە رژێمێکی تێرۆریست رۆیبوو. سووریاش هەروەك ئێران خرابووە لیستەی ئەو رژێمانەوە کە هاوکاریی تێرۆریزم دەکەن. سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی ترکیش خودێلێخۆشبوو **تورگوت ئۆیزال بوو**، کە سیاسەتێکی تایبەتی هەبوو بەرامبەر بە کورد (*). لەبەر ئەوە **«هەرێمی ئاسایش»** یان **«هەرێمی نەفرین»** کەوتە سەرپێی خۆی و ئەوە بوو پەرلەمانی کوردستان

هەڵبژێردرا و حکوومەتی کوردستان دامەزرێندرا. ئالەم کاتەشدا دەوڵەتی **ترك و ئێران و سووریا** دڵخۆشیی خۆیان بەوە دەدایەوە کە ئەم **"بارە بارێکی کاتییە"** و **"کورد ئەوە نین خۆیان بیەن بەڕێوە"**، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەرسێ ڕژێمەکە سەرەڕای ناکۆکیی نێوانیان لە یەکدی نێزیکبوونەوە و هەرچەند مانگی جارێك پێکەوە کۆدەبوونەوە بۆ باسی **"مەترسیی باکووری عێراق"** و هەر لەو کاتەشدا ڕژێمی ئێران، دەسکەلاکانی خۆی دەنارده باشوور بۆ تێرۆرکردنی ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵات کە هاتبوون بۆ باشوور و بەگژیەکداکردنی **پارتی و یەکێتی**. ڕژێمی ترکیش کەوتە هاندانی تورانییەکانی باشوور لەدژی حکوومەتی هەرێم، ئەگەرچی حکوومەتی هەرێم هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە هەموو مافە ئێتنیەکانی ترکمانی بەرچاو گرتووە و پاراستوویەتی. ڕژێمی سووریاش کەوتە هاندانی ئۆجەلان و دروستکردنی شەڕ و بەیەکدادان لەنێوهێزەکانی پێشمەرگەی باشوور و **پیٚ کیٚ کیٚ** دا، بەتایبەتی پێشمەرگەکانی پارتی.

ئەم هەموو کەین و بەین و چاووڕاو و داونانەوەیە بۆ کورد و بێئەزموونی کورد لە مەیدانی دەوڵەتداریدا، بوویە هۆی بەیەکدادانی چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی و ڕشتنی خوێنی هەزاران کورد لەهەردوولا. ئەوەش ئاوێکی ساردی کرد بە دڵی داگیرکەرانی کوردستاندا و وایکرد لێیان کە ئەو خەتونیشانەی بۆ کوردیان کێشابوو کە گوایە "کورد ناتوانن خۆیان بیەن بەڕێوە" بەڕاست بزانن و، ئەو حەلە کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەیان بەلاوە هێندە گرنگ نەما و تەنانەت ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی ترك **نەجمەدین ئەربەکان** لە گەڵ ڕژێمی مەلاکانی ئێراندا بەستبووی، بۆ کڕینی گازی ئێران لەلایەن ڕژێمی ترکەوە، خرایە پشتگوێ و هەڵپەسێردرا و، ڕژێمی سووریاش هەڵوێستی دوژمنانەی خۆی بەرامبەر ڕژێمی ترك و عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندو تیژتر دەکرد. بەڵام ئەو ڕژێمانە بۆ خۆکردنە "خاوەنی کورد" هەرساتە نەساتێ بەنێوی «نێوبژی» کردنەوە دەستیان دەخستە کاروباری نێوخۆییی کوردەوە. کاتێکیش **پەیمانی واشنتەن** لە ئۆکتوبەری ١٩٩٨ دا لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بەسەرپەرشتیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەسترا، هەرچەندە سووریا ئۆجەلانی دەرکرد و دەوڵەتی ترك کەوتە خۆسۆرکردنەوە لە پارتی و یەکێتی کە پرسی پێنەکراوە و بۆ واشنتەن بانگنەکراوە،

لەگەڵ ئەوەشدا خۆ بەزلگرتن و کورد بە کەمگرتن وایکرد لێیان کە باوەڕ نەکەن بەوەی شەقی رۆژگار سەرخۆشیش دەهێنێتە هۆش و رێنادا هیچ کەسێك یاری بە چارەنووسی بکا و، ئەوە بوو شەقی رۆژگار و هەوڵوتەقەلای چاکان، پارتی و یەکێتی گەیاندە یەك و، ئەوجا کە ئەم سێ رژێمە بۆیان دەرکەوت کە هاسنەکە گەرمە و کورد ئەمجارە بەڕاستیانە و دەیانەوێ یەکبگرن، هەموو کەوتنە هاوار و هەڕەشەوگوڕەشە. رژێمی سووریا رۆژ لە دوای رۆژ خۆی لە رژێمی عێراق نێزیکتر کردەوە، لەکاتێکدا کە بەرلە ساڵێك هەردوو رژێمی بەعسی **(عێراق و سووریا)** تیروشیریان لەیەك دەسوو. رژێمی سووریا لە ٢٠٠٢/٦/١٩ دا لەگەڵ رژێمی ترك پەیمانی هاوکاری سوپایی و ئاسایشی بەست و، تەنانەت جەنەراڵێکی ترکمانی نارد بۆ ئیمزای پەیماننامەکە لە گەڵ رژێمی ترك. رژێمی ترك کە رژێمی مەلاکانی بەوە گوناهبار دەکرد کە یارمەتیی چەکدارەکانی پێ کێ کێ دەدا، دەستی لەو قسانە هەلگرت و کەوتە بەرتیلدان بە رژێمی مەلاکان، بەخستنەکاری ئەو پەیماننامەی کە ئەریەکان لە ١٩٩٦ دا لەگەڵ ئێران بەستبووی بۆ کڕینی گاز لە ئێران. ئێرانیش ئامادە بوو گازەکەی بەنرخێکی کەمتر لەو نرخەی لەسەری رێککەتبوون بفرۆشێ بەترك. سەرۆك کۆماری ترك سێزەر، چوو بۆ سەردانی ئێران و **مەلا خاتەمی سەرۆك کۆماری رژێمی مەلاکان** لە ١٣ی ئۆکتۆبەردا چوو بۆ **ئەنقەرە** بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی هاوکاریی (ئاکۆ) دا و، هەر لەوێ گوتی: **"باری سەرنجی ئێران بەرامبەر بەدوارۆژی عێراق، هەروەك باری سەرنجی دەوڵەتی ترکە و ئێمەش لەدژی ئەوەین کە دەوڵەتێکی کوردی لە عێراقدا دابمەزرێ"**. وەزیری هەواڵگوزاریی رژێمی مەلاکان **عەلی یونسی** کە لەم مانگی ئۆکتۆبەرەدا چووبوو بۆ دیمەشق بۆ باسی دوارۆژی عێراق پاش سەددام، لە گەڵ کاربەدەستانی سووریا، گۆتی: "ئێران و سووریا هەردووکیان دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین". هەروەها لەوەرامی پرسیارێکدا لەبارەی پەرلەمانی کوردستانەوە کە لە ١٠/٤ دا کۆبووەتەوە لە هەولێر، بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: «ئەمە یارییەکی رامیاری و هەواڵگوزارییەوە بۆ مەسرەفی نێوخۆ» (ئەسوشێتد پرێس و رادیۆی "العراق الحر" لە ٢١/ ١٠ دا). ئەوجا هەڕەشەی رژێمی ترك لە کورد کە کەرکووك و مووسڵ داگیردەکا و، رێنادا بەدروستبوونی دەوڵەتی کورد و زۆر لە ئەمریکا دەکا کە چەك بدا بە تورانییەکانی

"بەرەی ترکمانی"، وەك ئەوەی ڕژێمی ترك کەم چەکی دابێ پێیان. ئەمانە هەموو ئاماژەی ئەوە دەکەن کە **«هەرێمی نەفرین»** و هەموو باشووری کوردستان وا لەسەر دەستی چەند دێوێك کە لەترسی ئەمریکا و بەریتانیا و باری نێودەوڵەتییە کە جارێ نایدەن بەزەویدا. هەرچەندە بەڕێز مام جەلال لە چەند وتووێژێکی ڕۆژنامەییدا وایدەربڕی کە ئەمریکا گوتوویەتی: **"کورد دەپارێزێ"**، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەز وەك مام جەلال لەمڕووەوە زۆر گەشبین نیم. چونکە لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا هاوپەیمانێکی کۆنی بەهێزی خۆی کە دەوڵەتی ترکە بگۆڕێتەوە بە کوردێکی بێدەوڵەتی بێلەشکری لەنێوخۆدا یەکنەگرتوو و، ترکیش بە هەموو جۆرێك هەوڵدەدا کە کورد هیچی دەستنەکەوێ و ئەوەی هەشێتی ئەوەشی لەدەست بچێ، بەتایبەتی کە ئێران و سووریاش هەروەك دەوڵەتی ترك لەم ڕۆژانەدا زۆر بە پەرۆشتربوون لە سەددام بۆ **"پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق"**. ئاشکرایە بەشێکی گەورەی گوناهی ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا و گەلێك لە دەوڵەتانی ڕۆژاوا کە زۆر لە کورد نایەنە پێشەوە، لەئەستۆی ئەو شەڕی خۆکوژییەیە کە ساڵانی ساڵ لە خوتوخۆڕایی درێژەیکێشا و باوەڕی بێگانەی بەرامبەر بە کورد هێنایە سەر سفر. بەبیروبۆچوونی من هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە **(پارتی و یەکێتی)** لەباتی هەڵنان و پەسندانی دراوسێکانی کوردستان کە هیچ کامێکیان نوێنەرێکی خۆیان نەنارد بۆ جەژنی ٤/١٠ ی پەرلەمانی کوردستان، بچن جارێ نێو ماڵەکەی خۆیان ڕێکبخەن بە دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتووی کاتی و هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمان بەزووترین کات و تێکەڵکردنی پێشمەرگەکانی هەموو حیزبەکان لە گەڵ یەك و کردنیان بە لەشکری بەرگریی کوردستان و گشتپرسییەك (استفتا)بۆئەوەی بزانرێ کورد چییان دەوێ (سەربەخۆیی، فیدەراسیۆن و ... هتد) تا بەڵگەنامەیەکی قانوونی بکەوێتە دەست کورد ، ئەوجا دەستدانە چالاکییەکی دیپلۆماسییانەی زۆر سەخت لە هەموو لایەکی جیهاندا، بەتایبەتی لە **ئەمریکا** و **ئەورووپا** و **ئوستralia**‌ و **ڕووسیا** و **چین** بەنێوی حکوومەتی کوردستانەوە، نەك بەنێوی ئەم حیزب یان ئەو حیزبەوە و هەڤاڵبەندی بەستن لەسەر بنچینەی کردەوە، نەك قسەی ڕووت و چایی و قاوە خواردنەوە لە گەڵ ئەم وەزیر و ئەو گزیر.

بەکورتی، دەوڵەتانی ترك و ئێران و سووریا بەتەواوی لەیەك نێزیکبوونەتەوە و

دەیانەوێ پێکەوە دەست بدەنە دەست یەك لەدژی کورد و دامەزراندنی کۆمارێکی فیدەراڵیی لە باشووری کوردستاندا، ئەگەر هاتوو ئەمریکا پەلاماری ڕژێمی سەددامی دا، ئەمە لە کاتێکدا کە تا ئەو هەندازەیەی ئەز ئاگام لێیە، ئەمریکا خەڵکی باشووری کوردستانی ئامادە نەکردووە بۆ ئەوەی ئەگەر سەددام چەکی کیمیایی و بیۆلۆژیی بەکارهێنا، مەترسییەکەی کەمبێتەوە لەڕێی ناردنی دەمامك و دەرمان و بژیشك بۆ کوردستان و دروستکردنی پەناگە لەژێر زەویدا و دانانی دژەراکێتی پاتریۆت لە کوردستان. ئەوەی کە بەچاو دیارە ئەوەیە ڕژێمی ترك لەشکری خۆی ناردووەتە باشووری کوردستان و هەڕەشە لە کورد دەکا نەك لە سەددام.

بێگومان ئەگەر سەددام دەستبکاتەوە لە ئەمریکا، دیارە شەڕێکی خۆتڕێن دەکا، بەڵام هەتا ئەو شەڕە خۆتڕێنە کۆتایی دێ، کورد زیانێکی زۆر دەکەوێ لێیان. لەبەر ئەوە باشترین شت ئەوەیە، ئەگەر بکرێ، سەددام دابین بکرێ بەوەی دەست لەکار بکێشێتەوە و، خۆی و دەوڵەتەکەی بداتە دەست نەتەوەی کورد، وەك لەوتاری پێشوومدا نووسیبووم. دیارە ئەمەش پێش دەستوەشاندنی ئەمریکا دەبێ، چۆنکە کە ئەمریکا دەستی وەشاند و بوو بە شەڕ، ئەوساکە پەنابردن بۆ کورد ڕزگاری ناکا و کوردیش لە پەنادان بە سەددامێکی تاوانباری ڕاکردوو، هیچی دەستناکەوێ لە زیان بەولاوە.

دیارە ئەمەش "یارییەکی ڕامیاری و دیپلۆماسیی" زۆر گەورە و گرانە و پێویستی بە ڕێککەوتنە لەنێوان کورد و ئەمریکا و بەریتانیا و دڵنیاکردنی ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیی ئابووریيان هەیە لەگەڵ ڕژێمی سەددام و قەرزیان بەسەر ئەم ڕژێمەوە هەیە، بەتایبەتی ڕووسیا و فەرەنسە و چین و لە خاوەنقەرزەکان بگەیەنرێ ئەگەر هاتوو ڕژێم بەجۆرێکی دیکە هاتە گۆڕان، ئەوا بەتەمای تیکەی چەور نەبن.

ئەمە بەبیروبۆچوونی من ڕێیەکە بۆ چارەسەری بەشێك لە دۆزی کورد و خزمەتێکە بۆ ئاشتیی نێوچەکە و جیهان. ئێستە دەخوازم بزانم سەرنجی سیاسەتکارانی کورد، بەتایبەتی برایانی بەڕێز **کاك مەسعوود بارزانی و مام جەلال تالەبانی** لەم ڕوژە چییە.

ئاهورامەزدا کوردستان لە دێو ودرنج بپارێزێ.

بەرلین ٢٦/١٠/٢٠٠٢

* ـــ **تورگـــوت ئۆیزال** دژی ئەوە نەبوو کـە کـورد لە باشـووری کـوردسـتـانـدا نێوچەیەکی فیدەرالیان هەبێ. تەنانەت دەیگوت پێویستە لە گەڵ "کوردی ترکیا" باسی فیدەرالیزم بکرێ بۆ ئەوەی پێیان بسەلمێنرێ کە بۆچی فیدەرالیزم بۆ "کوردی ترکیا" ڕاست نییە. ئۆیزال دەیگوت دەبێ یارمەتیی "کوردی عێراق" بدرێ بۆ لابردنی ڕژێمی سەددام. هەرئەویش بوو کە لەکاتی سەرۆکوەزیرایەتیی خۆیدا بڕیاریدەرکرد بۆ ڕێدان بە قسەکردن بە کوردی بە ئازادی. "میدیا" لەژمارەی پێشوودا وتووێژێکی گۆڤاری **"شپیگل" ی ئەڵمانی لە گەڵ** ئۆیزالدا بلاْوکردبووەوە. منیش وەرامێکی ئەو قسانەی ئۆیزالم هەر لە "شپیگل" دا بلاْوکردەوە کە ژمارەیەك یان دوو ژمارە پاش هەڤپەیڤینەکەی ئۆیزال و شپیگلْ دەرچوو. دەگەڕێم بەدوایدا کە دۆزیمەوە بەوەرگێڕانی کوردییەوە دەینێرم بۆ "میدیا"ی خۆشەویست.

(جەمال نەبەز)

"میدیا" ژمارە (١٣٥) ١/١١/٢٠٠٢

نامەیەك بۆ
بەڕێز کەریم ئەحمەد

هاوولاتی بەڕێز کەریم ئەحمەد ، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی کوردستان/ عێراق

سلاوێکی برایانەت لێبێ و هیوام شادیتە

لەبەشی دووەمی دیدارەکەتاندا لە گەڵ رۆژنامەی **"میدیا"** زمانی رەوشی **یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان** چەند قسەیەکی بەڕێزتم خوێندەوە لەبارەی کاژێکەوە. ئەو قسانە پاڵیان بە منەوە نا بێمە وەرامدانەوە. باوەڕ بفەرموو پێمناخۆشە کە وا ئەم چەند دێڕە لە خستنەڕووی راستیدا دەنووسم. بەلاَم چارم ناچارە. چۆنکە لە لایەکەوە، وەك پێوەنداری بیری **کاژێك** و، لە لایەکی دیکەوە، وەك مرۆڤێکی زانستکاری دەروێست بە بەرگریی لە هەق، بەپێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم رۆشناییەك ئاراستەی دەربڕینەکانت بکەم. هیوام وایە تۆش بەرروویەکی گەشەوە بەرەو پیریی بچیت.

لە هەڤپەیڤینەکەدا فەرمووتە:

"پەیوەندیی حیزبی شیوعی لەگەڵ حیزبەکان باش بووە، بەلاَم کاژێك حیزبێکی کۆنی نەتەوایەتیی کورد بوو و لە کۆنەکانە. هەرچی پاسۆکە لە ماوەیەکی دیکەدا دەرکەوت کە کاژێك نەما و رووخا".

جارێ با بزانین ئایە "پێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە گەڵ حیزبەکان باش بووە" وەك بەڕێزت دەفەرموویت، یان نا ؟

پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەساڵی ١٩٣٤ دامەزرا و، هەرپاش دامەزراندنی هەوڵی خزکوتانە نێو کوردستانی دا. کەسانێکی بەژمارەکەمی وەك **ساڵح کەرکووکی (کە بە ساڵح بۆلشەویك ناسرابوو)** و **مەلا شەریفی مەلا عوسمانی** لەدەوری خۆی کۆکردەوە و کەوتە پرۆپاگەندەی **عێراقچێتی و پەرستنی ستالین و رژێمی سۆڤێتی دیکتاتۆر و ئەنفالکەر لە کورد**. ئەم چالاکییەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەلایەن نیشتمانپەروەرانی کوردەوە بەربەرەکانێکرا و ئەویش کەوتە بوختانکردن و درۆهەڵبەستن بۆ کوردپەروەران و، کە حیزبی **«هیوا»** ش لەساڵی ١٩٣٨/١٩٣٩ دا

لەلایەن هێندێك خوێندكاری كوردەوە دروستبوو و، ساڵێك دوای ئەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨ ــ ١٩٦٠/٨/٤) هەڵبژێردرا بە سەرۆكی حیزب. فەهد هەوڵیدا گومان بە خەڵكی كوردستان پەیدا بكا بەرامبەر بە حیزبی «هیوا»، كە گوایە "كورد پێویستی بەكارە نەك بە هیوا". ئەمەش ڕاست نەبوو. چۆنكە جارێ حیزبی هیوا كاری باشی دەكرد، بە شایەتیی **نووری شاوەیس** ــ ئەندامی «هیوا» (بیرەوەرییەكانی نووری شاوەیس تەماشا بكە). بێجگە لەمەش ئەگەر مەبەستی فەهد خزمەتی كورد بوایە، ئەو دەمە بەهاوڕێ كوردەكانی خۆی دەگوت بچن پارتێكی نیشتمانیی چالاك ، یان پارتێكی كۆمۆنیستی كوردستانی دروستبكەن، كەچی ئەو چوو لە كوردستاندا لكێكی بۆ پارتی كۆمۆنیستی عێراق كردەوە و، بەمە دوویەرەكی خستەنێو كوردەوە. كۆنفرانسی حیزبەكەشی كە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٤ دا بەسترا، كوردی بە "كەمایەتی" و ئێزیدییەكانیشی بە "كەمایەتی" یەكی دیكە دانا. ڕۆژنامەكانی كۆمۆنیستەكانی عێراق، چ دەستەی **"القاعدة"** و چ دەستەی "وحدة النضال" تاساڵی ١٩٤٥/١٩٤٤ باسی كوردیان تێدا نەبوو و، تەنانەت لەساڵی ١٩٤٨ دا كە كۆمۆنیستەكان لە كوردستاندا ڕەشەگۆشتیان گرتبوو و بە "تحرر" (تەحەڕوڕ) نێویان ڕۆیبوو دەیانگوت كورد «ئومە» (نەتەوە) نییە. (تەماشای ئەو لێكۆڵینەوە بكە كە لەبارەی ڕۆژنامەی **"یەكێتیی تێكۆشین"** ەوە لەساڵی ١٩٨٨ دا بڵاوكردووەتەوە).

ئەوجا ئەو كۆمۆنیستانەی كە لە حیزبی «هیوا» دا ئەندام بوون، شان بەشانی سیخورەكانی بەریتانیا و كاربەدەستانی عێراق كەوتنە دژایەتیی كوردایەتیی ڕاستەقینە. واتە موكەڕەم تاڵەبانی (كۆمۆنیست) و ماجید مستەفای وەزیری عێراق و نۆكەری ئینگلیز، وەكیەك بەربەرەكانێی «هیوا» و سەرۆكی «هیوا» مامۆستا ڕەفیق حیلمییان دەكرد. هەرلەو كاتەدا ئەوانەی سەر بە بزووتنەوەی نازێتیش بوون و پرۆپاگەندەیان بۆ هیتلەر دەكرد، وەك ڕەشید عارف، ئەوانیش هەر دژایەتیی «هیوا» و مامۆستا ڕەفیق حیلمییان دەكرد، چۆنكە مامۆستا هێندە كورتبین نەبوو بچێ لەداخی كردەوەی خراپی ئینگلیزەكان پشتی نازێتی بگرێ و «دوژمنی دوژمنی كورد» بێمەرج و لەبەر بووره، بەدەۆستی كورد بداتە قەڵەم.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی كە لە سەرەتاوە بەهۆی دۆستایەتییەوە لەگەڵ باوكمدا، لە

سلێمانی ناسیبووم، كە چوومە بەغدا بۆ خوێندن و دۆستایەتیمان دەستپێكرد (*)، گەلێك بەسەرهاتی خۆی باسكرد بۆم. یەكێك لەوانە ئەوەبوو كە مامۆستا بەم شێوەیەی خوارەوە گێڕایەوە:

«لەلایەكەوە **بەكر سدقی** لە دژم بوو. چۆنكە ئەو منی بە لایەنگر و دەروێشی **شێخ مەحموود** دەزانی و پێشی وابوو هەموو كوێرەوەرییەك كە بەسەر كورد هاتووە، گوناهی شێخ مەحموودە كە ئینگلیزەكانی بەخوتوخۆڕایی هێناوەتە كوردستان و، ئەوانیش هیچیان نەداوە بە كورد و، لەلایەكی دیكەوە **موكەڕەم تاڵەبانی** و داروەستەی كۆمۆنیستەكان دژم دەوەستان بە تۆمەتی ئەوەی كە گوایە «هیوا» حیزبێكە بە ئینگلیزەوە بەستراوە و لەلایەكی دیكەشەوە سیخوڕەكانی ئینگلیز وەك ماجید مستەفا كە دەیانزانی دەمەوێ «هیوا» كوردایەتی بكا و كورد شتێكی دەستبكەوێ و، ئەوانیش نەیاندەویست «هیوا» لە گەڵ **مەلا مستەفای بارزانی** و **شێخ ئەحمەدی بارزانی** هاوكاری بكا، كەوتنە پڕۆپاگەندە لەدژم. لەلایەكی دیكەشەوە ئەوانەی سەر بە هیتلەر و نازییەكان بوون وەك **ڕەشید عارف**، دوژمنایەتیمیان دەكرد. ڕەشید عارف دەیگوت: "پارە ڕژاوە. تۆ هەر ئەوەندەت بەسە بچیت بۆلای **گرووبە** (باڵوێزی ئەودەمەی ئەڵمانیای نازی لە بەغدا! ج. ن.)، پارە و چەكت چەند بوێ ئامادەیە". لە ئەنجامی ئەم هەموو پەلاماردانەدا «هیوا» لەساڵی ١٩٤٥ دا لەكار كەوت. با هەر لەسەر باسی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و كۆمۆنیستە عێراقییەكان كەمێك بڕۆین. هاوینی ١٩٥٧، مامۆستا ڕەفیق حیلمی، كە ئەودەمە لە بەغدا دەژیا، بۆ سەردان هاتە سلێمانی (مامۆستا خۆی كەركووكی بوو، خێزانەكەی خەڵكی سلێمانی بوو). ئێمەش چەند برادەرێك وەك مامۆستا فایەق عارف و دوكتۆر عەلی تەوفیق لە خزمەتیدا بووین و بردمان بۆ سەرچنار و دوكان و ڕۆژێكیان بەرەو زەڵم كەوتینەڕێ و هات بە خەیاڵمدا كە تا هەڵەبجەش بهاژووین. كە چووینە ئەوێ، مامۆستا ڕەفیق حیلمی فەرمووی: «ئێستە حەسەن بەگ بیبیستێ هاتوومەتە **هەڵەبجە** و نەچوومەتە ماڵی، زۆر گلەیی دەكا لێم»، لەبەر ئەوە چووینە دیواخانە ڕازاوەكەی حەسەن بەگی جاف. نێزیكەی دەمژمێرێك ماینەوە، حەسەن بەگ بەگەرمی تكای كرد لێمان كە بۆ نانی ئێواری بمێنینەوە، بەڵام نەماینەوە و گەڕاینەوە سلێمانی. پاش چەند ڕۆژ بیستم كە كۆمۆنیستەكان قاویان داخستووە گوایە

"ئەمریکا مامۆستا رەفیق حیلمی بە پارەیەکی زۆرەوە ناردووە بۆ کوردستان کە پێوەندی بکا بە ئاغاکانەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربە ئەمریکا و دژ بە سۆڤێت". بەمەش وەك ئەوەی دروستکردنی دەوڵەت، ئەوجا دەوڵەتی کوردیش ها!، **شۆرباوی خانەقاکەی سەید ئەحمەدی کەرکووك بێ و بەخۆڕایی بیدەن بە هەژاران!!!**

پاش کودەتای **قاسم** و هاوڕێ ئەفسەرەکانی لە ١٩٥٨/٧/١٤ دا بەچەند رۆژێکی کەم، ئێمە ژمارەیەك لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی **کەرکووك و هەولێر و بادینان و سلێمانی** بیرخەرەوەیەکمان دا بە قاسم و وەزیری پەروەردەکەی، دوکتۆر جابر عومەر بۆ دانانی بەڕێوەبەرێتییەکی زانیاریی گشتی بۆ کوردستان (مدیریة معارف کردستان العامة) کە نێوەندەکەی لە کەرکووك بێ. لەو بیرخەرەوەیەدا پێشنیازی ئەوەمان کردبوو کە مامۆستا رەفیق حیلمی بێ بە سەرۆکی ئەو بەڕێوەبەرێتییە. ئەو رۆژەی گەیشتمە بەغدا، بیرخەرەوەکەم بەیارمەتیی هاوڕێی منداڵیم **دوکتۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ** کە ئەودەمە لەبەشی کوردیی رادیۆی عێراق کاریدەکرد، خوێندەوە و بردیشم بۆ رۆژنامەی **"البلاد"** کە بۆ رۆژی دوای ئەوە بڵاویکردەوە. جەماوەری کوردستان بە تەلگرافلێدان پشتی بیرخەرەوەکەیان گرت، **بەڵام عەبدولسەلام عارف کە جێگری قاسم و وەزیری نێوخۆ و بەڕاستی کابرایەکی زۆر شۆڤێنیست و کەرپیاویش بوو، رۆژنامەی "البلاد" ی لەسەر ئەوە دەستبەجێ داخست.** ئەوجا کۆمۆنیستەکان لەمە گرپانگرت. لەباتی ئەوەی عەبدولسەلام عارف گوناهبار بکەن، ئێمەیان گوناهبار کرد، چونکە ئەوانیش نووسینەکانیان لە رۆژنامەی "البلاد" دا بڵاودەکردەوە و هێشتا رۆژنامەیەکی خۆیان نەبوو. کۆمۆنیستەکان دەیانگوت: **«کەینێ کاتی ئەم شتە پڕوپووچەیە. کۆمارەکەمان جارێ ساوایە، چۆن دەبێ لەم رۆژەدا باسی ئەوشتانە بکرێ».** ئەمەش لەکاتێکدا کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کۆنفرانسی شوباتی ساڵی ١٩٥٦ دا دانینابوو بە مافی نەتەوەی کورددا بۆ بڕینەوەی چارەنووسی خۆی. هەرلەو کاتەدا کە کۆمۆنیستە عێراقییەکان و عەبدولسەلام عارفی شۆڤێنیی عەرەب دژی ئەو داخوازییەرەوایەی ئێمە وەستان، **تورانییەکی وەك نازم تەبەقچەلی** کە ئەودەمە "قائد فیرقەی" کەرکووك بوو، کەوتە دژایەتیمان و هاندانی حکوومەت لێمان (کاك کەریم تکایە

بیرەوەرییەکانی نازم تەبەقچەلی بخوێنەرەوە کە لەوێدا بیرخەرەوەکەی ئێمە و نامە ژەهراوییەکەی تەبەقچەلی لەدژمان بلاْوکراونەتەوە).

ئەوجا کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، لە خوێشاندانەکانیاندا کە هەموو رۆژێ ٨ـ ١٠ کاتژمێر درێژەی دەکێشا، دەیانقیژاند: "نامانەوێ مەعاریفی قلیاسان". ئەرێ! کوردستانیان بەچۆمی قلیاسان دەچواند.

سەیر ئەوەیە ئەو مامۆستا رەفیق حیلمییەی کە کۆمۆنیستەکان ئەوکاتە بەو شێوەیە بەریەرەکانێیان دەکرد، هەرلە سالی ١٩٥٨ دا پاڕانەوە لێی کە بچێتە لیژنەی دامەزراندنی "حیزبی جمهوری" یەوە کە پاشکۆیەکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو. هەرچەندە ئەز و هاوبیر کامیل ژیر کە ئەو حەلە هەردووکمان لە بەغدا دەژیاین زۆر تکامانکرد لێی کە ئەوە نەکا، بەلاّم لەبەر ئەو ناکۆکییەی کە لەنێوان پارتی دێمۆکراتی کوردستان و ماموستا رەفیق حیلمیدا پەیدا بوویوو، بەقسەمانی نەکرد و چووە لیژنەکەوە، دوایی خۆشی پەژیوان بووەوە. شایانی باسە کە کۆمونیستەکان پاش دامەزراندنی "بەرێوەبەرێتیی زانیاریی کورد" (نەك کوردستان کە ئێمە داوامان کردبوو) چوون کورسی و مێزەکانیان لەنێوخۆیاندا دابەشکرد.

لەسالی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ دا کرام بە مامۆستا لە قوتابخانەی دوانێوەندیی جەعفەرییە لە بەغدا، کە بە **"دوانێوەندیی مۆسکۆ"** بەنێویانگبوو، چۆنکە زۆربەی زۆری قوتابییەکانی کۆمۆنیستبوون. بەشێکی قوتابییەکان کوردی فەیلی بوون. لەو سەردەمەدا کۆمۆنیستەکان لە بەغدا و لە هەموو عێراقدا بەهۆی هاوکارییانەوە لە گەلْ قاسم، دەستیان چاك دەڕۆیی و، لەباتی ئەوەی ئەو دەسەلاْتەیان بۆ کاری باش و خزمەتی گەلْ بەکار بهێنن، کاری زۆر خراپیان دەکرد. کۆمۆنیستە کوردەکان زۆر دوژمنایەتیی **پارتی دێمۆکراتی کوردستان** و کوردایەتیان دەکرد. لەبەرەبەیانی سەرهەلْدانی **کاژێك** دا، **هاوبیر کامیل ژیر** کۆمەلە هۆنراوەیەکی خۆی لە چاپدا بەنێوی «کوردایەتی» یەوە و منیش پێشەکییەکم نووسی بۆی. هەرچەندە ئەو نامیلکەیە هیچ شتێکی دژی کۆمۆنیستەکان تێدا نەبوو، بەلاّم ئەوان کێچ کەوتە کەولْیان و فەرمانیان بە **مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم** دا کە بکەوێتە کار. ئەویش نامیلکەیەکی دژی «کوردایەتی» نووسی کە بە **"نەشتەرەکولەکەی حەمەی مەلاکەریم بەنێویانگە"**. لەو سپیارەیەدا هەرچی بوختان و قسەی قۆڕ هەبوو دژی کوردایەتی

نووسیبووی. ئەوە منی والێکرد کە بەرپەرچی بدەمەوە بەنامیلکەیەك لەژێر سەرنێوی **(کوردایەتی، بزووتنەوە و بڕوا و ڕژێمە) بەنێوی خواستەمەنیی «زەردەشت»** ەوە، کە ئەوە جەزرەبەیەکی پشتشکێن بوو بۆ بیروڕاچەوتەکانیان. کۆمۆنیستەکان هەرلەسەر ڕێی ناڕاستی خۆیان ڕۆیشتن. تەنانەت ڕۆژنامەی **"اتحاد الشعب"** وتارێکی دژی من بلاّوکردەوە، چۆنکە هەوڵمدەدا خەڵکی کوردستان فێری ڕێنووسی لاتینی بکەم و، ئەوکارەی منی بە "دژایەتیی یەکێتیی عێراق" دابووە قەڵەم و ڕژێمی قاسمی هاندابوو لێم. ئەمەش منی ناچارکرد بە وەرامدانەوەی ئەو وڕێنانە بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی **«صوت الاكراد/دەنگی کورد»** دا کە لە بەغدا دەردەچوو و **جەلال عومەر حەوێزی** خاوەنی بوو و منیش لە ڕێکخستنی بەشە عەرەبییەکەیدا یارمەتیم دەدا.

لەسەردەمی قاسمدا (تەموزی ١٩٥٨ ــ شوباتی ١٩٦٣) ناکۆکیی نێوان پارتی دێمۆکراتی کوردستان و پارتی کۆمونیستی عێراق هەتا دەهات خراپتر و خراپتر دەبوو. پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەیویست هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان خۆیان هەڵوەشێننەوە و ئەندامەکانیان بچنەڕیزی ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە. بەلاّم **سەرۆك بارزانی** ئەم پیلانەی پووچکردەوە و ڕێینەدا پێیان.

کە شۆرشی ئەیلول لە پێشەوە وەك بزووتنەوەیەکی چەکدارانە لە ئەیلولی ١٩٦١ دا دەستیپێکرد، پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەسەرەتاوە بەتوندی دژایەتیی دەکرد، هەرچەندە لە خۆپێشاندانەکانیدا داوای **"ئاشتی بۆ کوردستان" (السلم في كردستان)** ی دەکرد، بەلاّم بزووتنەوەکەی بەفیتی بەرەی ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا دەدایە قەڵەم **(بۆ دووردرێژیی ئەم باسە بە بەڵگەوە بگەڕێرەوە بۆ سەمیناری "کوردستان و شۆرشەکەی" کە بە ئەڵمانی لە ١٩٧٢ دا لەلایەن «نوکسە» وە بلاّوکراوەتەوە و، وەرگێڕانی کوردییەکەشی لە ١٩٨٥ دا لە سوێد چاپکراوە).**

ئەم دژایەتییە بەرامبەر شۆرشی ئەیلول درێژەی کێشا تا قاسم کەوت و بەعسییەکان هاتنە سەرکار و ئەوجا کە **یەکێتیی سۆڤێت** کەوتە پرۆپاگەندەی ڕادیۆیی و ڕۆژنامەیی و دیپلۆماسی دژی بەعسییەکان، کۆمۆنیستەکانی عێراقیش لەترسی قەلاّچۆکردن بەدەستی بەعسییەکان ڕایانکردە چیاکانی کوردستان و لەلایەن پێشمەرگەی کوردەوە پارێزران، سۆڤێت کەوتە باسی کورد و کێشەکەیان. بەلاّم پشتگیریی سۆڤێت بۆکورد دژی بەعس هەمووی چەند هەفتەیەکی کەمی خایاند و

دیسانەوە بایدایەوەسەر دۆستایەتیی عێراق. کاك کەریم ئەحمەد تکایە سەمیناری **«کوردستان و شۆڕشەکەی»** تەماشا بکەرەوە، ئەوسا هەموو ئەم قسانەت بەبەڵگەوە دەستدەکەون هەتا ساڵی ١٩٧١/١٦٧١. **ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێ کە "هاوپەیمانێتی" پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەگەڵ حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٧٣ وە تاساڵی ١٩٧٨ درێژەی کێشا، دیارە دژی شۆڕشی ئەیلوول و پ.د.ك. بوو.** ئەوجا شەڕ و بەیەکدادانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەشتاکاندا، ئەمانە گشتیان بەرپەرچی ئەو قسەیەی کاك کەریم دەدەنەوە کە دەبێژێ "پێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان باش بووە".

کاك کەریمی بەڕێز، ئەگەر بەڕاستی باسی هەڵسوکەوتی ناڕاستی کۆمۆنیستەکانی عێراق بکەم، پێویستم بەیەك تەن کاغەز و سەت گالۆن مەرەکەبە.

ئەمجا با بێینە سەر **کاژێك** و **پارتی کۆمۆنیستی عێراق**. ڕاستییەکەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەرچەندێك دژایەتیی کاژێك و هاوبیرانی کاژێکی کردبێ، هێشتا ئەو دژایەتییە ناگاتە ١٠٪ ی ئەو دژایەتییەی پارتی و یەکێتی کە بەرامبەر کاژێکیان کردووە و ئەمەش بۆ مێژوو دەبێ بگوترێ و بنووسرێ. بەڵام تۆ کاك کەریم لە قسەکانتدا وادیارە هەتا ئەوڕۆش چاو لە هێندێك ڕاستینە (حقائق) دەپۆشیت لەبارەی کاژێکەوە. بۆ وێنە دەفەرموویت: "کاژێك کۆنە و لە کۆنەکانە". ئێستە ئالێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایە کاژێك نەبوو کە چل ساڵ لەمەوبەر گاڵتەی بە بیری **"دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا"** دەکرد و ئێستە ئەوەتە خۆشت گاڵتەت بەو بیرە دێ، لە کاتێکدا زۆر باشدەزانیت کە "دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا" نێوەڕۆکی بیری مارکسێتییە وەك **لێنین** دەبێژێ؟.

باشە! لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ، **"ئایە کاژێك ئەودەمە لە کۆنەکان بوو کە ئەو بیرەی بە هەڵە دەزانی، یان بەڕێزت ئێستە چوویتە ریزی کاژێك و کۆنەکان"** ەوە؟

دوایی بەڕێزت ناکۆکیی نێوان پارتی کۆمونیستی عێراق و کاژێك بەوە لێکدەدەیتەوە کە **کاژێك** گوایە "وەك **پێ کێ کێ** ی جاران داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە و پارتی کۆمۆنیستیش دژی ئەوە بووە و بەقسەی بەڕێزت ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکەن، ئەوا داگیرکەرانی کوردستان هەموویان پێکەوە لە کورد دەدەن".

باشە، کاك کەریم! کورد ئەگەر باسی سەربەخۆیی نەکەن، داگیرکەرانی کوردستان لە کورد نادەن؟ خۆ ئەوەتە ئەورۆ کورد داوای فیدەراسیۆن دەکەن لە عێراقدا! کەچی دەوڵەتی ترکان دەبێژێ "نابێ کورد فیدەراسیۆنی هەبێ" و سیاسەتکارێکی ترك دەبێژێ: **"ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی لە ئەرجەنتینیش دروستبێ، ئێمە (واتە ترك) لەدژی دەوەستین".**

ئەوجا ئێوەی کۆمۆنیست کە هەر لەساڵی ١٩٦٣ وە تائەورۆ حکوومەتی سەددام و بەعسییەکان بەئاشکرا و بەنهێنی لێتان دەکوژن، ئایە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئێوە داوای سەربەخۆییتان کردووە بۆ کوردستان؟ کە سەددام هەڵەبجەی دایە بەر چەکی کیمیایی و بەهەزاران کوردی لە خولەکێکدا کوشت و کە سەددام ئەنفالی لە کورد کرد و گەلکوژیی لە کورد کرد و کە سەددام نیوملیۆن کوردی فەیلی لە وڵات دەرکرد و کە سەددام هەشت هەزار بارزانی بێسەروشوێن کرد و کە سەددام بەشێکی گەورەی کوردستان دەکاتە عەرەب و کە خومەینی بانگەوازی "جیهاد" ی دا دژی کورد و سنەی بە فڕۆکە بۆمبابارن کرد، ئایە لەبەر ئەوە ئەو کوردانە قڕکران چۆنکە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردبوو، یان هەموویان کاژیك بوون؟ کاك کەریم دوژمنانی کورد لە کورد دەدەن، ئەگەر بشچن دەستوپێیان ماچ بکەن و بەهیچ جۆرێك باسی سەربەخۆیی و فیدەراسیۆن و ئۆتۆنۆمیش نەکەن. داگیرکەرانی کوردستان نایانەوێ کورد بمێنن و دەیانەوێ کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان هەڵبگرن.

ئەوجا کە ئێوە (پارتی کۆمۆنیستی عێراق) جاران کە دژی کاژیك بوون، چۆنکە باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردووە و ئێستە کە بە قسەی بەڕێزت لەدژی هیچ حیزبێك نابن کە باسی سەربەخۆیی بکا، واتە ئەگەر لەسەر بیروباوەڕی ئێوە نەبێ، دیارە ئێوە هێڵی سیاسیی خۆتان گۆڕیوە. باشە، ئێوە ئەوکاتەی دژایەتیی کاژیکتان دەکرد لەسەر باسی سەربەخۆیی و، ئێستە ئەوە ناکەن، ئەوکاتە ئێوە لە "کۆنەکان" بوون، یان ئێستە چوونەتە ریزی "کۆنەکان" ەوە؟

کاك کەریمی بەڕێز! کاژیك حیزب نەبوو، هەرچەندە نێوی حیزبی پێوە بوو، بەڵکو کاژیك ڕێبازێکی فەلسەفی و قوتابخانەیەکی کوردیی بیری سۆسیالیستانە بوو.

كـاژێك سۆسـیـالیـزمی بە ئازادی و یەكـسـانیی مـرۆڤ تێـدەگـەیشت، نەك بە "دیكتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا"، وەك جارانی ئێوە. بەبیری كاژێك سۆسیالیزم لەڕێی دێمۆكراتییەكی فراوانەوە دێتەدی، نەك لەڕێی دیكتاتۆرێتییەوە. كاك كەریم كاژێك نەڕووخاوە، یەكێتی سۆڤێت رووخا. بیری رەسەن لەنێو ناچێ، بەپێچەوانەی بیری جارانی ئێوەوە كـە باسی "پرۆلیـتـاریا" تان دەكـرد و ئێـسـتـەش دەفـەرمـوویت لە كوردستاندا "سەرمایەدارێتیی كورد هیچی نییە، لەبەر ئەوە كرێكاریش نییە" كاژێك باوەڕی بەوە هەبوو كە لە كوردستـاندا كرێكار هەبووە و هەیە، هەركـەسێك بەكرێ كـاریكرد و هێـزی لەش و مـێـشـكی خـۆی فـرۆشت بەپارە بۆ دابینكردنی ژیانی، «كـرێكار» ە، كـرێكاریش هەرئەو كـەسـە نییە كـە قـوڕەكاری بكا. كرێكاری بینا هەیە، كـرێكاری قـوتابخـانە هەیە، كـرێكاری ناو كـارگـە هەیە و ... هتـد. بەڵام كاژێك بەپێچەوانەی ئێوەوە كە مرۆڤتان دابەشدەكرد بەسـەر چینی سـەرمایەدار و دەرەبەگ و پرۆلیتاریاوە، كاژێك ئەم جیهانە بەسەر دوو چیندا دابەشدەكات: **«چینی بەشخوراو و بەشخۆر»**. چۆنكە هیچ چینێك نییـە وەك چینێكی ئابووری هەمووی وەك یەك بێ، یان هەمـووی بەشـخـوراو بێ. كـرێكاری واهەیە لە كـاربەدەسـتـێكی گەورە پتر پارە وەردەگرێ. بەنایەكی ژیهاتی كە بۆ كۆمپانیایەكی گەورە كار بكا، كـرێكەی لە مـووچەی مـامـۆسـتـایەكی زانسـتگە بەرزترە. بەشـخـوراوان مـەرج نییـە هەمـوویان سـەربە یەك چین، یان یەك رەگەز، یان یەك توخم بن. بەشخوراو جارێك گـەلێكی دیلكراوە، وەك كـورد، جارێكی دیكـە ژنێكی كـەنەفتكراوە، جـارێكی دی جۆتكاری زەحمەتكێشی زگبرسییە، جارێكی دی بیانییەكی خەڵكی رۆژهەڵاتە كە لە رۆژئاوا بەدەربەدەری دەژی و لەبەر بێدەرەتانی بەنانەسكی گـەسك لە جادەكـان دەدا و ئاودەستخانەكان پاكدەكاتەوە، جارێكی دی منداڵێكە كە باوكە شەرلەتانەكەی بەر زللەی دەدا، كـەچی ناتوانێ لەسـەر خـۆی بكاتەوە و كـەسـیش لەسـەری ناكـاتەوە. تكایە كـاك كـەریم تەمـاشـای نامـیلكەی **«هێندێك لە كـێـشـە بنەڕەتییـەكـانی قوتابخانەی كوردیی سۆسیالزم»** بكە كـە چاپی یەكـەمی لە سـوێد لە ١٩٨٤ دا بلاوكراوەتەوە و چاپی دووەمیشی لە هەولێر لە ٢٠٠٢ دا لەلایەن رۆژنامەی **«میدیا»** وە بلاوكراوەتەوە.

ئەوجا كاك كەریمی بەڕێز! كاژێك دژی كۆمۆنیزم و كۆمۆنیستان نەبوو، بەڵكو

دژی ئەوە بوو کە ڕژێمێکی تۆتالیتێری دیکتاتۆری دوژمن بەکورد و ئازادیی گەلان وەك یەکێتیی سۆڤێتی دوابڕاو، لەلایەن کەسانێکەوە بپەرسترێ کە خۆیان بە "کۆمۆنیست" دەزانن. سۆڤێت ئەو ڕژێمە بوو کە ئەنفالی لە کورد کرد و پەیمانی لە گەڵ **هیتلەر و ئەتاترك و ڕەزاخان و سەددام** بەست و پاکانەی بۆ سەددام دەکرد کە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بەکار نەهێناوە، کەچی داخی گرانم ئەوەتە تۆ ئەوڕۆش دەفەرموویت: "یەکێتیی سۆڤێت تاکە پاڵپشتی بزووتنەوەی نیشتمانیی نەتەوەکان بوو".

ئەرێ، ئەو ڕژێمەی دووجار ئەنفالی لە کورد کرد و کوردەکانی «کوردستانی سۆر» ی گواستەوە بەزۆر بۆ سیبریا و کازاخستان و بە هەزارانی لێکوشتن، تۆ ئەو ڕژێمە تێرۆریستە بە "پاڵپشتی بزووتنەوەی نیشتمانیی نەتەوەکان" دەدەیتە قەڵەم. خودێ لە گوناهت خۆش بێ.

ئێستە با بێینە سەر پێوەندیی هاوبیرانی کاژیك بەتایبەتی من لەگەڵ کومونیستەکان.

بێگومان کاژیك هیچ کاتێك دژی ئەوە نەبووە یەکێك یان کۆمەڵێك، بیروڕای خۆی بەئازادی و بەوپەڕی سەربەستییەوە دەربڕێ و هیچ کاتێکیش کاژیك لەخوتوخۆڕایی دژی هیچ لایەنێك نەبووە. ئەگەر ئێوە لەجیاتی ئەوەی بچنەنێو پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە و دژی ئەوە بوەستن کە پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی ببێ، بچوونایە پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانیتان پێکەوە بنایە، ئەودەمە کاژیك زۆر ڕێزی لێدەگرتن و ئاماژە کردنیش بە پارتی کۆمۆنیستی کوردستان لە کاژیکنامەدا هەیە. چۆنکە بۆ کاژیك گرنگ نییە تۆ لەچ حیزبێکیت، گرنگ ئەوەیە باوەڕت بەئازادی و یەکسانیی مرۆڤ هەبێ و چالاکییەکانت لە سنووری نەتەوەییدا بگەڕێن. ئێوە دەتانگوت: "کورد نابێ پارتێکی کۆمۆنیستی تایبەت بەخۆی هەبێ، چۆنکە "ئومە" (نەتەوە) نییە". ڕاستییەکەش ئەم بیرەتان لە ستالینەوە وەرگرتبوو کە دەیگوت: "هەرگەلێك ئابووریی نێوکۆیی نەبێ، نابێتە نەتەوە". دیارە ئابووریی نێوکۆییش تەنێ دەوڵەت دروستیدەکات. لەبەر ئەوە قسەکانی ستالینیش هەر قۆپییەکی قسەی زانستکارە بۆرژواکان بوو کە دەڵێن: "ئەو گەلەی دەوڵەتی نەبێ نەتەوە نییە". کاژیکنامە کە لەهاوینی ساڵی ١٩٦١ دا دەرچوو، ئەم باسەی بۆ

یەکەمجار بەباشی ڕوونکردووەتەوە.

هەتا ئەو هەندازەیەش کە دۆزەکە پێوەندیی بەمنەوە هەبێ، ئەوا هەر لە کۆنەوە هەوڵمداوە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان نێوانم خۆش بێ. هاوینی ساڵی ١٩٥٦ چوومە شام و لەوێ نامیلکەیەکم نووسی بەزمانی عەرەبی بۆ **جەمال عەبدولناسر** بۆ ئەوەی کێشەی کوردی تێبگەیەنم. ڕۆژێکیان تکام لە **ئاپۆ عوسمان سەبری** کرد کە بمبا بۆ ماڵی **خالید بەگداش** تاکو دانەیەك لەو نامیلکەیەی بدەمێ و باسێکی کوردستان بکەم لەگەڵی. وەك سەرنجمدا ئاپۆ ئەوەی پێخۆشنەبوو، بەڵام هیچ دەنگینەکرد و لەگەڵم هات بۆ ماڵی خالید بەگداش کە لە گەڕەکی کوردان بوو لە دیمەشق و دوو پاسەوانی کورد بەچەکەوە لەبەر دەرکەکەی بوون. ئاپۆ عوسمان سڵاوی کرد لێیان و گوتی: "دەمانەوێ هاوڕێ خالید ببینین" و باسی من و نامیلکەکەشی کرد. بەرێکەوت منداڵەکەی خالید بەگداش لەبەر دەرکە یاری دەکرد. پاسەوانەکان پێیان گوت بچێ بە باوکی بێژێ کە میوانی هاتووە. منداڵەکە پاش ماوەیەك گەڕایەوە و گۆتی کە باوکی دەبێژێ: **«لە ماڵەوە نیم»**. دیارە خالید بەگداش پێیگوتووە بێژە باوکم لە ماڵەوە نییە، بەڵام منداڵ وەك سەرخۆش وانە، درۆیان بۆ ناکرێ. ئەوجا **ئاپۆ عوسمان فەرمووی: «ئێستە هاوڕێ خالیدت ناسی. کاکە ئەو نایەوێ کوردایەتی بکا، وازی لێبێنین"**.

کاك کەریمی بەڕێز! ئەمە ئەو خالید بەگداشە بوو کە ئێوە لە بەغدا لە خۆپێشاندانەکانتاندا دەتانقیراند: "عاش الشعب السوری عاش، بقیادة خالد بكداش".

لەگەڵ هەموو ڕەخنەیەکمدا لە هەڵسوکەوت و بیری کۆمۆنیستان، هەمیشە هەوڵمداوە دۆستایەتییان بکەم و نێوانیشم زۆر خۆشە لەگەڵ ئەو کۆمونیستانەی سەربەخۆ بیر دەکەنەوە و لەهیچ مەڵبەندێکی کۆمۆنیستی فەرمان وەرناگرن. لەوانە کۆمونیستەکانی باکووری کوردستان کە زۆرجار لە ڕۆژنامەکەیاندا **«نەورۆز»** وتاری من و هەڤپەیڤینی لە گەڵ منیان بڵاودەکردەوە. گۆڤاری **Kürtsolu (چەپی کورد)** کە لە کۆمۆنیستەکانەوە نێزیکە، چەندجار وتاری ڕەخنەگرانەی منی بڵاوکردووەتەوە. هەرچەندە خۆم کۆمۆنیست نیم وناشمەوێ لە هیچ حیزبێکدا کاربکەم، لەگەڵ ئەوەشدا چەندجار بەو برادەرانەم گوتووە کە لە گەڵ ئێوە پێوەندییبگرن و هەوڵبدەن

پێکەوە حیزبێکی کۆمۆنیستی کوردستانی سەرتاسەری دابمەزرێنن. ئەوانیش پێوەندییان بەئێوەوە بەستووە. بەلاّم ئێوە رازی نەبوون. ئەو برادەرانە وایان بەمن گەیاند کە ئێوە "هەرێمی بیر دەکەنەوە نەك نەتەوەیی".

کاکە کەریمی بەڕێز، بەڕاستی حەزمنەدەکرد ئەم چەند لاپەڕەیە بەم باسانە رەشبکەمەوە، بەلاّم وەك لە پێشەوە گوتم ناچاربووم وەرامت بدەمەوە. هۆنراوەیەکی فارسی هەیە دەبێژێت:

ناگفته ندارد کسی باتو کار   ولی چوگفتی دلیلش بیار

(کە تۆ باسی شتێك نەکەیت کەس کاری بەتۆ نییە، بەلاّم کە باستکرد، ئەوا بەڵگە بهێنەوە بۆی).

بەلاّم بەڕێزت بێبەڵگە نێوی کاژیکت بەخراپ برد.

هیوای تەندروستی و تەمەندرێژیی دەکەم بۆت لەگەڵ سلاّوی برایانەم

بەرلین: ٢٠٠٢/٨/٥

(*) ــ **ماموّستا رەفیق حیلمی** مرۆڤێکی زۆر قسەخۆش بوو و زۆر حەزی بەگاڵتە دەکرد.بەزۆری لە دوکانەکەی **«ئوستاد» بەشیرموشیر** چاومان بەیەك دەکەوت. «ئوستاد» سەردەمێك نەخۆشیی شەکری هەبوو و نانی جۆی دەخوارد. جارێکیان ماموّستا رەفیق حیلمی هات بۆ دوکان و تەماشایکرد «ئوستاد» نانی جۆ دەخوا، گوتی: «ها ... ئەوە چییە رزقی کەر ئەخۆیت؟». لەوکاتەدا ئەز و ناسیاوێکی عەرەبی «ئوستاد» لە دوکان بووین. «ئوستاد» زۆرپێیناخۆش بوو و بەعەرەبی گوتی: «شوف شوف، هذا هوالعاقل ومالنا!». (سەیرکە سەیرکە ئەمە ئاقڵەکەمانە) "بس الاکراد شلون یصیرون حکومة" (ئەوجا ئیدی کورد چۆن دەبن بە حکوومەت). کابرای عەرەب نەیزانی مەسەلە چییە، من تێمگەیاند. زۆر پێکەنی. ئەوجا عەرەبەکە لە ماموّستا رەفیق حیلمی پرسی، ماموّستا ئێستە چ دەکەیت؟ ئەویش گوتی ماموّستای قوتابخانەی دوانێوەندیی مەرکەزیم. ئەوجا کابرا لێی پرسی: "ئەی بەڕێزت بەڕێوەبەری زانیاری (مدیری مەعاریف) نەبوویت؟" ماموّستا رەفیق حیلمی گوتی: بەڵێ. گوتی ئەی پاش ئەوە؟. گوتی کرام

بە پشکنەر (مفتش)، دواجار بە بەڕێوەبەری قوتابخانە (مدیر) و ئەوجا بە یارمەتیدەری بەڕێوەبەر (معاون مدیر) و ئەوجا مامۆستا.

(سەرنج! راستییەکەی حکوومەت زۆردژی مامۆستا رەفیق حیلمی بوو).

ئوستاد کە ئەم قسانەی بیست، بە عەرەبی گوتی: «ئاخر هێشتا ساڵێکی ماوە بیکەن بە فەڕڕاش».

ماموستا رەفیق حیلمی قاقاپێکەنی و گوتی تۆڵەی خۆی سەندەوە.

«میدیا» ژ ١٢٩ ساڵی حەوتەم

٢٠٠٢/٨/١٥

جەنابی "جەنەراڵ" خەزەرجی

و

دەمخوارە کوردەکانی

ڕۆژنامەی عەرەبیی **"الحیاة"** کە لە لەندەن دەردەچێ، لە ژمارەکانی ڕۆژانی ٨ و ٩ و ١١/٣٠ و ١ و ٢/ ١٢ی خۆیدا وتووێژێکی ڕۆژنامەیی لەگەڵ **نزار خەزەرجی ، کۆنە سەرکردەی ستوونەکانی سوپای عێراق (رئیس ارکان الجیش)** دا بڵاوکردەوە بەنێـوی «نزار خـەزەرجی دەمی دەفـتـەری کـۆن و نوێ بۆ "الحیاة" دەکـاتەوە». هەرچەندە پرسیارکەر گەلێك پرسیاری مانادار و بەجێی لە خەزەرجی کردبوو، بەلام هێشتا ژمارەیەکی زۆر پرسیاری گرنگ هەبوون کە دەیتوانی بیانکا، لە گەڵ ئەوەشدا قـەوارەی وەرامـەکانی خەزەرجی بایی ئەوەن کـە چەپکێك تیشك بـخەنە سەر دۆزی خەزەرجی. ئەز خۆم لێدوانێکی کورتم لەبارەی ئەو قـسانەوە بەعـارەبی نووسی و ناردم بۆ ڕۆژنامـــەی "الحیاة"، لێ نازانم ئایا بڵاویدەکـــەنەوە یان دەیخــەنە پشـتـگوێ، یان ئەگـەر بڵاویانکردەوە، کـەینێ و چەندی لێبـڵاو دەکـەنەوە. هەرچی چۆنێك بێ وایبـەباش دەزانم سـەرنجی خـوێنەرەوەکـانی «مـیـدیا» کـە بە سـایی سەرنووسەرەکەیەوە بووتە ڕۆژنامەی ڕەخنەگران و ئازادیخوازان لە کوردستاندا، بۆ هێندەك لایەنی ئەو وتووێژە ڕابکێشم.

وەك لە ڕۆژنامـەی "الحیاة" دا نووسـراوە، نزار خـەزەرجی خـەڵکی مـووسڵە و لەسەردەمی ڕژێمی شایەتییەوە، وەك ئەفسـەر لە لەشکری عێراقدا بووە و، لەساڵی ١٩٨٧ ەوە بووە بە سەرکردەی ستـوونەکانی سـوپای عێراق، واتە ساڵێك بەرلەوەی هەڵەبجە بدرێتە بەر چەکی کیمیایی و، پێش ئەوەش لە هەشتاکاندا، واتە لەکاتی جـەنگی عـێـراق ــ ئێـراندا، "قـائد فـیلق" بووە. کـە ئەم کـاتە سـەردەمی «ئەنفالکردنی» کـوردە لەلایەن لەشکری شەڕخوازی عـێراقـەوە. ئەوجـا بابزانین خەزەرجی چ دەبێژێ:

خەزەرجی دەبێژێ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، نەکاری وی بووە و، نە بەفەرمانی

وی کراوە و، نە ئاگاشی لەو تاوانە بووە. کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەبڕیاری **سەددام** خۆی بووە و، لێرەشدا خەزەرجی شتێك دەڵێ کە نەك هەر پاکانەکردنە بۆخۆی و بەس، بەڵکو لە پاکانە دەچێ بۆ سەددامیش، چۆنکە دەبێژێ، سەددام کاتێك بڕیاری «لێدانێکی تایبەتی» هەڵەبجەی دا کە **عەلی حەسەن مەجیدی خزمی «ڕاپۆرتێکی درۆ» ی ناردبۆی کە لەوێدا گوتبووی «ئێرانییەکان هاتوونەتە هەڵەبجەوە»** و سەددامیش پێیوابوو بەو دەستوەشاندنە ئێرانییەکی یەکجار زۆر دێنە کوشتن، بۆیە بڕیاری ئەو «لێدانە تایبەتیە» ی دا کە تەنانەت "قائد فیرقە" و "قائد فیلق" ی ئەو نێوچەیە و جەنابی خەزەرجی خۆشی ئاگایان لەوە نەبووە. واتە خەزەرجی دەیەوێ تەنێ عەلی حەسەن مەجید تاوانبار بکا و بێژێ: سەددامیش لە خشتەبراوە و تەفرەدراوە، ئەگەنا ئەو کارەی نەدەکرد.

ڕاستییەکەی، ئەز هیچ سەرم لەم قسانەی خەزەرجی سوور نامێنێ، چۆنکە پاش جەنگی جیهانیی دووەم کە بەشکانی ئەڵمانیای نازی کۆتاییهات و، سەرکردەکانی لەشکری ئەڵمانیا خرانە بەردەم **«دادگەی نۆرنبێرگ»**، دەیانگوت: «ئەوان هیچ گوناهیان نەبووە و، خاوەن بڕیار نەبوون و، ئاگاشیان لە هیچ "بڕیارێکی ڕامیاری" نەبووە و، **وەزیری پڕۆپاگەندە و هەواڵگوزاریی ئیمپراتۆرێتیی ئەڵمانیا "هێر گۆبێلز" هیتلەری هانداوە بۆ قڕکردنی جوولەکە و هەڵگیرساندنی جەنگ و، ئەمان ئاگاشیان لەوە نەبووە کە لە شاری ئاوشڤێتز کۆشکێك بووە، مەکینە و ژووری تایبەتیی بۆ گازی ژاراوی تێدابووە و لەوێ ڕۆژانە سەتان جوولەکەیان بەگاز خنکاندووە»**.

بەکورتی، دەیانویست تاوانی قڕکردنی شەش ملیۆن جوولەکە و جەنگێکی پێنج ساڵە کە بەهۆیەوە پەنجا ملیۆن خەڵك ژیانی خۆیان لەدەستدا، بخەنە ئەستۆی یەك زەلام. بەڵام دادپرس (حاکم)ەکان گاڵتەیان بە قسەکانیان هات و، هێندەك لەو سوپاییە ئەڵمانانانە فەرمانی سزای مراندن (عقوبة الاعدام) درا بە سەریاندا و، گوللەبارانکران، چۆنکە ئەو سەردەمە هێشتا سزای مراندن لە ئەورووپا هەڵنەگیرابوو و، بێجگەلەوەش زاگۆن (قانون) ی جەنگ لەکایەدا بوو. خۆشم کە هاتمە ئەڵمانیا هەمووی شانزە ساڵێك تێپەڕ ببوو بەسەر بڕاندنەوەی جەنگدا و بەشێکی زۆری خەڵکەکەی ئەڵمانیا ئەو سەردەمەیان بەچاوی خۆیان دیبوو، کەچی بە دەگمەن یەکێك هەڵدەکەوت کە خۆی بە گوناهباربزانێ، دەیانگوت کەس ئاگای

لەبوونی «کۆشکی گاز» نەبووە. ئەوجا کە **«شەوی بلوور»** (٢) و **«خوشك و برای شۆل»** م (٣) دەهێنایەوە بیریان، سەریان لێتێکدەچوو و نەیاندەزانی بێژن چی.

نزار خەزەرجی، ئەگەرچی کیمیابارانی هەڵەبجە ناکا بەماڵ بەسەر خۆیەوە، بەلاَم دان بەوەدا دەنێ کە شەڕی کوردی کردووە، چۆنکە دەبێژێ: «کورد ئەوە چل ساڵە شەڕی حکوومەتی عێراق دەکەن، (دیارە) هەموو لەشکرییەکی (عێراقی) شەڕی کوردی کردووە، ئەوجا هەریەکەو لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا». **هەر خەزەرجی لە شوێنێکی دیکەی قسەکانیدا باسی رێکخستنی «شەڕی چەتەگەرێتی» (حرب العصابات) دەکا دژی پێشمەرگەکانی حیزبەکان، ئەو حیزبانەی کە ئەوڕۆ جلکە خوێناوییەکانی خەزەرجی دەشۆن.**

باجارێ ئێمە بێین سەرنجێکی ئەو چل ساڵە بدەین کە خەزەرجی باسیدەکا، تابزانین چی دەگرێتەوە. ئاشکرایە **شۆرشی ئەیلوول** لەساڵی ١٩٦١ دا دەستیپێکرد و ئێستە کە ساڵی ٢٠٠٣ ە، واتە چل ساڵێك بەسەر تەمەنی شۆرشدا تێپەڕیوە. کەواتە خەزەرجی، کە گوایە بەخێرێ بەرهەڵستکەری رژێمی عێراقی بووە و لە رژێم هەلاَتووە، ئێستەش هەر کورد بە گوناهبار دەزانێ، چۆنکە شەڕی حکوومەتی عێراقیان کردووە. ئەوەتە باسی چل ساڵ دەکا، کە ئەگەر لە ئێستەوە بیگریت، سەرەتای شۆرشی ئەیلوول دەگرێتەوە. ئەوجا کە راپەڕینی کورد بەڕووی حکوومەتی عێراقدا کارێکی ناڕەوابێ، دیارە دەبێ حکوومەتی عێراق و دەوڵەتی عێراق بەلای خەزەرجییەوە رەوایەتییان هەبێ بۆ گەلکوژی لە کورد و کاولکردنی هەزاران گوندی کوردستان و سووتاندنی کێڵگە و باخەکانی کوردستان و، ژەهرکردنە نێو کانیاوەکانیانەوە و کوردستان کردن بە عەرەبستان و دەرکردنی خەڵکەکەی!! کە واتە ئەو کارانەی رژێمی عێراق دژ بە کورد کردوونی هەقن و کورد نەدەبوو بەربەرەکانێیان بکا. ئەمە ئەو نزار خەزەرجییەیە کە بەقسەی سیاسەتکارە حیزبییەکان بەرهەڵستکەری رژێمی عێراق بووە و، بەیارمەتیی حیزبەکانی کوردستان لەمردن رزگاری بووە و هەلاَتووە بۆ دەرەوەی ولاَت و ئێستەش دەیەوێ حکومەتی دانمارك رێبدا پێی لە دانمارکەوە بچێ بۆ «باکووری عێراق» تاکو بێتە «فەرماندەی لەشکری رزگارکەری عێراق» و ئەوەتە سیاسەتکارە حیزبییەکانی کورد، ئەم ورپینانەی خەزەرجی بەراستدەگێرن بۆی و شایەتیدەدەن بۆی کە لە گەلکوژی کورددا

دەستینەبووە (٤) تۆش ئاو بێنە و دەست بشۆ و گوێ بدەرە قسەی دەمخوارەکانی نزار خەزرەجی.

نزار خەزرەجی لە بەشێکی دیکەی وتووێژەکەدا باسی «ناکۆکیی خۆی لە گەڵ سەددام» دەگێڕێتەوە کە گوایە دژی پەلاماری کوێت بووە، ئەوەش نەك لەبەر ئەوەی کە پێیوابووە کە پەلاماردانی گەلێك لەخوتوخۆڕایی، بەتایبەتی گەلی کوێت، کە حکوومەتەکەی سەتان ملیۆن دۆلاری داوە بە سەددام، کردارێکی تاوانبارانە و نانکۆرانەیە، بەڵکو ویستوویەتی وا لە سەددام بگەیەنێ کە ئەو پەلاماردانە «لەوزەی وی و لەشکری عێراقدا نییە، چۆنکە ناتوانن شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بکەن». گوایە لەسەر ئەوە سەددام، خەزرەجی لەسەر کار، وەك سەرکردەی ستوونەکانی سوپای عێراق، لابردووە و کردوویەتی بە «ڕاوێژکاری خۆی و، خەزرەجی دەڵێ گوایە "نەچووەتە سەرکارە نوێیەکەی خۆی، چۆنکە هیچی بەدەست نەبووە و، بەکەمی زانیوە بۆ شانی خۆی" و، پاش ئەوە لەڕێی کوردستانەوە رایکردووە، کە ئەو کوردستان بە «باکووری عێراق» نێو دەبا و، لەهەموو ئەو وتووێژەدا بەیەك وشە نێوی کوردستان بەدەمدا ناهێنێ، ئەوە نەبێ کە یەکجار نێوی «نێوچەی کوردی (المنطقة الكردية) دەبا. ئەمەش هەموو پێزانین و سوپاسێکی «جەنەراڵ» خەزرەجییە بۆ ئەو وڵات و نەتەوەیەی ژیانی لە مردن رزگار کردووە.

لەبارەی ئەوانەوە کە هەوڵی دادگەییکردنی خەزرەجی دەدەن، خەزرەجی دەبێژێ: «زانیاریی دڵنیاکەرم لاهەیە کە لە پشت ئەم تۆمەتانەوە عەرەب و کوردی واهەن کە پێوەندییان بە رژێمی (عێراقەوە) هەیە».

لێرەدا دەبێ بێژم کە خەزرەجی دەبوو شەرم بکا کە ئەو قسەیە دەکا. خەزرەجی نێزیکەی (٣٠) ساڵ گوێڕایەڵ و کاسەلێسی رژێمی بەعس و سەددام بووە و ئێستەش دەیەوێ بەوشێوە بێشەرمانەیە، خزمەکسوکاری ئەنفالکراوەکان و بەرچەکی کیمیایی کەوتوانی ئەو رژێمە کە ئەو ٣٠ساڵ یەکێك بوو لە پایەکانی بەوجۆرە نێوببا؟ ئایە ئەوە نازانێ ئەگەر ئەو قسانە بەبەڵگەوە لەبەردەم دادگەوە ئیسپات نەکا، ئەوا بەهۆی «تۆمەتی درۆیین» ەوە سزادەدرێ.

بەڕاستی کە مرۆڤ لە دۆزی خەزرەجی هورد دەبێتەوە و چاوێك بەهەڵوێستی کاربەدەستان و سیاسەتکارانی کورددا دەگێڕێ کە دەمخوارانە (نەك دەمڕاستانە)

هەر یەکە بەچوارچاو بۆ خەزەرجی دەگرین و دەپاڕێنەوە و، بە بەرهەڵستکەری ڕژێمی سەددامی دادەنێن، ئەگەر بێتو خاتریان بگرم، دەبێ بێژم «زۆر نابەرپرسیارانە دەجوولێنەوە».

بەڵێ، ئەمانە دەیانەوێ نزار خەزەرجی بێننەوە کوردستان و لەوێوە بیکەنە سەرکردەی خۆیان و چەکدارەکانیان و ئەو حەلە کە لەشکری سەددام جەنابی «جەنەراڵ» خەزەرجییان دی، دەستبەجێ لە سەددام دوور دەکەونەوە و دێنە ژێر هێز و «ئالای» ی خەزەرجییەوە و، عێراقیش دەبێتە «دێمۆکرات». ئەمەش خالآنەی ئەوەیە جارێکیان یەکێك لە شاعیرە بەڕێزەکانمان لە چلەکاندا، بۆ ئەوەی دڵی ئینگلیزەکان خۆش بکا گوتبووی «ئێمە لە کوردستان هێندە دێمۆکراتین تەنانەت کە مریشکەکانیشمان دەگارێنن، دەبێژن! دێمۆکرات ... دێمۆکرات»!!!

بەڕاستی کاربەدەستینە ببوورن لێم، ئەم خەیاڵەی ئێوە کردووتانە لە خەیاڵەکانی «عەبە هەرشەکەنە» دەچێ.کاربەدەستە بەتەمەنەکانی سلێمانی باشیان لەبیرە کە «عەبە هەرشەکەنە» ی دەرۆزەکەر، هەر داوای دەفلسی دەکرد. خۆئەگەر سەت فلسی و دینارێك و هەزار دیناریشت بدایە نەیدەویست و هەر دەیگوت «دەفلس». کە بازیشی بدایە بەسەر جۆگەلەی نیومەتریدا نیودەمژمێر گوری دەبەستەوە و پێیوابوو بەسەر گۆلی زرێباردا بازدەدا. دیارە عەبە هەرشەکەنە پێیوابووە کە لیینایە پارەداریێ، بەلآم ئێمە کە یانزەساڵە جۆرە سەروەرێتێکمان هەیە، پێمانوایە لێماننایە و بەخۆمانی ڕەوانابینین، بۆچی دەبێ بیگۆڕینەوە بە «کوێخایەتی» یەك، ئەویش لەژێر ئالای خەزەرجیدا. خەزەرجییەکی بێدەسەلآتی هیچ لەباردا نەبوو. کورد دەبێژن «ئەگەر کەچەڵ دەرمانکەر بوایە، دەرمانی سەری خۆی دەکرد».

خەزەرجی کە سالآنی ساڵ سەرکردەی ستوونەکانی عێراق بوو و، هەر بە قسەی خۆی، سەددام دەچوو بۆلای بۆ گۆڕەبانی جەنگ و پێیدەگوت کە بیبا بۆ ریزی پێشەوەی بەرەی جەنگ، بەلآم ئەو (خەزەرجی) سەددامی نەدەبردە ریزی پێشەوەی بەرە، بەڵکو دەیبردە شوێنێکی دیکە و پێیدەگوت «ئەمە ریزی پێشەوەیە» بۆئەوەی بیپارێزێ. ئەمە قسەی خەزەرجی خۆیەتی، فەرموو بچن وتووێژەکەی بخوێننەوە. کەواتە خەزەرجی چەند جار هەڵکەوتووە بۆی سەددام لەنێویبا و نەیکردووە و پاراستوویەتی. کە سەددام دەریکردووە (خودێ دەزانێ لەسەر چی)، ئەوجا پاش ئەم

هەموو گەلکوژییە لە کورد، بەهۆی کاربەدەستانی کوردەوە خۆی گەیاندووەتە ئەوروپا و ئێستەش دەیەوێ هەر بەهۆی کاربەدەستانی کوردەوە جارێکی دیکە بێتەوە پێش و بیێمەر، بە کەڵەگای عێراق. **ئەی قوڕ بەسەر کورد بۆخۆی و سیاسەتکاران و کاربەدەستانی!!!**

بەڕاستی، ئەگەر گەلی کورد زۆر وریا و هۆشیار نەبێ و خۆی باش کۆنەکاتەوە بۆ رۆژی تەنگانە، بەتایبەتی ئەگەر گوشار نەخاتە سەر کاربەدەستانی هەرێمی ئاسایش بۆ ئامادەکردنی زەوییەکی لەبار بۆ گشتپرسییەکی ئازادانەی دێمۆکراتانە، تابزانرێ گەلی کورد، نەك حیزبەکان، چیدەوێ و، پێش ئەوەش کارێکی وانەکرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حیزبەکان و رێکخستنی لەشکرێکی کوردستانیی نەتەوەیی ناحیزبیی، ئەوا دەبێ رەشوڕووتی کورد جارێکی دی کورتانەکەی جەجاڵ بدوورنەوە.

کاربەدەستانی کورد کە چەرخی رۆژگار کردوونی بە سیاسەتکار، زۆربەی زۆریان بەهۆی کورتبینیی رامیارییەوە، پەنجاساڵی رەبەق کۆرانە دوای رژێمی دوابڕاوی سۆڤێت کەوتبوون بەرامبەر بەهیچ!!! هێندێکیشیان پێوەندییان هەبوو و هەیە بەملاویەولاوە کە ئەوەش هەتا ئەورۆ ئەنجامەکەی رۆنە. ئەمانە پێیانوایە ئەگەر عێراق بوو بە یەك دەوڵەت، ئیدی ئەمان «کوێخایەتی» یەکیان دەستدەکەوێ. بەڵام با دڵنیابن کە ئەوە تراویلکەیە و رۆژێك دێ خەون بەم سەربەستییەی ئەورۆوە ببینن، کە هەیانە و نرخی نازانن. خۆزگەئەگەر بیانزانیبایە یەك رۆژ شەڕی نێوخۆییان نەدەکرد.

ئەز چەند ساڵ بەرلە ئەورۆ و چەند جار باسی ئەوەم کردووە کە ئەم «هەرێمی نەفرین» ە بەهۆی هەلومەرجی دەرەکییەوە دروستبووە و، لەکاتێکی تاکپەڵکەوتوودا هاتووەتە کایەوە. ئەو هەلومەرجەش، وەك ئەو چۆلەکەیە وایە کە بە رێککەوت هاتووەتە ژوورەکەتەوە و، ئەگەر تۆ و هاوژوورەکەت خەریکی زۆرانگرتن بن لەگەڵ یەك و زوو پەنجەرەکە دانەخەن لەسەری، ئەوا دەفڕێتە دەرەوە و جارێکی دی نایبینیتەوە.

سەمینارەکەی ئەم دوایییەی پاریس کە لە ۱۱/۲۹ دا رێکخرا، راستیی ئەم قسەیەی بەرۆنی دەرخست. یارمەتیدەری وەزارەتیدەرەوەی فەرەنسا، بێرنارد ڤالیرۆ

گوتی: کە فەرەنسا «لایەنگیریی یەکێتی عێراق و پارچەنەکردنی عێراق دەکا» و لەبارەی فیدەرالیشەوە گوتی «رێکخستنی کاروباری نێوخۆ بەدەست گەلان خۆیانە. بڕیاردان لەسەر فیدەرالیزم بەدەست گەلی عێراقە»، واتە بەدەست کورد نییە. بەکورتی، ئەگەر عەرەب و عێراقییەکانی دی رازی نەبن، ئەوا کوردیش مافی فیدەرالیتی نابێ. ئەمە لەکاتێکدا کە رۆژنامەکانی هەردوو حیزبەگەورەکە سەمیناری پاریسیان بە «سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە» بۆ کورد دایە قەڵەم. شایانی باسە کە بێرنارد کۆشنەری کۆنە وەزیری تەندروستی فەرەنسا، کە دەساڵێك لەمەوبەر باسی «سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کورد» ی دەکرد، ئەوە لە سلێمانی باسی «یەکێتیی عێراق» و «پێتەختی عێراق» ی دەکرد کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەوێ دەبێ. واتە فەرەنسا لەبارەی دوارۆژی کوردەوە هیچ دەورێکی نابێ. ئەوەش وەنەبێ لەوەوە هاتبێ کە نیازی ئەم پیاوە باش نەبێ. نەخێر. بەڵکو ئەوەیە ناتوانێ باسی شتێك بکا کە کاربەدەستانی کورد خۆیان نەیانەوێ. ئەمەش خاڵانەی ئەوەیە کاتی خۆی **هاوبیری هێژا جەواد مەلا داوای لە سەرۆکوەزیرانی ئەوسەردەمەی بەریتانیا بەڕێز جۆن مێجەر** کردبوو پشتی کورد بگرێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان. **جۆن مێجەر** لە وەرامدا نووسیبووی بۆی: **"ئێمە پشتی مافی ئۆتۆنۆمیی دەگرین، نەك سەربەخۆیی، چۆنکە سەرکردەکانی کۆمەڵگەی کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن». ئایا قسە لەمە رەپوڕاستتر دەبێ؟**

داخەکەم کورد کادری رامیاریان زۆرکەمە، ئەگەر نەڵێم هەر نییانە. ئەگەر کادری رامیاری هەبوایە، دەیانزانی کە **فەرەنسای سەردەمی میتران، فەرەنسای پاش ئەو و ئێستەی سەردەمی ژاك شیراکی هاوڕێی سەددام نییە.** فەرەنسای دیگۆلییەکان ساڵانی ساڵ لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا و پاش ئەوەش یارمەتیی رژێمی سەددامی دا. فەرەنسا بوو کە پرۆژەی ئەتۆمی بۆ سەددام دامەزراند و لەکاتی جەنگدا چەکی قورسی دایە و پشتگیریی دیپلۆماسیانەی سەددامی کرد و پارەیەکی فرەی بەقەرز داپێی. ئێستەش پاش ئەوەی سەددام هەزاران لاپەڕە و کاغەزی رەشکردووەتەوە، گوایە بۆ رۆنکردنەوەی ئەو چەکە کۆمکوژانەی بەدەست عێراقەوەن و، داوێتی بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، فەرەنسا لەوە زراوی چووە کە نێوی کارگەکانی فەرەنسا کە یارمەتیی سەددامیان داوە بۆ دروستکردنی چەکی کۆمکوژ،

ئاشکرابێ و، ئەوەتە فەرەنسا کەوتووەتە پەلەقاژە و، بەبیانووی ئەوەوە کە گوایە ئەو زانیارییانە نابێ بدرێن بە ئەندامە ناهەمیشەییەکانی (غیردائمی) کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکـان، نەبا «هێندەك دەوڵەتی خراپ» فێری دروستکردنی ئەو چەکانە بن. ئەمەش درۆیەکی روونە. فەرەنسا دەیەوێ پاشڵی گەماری خۆی بشارێتەوە. بێجگە لەوەش سالآنی ساڵیشە وازیهێناوە لەوەی، وەك **ئەمریکا و بەریتانیا «هەرێمی نەفڕین»** بپارێزێ. ئەم سەمینارەی پاریسیش کە کەندال نەزان بۆ بەرژەوەندیی خۆی و، بەفیتی کاربەدەستانی فەرەنسا پێکیهێنا، هیچ سووتێکی بۆکورد تێدا نەبوو لە پڕوپاگەندەیەکی رۆژنامەیی بەولاوە. بەلآم هەرلەو کاتەدا گومانی بە ئەمریکا پەیداکرد بەرامبەر بە کورد. چۆنکە فەرەنسا بەدژایەتیکردنی ئەمریکا و لایەنگریکردنی رژێمی سەددام ناسراوە. دوور نییە رووسیاش خۆی لە کاربەدەستانی کورد نێزیکبکاتەوە بۆ دەسبرِینیان و پیسکردنی دڵی ئەمریکا لێیان.

دوارۆژی عێراق زۆر زۆر ئاڵۆز و نادیارە. دوور نییە پشکنەرانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان نەتوانن لە عێراق هیچ شوێنەوارێکی چەکی کۆمکوژ بدۆزنەوە. دانی کێشەکەش بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵەیەکی گەورەی کاربەدەستانی ئەمریکا بوو، کە ئەوەش لەژێر گوشاری **فەرەنسا و چین و رووسیا** روویدا کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پشتی سەددامیان گرت.

کورت و کرمانجی باشترین رێ بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی رەوای «هەرێمی نەفڕین» ئەوەیە گشتپرسییەکی ئازادانە لەو نێوچەدا بکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کورد چی دەوێ. چۆنکە هومێدی یەکگرتنی راستینەی دوو حیزبە گەورەکە زۆر لاوازە. ئەوەتە هەتا ئێستە بارەگەی هیچ لایەکیان لەلایەکی دیکەدا نییە، کە ئەمە ئەلفوبێی رێککەوتنەکە بوو.

بەبیروبۆچوونی من، ئەگەر کورد نەیانتوانی بگەنە سەربەخۆیی، یان بینە خاوەنی کۆمارێکی فیدراڵی بەو شێوەیەی لە هێندەك لە وتارەکانمدا باسمکردووە، باشتر ئەوەیە جارێ باشووری کوردستان بیبێتە پارێزگە (محمیة/پرۆتێکتۆرات) ی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مانداریتیی (انتداب) ی ئەمریکا و بەریتانیا و دانمارك.

— — —

پەراوێزەکان:

(١) ـــ جاران لە گوندەکانی باشووری کوردستاندا کە خەڵکە هەژارەنەخوێندەوارەکە پێویست بوایە لەگەڵ کاربەدەستێکی میری قسەبکەن، قسەزانێکیان هەڵدەبژارد بەنوێنەر، بۆ ئەوەی لەسەر مافی خوراویان هەڵبداتێ و، بەو کەسەیان دەگوت **«دەمڕاست»**. منیش وشەی **«دەمخوارم»** وەك پێچەوانەی «دەمڕاست» داڕشتووە بۆ ئەو کەسانەی کە بەناهەق لەسەر زۆرداران دەکەنەوە.

(٢) ـــ لەشەوی ٩ــ١٩٣٨/١١/١٠ دا هەزاران ئەڵمانی هاتنە سەرجادەکانی بەرلین و بەپێی بەرنامەیەکی لەوەپێش ئامادەکراو، وەك شێت و هار، کەوتنە پەلاماردانی دوکان و موغازەی جوولەکەکان و، هەرچی شووشە و پەنجەرەکانیان هەبوو، هەموویان هورد و خاش کرد و کەلوپەلەکانیان بردن و، پارچە و پۆرچی شووشەشکاوەکان کە رژانە سەرجادەکان لەبەر تیشکی چراکاندا وەك بلوور دەدرەوشانەوە. لەبەر ئەوە، بەوشەوە دەگوترێ **«شەوی بلوور»** (بەئەڵمانی: کریستال ناخت).

(٣) ـــ **«خوشك و برای شۆل»** خوشك و برایەکی گەنج و منداڵی بنەماڵەی شۆل بوون. هەردووکیان خوێندکاری زانستگە بوون. لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیی نازییەکاندا گەلێك کاروکردەوەی خراپی رژێم و دارودەستەکەیان دیبوو و، لووتیان پڕبووبوو. لەبەر ئەوە بڕیاریاندا کارێك بکەن دژی ئەو بارە نالەبارە. بۆئەمە بلاڤۆکێکیان بەچەند دانەیەك نووسیبوو و بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك، بەیانییەکی زۆرزوو چووبوونە زانستگە و بلاڤۆکەکەیان بردبووە ژوورێ و لەمەلاولەولا دایاننابوو، پێیانوابووبوو کەکەس چاوی لێیان نییە. بەڵام گەسکلێدەری زانستگە چاوی پێیانکەوتبوو و، دەمودەست بێئەوەی ئەوان هەستبکەن دەرگەی زانستگەی داخستبوو لێیان و هێزی "ئێس ئێس" ی ئاگادارکردبوو. **(هێزی ئێس ئێس SS هێزێك بوو سەربە حیزبی نازی، وەك «پاسەوانی ناسیۆناڵ» (الحرس القومی، بەعسییەکان)** و هەردووکیان گیرابوون و دەستەکەیان کەوتەڕوو. دادگە فەرمانیدا بە سەربڕینیان بە گیۆتین (مقصلة) و هەردووکیان بەوشێوەیە ژیانیان کۆتاییهات.ئەورۆ لەبەردەم زانستگەی مۆنیخدا گۆڕەپانێك هەیە بەنێوی «گۆڕەپانی

خوشکوبرای شۆل» ەوە. فیلمێکی ئەڵمانیش هەیە لەسەر ئەم دوو قوربانییەی رۆشنبیری.

(٤) - لێرەدا سەرنجی خوێنەرەوەی ئەم وتارە رادەکێشم بۆ قسەکانی بەڕێز فەرەیدوون عەبدولقادر، وەزیری نێوخۆی یەکێتی لە سلێمانی، هەروەها بۆ دەربڕینەکانی مام جەلال کە لە ئێوارەی سێشەمەی ٣/١١/ دا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە کوێت ("الحیاة" ٢٠٠٢/١٢/٥) کە زۆر بەتوندی لەسەر خەزەرجی کردەوە و گوتی: «ئەم تۆمەتانەی کە دەخرێنە مل خەزەرجی، رژێمی عێراق دروستیکردوون و ئەمەش مناوەرەیەکی زیرەکانەیە لە رژێمەوە بۆ پشتساردکردنەوەی سەرکردایەتییە لەشکرییە عێراقییەکان، لەوەی بچنە لای بەرهەڵستکاران». هەروەها گوتی: «نامەیەکی نووسیوە بۆ وەزیری دادی دانیمارکی و ئەو تۆمەتانەی دژی خەزەرجی پووچکردووەتەوە».

دیارە ئەم قسانە هەویرێکن زۆر ئاو دەکێشن. بەڵام دەبێ **مام جەلال** ئەوە بزانێ کە وەزیری دادی دانمارکی لە سلێمانی دانەنیشتووە. وەزیری داد هیچی بەدەست نییە، دادگە بڕیاردەدا پاش لێکۆڵینەوە.

دەبوو مام جەلال لەوەش دڵنیابێ کە ئەم تۆمەتانە لە رژێمی عێراقەوە هاتوون، ئەوجا قسەی وا بکا.

«میدیا» ٢٠٠٢/١٢/١٣ - ژمارە (١٣٨)

«کۆنگرە» زمانحاڵی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە (٢٦) - نەورۆزی ٢٠٠٣ی زایینی

دواڕۆژی عێراق و دۆزی کورد

"ئەم سەمینارە بە بانگێشتی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە هانۆڤەر (ئەڵمانیا) لەڕۆژی یەکشەممەی ٢٠٠٢/٩/٢٢ دا پێشکێشکرا!"

هاوبیران، دۆستان، میوانانی بەڕێز!

لەکانی دڵمەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و سوپاسی گەرمی ئەو زەحمەتەتان دەکەم کە بۆ بەشداریی لەم سەمینارەی ئەوڕۆدا کێشاوتانە، بەتایبەتی هێندێکتان لە شارەکانی دیکەوە ئەرکی هاتنە هانۆڤەرتان خستووەتە سەرخۆتان، جارێکی دی هەموو لایەکتان بەخێرهاتن و سەرچاوان.

بەڕێزینە! وەك خۆتان دەزانن باسەکەی ئەوڕۆمان «دواڕۆژی عێراق و دۆزی کورد » ە، بەڵام ئەگەر رێم بدەن، بەرلەوەی بچینە نێو باسەکەوە، دەمەوێ ئاماژە بۆ شتێکی دی بکەم کە پێوەندییەکی نێزیکی بە سەمینارەکەی ئەوڕۆمانەوە هەیە.

وەك دەزانن، ئەوڕۆ ٢٢ ی ئەیلوول، ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێیە لە ئەڵمانیا و ئەزیش کە یەکێکم لەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، لەناخی هەست و هۆشمەوە هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە دەنگ بۆ هیچ حیزبێك نەدەم. ئەم بڕیارەش وەنەبێ هەر لەوەوە هاتبێ کە خۆم سەرنجێکی ئەرێنی (ایجابی) م نییە بەرامبەر حیزبایەتی و دڵم پڕ بووە لە بەڵێنی تەفرەدەرانەی کاربەدەستە خۆپەرستە برسی کورسییەکانی حیزبەکان، پێش هەڵبژاردن، بەڵکو ئەمجارە هەڵوێستی حیزبەکانی ئەڵمانیا بەرامبەر کێشەی عێراق، بەتایبەتی **سۆسیال دێمۆکرات و کەسکەکان** منی والێکرد کە تەنانەت بۆ بێزاریدەربڕینیش بێ بەرامبەر یەکێکیان، دەنگ بۆ نەیارەکەشی نەدەم. چۆنکە هەڵوێستی حیزبەکانی ئەڵمانیا، هەموویان، بەرامبەر کێشەی عێراق، هەرچەندە بەسەرزاری بەنێوی ئاشتیخوازی و بەربەرەکانێی جەنگەوە پێشاندەدرێ، بەڵام لە ئەنجامدا هەر پشتگیرییە بۆ رژێمی سەددام و خراپەکارییە لە گەڵ نەتەوەی کوردی زۆرلێکراو و خەڵکی ڕەشوڕووتی عێراق و گشت مرۆڤی لێقەوماو. بەکورتی کار گەیشتووەتە ئەوەی **کانسلەری ئەڵمانیا گێرهارد شرۆیدەر** دەبێژێ: **«تەنانەت ئەگەر کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕیارێك بدا بۆ**

پەلاماردانە سەر عێراق، ئەوا حکوومەتی بەڕێزی، ئەگەر هەڵبژێردرایەوە، هەر دژی ئەوە دەوەستێ و، ئەڵمانیا لە شەڕدا دژی عێراق بەشدار نابێ». واتە، ئەویش وەك سەددام دژی بڕیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەوەستێ. ئەمەش لە کاتێکدا لەشکری ئەڵمانیا، بەڕازیبوونی شرۆیدەر خۆی و سەرکردەی کەسکەکان "**یۆشکا فیشەر**" و تەواوی بەرهەڵستکەرانی نێو پەرلەمانی ئەڵمانیا، لەشکریان کردە سەر **یۆگسلاڤیا** و سەربازی ئەڵمانی خوێنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی یۆگسلاڤیای رشت. ئەمە لە ئەفغانستانیشدا هەروایە. ئەرێ، بانێکە و دوو هەوا. سەیر ئەوەیە وەزیری دادگەریی ئەڵمانیا خانمی "**هێرتا دۆیبلەر گمێلن**" تاکتیکی **جۆرج بوشی بەرامبەر سەددام بە تاکتیکی هیتلەر چواند.** ئەمەش پشتگیرییەکە بۆ مانەوەی سەددام، سەددامی هیتلەری عێراق کە دەستی بەخوێنی نیوملیۆن کورد و یەك ملیۆن ئێرانی و هەزاران عێراقی سوورە. ئەمەش هەر بۆ راکێشانی دڵی دەنگدەران لە لایەکەوە و، لە لایەکی دیکەشەوە لە ترسی ئەوەی کە رووخانی رژێمی سەددام گەلێك نهێنی دەردەخا کە لەوانەیە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان، بەتایبەتی ئەڵمانیادا نەبێ، لەبەر ئەوە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەورۆ، هەرچی چۆنێك دەربچێ، ئەوا بەلای منەوە وەك یەکە. ئەوجا ئێستە با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان و بۆ ئەوەی هەموومان لەم سەمینارەدا بەشداربین، ئەوا باسەکە دەخەمە چوارچێوەی چەند بابەتێکەوە کە تکام وایە ئێوەش، ئەگەر ویستتان، بیروڕای خۆتان لە بارەیانەوە دەرببڕن.

ئەو بابەتانەی دێنە پێشەوە ئەمانەن:

١ ــ ئەمریکا کە لەشکری سەددامی لە کوێت دەرکرد، دەیتوانی بکشێتە عێراقەوە و رژێمی سەددام بڕووخێنێ، بەڵام ئەو هەلەی لە دەست خۆی دا و، ئەم باسەشم بە دوورودرێژی لە رۆژنامەی «میدیا» دا رۆنکردووەتەوە و کۆپیی ئەو وتارە بە ژمارەیەکی زۆر لەسەر مێزەکە دانراوە و ئەوی دەخوازێ دەتوانێ بیخوێنێتەوە، تەنێ دەمەوێ ئەوە بێژم کە ئەو رۆژە ئەمریکا هەڤالبەندێکی یەکجار زۆری هەبوو. لەماوەی ئەم ١١ ساڵەدا گەلێك هەڤالبەند لە ئەمریکا دوور کەوتنەوە و هەریەکە لەبەر هۆیەکی جیا لە هۆی ئەوی دیکە. بۆ جاری دووەم ئەمریکا پاش پەلاماری تێرۆریستانەی ١١ی ئەیلوول هەلێکی نوێی دەستکەوتەوە بۆ پەلاماردانی سەددام،

بەلاّم ئەوەشی بەکار نەهێنا و ئەوەتە ئەمریکا وایلێهاتووە کەسی وای لەگەڵ نییە. ئەوجا ئێستە ئەم پرسیارە روو لە هەموومان دەکا، ئایە ئەگەر ئەمریکا لە گەڵ هەڤالبەندان، یان بەتەنێ، پەلاماری عێراقی دا، دەبێ هەڵوێستی کورد چ بێ؟ دیارە کورد نەلە دژی پەلاماری ئەمریکا دەوەستن و نە دەشتوانن بوەستن، بەلاّم ئایە دەتوانن بێلایەن بوەستن؟ خۆ ئەگەر ویستیان، یان بە پێویستیان زانی بەشداریبکەن، لەچ هەلومەرجێکدا ئەوەیان پێدەکرێ و بەشداریکردنیان دەبێ لەچ شێوەیەکدا بێ؟ ئەمەش لەکاتێکدا کە کورد حکوومەتێکی یەکگرتوو و سوپایەکی یەکگرتووی پڕچەك و خۆئامادەکردنێکی لۆجیستیی پێویستە بۆ ئەوە. ئایە سووت و زیانی کورد لە بەشداریکردنیدا چ دەبێ؟

(٢) ــ ئایە نەدەبوو تا ئێستە کورد پەرلەمانێکی رەوایەتیداری (شرعی) لەرێی هەڵبژاردنێکی نوێوە بیوایە کە دەستوورێکی بنچینەیی بۆ کۆمارێکی فیدەراڵی دابنێ و سنووری باشووری کوردستان بە تەواوی دەستنیشان بکا بەپێی راستینەی مێژوویی و جوگرافیایی باشووری کوردستان، کە **ستانەکانی مووسڵ و کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و زۆربەی خاکی هەردوو ستانی کۆنی (دیالە و کووت** دەگرێتەوە). ئەمە بەداخەوە تائەوڕۆ نەکراوە، ئەگەرچی ئەمە ٧ ساڵە تکا لە هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار دەکەم بۆ ئەمکارە. راستە، باسی فیدەراڵیزم کراوە و دەکرێ، بەلاّم فیدەراڵیزم شێوەی زۆرە، لەبەر ئەوە دەبێ کورد بەزوویەکی زوو ئەو جۆرە فیدەراڵیزمە کە مەبەستێتی بێپێچوپەنا دیاریکا. وەك لە وتاری نێوبراودا باسمکردووە، پێویستە سێ کۆماری فیدەراڵی هەبێ، باشووری کوردستان، بەغدا، بەسرە. ئەمەش پێوەندیی بە کورد و شیعە و سوننییەوە نییە، بەڵکو دابەشکردنەکە لەباری جوگرافیاییەوەیە.

(٣) ــ داخوازیی جۆرج بوش (کوڕ) لە کۆنگرەی ئەمریکا ئەوەیە دەسەلاّتێکی فراوان بدرێ پێی بۆ پەلامارێکی لەشکریی بۆ سەر عێراق کە وادیارە مەبەستی جۆرج بوش هەر عێراق نەبێ، بەڵکو لە عێراق گەورەتر و ئێران و رەنگە سووریاش بگرێتەوە. راستییەکەی جارێ ئاشکرا نییە، ئایە کۆنگرەی ئەمریکا ئەو مافە دەدا بە جۆرج بوش یان نا، چۆنکە ئێستە لە کۆنگرەی ئەمریکا قسە لەوە دەکرێ کە داخوازییەکەی بوش چاوی پێدابخشێنرێتەوە و سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە. بەلاّم ئەگەر

جۆرج بوش ئەو مافەی وەرگرت و پەلاماری هێنایە سەر ئەو دەوڵەتانە، دیارە دەرفەتێکی نوێ بۆ کورد دروستدەبێ وەك ئەو دەرفەتەی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم کە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی رووخا و **پەیمانی سێڤر** هاتەکایەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایە کورد دەتوانن سووت لەو دەرفەتە وەربگرن، ئەمە لە کاتێکدا کە ئاشکرایە دەوڵەتی ترك کە بۆ بەرژەوەندیی چاوچنۆکانەی خۆی هەڤاڵبەندی ئەمریکایە، دژ دەوەستێ بەرامبەر بەوەی دەوڵەتێکی کوردستانی دابمەزرێ. تەنانەت ئەگەر لە ئەرجەنتینیش بێ، وەك وەزیرێکی دەوڵەتی ترك گوتی. ئایە دەوڵەتی ترك دەتوانێ لەو کاتەشدا رێ لە هاتنەکایەی کوردستانێکی سەربەخۆ بگرێ؟ پاشان ئایە هەڵوێستی فارس و عەرەب چ دەبێ؟ ئەمە لە کاتێکدا کە **کێشەی ترکە ئازەرییەکان و ترکەکانی ئێران و بلووجەکانی ئێران دێتە پێشەوە کە ئەودەمە دەوڵەتی ترك خۆیدەکا بە کوێخای ترکەکانی ئێران و پاکستانیش بە کوێخای بلووجەکان.**

(٤) ــ ئایە کورد لە عێراقدا دەتوانێ ببێ بە خاوەنی مافی خۆی، ئەگەر هەولنەدا دەسەلاتی نێوەندیی بکەوێتە دەست؟ ئەگەر هاتو دەسەلاتی نەکەوێتە دەست، مەترسیی ئەوە نابێ هەر ساتێك کە عەرەبە شۆڤێنییەکانی عێراق ویستیان، بتوانن جارێکی دی **«ئەنفال»** لە کورد بکەنەوە و کوردستان کاول بکەنەوە؟ ئایە گەرەنتی هەیە بەرامبەر بەوە؟ گەرەنتییەکە هەر بە نووسینە یان قسە؟

(٥) ــ بێگومان کێشەی **فەلەستین** کێشەیەکی گەورە و سەخت و ئاڵۆزە لە رۆژهەلاتی ناڤیندا و بە بیروڕای من ئەگەر فەلەستینییەکان سیاسەتکاری باشیان هەبووایە، هەلی باش لەبەر دەمیاندا هەبوو بۆ گەیشتنە هێندەك لە ئامانجەکانیان، بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەلاتی سەرۆك وەزیران **یەهوود باراك و ئیسحاق رابیندا.** باوەڕ بفەرموون، جاران وامدەزانی کە هەر ئێمەی کورد لە سیاسەتدا کۆڵەوارین، دوایی دەرکەوت بۆم کە لە ئێمەش کۆڵەوارتر هەن. ئەمەتە پاش ئەوەی فەلەستینییەکان، ئەو هەلە باشانەیان لەدەست خۆیان دا، سەرۆکوەزیرانی ئەورۆی ئیسرائیل **ئەریەل شارۆن** دەیەوێ بە ملهوڕی و زۆری زۆردارەکی و سووتوەرگرتن لە کرداری هێندەك کۆمەڵەی دەستوەشێنی وەك **جیهاد و حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان** و بێدەسەلاتیی و گامەسلەکیی دەوڵەتە عەرەبەکان، نەخشە و پیلانی خۆی بەسەر فەلەستینییەکاندا بسەپێنێ، ئایە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، پاش پەلاماردانە

سەر عێراق و زاڵبوون بەسەریدا، چ کارکردێك (تاثیر) ی دەبێ لەسەر کێشەی کورد، بەتایبەتی لەورووەوە کە ئسرائیل و دەوڵەتی ترك هەڤاڵبەندی یەکن! ئەوجا ئەگەر پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق بیێتە هۆی رووخانی رژێمی ئێران و سووریا، کە دوو دوژمنی ئیسرائیلن، گەلۆ ئەو دەمە نرخی دەوڵەتی ترك بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا هەروەك ئێستە دەمێنێ؟.

(٦) ــ زۆرجار بەرهەڵستکەرانی عێراقی دژبە رژێمی سەددام، بەتایبەتی ئیسلامییەکانی سەربە رژێمی تاران و ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی سەربە رژێمی سووریا و، تەنانەت حیزبە کۆمۆنیستە عەرەبەکانیش و لەنێو ئەوانەدا پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەبێژن، رووخانی رژێمی سەددام تەنێ کاری "گەلی عێراق" ە و، لە دژی پەلاماری ئەمریکا بۆسەر عێراق دەوستن. ئەم هەڵوێستەشیان هەرلە هەڵوێستی فەرمانداراانی دەوڵەتە عەرەبەکان دەچێ کە لە ترسی عێراقێکی دێموکراتی و کوردستانێکی ئازاد، خۆیاندەخەنە پاڵ سەددامەوە، دیارە رووسیا و **چین** و زۆربەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش بۆ بەرژوەندیی خۆیان هەر ئەو قسەیە دەکەن، ــ

ئایە بەڕاستی گەلی عێراق دەتوانێ بێیارمەتی هێزێکی سوپایی دەرەوە، رژێمی سەددام بڕووخێنێ؟ ئایە ئەگەر هێزی لەشکریی سوێندخۆران و لەپێش هەموویانەوە ئەمریکا و، بەریتانیا، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، بەهێزی چەك رژێمی نازی نەخستایە، بەرهەڵستکارانی ئەڵمان پێیاندەکرا رژێمی نازی لەنێو ببەن، کە ئەورۆ سیاسەتکارانی ئەڵمانیا ئەم قسەزلانە دەکەن و، ئەم سپڵەییە دەنوێنن؟.

(٧) ــ شەڕی خۆکوژیی نێوان **پارتی و یەکێتی**، بووبە هۆی بەهێزبوونی تۆرانێتی و ئیسلامی رامیاری لەنێوچەی نەفرینی باشووری کوردستاندا و **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەلێك «تنازلات»ی تا ئێستە کردووە بۆ تۆرانییەکانی سەر بە «بەرەی ترکمان» کە دان بەبوونی کوردستاندا نانێن و، دەسکەلای رژێمی ترکن**، هەروەها ئیسلامییەکان، چ لەنێوچەی یەکێتی و چ لەنێوچەی پارتی، گەلێك مافیان پێدراوە، لەکاتێکدا کە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە ٥٪ کەمتریان هێنا، ئێستەش هی وایان تێداهەڵکەوتووە وەك

"انصارالاسلام" کە بە چەك شەڕی یەکێتی و پارتیش دەکەن. کاربەدەستانی یەکێتی دەبێژن کە "انصارالاسلام" سەربە کۆمەڵی **"القاعدە"** و **بن لادنن** و ژمارەشیان (١٥٠ ــ ٤٠٠) کسێك دەبێ. ئێستە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایە ئەمانە بەفڕۆکە لە ئەفغانستانەوە هاتنە "فڕۆکەخانەی **تەوێڵە و بیارە**" و چل گوندیان داگیرکرد و، هەر بە "فڕۆکە" تۆپی هاوەن و چەکی قورسیان" گەیاندە گوندی **"خێلی حەمە"**؟ پاشان ئایە ئەم چەند سەت چەکدارە بە بای خودێ دەژین، وەك کوردەکە دەبێژێ؟ یان پێویستیان بە نان و ئاو و دەرمان و گەلێك شتومەکی دیکەیە، گەلۆ ئەم ئازووخەیە لەکوێوە دێ بۆیان؟ **ئەوەش پێویستە بێژم کە ئەمانە ئەم هەموو یارمەتییەیان لە پارتی و یەکێتی وەرگرت، لە کاتێکدا نەتەوەییەکانی کورد یەك بیرۆی چەند مەترە چوارگۆشەییان پێنەدراوە، بەتایبەتی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هاوبیری هێژا جەواد مەلا کە خۆی ئەوەتە لەم سەمینارەدا بەشدارە و، بەوپەڕی دڵەوە بۆ مان و خانۆچکەکەی کورد تێدەکۆشێ.**

ئێستەش پاش پشوویەکی کورت تکایە هەریەکە بیروڕای خۆی بەوپەڕی سەربەستییەوە دەربڕی و رەخنەی خۆی بخاتەڕوو، بەلام تکایە بەشێوەیەکی دێمۆکراتانە و هێمنانە و بێ رووشاندنی هەستی هیچ لایەك و زۆر سوپاس.

— — —

چەند تێبینییەك لەسەر سەمیناری هانۆڤەر!

مامۆستا جەمال نەبەز لەکاتی باسکردنی هەڵوێستی ئەڵمانیا بەرامبەر پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق چەند وێنەیەکی کۆنی **"گێرهارد شرۆیدەر"** و سەرکردەکانی **کەسکەکان** لە گەڵ **جەلال بارزانی** پێشاندا و، گوتی ئەمانە دۆستی جەلال بوون کە ئەوەتە خۆی لێرەیە. تکایە بپرسن لێی بزانن شرۆیدەر و فیشەر ئەورۆ سلاو دەکەن لێی؟ کاك جەلال بارزانی گوتی "نەێ".

— — —

بەرلەوەی سەمینارەکە دەستپێبکا بەرێزان، **مامۆستا جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** و **بروسك ئیبراهیم بەرپرسیاری پێوەندیی دەرەوەی کۆنگرەی**

نیشتمانیی کوردستان KNC وتاری خۆیان پێشکێشکرد و هێندێك باسی تێکۆشین و ئامانجی کۆنگرەیان کرد.

ئەم سەمیناره پتر لە سێ کاتژمێر درێژەی کێشا. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و دۆستانی KNC کە لە شارە دوورەکانی ئەڵمانیا دەژین نەیانتوانی ئامادە بن، چونکە دەبوو رۆژی دووشەممە بەیانی زوو، هەریەکە لەسەر کاری خۆی بێ، لەگەڵ ئەوەشدا سەت کەسێك بەشداریيان کرد. برێکی باش کاتەکە تەرخانکرابوو بۆ وتووێژی ئازاد و ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران بیروڕای خۆیان دەربڕی و زۆربەی زۆری قسەکەران بێزاریی خۆیان بەرامبەر هەڵوێستی حکوومەتی ئەڵمانیا پێشاندا کە بەنێوی پاراستنی ئاشتییەوە رژێمی سەددام دەپارێزن. یەکێك لە بەشداران گوتی: «ئاشتی شتێکی رەوایە، بەڵام ئەم قسەرەوایە کاری نارەوای سەددام دەشارێتەوە». دوو بەشدار کە سەر بە «پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق» بوون گوتیان: «ئەمریکا دەیەوێ بێتە عێراقەوە و نەوتی کوردستان داگیربکا ئەوجا دەستبگرێ بەسەر نێوچەی کەنداودا». چەند کەسێکی دیکە گوتیان: «ئەمریکا بەخێربێ بۆ کوردستان. ئێمە تا ئێستە چیمان لە نەوتەکەمان بەرکەوتووە؟». یەکێکی دیکە گوتی: «هێندێ جار باسی مردنی منداڵانی عێراق دەکرێ بەهۆی گەمارۆدانی عێراقەوە. ئەمە راستە. بەڵام باسی هەزاران کورد و عێراقی ناکرێ کە سەددام لە بەندیخانەدا دەیانکوژێ و زمانیان دەبڕێ و چاویان کوردەکا و لە وڵاتی خۆیان دەریاندەپەڕێنێ». یەکێکی دیکە گوتی: «باشە کێ بەرپرسیارە لە مردنی منداڵانی عێراق؟ سەددام بەرپرسیارە!». یەکێکی دیکە گوتی: «باشە بۆچی منداڵانی نێوچەی رزگارکراوی کوردستان بەو شێوەیە و بەو زۆرییە نامرن و منداڵانی ژێردەستی سەددام بەوجۆرە دەمرن، سەددام خۆی بەرپرسیارە». یەکێکی دیکە کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، روویکردە ئەو دوو بەشدارەی کە سەربە "پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق» ن و گوتی: «بزووتنەوەی کوردایەتی مارکسیست لێنینیست و ئیسلامییەکان شێواندیان. ئێوە باشدەناسم، چونکە خۆشم کاتی خۆی مارکسیست لێنینیست بووم». یەکێك لەو دوو "کۆمۆنیستە کرێکارییە" روویکردە مامۆستا جەمال نەبەز و گوتی: «تۆ باسی عەرەبیی جلفەت کرد بۆ نزمکردنەوەی سەرکردەکانی عەرەب، خۆ سەرکردەکانی

کوردیش بە کوردییەکی شەقوشڕ قسەدەکەن!».

(سەرنج!

کاتێك یەکێك لە بەشداران باسی مەترسیی ئەوەیکرد کە ئەفسەرێکی عێراقی لەکاتی پەلاماری ئەمریکادا هەڵ هەڵکەوێ بۆی و، خوتبەیەك بدا و سەربازەکان بنێرێ بۆ شەڕ دژی کورد. مامۆستا جەمال نەبەز بۆ پێکەنین گوتی: "خوتبەکەی بە عەرەبیی جلفە دەدا").

مامۆستا جەمال نەبەز لەوەرامی رەخنەی بەشداربووی کۆمۆنیستی کرێکاریدا گوتی: «ئەو قسەیەی بەڕێزت راست نییە. هەربۆوێنە مام جەلال بەکوردییەکی جوانی رەوان قسە دەکا و، تەنانەت هێرۆخان ژنی مام جەلال بەکوردییەك قسە دەکا ئەگەر بەڕێزت پێنج ساڵی دیکەش خەریکی فێربوونی زمانی کوردی بیت، ناتوانیت بەو کوردییە قسە بکەیت. پاشان ئەگەر کوردێك زمانی خۆی باش نەزانی، گوناهی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆی داگیرکەرانی کوردستان کە رێنادەن زمانی خۆمان بەباشی فێربین. بەڵام بۆچی دەبێ کوردێکی وەك من، بێ گرێوگۆڵ بە عەرەبی قسە بکەم و بنووسم و ئەویش، کە خۆی عەرەبە و لافی سەرکردەیەتیی لێدەدا، زمانی خۆی بەباشی نازانێ، لەکاتێکدا هیچ بەرهەڵستێك نییە لەبەردەم فێربوونی زمانی عەرەبیدا و ئەویش هەموو ساتێك باسی "عروبە" بکا بۆمان؟».

کاتێك مامۆستا جەمال نەبەز باسی حکوومەتی کوردستانی کرد، یەکێك لەو دوو کۆمۆنیستە کرێکارییە گوتی: «کام حکوومەتیان؟» مامۆستا جەمال نەبەز گوتی: «پێم خۆش نییە کە دوو حکوومەتن، بەڵام عەرەبەکان ٢٤ حکوومەتیان هەیە، جارێ با کوردیش دوو حکوومەتی هەبێ». ئەم قسەیە بە چەپڵەی گەرمی بەشداران وەرامدرایەوە. یەکێك لە بەشداران گوتی: "بۆچی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە گەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی و کۆنگرەی کوردی ئەمریکا یەکناگرن؟». بەڕێز مامۆستا جەواد مەلا گوتی: **«کۆنگرەی نەتەوەیی ــ برۆکسل کۆنگرەیەکی سەر بە پێ کێ کێ یە. کۆنگرەی نەتەوەیی نابێ سەر بە هیچ حیزبێك بێ. کۆنگرەی ئەمریکاش کۆنگرەیەکی خوێندکارانەیە. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، کۆنگرەیەکی ناحیزبی و گشتییە کە هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو حیزب و کۆمەڵ و رێباز و کەسایەتییەکانی کوردستان دەدا لەژێر چەترێکی نەتەوەییدا»**. یەکێك لە بەشداران

گوتی: "بۆچی کۆنگرە ئەمە و ئەوە ناکا؟" مامۆستا جەواد مەلا لە وەرامیدا گوتی: «ئێمە هەر هێندەمان لەدەستدێ. تۆ فەرموو وەرە نێو کۆنگرەوە و بۆ ئەو شتانەی دەفەرموویت کار بکە. دەرگەی کۆنگرە دانەخراوە لەبەردەم کەسدا ...».

یەکێك لەو دوو کۆمۆنیستە کرێکارییە بە مامۆستا جەمال نەبەزی گوتی: «تۆ نێوانت لە گەڵ سەرکردەکانی کورد باشە و ئەو نامانەش بڵاو دەکەیتەوە کە دەینێریت بۆیان، بەڵام تا ئێستا بە ئێمەت نەگوتووە، ئەوان بەرامبەر بەو داخوازییانەی تۆ چ دەڵێن؟». مامۆستا جەمال نەبەز گوتی: «داخوازیی گەورەی من لەوان ئاشتی و پێکەوە کارکردنە و، زانانەبەریانە بۆ یەکگرتن و، ئەوانیش بەڵێنیان داوە کە بۆ ئەوە کاربکەن و ئەم هەنگاوەی دواییش لە سەلاحەدین ئەنجامی هەوڵوتەقەلای هەموو لایەکمانە. لەبارەی ئێوەشەوە "پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق" پرسیارمکردووە لێیان، ئەوان دەبێژن کە سەربەستییان داوە بەئێوە بۆ کارکردن و پارەیان داوە پێتان ..». لێرەدا هەردووکیان قسەکەیان بڕی پێی و گوتیان «نە. ئەوە درۆیە .... مامۆستا جەمال نەبەز گوتی: «باشە ئێوە دەتانەوێ پێتان بڵێم ئەوان چییان گوتووە و منیش گوێم بۆ هەموو قسەکانتان راگرت. بەڵام ئێوە رێنادەن بیروڕای وان بگەیەنم پێتان ... .»

سەمیناری هانۆڤەر دوانگەیەکی ئازاد بوو بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و بەشداران خۆشیی خۆیان دەربڕی بە چەپڵەرێزان.

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێز مامۆستا جەواد مەلا، سوپاسی ئەندامان و دۆستانی KNC لە هانۆڤەر (ئەڵمانیا) کرد، بۆ رێخستن و سازدانی ئەم سەمینارە.

«میدیا» ژمارە (١٣٣) ساڵی حەوتەم ٢٠٠٢/١٠/١

نەتەوەییەکانی کورد و
کاربەدەستانی «هەرێمی ئاسایش»

ئەوانەی ئاگاداری کاروباری رامیارین، چ لە کوردستان بن، یان لە دەرەوەی ولاٚت، زۆر باشدەزانن کە نەتەوەییەکانی کورد، هەرلە پاش دامەزراندنی «هەرێمی ئاسایش» ەوە تا ئەورۆ، بێوچان هەوڵیانداوە لەپێناوی ئەوەدا کە ئاشتی نەتەوەیی لە کوردستاندا جێگیربێ و حیزبحیزبێنە شوێنی خۆی بدا بە نیشتمانپەروەری و، بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی بێتە سەرپەڕەی دەفتەری رەوشت و نەرێتی کوردەواری، بۆئەوەی بتوانرێ سووت لەو هەڵە مێژووییە تاکهەڵکەوتووە وەربگیرێ کە بوو بە هۆی ئەوەی نێوچەیەك لە باشوور بکەوێتە دەست کورد خۆی، تاکو خانۆچکەیەك بۆ کورد بنیاتبنرێ. بەلاٚم زۆربەداخەوە، تەنگەتیلکەیی حیزبحیزبێنە و زۆرانگرتنی ناشیانە لەسەر دەسەلاٚت و دەستبردن بۆ چەك لەباتی کێبەرکێی خزمەتی گەل و راکێشانی دلی جەماوەر، شەڕوشۆرێکی وا چەپەلی لە باشووردا هەڵگیرساند، کە ئەوەتە ئەنجامەکەی بەچاوی خۆمان دەبینین و دیارە داروپەردوو و پارچەوپۆڕی ئەم شەڕەزرتانێیەی کورد، هەروا بەمزووانە و بە هاسانی کۆناکرێتەوە بۆمان. ئەمە لە کاتێکدا کە داگیرکەرانی کوردستان رۆژبەرۆژ لە یەك نێزیکدەبنەوە و خۆیان لە گەڵ دەسەلاٚتدارانی جیهان، بەتایبەتی ئەمریکا رێکدەخەن. کورتوکرمانجی، وەك لە وتاری پێشوومدا نووسیبووم، "کوردستان وا بەسەر دەستی چەند دێوێکەوە".

ئا لەم بارە نازکە و لەم رۆژگارە تەنگانەیەدا و، لە پاداشی چاکەخوازی و دلسۆزیی نەتەوەییە ئازادیخوازەکانی کورددا، دەسەلاٚتدارانی کورد دژایەتیی نەتەوەییەکانی کورد دەکەن. ئەمەش نەك بەشێوەیەکی بابەتانە و راستەوخۆ و رووبەڕوو، بەڵکو دزانە و لە پشتەوە تێسرەوێنەرانە. **سالاٚنی سالە بەڵێن بە نەتەوەییەکان دەدەن کە رێیدەن پێیان، رێکخراوێك لە هەرێمی ئاسایشدا بەنێوی «کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان» ەوە بەرەسمیی کاربکا، کەچی هەردەمە بەجۆرێك و بە بیانوویەك دەستیدەستیدەکەن پێیان و، بە پێچەوانەی ئەمەوە دەچن هەموو مافێك بە تۆرانییەکان و بەوانە دەدەن کە پێ بە سێبەریاندا دەنێن.** لە دەرەوەی ولاٚتیش لە گەڵیاندا کۆدەبنەوە، وەك ئەو کۆبوونەوەیەی کە نوێنەرانی **پارتی و**

یەکێتی و KNK (واتە پیْ کیْ کیْ) لە لەندەن لەرۆژی ۲۰۰۲/۱۰/۱۵ دا پێکەوە کردیان بە بانگێشتی دەزگەی Liberation (لیبەرێشن)، بەلاّم کە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان جێژنی چروپڕ سازدەکا و ئەمانە بەرێزەوە گاز دەکا، یان نایەن، یان تاکە یەك کەس دەنێرن کە ئەوانیش بەنێوی خۆیانەوە قسەدەکەن، نەك بەنێوی کۆمەڵە، یان حیزبەکەیانەوە و، رۆژنامەکانیشیان یەك وشە لەو بارەیەوە نانووسن.

ئەم هەڵوێستە نادۆستانەیەی کاربەدەستانی "هەرێمی ئاسایش" بەرامبەر نەتەوەییەکانی کورد لە کاتێکدا دەبینریْ کە هێندەك لەو کاربەدەستانە بە دەم و بە نووسین پەسنی داگیرکەرانی کوردستان دەدەن و بە دۆستی خۆیان و کورد دەیاندەنە قەڵەم. لێرەدا بەوکاربەدستە سەرلێتێکچووانە دەبێژم کە پەندێك لە چارەنووسی ئۆجەلان و مەلا کرێکار و کوڕەکەی بن لادن وەربگرن.

مەلا کرێکار سالاّنی ساڵ خۆی و خێزانی وەك پەنابەر لە **ئۆسلۆ (پێتەختی نەرویج)** دەژیا و چالاکیی ئیسلامیستانەی خۆی دەنواند و چەند جار و چەند جار سەردانی ئێرانی دەکرد و دەگەڕاوە و کەسیش پێینەدەگوت **"بەری چاوت کلی پێوەیە"**. هەر لە ئۆسلۆش رۆژنامەیەکی بەزمانی عەرەبی دەردەکرد کە لە سەرەتاوە نێوی **"کردستان"** ی پێوە بوو و گوایە بلاّوکراوەی **"مکتب الاعلام الکردی"** بوو. دوایی لەسەر داخوازیی رژێمی مەلاکانی ئێران وشەی **"کردستان"** و **"کردي"** یەکەی لێلابرد و کردی بە **"مکتب ازمر"**. بەلاّم ئەم گۆڕاپەلییە فریای **مەلا کرێکار** نەکەت. پاش پەلاماری ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان، کە مەلاکان دەرکەوت بۆیان هاسنەکەی ئەمریکا داخە، ئەوە بوو ئەمجارە مەلا کرێکار دەیویست لە ئەورووپاوە بە تاراندا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لە تاران گرتیان و لەباتی ئەوەی هیچ نەبیْ بیدەنە دەست کاربەدەستانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە گوایە "هاوپەیمانی ئێرانن" یەکسەر دایانە دەست هۆلەند و لەوێش تۆمەتی ئەوەیان خستەپاڵ کە گوایە لە "ئەردەن بازرگانیی بە تریاکەوە کردووە". ئەردەنیش داوای ئەوەیکرد مەلا کرێکار بدەنە دەستی. هۆلەندە زۆریاش دەزانیْ کە ئەگەر ئەمریکا داوای مەلا کرێکار بکا ناتوانن بینێرن بۆ ئەمریکا، چۆنکە لە ئەمریکا سزای مراندن (عقوبة الاعدام)

هەیە و لە ئەوروپا ئەو سزایە نییە. بەلاّم لەوانەیە ئەردەن ڕەوانەی ئەمریکای بکا. بێگومان ئەگەر مەلا کرێکار دڵنیانەبوایە لەخۆی، بە تاراندا نەدەهاتەوە کوردستان. بێجگە لەمەش هەر ڕژێمی مەلاکان لەم ماوەی دواییدا (٣٠٠) هاوکاری کۆمەڵەی "القاعدە" و لەنێو ئەوانەدا کوڕەکەی بن لادنی دایە دەست پاکستان و عەرەبستانی سعوودی. ئەمە لەکاتێکدا کە ڕژێمی مەلاکان هەتا ئەم ڕۆژانەی دوایی دەیگوت یەك ئەندامی "القاعدە" لە ئێراندا نییە.

ئەمەیان ئێران. **سووریاش هەرلە ساڵی ١٩٦٦ەوە کە کودەتای حافز ئەسەد ڕوویدا و میشل عەفلەق لە سەرۆکایەتیی بەعس لابرا و رایکردە لوبنان وئەوجا عێراق، تا** کۆتاییی نەوەتەکانی سەتەی ڕابوردوو، شەڕی ڕژێمی عێراقی دەکرد و بەعسی عێراقی بە دوژمنی خوێنینی خۆی دەدایە قەڵەم. بەلاّم دووساڵێك لەمەوبەر بایدایەوە و، خۆی لە عێراق نێزیککردەوە و گەلێك پەیماننامەی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ ڕژێمی سەددام بەست و پارەیەکی باشی دەستکەوت و، لەمەوە ساردییەکی تەواو کەوتە نێوان کاربەدەستانی سووریا و ئەو بەرهەڵستکەرە عێراقییانەی لەوێ دەژین و دەنگۆ هەبوو کە بیرۆکانی حیزبە کوردی و عێراقییەکان لە سووریادا دادەخەن. بەلاّم کە سووریا زانی ئەمریکا بەڕاستیەتی و دەیەوێ لە سەددام بدا و، سۆڤیێتە کۆنەکەش نەماوە سووریا بپارێزێ، ئەوجا جارێکی دی بایدایەوە و گێڕی گۆڕی و، ئەوەتا فڕۆکەی تایبەتی دەنێرێ بۆ قامیشلی کە مام جەلال و هاوڕێیەکانی لەوێوە ببا بۆ دیمەشق و لە دیمەشق لە سالۆنی شەرەفدا دایدەبەزێنن و لەماوەی دە ڕۆژاندا سەرکردەکانی سووریا چەند جار لە گەڵ مام جەلال کۆدەبنەوە، بەلاّم دەزگەکانی ڕاگەیاندنی سووریا هیچ باسی ئەم میواندارێتی و وتووێژانە ناکەن، نەبا ئەمریکا پەلاماری عێراق نەدا و سەددام، یان داروودەستەکەی لەسەر کار بمێنن و ڕۆژێك بێ پێیان بێژن: "ها سپلەیینە! ئێوە مام جەلال و ئەندامانی حکوومەتەکەیتان بەڕەسمی وەك سەرۆکدەوڵەتێك پێشوازی کرد".

ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕژێمی سووریا چەند هەفتەیەك بەرلەوەی کۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار لەسەر پێشنیازەکەی ئەمریکا و بەریتانیا بدا، دەیگوت لەدژی ئەو پێشنیازە دەوەستێ، کەچی کە کات هاتە سەر دەنگدان، لە پڕ سووریا دەنگی بۆ دا.

سەیرەکە ئەوەیە، سەرکردەی هەموو حکوومەتێك، یان دەوڵەتێك، بەنێوی حکوومەت، یان دەوڵەتی خۆیەوە قسەدەکا، تەنانەت ئەگەر لەرێی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی حیزبەکەشیەوە، سەرکردەیەتیی دەستکەوتبێ، بەلام ئەمانەی ئێمە، زۆربەداخەوە، هەر وتووێژێك دەکەن، یان هەر تەلگورافێکی پیرۆزبایی لێدەدەن، هەر بەنێوی حیزبی خۆیانەوە دەیکەن. ئەوجا چۆن خەڵك ئێمە وەك نەتەوەیەك تەماشا بکەن؟.

لە کۆتایی ئەم چەند دێرەدا دەمەوێ ئەوە بخەمە بیر هەموو لایەك کە دژایەتی، یان دوژمنایەتیکردنی ئازادیخوازانی نەتەوەییی کورد، هیچ کەڵکێك بەنەیاران ناگەیەنێ لە پەژیوانی و پاشگەزبوونەوە پتر، چونکە لەوانەیە رۆژانی یەکجار سەخت و ناخۆش بێنە رێمان. لەبەر ئەوە کەس نابێ لەخۆیایی بێ. مرۆڤی ژیر، ئەگەر بەدرێژاییی خۆیدا روانی، بە پانایی خەڵکیشدا دەڕوانێ.

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە (٢٦) - نەورۆزی ٢٠٠٣ ی زاینی.
«میدیا» ژمارە (١٣٦) ساڵی حەوتەم رۆژی ٢٠٠٢/١١/١٦.

برای مێژوونووس دوکتۆر جەمال نەبەز

گەرمترین رێزوسڵاو پێشکێشتان دەکەم

دوو وتارم بۆتان ناردووە لە گەڵ بەرێز د. سەروەر لەبارەی چەواشەکردنی مێژووی کورد لەلایەن نۆکەری بەعسی **عبدالخالق سەرسامەوە** بە هاندان و پشتگیریکردنی نۆکەر و جاسووسانی بەعس وەك **سەلاح بەدرالدین و فیصل دەباغ و محمد خضر مەولوود و بەدران ئەحمەدی جاشی مامەن قەشقە**. زۆر کەس رەییان وایە کە بە هاندانی موخابەراتی بەعس کراوە لەبەر ئەم دوو هۆیانە:

۱ ــ حەساسییەتی رۆژاوا بەرامبەر بە سەلاحەدینی ئەیووبی کە ئەمە یەکێك بووە لە هۆیەکانی دروستنەکردنی دوڵەتێکی کوردی لەلایەن ئینگلیزەوە.

۲ ــ مەسەلەی بەعەرەبکردنی کوردستان، چۆنکە هێنانەوەی ئەسلی سەلاحەدین لە قەفقاسییەوە بۆ هەولێر و کردنی ئەم بنەماڵەیە بە گەورەی نێوچەکە، بەڵگە و بەهانەیەك دەخاتە دەستی رژێمی بەعس بۆ (تعریب) لە نێوچەی هەولێر، چۆنکە دەڵێ سەلاحەدین عەرەبە لەبەر ئەوەی لە تکریت لە دایکبووە و شەجەرەیەکیش لە چەندین سەرچاوەدا هەیە کە **ئەیووبییەکان** بە ئەسڵ عەرەبن کە **(اسماعیل بن طغتکین) ی برازای سەلاحەدین و پاشای یەمەن** دروستیکردووە. جا ئیتر رژێمی بەعس دەتوانێ بەپێی ئەم چەواشەکردنەی مێژوو بڵێ ناوچەی هەولێر عەرەبستان بووە ....

سەلاح بەدرالدینی موخابەراتی عێراقی تا ئێستا دووجار کتێبەچەواشەی **عبدالخالق (صلاح الئەیوبی من جدید)** ی چاپکردووە و نیازیەتی بۆ جاری سێیەمیش چاپی بکات.

زۆر کەس وایاندەزانی مێژوونووسانی کورد بەتایبەتی تۆ زۆر بە توندی بەرگریی لەمێژووی کورد دەکەن و فەزحی ئەم چەواشەکردنەی مێژوو دەکەن بە وتار و بە وتەکانی تەلەفزیۆنی، بەڵام مخابن هیچ دەنگێکتان نەبوو.

هیوادارم رەیی خۆتان لەمبارەوە بنووسن بۆ رۆژنامەی **(میدیا)** کە شتی باشی تێدا بڵاو دەکەن وەك چۆن بەرگریتان کرد لە سەرای سلێمانی و، ئەو هەڵوێستەتان دەنگێکی گەورەی پەیدا کرد.

زۆر کەس لێرە چاوەڕوانی رەیتانە.

لەگەڵ رێزم

براتان عبدالرقیب یوسف ــ ۲۰۰۲/۱۱/۱۵

بەهۆی رۆژنامەی «میدیا» و،
ماڵپەڕی «کوردبوون» ە وە،
پێشکێش بێ بە مامۆستا ئەبدولڕەقیب یۆسف،

سلاوێکی برایانەت لێبێ و هیوام شادی و سەرفرازیتە.

گلەییناماکەت کە رۆژی ١١/١٥ی لەسەر بوو، گەیشت پێم. پێش ئەوەش، ئەو بەڵگەنامانەی کە بەدەستی ناردبووتان، وەرمگرتن. سوپاست دەکەم. راستییەکەی، ئەز دەمێکە ئاگام لە خەباتی سەختی زانستکارانەی بەڕێزت هەیە لەپێناوی راگرتنی رووی دەستکارینەکراوی مێژووی نەتەوەی کورد و پاراستنی ئاسەوارە دێرینەکانی کوردستاندا.باوەڕ بفەرموو، پێموایە ئەگەر شتێك ببوایە بەنێوی «پرۆلیتاریای رۆشنبیری» یەوە، ئەوا ئەو زاراوەیە پڕ بە پێستی تۆ دەبوو. ئافەرین بۆ هەوڵوتەقەلای بێپسان و هەڵسووڕانی بێوچانت لەڕێی خزمەتی فەرهەنگی نەتەوەی کورددا.

کاکی بەڕێز:

تێکدانی مێژووی کورد لەلایەن هوردەبۆرژوای چڵێس و خۆبژێنی کوردەوە، بەدڵی داگیرکەرانی کوردستان، کە لە نامەکەتدا باستکردووە، نەلە دوێنێ و پێرێوە دەستیپێکردووە و، نەلە **«نالبەندکارییەکە» ی عەبدولخالیق سەرسامەوە (صلاح الدين الايوبي من جديد)** سەرچاوەیگرتووە. نووسینەکانی شوکری مەمەد سەگبان (دۆزی کورد **Laouestian Kurde** لە بیستەکاندا بەزمانی فەرەنسی، کە **مامۆستا رەفیق حیلمی بەترکی بەنێوی «دۆزی کورد لەچەند لاپەڕەیەکدا ــ «کورد مسئلەسی صفحاتنون»** بەرپەرچی داوەتەوە و، پەرتۆکەکەی **رەشید یاسمی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او "بەفارسی")** و پەرتۆکەکانی **دوکتۆرکەمال مەزهەر لەبارەی بەکر سیدقی و شۆرشی ١٩٢٠ ی عێراق و رۆڵی شێخ مەحموود** بەعەرەبی **(١)**، هەروەها نووسینەکانی ئیسلامیستە کوردەکان، کە گوێڕایەڵی رژێمی ئێران و شاسعوودن، بەتایبەتی لە "رايه الاسلام" دا، لەدژی سەمینارەکەی من **«المستضعفون الكرد و اخوانهم المسلمون» لە شاری (کوێڵن ١٩٩٣)**، بێجگە لەمانەش رووخاندن و کاولکردنی ئاسەوارەکانی کوردستان، وەك **خانەسووتاو و**

گەرماوی فاتمەخانی بابان لە سلێمانی و، هەولدان بۆ رووخاندنی **سەرای سلێمانی، کە شوێنەواری بابانەکانە** و چەند ساڵێك لەمەوبەر بە هەڕشەی تۆ، کە گوتبووت: «خۆت دەسووتێنیت ئەگەر ئەو کارە کرا »»، وەستێندرا ، ئەمانە هەمووی نموونەی خراپەکاری و نابەرپرسیاری و ناپاکییە بەرامبەر فەرهەنگی نەتەوەی کورد و، هیچ چەپی نییە لە هەوڵدانی **داگیرکەرانی ترك و فارس و عەرەب** بۆ کۆرکردنەوەی ئاسەوارەکانی کوردستان **(هەر بۆوێنە: ژێر ئاوخستنی شاری حەسنکێف و رووخاندنی قەلآی کەرکووك)**، دیارە خۆشت ئاگات لەوە هەیە کە لە **هەولێری پێتەختی باشووری کوردستاندا، بەرۆژی نیوەڕۆ خۆشاوی "جێژنی" گۆڕینی نێوی کوردی بە عەرەبی دەخۆنەوە، وەك ئەوەی نێوی تاڤین و ئەڤین و ئاڤان و بارزان و ئاکۆ و ئاسۆ و سمکۆ نێوی کافران بن و، عەبدوڵلآ و عومەر و فاتیمە و عائیشە و ئەبوبەکر و عەلی، لە ئاسمانەوە بەسەر موسلمانانندا کەوتبنەخوارێ و، هیچیان نێوی سەردەمی بتپەرستیی عەرەبی بیابانی ١٥ سەتە لەمەوبەر نەبووبن.** تۆش، برای بەڕێز، کە خۆت تەرخانکردووە بۆ بەربەرەکانێی ئەم جەردەیەتییەی کە بەرۆژی نیوەڕۆ لە جەستەی فەرهەنگی کورد دەکرێ و، بەتاکی تەنێ ئازایانە شانتداوەتە ژێر ئەم بارە گرانە، ماڵت ئاوا بێ و، ئاهوراممەزدا دەست بە پشتەوە بگرێ و، دەنگی منیش بخەرە سەر دەنگی خۆت.

لەلایەکی دیکەوە، برای بەڕێز، ئەز لە کردەوەی ئەمانەی نێومبردن «سەرسام نیم»، هەروەها لەوەش سەرسام نیم کە **سەلاح بەدرەدین** دووجار "سەرسامنامە" کەی عەبدولخالیقی سەرسامی چاپکردووە و، دەیەوێ بۆ جاری سێیەمیش چاپیبکاتەوە. چۆنکە ئەمانە هەموو پێویستیی بەجێهێنانی فەرمانی پێدراو دەبەن بەڕێوە و، گەلێك هەن چاوەڕوانی ئەوەن سەردەمی سەددام بگەرێنەوە و، دەستەی «ترم ... پرم ... پف ــ ف» ببووژێنەوە ... بەلآم ئەوەی منی «سەرسام» کردووە، ئەوەیە کە کاربەدەستانی هەولێر، کە بە هۆی دەنگی جەماوەری کوردەوە هاتوونەتە سەرکار و، بەنانی کورد دەژین، نەك هەر لەم خیانەتانە بێدەنگن و بەس، بەڵکو یارمەتیی ئەم کردەوە دزێوانەش دەدەن، یان چاوەپۆشن لێی!! بۆچی سەلاح بەدرەدین لەباتی ئەوەی لە سووریاخەریکی حیزبی کۆنە زوڕناژەنی ڕژێمی دوابڕاوی سۆڤێتی خۆی

بێ، خۆی خزاندووەتە سەلاحەدین؟ چ دەکا لەوێ؟. ئێمە نامانەوێ پتر چیلکە لەمە بدەین، ئەوەش نەك لەبەر خاتری کەس، بەڵکو لەبەر خاتری ئاسایشی نەتەوەیی و بەس، ئەگەنا هەرچی لە دێزەکەی سەردەمی DDR دا ماوە، بە ئەسکوێ دەرماندەهێنا بۆی. باشە!! تۆ واز لەمە بهێنە. ئایا کاربەدەستانی هەولێر نازانن کە **فازیل عەزاوی تورانی**، چ دوژمنێکی کوردە، ئاوا وەك میوانێکی بەڕێز لە هەولێر پێشوازیدەکەن لێی و، هەزاران دۆلار کە پارەی کوردی هەژارە، دەکەنە قوربانی **«مام فازیل»؟ بەلاّم زانایەکی گەورەی لە جیهاندا ناسراوی وەك پرۆفیسۆر بارام ڕەسووڵ کە بە پارەی خۆی دێتە هەولێر بۆ یارمەتیدانی زانستگەکانی باشوور، کەچی تەنێ ڕۆژنامەی "میدیا" وتووێژ دەکا لەگەڵی و**، کە پرۆفیسۆر بارام ڕەسووڵ لە چاکەی خوی، یارمەتیی شاندێکی زانستگەی هەولێر دەدا لە ئۆپسالا (سوێد)، کاربەدەستانی هەولێر هەر باسیشی ناکەن؟ دەزانی بۆچی؟ چۆنکە بارام ڕەسووڵ مرۆڤێکی نەتەوەییە و حیزبحیزبێنە ناکا. زانایەکی گەورەی دیکەی کورد **پرۆفیسۆر حەسەن حەمە عەلی کەرکووکی**، کە چەند جار ویستی لە کۆلیجەکانی بژیشکی زانستگەی کوردستان خزمەت بکا، بەلاّم گوێیان نەدا پێی، چۆنکە ڕەخنە لە شەڕی نێوخۆیی حیزبەکان دەگرێ.

باشە!! تۆ واز لەمە بهێنە. ئایا **یەکێتی و پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی**، کە وا بە **ئاووتاوەوە لەسەر نزار خەزرەجی تاوانبار دەکەنەوە، نازانن نزار خەزرەجی کێیە، ئا بەو شێوە ئاوڕوویەرانەیە بەرگریدەکەن لێی؟ تەنانەت وەزیری نێوخۆی یەکێتی بەڕێز فەرەیدوون عەبدولقادر، لەرۆژی ٢٦/١٠ دا فەرمووی کە ئەوان (واتە یەکێتی، کە خۆیشی ئەندامی سەرکردەیەتیی یەکێتییە) لە ساڵانی ١٩٨٣ ــ ١٩٨٤ ە وە پێوەندییان لە گەڵ نزار خەزرەجی بووە و، ئەم پێوەندییەش هەتا هاتنەدەرەوەی نزار خەزرەجی لە عێراق (واتە لە ساڵی ١٩٩٩ دا) هەر بەردەوام بووە**؟ ئایا کاك فەرەیدوون کە ئەم قسانەی بە تووڕەیی و لووتبەرزییەوە لە وەرامی پرسیارێکدا کردووە، کە ماڵپەڕی "کوردستان نێت" لەرۆژی ٢٦/١٠ دا بلاّویکردووەتەوە، ئەوە نازانێ کە ئەم قسانەی وی زۆر دەکەون لەسەر خۆی و حیزبەکەی و کوردیش؟ چۆنکە تاکە داخوازینامەیەك کە بدرێ بە کاربەدەستانی دانمارك، بەسە بۆ ئەوەی

کاک فەرەیدوون وەك شایەت بانگبکرێ بۆ دادگە و، ئەوجا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، **ئایە یەکێتی، کە ئەوەتە بە دەربڕینی یەکێك لە سەرکردەکانی (وشهد شاهد من اهلها) نێزیکی شانزە ساڵ پێوەندیی بە نزار خەزەرجییەوە بووبێ، ئایا یەکێتی و نزار ئاگایان لە نەخشەی ئەنفال و بەهەرمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و چارەنووسی دووسەت هەزار گیراوی کورد نەبووە؟ تۆ بڵێی سەددام شانزە ساڵ لە گوێی گادا نووستبێ و، ئاگای لەم پێوەندییە «بەردەوام» ە نەبووبێ، یان بابەتەکە جۆرێکە کە دەبێ «دێزە بە دەرخۆنە» بکرێ؟؟؟. جاران دەیانگوت «سەیرە لە کۆیە!» وادیارە ئێستە «سەیرە لە سلێمانی!»**.

بەڕاستی دوور نییە کە کێشەکە ئەگەر بکەوێتە دادگە (٢) هەر بەوەوە نەوەستێ، بەڵکو تەشەنە بکا بۆ لێکۆڵینەوە لە گەلێك شت، وەك شەڕی نێوخۆیی و پێوەندیی حیزبەکان بە دەرەوە و، جۆری ئەو پێوەندییانە و هێندێك شتی دیکە کە بێگومان لە بەرژەوەندیی حیزبەکان و کورددا نابێ.

برای بەڕێز:

ئەمانە هەموو چەند نموونەیەکی یەکجار کەمن لەو بارە نالەبارەی کە حیزبحیزبێنە خستوویەتە سەر کۆڵی نەتەوەی کورد، ئەوجا تۆ گلەیی لە من دەکەیت ، کە بۆچی ئەز لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکاندا هەڵوێستی خۆم دەرنابڕم بەرامبەر بەم شتانە؟ باشە، برای بەڕێز، لەکام سەتەلایتدا؟ کورد سێ ساتەلایتی هەیە، ئەگەرچی هەرسێکیان نێوی کوردیان پێوەیە و، بەپارەی کورد دەچن بەڕێوە، بەڵام هەریەکەیان بەدەست حیزبێکە. ڕاستە خەڵکەکە، نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لەگەلێك شوێنی جیهاندا لووتیان لەم حیزبحیزبێنە پڕ بووە و، بێزیان دێتەوە لێی، بەڵام ئەوەتە حیزبەکانی کوردستان بەهۆی زۆرەملیی چەکدارەکانیانەوە قسەیان بەسەر کوردی ڕەشوڕووتدا سوارە. با ئەم حیزبانە میلیشیاکانیان نەمێنێ، ئەوسا بزانین لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا چەند دەنگیان بەردەکەوێ؟ لەهیچ کۆمەڵگەیەکی دێمۆکراتی ئەم جیهانەدا، هیچ حیزبێك میلیشیای نییە. باشە! ئەگەر ئەمانە باوەڕیان بە دێمۆکراسی هەیە، فەرموو با میلیشیاکانیان هەڵوەشێننەوە. خۆ ئەگەر ئەوە نەکەن، ئەوا هەموو تاقمێکی دیکەی کوردستان، مافی ئەوەیان دەبی، کە، ئەوانیش

میلیشیا دروستبکەن و، ڕەنگە دروستیشی بکەن و، کەسیش ناتوانێ ڕێبگرێ لێیان. هەتا میلیشیاکان نەبنە لەشکرێکی نەتەوەیی ناحیزبی، ئەوا هیچ جۆرە ڕەوایەتییەکی قانوونییان نابێ. دێموکراسی و ئازادی **«بانێك و دوو هەوا»** ناناسن.

کاکی بەڕێز:

ئەوەی لەسەر من و تۆ و هەموو ڕۆشنبیرانی کورد پێویستە ئەوەیە، ڕاستەخەڵکەکە والێبکەین کە بە مێشکی خۆیان بیربکەنەوە و، خۆیان بڕیاردەری چارەنووسی خۆیان بن. دیارە هیچ کەسێك بێهەڵە وکەموکوڕی نییە، بەڵام هونەر ئەوەیە مرۆڤ لەسەر هەڵەی خۆی سوورنەبێ و خۆی ڕاستبکاتەوە و، گەر هەڵەکەی زیانی بە خەڵکی دیکە گەیاندبوو، ئەوا داوای لێبوردن بکا لێیان و، زیانەکەیان قەرەبوو بکاتەوە و، جارێکی دیکە ئەو ڕێیە چەوتوچەوێڵە نەگرێتە بەر.

برای بەڕێز:

لە کۆتاییی نامەکەدا ئەوە ناشارمەوە لێت کە گلەییەکانت لە لایەکەوە و، تێکۆشینی سەخت و کۆڵنەدەرانەت لەلایەکی دیکەوە، وایان لە من کرد، بە چەند وشەیەکی کێش و لەنگەردار، هەستی خۆم بەرامبەرت دەربڕم. ڕەنگە ئەوە بزانیت کە ئەز هۆنەر (شاعیر) نیم و حەز لە وشەهۆنینەوە ناکەم. لەبەر ئەوە ئەم چەند وشەیە نێونەنێ «هۆنراوە» نێوی بنێ « مۆنراوە» و ئەمەش دیارییەکە لە برای خۆتەوە بۆ تۆی بەڕێز. دیارە، دیاریی بابایەکی وەك من، دەبێ چی بێ لە «گەلامێو» پتر.

تەندروستی و سەرکەوتن دەخوازم بۆت و دەبێژم:

ڕەقیب (٣)، ڕەقیبی (٤)، ڕەقیبانت (٥) بێ

ئاهوڕامەزدا، پشتیوانت بێ

خوای گەورە، کەسی، بێکەسانت بێ

سیمیاری (٦) مەزن نزاخوانت بێ

تاوسی مەلەك، پاسەوانت بێ

پاپەك (٧) لەدەستەی هاوبیرانت بێ

زانای سۆرەوەرد (٨)، لە یارانت بێ

سەهاکی سوڵتان بە میوانت بێ

لانەی سەربەرزان، ئاشیانت بێ
فریشتەی شادی، دەستلەملانت بێ
تۆیش دەبێ، سینگی فراوانت بێ
خزمەت بەرنامەی، گشت ژیانت بێ
تا ماوی، خەمی کوردستانت بێ
شەڕی ملهۆڕ و زۆردارانت بێ
شیلەی تێکۆشان، نۆشی گیانت بێ
سەت جەمال نەبەز، بە قوربانت بێ

پەراوێزەکان

(١) ــ بۆ زانیاریی پتر لەبارەی **بەکر سیدقی و شێخ مەحموود** و پووچکردنەوەی بۆچوونەکانی **دوکتۆر کەمال مەزهەر**، تەماشای ئەو وتارە بکە کە لەژێرنێوی **«پاشنیوەڕۆیەك لە خزمەت شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمردا»**، لە ڕۆژنامەی سەکۆ» ی ژمارە ١٣ تیشرینی دووەمی ١٩٩٧ و، گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٠ ی جۆزەردانی ٢٠٠١ بلاْومکردووەتەوە. هەروەها وتاری **«فەقیانەکەی شێخ مەحموود بوو بە دەستەسرە»**، لە بەرپەرچی وتارێکدا نووسیبووم کە لە ڕۆژنامەی **«پەیام»** (لەندەن) ژمارە ٣٢، ڕەشەمە و نەورۆزی ٢٠٠١ دا بلاْوکرابووەوە و، پڕ بوو لە بوختان بەرامبەر شێخ مەحموود. «پەیام» ئەو وتارەی منی بلاْونەکردەوە. ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە بۆ ئەو «دێمۆکراسی» و «ئازادی» یەی کە بە زمان دەگوترێ و بەکردەوە نابینرێ. گۆڤاری **«کۆنگرە»** لە ژمارە ٢١ی گەلاوێژی ٢٠٠١، بەرامبەر ئابی ٢٠٠١ دا بلاْویکردەوە. هەروەها ڕۆژنامەی «سەکۆ» ش. ماڵپەڕی «کۆنگرە» لە کۆتاییی ئەم ژمارەدایە.

(٢) ــ پاش ئەوەی ئەم نووسینەم تەواو کرد، بیستم کە کاربەدەستانی دانمارك بڕیاریانداوە نزار خەزەرجی بدەن بە دادگە و لە هەواڵێکیشدا هاتووە کە نزار خەزەرجی ویستوویەتی لە دانمارك دەربچێ، بەلاْم کاربەدەستانی دانمارك، ڕێیان نەداوە و دەسبەسەر (اقامە جبریە) یانکردووە.

(٣) ــ «رەقیب» نێوی خودێیە و، وشەکە عەرەبییە و لەکاری «راقب، یراقب» وە وەرگیراوە.

(٤) ــ «رەقیب» وشەیەکی کوردیی سەروگوێلاك شكاوە كە بنەڕەتەكەی دەبێ «رقیـــو»، «ركیـــو» بووبێ. چۆنكە پێـــوەندیی بە «رك» ەوە هەیە. وشـــەی «ركەبەرایەتی» بەمـــانای «دژایەتی» و «بەرەنگری» دێ و، لە فـارسیـدا بووە بە «رقـابت» كـە بەمـانای «منافـــسـه» دێ. وشـەی «رەقـیب» ی كـوردی لەبارەی ئیتمۆلۆژییەوە، پێوەندیی بە «رەقیب» ی عەرەبییەوە نییە.

(٥) ــ «رەقیبانت» واتە دوژمنانت.

(٦) ــ «سیمیار» ئەوكەسەیە كە زانستی «سیمیا» بزانێ. «سیمیا» بریتییە لەو شتە نهێنییانەی كە لە جیهاندا هەن، یان ئەو شتـانەی پێچەوانەی ئەوانەن كـە مرۆڤ دەیانزانێ. «سیمیـار» نازنـێوێكە بۆ زەردەشت. زەردەشت بە «زانـای سـیــمــیـــار» نێـوی رۆیـوە، وەك لە ماریفەتی پیرشالیاری زەردەشتیدا هاتووە.

(٧) ــ پاپەك، پاپەكی خـوڕەمی (خـوڕەمـدین) ە، كـە عـەرەبەكـان بەشێوەی «بابەك» (بابك) دەریدەبڕن. پاپەك شۆرشگێری مەزنی كورد بوو كـە دوانزە سـەتە لەمـەوبەر، باسی كـۆمـەڵگەیەكی بێـچـینی كۆمەڵایەتی دەكرد، كە ژنانیش مافیان وەك پیاوان بێ. پاپەك نێزیكەی ٢٠ ساڵ لە چیاكانی كوردستانـدا شەڕی دەسەڵاتی خەڵیفەی عەرەبی كـرد، بەڵام دوایی بەهۆی نـاپاكـیی یەكـێك لە سـەركـردەكـانی لەشكرەكەیەوە، دزانە گیرا و جانەوەرانە لە لایەن خەڵیفەی عەرەبەوە كوژرا.

(٨) ــ مەبەست لە «زانای سۆرەوەرد» فەیلەسووفی كورد و رۆژهەڵات «سوهرەوردی» یە كـە خاوەنی فەلسەفەی «تیشكهاوێشتن» (الفلسفە الاشراقیە) یە. سۆرەوەردی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەییووبییەكاندا، سەرەڕای پێداگرتنی كوڕی سەلاحەدین ئەییـووبی لەدژی كـوشـتنی سـۆرەوەردی، بەفـتـوای مـەلا عـەرەبە تەنگەتیلكەمێشكپووتەكان كوژرا. پاش كوشتنی نێوی بە «شیخ المقتول» (شێخی كوژراو) دەرچوو.

(٩) ــ مەبەست لە «سەهاکی سولتان» (سولتان سەهاک)ە، کە دامەزرێنەری ئاینی «یارسان» ە، کە بە کاکەیی و ئەهلی هەقیش نێو دەبرێن.

سەرنج!

ماڵپەڕی «کوردبوون» ئەمەیە: www.kurdbun.de.

ماڵپەڕی «کۆنگرە» (ئینگلیزی) www.knc.org.uk

ماڵپەڕی «کۆنگرە» (کوردی) www.kncscandinavia.com

جەمال نەبەز

بەرلین

٢٠٠٢/١١/١٦

ئازادیی مرۆڤ لەنێوان باوەڕ و زانست و فەلسەفەدا (*)

مــرۆڤ لەوکــاتەوە کــە خــۆی لەســەر ئەم خــڕەی زەوییــە دیوەتەوە تا ئەوڕۆ، لەبیرکردنەوەیدا بەرامبەر بە بوونی خۆی و کارەساتەکانی ئەم جیهانە، سێ ڕێبازی گرتووەتەبەر، **ڕێبازی یەکەم: ڕێبازی باوەڕانە، ڕێبازی دووەم: ڕێبازی زانستانە، ڕێبازی سێیەم: ڕێبازی فەلسەفانە.**

مرۆڤ لەسەرەتای پەیدابوون و ڕووبەڕووبوونییەوە لەگەڵ دیاردە (ظاهرة)ی بوون (الوجود) و ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریدا بەچاوی دیونی، وەك بەفر، باران، بروسکە، هەور، گرمە، نەخۆشی، لەدایکبوون، مردن ... هتد، بەدوای نهێنیی ئەوانەدا گەڕاوە و هەوڵیداوە بزانێ هۆی ئەمانە چییە و لەکوێوە دێن. وادیارە لەبەر بێدەسەلاتیی خۆی و سنوورتەنگیی بیرکردنەوەی بەرامبەر لێکدانەوەی ئەم ڕووداوانە، پەکیکەوتووە و لە داماویدا خەیاڵی بۆ هۆکرد (عامل، سبب) ی سەراسایی (خارق العادة) چووە. بەڵام هوردەهوردە کەوتووەتە سەر ئەوەی ئەو کەرەستانەی لەدەوروپشتی خۆی دیونی، وەك: بەرد، ئاو، گڵ، درەخت، گیا و ...هتد، تاقی بکاتەوە و لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانەدا هێندەك زانیاریی دەستکەوتووە. هەر بۆوێنە: بە ئەزموونی ڕۆژانە تێگەیشتووە کە هیچ بووەیەکی ژیار بەبێ ئاو ناژی. لەبەر ئەوە لەڕۆژی گەرمادا درەختی ئاو داوە. کە بروسکەیەك لەڕۆژێکی هەور و هەڵادا لە شوێنێکی داوە و، ئەو شوێنە گڕیتێبەربووە و گڕەکە گەرم بووە و ئەو شتەی سووتاندووە، ئاگری ناسیوە وەك هۆیەك بۆ گەرم کردنەوە و سووتاندن. لەم زانیارییە سەرەتاییانە سووتی وەرگرتووە بۆ دۆزینەوەی شتی دیکە. بۆوێنە کە دوو شتی لەیەکخستووە، هەستیکردووە کە گەرمایی دروستدەبێ و هەتا ئەو دووشتە پتر و توندتر لەیەك بخرێن، گەرمایی پتر دەبێ. لەمەوە توانیوێتی هۆی گەرمیی بدۆزێتەوە. بەکورتی: لە ئەنجامی زنجیرەیەك ئەزموونی ڕۆژانەوە، هێندەك زانیاریی دەستکەوتووە کە بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ بەکاریهێناون و، لەمەوە سەرەتای ئەو بابەتە دروستبووە کە پێیدەگوترێ **«زانست»**.

ئەم زانستەی کە مرۆڤ پێیگەیوە، هێندەك تایبەتکاری هەیە:

یەکەم: بابەتەکانی زانست ـ شێوای پێوانن، بەرزی، درێژیی، پانایی، قەوارە، قورسایی، پلەی گەرمی، بارست.

دووەم: زانست بەروبۆی خەیاڵی رووت نییە، بەڵکو بەرەنجامی زنجیرەیەك ئەزموون و تاقیکردنەوەیە لە شوێن و کاتی تایبەتیدا.

سێیەم: بابەتی زانستانە، شێوای بەراوردکردنە. واتە ئەو ئەنجامەی لە ئەزموونێکەوە دەستدەکەوێ، دەتوانرێ لە گەڵ ئەو ئەنجامەی لە ئەزموونێکی دیکەوە دەستکەوتووە، بەراوردبکرێ. ئەوجا ئەگەر ئەنجامێك لەریزە ئەزموونێکدا، وەکیەك دەرچوو، ئەوا دەبێتە ئەوەی کە پێی دەگوترێ «تیۆری زانستانە».

چوارەم: زانست لە بابەتەوە دەستپێدەکا و لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، نەك لەو شتانەی لە دەرەوەی بابەتەکەن، مەگەر ئەوەی پێوەندییان بەوبابەتەوە هەبێ.

پێنجەم: زانست رێژەیی (نسبی) یە. واتە، زانستێك نییە کە هەتاهەتا لە هەموو شوێن و کاتێکدا راست و گونجاو دەربچێ.

بەکورتی: زانست شێوای دۆخگۆڕی (تطور)ە. تەنانەت، زانستێکی وەك ماتماتیك کە بە «نەگۆڕ» و «نەتەکێن» (مصون، غیر قابل الشك و النقد) دادەنرێ، لە گەلێك رووەوە، شێوای رەخنەلێگرتنە. بۆ روونکردنەوەی ئەمەش دەبێ بزانین ماتماتیك چییە. ماتماتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوەی چەندایەتییە ژمارەییەکان (الکمیات العددیة) و چەندایەتییە ڤالأییەکان (الکمیات الفراغیة) و دۆزینەوەی پێوەندیی لەنێوانیاندا. هەروەها گشتیکردن (تعمیم) ی ئەم پێوەندییانە. ئەوجا کۆڵینەوە لەم چەندایەتییانە، پێویستی بەوەیە کە لە پێشەوە بەهوردی تاریف بکرێن، ئەوەش لەسەر بنچینەی ئەو تایبەتکارانەی کە هەیانە. دیارە ئەم تایبەتکارانە بە یارمەتیی هێندەك زاگۆن (قانون)ی ژیریێژی (منطق) دەخرێنە کار، بۆ گەیشتنە ئەنجامی ئەو پێوەندییانەی نێوان چەندایەتییەکان خۆیان و، ئەو پێوەندییانەی کە لەوەبەر لە ئەنجامی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانەوە دەستکەوتوون. جا لەبەر ئەوەی ماتماتیك پەنا دەباتە بەر تاریف و ژیریێژی و، لەبەر ئەوەی ژیریێژی تەنێ بەدوای وێنەی "بیر" دا دەگەڕێ، دوور لە ماددەی بیرە، تاریفیش شێوای گۆڕانە، دیارە زاگۆنەکانی ماتماتیکیش ئەو جۆرە نەگۆڕەنین کە بۆ هەموو کات و

جێبەك ڕەکیەك بن. هەربۆ نموونەیەکی سادەی ئەم قسانە، ساڵانێك لەمەوبەر زانایەکی ماتماتیك لەبەردەم ژمارەیەك لە ماتماتیکوانەکانی ئەوروپادا ئیسپاتی کرد کە (٢٢/٧) کە بەڕێژەی نەگۆڕ (النسبة الثابتة) نێودەبرێ، ڕێژەیەکی نەگۆڕ نییە.

زانای بەنێوبانگی ئینگلیز، **ئایزاك نیوتن** **Isak Newton**(١٦٤٣ ــ ١٧٢٧) بێجگە لەو ئەزموونەی کە لەسەر ڕۆناکیی ئاسایی کردی و توانی بەهۆی پوازك Prism ەوە بیکاتە چەند شەبەنگێکی جیاواز و دوایی ئەم شەبەنگانە کۆبکاتەوە و بیانکاتە یەك، سێ جۆرە دووری خستەبەرچاو؟! درێژی و پانایی و بەرزی. بەڵام **زانای جوولەکە ئەلبەرت ئاینشتاین** (١٨٧٩ ــ ١٩٥٥) کە ئەویش هەروەك نیوتن خەریکی ئەزموونی ڕۆناکی بوو، بەتوێژینەوەی ئەلیکتێرۆ ــ ڕۆناکی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆناکی بریتییە لە چەندایەتیی گچکە گچکە کە بە فۆتۆن نێودەبرێن. ئەم فۆتۆنانە بەجارێك دەرناپەڕن، بەڵکو بەچەند جار. لەمڕووەوە توانی دیاردەی ئەلیکتێرۆ ــ ڕۆناکی بە تیۆری چەندایەتی لێکبداتەوە. ئاینشتاین توانی لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی پێوەندیی نێوان وزە (طاقة) و بارست (كتلة) ەوە بگاتە تیۆری ڕێژەیی تایبەتی. ئەوجا بەیارمەتی ماتماتیك توانی تیۆری ڕێژەیی گشتی دابهێنێ. کە لەمەیاندا، بە پێچەوانەی نیوتنەوە، لەپێوەندیی هێزی ڕاکێشان و چەمانەوەی ڤاڵایی (الانحناء الفراغي) دوورییەکی چوارەمی پێدا کە ئەمەش سەردەم (زەمان) بوو. بەکورتی تیۆری ئاینشتاین ڕاستکردنەوەی تیۆری نیوتن بوو. لەم سەتەیەشدا **فیزیکزان و فەیلەسووفی گەورەی کورد محەمەد لەیلا**، پاش خەریکبوونی ساڵانی ساڵ بەبابەتی بارستایی Massismus یەوە تیۆرییەکی داهێناوە کە کەموکورتی تیۆرییەکانی **نیوتن و ئاینشتاین** دەخاتەڕوو **(١)**.

ئەمانەی سەرەوە چەند نموونەیەك بوون بۆ ئەوەی کە ماتماتیك و فیزیکی ماتماتیکانەش، وەك زانستەکانی دیکە شێوای گۆڕان و دۆخگۆڕینن، ئەگەرچی بەقەوارەیەکی کەمتر لەوانی دی.

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە هەستی بەوە کردووە کە هەموو شتێك بەزانست لێکنادرێتەوە بۆی. چۆنکە هەتا ئێستە زانست نەگەیشتووەتە ئەوەی ماك و بنچینەی بوون (وجود) بەتەواوی لێکبداتەوە. لەبەر ئەوە بۆ لێکدانەوەی دیاردەی بوون، پەنای

بردووەتە بەر خەیاڵ و، هێزێکی سەراسایی (خارق العادە) ی کردووەتە رامانی خۆی، کە ئەمەیان بەپێچەوانەی کەرەستەی زانستەوە، نە دەبینرێ و، نە دەپێورێ و نە تاقیدەکرێتەوە و، نە دەتوانرێ بوون، یان نەبوونی ئیسپات بکرێ. بەمەش دەگوترێ **«باوەڕ»**.

وشەی **«باوەڕ»** کە بە کوردیی **«پەهلەوی» Vaver (ڤاڤەر)** ە و بەمانای «دڵنیابوون» و «پەسندکردنی قسەی کەسێك» دێ، لە دوویەش پێکهاتووە. **«با» و «وەر». «با» بەکوردی «پەهلەوی» Epak (ئەپاك)** ە و بەمانای **«خودێ» و «خاوەنی شتێك»** دێ (٢). واتە، باوەڕ پێوەندییەکە لەنێوان "مرۆڤ و خودێ" دا بۆ لێکدانەوەی بنەمای بوون. کەسێك کە باوەڕی بە شتێك هەبێ، سا ئەو شتە دیاربێ، یان نادیاربێ، خۆشییەك دەکەوێتە گیانی. چۆنکە هەموو خۆشییەکی گیانی لە دڵنیاییەوە سەرهەڵدەدا و هەموو ناخۆشییەکیشی لە دڵەڕاوکە و ترس و نادڵنیاییەوەیە. شتێکی رێکەوت نییە کە وشەی «ایمان» ی عەرەبی مانای «دڵنیابوون لەڕێی خۆیەستنەوە بە باوەڕێکەوەیە».

مرۆڤ لە رێگەی باوەڕەوە جۆرە هۆکردێکی دۆزیوەتەوە بۆ بنەمای بوونی خۆی و خاوەنی بوون (واتە: خودێ) کە لە رێی تاقیکردنەوەی زانستەوە بۆینەکراوە.

دەبێ ئەوە بزانین کە باوەڕ لە گەڵ پڕوپووچ (خرافات) دا، دووشتی جیاوازن. چۆنکە ئیسپاتکردنی ناڕاستیی (پڕوپووچ) لەڕێی زانستەوە هاسانە. بۆنموونە پاش ئەوەی تێلسکۆپ دروستکرا، توانرا بانگەشەی کلێسەی دیانی بەدرۆ بخرێتەوە کە گوایە «زەوی پانە و خۆر بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە». لەگەڵ ئەوەشدا زۆرکەس هەن باوەڕیان بە پڕوپووچە. لەنێو کوردەواریشدا باوەڕ بە پڕوپووچ زۆرە، هەر بۆنموونە یەکێك لووتی خورا، دەبێژن ئەوە «شەڕێك دەبێ بە تووشییەوە»، یان بەری دەستی خورا، دەبێژن «پارەی تێدەچێ»..!.. کەڵەشێر دەمەو ئێوارە بخوێنێ سەریدەبڕن، دەبێژن «سەری خاوەنەکەی دەخوا» !!!

گرنگترینی شتێك کە لەسەر بنچینەی باوەڕ دامەزراوە ئاینە. بناخەی ئاین لەسەر بوونی دۆگمامێتۆلۆژیا و بوونی خودێ دامەزراوە کە لە هۆکرد و هێنەربوونی مرۆڤ و جیهانە. **بەلاّم وێنەی خودێ خۆی و پێوەندیی لە گەڵ مرۆڤدا، لە رامانە ئاینییەکاندا وەکیەك نییە. هەر بۆوێنە: خودێ بەپێی ئیزدناسیی (الهیات) ی**

موسلمانان «نەلەکەس بووە و، نەکەسی لێدەبێ» (لم یلد و لم یولد)، بەڵام بەپێی ئیزدناسیی دیانەکان حەزرەتی عیسا «کوڕی خودێ»یە. بێجگە لەمەش، هەر ئاینە بۆخۆی جۆرە دەستوور و نەرێت و ڕێی پەرستن و ڕەوا و ناڕەوا و ڕێپەند (ممنوع) و ڕێنەبەند (حەلال)ی هەیە کە لەهی ئەوی دیکە ناچێ و، هەمووشیان ئەمانە دەبەنەوە سەر «ویستەی خودێ». جا لەبەر ئەوەی ئەم ناکۆکییانە شێوای لابردن و گۆڕین نین، دیارە بوونی باوەڕێکی یەکتا، شتێکە لە نەبوانە. لە پاڵ ئەوەشدا کەسانێکی زۆر هەن کە باوەڕیان بەهیچ جۆرە ئاینێك نییە.خاوەنباوەڕەکان ئەم بێباوەڕانە بە "کافر" و "خودێنەناس" و "گلاو" دەدەنە قەڵەم و، هێندێك جار شەڕ و هەرا و بەیەکدادان و خوێنڕێژی لێیەیدا دەبێ.

ئاین وەك زانست ڕێژەیی نییە، بەپێی کات و شوێن ناگۆڕێ. وەك زانست شێوای تاقیکردنەوە و دەمەتەقێ لەسەرکردن نییە. فەرمانێکە و لە خودێ وە هاتووە و دەبێ بەو جۆرەی لەو ئاینەدا هاتووە جێبەجێ بکرێ. ئاین لەمڕووەوە هەرچەندە جۆرە پەروەردەیەکی ڕەوشتانە (اخلاقی) دێنێتە پێشەوە، بەڵام ناتوانێ ببێتە هۆی گرێدانی مرۆڤ بەیەکەوە. لەبەر ئەوە باوەڕ وەك دۆزێکی کەسی (مسئلة شخصیة) دەمێنێتەوە، کە دەبێ بۆ ڕێزلێنان لە هەڵگرانی، ڕێز بنرێ لێی. بەڵام ناتوانێ ببێتە دەستوورێکی گشتی بۆ تەواوی کۆمەڵگە، چۆنکە کۆمەڵگە ئەوانەش دەگرێتەوە کە باوەڕیان جیاوازە، یان هیچ جۆرە باوەڕێکیان هەڵنەگرتووە. جا لەبەر ئەوەی وەك گوتمان ــ باوەڕ دەمەتەقێ ناکرێ لەسەری و پێویستی بە ئیسپاتکردن نییە، دیارە یەکێك کە لە دڵنیاییەوە باوەڕێکی هەڵگرتبوو، هەرچەندێك بەلای تۆوە ناڕاست بێ، ناتوانیت بڵێیت «درۆ دەکا». چۆنکە درۆ بریتییە لە گێڕانەوەی بابەتێك، یان بە هەڵە، یان بە ناتەواوی و بەوپەڕی هۆشیارییەوە. لێرەدا دەمەوێ چیرۆکێك بۆنموونە بخەمە بەرچاو:

جارێکیان لەشاری **گراتس Gratz**(**نەمسا**) سەمینارێکم گرتبوو بەبانگێشتی زانستگەی ئەوێ و گەلێك کورد و نەمسەیی و خەڵکی دی تێیدا بەشداربوون. لەو سەمینارەدا باسی مێتۆلۆژیای کوردم کرد و لەوبارەیەوە **مێتۆلۆژیای ئێزیدییەکان و چیای جودی.** کە سەمینارەکە تەواو بوو و، ماڵاوایم کرد، ویستم بڕۆم، کوردێکی خەڵکی باکوور، کە گوتی دەساڵێکە کارکەرە، گوتی حەز دەکەم هێندەك قسە بکەم

لەگەڵت، گوتم، بەراستی کاتم زۆر کەمە و دەبێ دەستبەجێ بچم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، فەرموو بەرێوە قسە بکەین. گوتی ئەز بە ئۆتۆمۆبیل دەتبەم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. کە سواری ئۆتۆمۆبیل بووین، گوتی «زۆر پێم خۆش بوو کە باسی چیای جودیت کرد، بەلاّم چیرۆکەکە جۆرێکی دیکەیە. «خودێ خۆی قاچێکی لەسەر چیای جودی داناوە و قاچەکەی دیکەشی بە هەموو ئەم گەردوونەدا دەسووڕێنێتەوە و، بەو جۆرە سەرنجی جیهان دەدا. هەر کەسێك خراپەیەك بکا بەردێکی تێدەگرێ». منیش بزەیەك گرتمی و گوتم «باشە بەردەکە گەورەیە، یان گچکەیە؟» گوتی: «ئەوە بەپێی گوناهە. ئەوی گوناهی گەورەبێ، بەردێکی گەورەی تێدەگرێ و، ئەوی گوناهی گچکە بێ، بەردێکی گچکەی تێدەگرێ. هی وا هەیە کوێر دەبێ، هی وا هەیە، شوێنێکی دەشکێ، هی وا هەیە دەمرێ، هی وا هەیە هەر ئازاری پێدەگا». گوتم: «باشە ئەم هەموو بەردە چۆن کۆدەکرێتەوە؟». گوتی: «ئەوە هاسانە. دە دوانزە فریشتەی هەن، بێوچان بە (لۆری گەورە) "ترێلی" بەرد کۆدەکەنەوە و دەیهێنن بۆی». کە ئەم قسانەی دەکرد، جۆشی سەندبوو، بە هەردوو دەست لە جووڵەدا بوو. گوتم: «دەست لە سوکانی ئۆتۆمۆبیلەکە بەر نەدە، ئەگەنا خۆمان دەدەین بەلایەکدا». گوتی: «نەترسە، خودێ بامەیە». پاش ئەم وانەیە، پێکەنینێکی خەست گرتبوومی و، شەرمیشم بەخۆم دەهات، بەتایبەتی چۆنکە ئەو زۆر پێیناخۆش بوو. گوتی: «پێ نەکەنە. ئەز تۆم خۆش دەوێ، چۆنکە تۆ خزمەتی گەلەکەمان دەکەیت، بەلاّم خۆت کافر نەکە». لەم قسانەدا بووین گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەر. کە دەرکەی تەنیشتم کردەوە بۆ دابەزین، سەرم بەر لاشیپانی سەرەوەی چوارچێوەی دەرگەکە کەوت و زۆر ئێشا. برادەرەکە دەستبەجێ گوتی: «ئەوە بەردەکە بوو». تاوێك پاش ئەمە، ئۆتۆمۆبیلێك زۆر بەخێرایی بە تەنیشتمدا تێپەڕی و چەند سانتیمەترێك زێتر لێم نێزیك بوایە خۆی دەدا لێم. برادەرەکە گوتی: «تۆبە بکە، ئەگەنا بەردێکی دیکەت تێدەگرێ».

جا ئێستە ئێمە ناتوانین بڵێین ئەو برادەرە درۆ دەکا. درۆ ناکا. چۆنکە باوەڕی بەو شتە هەیە. هیچ خاوەن باوەڕێك درۆناکا. درۆ ئەمەیە بابەتێك بەو پەڕی هۆشیارییەوە بە هەڵە، یان بە ناتەواوی بگێڕدرێتەوە. لێرەدا باس باسی درۆ نییە، بەڵکو ئەوەیە، ئایە ئەو شتە خۆی لەخۆیدا بە پێی پێوانەی زانستانە، راستە یان نا.

ئەز بۆخۆم ناتوانم باوەڕ بە خودێیەك بكەم كە بەردەفركانێ بكا. ئەگەر یەكێكی دیكە باوەڕ بەوە دەكا، ئەوا ئازادە. بەڵام ئەوەی لێرەدا شایانی سەرنجدانە ئەوەیە، كاتێك سەری من بەر لاشیپانی سەرەوەی دەرگەی ئۆتۆمۆبیلەكە كەوت، بەلای منەوە هۆی بێئاگاییی خۆم بوو. بەڵام بەلای ئەو برادەرەوە، ئەوە ئەو بەردە بوو كە خودێ گرتوویەتی لە من لە جیاتی جودییەوە بەرەو ئەمسا. فڕكەی ئۆتۆمۆبیلەكە بە تەنیشتمدا، بەلای منەوە، گوێنەدانی هاژۆری ئۆتۆمۆبیلەكە و پەلەكردنی بوو، بەڵام بەلای ئەو برادەرەوە، وریاكردنەوەیەك بوو لەلایەن خودێ وە و، ئەگەر، چیدی پێبكەنم، ئەوا بەردێكی دیكەی وا دەگرێتە من، كە كۆتایی ژیانمی لەگەڵ بێ. هەردوو رووداوەكە بەلای منەوە لە بێئاگاییەوە روویاندا و، بۆ ئەو برادەرەش ئیسپاتی تەواو بوون بۆ باوەڕەكەی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەر لەو سنوورەدا بوەستایە هیچ زیانێكی نەدەبوو. بەڵام كە لەو سنوورەوە دەرچوو، زیانی گەورەی هەیە، چونكە ئەو برادەرە باوەڕنەكردنی من بە باوەڕەكەی وی، بە سەربەستیی باوەڕ دانانێ وەك من، بەڵكو بە «كفر»ی دادەنێ و پێكەنینەكەی من، بە بێ تۆرەیی (بێ ئەدەبی) ناداتە قەڵەم، بەڵكو بە «كافرێتی» دادەنێ. ترسەكە ئالێرەدایە و لێرەوە دەستپێدەكا. چونكە ئەگەر تۆ باوەڕت نەهێنا بەباوەڕی كەسێك كە سنووری بیركردنەوەی هێندە تەسك بوو، تۆی بە «كافر» دایە قەڵەم، دیارە تۆ ناتوانیت چاوەڕوانی رێزی ئازادیی خۆت بیت لەو كەسە.

جا ئێمە ئێستە ئەگەر ئازادی بكەینە مافێكی بنچینەییی مرۆڤ، دەبێ بێژین كە هەموو خاوەن باوەڕێك - وەك مرۆڤ - ئازادە لە جۆری رامانی خۆی و دەبڕینی ئەو رامانە. بەڵام هەموو ئەوانەی كە خاوەن باوەڕ نین، ئەوانیش هەر ئازادن، بە مەرجێك دەربڕینی باوەڕ، بەشێوەیەكی ئاشتیخوازانە و بێ زۆر و زەنگ بێ. دیارە لە كۆمەڵگەیەكی سۆسیالیستیدا كە ئازادی و یەكسانیی مرۆڤی كردبێتە بنەمای خۆی، هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییە بەزۆر باوەڕی خۆی بەسەر كەسێكی دیكەدا بسەپێنێ. واتە، كۆمەڵگە دەبێ لەڕووی باوەڕەوە پلورالیستی بێ. جا لەبەر ئەوەی «دەوڵەت» دەبێ دوورییە ژیارییەكانی لەگەڵ دوورییە ژیارییەكانی كۆمەڵگەدا یەكسان بن، دیارە دەوڵەتیش دەبێ پلورالیستی بێ، واتە نابێ ببێتە دەزگەی دەسەلاتی هیچ

باوەڕ و هیچ ئاینێك. بێگومان لەمجۆرە دەوڵەتەدا، هەموو جۆرە ئاینێك و رامانێك رێزی خۆی دەبێ، بەڵام ناکرێتە دەستووری کۆمەڵگە.

بێجگە لە باوەڕ و زانست، مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بۆ لێکدانەوەی بنەمای بوون، رێیەکی دیکەشی گرتووەتە بەر، کە ئەمەش فەلسەفەیە.

فەلسەفە بریتییە لە توێژین و هوردکردنەوەی سەرەتا بنچینەییەکانی بوون (وجود) و هزر (فکر) بەشێوەیەکی تایبەتی، بۆ گەیشتنە «راستی». بۆ ئەمەش فەلسەفە پەنا دەباتە بەر ژیربێژیی هۆش (منطق العقل). لەبەر ئەوە فەلسەفە لە بەڵگەنەویستەکان (مسلمات، بدیهیات) ەوە دەستپێناکا، ئەوجا ئەو بەڵگەنەویستانە، نەخۆیا (غیبی) بن، یان دیار بن، ئەوە بەلای فەلسەفەوە وەکیەکە. لێرەدا فەلسەفە خۆی لە ئاین جیادەکاتەوە. چۆنکە بنچینەی ئاین باوەڕە. بەڵام فەلسەفە باوەڕ ناکاتە بنچینەیەك بۆ ئەو شتەی بە «راستی» دەدرێتە قەڵەم. فەلسەفە خۆشی لە زانست جیادەکاتەوە، چۆنکە زانست لە «مادده» وە دەستپێدەکا. بۆوێنە فیزیك لە خۆڕسك (طبیعة) ەوە دەستپێدەکا و بە پەنابردنە بەر ماتماتیك دەیەوێ دیاردەکانی خۆڕسك لێکبداتەوە. بەڵام فەلسەفە دەیەوێ ئەم سەرەتایانەی خۆڕسك شیبکاتەوە و بیانباتەوە سەرماکی بنچینەییان. فەلسەفە سەتان و بگرە پتر، قوتابخانە و رێبازی جیاجیای هەیە. **کۆنترین فەلسەفە فەلسەفەی رۆژهەڵاتییە کە لە زەردەشت و کۆنفۆسیۆس و بووداوە دەستپێکردووە.** ئەوجا فەلسەفەی **یۆنان** دێ کە **ئەرستۆ و سۆکرات و پلاتۆ (ئەفلاتوون) و دیۆگین** نوێنەرانی گەورەی ئەم قوتابخانەیەن. لە سەتەی نوێشدا **دێکارت و کانت و فۆیەرباخ و هیگل و لایبنیز و رەسل** سوارچاکانی فەلسەفەی ئەورووپایین.

فەلسەفە و فەیلەسووفەکان بەگشتی، دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- ئیدیالیستەکان کە بنچینەی هەموو شتێك دەبەنەوە سەر هۆش (عقل).

٢- مەتریالیستەکان کە بنچینەی هەموو شتێك دەبەنەوە سەر مەنی (مادده).

٣- دووەکەکان کە هەموو شتێك دەبەنەوە سەر هۆش و مەنی پێکەوە.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەر لە کۆنەوە و بەهۆی **زانستگەی «حەڕان» ی کوردستانەوە،** جۆرە فەلسەفەیەك لە رۆژهەڵاتدا هاتە کایەوە کە بە فەلسەفەی

«نەزانینی راستیی پەتی» ئیویرۆی کە عەرەبەکان پێیان دەگوت: «لاادریة».
بەپێی ئەم فەلسەفەیە «هۆش»ی مرۆڤ ناتوانێ سنووری ئەزموونی خۆیی خاوەنەکەی ببەزێنێ. لەبەر ئەوە ناتوانێ هیچ شتێك ئیسپاتبکرێ کە لە دەرەوەی ئەو سنورەدا بێ». هێندەك کەس هەن کە ئەمە بە گومانکردن لە بوونی خودێ و ژیانەوەی مرۆڤ پاش مردن، لێکدەدەنەوە. بەهەر جۆر، لەم سەتانەی دواییدا لە ئەوروپا چەند فەیلەسوفێك هاتنەکایە کە سەربە قوتابخانەی «نەزانینی راستیی پەتی» بوون و، لەوەوە لیبەرالیزم هاتە کایە. یەکێك لەوانە فەیلەسووفی ئەڵمانی فرە بەنێوبانگ **ئیمانۆئێل کانت Emanuel Kant (١٧٢٤ ــ ١٨٠٤)** بوو، کە هەوڵیدا هۆش و هەست (عقل و حس) پێکەوە ببەستێ. **کانت دەیگوت «ئەو شتانەی هۆش سەر دەردەکا لێیان، پێویستییان بە ئەزموونی هەستە، ئەگەرنا بەبێ ئەزموونی هەست، هەروەك پەیکەری بێگیان دەمێنێتەوە».**

کانت دەبێژێ: «چۆنکە ئەو تاقیکردنەوانەی ئێمە هەمانە لەبارەی ئەو شتانەوە کە لە دەرەوەن، هەر تەنێ ئەو رووداوانە (ظاهرة) دەگرێتەوە کە دەتوانین بە هەستی خۆمان پێ ببەستین پێیان و، ئێمە لە جیهاندا بە دەزگەی هۆشی خۆمان، تەنێ دەتوانین لەو رووداوانە بگەین. بەڵام ئەوەی لەپشت ئەو رووداوانەوەن بەهیچ جۆرێ ناتوانین بەهۆشی پەتی (العقل المجرد) بزانین چین».

کانت دەبێژێ: گەڕان بەدوای راستینەکان (حقائق) دا بە هۆی هۆشەوە، مرۆڤ دەخاتە دۆخی ناتەبایی (تناقض) ەوە. بۆوێنە: گەڕان بەدوای کات و جێ دا، دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە هەردووکیان کۆتاییان دێ و، کۆتاییشیان نایێ. گەڕان بەدوای ڤین (ارادة) ی مرۆڤدا دەگاتە ئەوەی مرۆڤ ڤینی خۆی بەدەست خۆیەتی (مخیر) و هاوکات بەدەست خۆی نییە (مسیر) ە. گەڕان بەدوای خودێ دا دەگاتە ئەوەی هەیەو نیشە».

نوێنەرێکی دی ئەم قوتابخانەیە **فەیلەسووفی فەرەنسی ئۆگۆست کۆنت Auguste Conte** (١٧٩٨ ــ ١٨٠٧) بوو کە بە داهێنەری **«فەلسەفەی چۆنێتی»** دادەنرێ.

کۆنت، هەوڵدەدا بۆ چاککردنی کۆمەڵگە بەپێی پەنابردنە بەر ئەو ئەنجامەی کە زانستە خۆرسکییە شارستانییەکان پێیگەیشتوون. کۆنت دژی میتافیزیك بوو.

میتافیزیك بەدوای بوونی پەتی (الوجود المطلق) دا دەگەڕێ، واتە بوون بەتەنێ، بێ هیچ تایبەتکارێك، تایبەتکاری بوونی خۆی نەبێ. بەپێی کۆنت بیری مرۆڤ لە پرۆسەی دۆخگۆڕیدا بە سێ پلە تێپەڕ بووە:

١ــ پلەی ئێزدباوەڕی (لاهوتی) کە هەموو شتێك بەبوونی هێزێکی سەراسا (خارق العادة) لێکدەداتەوە.

٢ــ پلەی میتافیزیکی کە هەموو شتێك بە بنچینەیەکی تاك و تەنێ لێکدەداتەوە.

٣ــ پلەی چۆنێتی کە هەموو وادانانێك (فرضیة) لە ئەنجامی تەماشاکردن و ئەزموونەوە دیاریدەکا، نەك بە خەیاڵ.

فەیلەسوفێکی دیکەی ئەم مەیدانە، **فەیلەسووفی ئینگلیز هێربەرت سپێنسەر Herbert Spencer** (١٨٢٠ ــ ١٩٠٣) بوو. بەپێی سپێنسەر فەلسەفە بریتییە لەوەی تۆ لە گۆشەنیگای دۆخگۆڕییەوە (تطور) بڕوانیتە زانیاری (معرفة). بەپێی سپێنسەر ئەوەی کە دەتوانرێ بناسرێ، ئەوە هەر ئەو شتەیەکە دەتوانرێ بەراورد بکرێ بە شتی دیکە. جا لەبەر ئەوەی پەتی (مطلق) بە هیچ جۆرێك شێوای بەراوردکردن نییە، لەگەڵ خۆی نەبێ، دیارە بە هیچ جۆرێك نازانرێ چییە. کە واتە سنووری زانیاریی مرۆڤ، تەنێ ئەو دیاردانەیە کە روو دەدەن و پێوەندییەکانی نێوانیانە.

شایانی باسە کە سپێنسەر ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی کۆچیدوایی بکا، چاوی **بە فەیلەسووف و تێکۆشەری کورد شێخ محەمەد عەبدۆ (١٨٢٥ ــ ١٩٠٥) کەتبوو، کاتێ کە شێخ لە ئەورووپا دەربەدەر بوو. شێخ بیرکەرەوەیەکی مەزنی رۆژهەڵات بوو، داوای چاککردنی باری کۆمەڵگە و مافی گەلان و هاوئاهەنگکردنی زانست و ئاینی دەکرد.**

فەلسەفە هەرچەندە بەدوای بنکەبنەڕەتییەکانی «بوون» دا دەگەڕێ و دەیەوێ لەو رێیەوە بگاتە «راستی»، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ، ئایا «راستی» چییە؟ ئایا «راستی پەتی» هەیە؟ ئەگەر هەیە بەچی و چۆن دەتوانین پێیبگەین؟. قسە لەسەر ئەوە نییە کە فەلسەفە بە یارمەتیی ژیریێژی و کوور (قووڵ) خوێندنەوە، دەیەوێ بگاتە «راستی». بەڵام ئەوەی کە ئەو پرۆسەیە دەبا بەڕێوە مێشکی مرۆڤە. مێشکی مرۆڤ وەك فەیلەسووفەکانی بەرەی «نەزانینی راستی پەتی» دەبێژن، تەنێ

ڕووەدە (ظواهر) ی شت دەبینێ، نەك ئەو شتانەی لە نێوەوەن. چۆنکە مێشکی مرۆڤ ناتوانێ دیوی نێوەوەی ئەو شتانە ببینێ. بێجگە لەمەش فەلسەفەیەکی یەکگرتوو نییە، بەڵکو سەتان و پتر قوتابخانەی فەلسەفەیی هەیە. هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤ، لە لایەکەوە، لەڕێی فەلسەفەوە

گەیشتووەتە گەلێك شتی بەکەڵك کە خزمەتی مرۆڤیان کردووە، لەلایەکی دیکەوە هەر لەڕێی فەلسەفەوە گەلێك ئیدیۆلۆژیای واش هاتوونە پێشەوە کە دژی ئازادیی مرۆڤ بوون. بەپێی **فەلسەفەی کۆنی یۆنان**، کۆمەڵگە بەچەند چینێك بەشکرابوو، یەکێك لەوانە «ڕاستە خەڵك» بوون کە هیچ مافێکیان نەبوو، نۆکەریکردن نەبێ. ئەو دەستوورە دەیگوت: «خواستی خۆڕسك (طبیعت) ە کە **باربارەکان** بەندەی یۆنانەکانن». نموونەی دی **فەلسەفەی «هیگل» Hegel**ی (١٧٧٠ ــ ١٨٣٠) ئەڵمانییە کە لەوەوە دووربازی **«مارکسێتی»** و **«نازێتی»** لە دایکبوون، کە لە **سۆڤێت و چین و ئەڵمانیا و ئەلبانیا** خرانە کار و ئەوپەڕی دوژمنایەتییان بەرامبەر ئازادیی مرۆڤ لێدەرکەوت.

بەکورتی، ئازادیی مرۆڤ ناتوانێ ڕەوایەتیی خۆی هەموو کاتێك لە فەلسەفەوە وەربگرێ. لەبەر ئەوە، هەر زانست دەمێنێ کە ئازادی بتوانێ بیکاتە پاڵپشتی خۆی. چۆنکە زانست لە بابەتەوە دەردەچێ و لایەنگری بابەتە. بابەتەکە لێرەدا مرۆڤە کە ئازادی بنچینەی هەموو مافەکانێتی.

— — —

* ــ ئەم وتارە لەنێوەڕاستی هەشتاکاندا نووسراوە وەك بەشێکی بەرگی دووەمی **«هێندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم»**، کە بەرگی یەکەمی لە سوێد لە ١٩٨٥ دا لە چاپدرا و، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ دا چاپی دوەمی ئەم بەرگی یەکەمە لە هەولێر لەلایەن ڕۆژنامەی «میدیا» وە دەرچوو.

(١) ــ گەلێك گوند و باژێری کوردستان هەن کە بە «با» دەستپێدەکەن وەك **«بامەڕنی»**، **«باپشتیان»**، **«باقوویە»**، **«بانە»**، **بالیسان»**، **«بایەوا»**، **«باینجان»** و ... هتد.

(٢) ــ محەمەد لەیلا، وەك لەنێوەکەی دیارە، بەنێوی دایکییەوە «لەیلا» نێونراوە، وەك گەلێك ماڵباتی کورد کە نێوی دایکیان هەڵدەگرن، نەك نێوی باوکیان. محەمەد لە تاخی کوردان (حی الاکراد لە دیمەشق) لە دایکبووە و لەوێ چووەتە قوتابخانە و لەبەر هەژاری، زۆر درەنگ قوتابخانەی تەواو کردووە. وەك جۆتکار و دارتاشیش کاریکردووە. پاش ئەوە لەلایەن کاربەدەستانی سووریاوە لەسەر کوردایەتی تەنگی پێهەڵچنراوە و، وەك پەنابەر هاتووە بۆ ئەوروپا و بووە بە پەنابەر لە ئەڵمانیا. لە شاری **براون شفایك** لە زانستگەی تەنکۆلۆژی خوێندنی هەندازیاری تەواو کردووە. هەرلە سەرەتای دامەزراندنی **«ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر»** لە ساڵی ١٩٨٥ دا بووە بە ئەندام. بەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی بارستایی Massismus یەوە نارد بۆ گەلێك لە پرۆفیسۆرەکانی ئەوروپا. نەزاتی ئەوەیانکرد کە بێژن «نەڕاستە» و نەهێندە ئازابوون کە بێژن «ڕاستە». **ڕاستییەکەی ئەگەر محەمەد لەیلا کورد نەبوایە، چەند جارێك خەڵاتی نۆبلی وەردەگرت.**

حیزبحیزبینەی کورد و،
هەڕەشە ڕەشەی گورگەبۆر

ئەوی سەرنجی مێژووی کوردی دابێ لەم پەنجاساڵەی دواییدا، تەنانەت سەرنجێکی سەرپێییش، نەك سەرنجێکی کوور (قووڵ) و هورد، بەهاسانی بۆی دەردەکەوێ کە حیزبحیزبێنە دەورێکی بنچینەیی گێڕاوە لە سەرلێشێواندن و بەهەڵەبردنی جەماوەری کورد و، ناکۆکیدروستکردن لەنێوان ریزەکانی خەڵکی کوردستان و، لە ئەنجامدا پەنابردن بۆ داگیرکەرانی کوردستان و، کردنیان بە کوێخا بەسەر ماڵی کوردەوە و، دابەستن و گەشەدان بە کلك و دەستوپێوەندەکانی ئەم داگیرکەرانە لە کوردستاندا. ئەم رەوشەرەشە، کارێکی وایکردووە کە حیزبێکی کوردستانی، ئامادەی هەموو جۆرە دەستبەردان (تنازلات) و بەرتیلدان و سەرشۆڕییەك بێ بۆ داگیرکەرانی کوردستان، هەربۆ ئەوەی بەسەر حیزبە کوردستانییەکانی دیکەدا زاڵ ببێ، ئەمەش لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی کە حیزبێکی کوردستانی ژێردەستەی دەوڵەتێکی داگیرکەر، شەڕی حیزبێکی کوردستانیی ژێردەستەی داگیرکەرێکی دیکە بکا و، دەوڵەتە داگیرکەرەکەی دراوسێی، بە (هاوپەیمان) و (هەڤاڵبەند) و (دۆستی کورد) بداتە قەڵەم و، حیزبە کوردستانییەکانی دیکەش بە (جاش) و (خاین) و دوژمنی خوێنیی خۆی بزانێ.

شەڕ و بەیەکدادان و خوێنرێژیی نێوان پارتی و یەکێتی و پی کێ کێ و کۆمەڵە و دێمۆکرات و سۆسیالیست و ئیسلامییەکان، لەسەر بردنەوەی پێشڕەوێتیی درۆزنە و خۆبەزلگرتن و خۆسەپاندن بەزۆری چەك بەسەر هەژار و رەشورووتی کورددا، کەرەسەی داستانێکی سامناك و فیلمێکی دراماتیکە. ئەوجا ئەگەر ئەم فیلمە لەکاتی شەڕی نێوچیا و دوورەشاری و خۆحەشاردان لەودیو سنوورەدەستکردەکانەوە بەلای خەڵکەوە باش نەبینرابێ، ئەوا ئەورۆ پاش دوانزەساڵ سەربەخۆیی و فەرمانڕەواییی دوو زلحیزب، تەنانەت هەموو رەنگکوێر (عمی الالوان) و شەوکوێرێکیش دەیانبینێ و، ئەوی خودێ پیچێك تیشکی لێکدانەوەی پێدابێ، دەبێ بەخوێدا بێتەوە و، سەربوردەی ئەو دوانزەساڵە بەبەرچاوی خۆیدا بێنێتەوە و، خەتونیشانێك بۆ سەرەنجامی ئەم هەڕەشەوگوڕەشەیە بنێتەوە، کە رژێمی ترك

بەوپەڕی سەربەستییەوە لە کوردی دەکا و، ترکمانەکانیشی کردووە بە بانەوبەك بۆ دەستوەشاندن و پەلاماردان و، ئەو دەمە دەبێ مرۆڤ رادەی ئامادەیی ئەم حیزبانە بۆ بەرەنگابوونەوەی ئەو مەترسییە گەورەیەی کە لەم بارودۆخە ئالۆزە دەکەوێتەوە، بەباشی و هەر لە ئێستەوە هەڵبسەنگێنێ.

ئەوەی هەموومان دەیزانین ئەمەیە، کە هەر پاش دامەزراندنی "هەرێمی نەفرین" و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و، داخویانیکردنی حکوومەتی کوردستان، دەستبەجێ کاربەدەستانی کورد، هەموو مافە دێمۆکراتییەکانی **ترکمان و ئاشووری و کلدانی** و مافی هەموو ئاینە کوردییەکانی وەك **کاکەیی و ئێزدی و هەقەقە** و، ئەو ئاینانەی کە لە کوردستاندا هەن، وەك دیان و جوو، ... هتد، بەڕەسمی ناسی، ئەمەش پێرەویکردنێکی رێسا (تقالید) یی فەرهەنگی مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو و، هەنگاوێکی پیرۆز بوو، کە لە لایەن نەتەوەییەکانی کوردەوە پشتگیریلێکرا، **چۆنکە کۆمەڵگەی کورد، جەودەت نەجارێك کە کوردستان بە نیشتمانی خۆی دەزانێ و، لەو سنوورەدا بۆ پارێزگاریی مافی رەوای گەلی ترکمان تێدەکۆشێ، لە سەنعان قەسابی کۆنەبەعسی و نانخۆری ئەوروۆی رژێمی ترك، جیا دەکاتەوە و، دیارە بۆنی گوڵ و بۆنی پیوازی بەلاوە وەکیەك نییە.**

کە ئاگری شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی هەڵگیرسا و، پەرلەمانی کوردستان لەکار کەوت و، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە دوو لەتەوە و هەزاران چەکداری حیزبەکان خوێنیان لەو شەڕە چەپەڵەدا رژا، زلحیزبەکان، لەباتی ئەوەی بەدەم هاواری جەماوەری ئاشتیخوازی کوردەوە بێن و، لە کوێرەگوندێکی کوردستاندا پێکەوە دانیشن و ناکۆکییەکانیان کە هەمووی لەسەر دەسەڵاتە، بە هەستی بەرپرسارێتیی کوردانەوە باسبکەن و، چارە بدۆزنەوە بۆی و، تۆبە لە هەموو شەڕ و شۆڕ و کوشتوکوشتارێکی نێوخۆیی بکەن و میلیشیاکانیان هەڵوەشێننەوە و، لەشکری یەکگرتووی کوردستان دروستبکەن، کە بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە پیرۆزەش سالانی ساڵ و بێوچان و بەدەمی و بەنووسین پێمراگەیاندن، رووبانکردە پێتەختەکانی داگیرکەران و، داگیرکەرانیان کردە سەرپشکی کێشەی کورد و، ئەنجامی ئەم رێبازە چەوتۆچەوێڵەش ئەوە بوو دەوڵەتی ترك خۆی کردە "دەمڕاست" و "کۆتری ئاشتی" و

نێویژیکەری دووزلحیزبەکە و، چەکداری ترك بەڕازیبوونی هەردوولا، لەشێوەی PFM دا هاتنە کوردستانەوە و، ئێدی ئەوەی نێویانناوە "بەرەی ترکمانی" خرایە گەڕ و، ئەوجا لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا برسێتی و بێنانییەکی جەرگبڕ نە باشووری کوردستاندا هەبوو و، پارە و پووڵی کوردیش دەدرا بە چەك و گوللە بۆ کوشتنی یەکدی، سەنعان ئاغای کۆنەبەعسی و نانخۆری ئەوڕۆی ڕژێمی ترك، کردی بە جێژنی تۆرانێتی و نێوی هەزاران کوردی هەژار و ڕووت و ڕەجاڵی بە **"ترکمان"** تۆمار کرد، بەرامبەر بە چەند ژەمەنانێك. لەسەرێکی دیکەشەوە هەلومەرجی شەڕوشۆری دوو زلحیزبەکە و، نەبوونی ئاسایش و بێکاری لە «هەرێمی نەفرین» دا قۆزتەوە و، بە سووتوەرگرتن لە ڤیزەی دەوڵەتی ترك، بە ملیۆنان دۆلاری لە کورد کێشایەوە و، هەزاران هەزار کوردی لە کوردستان هەڵکەند و ڕەوانەی ئاوارەییکردن، کە هێندێکیان هەر لەسەر سنووری دەوڵەتی ترك لەلایەن ژەندرمەی ترکەوە کوژران و، گەلێکیشیان درانە دەست قاچاخچی بێویژدان و لە ڕێ شوێنەون کران، یان لەنێو زەریادا خنکان. سوپاس بۆ ئەو پڕۆژەی «نەوت بە نان» ە، خۆئەگەر ئەوە نەبوایە، دڵنیام لەوەی سەرژمێری ئەوڕۆی ترکمانەکان دەگەیشتە پێنج ملیۆن و نیو لە دەفتەری سەنعان قەسابدا و، ئەوی نەیویستایە بیێتە ترکمان، ئەوا وڵاتی بەجێدەهێشت بەرەو دواڕۆژێکی تاریکونووتەك.

پاش ئەوەی پارتی و یەکێتی لەژێر گوشاری ئەمریکادا، پەیماننامەی واشنتۆنیان لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ دا مۆرکرد و، ساڵانی ساڵ لەچاوەمێزدا مایەوە، پارتی و یەکێتی بەرامبەر بە بەرەی ترکمانی و پی کی کی، سیاسەتێکی زۆر لەیەکجیاوازیان گرتەبەر. تائەو هەندازەیەی کە بابەتەکە پێوەندیی بە "بەرەی ترکمان"ەوەیە، ئەوا پارتی دانی بەهەموو مافێکی ترکمانەکاندا نا و، بەکردەوەش ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و حیزب و وەزیر و مافی کەلتووری داپێیان، لەگەڵ ئەوەشدا "بەرەی ترکمانی" دانی بەبوونی کوردستان و حکوومەتی کوردستاندا نەدەنا و سەرپێچی لە قانوونەکانی «هەرێمی نەفرین» دەکرد. بەڵام زۆر زیرەکانە ناکۆکیی نێوان پارتی و یەکێتی، بەکاردەهێنا بۆ ئاژاوەنانەوە و کردنەوەی جێپێی خۆی لە باشووردا. "یەکێتی" زۆر بەداخەوە، لەباتی ئەوەی کردەوەی کورددوژمنانەی "بەرەی ترکمانی" و شکاندنی قانوونەکانی «هەرێمی نەفرین» و گوێڕایەڵیی ڕژێمی ئەنقەرە،

بەنەعلەت بکات و، سەرکردەکانیان بداتە دادگە، گەلێك "تنازلات"ی کرد بۆ "بەرەی ترکمانی"، وەك ئەوەی لە سلێمانی و کەلێك شوێنی دیکەی ژێردەسەلاتی یەکێتی، نیشتەجێیکردن و، گەڕەکی دروستکرد بۆیان و، زەوی و زارەکی فراوانی لەسەر تاپۆکردن، وەك ئەوەی زەوی و زاری کوردستان، مالی باوك و باپیری سەرکردەکانی یەکێتی بوویێ و، بەخشییێتیان بە "هەژاران و لێقەوماوان"ی "بەرەی ترکمان" (کە لە قوتابخانەکانیاندا بەکارهێنانی زمانی کوردییان لە منداڵەکانیان رێبەند/ممنوع کردووە). ئەم هەلوێستەی یەکێتی هەمووی لەدژی پارتی بوو، وەك چۆن پشتی پی کی کی ی گرت و سەتان چەکداری خۆی بەدەستی رژێمی ترك دابەکوشت، هەر بۆ بێهێزکردنی پارتی. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لەسەر پارتی بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێ قسەی راستبکەم.

"بەرەی ترکمانی" و کاربەدەستانی رژێمی ئەنقەرە، بەرامبەر بەم پێهەڵخلیسکانەی یەکێتی، کەوتنە پەسندانی مام جەلال و دانانی بە «سیاسەتکارێکی گەورەی عێراق»، بێئەوەی بەیەك وشە نێوی کوردستان و حکوومەتەکەی یەکێتی بهێنن. تەنانەت سەنعان قەساب دەیگوت، هەردوو حکوومەتەکەی پارتی و یەکێتی، هیچیان رەوایەتییان نییە، بۆیە ناچێ داوای "ئیجازە" بکا لێیان. کەچی کاربەدەستانی یەکێتی پتر نازی داروەدەستەی سەنعان قەسابیان دەکێشا و پارتییان گوناهبار دەکرد بەوەی "مافی ترکمانی نەداوە"!

پاش ئەوەی پارتی و یەکێتی لەمرۆژانەی دواییدا و لەژێر شەقی رۆژگار و هەڕەشەی چەککردنیان لەلایەن رژێمی ئەنقەرەوە، بەپەلە سەرکردەیەتییەکی یەکگرتوویان دامەزراند و، وەك کوردەکە دەبێژێ و، لە یەکێك لە وتارەکانمدا لە «میدیا» باسمکردبوو، هەولدەدەن ئەوەی بە (کچێتی) نەیانکردووە، ئێستە بە بێوەژنی بیکەن. ئالەو کاتەوە هەلوێستی دوژمنانەی "بەرەی ترکمانی" بەرامبەر بە کورد ،گەلێك لەجاران ئاشکراتر بووە، بەپێی هەوالێك کە «کوردیش میدیا» لەرۆژی ‎/٣/٨ دا بلاویکردبووەوە، "بەرە" داوای لە رژێمی ئەنقەرە کردووە کە "ترکمانەکان بپارێزن لە دەستدرێژیی پارتی و یەکێتی کە بە دزییەوە دەیانەوێ دەولەتێکی کوردی لە باکووری عێراقدا دابمەزرێنن و، خەلکی ترکمان لە هەرێمەکە دەربکەن". ئەمە دەقی قسەی مستەفا زیا "نوێنەری بەرەی ترکمانی" یە کە لە ئەنقەرە لەرۆژی

پێنجشەمەی ٦/٣/ دا کــردی. مــســتــەفــا زیا گــوتی: "ژیانی تورکــمــانەکــان لە مەترسیدایە لەلایەن سەرکردەی یەکێتی، جەلال تاڵەبانی و سەرکردەی پارتی، مەسعوود بارزانی، کە ئەم دوانە لە کۆنەوە کوردەکانی هەرێمیان تیژکردووە دژی خەڵکی تورکمان لە هەرێمەکە". هەروەها گوتی: "ئێمە داوامان لە کاربەدەستانی تورک کردووە، کە لەباری رامیاری و سەربازییەوە، بمانپارێزن دژی بڕیارەکانی تاڵەبانی و بارزانی لە سەردەمی دوای سەددامدا لە باکووری عێراق". شایانی باسە، کە لە کۆبوونەوەی سەلاحەدین دا سەنعان قەسابیش هەروا بەئاشکرا داوای ئەوەیکرد کە لەشکری تورک پەلاماری باشووری کوردستان بدا.

ئەوجا ئەگەر هاوولاتییەک ئاوا بە ئاشکرا و بێپەردە داوای هاتنی لەشکرێکی بێگانە بکا بۆنێو ولاتەکەی، ئایە دەبێ هەروا بە ئازادی بە کوردستاندا بگەڕێ، یان دەبێ دەستبەجێ لەلایەن پۆلیسەوە بگیرێ و بدرێتە دەست دۆزگری گشتی و دادگەی کوردستان؟ دوای ئەوە، ئەم قسانەی سەنعان قەساب مانای وانییە کە خۆی و هاودەستەکانی لەکاتی پەلاماری لەشکری ئەنقەرەدا بۆسەر باشوور دەکەونە کوردکوشتن لە پاداشتی «چاکە»ی سەرکردەکانی یەکێتیدا؟؟

ئەمــەیان وا، پاش ئەوەی رەجــەب ئەردۆگــان بەتاوانی هاندانی ئاینپــەروەریی بنچینەگرانە، رێنەدرا پێی ببێتە سەرۆکوەزیرانی رژێمەکەی، هەرچەندە حیزبەکەی لە هەڵبژاردندا پلەی یەکەمی بردبووەوە، چەند رۆژێک لەمەوبەر کاتێک کە هەڵبژاردن لە شاری سرت کە شارێکی کوردە، تازەکرایەوە و، ئەردۆگان بەدەنگی لێقەوماوانی کــورد، بــوو بە سەرۆکـوەزیران، لەبەردەم ئەندامــانی حــیـزبەکــەیدا گــوتی: «ئێمە ناتوانین بچینە شەڕێکەوە کە شەڕی ئێمە نییە. لەبەر ئەوە دەبێ ئەمریکا داخوازییەکانمان جێبەجێ بکا، کە یەکێکیان ئەوەیە، مافی تورکمان هەقە لە دەستووری بنچینەیی عێراقدا بچەسپێ، کە ئەوانیش وەکو کورد و عەرەبن». ئەردۆگان باسی ئاشووری و کەلدانییەکانی نەکرد و، دیارە مەبەستی وی، تورکمانی کــوردســتــان نیـیـە، بەڵکو مــەبەسـتی "بەرەی تورکـمــان"ی دەسکەلای دەســتی رژێمەکەیەتی. سەیر ئەوەیە، ئەردۆگان بەڕووەقایمیەوە باسی مافی تورکمان دەکا کە بچێتە دەستووری عێراقەوە، پاش سەردەمی سەددام، بەڵام باسی مافی ٢٠ــ ٢٥ ملیۆن کوردی ژێردەستەی خۆی ناکا. ئەمە تورکەموسڵمانەکەیە، ئەوجا دەبێ

ترکەناموسڵمانەکە چۆن بێ؟ ئەمە لە کاتێکدا کە ترك و ترکمان یەك شت نین و ترك و ترکمان یەك گەل نین و، گەلی ترکمان گەلێك کۆنترن لەمانەی کە بە ترکی عوسمانی نێویانڕۆیوە. بەداخەوە ئەم وتارە جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە کە بە دووروودرێژی لەسەر ئەم باسە بڕۆم. بەپێچەوانەی قسەکانی سەنعان قەسابەوە کە دەبێژێ: "ئێمە بەشێکین لە نەتەوەی ترك"، ترك و ترکمان دووگەلی زۆر لەیەکجیاوازن.

هەڕەشەی ڕژێمی ترك بۆ هاتنە کوردستان بەداری زۆری، بەهیچ بیانوویەك پاساو نادرێتەوە. چۆنکە لەشکری ترك نایەوێ بچێتە شەڕەوە دژی سەددام و، ئەمەش بەرۆژی نیوەڕۆ دەبێژن. لەبەر ئەوە لەشکری ترك مافی ئەوەی نییە بێتە کوردستانەوە. ئەوجا ئەگەر سەربازی ترك مافی ئەوە بەخۆیان بدەن بڕژێنە خاکی باشووری کوردستانەوە، گوایە بۆ "پاراستنی ترکمانەکان"، کە هیچ هەڕەشەیەك نەکراوە لێیان و، هەموو مافێکیان هەیە، دیارە خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستان و هەموو کوردێکیش، مافی ئەوەیان هەیە بچنە باکوری کوردستان بۆ هێنانەدی مافی ٢٠ ــ ٢٥ ملیۆن کورد کە ئەمە هەشتاساڵە لە هەموو مافێکی مرۆڤانە بێبەشن.

کاربەدەستانی ترك زۆرجار منەتدەنێن بەسەر کورددا کە دوانزەساڵە کوردی باشووریان پاراستووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم دوانزەساڵە ڕێیان بەهێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا داوە، سەرپەرشتیی «هەرێمی نەفڕین» بکەن. ئەمەش لەلایەکەوە، بەرامبەر یارمەتییەکی یەکجار زۆر کە لە ئەمریکا وەریانگرتووە و، لەلایەکی دیکەشەوە، بۆ بەربەرەکانێی هێزەکانی پێ کێ کێ، بە یارمەتی پارتی و یەکێتی. هەموو جارێکیش، شەش مانگ شەش مانگ، ماوەکەیان درێژ کردووەتەوە و، ئەگەرچی پەرلەمانەکەیان ڕازینەبووە، بەڵام "ئەنجومەنی ئاسایشی ناسیۆناڵ" زۆریکردووە لێیان لەبەر "خاتری ئاسایشی ناسیۆناڵ" درێژیبکەنەوە. خۆئەگەر دەوڵەتی ترك سەرەڕای مەترسیی پێ کێ کێ، ماوەی ئەمریکای نەدایە بۆ پاراستنی «هەرێمی نەفڕین»، ئەوا ڕژێمی ترك هەرخۆی لەبەردەم چەکدارەکانی پێ کێ کێ دا نەدەدی، بەڵکو لەبەردەم چارەکە ملیۆنێك پێشمەرگەی مەشقپێکراودا دەدی کە بەرگەی نەدەگرت. ڕژێمی ترك دەبێ سوپاسی پارتی بکا کە ڕێنەداوە، جێیخۆی

بکاتەوە لە نێوچەکەدا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ڕاستییەك بکەم، ئەوەش ئەوەیە کە پارتی هەستی بەوە نەدەکرد کە ئەگەر **پی کی کی** لاواز بوو، سەرە دێتە سەر پارتیش، ئەم قسەیەش بۆیە ناکەم لەسەر پی کی کی بکەمەوە، چۆنکە پی کی کی کردەوەی خراپیان یەکجار زۆرە و، هەر لەژێر ئەو کردەوە خراپانەدا بوو کە ڕۆژیان گەیشت بەمڕۆژە. بەڵام بۆ مێژوو دەبێ بڵێم، کاتێك کە **ئۆجەلان** بە کەینوبەینێکی نێونەتەوەیی، کە لەمەدا **ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕووسیا و یۆنان و کینیا و سووریا** بەشداربوون، لە کینیاوە فڕێنرا و، ورەیەردا و، پی کی کی بەو شێوەی جارانی نەما، نامەیەکم نووسی بۆ **کاك مەسعوود بارزانی لەگەڵ وێنەیەك بۆ مام جەلال** و تکامکرد لێیان کە کێشەی پی کی کی، کە کێشەیەکی کوردە، پێویستە لەلایەن کورد خۆیەوە چارەسەر بکرێ و، لە نامەکەدا بەڕۆنی نووسیبووم کە ئەگەر پی کی کی لەنێو چوو، ئەوسا ڕژێمی ترك بوونی کوردی دیکە، تەك هەر بە پێویست نازانێ، بەڵکو بوونیان بە مەترسی دەزانێ بۆخۆی.

ئێستەش پاش شەش ساڵێك دەرکەوت کە پێشبینییەکە ڕاستبوو و، ئەوەتە ئەوڕۆ **ڕژێمی "گورگەبۆر"** دەیەوێ چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی کە خاوەنی چاکەن بەسەر ئەو ڕژێمەوە چەکداماڵبکا. ئەوجا ئێستە بۆ وەرامدانەوەی ئەو، پارتی و یەکێتی هاتوون «سەرکردەیەتییەکی یەکگرتوو»یان پێکهێناوە، کە بێگومان کارێکی باشیانکردووە. کە ئەمەش یەکەمجار نییە، پارتی و یەکێتی یەکبگرن و بەرە دروستبکەن و هەڵیوەشێننەوە. لەبەر ئەوە بەبیروڕای من پێویست بوو، بنەمایەکی قانوونی بدەن بە کارەکەیان. ئەمەش بەوەی حکوومەتەکەی هەردوولایان قانوونێکیان چێبکردایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو میلیشیاکان و، هاوکات قانوونێکی دیکەیان چێبکردایە بۆ دامەزراندنی «لەشکری بەرگریی کوردستان» ئەوسا هەردوو قانوونەکەیان بخستایەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ پشتڕاستکردنیان. بۆ پشتگیریی ئەم هەنگاوەش بەڵگەی باشیان بەدەستەوە بوو. یەکەم: لە «هەرێمی نەفرین» دا لەشکرێکی عێراقی نییە. دووەم: خەڵکی «هەرێمی نەفرین» لەگەڵێك لاوە هەڕەشە دەکرێ لە ژیان و سەروماڵ و بوونیان. پەرلەمانیش دەزگەیەکە بەشێوەیەکی دێمۆکراسی هەڵبژێردراوە و، مافی ئەوکارەی هەیە.

ڕاستییەکەی میلیشیا، هەرچەندە بەژمارە زۆر و بەهێزبێ، هەر لەباری قانوونییەوە، مافی ئەوەی نییە وەك لەشکرێك تەماشا بکرێ. هەر لەبەر ئەوەشە گەلێك لە بزووتنەوە رزگاریخوازەکان میلیشیا دروستناکەن، بەڵکو لەشکر دروستدەکەن. "لەشکری رزگاریی باشووری سۆدان" نموونەیەکە بۆ ئەمە.

بەرلین - ٢٠٠٣/٣/١٢

کۆچیدوایی زانایەکی کورد لە تاراوگە

پاش ئەوەی **فەیلەسوف و فیزیکزانی گەورەی کورد و خەڵکی رۆژاوای کوردستان، هەندازیار محەممەد لەیلا، خاوەنی تیۆری بارستایی**، دوور لە وڵات، سەری پڕ لە خەموخەفەتی نایەوە، ئەوا **دوکتۆر یۆسف مارف زەندیش** لە تاراوگە کۆچیدواییکرد و، بەوە سۆیەکی تیژی کردە دڵی هەموو دۆست و برادەرەکانییەوە.

یۆسف لە نێوچەی **مەریوان** لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووبوو و، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە خوێندەواری کردبوو. ئەمەش وایکردبوو لێی کە روویکاتە **بیارە** و، لەلای زاناکانی ئەوێ دەستبەخوێندن بکا. بەڵام هەڵوێستی بنەماڵەی **مەلا عەبدولکەریمی مودەریس**، کە خۆی هەر لە کۆنەوە ماستاوساردکەرەوەیەکی رژێمی **عێراق** بووە، دواییش بوو بە زورناژەنی سەددام، هەروەها عێراقچێتیی کورەکانی مەلا عەبدولکەریم، وایلە یۆسف کردبوو کە بە دزییەوە بچێتە **سلێمانی** و، پەساپۆرتێکی عێراقی پەیدا بکا و، لەوێشەوە لەنیوەی پەنجاکانی سەتەی رابردوودا، لە عێراق رابکا و، خۆی بگەیەنێتە **قاهیرە** و، لەوێ خەریکی خوێندن و چالاکیی رامیاری بێ.

ئەو سەردەمەی یۆسف چووبووە قاهیرە، سەردەمی فەرمانڕەوایی **جەمال عەبدولناسر** بوو، کە بووبوو بە ئاڵاهەڵگری ناسیۆنالیزمی عەرەب و، دوژمنی رژێمەکانی **عێراق و ترک و ئێران، کە لە پەیمانی بەغدادا** یەکیانگرتبوو و، دژایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیاندەکرد. ئەم رێبازەی ناسر، لە هێندەك رووەوە، وەکیەکییەکی لەگەڵ رێبازی رزگاریخوازانەی کورددا پێکهێنابوو و، بۆ کوردی نەتەوەیی سەرنجڕاکێش بوو.

ئێمە ئەوکاتە چەند گەنجێکی بەژمارە یەکجار کەم بووین کە دژی عێراقچێتی و سۆڤێتچێتی و پاراستنی سنوورە دەستکردەکانی کوردستان بووین و، لەبەر ئەوە لە سالی ١٩٥٦ دا و، پاش وتوویژ لەگەڵ هاوبیرانی ئەوسەردەمەم، چووم بۆ شام **(دیمەشق)** و لەوێ نامیلکەیەکم بە عارەبی بەنێوی **"کفاح الاکراد" (خەباتی کورد)** دوە نووسی و، لەوێدا پێویستیی هاوکاریی کورد و عەرەبم باسکردبوو، نامیلکەکەم بەدیاری پێشکێش بە ناسر کرد. ئەم کارە پێوەندییەکی لەنێوان کورد و ناسردا

دروستكرد، كە دوایی بەهۆی **نەجمەدین عەونییەوە (كە برای محەمەد عەلی عەونی و، هەردووكیان كوردی میسر بوون)**، هێندەك داخوازیمان گەیاندە ناسر، یەكێك لەوانە دانانی رادیۆیەك بوو بە كوردی. ناسر لە هاوینی ۱۹۵۷ دا فەرمانی بە تەرخانكردنی پرۆگرامێكی كوردی لە رادیۆی قاهیرەدا دا، بە سەرپەرشتیی عومەر وەجدی كە كوردێكی میسری و، سەرۆكی «رەواقی كورد» بوو (*).

یۆسف یەكێك بوو لەو كوردانەی كە هەرلە سەرەتای دامەزراندنی ئەو پرۆگرامەوە، وەك بوێژ و وەرگێڕ هاوكاریی كرد، ئەو رادیۆیەش رۆڵێكی بەرچاوی نواند لە زانتنانە بەر كورد و تەنگاوكردنی رژێمەكانی ئێران و عێراق و ترك. ئەم پرۆگرامە، هەتا ساڵی ۱۹٦٤ لەكاردا بوو. لەم ساڵەدا لەژێر گوشاری **عەبدولسەلام عارف دا داخرا**. ئەوجا یۆسف روویكردە ئەڵمانیا و لە شاری كیل گیرسایەوە و، لەو كاتەوە دۆستایەتیمان دەستپێكرد.

كە **یەكێتیی نەتەوەیی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپا (ئوكسە)** لە نەورۆزی ساڵی ۱۹٦٥ دا لەلایەن **هاوبیرانی هێژا، هەندازیار بروسك ئیبراهیم و پێشمەرگەی كاژێك لەتیف عەلی و نووسەری ئەم چەند دێڕەوە دامەزرا**، یۆسف یەكێك بوو لەوانەی بە دڵەوە لەسەر بیروبۆچوونی نوكسەی دەكردەوە و لە گەلێك كۆبوونەوەدا بەشداریكرد لە گەڵمان.

یۆسف، بێجگە لە فارسی و عەرەبی و ئەڵمانی، زانیارییەكی فراوانی لە زمانی كوردی و شێوە و زارەكانیدا هەبوو. لە زانستگەی **كیل (ئەڵمانیا)** لە بەشی زمانەوانیی هێند و جەرمەنی خوێندبووی. زانینی زمانی كۆنی یۆنانی و لاتینی مەرجە بۆ ئەوانەی ئەم بابەتە دەخوێنن. خوێندنەكەشی بە دوكتۆرنامەیەكی گرنگ لەبارەی باسێكی رێزمانی كوردییەوە بە كۆتاییگەیاندبوو. گەلێك وتاریشی بە كوردی و عەرەبی و ئەڵمانی بەنێوی خواستەمەنییەوە نووسیبوو بۆ بەرگریكردن لە كورد و مافەكانی.

یۆسف كوردێكی سەربەرز و قسە لەروو بوو. بۆ دەستكەوتنی ماڵی دنیا خۆی سووك نەدەكرد. پاش دامەزراندنی **«هەرێمی ئاسایش»** گەلێك كەس پێیانگوتبوو كە بچێ داوای كار بكا لە زانستگەكانی «هەرێم»، ئەویش گوتبووی: «ئەو زانستگانە هی هەردوو زلحیزبەكەن، بۆ من ناشیرینە بچم دەستپانكەمەوە لێیان.

ئەگەر ئەوان پێویستیان بە خزمەتی منە، فەرموو با ئەوان روو بنێن لێم، ئەوسا منیش بۆ هاوکاری لە گەڵ زانستگەکان، چەند مەرجێکم هەیە، ئەگەر بەو مەرجانە رازیبوون، ئەوا بەسەر چاو»

دەسا ئافەرینی لێبێ و ئەو بیروڕایە بیروڕای منیشە. هەردوو حیزبەکە پێویستە دەنگوەرگرتنێکی گشتی رێکبخەن و سەر شۆڕ بکەن بۆ ئەنجامی گشتپرسییەکی ئازادانە.

....

(*) - "ڕەواق" وشەیەکە کە لە بنەڕەتدا **یۆنانییە**. یۆنانییە کۆنەکان بەو شوێنەیان دەگوت «ڕەواق» کە زاناکانیان تێیدا کۆدەبوونەوە. ئەو وشەیە لەڕێی زانستگەی **«حەڕان»ەوە کە گەورەترین زانستگەی کوردستان و رۆژهەڵات** بوو کەوتە زمانی کوردییەوە. کە **سەلاحەدین بوو بە سوڵتانی میسر**، لە زانستگەی ئەزهەر ڕەواقێکی کردەوە بەنێوی **«رواق الاکراد» (ڕەواقی کوردان)** بۆ پێگەیاندنی زانستکاری کورد. ئەم ڕەواقە هەتا ئەم دواییەش مابوو تا **ئەنوەر سادات** جێی ناسری گرتەوە، ئەوجا دایخست.

(**) - رژێمی عێراق رێیدا بەدەرکردنی چەند گۆڤارێك بەزمانی کوردی. رژێمی ئێران بەشێکی بەزمانی کوردی لە رادیۆی تاراندا کردەوە. سەفیری ترك لە قاهیرە بە هەڵەداوان چووبووە لای ناسر و پێیگوتبوو، «ئەم کارەی میسر (دانانی پرۆگرامی کوردی) کارێکی زیانبارانەیە بەرامبەر ترکیا». ناسریش پێیگوتبوو، «ئێمە دەمانەوێ سیاسەتی دەرەوەی میسر بەزمانی کوردی بڵاوبکەینەوە». جەنابی سەفیر گوتبووی «لە ترکیا کورد نییە». ناسریش لە وەرامدا گوتبووی: **«باشە، کە کورد نییە لە ترکیا، بەڕێزتان لە چ دەترسن؟»**. سەفیر وەرامی بۆ ئەمە پێنەبووە و، ناسر کۆتایی بە وتووێژەکە هێنابوو.

٢٠٠٣/٦/٢١

هەلومەرجی لەبار
و
کاربەدەستی هەرزانفرۆش و نالەباری کورد

بەڕاستی، هەرچەند سەردەهێنم و سەر دەبەم، لە تەواوی مێژووی کورددا، هەلومەرجێکی لەوەی ئەوڕۆ لەبارتر نابینم، کە وا گەورەترین زلهێزی ئەم جیهانە بوویێتە هەڤالبەندی کورد و، دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانی لە بنج و بێخەوە رووخاندبێ و، هەڕەشەی توندوتیژ لە داگیرکەرانی رۆژهەلاّت و رۆژاوای کوردستان بکا و، بە هاوکاری تێرۆریستیان بداتە قەڵەم و، دانە جێڕێ لە داگیرکەری باکووری کوردستان بکا و، تەنانەت ژمارەیەك لە سەربازەکانی بگرێ و، بەوپەڕی سووکایەتیپێکردنەوە رەوانەی زیندانیان بکا. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو داگیرکەرەی باکوور، هەڤالبەندی نیوسەتەی ئەو زلهێزە جیهانییە بێ.

ئالەم بارودۆخە لەبارەدا، کە چەرخی رۆژگار، بەرێکەوت، وەك دیارییەکی لەنرخنەهاتوو، پێشکێشی کوردی پێخوست و بەشخوراوی کردووە، کاربەدەستانی کورد، لەباتی ئەوەی هەستی بەرپرسیاری وا بکا لێیان، پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە عێراق دەوڵەتێکی دەستکردە و، کاتی خۆی بەزۆری زۆردارەکیی بەریتانیا، باشووری کوردستانی پێوە بەستراوە و، کورد بەزۆری چەك کراون بە عێراقی و، بۆ سەپاندنی «عێراقێتی» بەسەریاندا، لەم هەشتا ساڵەی رابوردوودا، ملیۆنێك کەسیان لێکوژراوە و، هێندەی ئەوەش دەربەدەر کراوە و، هەزاران گوندیان سووتێنراوە و، ولاّتیان عەرەباوی کراوە و، ئەنفالیان لێکراوە و، شار و گوندیان کیمیابارانکراوە و، کچ و ژنیان وەك کۆیلە فرۆشراوە و، ماڵ و ملکیان بە تالاّن براوە، کەچی ئەوان کەوتوونەتە هەرزانفرۆشی و ماستاوکردن بۆ داگیرکەران و، پتر لە عەرەبەکانی عێراق، خۆیان بە عێراقی دەدەنە قەڵەم و، سەری زمان و بنی زمانیان ئەوەیە **«کورد دەوڵەتی سەربەخۆی ناوێ»** و، **«کورد لە گەڵ برا عەرەبەکانی عێراقێکی یەکگرتووی فیدەرالی دەوێ»**. ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ گشتپرسییەك نەکراوە تا بزانرێ کورد چی دەوێ و چی ناوێ و، دوو زلحیزبەکەش نوێنەری ٧ ــ ٨ ملیۆن کوردی ژێردەستەی عێراق نین، تا مافی ئەوەیان هەبێ بەنێوی کوردەوە قسە

بکەن. پەرلەمانەکەش و حکوومەتەکەشیان حەوت ساڵە ڕەوایەتیی نەماوە. سەیرەکەش لەوەدایە کە هەموو منداڵێکی ساوا دەزانێ کە گۆڕینی سیستەمی عێراق، لە دیکتاتۆرێتیی عەرەبچێتییەوە بۆ دێمۆکراسییەکی فیدەراڵی، هەروا هاسان نییە کە بە فەرمانێکی سەرەوە بێتە دی، بەڵکو پێویستی بە تێپەڕبوونی ساڵانێکی دوورودرێژ هەیە و، ئەوەش لەپاڵ بوونی دەسەڵاتێکی ژێری ئازادیخوازانە و، پەروەردەیەکی دێمۆکراتانەی ئاشتیخوازانەدا. دیارە ئەمەش کاری پیاوە چەقۆوەشێنەکان و ژنە لەچکبەسەرەکان نییە، بەڵکو بەرهەم و دیاردەی کۆمەڵگەیەکی شارستانانەیە، کە ڕژێمە تێرۆریستە داگیرکەرەکانی کوردستان و، ڕژێمە دیکتاتۆرە شەڕخوازە دەرەبەگەکانی دیکەی دەوروبەری عێراق، پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگەیە، بەمردنی خۆیانی دەزانن و، بەهەموو شێوەیەك بەربەرەکانێی دەکەن.

بەڵام با ئێمە لێرەدا کەمێك خەیاڵپلاوی بخەینە کار و، وا دابنێین کە عێراق، بە فەرمانی خودێ و، تکا و نزای زەردەشت و تاوسی مەلەك و سوڵتان سەهاك و شێخ عەبدولقادری گەیلانی و شەخسە فەقیرە و شێخی شەدەڵە و گشت چاکان، بەدەستوبرد، یان پاش ماوەیەك، دەبێتە دەوڵەتێکی دێمۆکراتی و، ئەوجا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایە ئەم دێمۆکراسییە بایی ئەوەیە کە بتوانێ دۆزی کورد چارەسەر بکا؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە ئەوەندە بەسە کە بگەڕێینەوە بۆ سەرپەڕەی تایبەتکارەکانی دێمۆکراسی لەکاتی خستنە کاردا. **دێمۆکراسی بریتییە لە هێنانەدی بڕیاری زۆریەی زۆر (نیوە + ١) ی پێوەندارانی دەوڵەتێك، یان کۆمەڵگەیەك لە دەنگدانێکی سەربەستدا. ئەوجا ئەگەر کاربەدەستانی کورد، یان هێندەك لە سیاسەتکارانی عەرەب، داوای ئەوەیانکرد کە عێراق بێتە دەوڵەتێکی فیدەراڵی — وەك ئێستە "مجلس الحکم الانتقالي" داوایدەکا، دەبێ جارێ چوارچێوەی ئەو سیستەمە فیدەراڵییە دیاربکرێ و، ئەوجا بخرێتە دەنگدانەوە و، لەم دەنگدانەشدا هەر کورد بەشدار نابن، چونکە سیاسەتکارەکانی کورد، ئەوەیان نەکردووە بە مەرجێك، کە هەر هەرێمێك بۆخۆی و بەجیا دەنگبدا، بەڵکو خەڵکی عێراق هەموو پێکەوە لە دەنگداندا بەشدار دەبن، ئەو دەمە، ئەگەر زۆریەی زۆری خەڵکی عێراق کە عەرەبن، دەنگیان بۆ سیستەمی فیدەراڵی نەدا، ئەوا ئەو حەڵە، کورد ناتوانێ لە دژی بوەستێ. خۆ ئەگەر لەدژی وەستا، ئەوا دژ بە سیستەمی دێمۆکراسی و "یەکێتیی**

خاکی عێراق" دەوەستێ، کە کاربەدەستانی حیزبەکانی کوردستان، کردوویانە بە بنێشتە خۆشەی بندانیان. کە ئەمەش وابلێهات، ئەوکاتە دەگەڕێینەوە سەر سفر و دەست لە گـــزنان درێژتر و، دوژمنانی کـــوردیش چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن، بۆیە بە جەختەوە داوا لە ئەمریکا دەکەن کە «بەزووترین کات چارەنووسی عێراق بداتە دەست عێراقییەکان خۆیان». چونکە ئەوان، جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی خۆیان باش ناسیوە و دەزانن ئەنجامی دەنگدانەکە ئەگەر بەمزووانە بکرێ، چۆن دەبێ.

شـایانی باسـە، کـە دوو زلـحـیـزبە کـوردییـەکـەی باشـوور، کـاتی خـۆی کـە پەرلەمانەکەیان بڕیاریدا، پێوەندیی کورد و دەسەڵاتی نێوەندیی عـێراق لەشێوەی فیدەراڵیدا بێ، ئەویٚ ڕۆژیٚ، بۆ ئەمە، بەڵگە و بیانوویان هەبوو. چونکە هەلومەرجی ئەو ڕۆژە، وەك هەلومەرجی ئەوڕۆ نەبوو. سەددام بەوپەڕی دەسەڵاتەوە هەڕەشەی لە کـورد دەکـرد و، سێ ڕژێمـە داگـیـرکـەرەکـەی دیش، بە هەمـوو فـرتوفـێڵێك هەوڵی نەهێشتنی «هەرێمی نەفرین» یان دەدا و، لەڕێی دەسکەلاکانیـانەوە تۆوی ئاژاوە و ناتەناهییان لە "هەرێم" دا دەچاند و، **لەپاڵ ئەمانەشدا شەڕە قۆچی پارتی و یەکێتی، لەسەر فشە دەسەڵات، کە بە قسەی مام جەلال، «تەنیٚ،» سێهەزار پێشمەرگەی تیا کوژرا، هیوای نەمانی "هەرێم"ی دەبەخشی بە داگیرکەران،** بەڵام لە بەختی کوردان بارودۆخێکی واهاتە نێوناوان، کە بە ڕێکەوت، لە بەرژەوەندیی کوردستان و زیانی ملهوڕانی بێگانە بوو. لەبەر ئەوە، دەبوو، کـاربەدەستـانی کـورد، داخوازیی کـۆنی خۆیان کە "فیدەراڵی" بوو، پێبەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکە بگۆڕن و، پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام و، بەپەندبوونی نەخشەی ڕژێمی ترك، بۆ پاراستنی ڕژێمی سەددام و، تەفرەدانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، پێ لەسەر ئەوە دابگرن، کە کورد ئامادەنییە بەهیچ جۆرێك بچێتەوە ژێر باری دەوڵەتی لە بنەڕەتەوە ناڕەوا و دەستکردی عێراق و، بۆ هەر شتێك کە پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ، سائیدی "مجلس الحكم" بێ، یان هەر دەزگەیەکی دی و، دەبێ کورد مافی ڤیتۆی هەبێ و، بڕینەوەی چارەنووسی باشووری کـوردسـتـان، کـە دەست لە هیچ بەشـێکی هەڵناگیرێ، دەبێ لەڕێی گـشـتپرسـییـەوە دەستنیشـانبکرێ، کە تەنیٚ خەڵکی باشووری کوردستان مافی دەنگدانیان هەبێ، چونکە هیچ گـەلێك ئـامـادە نییـە، ڕێـدا بەگـەلێکی دیکە، بڕیار لەسـەر مـافی چارەنووسی بدا و، ئەمەشیان لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و عێراقییەکان، بەمۆر و

ئیمزا، کۆتایی پێبهێنایە، نەك بە بەڵێنی دەمی و، هەمـوو وتووێژێکیشیان رەپوڕاست، بە نەتەوەی کورد بگەیاندایە کە دیارە ئەمەیان نەکردووە.

بەڵام کە کاربەدەستانی دوو حیزبە دەسەلاّتدارەکە، هەروا بە هاسانی دەستیان لە مووسلْ هەلْگرت و، لە پەرلەمانەکەیاندا، هەروا بە ئاشکرا و، لە بەردەم عەرەب و ناعەرەبدا، باسی ئەوەیانکرد کە برایەتیی کورد و عەرەب لە «سەرووی هەمـوو ئەنفال و کیمیابارانێك» هەیە، واتە، ئەو کاربەدەستانە داوای ئەوە ناکەن کە عەرەب پێویستە بەرەسمی داوای لێبوردن بکەن لە نەتەوەی کورد، بەرامبەر گەلکوژی لە کورد و، ئامادەیی خۆیان دەربڕن بۆ بژاردنەوەی زەرەروزیانی کورد، ئەم پێشنیازەش سالاّنی سالْە دەیدەم بە گوێیاندا و، لەباتی ئەوە و، بە کوێرایی چاوی نیشتمانپەروەران، رۆژی دامەزراندنی لەشکری عێراقی کوردکوژیان کردە رۆژی «جێژنی کورد»، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان زۆرباش دەزانن کە **«برایەتیی کورد و عەرەب» درۆیەکی شاخدارە، چۆنکە لەنێو ٢٣ دەولْەتی عەرەبدا، تاکە یەك دەولْەت نەبوو، بێزاریی خۆی، نەك بەرامبەر ئەنفال و چەکی کیمیایی و بە عەرەبکردنی کوردستان و فرۆشتنی ژن و کچی کورد، دەربڕێ، بەلْکو بەرامبەر بەو هەمـوو گۆڕە بە کۆمەلاّنەی کە رۆژ نییە نەدۆزرێنەوە و، لەنێو دووسەت ملوێن عەرەبدا، دووسەت عەرەب، تا ئێستە پەیدانەبوون کە لەدژی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان و بە عەرەبکردنی باشوور و رۆژاوای کوردستان، یەك خۆپێشاندان سازبکەن.** تەنانەت ماوەیەك لەمەوبەر، کاربەدەستانی رژێمی سووریا، کە سەرکردەکانی دوو زلحیزبە کوردییەکە، زووزوو دەبنە میوانیان و، بەشانوبالیاندا هەلْدەدەن، چەند منداڵێکی کوردیان خستە زیندانەوە، چۆنکە ئەو زارۆکانە داوای ئەوەیاندەکرد بەزمانی خۆیان بخوێنن و، دەیانویست ئەم داخوازییەیان بگەیەننە دەزگەی یونیسێف لە دیمەشق. کە مام جەلال، چەند رۆژێکی کەم پاش ئەوە، چوو بۆ سووریا، دەمی هەلْنەپچڕا بەکوڕی حافز ئەسەد بێژێ: «کاکی برا! ئاخەر تۆ دەزانیت ئەز بە ئاشکرا و چەند جار گوتوومە، سووریا نیشتمانی یەکەمە و، عێراقیش نیشتمانی دووەمم و، ئێمە هەردەم سوپاسبێژی سووریاین کە هەین و، ئەگەر سووریا نەبووایە ی.ن.ك.. لەدایك نەدەبوو، دەهیچ نەبێ تۆیش ئەو منداڵەکوردانە بەریدە. تۆ بزانە ئەز چەند خۆم بە براگچکەی عەرەب دەزانم. تۆ

ئەوەتە بیرۆزت بێ، ئەم سەرکۆمارییەت لە باوکتەوە بێزەحمەت و ئازار بەمیرات بەرکەوتووە. ئەوەی بەر من کەوتووە لە شێخ حیسامەدینی باوکمەوە نییە، خۆم چل ساڵە لەو چیایانە خەریکی شەڕەشەقم و، گەلی کورد لە سووریا چاوەڕوانییان لەمن ئەوەیە، لەسەر مافەکانیان هەڵبدەمێ. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستە، بەخەونی شەوانیش، باسی دوومِلیۆن کوردی لای ئێوەم نەکردووە، کە چارەکە ملیۆنێکیان نێزیکەی چل ساڵە، تەنانەت لە هەموو مافێکی مرۆڤ بێبەشن».

ئەرێ، مام جەلال ئەم قسەیەی نەکردووە، هەروەها **بەرهەم ساڵحی سەرەکوەزیرانی یەکێتی،** ئەویش کە چووەتە **میسر** و، **عەمروموسا**، بەوپەڕی رووهەڵماڵییەوە لەبەردەمی ویدا گوتوویەتی: «عێراق بەشێکە لە وڵاتی عەرەب»، دەمی هەڵنەپچڕاوە بێژێ: «ببوورە. ئەوە راست نییە و تکایە دەست مەخەرە کاروباری خەڵکەوە و، لەباتی ئەوە ئەو کچەکوردانە بدەرەوە دەستم کە رژێمی سەددام لەسەر داخوازیی کاربەدەستانی ئێوە، وەك «کەنیژەك» **(جاریة)** ناردنی بۆتان، بۆ ئەوەی پێیانڕابوێرن. بێجگە لەوەش، دەبێ ئەمانەی دەستیان لەم تاوانەدا بووە، بیاندەیتە دەستمان، بۆ ئەوەی لە کوردستان بیانخەینە بەردەم دادگە».

ئەرێ، کاك بەرهەمیش، هەروەك مام جەلال، پێویستیی سەرشانی خۆی وەك کاربەدەستێکی بەڕێوەبەرێتیی سلێمانی بەجێنەهێنا و، ئەو قسەیەی نەکرد، بەڵکو میسری بە «دۆستی کورد و گەلی عێراق» دایە قەڵەم. بەرهەم ساڵح و مام جەلال هەردووکیان باش دەزانن کە رژێمی میسر لە هەموو رژێمێکی "عەرەبی" ی دیکەی پتر هەوڵیدا بۆ پاراستنی سەددام و، رێگرتن لە پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق و، هەتا ئێستەش کە ئێستەیە، هیچ سەرکردەیەکی کورد، داوای لە «**جامعة الدول العربیة**» نەکردووە کە داوای لێبووردن بکا بەرامبەر بە گەلکوژی لە کورد، و دەستەبەریێ بە بژاردنەوەی ئەو زەرەروزیان وماڵوێرانییەی لە کورد کەوتووە.

ئەوی سەرنجی بارودۆخی ئێستەی عێراق بدا، دەبینێ زۆربەی عەرەبەکان (شیعەکان و سونییەکان) کە پێکەوە نێزیکەی ٦٠٪ی خەڵکی عێراق دەبن، بەپشتی رژێمی ئێران و رژێمە عەرەبییەکان و رژێمی ترك و، لەژێر کارکردی پرۆپاگەندەی دژ بە ئەمریکایی هێندەك دەوڵەتی ئەورووپایی، کە هەرلە سەرەتاوە دژی ئەوەبوون سەددام لابیرێ (وەك ئەڵمانیا و فەرەنسا و رووسیا)، بەتەواوی، دان بە

"**مجلس الحكم الانتقالي**" دا نانێن و، تەنانەت هێندەك لەوانەی کە حیزبەکانیان ئەندامن لەو "مجلس"ەدا، رەخنە لە "مجلس" دەگرن و، دەیانەوێ بەزووترین کات، دەنگدانێك بکرێ لە عێراقدا و، ئەو حەلە بەدڵنیاییەوە، عەرەبە کۆنەپەرستەکان دەبنەوە و، هەرلە ئێستەوە، گەلێك کۆمەڵ وەك قارچك هەڵتۆقیون و، بەنێوی ئیسلامەوە کەوتوونەتە چالاکی. **لێرەدا باشە کە بزانین، کۆمەڵگەی عەرەب و ترك و فارس، کۆمەڵگەیەکی کۆنەپەرستی داخراوی پیاوفەرمانی و پاشکەوتووە و، هەروا بە هاسانی نابێتە کراوە و ئازادیخواز. ئەوەتە وڵاتێکی وەك کوێت، کە گوایە لەهەموو وڵاتە عەرەبەکانی دی «پێشکەوتووتر»ە، ژنانی کوێتی بەبڕیاری پەرلەمان، لە بەشداریکردن لە دەنگداندا رێبەند (منع) کران. تەنانەت میری کوێت کە دەیویست ژنانیش مافی دەنگدانیان هەبێ، بەرامبەر بەم «دێمۆکراسی» یەی عەرەب، هیچی پێنەکرا.**

لەبەر ئەوە، لەسەر جەماوەری لێقەوماوی کورد پێویستە بکەوێتە خۆی و، نەهێڵێ ئەم دەرفەتە زێرینەی لەدەست بچێ و، چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست خۆی. بە خۆپێشاندانی گەورە گەورە و چڕوپڕ هەر لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا و، داواکردن لە ئەمریکا کە لەرێی گشتپرسییەکی دێمۆکراتانەوە، چارەنووسی باشووری کوردستان دیاریبکرێ و، هەر لەو گشتپرسییەدا، نوێنەری راستینەی کوردستان هەڵبژێرن، بۆئەوەی وتووێژێك لەگەڵ ئەمریکا سازبکرێ لەبارەی ئەوەوە کە ئایە دەکرێ لە باشووری کوردستاندا نێوچەیەك تەرخانبکرێ بۆ بنکەیەکی سوپایی ئەمریکا و، بەستنی پەیمانێك لەگەڵ ئەمریکا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، یان زێتر. ئەز دڵنیام لەوەی، ئەمە تاکە رێیەکە بۆ پاراستنی باشووری کوردستان و، بناخەدانان بۆ رزگارکردنی پارچەکانی دیکەی کوردستان، **چۆنکە ئەوەی دەتوانێ کورد بپارێزێ، «هێز»ە، نەك دستوورێکی دێمۆکراتی، یان بەشداریی چەند هەزار پێشمەرگەیەك لە لەشکر و پۆلیسی عێراقدا**، لەکاتێکدا کە کوردستان لەهەموو لایەکەوە بەدوژمن دەورە دراوە و، ئەفسەری سەرچڵ و خەڵکی تیرۆریست و مرۆڤی تەنگەتیلکە لەنێو عێراقدا زۆر زۆرە، کە هیچ رێزی قانوون و مافی مرۆڤ ناگرن و، تەنێ لەزمانی «هێز» دەگەن. لەبەر ئەوە مانەوەی سوپایەکی ئەمریکایی لە کوردستاندا بەشێوەیەکی قانوونی و، بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستییەکی ژیارییە بۆ کورد.

شایانی باسە کە ژمارەی کورد لە "مجلس الحکم الانتقالی" دا کە پێنج کەسە، کەمە. کورد لە عێراقدا ٧ــ٨ ملیۆن دەبن. ئەو کوردانەی کە سەددام دەربەدەریکردوون لەماوەی ئەم ٣٥ ساڵەدا، لەنێو ملیۆن بەرەوژوورترە. هەر لە عێراقدا ژمارەیەکی زۆر عەرەبی میسری و فەلەستینی و ...هتد هەن، کە سەددام پێوەندداریێتیی عێراقی داونەتێ بۆ زێترکردنی ژمارەی عەرەب و کەمکردنی ژمارەی کورد. ئەم کێشانە دەبێ چارەسەر بکرێن. شوێنەواری بەعەرەبکردنی کوردستان، هەتا ئەورۆ لانەبراوە. بێجگە لەوەش، بۆچی دەبێ لە "مجلس الحکم الانتقالی" دا پێنج عەرەبی موسڵمانی سوننی هەبێ، بەڵام یەك **ئێزدی و یەك کاکەیی** نەبێ؟ بۆچی دەبێ پێنج «ابولریش» ی کورد هەبێ و تاکە یەك ژنیش، بۆ خوێی چێشت، نەبێ؟ بۆچی دەبێ لەنێو ١٣ شیعەدا تاکە یەك کوردی شیعە نەبێ، لە کاتێکدا کە سەتهەزاران کوردی شیعە هەن (نەك تەنێ فەیلییەکان)؟ بۆچی دەبێ هیچ نرخێك بۆ چارەکە ملوێنێك ماندایی (سوبیە) دانەنرێ و لە "مجلس الحکم الانتقالی" دا تاکە یەك نوێنەریان نەبێ؟ سوبیەکان، بەگشتی مرۆڤی رۆشنبیر و ئازادیخوازن و لەنێویاندا گەلێك زانای وەك **دوکتۆر عەبدولجەبار عەبدوڵڵا و هونەر عەبدولڕەزاق عەبدولواحید** هەڵکەوتووە. حیزبەکانی کوردستان (هەموویان، نەك هەردوو زلحیزبەکە) دەبێ بزانن کە رۆژ رۆژی حیزبحیزبێنە و شەڕە پەڕۆ و پاشقول لە یەکگرتن و لەخۆباییبوون و شاردنەوەی راستیی لەگەڵ نییە. رۆژ رۆژی یەکگرتن و ئاشتیی نەتەوەیی و پێداگرتنە لەسەر مافە بنچینەییەکانی نەتەوەی کورد، کە ئەوەش ئازادی و یەکسانی و سەروەریی نەتەوەییە. رۆژ رۆژی عێراقچێتی و خۆبەکەمزانین نییە. رۆژ رۆژی ئەوەیە، وا لە دەسەڵاتدارانی ئەم جیهانە بکەین کە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی ببەستن بۆ باسی چارەسەرکردنی کێشەی چل ملیۆن کورد.

شایانی باسە، کە دوورنییە کە کاربەدەستانی ئەمریکا بیر لەوە بکەنەوە کە مەرجەعییەت (مرجعیة) ێك بۆ شیعەکانی جیهان لە عێراقدا دروستبکەن. بەتایبەتی چۆنکە چەند زانایەکی گەورەی شیعە وەك **ئایەتوڵڵا سیستانی** لە عێراق دەژین و پیرۆزترین مەڵبەندی شیعەکانی جیهان لە نەجەف و کەربەلان و، ئەمەش گوایەدەبێتە هۆی ئەوەی شیعەکانی ئێران بە عێراقەوە ببەستێ، نەك بە پێچەوانەوە. بەڵام دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ئەم رێیە رێیەکی چەوتوچەوێلە و،

ئەنجامەکەشی لە ئەنجامی پشتگیریی ئەمریکا لە ئیسلامییەکانی ئەفغانستان دژ بە سۆڤێت و "کۆمۆنیستان" باشتر نابێ. کاربەدەستانی ئەمریکا، دەبێ لە هەڵەکانی خۆیان پەند وەربگرن. شتێك بەنێوی **«ئیسلامی دێمۆکراتی»** بەوە نییە، وەك چۆن **"ئیسلامی مارکسی"** و **"ئیسلامی سۆسیالیستی"** نییە و نابێ. **ئیسلام ئیسلامە و هیچی دی. بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دێمۆکرات دەبێ پەروەردەیەکی دێمۆکراتی هەبێ، تا کۆمەڵگەیەکی دێمۆکرات بێتە کایە.**

بەرلین: جەمال نەبەز

٢٠٠٣/٧/١٧

کاتژمێری چارەنووسی کورد
چەند تاوێکی ماوە بۆ نیوەشەو
مەرگەساتی مارتی ١٩٧٥ نابێ دووبارە بێتەوە

کورد ، بەوکەسانەی بەڕوو تەنکن و، ئەوەی لە دڵیاندایە دەرینابڕن، دەڵێن "شەرمن". شەرمنی، دۆخێکی ڕەوانی و دەروونییە و، جیایە لە ترسنۆکی و درۆونی و شاردنەوەی ڕاستی، بەنیازی هەلپەرستی و گەیشتنە دەسکەوتی تایبەتی. لەنێو ئەم دوو دۆخەشدا ، جۆرێکی دیکە هەیە، کە بەزۆری، مرۆڤی ڕامیار و دیپلۆماتی بەتەنگەوەهاتوو بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتێك، یان بەرژەوەندییەکی گشتی، نەك تایبەتی، جارویار هێندەك ڕاستی نایەننە سەرزمان، بەڵکو کورد گوتەنی، وەك "کنگر و ماست بۆ کاتی خۆی" هەڵیدەگرن، واتە بۆ بارێکی گونجاو، ئەوجا دەریدەبڕن، بەڵام کە مافێك لەبەردەم پێشێلکردندا بێ، یان تاوانێك قەومابێ و، پێویستی بەزڕاندن و خستنەڕوو هەبێ، ئەودەمە بێدەنگبوون، وەك بەشداریکردنە لە پێشێلکردنی ماف و تاوانکاریدا.

هەتا ئەو ڕادەیەی ئەم باسەی سەرەوە پێوەندیی بە کورد و کێشەی کوردەوە هەیە، ئەوا ئەو هەلومەرجەی کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی سەددامدا لەکاردا بوو، ئەوڕۆ لە بنەڕەتەوە گۆڕاوە و، هەلومەرجێکی دیی وا هاتووەتە کایەوە، کە چارەنووسی کوردی پێوە بەستراوە، لەبەر ئەوە، ئەگەر تا ئێستە، لە هێندەك کەموکورتی، چاومان دەپۆشی، لەبەر خاتری تەناهیی نەتەوەیی، ئەوا لەم ڕۆژەدا ، نابێ بەهیچ جۆرێك، چاو لە هەڵە و گوناه و تاوانی هیچ لایەنێك بپۆشین، ئەوجا هەر لایەنێك دەبێ با بیبێ، خۆ ئەگەر کەمتەرخەمیمانکرد ، ئەوا خۆشمان تاوانبارین.

بۆئەوەی بچینە نێو جەرگەی باسەکەوە، حەزدەکەم بەکورتی چیرۆکی "هەرێمی نەفرین" ، یان "تەوای ئارام" کە پتر لە دەساڵ لەمەوبەر باسمکردووە و، لە گەڵێك وتار و سەمینار و، وتووێژی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنیدا دووبارەمکردووەتەوە، سەرلەنوێ بیخەمە بەرچاو.

پاش ئەوەی سەددام بۆی دەرکەوت کە جەنگی هەشت ساڵەی دژ بە ئێران،

سەرەڕای ئەو هەموو یارمەتییەی کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا وەریدەگرت، نەیبردووەتەوە و، خەزێنەکەشی والایە، کەوتە سەر بیری داگیرکردنی کوێت و، ئەمەش دوای ئەوەی کوێت لە سالأنی جەنگدا، بە سەتان ملوێن دۆلاری بە سەددام بەخشیبوو، کە بەشێکی زۆری ئەو پارەیە، ئەو چەکانەی پێکڕا کە کورد و عێراقییەکان و ئێرانییەکانی پێکوژران. ئالەو کاتەدا، چەکدارەکانی حیزبەکانی باشووری کوردستان، هەموو لە ئێران بوون و، چەکدارەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەلأتی کوردستانیش لە عێراق بوون و، چەکدارەکانی حیزبەکانی باکووری کوردستان (واتە پێ کێ کێ) بەژمارەیەکی کەم، لە شوێنی خۆیان، خەریکی دەستوەشاندن بوون لە بنکەی پۆلیس و سەربازی ترك و، پەلاماردانی ئەو کوردانەی لە حیزبەکانی دیکەدا بوون، سەرکردەیەتییەکەشیان لە سووریا بوو. سەددام بەهۆی هەڵەکردنەوە لە لێکدانەوەی هەلومەرجی ڕامیاری (نێوچەیی و جیهانی) و، خۆیەزلزانین و گوێنەگرتن لە قسەی کەس، بڕیاری هەڵکوتانە سەر کوێتی دا. ئەوەشی نەگرتە بەرچاو، کە جیهان لە ساڵی ١٩٩٠، دا لەشێوەی دوو بەرەییدا نەمابوو. سۆڤێت پووکابووەوە و، ئەمریکا وەك تاکە زلهێزێك لە جیهاندا مابووەوە کە ئەویش دژی داگیرکردنی کوێت بوو. بێجگە لەمەش هەموو ولأتانی جیهان تێکڕا، بەلأم هەریەکە لەبەر هۆیەکی دی، دژی داگیرکردنی کوێت بوون. ئەوە بوو لە ئەنجامدا لەشکری عێراق بەزۆر لە کوێت دەرپەڕێندرا، بەلأم ئەمریکا لەبەرخاتری "هەڤاڵبەند"ە ساختەکارەکانی وەك، **حوسنی موبارەکی میسر و شاحسەینی ئەردەن و شافەهدی حیجاز،** وازی لە سەددام هێنا و، دەستیشی بەرەڵلأ کرد بۆ لێدانی کورد و شیعە و، لەوەوە ئەو گەلڕەوە دروستبوو، کە ملوێن و نیوێك تا دوو ملوێن کورد، لە شوێنی خۆیان هەلأتن و ڕوویانکردە سەر سنوورەکانی ئێران و دەوڵەتی ترك و، ئەوە بوو دەزگەی ڕاگەیاندنی گشتی لە هەموو جیهاندا و، هەموو ڕۆژێك ئەو مەرگەساتەی کوردی هەلأتووی پێشانی خەڵك دەدا و، لەمەوە جۆرە بەزەییەك لەدڵی خەڵکدا پەیدا بوو بەرامبەر بەکورد. **بەرێککەوت لەو سەردەمەدا فەرانسوا میتران سەرۆککۆماری فەرەنسا و تورگوت ئۆزاڵ سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی ترك بوو. جۆن مەیجەریش سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو، ئەوە بوو بە هەوڵوتەقەلای میتران و گەلێك لایەن، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان،** بڕیاری دامەزراندنی هەرێمێکی نەفڕینی دا کە بە

«نەوای ئارام» نێوی رۆیی.

بەڵام کاربەدەستانی حیزبەکوردییەکان رانەوەستان، تا کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی باشتر بدا بۆ کورد، چوون بۆ لای سەددام و دەستیانکردە ملی. ئەم کردەوەیە لەو ڕۆژەدا، تەرمۆمەتری بەزەییهاتنەوەی خەڵکی بە کورددا، زۆر هێنایەخوارەوە. گەلێک لەو پارەیەی کە بۆکوردستان کۆکرابووەوە، ئیدی نەدرا بە کورد.

کورت و کرمانجی، دامەزراندنی ئەم هەرێمە، لە ئەنجامی شەڕی چەکداریی حیزبە کوردییەکانەوە، یان لەئەنجامی دیپلۆماسێتی و وتووێژی سەرکردەی حیزبەکانەوە لەگەڵ رژێمی عێراق، یان کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی گەلڕەوەکە و، ئەو بارودۆخە نێونەتەوەییەوە بوو کە باسمکرد. واتە رۆڵی حیزبەکانی تێدا نەبوو. حیزبەکان هاتنە سەرخوانی ئامادەکراو. ئەمەش قسەی ئەوڕۆم نییە، قسەی دەساڵ لەمەوبەرمە کە بۆ رۆژنامەی "کوردنامە" م کردووە (کوردنامە، ژمارە ٢٣، مایسی ١٩٩٣). مەبەستیشم لەمە ئەوە نییە کە بێژم کورد خەباتی نەکردووە، یان حیزبەکان هیچیان نەکردووە، کردوویانە، بەڵام ئەم "نەوای ئارام" ە، ئەنجامی ئەو خەباتە نەبووە.

پاش ئەوەی دوو زلحیزبەکە کەوتنە گیانی یەکدی و، پەرلەمانی کوردستان درایە بەر تۆپ و، گەلێک کەس کوژران و، نێوونێوبانگی کورد خراپ بوو، لەگەڵێک لاوە و، چەند جارێك، پێوەندیکرا پێمەوە بۆ دامەزراندنی "حیزبێکی نەتەوەیی". بەڵام بە هەموو لایەکم راگەیاند کە ئەوکارە بەڕاست نازانم. گوتیان: "لە کوردستان دەبێ جێگرەوە (بدیل) یەکی نەتەوەیی هەبێ بەرامبەر بەم حیزب و حیزبۆڵکە نانەتەوەییانە، کە ئەمە پەنجاساڵە چەپڵە بۆ رژێمی تاوانباری سۆڤێت و، برایەتیی درۆونەی کورد و عەرەب و کورد و فارس و کورد و ترك لێدەدەن و، زوڕنا بۆ ئۆتۆنۆمی لێدەدەن و، خۆشت ئەوە زۆر باش دەزانیت". گوتم ئەوە راستە، بەڵام ئەگەر رێکخراوێکی نەتەوەیی هەبێ، لەم کاتەدا ناتوانێ بە سەربەخۆیی کاربکا و پەلبهاوێ و بژی، چۆنکە ئەو حیزبانە باوەڕیان بە ئازادیی بیروڕا و دیمۆکراسی نییە، ئەوجا، یان ئەوەتە دەبێ ببێتە دەسکەلای دەستی یەکێك لە زلحیزبەکان و، بکەوێتە فشەکوردایەتی، یان ئەوەتە بەچەك بەربەرەکانێیدەکەن و لەنێوی دەبەن".

گوتیان: "ئێمەش دەتوانین هێزێکی چەکدار دروستبکەین و لەسەر خۆمان بکەینەوە". گوتم: "دوور نییە بتوانن هێزێکی چەکدار دروستبکەن، بەڵام یەکەم،، ئەو هێزەی ئێوە، هەر لە شەو و رۆژێکدا نابێتە هێزێکی وەك ئەوەی ئەوان، چۆنکە ئەوان چەند ساڵە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە پشتگیریدەکرێن و، لەلایەکی دیکەشەوە، دەبێتە بەیەکدادان و خوێنرژان و ئەزیش ئەوە زۆر بەخراپ دەزانم، کە کورد کورد بکوژێ لەسەر حیزبحیزبێنە". گوتیان: "ئەی چار چییە؟" گوتم: چار ئەوەیە هەولبدرێ کە جەماوەری ئەم حیزبانە بەبیری نەتەوەیی ئاشنا بکرێن و تێیانبگەیەندرێ کە حیزب بووەیەکی پیرۆز نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ گەیشتنە ئامانجێك. هەرکوردێك کە خاین نەبێ، مافی سەربەستیی رادەربڕین و کارکردنی رامیاری هەیە، نابێ کورد دەست لە کورد بوەشێنێ". لەدواییدا، هەموو جارێك، ئەوەشم دەگوت پێیان: "کە ئەمە بیروبۆچوونی منە و بەس. ئەز نابێژم حیزب دروستمەکەن، یان دروستبکەن. ئێوە سەربەستن، خۆتان چۆنی بەباشدەزانن وابکەن". گوتیان: "باشە، ئەگەر شتێك دروستبوو، تۆ لەدژی ناوەستی؟" گوتم: "ئەگەر کاری باش بکا، ئافەرین دەکەم لێی و، ئەگەر کاری خراپ بکا، رەخنە دەگرم لێی. بەڵام بەهیچ جۆرێك ناچمە ناوی". گوتیان: "بۆچی؟" گوتم: "چۆنکە باوەرم بە حیزبایەتی نییە، لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی".

ئەوجا، لەوکاتەوە، دەستمکرد بە هەوڵدان بۆ نێزیککردنەوەی حیزبەکان لەیەك و، هەوڵدان بۆ رازیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هەموو لایەك، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەك، لەجیاتی لەیەکدی کوشتن و، خراپەکاری لەگەڵ یەك. دیارە هەموو راهێنان و فێربوونێکیش پێویستی بە کات و بەردەوامیی هەیە، هەتا بۆچوونەکانی لە مێشکدا دەچەسپێن و، جێی خۆیان دەگرن. پێشموایە ئەم هەڵوێستەی من کەڵکی هەبوو. بەڵام وەك هەمووومان دەزانین، زلحیزبەکان، بەتایبەتی یەکێتی و پی کێ کێ و پارتی، وازیان لەرەوشی تۆتالیتێرانە و "پێشرەوانە" و "تاکپەرستانە" نەهێناوە، کە ئەوەش پاشماوەی زەلکاوی بیری چەپەڵی ستالینیستییە و، ئەم حیزبانە پەنجاساڵە مێشکی جەماوەری کوردی پێ بەنچ دەکەن.

لەئەنجامی شەرەقۆچ و بەیەکدادانی حیزبەکاندا، ژمارەیەکی زۆر چەکداری هەردوولایان و هەموو لایەکیان کوژران، کە ئەمانە بێگومان ناچنە خانەی

شەهیدانەوە. بێجگە لەوەش داگیرکەرانی کوردستان توانیسیان جێپێی خۆیان لە "هەرێمی نەفرین" دا بەباشی بکەنەوە. چونکە پارتی و یەکێتی بۆ رێککەوتن لەگەڵ یەک، پەنایان نەبردە بەر نەتەوەی کورد. بەڵکو چوونە سڵاوی داگیرکەران.

شایانی باسە، زۆرجار لە کاربەدەستانی هەردوو زلحیزبەکە دەبیسین کە سوپاسی رژێمی ترک دەکەن کە گوایە "کورد و هەرێمی نەفرینی" پاراستووە. راستییەکەی ئەوەیە، ئەگەر ئەمریکا و بەریتانیا لە پشت پاراستنی ئەو هەرێمەوە نەبوونایە، بێجگە لەوەش، ئەگەر رژێمی ترک نەیارێکی بەهێزی وەك پی کی کێی نەبوایە، کە لەشکری ترکی هێنابووە هەڵەکسەما، هەروەها دوو زلحیزبەکەی باشوور، بەتایبەتی پارتی، ئالیکاریی لەشکری ترکیای نەکردایە بۆ بەربەرەکانێی پی کی کێ، ئەوا رژێمی ترک، پاش نەمانی ئۆیزال، رێی بەبوونی هەرێم نەدەدا. ئەگەر بیرتان مابێ، هەر شەش مانگ جارێك پاراستنی هەرێم تازەدەکرایەوە و، ئەنجومەنی ئاسایشی ناسیۆنالی ترك، هەموو جارێك دەیگوت "لەبەر خاتری ئاسایشی ناسیۆنالی ترك" درێژکرایەوە و، ئەمەش شتێکی زۆر رۆن و ئاشکرایە کە لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبووە. لەمەش بترازێ ئەو قسەیەش کە رژێمی ترك دەیکا کە گوایە، زیانی پارەی لێکەوتووە راست نییە، هەموو رۆژێك بە هەزاران لۆری لە عێراقەوە بۆ نێو دەوڵەتی ترك و لەوێوە بۆ عێراق بە قاچاخی لە هاتوچۆکرندا بوون و، رژێمی ترك و کاربەدەستانی هەرێم، سووتەکەیان لە خۆیان بەشدەکرد، زیانی چی؟

شایانی باسە، کە رژێمی ترك باوەری نەدەکرد کە ئەمریکا و بەریتانیا، بێ هاوکاریی ترك، بتوانن لە سەددام بدەن، یان بچن لەگەڵ کورد رێکبکەون. سەددامیش باوەری نەدەکرد بەوەی ئەمریکا و بەریتانیا پەلاماری عێراق بدەن، ئەگەر رژێمی ترك رازی نەبێ، رێ بە لەشکرەکانیان بدا و، هەر لەو کاتەدا ئەڵمانیا و فەرەنسا و رووسیا و چین و تەنانەت پاپاش، دژی جەنگ بوون و، بە ملوێن خۆپێشاندەر لە هەموو جیهاندا دژی جەنگ دەهاتنە سەر شەقامەکان. بەڵام کە کار لە کارترازا، ئەودەمە ترك پەژیوان بوونەوە و، ئێستەش دەیانەوێ، ئەمجارە، ئەوەی دەبوو بەشەر دەستیان بکەوتایە، زۆر بە هەرزان دەست خۆیانی بخەن و ١٠ ـ ١٥ هەزار سەرباز رەوانەی عێراق بکەن و بە ملیار پارە وەربگرن و بکەونە فرتوفێڵ دژی کورد. لەم ماوەیەدا، دەنگۆ هەبوو کە پارتی و یەکێتی دژی ئەوە بوون کە لەشکری

ترك لەرێی باشوورەوە بکشێتە نێو عێراقەوە. بەلاّم کاربەدەستێکی سوپای ترك گوتی: "ئێمە گومانمان هەیە لەوەی کوردەکان وایانگوتبێ، چۆنکە هیچ ناشێ کورد قسەی وابکەن" (الزمان ۲۰۰۳/۸/۱۱)، وایە، خاڵۆی خۆیان باش ناسیوە.

بەلاّم دوو زلحیزبەکە، هەتا ئێستە قورقەپیانکردووە لە رۆنکردنەوەی هەلّوێستیان، کە لێرەدا داوادەکەم لێیان، هەلّوێست پێشانبدەن.

ئەوجا ئێستە، ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە کاربەدەستانی دوو زلحیزبەکە دەکەم:

١- کەسێك ئەلفوبێی زانستی رامیاری بزانێ، دەبێ ئەوە بزانێ کە فیدەرالیزم لە دەوڵەتێکدا، سیستەمێکە بۆ هەموو دەوڵەتەکە و بڕیاردان لەسەری، بەدەست بەشێکی خەڵکی ئەو دەوڵەتە نییە. بەڵکو بەدەست هەموو خەڵکی ئەو دەوڵەتەیە. واتە، کورد، ئەگەر خۆیان بە عێراقی بزانن (کە ئەوەتە دوو زلحیزبەکە، نەك شانازی بە عێراقێتی خۆیانەوە دەکەن. بەڵکو ئالاّکەی عێراق کە لەڕاستیدا ئالاّی سەددامە، بێ شەرمانە هەڵدەکەن و شایەرەکانیان، هەڵەبجە دەبەنە بەغدا بۆیان) بەتەنێ بۆیان نییە دەنگ بۆ فیدەرالّزم بدەن. بەشە، ئایە گەرەنتی چییە کە زۆربەی زۆری عێراق کە کورد نین، دەنگ بدەن بۆی؟ خۆئەگەر دەنگیان نەدا بۆی، دەبێ کورد رازی بێ بەوە، چۆنکە دوو زلحیزبەکە، هیچ مەرجێکیان دانەناوە بۆ ئەو دۆخە. باشە، ئەگەر کورد رازی نەبوو و سەرکێشی کرد، ئایا بەخەیاڵی حیزبەکان دەبێ چی بکرێ، چی ئامادەکراوە بۆ ئەو رۆژە؟ لێرەدا ئەو پرسیارە رەوایە خۆی دێنێتە پێشەوە، ئایا ئەم دووزلحیزبە کە بە دوانزەساڵ نەیانتوانی بەڕێوەبەرێتی لەو دوو شارەدا بکەنە یەك، تۆ بڵێت بتوانن ئەودەمە کورد لەو کوێرەوەرییە رزگاربکەن، کە ئەورۆ پێشبینی دەکەن، بەلاّم پێشگیری ناکەن؟

٢- با وادابنێین، کە زۆربەی زۆری خەڵکی عێراق، دەنگ بۆ فیدەرالیزم دەدەن، بەلاّم فیدەرالیزم چەشنی زۆرە، یەکێك لەوانە ئەوەیە: هەر پارێزگەیەك بەتەنێ، یەکەیەکی فیدەرالی بێ، یان چەند پارێزگەیەك پێکەوە بدرێن لەیەك، بۆوێنە نێوی بنرێت "هەرێمی باکوور"، واتە نێوی کوردستانی لەسەر نەبێ. دوو زلحیزبەکە چ دەفەرموون؟

٣- زۆرجار باسی دەستوور و "شەڕی دەستوور" دەکرێ. دەستوور

ئەمریکاییەکان داینانێن، کۆمەڵێك پسپۆڕی عێراقی، ڕەشنووسی دەستوورەکە ئامادە دەکەن. کێ دەڵێ ئەو کۆمەڵە، دەستوورەکە بەدڵی کورد دەنووسنەوە. ئایا پێویستی نەدەکرد داخوازییەکانی کورد وەك سنووری باشووری کوردستان و نێوی هەرێم و دەسەلاتەکانی هەرێم، لە کوبوونەوەکانی سەلاحەدین و لەندەن و ناسرییەدا بخەنە بەردەم بەرهەڵستکاران و ئەمریکا و هەموو عێراقییەك و، بێژن ئەمە داخوازیی ئێمەیە و بەم مەرجە نەبێ، ئێمە هاوکاری ناکەین؟ یان بۆ ئەو کۆبوونەوانە چەند کوردێکی لێزانیان بانگێشت بکردایە، کە نەیانکرد.

پاش ئەمە، ئایا دەستوور لە وڵاتە ڕۆژهەلاتییەکاندا نرخی هەیە؟ فەرموون ئەوەتەی عێراق هەیە، چەندجار دەستوورەکەی گۆڕا، پاش هەر کودەتایەکی سوپایی؟ ئایا ئەمریکییەکان هەتا ڕۆژی قیامەت لە عێراقدا دەمێننەوە بۆ پاراستنی ئەو دەستوورە؟

٤ـ با وادابنێین کە عێراق بوو بە دەوڵەتێکی کۆماری و فیدەرالی و، کوردستانیش بووە هەرێمێك، ئایا گەرەنتی چییە بۆئەوەی کە هەموو ساڵێك بەهەزاران عەرەب نایەن لەو هەرێمەدا نیشتەجێ بن؟ هیچ هەرێمێکی فیدەرالی ناتوانێ رێ لە خەڵکی تەواوی دەوڵەتەکە بگرێ و، نەهێڵی لەو هەرێمەدا بژین. گەرەنتی چییە بۆ ئەوەی، ڕۆژێ لە ڕۆژان، زۆربەی زۆری خەڵکی هەرێم نابنە عەرەب؟ ئەوەتە دەوڵەتە عەرەبەکان خەریکی دامەزراندنی یەکێتیی بازرگانی و بازاڕی ئازاد و، یەککردنی پارەکانیانن (وەك یورۆی ئەورووپا). ئایە پێویست نەبوو، هەر لەسەرەتاوە، مەرجێك بخرێتە پێش: "نابێ لە دەستووردا بنووسرێ کە عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب"، هەروەها مانەوە (اقامە) بۆ ئەوانەی خەڵکی کوردستان نین، لە کوردستاندا، بەپێی قانوونێکی تایبەتی دەستنیشانبکرایە؟

٥ ـ پارێزگاری بەعقوبە، لەم ڕۆژەدا، کە ئەمریکاییەکان دایاناوە و، هیچی بەدەست نییە، دەفەرموێت: "خانەقین کوردستان نییە و نابێ پەروەردەی کوردی تێدا بێ (کوردستانی نوێ)". ئایا سەربەرزییە بۆ ئەندامە کوردەکانی "مجلس الحکم الانتقالی" بێدەنگ بن و نەڵێن "ئەگەر ئەو کابرایە دەستبەجێ دەرنەکرێ، ئێمە لەم مجلس"ە دەکشێینەوە؟

٦ـ ئالەم ڕۆژەدا کە هێشتا عێراق نەبووە بە دەوڵەت و، جارێ لەشکر و

حکوومەتی نییە و، کورد جارێك هێندەك دەسەڵاتیان هەیە و، تا هەندازەیەك قسەیان دەڕوا، ئایا پێویست نییە کە هەردوو زلحیزبەکە، تازووە هەوڵی گشتپرسییەك بدەن لە هەموو نێوچەکانی کوردستاندا و پرسیارێك لە خەڵك بکەن: ئایا سەربەخۆییان دەوێ، یان یەکگرتن لەگەڵ عێراق لەشێوەی کۆمارێکی کوردستانیی فیدەراڵدا کە، ناسنامەیەکی تایبەتی و دەستوورێکی تایبەتی هەبێ و بەزووترین کات ئەنجامەکەی، وەك بەڵگەنامەیەکی قانوونی بەکاربهێنن لە سنوورێکی نێونەتەوەییدا؟ ئەم پێشنیازەم لەکاتی خۆیدا لە "میدیایا" دا بلاوکردەوە لەژێر سەرنێوی «ئەی گەلی رووت و برسی، لە زۆرداران نەترسی، بێژە بە خاوەن کورسی، رێ چۆلکەن بۆ گشتپرسی" (میدیا ١/٢/٢٠٠٣). بەڵام دوو زلحیزبەکە، بەداخەوە لەدژی وەستان و، سەیر ئەوەیە خۆشیان و هەموو کەسێك دەزانێ، کە پەرلەمانەکەیان هەشت ساڵە رەوایەتی نەماوە. بەچ مافێك، باسی پەرلەمان دەکەن و، بەچ مافێك رێ لە هەڵبژاردنێکی نوێ دەگرن؟ ئایە رێگرتن لە مافی رەوای خەڵکی باشووری کوردستان بۆ دەنگدان بە ئازادی، لەترسی ئەوەی کە دەزانن ئەمجارە لە هەڵبژاردندا زۆر ناهێنن، کەڵەگایی نییە بەسەر رەشورووتی کوردەوە؟

٧ــ کە ئەمریکا لە ناچاری و، پاش ئەوەی رژێمی ترك دەستی بری، روویکردە پارتی و یەکێتی و، ئەوە بوو لە رۆژێکی تایبەتیدا و کاتێکی تایبەتدا، دەبوو هەرسێ لایان لەیەك کاتدا، بگەنە کەرکووك، بەڵام چەکدارەکانی یەکێتی لە چەمچەماڵەوە و، چەند دەمژمێرێك لەوەبەر، کەوتنەرێ و بەرلە دوانەکەی دی، بە پەرۆکەسکەوە چوونە نێو کەرکووك، بەگەیشتنیان تاڵان و برۆیی دەستپێکرد، کە پارتی دوای ئەوان گەیشتە ئەوێ و، ئەوانیش بە پەرۆ زەردەکەوە، دەمێك بوو، یەکێتی، کوردی کەرکووکی کردبووە چواریەکی دانیشتووانی ئەوێ. ئەمە لەکاتێکدا کە کوردی کەرکووك ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە. بەڵام چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی بە فەرمانی ئەمریکا و، هەڕەشەی ترك، لە کەرکووك چوونە دەرەوە. ئەوجا لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی نەیانتوانی لەسەر دانانی پارێزگارێك رێکبکەون، کوردێکی سەربەخۆ بوو بە پارێزگار و، ئەو چاتر. بەڵام هەتا ئەورۆکە زۆربەی زۆری کوردە دەرکراوەکانی کەرکووك، نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و مڵکی خۆیان. بێجگە لەوەش، ئەگەر کوردێك لەسەر کارێك دابمەزرێ، دەبێ ئاشوورییەك و

ترکمانێك و عەرەبێکیش دابمەزرێنن. وادیارە ئەمریکاییەکان بەتەمانین، عەرەبە داگیرکەرەکان بەزۆر لە کەرکووك دەریکەن، بەڵکو ئەوەی بە ئارەزوو بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، پارەی دەدەنێ، ئەوەش لەکاتێکدا کە ئەو عەرەبانە لە کەرکووکدا بمێنن، دێمۆکرافیای باشووری کوردستان تێکدەچێ. دوو زلحیزبەکە چ دەفەرموون لەوبارەوە؟

٨ – **"جامعة الدول العربية"** و لە پێش هەموویانەوە، **میسر و سووریا و حیجاز**، دان بە ڕەوایەتیی "مجلس الحکم الانتقالی" دا نانێن، بەبیانووی ئەوەی کە هەڵنەبژێردراوە لەلایەن "گەلی عێراق" ەوە، لەڕاستیشدا لەبەر ئەوەیە کە دەترسن "عروبة العراق" یان لەدەست بچێ. ئەم سێ دەوڵەتە، هەر ئەو سێ دەوڵەتەن، کە کاربەدەستانی کورد، هەر ساتە نەساتێ دەچوونە سڵاویان و پەسنی ڕژێمەکانیان دەدا. ئایا ئێستە کاتی ئەوە نەهاتووە کە (٥) ئەندامەکوردەکەی "مجلس"، داوا لە "جامعة الدول العربية" بکەن، داوای لێبوردن بکات لە کورد و، ئامادەبێ زیانەکانیان بیژێرێتەوە و، داوا لەو دەوڵەتە عەرەبییانە بکەن کە ئەوانیش ڕەوایەتیی خۆیان لەرێی هەڵبژاردنی ئازادەوە بە سەرپەرشتیی کۆمەڵی نەتەوە یەککرتووەکان بە ئیسپات بگەیەنن، چونکە هیچ ڕژێمێکی عەرەبی ڕەوایەتی نییە؟ ڕژێمی سووریا دەستوورەکەی خۆی گۆڕی، لەبەر خاتری ئەوەی کوڕی حافیز ئەسەد بکەنە "سەرکۆمار". ئەمانە باسی دێمۆکراسی و هەڵبژاردن دەکەن!

٩ ــ کچی کورد هەر بە کاربەدەستانی میسر نەفرۆشراون، بەڵکو بەگەڵێك دەوڵەتی عەرەبی فرۆشراون. ئەو بەڵگەنامەیەی کە «میدیا» بۆ یەکەمجار بڵاویکردەوە، بەڕۆنی دەریدەخا کە ئەو کچەکوردانە بەکاربەدەستانی ڕژێمی میسر فرۆشراون، نەك بە بازرگانانی ژن. ئایا ئێستە پێویست دەکا کە بەڕێز سەلاح ڕەشید وەزیری مافی مرۆڤی "یەکێتی"، پاکانە بۆخۆی بکا کە ئەو نەیگوتووە شتی وابووە. بەڵکو تەنێ پرسیاری کردووە لە کاربەدەستانی میسر، تا بزانێ ئاگایان لەمە هەیە یان نا. مەبەستی زانیاری بووە لەسەر ئەو بابەتە. ئایا لەباتی ئەوە نەدەبوو حیزبی "یەکێتی" چەند خۆپێشاندانێکی گەورە سازبکا لە باشووری کوردستان و، بەغدا و ئەورووپا و ئەمریکا و، داوای لە نوێنەرێتیی میسر و دەوڵەتە عەرەبییەکانی دی بکا، کچەکوردەکان بگێرنەوە بۆ کەسوکاری خۆیان؟ وادیارە ئەم کچەکوردانەش دەچنە

ریزی ئەو چەند هەزار ژنەکوردەی کە لەم ١٠ ــ ١٢ ساڵەی دواییدا لە "هەرێمی نەفرین" بەدەستی کەرپیاوان و تاوانباران کوژران، بێ ئەوەی هیچ کاربەدەستێکی ئەم دوو حیزبە لێیان بپرسێتەوە.

بەڕاستی، کەشوهەوای ئەم رۆژانە لە کەشوهەوای سەردەمی رێککەوتننامەی مارتی ١٩٧٠ دەچێ، کە یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (نوکسە) یەکەمین و تاکە رێکخراوی کوردی بوو کە گومانی خۆی بەرامبەر بەو رێککەوتننامە کاڵوکرچە بڵاوکردەوە. خۆزگەر ئەو رێککەوتننامەیە لەهەموو روویەکەوە بێ گرێ و گوڵ و کەلەبەر بوایە و، کێشەی **کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و فەیلییەکانی** بڕاندایەوە و، جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکەش دەستبەجێ داوابکرایە و نەخرایە پاش چوارساڵ، بەدڵنیاییەوە کارەساتیماڵوێرانکەری مارتی ١٩٧٥ نەدەقەوما.

ئەورۆ ٢٠٠٣/٨/١٠، کە سەت رۆژ تێدەپەڕێ بەسەرکەوتنی رژێمی سەددامدا، تا ئێستە نەکوردەکانی کەرکووک چوونەتەوە جێی خۆیان و، نە ئەوانەی زیانیان لێکەوتووە، هیچ پارە و پوولێکیان وەرگرتووە و، **کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و مەندەلی و کووت و شارەبان و جەلەولا و شوێنە داگیرکراوەکانی باشوور، هێشتا نەخراونەتە سەر "دوو بەڕێوەبەرێتییەکە" و ئەو دوو بەڕێوەبەرێتییەش تا ئەورۆ نەبوونەتە یەك. بەڕاستی، ئەگەر جەماوەری کورد نەکەونە خۆیان، هیچ دوورنییە مارتی ١٩٧٥ جارێکی دی، بەڵام بەجۆرێکی دی، دووبارە بێتەوە. لەبەر ئەوە رۆژ رۆژی کارە و رۆژی قسەلەڕوویی و راستگۆیی و شەرمنەکردن و هەستی خۆدەربڕینە. کێش دڵی دێشێ با بیەشێ، چش و هەزارجار چش!!**

بەرلین: ٢٠٠٣/٨/١٣

رۆژنامەی "میدیا" هەولێر

گۆڤاری کۆنگرە - ژمارە ٢٩ (سەرماوەزی ٢٠٠٣)

رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «نیشتمان» گەلاڕێزانی ٢٠٠٣

کوردستان لەنێو بازنەی ئاگردا

خوێنەرەوەکانی رۆژنامەی سەربەرزی «میدیا»، ئەگەر لەبیرتان نابێ، ماوەیەک پێشی پەلاماردانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر عێراق، باسی ئەوەمکرد کە ئەوەی ئەمریکا بە «کچێنی» لەساڵی ١٩٩١ دا دەیتوانی بیکا، پاش تێپەڕبوونی ١٢ ساڵ و لە سەردەمی «بێوەژنی» دا ناتوانێ بیکا. هەروەها، ئاماژەم بەو کارەساتە جەرگبڕ و نامرۆڤانەیەش دا، کە ئەمریکا لەساڵی ١٩٩١ دا بەسەر نەتەوەی کورد و شیعەکانی عێراقی هێنا، کاتێک کە جۆرج بوش (باوک) داوای لە خەڵکی عێراق کرد بەرووی سەددامدا راپەڕن، کەچی کە کورد و شیعە راپەڕین، چوو دەستی سەددامی بەرەڵڵا کرد بۆ قەلاچۆکردنی کورد و شیعە. ئەم راستینەیەش ئەوەتا ئەورۆ هاتووەتەدی و، بەچاوی خۆمان دەبینین کە ئەمریکا کەوتووەتە زەلکاوێکەوە تا بناگوێی هاتووە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەلومەرجی جیهانی ٢٠٠٣، وەک هی جیهانی ١٩٩١ نییە. دەرفەت لە دەستچووە و ناگەرێتەوە. بەکورتی، هێندەک لە هەڤالبەندەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا و دەوڵەتی ترکان، پێیانوایە ترسی سۆڤیێتی زلهێز نەماوە بەسەریانەوە، لەبەر ئەوە خۆیان ناچار نابینن، لەهەموو شتێکدا پشتی ئەمریکا بگرن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەیانەوێ بلوکێکی ئابووری و رامیاری و سوپاییی سەربەخۆی دژ بە ئەمریکا پێکبهێن و، ئەم رێبازەش زۆر بە ئاشکرا، لەلای دەسەڵاتدارانی فەرەنسا و ئەڵمانیا دیارە و، نیوە ئاشکراش لای کاربەدەستانی رژێمی ترک بەرچاو دەکەوێ. ئەوەتە ئەڵمانیا و فەرەنسا سەرەڕای دوژمنایەتیی خەستوخۆڵی مێژووییان لەگەڵ یەک، وا لەیەک نێزکبوونەتەوە، وەک ئەوەی کە تۆ بڵێیت، ئەڵمانەکان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، فەرەنسایان داگیرنەکردبێ و، ئەمریکاش هیچ کاتێک، فەرەنسا و ئەڵمانیای لە رژێمی نازی رزگارنەکردبێ و، ئەمریکا لە مانی گەلی ئەڵمان و یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەی ئەڵمانیادا، هیچ یارمەتییەکی نەدابێ و، ئەمریکا پەنجاساڵی رەبەق، دەوڵەتی ترکانی نەپاراستبێ و بەخێوی نەکردبێ. ئەمەش وەنەبێ شتێکی سەیربێ، بەڵکو رامیاری (سیاسەت) خۆی وایە. رامیاری نە هاورێیەتی و دۆستایەتی دەخوێنێتەوە و، نە هەتاهەتا لەیەک باردا دەمێنێتەوە. رامیاری، وەک ئەز تێگەیشتبم، بریتییە لە هەوڵدانێکی وەستایانە بۆ پێکەوە راگرتنی کاتیی (موقت) بەرژەوەندییە

لەیەکچووەکان. بەرژەوەندییەکانیش شتێکی پیرۆز و هەمیشەیی نین، کە بە هیچ جۆرێك نەیەنە گۆڕان، بەڵکو بەپێی کات و شوێن، شێوەی جیاوازجیاواز وەردەگرن. ژەنەراڵ دیگۆل، کەلە سەردەمی نازییەکاندا لە فەرەنسا هەڵاتبوو و، پەنای بردبووە بەر بەریتانیا و، بەسایی لەشکری ئەمریکا و بەریتانیاوە، فەرەنسای داگیرکراوی بۆ رزگارکرا و، کرا بە سەرکۆمار، کاتی خۆی دەیگوت: «پەیماننامە، وەك گوڵ و کچی گەنجی جوان وایە». قسەکەش راست بوو. گوڵ کە زۆر مایەوە سیس و هیشك دەبێ و، کچی گەنجی جوانیش، کە پیر بوو، ئەو شۆخوشەنگییەی نامێنێ. دیارە، رۆژژمێری پار بەکاری ئەمساڵ نایەت و، پەیماننامەش هەر شتێکە وا... چۆنکە ئەوەتە جێگرەوەکەی دیگۆل، واتە جاك شیراك کە بە (جاك ئیراك نێوی رۆیوە و، بەیەکێك لە هاورێ نێزیکەکانی سەددام دادەنرێ)، فەرەنسای "هەڤاڵبەند" ی ئەمریکای گەیاندووەتە رادەیەك، کە بە قسەی تۆماس فریدمانی رۆژنامەنووسی ئەمریکایی، "فەرەنسا تەنێ رەخنە لە ئەمریکا ناگرێ، بەڵکو دوژمنایەتیی ئەمریکاش دەکات".

ئەوجا ئەو زەلکاوە قووڵەی کە ئەورۆ ئەمریکا تێیکەوتووە، کوردیش هەر تێیکەوتووە، هۆی ئەمەش حیزبحیزبێنەی ساویلکانە و کورتبینیی رامیاری و خۆپەرستیی سەرکردە حیزبییەکانە، کە بەشێکی گەورەی ئەو دەرفەتەی رووخانی رژێمی سەددام هێنایە پێشەوە، لە دەستچوو و، وا خەریکە ئەوەی ماویشە لە دەستبچێ. لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینەڕوو، کە بەهەڵەچوونی زلهێزێکی وەك ئەمریکا، لە پێشبینیکردنی رووداوەکان و، هەڵبژاردنی هەڤاڵبەندەکانیدا، وەك بەهەڵەچوونی کوردی بێدەوڵەت و دابەشکراو و، لەهەموو لایەکەوە بە ئاگری دوژمن گەمارۆدراو نییە، چۆنکە رێژەی دەسەڵاتی ئەمریکا و دەسەڵاتی کورد، وەك رێژەی هێزی فیلێك و کەروێشکێك وایە. ئەمریکا کە لە جەنگی ڤیتنامدا شکا، لە ئەمریکایەتی خۆی نەکەوت، هەرچەندە زیانی بەرکەوت، بەڵام هەرزوو خۆی گرتەوە، لەکاتێکدا کە کوردشۆرشی ئەیلوولی دۆڕاند، کۆرەوەریی بەعەرەبکردنی بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان و، ئەنفالئێکردن و، چەکی کیمیایی بوو بە تووشەوە، کە ئەوەتە پاش تێپەڕبوونی چارەکە چەرخێکیش، هەر بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. کاربەدەستانی رژێمی ترك کە پێیانوابوو، ئەمریکا بێ رازیبوونی وان، پێیناکرێ

پەلاماری سەددام بدا و، بەهەموو جۆرێك هەوڵیاندا سەددام لە کەوتن رزگار بکەن، ماوەی چەند مانگێك دەستیدەستییان بە ئەمریکا کرد و، ئەوجا لووس و باریك و، بەوپەڕی سووکایەتیپێکردنەوە چەمۆڵەیەکیان نا بەڕوویەوە. تەنێ ئەمە بوو وای لە ئەمریکا کرد، بەناچاری رووبکاتە کورد. ئەگەرنا بەدڵنیاییەوە دەبێژم، کە ئەمریکا لەوە پێش هیچ حسێبێکی بۆ "هەڤاڵبەندێتی" ی کورد نەکردبوو. بەڵام هەڵوێستی ناشییانە و خۆبەزلزانانەی ترك، پڕبە پێستی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بوو، کە مخابن حیزبحیزبێنەی پارتی و یەکێتی، رێینەدا کە کورد سوودێك لەم دەرفەتە زێڕینە ببینێ. ئەوەش هەرلە یەکەم هەنگاوی هاوبەشکاریی ئەمریکا و ئەم دوو حیزبەوە دەرکەوت، کاتێك کە ئەمریکا داوای لە چەکدارەکانی ئەم دوو حیزبە کرد، بەپێچەوانەی ئارەزووی رژێمی ترکەوە، پێکەوە لەیەك کاتدا و لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا، رووبکەنە کەرکووك و مووسڵ. هەرچی دووزلحیزبەکە بوو، لەباتی ئەوەی هەردوو بەرێوەبەرێتییەکەیان بکەنە یەك حکومەت و، چەکدارەکانیشیان بکەنە یەك لەشکری کوردستانی و، پێش هەڵکوتانە سەر لەشکری عێراق، بەنووسین و مۆر و ئیمزا، پەیماننامەیەك لەگەڵ ئەمریکاییەکان سازبکەن بۆ دیاریکردنی دوارۆژی باشووری کوردستان، بە کەرکووك و مووسڵ و نێوچەکوردییەکانی دیالە و کووت و سەلاحەدینەوە و، ئەوجا لەژێر ئاڵای کوردستاندا بکشێن بەسەر کەرکووك و مووسڵدا و، هەر لەگەڵ رزگارکردنی ئەم دوو پارێزگەیەدا، داگیرکەری عەرەب دەربکەن و، کوردە دەرکراوەکان بهێننە جێی خۆیان و دەستبگرن بەسەر بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعسدا و، ماڵ و موڵکی خەڵك بپارێزن، هەستان بێ حسێب و کتێب و، وەك کوردە دەبێژێ، بەکراسی بەری خۆیانەوە، روویانکردە کەرکووك و مووسڵ، ئەوجا چۆن چۆنی؟ نەك پێکەوە و، لەیەك کات و ساتدا، وەك ئەمریکا پێیراگەیاندبوون، بەڵکو یەکێتی لە پێش پارتییەوە بەچەند دەمژمێرێك و بە پەرۆی کەسکەوە و، ئەوجا پارتیش دوای ئەوان و بە پەڕۆی زەردەوە، هەر بە گەیشتنیان، لەشکر و پۆلیسی عێراق، بەپێی پیلانێکی لەوەپێش نەخشەکێشراو، خۆیان شاردەوە، و ئەوجا تاڵان و برۆیی لە کەرکووك و مووسڵ، وەك شاری بێکەسان، دەستیپێکرد و، ئەمەش یەکەمین ئەزموونی ئەمریکا بوو لەگەڵ ئەم دوو حیزبە و، بیانوویەکیش بوو بۆ رژێمی ترك و دەسکەلاکانی کە لە "بەرەی ترکمانی" دا مۆڵیان بەستووە، بۆ

بوختـان و هەڕەشـەکردن و، هاندانی ئەمریکا دژی کـورد و، ئەوە بوو ڕژێمی ترك، بێشەرمانە، داوای لە ئەمریکا کرد کە چەکدارەکانی دوو حیزبەکە لە کەرکووك بکشێنێتـەوە و، ئەمـریکاش بەقـسـەی ترکی کـرد و، لە ئەنجـامی ئەم کـارە ناپەسندانەیەدا، کورد کرا بە چواریەکی کەرکووك و، تورانییەکان کە بەهێزبوونیان بەروبووی راستەوخۆی حیزبحیزبێنەی پارتی و یەکێتییە، سەریان بەرزکردەوە و، عەرەبە داگیرکراوەکانیش لەجێی خۆیان مانەوە و، ئەمریکاییەکانیش پاش ئەوەی تەنگ بە لەشکرەکەیان هەڵپێچرا لەنێوچە سوونەنشینەکاندا، ئەو سەختگیرییەی پێشوویان بەرامبەر "گورگەبۆر" نەما، بەڵکو چوونەوە سلاوی ژرێمی ترك و، "کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان" کە بەراستی "کۆمەڵی دەوڵەتە نایەکگرتووەکانە".

وەك لە ژمـارەی رۆژی ۲۰۰۳/۹/۹ی "مـیـدیا" دا پەنجـەم راکێـشـابوو بۆی، ئەمـــریکاییـــەکـــان لەوانەیە هێندەك "تەنازولات" بکەن بۆ رژێمی ترك و بۆ ئەملاوئەولا، کە لە بەرژەوەندیی کورد نەبێ، ئەوا دەبینین دەستیانپێکردووە. ئەوەتا ئالای کوردستان لە کەرکووك دەهێننەخوارێ و، ئالای سەددام هەڵدەکەن لەجیاتی وی، کە یەکێکیش لە کەرکووك لە کاربەدەستێکی ئەمریکایی پرسیبوو، بۆچی وادەکەن، گوتبووی: «ئەوە نییە لە سلێمانیش هەر ئالای عێراقیان هەڵکردووە!». شایانی باسە ئەمریکاییەکان، عەرەبە داگیرکەرەکانیش لە کوردستان دەرناکەن و دەبێژن: "ئەوە کاری ئێمە نییە، دەبێ دادگەیەکی عێراقی بڕیاربدا". لەم ماوەیەشدا چەکیان لە کوردەکان سەندووەتەوە و، نێزیکەی ٦٠٠ پۆلیسی کوردیان لەسەرکار لابردووە، لە پاداشی ئەوەدا کە ئەو پۆلیسانە چەند مانگێك کەرکووکیان لە دز و جەردە پاراست. ئەمـە لەکـاتێکدا "بەرەی ترکـمـانی" ی دەسکەلای رژێمی ترك، رێپێدەدرێ کە لە کەرکووك "کۆنگرە" بگرێ و، سەربازی ئەمریکا کوبوونەوەکەیان دەپارێزێ و، نوێنەری هێزی ئەمریکا لە کەرکوك پیرۆزبایی دەکا لێیان و، کە لە سەرکردەی ئەم "بەرە" یەی کە بەناڕەوا بەنێوی گەلی ترکمانەوە قسە دەکات، دەپرسرێ، "بیروبۆچوونی چییە لەبارەی هاتنی لەشکری ترکەوە بۆ عێراق"، نابێژێ "ئێمە لەدژین"، بەڵکو دەفەرموێ "ئەوە کاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانە". ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو ترکمانە نیشتمانپەروەرەکان و، هەموو کورد و عێراقییەکی ئازادیخواز، بەئاشکرا دژی هاتنی لەشکری ترکن، چۆنکە دەزانن هاتنی سەربازی

ترك بۆ پاراستنی خەڵكی عێراق و جێگیركردنی ئاسایش نییە، بەڵكو بۆ سەركوتكردنی كورد و ئاژاوەنانەوەیە، كە دیارە ئەوەش زیانێكی پشتشكێن بە ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی دەگەیەنێ و، هەڵەیەكی دیكەش دەحاتە سەر هەڵەزلەكانی دیكەی ئەمریكا.

رژێمی ترك، كە هەتا ئەورۆ خوێن لە لووتی سەربازێكی نەهاتووە و، بەرامبەر بە هیچ، هەشت ملیار و نیو دۆلار لە ئەمریكا وەردەگرێ، دەیەوێ بە خشكەیی باشووری كوردستان بگرێ و، لە نەخشەكێشانیشدا بۆ چارەنووسی عێراق، خاوەن بڕیاربێ و، شان بەشانی رژێمی ئیسرائیل، ئاغایەتی و كەڵەگایەتی بەسەر خۆرهەڵاتی ناڤیندا بكا. دەنگوباسەكانی پشتی پەردەی رامیاری، وادەگەیەنن كە بەپێی ئەو پەیماننامە سوپاییەی لەنێوان رژێمی ترك و ئیسرائیلدا هەیە، لەگەڵ هاتنی لەشكری ترك بۆ كوردستان و عێراق، بەتایبەتی بۆ سەرسنووری سووریا و ئێران، پێنجهەزار (٥٠٠٠) سەربازی ئیسرائیلیش تێكەڵ بە سەربازی ترك، دێنە ژوورەوە. سەفیری تازەی ئەمریكا بۆ ئەنقەرە، كە خۆی تركێكی جوولەكەیە، هەرلە یەكەم رۆژەوە بەكوڵ و دڵ خەریكی رازیكردنی كاربەدەستانی تركە كە لەشكر بنێرن بۆ كوردستان و عێراق، مەلا فەرمانبەرەكانی ئێران بە بیستنی ئەم هەواڵە خورپە كەوتووەتە دڵیان و، بیر لەوە دەكەنەوە، كە بە زووترین كات، كاركردن لەسەر تاقیكردنەوەی چەكی ئەتۆمی و كیمیایی و راكێتە دوورهاوێژەكانیان پێشبخەن و، پڕۆژەی ئەوەشیان لەبەر دەستدایە، كە ئەگەر لەشكری ترك كشایە باشووری كوردستان و عێراقەوە، ئەوانیش هێزێكی دەستوەشێن، بە ئاشكرا یان، بە نهێنی، بنێرنە باشووری كوردستان و باشووری عێراقەوە، ئایەتوڵڵای خەزعەلی، كە یەكێكە لە سەركردە ئاینییە بەنێوبانگەكانی ئێران، لەنێوەڕاستی ئەم مانگەدا لە "مزگەوتی گەورە" (مسجد اعظم) لەشاری قوم (قم) لەنێو كۆمەڵێك لە "ئیعتیكافكەران" دا گوتی: "دۆخی عێراق، دۆخێكی لەبار نییە. ئیسرائیل دەیەوێ پەنجاهەزار سەرباز بنێرێتە عێراق. دەبێ ئاگامان لەخۆمان بێ".

سەرۆكوەزیرانی تركیش، كە گوایە موسڵمانێكی خەستە، چەند رۆژێك لەمەوبەر و، بۆ شاردنەوەی ئەم راستییە و، شوێنەونكردنی، قسەیەكی كرد كە پەیامنێری رادیۆی "العراق الحر" "جان لوتفی" (كە ئێستە بووە بە "جان لەتیف) لە رۆژی ٢٢/

٩ دا لە ئەستەمووڵەوە ناردی، ئەردۆغان گوتی: "ئێران و ئیسرائیل هەردووکیان دەستیانکێشاوەتە کاروباری عێراقەوە. ئیسرائیل لە باکوور و ئێران لە باشوور و هەریەکەش دوای بەرژەوەندیی خۆی کەوتووە".

هەرلەم رۆژانەشدا، سووریا کەدان بە "مجلس الحکم الانتقالی" دا نانێ و عێراق بە داگیرکراو دەزانێ و دژی بوونی ئەمریکایە لە عێراق، کەچی ئامادەیی خۆی دەربڕی، لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری بکا بۆ "پاراستنی یەکێتیی عێراق". رژێمی ئێرانیش کە ٢٣ ساڵە ئەمریکا بە "شەیتانی گەورە" ناودەبا، ئەویش لەترسی هەرەسهێنانی رژێمەکەی و دوژمنایەتیکردنی کورد، ئامادەیی خۆی دەربڕی، لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری بکا، بۆ "پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق". هەرچی دووزلحیزبە کوردییەکەشە، ئەوەتە ئامادەن چەکدارەکانیان لە تەنیشت ئەو سەربازە عەرەبانەوە ریزبکەن، کە تا دوێنێ بوو ئەنفالیان لە کورد دەکرد و، "یەشماغ"ی عەرەبی بکەنە سەر و، مارینزەکانی ئەمریکا بپارێزن. ئەمەش هەر خەم ناکا، بەڵام بۆچی دەبێ بە "یەشماغ"ی عەرەبییەوە لەگەڵ ئەنفالکەران بچنە یەك بەرەوە. بەڵام پێکەوە کە هەردوو کورد و هاووڵاتی یەکن، نەچنە لەشکرێکی کوردستانیی یەکگرتووەوە؟ بۆچی دەبێ هەردوولایان ئامادەبن تاوەك کەمینە بچنە "مجلس الحکم الانتقالی" یەوە بێ مافی ڤێتو و بێ گەرەنتی و، ببنە وەزیری دەوڵەتی عێراق، بەڵام ئامادەنەبن پێکەوە یەك حکوومەت و یەك کابینەی وەزیران دابمەزرێنن؟ تکایە برایانی بەرێز مام جەلال و کاك مەسعوود ئەم نهێنییەم تێبگەیەنن!

ئەمریکا، زوو یان درەنگ، عێراق بەجێدەهێڵێ. هیچ هومێدی ئەوش نییە کە رژێمی ترك و ئێران و سووریا تا ئەوکاتە بگۆڕێن و ببنە رژێمی دێموکرات و ئازادیخواز. ئێستە دەمێنێتەوە سەرئەوەی، ئایا کورد کە لەلایەن دەوڵەتانی دەوروبەر و خەڵکانی دواکەوتووەوە، بە نۆکەر و دەسکەلای ئەمریکا ناویان رۆیوە، دەتوانن خۆیان لە ئەنفالێکی هاوبەشی ترك و عەرەب و فارس بپارێزن؟ بێگومان نە .. کەواتە، کوردستان وا لەنێو بازنەی ئاگردا ... ئەی چارە چییە؟

چارە، بەرلە هەموو شتێك، یەکگرتن و، هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکەی پارتی و یەکێتییە و، دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکە کە هەموو لایەنە رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی کوردستان بگرێتەوە، بەژن و پیاو

و، خەڵکی کەرکووك و مووسڵ و دیالە و کووت و هەموو نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستانەوە.

چارە ئەوەیە، حیزبحیزبێنە هەتاهەتا بە نەحلەت بکرێ و، نیشتمانپەروەری و لێوەشاوەیی هاووڵات، بکرێتە پێوانە، لەجیاتی پێوەندارێتیی حیزبایەتی و نێوچەیی و بنەماڵەیی، ئەمەش مانای ئەوە نییە نابێ حیزب بیێ، بابیێ، بەڵام بەرژەوەندیی حیزبایەتی لە خوار بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە دابنرێ.

چارە ئەوەیە، کە دیمۆکراسی و ئازادی و خۆهەڵکێشان پێیانەوە، هەر بە قسەنەبێ، بەڵکو هەردوو زلحیزبەکە بەکردەوە بیهێننە سەرپێ. هەربۆ نموونە، کە یەکێك تەلەفۆنێك دەکا بۆ تەلەڤیزیۆنی یەکێك لەو دووحیزبە و لە بەرنامەیەکی زیندوودا باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکا، وەرامی بدەنەوە و، باسەکە مەخەنە پشتگوێ، یان قسەکەی نەبڕن، هەر لەبەر ئەوەی زلحیزبی خاوەن تەلەڤزیۆن باسی سەربەخۆیی ناکا و عێراقچێتی دەکا و، هەتا ئێستەش هەر ئاڵای سەددام هەڵدەواسێ.

چارە ئەوەیە، دووزلحیزبەکە رێبدەن بە جەماوەری کوردستان کە بێنە سەرشەقام و بە خۆپێشاندان بیروڕای خۆیان دەربڕن. هێندەك جار خۆپێشاندانێکی چەند هەزارکەسی سەرشەقام، دەبێتە کەرەسەی چەند رۆژێکی دەزگەی راگەیاندنی گشتی لە هەموو جیهاندا. دەبێ کورد خۆی بە خۆپێشاندانی جەماوەریی شارستانییانە رابهێنێ. پشتگیریی جەماوەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پشتگیرییە بۆ حیزبەنیشتمانپەروەرەکانیشی. ترسی پێناوێ.

چارە ئەوەیە، کە پەرلەمانەکە، هەرچەند حەوت ساڵ تێپەڕیووە بەسەر تازەکردنەوەیدا، بەڵام دەزگەیەکە کاتی خۆی هەڵبژێردراوە، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی سازبکا لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکاییەکان و "مجلس الحکم الانتقالی" دا و پێیانڕابگەیەنێ کە درێژەکێشانی هاوکاریی کورد و کوردستان، چ لەگەڵ ئەمریکا و، چ لەگەڵ "مجلس" دا لەسەر رێزگرتن لە مافەنەتەوەییەکانی کورد و کوردستان وەستاوە، ئەم خاڵانە بخاتە بەرچاو:

١ــ کورد و خەڵکی باشووری کوردستان دژی هاتنی سەربازی وڵاتە دراوسێکانن، زۆر بەتایبەتی سەربازی ترك، ئەوجا ئەگەر کۆمەڵی نەتەوە

یەکگرتووەکان، ڕێ بەمە بدا یان نەیدا، ئەوە هەر یەکە، چۆنکە خەڵکی کوردستان لەهاتنی ئەو سەربازانەدا دوژمنایەتیکردنی کورد و ئاژاوەنانەوە و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەبینن. لەبەر ئەوە لێی بێدەنگ نابن و، بەربەرەکانێیدەکەن و، ئەودەمە شەڕ و بەیەکدادان دەکەوێتە نێوان کورد و هێزەکانی ئەمریکاوە و، ئەمەش لە بەرژەوەندیی کورد و ئەمریکا و عێراق نییە و نابێ. ئەم لێشاوەش بەهیچ حیزبێك ناوەستێندرێ.

٢ــ خەڵکی باشووری کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکەن، خۆئەگەر ئەوەش نەبێ، ئەوا بەلایەنی کەمەوە، یەکگرتنێکی وایان دەوێ لەگەڵ عێراق، کە هەر کاتێك خەڵکی باشوور ویستیان، بتوانن مافی چارەنووسی خۆیان لە ئازادیدا و بۆ ئازادی، واتە بەجیابونەوە لە عێراق، دەستنیشان بکەن. ئەمەش دەبێ بە ئاشکرا لە دەستووردا بنووسرێ و، سنووری باشووری کوردستان بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا دیاریبکرێ. ئەمەش دەبێ ئێستا بێ.

٣ــ هەموو داخوازییەکی دەوڵەتی ترك و سووریا و ئێران لە دەوڵەتی عێراقی دوارۆژ، بەستراوە بە هەندازەی ئامادەیی ئەو دەوڵەتانە بۆ داننان بەمافی ڕەوای کوردەکانی ژێردەستی ئەو دەوڵەتانە. ئەو مافەش دەبێ بەڕەسمی دانیپێدابنرێ و، بەگۆڕینی حکوومەتەکانیان نەیەنە گۆڕان. ئەگەر دەوڵەتی ترك باسی مافی ترکمانی باشووری کوردستان و عێراق بکا، کە هەموو مافێکیان لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە پێدراوە، شەرم و شوورەییە، کاربەدەستانی کورد باسی مافی ٢٠ــ ٢٥ ملیۆن کوردی ژێردەستەی دەوڵەتی ترك نەکەن.

٤ــ دەبێ کێشەی تێرۆریزم لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانان یەکئالی بکرێتەوە و، تێرۆر وەك ئیدیۆلۆژییەك بۆ دەسەلاتگرتنە دەست، جیابکرێتەوە لە بەرگریکردن لەمان و ژیان و ماڵ و نامووسی خۆ، لەلایەن کەسێکی بەشخوراو، یان نەتەوەیەکی ژێردەستە و هەرەشەلێکراو و، مافپێشێلکراوەوە، بەرامبەر بەدەسەلاتدارێکی دستوەشێن. ئەوجا ئەو دەسەلاتدارە، دەوڵەتێك بێ، یان دەستەیەك بێ، یان تاکەکەسێك بێ، ئەوە هەریەکە. ئێمەی کورد، بەرخۆدانی کورد، بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان، کە هەموو شێوە تێرۆرێکیان بەکار هێناوە و بەکاری دەهێنن بۆ لەنێوبردنی کورد، بەتێرۆر نازانین، بەڵکو بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و

ڕەوای دەزانین. ڕەنگە لەنێو ئەم کۆمەڵ و، ئەم حیزب و ئەو حیزبی کوردستانیدا، کەسانێکی دەستوەشێن هەبن، بەلام ئەوانە تاوانباری ئاسایین و، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کۆمەڵ و حیزبانە تێرۆریستن. لەسەر داگیرکەرانی کوردستان پێویستە، دەست لە تێـــرۆری نەتەوەی کـــورد هەڵبگرن و، ڕێبـــدەن پێی، وەك نەتەوەیەکی ئازاد لە کوردستانی خۆیدا بژی.

٥ـــ دەبێ مافی ژن، کوردستانی بێ، یان عێراقی، لە دەستووری نوێدا، بەزەقی دەربکەوێ، واتە: دەبێ ژن لە هەڵبـــژاردنی هاوڕێی ژیان و کـــاروجلك و، بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی ئازادبێ و، هەمـوو ڕێز نەگرتنێکی ئەم مـافانەش لەلایەن پیاوەوە، وەك تاوان، سزای لەباری لەسەر بێ.

٦ـــ دەبێ لە دەستووردا بەزەقی ئاین لە ڕامیاری، واتە لە دەوڵەت و حکوومەت، جیـابکرێتەوە و، چۆنکە ئاینەکان، هەمـوویان لە ئێزدانەوە هاتوون، دیارە هەمـوویان پیرۆزن و، هەریەکەش بەپێی باوەڕی خۆی، هیچ ئاین و باوەڕێك نابێ لەسەروو ئاین و باوەڕێکی دیکەوە رابگیـــرێ، بەڵکو هەمـــوویان دەبێ جـێی ڕێزبن. ئەم خـاڵە بەتایبەتی بۆ کورد زۆر گرنگە، چۆنکە لەنێو کورددا، سوننی و شیعە و ئێزدی و کاکەیی و ئەلەوی و شەبەك و هەققە و دیان و جوو و بەهایی و ... هتد هەیە.

٧ـــ پێـویستە، ئەگەر عەرەبەکان لەسەر ئەوە سۆربوون کە "عـێراق بەشێکە لە نەتەوەی عـەرەب"، یان جارێ سۆر نەبوون لەسـەری، هەر لە دەسـتووردا بنووسـرێ، "گـەلی کـورد لە عـێـراقـدا بەشـێکە لە نەتەوەی کورد و، باشـووری کـوردسـتـانیش بەشـێکە لە نیـشـتـمـانی کـوردسـتـان". چۆنکە دەوڵەتی عـێـراق سـەرلەنوێ دروستدەکرێتەوە و، عێراقی کۆنیش ئەنفالی لە کورد کردووە و ویستوویەتی لەڕێی گـەلکوژییـەوە کـورد نەهێڵێ و، گـەلان و دەوڵەتانی عـەرەبیش، یان پشـتی ڕژێمی عێراقیان گرتووە، یان بێدەنـگ بوون. بێجگە لەوەش پێویستە هەموو زەرەروزیانێکی کورد، چ لەگەل، چ لە مـاڵ و سامـان، چ لە کـولتوور، چ لە خـاك بیـژێردرێتەوە، کـە بەپێی لێکۆلینەوەی من دەگاتە (٢٥٠) ملیارد پاوەنی ئینگلیزی. ئەڵمانیا بەرامبەر بە گـەلکوژی لە جـوولەکـەکـان لەسـەردەمی نازێتیدا (٥٠) سـاڵ قـەرزی ئیـسـرائیلی بژاردووە.

ئێستە لەبەرئەوەی باسی ئیسرائیل هاتە پێشەوە و، عەرەبەکان و ئێرانییەکان و

ترکەکانیش کوردستان بە "ئیسرائیلی دووەم" لە قەڵەم دەدەن و، دەبێژن ئیسرائیل دەیەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ هەبێ". دەمەوێ بێژم ئەو قسەیە، یان لە نەزانینەوە دێ، یان بۆختان و درۆهەڵبەستنە بۆ کورد. ئیسرائیل لەگەڵ ترکدا لەسەر گەلێك شت رێککەوتووە و، ئەویش وەك رژێمی ترك، دژایەتیی کورد دەکا. پاڵپێوەنەرێکی ناردنی سەربازی ترك بۆ عێراق و کوردستان ئیسرائیلە. کاربەدەستانی ئیسرائیل بوون کە لە بەرلین چوار کوردیان لە پشتەوە کوشت، کە یەکێکیان کچێکی گەنج بوو، هەر لەبەر ئەوەی لەبەردەم سەفارەتخانەی ئیسرائیلدا خۆپێشاندانیان سازکردبوو بۆ بێزاریدەربڕین بەرامبەر بەوەی ئیسرائیل لەگەڵ ئەمریکا و ترك و یۆنان و کینیا، پێکەوە پیلانیان دانا بۆ رفاندنی عەبدوڵلاّ ئۆجەلان، سەرکردەی پێ کێ کێ. ئەمە لە کاتێکدا کە پێ کێ کێ و ئۆجەلان، چەند ساڵێك لە بیقاعی لوبنان بوون و لەوێوە، بەردێکیان نەگرتە ئیسرائیل. کاتی خۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، نەتەنیاهوو بە رۆژنامەی "الحیاة"ی گوتبوو کە "ئەو دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە". هەروەها سەرۆکوەزیرانی ئێستەی ئیسرائیل "ئەریل شارۆن" کە کاتی خۆی چووە ئەنقەرە کوردی وەك فەلەستینی بە "تێرۆریست" دابووە قەڵەم. ئەمە لە پاداشی ئەوەدا کە بەهۆی نێوچەی رزگارکراوی کوردستانەوە لەم چل ساڵەی دواییدا، هەزاران جوولەکەی عێراقی و ئێرانی لەمردن رزگاریان بوو و، لەرێی کوردستانەوە رایانکردە دەرێ. بێجگە لەوەش، بەپێی هەواڵێك کە رۆژنامەی "هانارێتس"ی ئیسرائیلی بڵاویکردووەتەوە، وادیارە ئیسرائیل بازرگانییەك دەکا بەخوێنی کوردەوە. شایانی باسە کە دادگەی بەرزی بەرلین لەرۆژی ١٩٩٧/٤/١٠ دا رژێمی ئێرانی تاوانبار کرد بەوەی فەرمانی تێرۆرکردنی سادق شەرەفکەندی و هەڤاڵەکانی داوە کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٢ دا لەلایەن چەند ئێرانییەك و چەند لوبنانییەکەوە لە چێشتخانەی "میکۆنۆس" بەدەستڕێژی گوللە شەهیدکران. دادگەی نێوبراو، ئێرانییەك و لوبنانییەکی حوکم دا بەدرێژایی ژیان و، یەکێکی دیکە کە لوبنانی بوو بە پێنج ساڵ زیندان و یەکێکی دیکە کە ئێرانی بوو رایکرد. ئێستە دەنگۆ هەیە کە ئەڵمانیا بەتەمایە لەبەر خاتری ئیسرائیل، ئەو دوو کوردکوژە ئازاد بکا (کە هەردووکیان سەربە حیزبوڵلاّی لوبنانن)، بۆ ئەوەی حیزبوڵلاّ فڕۆکەوانی

ئیسرائیلی رۆن ئاراد کە دەڵێن لای حیزبوڵڵا دیلە بەرەڵڵا بکا.

بەڕاستی، کوردستان وا لەنێو بازنەی ئاگردا.

بەرلین: ٢٠٠٣/٩/٢٦

رۆژنامەی «میدیا» - هەولێر ٢٠٠٣/١٠/١

گۆڤاری «کۆنگرە» ژمارە ٢٩ سەرماوەزی ٢٠٠٣

برایانی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی و مام جەلال تالەبانی
سڵاوێکی برایانەتان لێبێ و هیوام وایە تەندروست و بێ وەی بن.

ئەوەی پاڵی بە منەوە نا، ئەم نامەیە بۆ هەردووکتان بنووسم، یەکەمیان ئەو وتارە بوو کە **کاك مەسعوود لە "خەبات"** دا بڵاویکردبووەوە و دڵڕاوکەی خۆی بەرامبەر بە بیروبۆچوونی **"فیدرالیزم لەسەر بنچینەی پارێزگەکان"** نووسیبوو، داواشی لە خەڵك کردبوو کە لێدوانی خۆیان لەو بارەوە دەربڕن و دووەمیشیان ئەو رێککەوتننامەیە بوو کە **مام جەلال بەنێوی "مجلس الحكم الانتقالي" یەوە، لە ١١/١٥ دا لەگەڵ پۆل بریمەری فەرمانداری شارستانێتیی ئەمریکا لە عێراقدا، ئیمزای کردبوو و، فیدرالیزمی لەسەر بنچینەی پارێزگەکان (محافظات) دەستنیشانکردبوو.**

ئەز، بەش بەحاڵی خۆم، چەند مانگێك بەر لە نووسینەکەی کاك مەسعوود، لە رۆژنامەی «میدیا» دا باسی ئەوەمکرد کە رێبازێکی وا لەنێو عەرەبەکان و بێگانەکانی دیکەدا هەیە کە فیدرالیزم لەسەر بنەمای پارێزگەکان دابمەزرێنرێ، بۆئەوەی پارێزگەکانی باشووری کوردستان لەیەك جیابکرێتەوە و، نێوی کوردستانیش بە فەرمی (رەسمی) کوێر بکرێتەوە و، بەو هۆیەوە دڵی داگیرکەرانی ترك و عەرەب و فارس رابگیرێ. بەلاّم ئەوەی راستی بێ، باوەڕم نەدەکرد بەوەی کە مام جەلال ئیمزای رێککەوتننامەیەکی وا بکا کە ئەگەر سەربگرێ، ئەوا دەبێتە دەستاوێژی بەبادانی رەنجی هەشتاساڵەی کورد لە باشووری کوردستاندا.

ئێستە بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە لە رابوردوودا لەم بارەیەوە گوتوومە و نووسیومە و، بەنێوەی بەڕێزم راگەیاندووە و، بەتاقیکردنەوە و تێپەڕبوونی رۆژگار، راستییان دەرکەوتووە، جارەکی دی دووبارە نەکەمەوە، وا یەکسەر دێمە سەر باسەکەی ئەورۆ.

ئەوەی کە کاك مەسعوود دەفەرموێ "یەکگرتنی کورد و عێراقییەکان دەبێ بە دڵخوازی بێ" قسەیەکی بەجێیە، چۆنکە یەکگرتن بە دڵخوازی، مافی جیابوونەوەش بەدڵخوازی دەخاتە دەست، بەلاّم ئەوەی کرداری ئەم قسە بەجێیە، دەستبەجێ دەهێنێتەوە سەر سفر، ئەوەیە کە ئێوەی بەڕێز خۆتان بە دڵخوازی خۆتان و، بەبێ هیچ

پێشمەرجێك، لەگەڵ عێراق و لەنێو عێراقدا و، وەك پارچەیەك لە عێراق یەکتانگرتووە. بێ ئەوەی جارێ بزانن، ئایە عێراقییەکان بەو مەرجی "دڵخوازی" یە رازی دەبن یان نا! چونکە ئەگەر وا نەبووایە، ئێوە هەر لە سەرەتاوە، نەتاندەگوت **«ئێمە عێراقین و یەکێتیی عێراقمان دەوێ و سنووری عێراق دەپارێزین»** و، هەوڵتان نەدەدا کە **"سەروەرێتیی"** بۆ عێراق بگێڕنەوە، ئەو "سەروەرێتی" یەی کە ئاشەکەی هەشتاساڵە هێسقانی کورد هورد و خاش دەکا، بەڵکو دەتانگوت «عێراق دەوڵەتێکی دەستکردە و، بە پێچەوانەی رازیبوونی کوردەوە و، بەزۆری چەکی بەریتانیا، باشووری کوردستانی پێوە لکێنراوە" و، بە عەرەبەکانتان دەگوت ئەگەر دەتانەوێ پێکەوە دەوڵەتێك دروستبکەین، سا بەنێوی عێراقەوە بێ، یان بەهەر نێوێکی دیکەوە کە لەسەری رێکبکەوین، ئەوا مەرجەکانی ئێمە ئەمەیە:

١ــ باشووری کوردستان بریتییە لە موسڵ و کەرکووك و دیالە و کوت و هەولێر و دهۆك و سلێمانی و، ئەو کەمەگەلانەی لەم سەرزەوییەدا دەژین، لە سنووری قانوونێکی بنچینەیی باشووردا، مافی خۆبەڕێوەبردنیان دەبێ.

٢ــ ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێ لە ٣ یان ٤ کۆمار پێکدێ کە بەرامبەر بەیەك و بەرامبەر بە دەرەوە مافی وەك یەکیان دەبێ.

٣ــ سنوورەکانی کۆمارەکان نایەنە گۆڕان.

٤ــ هەر کۆمارێك لەم کۆمارانە مافی جیابوونەوەی هەیە، ئەگەر هاتو زۆربەی گەلەکەی دەنگیان بۆ ئەوەدا. خۆ ئەگەر عەرەبەکان رازی نەبوونایە بەمە، ئەوا داوای ئەوە بکرایە کە باشووری کوردستان ببێتە پرۆتێکتۆراتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گەرەنتی ئەمریکا. ئەوەشم هەر کاتی خۆی لە «میدیا» دا باسکرد، بەڵام ئێوە گوێتان نەدایە، ئەوجا ئێستە هەرچەندە زۆر درەنگە، هێشتا هیوایەك هەیە، بەڵام کە دەوڵەتی عێراق دامەزرایەوە و "سەروەرێتیی" دەستکەوتەوە، ئەودەمە دەبێ "فاتیحا"ی مافی کورد بخوێنین. **داخی گرانم مام جەلال ئیمزای پەیماننامەیەکی کردووە کە بەیەك وشە نێوی کورد و کوردستانی تێدا نییە و، باسی فیدەراسیۆنی پارێزگەکان دەکا،** وەك سەردەمی شانیشینی عێراق. **کاك هۆشیار زێباریش چەند جار و چەند جار دەفەرموێ: "العراق جزء من بنية**

العربیة" و لە عەمرو مووسا دەپاڕێتەوە کە سەرێکی عێراق بدا و، عێراق وەربگرێ بە ئەندام لە "جامعة الدول العربیة" دا. بەڵام عەمرو مووسا، وەك کاربەدەستانی دەوڵەتە عەرەبەکانی دیکە، هۆشیار زێباری بە وەزیر نازانێ، چۆنکە کوردە. عەمرو مووسا نوێنەرێك دەنێرێ بۆ عێراق کە دەبێژێ یەکێك لە ئامانجەکانی "جامعة الدول العربیة" ئەوەیە "التاکید علی الهویة العربیة للعراق". **دوکتۆر مەحموود عوسمانیش کە کراوە بە ئەندامی "مجلس الحکم** الانتقالي" داوای فراوانکردنی "مجلس الحکم الانتقالي" دەکا، بەهێنانە نێوی "القومیون العرب و تجمع العلما السنة" واتە، ئەوانەی کە نەك هەر دان بەو "مجلس" ەدا نانێن کە دوکتۆر مەحموود کراوە بە ئەندامی، بەڵکو دان بەمافی کورددا نانێن و، هێندێکیشیان کورد بە "کافر" دادەنێن. **ئەرێ برایینە، کاك مەسعوود و مام جەلال، دوکتۆر مەحموود نوێنەری کێیە، کە وا زاتی ناوەتە بەرخۆی و دەبێژێ "دەبێ ئاڵای عێراق کە ئاڵای بەعسییەکانە لە کوردستاندا هەڵبکرێ" و دەبێژێ "ئەوانەی لە کەرکووك لە خۆپێشاندانەدا باسی سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە، بیروبۆچوونی رەسمی کورد دەرنابڕن" (ایلاف ٢٠٠٣/١٢/٢٢).**

بەڕاستی دەبێ بڵێین **"قوڕ بەسەر کورد بۆخۆی و نوێنەری رەسمی"**. دوکتۆر مەحموودی "سۆرانی" زۆرباشدەزانێ کە کورد نەیانخستووەتە ئەو "مجلس" ەوە و لەبیریشی ماوە کە لە هەڵبژاردنی ئازاددا لە کوردستان، چەند دەنگی هێنا. برایینە، کاك مەسعوود و مام جەلال! ئەگەر ئێوە هەتا ئەم دەرفەتە بەجارێك لەدەست دەرنەچووە، بەزووترین کات هەردوو بەرێوەبەرێتییەکە نەکەنە یەك، و کاتێك دانەنێن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و، پێکەوە لەگەڵ سیاسەتکارانی دیکەی کورددا نەچن بۆ ئەمریکا و، نەخشەی دوارۆژی باشووری کوردستان نەخەنە بەردەم سەرۆك بوش و هاوکارەکانی و تێیانەگەیەنن کە دروستکردنەوەی عێراق بەشێوەی جارانی خەون و خەیاڵە و لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناڤین و رێبازی دیموکراسی و ئاشتی نییە، ئەگەر کوردستانێك دروست نەبێ، ئەوا دەبێ بزانن کە وا رەنجی نەتەوەی کورد بەفیڕۆ دەڕوا و، ئەو دەمە خەڵکی کوردستان ناچار دەبن، خۆیان یەکسەر کاری خۆیان بگرنە دەست و ئێوەش ئەو دەمە پەژیوان دەبنەوە.

شایانی باسە کە سوننییەکان لە لایەکەوە و، بەعسییەکان و ناسرییەکان لەلایەکی دیکەوە خۆیان تەیار دەکەن لەدژی کورد. ئەوەتا سوننییەکان حیزب دروستدەکەن بەنێوی "مرجعیە" وە و بە ئاشکرا لەدژی کورد و شیعە قسە دەکەن. هەموو دەوڵەتە عەرەبەکانیش دانەجێریّ دەکەن لە کورد و بە نۆکەری ئەمریکایان دادەنێن، تەنانەت فەلەستینییەکان بانگەوازی شەڕیان داوە دژی "مجلس الحكم الانتقالي" و هەڕەشە لە کورد دەکەن. فەلەستینییەکان کە دەسکەلای دەستی سەددام بوون، ئەوڕۆ باسی "مافی ترکمان" دەکەن. وەرن بزانن بەدبەختی گەیشتووەتە کوێ. بەڕاستی دەورودەری کوردستان هەموو بە ئاگر تەنراوە، کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە بەدەستی لەرزۆکی سیاسەتبازان نایەتەدی.

لێرەدا دوو پرسیار خۆی دەسەپێنێ بەسەر هەردوو بەڕێزدا:

(١) - ئەگەر ئێوە پاش نێویژیکردنی هەموو کورد و ئەمریکا، لەماوەی پێنج ساڵدا، پاش هەزار کۆبوونەوەی دووقۆڵی نەتانتوانیبێ دوو پارێزگە بکەن بەیەك، چۆن دەتوانن هەرێمێکی فیدەراڵی ببەن بەڕێوە؟ ئەز باسی سەربەخۆیی ناکەم.

(٢) - ئەگەر ئەمریکا شەش مانگی دی، سەروەریی دایەوە بە عێراق و، عێراقی بەجێهێشت، کە ئێوە بۆ گێڕانەوەی ئەو سەروەرێتییە زۆر بە پەلەن، ئایا ئەو ڕۆژە نابێتە مەرگەساتی کورد؟ ئایا ئێوە کارێکی واتان کردووە کە کورد بەرەنگاری ئەو مەترسییە ببێ و کوردستان نەبێتەوە گۆڕستانی کورد؟

ئەز چاوەڕوانی هەوڵ و کۆششی لەبار و ژیرانەتانم و،
ساڵی نوێتان پیرۆزبێ.

تێبینیی:

هەموو کورد و کوردستانییەك، مافی ئەوەی هەیە ئەم نامەیە بەهەر جۆرێك بۆی دەستدەدا، بلاّو بکاتەوە. بەلاّم بەتەواوی وەك خۆی و، بێ هیچ دەستکاری و گۆڕینێك. تکام لە ئەندامانی پارتی و یەکێتی ئەوەیە، بکەونە خۆیان و، گوشار بخەنە سەر سەرکردەکانیان بۆ یەکگرتنەوە و پێداگرتن لەسەر مافی سەربەخۆیی کوردستان و، ئەگەر سەرکردەکانیان گوێڕایەڵیان نەکرد، ئەندامان بکەونە نافەرمانیی شارستانی (عدم الطاعة المدنية) کە مافی ڕەوای خۆیانە.

ئەگەر حیزبەکان بەر بە جەماوەر بگرن،

جەماوەر پشتیانتێدەکا

ئەورۆژەی دەستمکرد بەنووسینی ئەم وتارە، بەرێکەوت رۆژی ١١ی مارتی ٢٠٠٤ بوو، واتە، ٣٤ ساڵی تەواو تێپەڕیبوو بەسەر ئەو رۆژەدا کە سەرکردەی بەعسییەکان، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، ئەوەی نێویاننابوو "بەیانی ١١ی مارت"، لە رادیۆ و تەلەفیزیۆنی بەغداوە خوێندییەوە و، بەوە داننانی بەعسییەکانی بە مافی "ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق" دا، بەخەڵکی راگەیاند. هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی داخوێانیکردنی بەیانەکە، کورد لەهەموو لایەکەوە دەستیانکرد بە هەڵپەرکێ و چەپلەڕێزان و دەربڕینی هەستی شادی. ئێمە، ژمارەیەك خوێندکاری کوردی ئەو سەردەمە، رێکخراوێکمان هەبوو بە نێوی "یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا"، کە کورتەنێوەکەی بە ئینگلیزی و ئەڵمانی "نوکسە NUKSE" بوو. ئەو رێکخراوەیە لەڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٦٥ دا لە میونشن لەلایەن **هاوبیری هێژا هەندازیار بروسك ئیبراهیم و، هاوبیری کۆچکردوو لەتیف عەلی و، نووسەری ئەم وتارەوە دامەزرێنرا.** بەپێچەوانەی "کۆمەڵەی خوێندکاری کورد لە ئەورووپا NKSSE" ەوە، کە بە قەوارە زل و بەکردەوەش زورناژەنی رژێمی سۆڤیێتی تۆتالیتێر و دوژمن بە ئازادی و کورد بوو، هەرلەو کاتەشدا، گۆرەپانێك بوو بۆ ململانێی حیزبحیزبێنە و دژایەتیکردنی شۆرشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی، رێکخراوەکەی ئێمە (نوکسە) کۆمەڵێکی بەژمارە بچووك، بەڵام سەربەخۆ و چالاك بوو و، بەرگریی لە شۆرشی کورد و مافی نەتەوەی کورد بۆ بڕینەوەی چارەنووسی خۆی دەکرد. هاوبیر بروسك ئیبراهیم سکرتێری گشتیی "نوکسە" بوو. ئێمە ناوبەناو رۆژنامەیەکمان بەزمانی ئەڵمانی دەردەکرد بەنێوی "کوردستان ئینفۆرماسیۆن" ەوە. هەرپاش بەیانی ١١ی مارت بەچەند رۆژێك، هەڵوێستی خۆمان لەو رۆژنامە، یان "کاتنامە" یەدا، بەرامبەر بەو بەیانە نەزۆکە خستەڕوو. بەکورتی نوکسە تاکە رێکخراوێکی کورد بوو، کە لەپاڵ دەربڕینی هیوای سەرگرتنی ئەو رێککەوتننامەیەدا، گومانێکی خەستی خۆی بەرامبەر بەیانەکە باسکردبوو.

ئەنجامەکەشی دەرکەوت کە ئەو گومانە لەجێی خۆیدا بوو. لەبەر ئەوە بوو کە ئێمەی سەربە رێبازی "نوکسە" دڵی خۆمان بەو بەیانە خۆشنەکرد و نەکەوتینە چەقەنەلێدان و گوێزەبانە بەشینەوە، وەك چۆن ئەورۆ، پاش ٣٤ ساڵ، دڵمان بە"دەستووری کاتی" خۆش نییە.

ئێستە، دەشێ ئێمە لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، بۆچی ئێمە دڵمان بە بەیانی مارت خۆش نەبوو و، ئەورۆش دڵمان بە "دەستووری کاتی" خۆش نییە، ئایا بەعسییەکان، وەك لەنێو خەڵکدا باوە، لە بەیانی یانزەی مارت پەژیوان بوویوونەوە؟

راستییەکەی، بەعسییەکان لەو بەیانەی ١١ی مارت پەژیوان نەبوونەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان پێینەبوو، ئێمەش، بەعسییەکانمان باش دەناسی و دەمانزانی، ئەوان بە فێڵ و تەڵەکە و لە تاو بێدەسەلاتیی ئەو رۆژەی خۆیان، ئەو ئیمزایەیان خستووەتەسەری و، هەر لە یەکەمین ساتەوە، هەوڵی خەساندنی ئەو بەیانەیان دا و، بە زنجیرەیەك کەیتویەین، وەك داونانەوە بۆ کوشتنی **سەرۆك بارزانی و ئیدریسی کوڕی** و، گواستنەوەی کورد لە **کەرکووك و مووسڵ و دیالە و کووت و بەغدا** و، دەربەدەرکردنی فەیلییەکان و، پەلاماردانی نێوچەی ئێزیدییەکان و، کوشتنی سیاسەتکارانی کورد و، پەیمانبەستن لەگەڵ رژێمی سۆڤێت و دەمچەورکردنی فەرەنسا و ئەمریکا و ...هتد. ئەوجا، ئەگەر ئێمە درۆ لەگەڵ خۆمان و خەڵك نەکەین، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥ دا نەبوو، بەڵکو لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠ دا دەستیپێکرد، واتە، لە رێککەوتنی زرکی یانزەی مارتی ١٩٧٠ وە، چۆنکە بەعسییەکان و سەرۆك بارزانی، هەردوولایان بەنابەدڵی و بەزۆرەملی، ئەو پەیماننامەیان ئیمزاکرد. ئەگەرنا، بارزانی، هەر لە ساڵی ١٩٦٣ وە باوەڕی بە بەعسییەکان نەبوو، ئەمەشی رەپوڕاست بە پەیامنێری رۆژنامەی Le Monde ی فەرەنسی گوتبوو. بەعسییەکانی ساڵی حەفتاش، هەر بەعسییەکانی ساڵی شەستوسێ بوون و، "دەرزیی مرۆڤدۆستییان" لە خۆیان نەدابوو.

ئەوجا ئێستە، بارودۆخێکی وەك یانزەی مارتی ١٩٧٠ هاتووەتە پێشەوە و،

هێندەك لە ئەندامانی "مجلس الحكم الانتقالي"، هیجان لە بەعسیەکان نەگەڕاوەتەوە، هەرچەندە هەلومەرجی ئێوخۆیی و نێوچەیی و جیهانی، لە هێندەك رووەوە، لەوەی سالی ١٩٧٠ ناچێ، بەلأم ئەوەی کە لەم دواییەدا لەلایەن "مجلس الحكم الانتقالي"، یەوە بەنێوی "دەستووری کاتی"، یان "قانونی بەڕێوەبردنی دەولەتی عێراق لە سەردەمی گواستنەوەدا" دەرچوو، هەروەك بەیانەکەی ١١ی مارت، بنەکەی فشەڵە و پشتنابەستریێ پێی. لە "دەستووری کاتی" دا، هەروەك بەیانی ١١ی مارت، کێشەی کەرکووك و مووسڵ و دیاله و کووت نەبڕاوەتەوە و، سپێردراوە بەوکاتەی عێراق "سەروەرێتیی" دەکەوێتەوە دەست و، لە عێـ ـدا "پەرلەمانێکی نیشتمانی" هەڵدەبژێردرێ کە زۆربەی زۆری عەرەب دەبێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کاتێك باسی چارەنووسی ئەم نێوچانەی کوردستان دەکرێ، کە لەشکری عێراق دامەزراوەتەوە و، بە تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و چەندسەتهەزار سەربازێکەوە رەختکراوە و، میلیشیاکانی هەردوو حیزبەکە بەپێی دەستوورەکە، هەڵوەشاونەتەوە. بێجگە لەمەش دەستووری کاتی، هەروەك بەیانەکەی ١١ی مارت، تەنێ هەولێر و سلێمانی و دهۆك، واتە ئەو نێوچانەی کە پێش ٢٠٠٤/١/١٩ بەدەست پارتی و یەکێتییەوە بووە، بە "هەرێمی کوردستان" نێو دەبا. ئەمەش هەر ئەو نێوچانەیە کە سەددام بە کوردستان نێوی دەبردن و کردبوونی بە "منطقة الحكم الذاتي". کورت و کرمانجی، سنووری کوردستان دیارینەکراوە و، گەلی کوردیش لە عێراقدا بە بەشێك دانەنراوە لە نەتەوەی کورد، کەچی گەلی عەرەب لە عێراقدا بەبەشێك دانراوە لە نەتەوەی عەرەب و، ئیسلامیش بووە بە ئاینی رەسمیی دەولەت و، سەرچاوەیەکی قانون و، بەیەك وشە نێوی ئاینی ئێزدی و کاکەیی و مەندایی نەهێنراوە و، هەر لە ئێستەشەوە دەستکراوە بەپەلاماردانی ئێزیدییەکان لە شەنگار و مووسڵ. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دەستوورە ئاوا لەرزۆکە و، بنەکەی بۆشە و، تەنێ بۆ ماوەیەکی سنووردارە، واتە، تا "سەروەرێتی" دەکەوێتەوە دەست عێراق، کەچی ئەو شیعانەی ئیمزای ئەم دەستوورەیان کردووە، هێندە دەستەوەستان و ترسنۆك و بوودەڵەن، ئەوەتا هێشتا مەرەکەبی ئیمزاکانیان هیشك نەبووەتەوە، کە بە خوتبەی ئێرانییەکی وەك سیستانی دیشکەمیان لێکرد و، کەوتنە رەخنەگرتن لێی. نوێنەری

سیستانیش دەستوورەکەی بە "گاڵتەجاڕی" (مهزلە) دایە قەڵەم. (موفق الربیعی) دەفەرموێ: برگەی (ج) لەدەستوورەکەدا دەگۆڕدرێ و دەڕووخێنرێ و، دەیەوێ لەباتی ئەوە، "گەرەنتی" بدات بە کورد، وادیارە، پێی وانییە کە **«درۆزن هەر جارێك ناشتا دەکا»**. پاش ئەم هەڵوێستەی شیعەکان، پێویستە کورد پێ لەسەر مافی سەربەخۆیی دابگرن و، ئەمەش بەکەنە بەڵگە بۆ پێداگرتن لەسەر گەرەنتییەکی نێونەتەوەیی.

موقتەدا سەدریش لەولاوە گوتی، ئەم دەستووره وەك "پەیمانی بەلفۆر وایە". (پەیمانی بەلفۆر ئەو پەیمانە بوو کە وەزیری دەرەوەی ئەو سەردەمەی بەریتانیا، بەلفۆر، دای بە جوولەکەکان! بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی جوو بۆخۆیان دروستبکەن).

ئەوجا بزانن، ئەمانە کورد و ئیسرائیل وەك یەك تەماشا دەکەن. **کوردیش هیچ جۆرە گەرەنتییەکی لەلایەن هاوپەیمانانەوە بەرامبەر بەم هەموو مەترسییە نییە و، هەتا ئەوڕۆش سەرکردەکانی کورد، خودێ دەست بە پەلیانەوە بگرێ، دوو شاریان نەکردووە بەیەك و، هەموو حەفتەیەك دەڵێن "حەفتەکەی دی یەکدەگرنەوە"، ساڵ لە حەفتە برا و ئەم نانە بەو رۆنە.**

تا ئێستە، چەند جارێك لە رۆژنامەی "میدیا" دا ئاماژەم بەوە کردووە کە **سیستانی و خۆیی و، عەبدولعەزیز حەکیم و موفق ربیعی و چەلەبی و بحرالعلوم** و ئەندامە شیعەکانی دیکەی **"المجلس الحكم الانتقالي"**، هەموویان بەتەمای ئەوەن کە دەوڵەتێکی شیعەی وەك ئێران لەعێراقدا بنیاتبنێن. ئەوجا سیستانی، نێوبنێن "ئیمام" و "بەفەرمانی خودێ" ببنە میری سەربڕ. راستە سیستانی و بنەماڵەی خۆیی، لەگەڵ خومەینی دۆست نەبوون و، ئێستەش لەگەڵ خامنەیی نین، ئەمەش هەر لەبەر هۆیەکی کەسیی (شخصی) یە، ئەگەرنا، لە بیروباوەڕ و ئامانج و جۆری هەڵسوکەوتدا، کوتومت وەك خومەینی و خامنەیین، ئەگەرچی سیستانی، بوێری و جەربەزەیەتیی خومەینی تێدا نییە. ئەمریکاییەکان، جاران لە ناشێتیی خۆیان، پێیانوابوو دەتوانن "مەرجەعییەت" ێك بۆ شیعەکانی عێراق، لەڕێی سیستانییەوە دروستبکەن و، بیکەنە نەیاری رژێمی ئێران، بەڵام وا هوردەهوردە، هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردووە. ماوەیەکە، رژێمی ترك و تورانییەکان پێوەندییان

لەگەڵ سیستانی و دارودەستەکەی گرتووە، بۆ ئەوەی بیانکەنە هەڤاڵبەندی خۆیان دژی کورد.

کورد دەبوو هەرزوو ئەوە بزانن، خومەینی چەندی بۆ کورد پێبوو، سیستانیش هەرهێندەی پێیە بۆ کورد. لەبەر ئەوە زۆر بەلامەوە سەیرە کە سیاسەتکارێکی ناسراوی کورد، وەك مام جەلال تالەبانی، بە گۆڤاری ئەلمانی "دێر شپیگڵ" بڵێ: «ئێمە (کورد) و سیستانی لەهەموو روویەکەوە رێککەوتووین و سیستانی پیاوێکی مۆدێرات (معتدل) ە و، وەك خومەینی نییە، سیستانی، دان بە فیدەراڵیزمدا دەنێ بۆ کورد و، سیستانی، حکوومەتی ئاینی ناوێ ...هتد»، ئەمە لەکاتێکدا هەر پاش چەند دەمژمێرێك دوای ئەوە، سیستانی ئەو قسەیە بەدرۆ بخاتەوە و بێژێ: "کە ئەو بەهیچ جۆرێك لەگەڵ مام جەلال باسی فیدەراڵێتی نەکردووە و، بیروڕای وی بەرامبەر دواڕۆژی عێراق دیارە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ، ئەگەر سیستانی باسی فێدەراڵیزمی لەگەڵ مام جەلال نەکردووە، بۆچی مام جەلال ئەو قسەیە دەکا و بەو شێوەیە پەسنی (مدح) سیستانی دەدا، خۆ ئەگەر مام جەلال ئەوەی لە سیستانی بیستووە، بۆچی وەرام ناداتەوە و بێدەنگ بووە ؟؟؟؟ ئایا سیاسەتکارێکی کورد، بەتایبەتی لەم رەوشە ناسکەدا، نابێ قسەکانی خۆی تاوتوێ بکا ؟

داخی گران، دوو زلحیزبەکە دەیانەوێ بەهاشەوهووشە، وای ببەنە مێشکی خەڵکەوە کە "دەستووری کاتی"، سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەی بەدیهێناوە بۆ کورد، بەلام بەدڵنیاییەوە دەبێژم، کە ئەوە خەون و خەیاڵە. ئەو "دەستوورە" دەستکردی مەجلیسێکە کە ئەندامەکانی، خۆیان باوەڕیان بەرەوایەتیی خۆیان نییە و، هەر رۆژەنارۆژێك، شیعەکان و سوونییەکانیشیان لەگەڵ، خۆپێشاندانێکی چڕوپڕ لەدژی ئەو دەستوورە دەخەنە سەرشەقامەکان. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش، لەترسی ئەو دەستوورە، کەوتوونەتە کوشتن و بڕین و زیندانیکردنی کوردەکانی بندەستی خۆیان، وەك لەم رۆژانەدا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆژاوای کوردستان

رووبدا، کە **رژێمی کوڕی حافز**، بەپێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو، سەت کوردی کوشت و سەتان کوردیشی بریندار کرد، هەر لە خوتوخۆڕایی، کەچی دوو زلحیزبەکە، لەباتی ئەوەی تاوانبارێتیی ئەم رژێمە داکیرکەرە تێرۆریستە لەدژی کورد، بەئاشکرا بەپەند بکەن، داوای وتووێژ **(حوار)** دەکەن، وەك ئەوەی کورد تا ئێستە هەر خەریکی شەڕە قۆچەقانی بووبێ. و، داوای (حوار) ی نەکردبێ. بەراستی سەیرە! رژێمی سووریا دان بەبوونی کورددا نانێ، کەچی ئەمان دەفەرموون، با کێشەکە بە (حوار) ببڕێتەوە. ئەمەش خاڵانەی دیوارەکەی ماڵی رەجەبە. رەجەب قسەخۆشێکی خەڵکی سلێمانی بوو. دیواری ماڵەکەیان رووخابوو، ورگ و هۆڕی ماڵەکەیان کەوتبووە دەرەوە، کەچی باوکی پێی گوتبوو: "رۆڵە رەجەب، بچۆ دەرگەی حەوشەکە دابخە، با دز نەیەتە سەرمان!!!".

هەر لەگەڵ ئەو کوشتارەی کە رژێمی عەرەبی سووریا لە کوردی رۆژاوای کرد، دەستبەجێ **«مجێوری دوو کەعبە»** پشتی رژێمی سووریای گرت و، **حوسنی موبارەکی دۆستی سەددام و دوژمنی کوردیش، بەپەلە روویکردە دیمەشق و، لایەنگریی خۆی بۆ کوڕی حافز دژ بە "ئاژاوەگێرانی کورد" جەخت کرد.** ئەم حوسنی موبارەکە، هەر ئەو حوسنی موبارەکەیە کە بە دەمی خۆی گوتی: **" سالی ١٩٩١ جۆرج بوش (باوکم) رازیکرد کە لەشکر نەنێرێتە عێراق و سەددام نەخا". کەچی کاربەدەستانی "هەرێمی یەکنەگرتووی سێ ستان"، دەفەرموون حوسنی موبارەك و حافز ئەسەد دۆستی گەلی کوردن.**

ئافەرین لە خوێندکارانی زانستگەی سەلاحەدین لە هەولێر و زانستگەی سلێمانی، کە بە خۆپێشاندانی جەماوەری، تووڕەیی رۆشنبیرانی کوردیان لەرژێمی دەستوەشێنی بەعسی سووری، خستە پێش چاوی جیهان. لە ئەورووپاش گەلێك خۆپێشاندان لەدژی رژێمی سووریا سازکران، **لە برۆکسل و لە بەرلین و ستۆکهۆلم و نۆرویژ.**

بەڕێز جەوادی مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، دەستبەجێ پەیامی گەیاندە **بوش و بلێر و کاك مەسعوود و مام جەلال** و، داوایکرد لێیان کە بەگورجی بکەونە کار و ئەم ئەنفالە لەدژی کوردی رۆژاوا بوەستێنن. هەروەها، لەگەڵ

هاوبیرەکانی لە ۳/۱٤، لە لەندەن خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان رێخست و، چوونە بەردەم سەفارەتخانەی سووریا بۆ بێزاریدەربڕین بەرامبەر خوێنڕێژیی رژێمی سووریا، بەڵام دوو زلحیزبەکە رێیاننەدا کە ئەندامەکانیان تێکەڵ بەو خۆپیشاندانە بن! وەك کێشەی کورد، کێشەی ئەوان نەبێ. راستییەکەشی ئەوەیە، کێشەی کورد کێشەی ئەوان نییە، چۆنکە ئەگەر کێشەی کورد کێشەی وان بوایە، کاتێك کە ستاندار (محافظ) ی حەسەکە، بانگی لە عەرەبەکان کرد و گوتی: "ئەمشەو رێنەدەن بە کوردەکان بخەون، بچن بیانکوژن"، ئەمان بێدەنگ دانەدەنیشتن و، سەرکردەکانیان داوای "حوار" یان نەدەکرد، بەڵکو رژێمی سووریایان تاوانیار دەکرد و، ئەو حەلە ئەو پرسیارەیان لە خۆیان دەکرد، بۆچی رژێمێك کە نیوملیۆن کوردی بێ "جنسیة" کردبێ و، بەهێندێکیان تەنێ پارچە کاغەزێکی دابێ لەجیاتی ناسنامە، ئەوەش تەنێ بۆ ئەوەی دەربخات کە «بێگانە» یە و، لە خاکی عەرەبدا دەژی و، بەهێندێکیشیان تەنانەت ئەو پارچە کاغەزەی نەدابێ و نێوی نابن "مکتوم"، واتە "لە هەموو مافێك بێبەری"، بەڵام هەر ئەم رژێمە تێرۆریستە دوژمن بە کوردە، پەساپۆرت بدا بەهێندەك کورد کە عێراقین و، رێبدا پێیان کە لە پێتەختەکەیدا "بیرۆ" یان هەبێ، تکایە ئەم مەتەڵەمان بۆ هەڵهێنن، ئەوا ئێمە سەرمان دەرناچێ لێی. ئایا " بانێکە و دوو هەوا ؟".

ئەمە لە باشوور، لە رۆژاوای کوردستانیش، کۆنە زورناژەنی رژێمی سۆڤێت حەمید دەروێش، دووجار، هەرجارە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ، لەگەڵ یارمەتیدەرێکی ئاسایشی رامیاری لە جزیرە، لیوا محەمەد مەنسوورە کۆبووەوە و، پاش ئەوە راپەڕینی گەلێری خەڵکی رۆژاوای بە "ئاژاوە" (فتنە) دایە قەڵەم.

هەموو ئەو رووداوانە کە لەم دواییەدا، بەسەر نێوچەکە و جیهاندا تێپەڕین، بەڕاشکاوی ئەوە دەگەیەنن کە بەرەی جەنگی دژ بە سەددام و هاوکارانی سەددام، رۆژ لەدوای رۆژ، تەنگتر دەبێتەوە. بۆنموونە: پووتین کە یەکێکە لە دۆستەکانی سەددام و دژ بە سیاسەتی بوش، ئەوا هەڵبژاردنی بردەوە و بەرێژەیەکی یەکجار بەرز و، وەك سەرکۆماری رووسیا، کورسییەکەی خۆی داکوتا. چەند رۆژێکیش بەرلەوەی کە لە ئیسپانیا هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکرێ، کارێکی تێرۆریستانە روویدا کە پتر لە

سەت هاوولاتی ئیسپانیا هاتنەکوشتن، کە ئەمەش هیچ دوور نییە، بەپێی پیلانێکی نەخشەبۆکێشراو بووبێ و، کات و شوێنی بۆ دەستنیشانکرابێ، تاکو رێکخراوی "القاعدە" وەك دەستوەشێن دیاربیکرێ، بۆ ئەوەی گەلی ئیسپانیا گوناهی ئەو کارە بخاتە ملی حکوومەتی خۆسی ماریا ئەزنار و، بێژێ: "ئەگەر ئەزنار هەڤالبەندێتیی بوشی نەکردایە و، نەچوایە جەنگەوە لەدژی عێراق، ئەوا ئەم کارەساتە نەدەقەوما. ئەنجامی ئەوەش ئەوە بوو، کە ئەزنار لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی و، پارتی گوایە "سویسالیست"، بە سەرۆکایەتیی خۆسێ لویس زاساباتیرۆ بردییەوە و، هەر دەستبەجێ داوای لە بوش و بلێر کرد کە "رەخنە لە خۆیان بگرن کە چوونەتە جەنگەوە دژی عێراق" و هەرلەو باسەشدا گوتی: "جەنگی عێراق مەرگەسات بو، هەڵەبوو، ئەمەش مانای وایە کە ئیسپانیا، کە هەڤالبەندێکی گرنگی ئەمریکا بوو، لە ئەمریکا دەبڕێ و دەچێتە بنەوباڵی فەرەنسای شیراك و ئەڵمانیای شرۆیدەر، کە شیراك و شرۆیدەر هۆی تێکدانی نێوانی ئەوروپا و ئەمریکا بوون، بەنێوی پاراستنی ئاشتییەوە، بەلاّم راستییەکەی بۆ پاراستنی رژێمی سەددام بوو. هیچ دووریش نییە کە ئەڵمانیا، ئەم تیرۆرەی کە لە ئیسپانیا روویدا و، بوو بەهۆی خستنی حکوومەتی ئەزنار، بکا بە بیانوو و، هێزەکەی خۆی لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە و، بەمەش خراپەیەکی دیکە بەرامبەر ئەمریکا بکا و، گوشار لەسەر تیرۆریستان کەمبکاتەوە. هەر ئەم بیانووش دەبێتە بەڵگەی هەموو ئەوانەی کە بەچەپی و سوسیال دێمۆکرات و کەسك نێویان رۆیوە لە ئەوروپا، بۆ لەقکردنی کورسییەکەی ژێر بوش و بلێر و، خۆشخزمەتییەك بە رژێمە تیرۆریستەکانی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست.

شایانی باسە، گەلانی ئەوروپا، هەرچەند لەنێو هەر گەلێکیاندا، کەسانی مرۆڤدۆست و رۆشنبیر و چاکەخواز و لێبوردە هەن، بەگژ دیکتاتۆرێتی و زۆرداری و ملهوڕیدا دەچن، بەلاّم زۆربەی گەلەکانیان، بەتایبەتی راستەخەڵکەکەیان، هەر بیر لەخۆیان و ژیانی پڕ لە ئاسوودە و زگی تێری خۆیان دەکەنەوە و، سیاسەتکارەکانیشیان هەر خەریکی ئەوەن، بەهەر جۆرێك دەبێ، خەڵکەکە والێبکەن، کە پێی وابێ ئەمانە بۆ زگی تێری ئەوان هەوڵدەدەن، بەلاّم کە هاتنە

سەرکار، هەموو بەڵێن و گفتەکانی خۆیانیان لەبیر دەچێتەوە. خەڵکی ئەوروپا، بەپێچەوانەی گەلانی موسلمانەوە، "ئەوە دنیایی" نین بەڵکو "ئەمە دنیاین"، دەیانەوێ ئەو تەمەنە کورتەی کە هەیانە، بەخۆشی و بەتێر و تەسەلی و سەربەستی بەسەر بەرن. بەتەمای حۆری و مۆری بەهەشت نین و، شانازی ناکەن بەوەوە کە ئەوەندە و ئەوەندە شەهیدیان داوە. بەهەشت دەور ناگێڕێ لە ژیانیاندا، هێندەی پارە و ماڵی دنیا، لەبەر ئەوە، ئامادەی قوربانیدان نین و، کە زانییان کارێك بقەیە و مەترسی تێدایە بۆیان، لێی نێزیك نابنەوە.

دیارە ئەم دەنگدانەی خەڵکی ئیسپانیا دژی حکومەتەکەیان، کردارێکی دێمۆکراتانە بوو، بەلاّم ساویلکەیەتی و خۆپەرستی و کورتبینیی خەڵکەکەی پێشاندا و، ئەمەش بیانەوێ و نەیانەوێ، بوو بەهۆی زاتنانەبەر تێرۆریستان و، بۆیان دەرکەوت کە "تیرۆر کەڵکی هەیە"، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە، زۆربەی ئەوروپاییەکان، بیروبۆچوونیان لەڕێی سیاسەتکاران و دەزگەی راگەیاندنی گشتییەوە چلوورە دەبەستێ، نەك لەڕووی لێهوردبوونەوەیەکی خۆیی و توێژینەوەی رووداوەکان و دەنگوباسەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەك و گەڕان بەدوای راستیدا. ئەگەرنا، ئیسپانییەکان دەبوو بیانزانیبا، کە کورد بەتەنێ سەتوپەنجا هەزار سەربازی هەیە و، پێویستی بە ١٣٠٠ سەربازی وان نییە.

ئەوروپاییەکان بەتایبەتی و، رۆژاوا بەگشتی و، زۆر بەتایبەتی، دەوڵەتە پیشەسازەکانیان، تا ئێستە توانیویانە، زۆر و کەم بەهۆی پێشکەوتنیانەوە لە بواری تەکنیك و زانست و، نەخاسمە دروستکردنی چەکی قورس و تێسرەوێندا، گەلانی دواکەوتوو لەباری تەکنیك و زانستەوە، بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. بەلاّم وادیارە لەم سالاّنەی دواییدا، کارکردی ئەو تەکنیك و زانستە بەرەو بێهێزی دەڕوا. چونکە هێندەك لەو دەوڵەتە دیکتاتۆرانەی کە خاوەن نەوت و گاز و مەڵبەندی ستراتیژی سوپایین، توانیویانە بەشێك لەو تەکنیك و زانستانە لە ئەوروپای پارەپەرست بکڕن و، وڵاتانی ئەوروپا بترسێنن پێی. لەهەمووشی سامناکتر بۆ رۆژاوا ئیدیۆلۆژیی تێرۆرە و، زۆر بەتایبەتی، تێرۆری خۆکوژیی گرێدراو بە باوەڕێکی ئاینییەوە، کە دیارە رۆژاوا نەخشەیەکی بەکاری بەرامبەر بەوە نییە. ئەمە لەکاتێکدا کە وڵاتە

رۆژاواییەکان لەم بەنجاساڵەی دواییدا دیبەنە لە خەڵکی موسڵمان و، ئەم موسڵمانانە توانیویانە فەرهەنگی خۆیان لەم وڵاتانەدا بپارێزن و، دەشیانەوێ فەرهەنگەکەیان بە فەرمی (رەسمی) دان بنرێ پێیدا. وەك ئەوەی ئاینی ئیسلام لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێ و، رێبدرێ بە کچەکانیان بە لەچك و سەری داپۆشراوەوە بچنە قوتابخانە و دەزگە رەسمییەکان. گەلێك لە کاربەدەستانی دەوڵەتەکانی رۆژاوا، کە پێوەندیی بازرگانی و ئابووریی توندوتۆڵیان لەگەڵ دەوڵەتە موسڵمانەکان هەیە، سەریان لێشێواوە و کەوتوونەتە دووزمانی و، ناتوانن رێ لە فەرهەنگی موسڵمانان بگرن، نەك هەر لەبەر ئەوەی سیستەمەکانیان دێمۆکراتییە و، دەبێ رێ بەسەربەستیی باوەڕ و ئاین بدەن، بەڵکو لەترسی لەدەستچوونی بەرژەوەندیی مادیی خۆیان، تەنانەت جاری واش هەیە، دەکەونە ماستاوکردن و دەبێژن: "ئیسلام و دێمۆکراسی دژی یەك نین". ئەمەش خاڵانەی ئەوەیە کە کاتی خۆی سەرکردەکانی حیزبی توودەی ئێران دەیانگوت: "ئیسلام و کۆمۆنیزم دژی یەك نین" و، دەیانگوت ئەوە نییە لە قورئاندا هاتووە "وامرهم شوری بینهم" مەبەست لە "شوری" یەکێتیی سۆڤێت" ە. (سەرنج: فارسەکان بە "یەکێتیی سۆڤێت" دەبێژن "اتحاد شوروی").

لەکۆتایی ئەم وتارەدا دەمەوێ بێژم، کە دواڕۆژێکی نادیار چاوەڕوانی نەتەوەی کورد دەکا، لەبەر ئەوە دەبێ خوێندکاران و مامۆستایان و ژنان و کرێکاران، دەستپێشکەری بکەن و، بینە پێشەنگی جەماوەری کوردستان و، ئەوە بخەنە بەرچاو کە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، جەماوەری باشوور کردیان و، راپەڕینی بەهاری ٢٠٠٤ جەماوەری رۆژاوا کردیان، حیزبەکوردییەکان، ئەگەر ناتوانن، یان نایانەوێ بینە پێشەنگی جەماوەر، با هێندە دڵسۆزی و لەخۆبوردەیی پێشانبدەن کە بێلایەن بوەستن و، بەری لێشاوی جەماوەر نەگرن. خۆ ئەگەر بەریە جەماوەر بگرن، ئەوا دڵنیابن جەماوەر پشتیانتێدەکا. ئەوسا ئەزژی ناچار دەمێنم، ببم بە شاعیری دەرباری کورد و، ئەو هەڵبەستەی **جەواهیری** کە بۆ کوردستانی گوتووە و، دەبێژێ:

شعب دعائمه الجماجم والدم
تتحطم الدنيا ولايتحطم

[illegible] لەسەر ئەو کێش و لەنگەرە دەرام بدەمەوە، بەلاّم جاریٚ

چاوەڕوانم.

٢٠٠٤/٣/١٦

"میدیا" ژمارە ١٥٨، ٢٠٠٤/٣/٢١

کاتنامەی ئەلێکترۆنی "نیشتمان" خاکەلێوەی ٢٠٠٤

سی حوزەیرانی ٢٠٠٤

رۆژی رەشپۆشی و ماتەمینیی

نەتەوەی کوردە

رۆژی ٣٠ حوزەیران، بۆ نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان، رۆژی ماتەمینیی گشتییە، رۆژی کولانەوە و هاتنەوەسوێی برینی سارێژنەبووی هەرەسهێنانی شانشینی باشوور و، کۆماری رۆژهەڵات و، شۆرشی ئەیلوول و، نووچدانی سەرهەڵدانی باکوورە. سی حوزەیران، ئەو رۆژە شوومە رەشەیە، کە سەروەرێتی و دەسەلات، هێدی هێدی و بە خشکەیی، دەکەوێتەوە دەست ئەنفالکەرانی کورد و، کیمیابارانکەرانی کوردستان و، بە عەرەبکەرانی کەرکووك و مووسڵ و کووت و دیالە و، کۆچپێکەران و خوێنرێژانی هەزاران کوردی فەیلیی بەغدا. رۆژی سی حوزەیران، رۆژی گریان و قورپێوانە، بۆ گوڵی بابردووی هیوای کوردی قوربانیدەر و خاوەن شەهید و، بێوەژنی مێردکوژراو و، کچ و کوڕی باوك شوێنونکراو و، پیرەمێرد و پیرەژنی بێکەس و خێرنەدیو. رۆژی سی حوزەیران، دوارۆژی سەربەخۆییی سێ پارێزگەکەی ژێردەسەلاتی پارتی و یەکێتییە ... ئەو سەربەخۆییەی نرخی نەزانرا!

ئەرێ ... خەونی ئەرخەوانیی کورد، لە نیسانی ٢٠٠٣ دا و، بۆ چوارەمین جار لەماوەی سەتسالی رابوردوودا، هاتەوەدی و، دەرفەتێکی واهەڵکەوت بۆی، کە زۆر بەدەگمەن و دانسقە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستەی وەك کورد هەڵدەکەوێ. کورد بوونە هەڤالبەندی گەورەترین هێزی جیهان... داودەزگەی فەرمانرەوایەتیی ترسناکترین داگیرکەری کوردستان، لە بنج و بنەرەتەوە هەڵتەکا. نافەکی دەوڵەت و لەشکر و پۆلیس و ئاسایشی بەعسی کوردکوژی تێرۆریست، بەبڕین چوو. سەددامی مرۆڤخۆری ترزڵ، بەوپەڕی سووکایەتی و ئەتکپێکرانەوە گیرا و زیندانیکرا. شانبەشانی ئەمانەش، نێوی کورد و کێشەی کورد، چوونە سەر لاپەڕەکانی رۆژنامە و گۆڤارە بەنێوبانگەکانی جیهانەوە و، باسی کورد بوو بە وێردی زمانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و، قسەی رۆژانەی منالان و چایخانان و کۆلانان... راستە

خەڵکەکەی جیهانیش، چاوەڕوانی ئەوەبوون کە کورد ئازایانە بڕیارێکی بنبڕیدەن و، ئەو سەربەخۆییەی کە، سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکی بینراو نەبینراوی، دوانزە ساڵ بوو کورد، لەنێو تاقمێك دوژمنی دەستوەشێنی گورگڕەوشتدا، شانازییان پێوەدەکرد، بکەنە قەوارەیەکی دانپێدانراو و، خاك و زەوی و زارە دزراوەکەیان، لە دز و جەردەکان وەربگرنەوە و، بانگی سەربەخۆیی کوردستان بدەن....

بەڵام داخی گران و هەزاران داخی گران، سەرکردەکانی دووزلهێزەکە، ئەو سەربەخۆییەیان کرد بە قوربانی فشەبرایەتی و یەکگرتنی، گوایە "ئارەزوومەندانە"ی کورد و عەرەب، بێ پرس و ڕاکردن بە کورد، فەرموویان: کورد بە دڵخوازی خۆی بەشداری لە دەوڵەتی عێراقدا دەکات. دیارە ئەمەش هەڵوێستێکی نابەرپرسیارانەیە و، زۆر لەسەر کورد دەکەوێت و، کورد گەلێك مافی ڕەوای خۆی لەدەستدەچێ. سەیر ئەوەیە، لەمێژووی هەشتاساڵەی بەخوێنی کورد سۆری ئەم **"برایەتی و عێراقچێتی" یە، هێندە فێرنەبوون کە داگیرکەر نابێتە برا و، دوو نیشتمانی لەیەك جیاواز، لەسایی سێبەری گەلێکی سەردستی خۆبەزلزاندا، نابنە یەك نیشتمان و، دەوڵەتی دەستکردیش کە ڕەشەگرانەتییەکەی گرت، ئەوا تەخت و بەختی لەیەك دەترازێ و، هەر پارچەی بەلایەکدا دەچێ. عێراقی دەستکردیش، پاش بوومەلەرزەکەی نیسان، پارچە پارچەبوو، کەچی ئەمان پارچەکەی کوردیان خستەوە سەر عێراق، چۆنکە پێیانوابوو، ئەگەر خۆیان بە عێراقی دایە قەڵەم، ئەوا "برا عەرەبەکانیان" ڕایەخی ئاورێشم ڕادەخەن بۆیان و، دەیانکەنە گەورە و دەمڕاستی خۆیان. پێیانوابوو، ئەگەر لە دەوڵەتی عێراقدا، چەند وەزیرێك و چەند گزیرێکیان هەبێ، ئەوا ئەمە "یەکسانی" یە و، کورد گەیشتووەتە "هاونیشتمانێتیی پلەیەك".**

هەزاران پاڕانەوە و لالانەوەی کەسانی وەك من، بەنیازی ئامۆژگاریی دڵسۆزانە، بۆ یەکخستنی هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکە و، دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردستانی، وەك گوێز بژمێردرێت بۆیان وابوو. ئێستەش و ئەوساش رازینەبوون بەوەی دوو شار ببەستن بەیەکەوە، هەر لەبەر ئەوەشبوو، ئەوەی کە پێیدەڵێن "هەرێم"، لەباری قانوونییەوە بوونی نییە و نابێ و، پەرلەمانەکەشیان هەشت ساڵە ڕەوایەتی نەماوە. ئەنجامی ئەم سیاسەتە چەوت و چەوێڵەش، دەستهەڵگرتن بوو لە کەرکووك و مووسڵ و شوێنە داگیرکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان و، ئیمزاکردنی

قانوونی فیدەراڵیزمی پارێزگەکان، بێ نێوبردنی نێوی کوردستان. ئەمە لەکاتێکدا کێشەی کەرکووك، هێندە سەخت و گران نەبوو کە ببێتە راوی کێوی رەش لێیان. هێندە بەس بوو، چەند ملیۆنێك دۆلار بدەن بەو عەرەبە هاوردانەی کە ئامادەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و، چەند ملیۆنێکی دیکەش بخەنە خزمەت ئەو کەرکووکییە دەرکراوانەی کە سالآنی ساڵە، بەرەشوڕووتی و، بێ ئاوی نێو ماڵ و بێ کارەبا و بەزگی برسی، لەبن خێوەتدادەژین... ئەوجا ئەو عەرەبانەی کە بە پارە رازینەبوونایە، دەتوانرا هەر لەگەڵ هاتنە کەرکووکی چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی، دەربکرێن و کەرکووکییە رەسەنەکان بخرێنەوە جێی خۆیان. بەلآم حیزبحیزبێنە و شەڕە پەڕۆی کسك و زەرد، ئەو هەلەشی لەدەستدا!

خوێنەرەوەی رۆژنامەی **"میدیا"** و **گۆڤاری "کۆنگرە"** باش لەبیریانە کە لە چەند ساڵی رابوردوودا، گەلێك باسم بلآوکردەوە و، گەلێك بابەتی رامیاریم رۆشنکردەوە. لە یەکێك لەو وتارانەدا پەنجەم بۆ ئەوە راکێشابوو، کە ئەمریکا، وەك زلهێزێکی پلە یەك، خاوەنی بەرژەوەندیی سوپایی و رامیاری و ئابووری و ...هتد، دیارە پاش ئەو تەنگانەیەی تێیکەوتووە، لەوانەیە هێندەك هەڵوێستبگرێ کە دژی بەرژەوەندیی کورد بێ. ئەمەش ئەوەتە بەچاوی خۆمان دەیبینین، بەلآم ئەمە مانای ئەوە نییە کە کورد دەستەووستان دابنیشن و، بەهەموو جۆرە بەشێك رازی بن، نەخێر... کوردیش دەبێ سیاسەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ و، رێنەدا کچی خۆی بکا بە قوربانیی کوڕی ماڵەدراوسێ. کاربەدەستانی دووزلحیزبەکە پێیانوابوو، ئەگەر بێتو سەری خۆیان کزبکەن و بڵێن: "فەرموو، ئەوا لەو نێوچانەی کە ئێمە فەرمانڕەواین، ئاسایش هەیە و تیرۆر زۆرکەمە"، ئەوا ئەمریکا مل بۆ هەموو داخوازییەکیان دەدا! بەلآم راستییەکەی، وەك چەندجار خستوومەتە بەرچاو، پێچەوانەکەی راستە، ئەگەر دووزلحیزبەکە رێیاندەدا بەجەماوەری کورد، بە سەتهەزاران بێنە سەرشەقامەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و مووسڵ و بەغدا و، داوای سەربەخۆیی کوردستان و، ژیاندنەوەی "پەیمانی سێڤر" و مافی بڕیاری چارەنووس و گشتپرسی بکەن و، دووزلحیزبەکە لەوە نەدەترسان کە پێیانبگوترێ: "فەرموون، ئێوە باسی فیدەرالیزم دکەن، کەچی کورد باسی سەربەخۆیی دەکەن". بەدڵنیاییەوە، ئەو حەلە ئەمریکاییەکان و عەرەبەکانیش لەگەڵ، هانایان دەبردە بەر دووزلحیزبەکە و، تکایان

دەکرد لێیان کە جەماوەری کورد بە "کۆنفیدەرالیزم" رازیبکەن و لەبیری سەربەخۆیی تەنازول بکەن. ئەگەر لە خۆپێشاندانێکی چەند سەتهەزارکەسی لە هەولێر، لەرۆژی **هاتنی "ئەخزەر ئیبراهیمی" دا هاواریاندەکرد، ئەخزەری بەعسی، بچۆ بۆلای سەددامی هاورێت، کوردستان بەجێبهێڵە!". ئێستە کاروباری کورد بەجۆرێکی دیکە تەماشادەکرا. دوو زلحیزبەکە چاوەڕوانی ئەوە نەدەبوون، ئەخزەر پلەی سەرۆکوەزیرییەك بەکورد ببەخشێ، کە نەیبەخشی و، دای بە کۆنەبەعسییەك. خۆ ئەگەر کوردێکیش بکرایە بە سەرۆکوەزیران کە نەکرا، یان کوردێك بکرێ بە سەرکۆمار، ئەوا ئەو کوردە سەرۆکوەزیر و سەرکۆماری دەوڵەتێکی عەرەبی دەبێ،** نەك کوردستانی. **ڕێراست ئەوەیە کە ئەم مانگەی بەدەستەوە ماوە، لەدەستنەدرێ. پێویستە دوو زلحیزبەکە لە حکومەتی کاتی عێراقدا بەشدارینەکەن و، جەماوەری باشووری کوردستانیش لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقدا بەشدارینەکەن و، لەرێی خۆپێشاندانی گەورە گەورەوە، داوای گەرەنتی ئینتەرناسیۆنالی بکەن بۆ مافی جیابوونەوە لە عێراق، هەرکاتێك پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی کوردستان، بەزۆریەی سادەی دەنگەکانی (نیوە + یەك)، دەنگی بۆ جیابوونەوەدا.**

پێویستە هەموو لایەك ئەوە باش بزانن، کە ئەگەر کێشەی کورد و مافی کورد و سنووری باشووری کوردستان، بەشێوەی خۆرسکی خۆی، نەچێتە ئەجندەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و، لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە، گەرەنتی پاراستنی ئەو مافە و ئەو سنوورە نەکرێ و، لە دەستووری بنچینەییی عێراقدا بە ئاشکرا نەنووسرێ، کە یەکگرتنی کوردستان لە گەڵ عێراق یەکگرتنێکە، هەرکاتێك پەرلەمانێکی کوردستانی، یان گشتپرسییەکی کوردستانی، بڕیاری جیابوونەوەی دا، جیاببێتەوە، ئەوا دەبێ هەر لە ئێستەوە «فاتیحا»ی مافی کورد، نەك هەر لە باشووری وڵاتەکەی و لە عێراقدا، بەڵکو لە تەواوی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناڤیندا بخوێنین.

تاقیکردنەوەکانی نەتەوەی کورد و، خەڵکی کوردستان و هەموو جیهان، ئەوە دەگەیەنن، کە هیچ مافێك لەرێی بێدەنگی و سەری خۆکزکردن و رێزگرتن لە پێشێلکارانی ئەو مافە، نەهاتووەتەدەست و نایەتەدەست. لەبەر ئەوە، نەتەوەی کوردی مافخوراو، بێدەنگ دانانیشێ، بەڵام با هەموو حیزبەکان و حیزبۆڵکەکانی

کوردستان و، لە پێش هەمووشیانەوە، دووزلحیزبەکە، کە دوانزەساڵ، کات و سەربەخۆییان هەبوو، کەچی نیوەی ئەوکاتەیان بە شەڕی خۆکوژی و، نیوەکەی دیکەشیان، بەدانە جیرێ لەیەکدی بردەسەر، وەکو دەمێك لەمەوبەر خستوومەتە بەرچاویان، ئیدی وەك جاری جاران، ناتوانن بە قالۆرە شکاوەوە بکەونە کەژ و کێو و سەرلەنوێ! "کورتانەکەی جەجاڵ" بە رەشورووتی کورد بدوورنەوە و، هەر دەمێکیش دەستیانرۆیی، رێز بۆ جەماوەر دانەنێن. بزووتنەوەی ئەمجارە، تا ئەو هەندازەیەی ئەز بتوانم پێشبینیبکەم، بەشێوەیەکی زۆرجیاواز لە شێوە باوەکان دەکرێ! ئەوجا ئەو بزووتنەوەیە بەچەشنی ئاژاوەیەکی رادیکاڵی پچڕپچڕ و هەرکەس بۆخۆیی دەبێ، یان لەجۆری بزووتنەوەیەکی بەرنامەداری رۆشنبیرانەدا دەبێ، ئەوە جارێ زووە بۆ هێنانەبەرچاوی، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێژم کە "سەرۆك" و "رێبەر" دەوری فەرمانڕەواییان نابێ، چۆنکە ئەو دەمە نەریتی "سەرۆکایەتی" و "بنۆکایەتی" نرخی نامێنێ و دەرابەی دوکانی حیزبجیزبێنە و پیاوفەرمانی و ژندوژمنی، بەهۆی ساردی بازاڕەوە، بەرەو دادانەوە دەچێ. چینی خوێندەواری هوردەبۆرژاوی کوردیش، کە بووە بە ئەسپێی کراسەکۆنی کۆمەڵگەی کورد و، لە هەڵمەتەکاسەیی و ماستاوکردن و دووڕوویدا بەشی کەسی نەداوە، بەرەو نابووتی و ریسوایی دەڕوا.

رۆژنامەی "مسدیا" ژ ١٦٣، ٢٠٠٤/٦/١

کاتنامەی ئەلیکترۆنی "نیشتمان" پووشپەڕی ٢٠٠٤

برایانی بەڕێز کاکە مەسعوود بارزانی و مام جەلال تالەبانی

سلاوێکی برایانەتان لێبێ و هیوام وایە تەندروست بن.

هۆی نووسینی ئەم چەند دێرە بۆ بەڕێزتان، ئەو نامەیەیە کە لەرۆژی ٦/١/ ٢٠٠٤، بە ئینگلیزی نووسیبووتان بۆ سەرکۆماری ئەمریکا، جۆرج دەبلیو بوش.

بەرلەهەموو شتێك دەمەوێ بێژم کە ئێمەی کورد، سەبارەت بەو هەلومەرجە لە سنووربەدەرە خراپەی کە تێیدا دەژین، ئەگەر هاتو نەمانویست، نیازی دڵی خۆمان بەڕاشکاوی، بە نەیاران و ناحەزان رابگەیەنین، یان ناچار بووین، هێندێك لە ئامانجەکانی خۆمان بشارینەوە لێیان، بۆ ئەوەی لە شەڕیان دووربین، بێگومان دەبێ لەنێو خۆماندا و لەگەڵ خۆمان راستگۆ و قسە لەڕووبین. دیارە قسەی هەق رەقە و، کورد جوانیانگوتووە "دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ و، دوژمن ئەوەیە دەتکەنێنێ"، لەبەر ئەوە دەبێ ببوورن لێم، کە بەم وشە بێکراس و کەوایانەم، دڵتان ناخۆش دەکەم، چۆنکە ئەز، وەك برا و دۆستی ئێوە، بەپێویستی دەزانم، بێ لەڕوو بەرمایی، لەگەڵتان بدوێم.

براینە!

لە نامەکەتاندا، ناڕاستەوخۆ، واپێشاندەدەن، کە ئەمریکا ناڕەوایی کردووە بەرامبەر بە کورد، کە گوایە منەتی نەزانیوە لەوەی چەکداری کورد، شان بەشانی چەکداری ئەمریکا و هاوپەیمانانی، خوێنیان رژاوە لەپێناوی ئازادیی عێراقدا و، ئەمریکاییەکان پاداشی کوردیان زۆر بەخراپی داوەتەوە.

هەر لەوکاتەدا چاوەڕوانیی ئەوە دەکەن لە ئەمریکا، کە پلەی سەرۆکوەزیری، یان سەرکۆماریی عێراق، بۆ کورد مسۆگەر بکا و، لەباری ئابووریشەوە خۆتان بە "مافخوراو" دادەنێن لەچاو عەرەبەکاندا و، داوای پارەی زۆرتر دەکەن.

راستییەکەی، ئەم هەڵوێستەی بەڕێزتان، هەڵوێستێکی سادەکارانە و، هەڵپەی ناهومێدانەی لەکاروان بەجێماوانەیە و، لە مرۆڤی سیاسەتکار ناوەشێتەوە. ئەگەر چاوێکی بابەتانە و بەویژدانانە بە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی خۆتاندا بخشێننەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی دوانزەساڵەی

فەرمانڕەواییتاندا لە "هەرێمی ئاسایش"، چ پێش و چ پاش رووخانی رژێمی سەددام، ئەوسا تێدەگەن کە گوناهی هەرەگەورەی لەدەستچوونی ئەو دەرفەتە مێژووییەی کە بۆ کورد هەڵکەوتبوو، دەکەوێتە ئەستۆی دژایەتیی توندوتیژ و رکەبەریی ناحەزانەتان بەرامبەر یەکدی، بەڵام هەرزانفرۆشی و خۆ بە کەمگرتنتان بەرامبەر داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەی کورد. ئەز، وەك شارەزایەکی سیاسەت و جۆری بیرکردنەوەی رۆژاواییەکان، ئەمە دەساڵ پترە، چ لەڕێی وتاری رۆژنامەوە و، چ لەڕێی وتووێژی رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەوە و، چ لەڕێی نامەناردنەوە بۆتان و، چ لەڕێی پێوەندیی دووبەدووەوە لەگەڵتان، دەمویست کارێك بکەم، کە ئێوە لەپێناوی بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەی کورددا یەکبگرن و دەسکەوتی تەسکوتریسکی حیزبایەتی و بنەماڵەیی، بخەنە لاوە. ئەوەشم رۆنکردەوە بۆتان کە ئەمریکا برای باوکی کەس نییە، بەڵکو زلهێزێکی خاوەن بەرژەوەندییە و، بەپێی ئەو بەرژەوەندییە و، لەسنووری ئەو بەرژەوەندییەدا دەجووڵێتەوە و، هەڤاڵبەند و نەیار دەستنیشاندەکا.

ئەوەی راستی بێ، ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا، گەلێك کاری باشی بۆ کورد و، بەتایبەتی بۆ هەردووکتان کردووە. ئەمریکا لە ١٩٩١ دوە تا کەوتنی سەددام، "هەرێمی ئەفرین"ی پاراست و، ئێوەش بە سەربەخۆیی فەرمانڕەواییتان بەسەر سێ ستاندا کرد، بەڵام بیرتان لەدوارۆژ نەکردەوە، بەڵکو نیوەی تەمەنی "هەرێمی ئاسایش" تان، بە شەڕی خۆکوژی بردەسەر. پاش ئەوە، ئەمریکا لە ١٩٩٨ دا، هەردووکتانی لەگەڵیەك ئاشتکردەوە، ئێوەش بەڵێنتاندا کە لەماوەی چەند مانگێکدا حکوومەتێکی یەکگرتوو و، پەرلەمانێکی لە ئازادیدا هەڵبژێردراو بخەنە سەرپێ، کەچی تائەمڕۆ کە ئەمڕۆیە، ئەو بەڵێنەتان نەبردە سەر. پەرلەمانەکەتان رەوایەتی نەماوە و، کاتێکیش دوو بەڕێوەبەرێتی هەبێ، دیارە "هەرێم" لەباری قانونییەوە "بوون" (وجود)ی نابێ. لەگەڵ ئەمەشدا، کاتێك ترکەکان روویان لە ئەمریکا وەرگێڕا، ئەمریکا روویکردە ئێوە و، داوای پێکەوە هەڵمەتبردنە سەر کەرکووکی کرد لێتان، بەڵام ئەوە بوو ئێوە پێکەوە نەچوون، یەکێتی، چوار دەمژمێر

لەپێش پارتییەوە چوو، و کەرکووکی کرد بەچوار کەرتەوە و، ئەوە بوو ئەو تالآن و بڕۆیی و ئۆتۆمۆبیل فڕاندن و ئاودیوکردنەش روویدا، کە کوردی سووککرد و، بیانووشی دایە دەست داگیرکەری ترک، کە لە ئەمریکا، داوای چوونە دەرەوەی ئێوە لە کەرکووک بکەن و، ئێوەش لەباتی پێداگرتن و مانەوە و، دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان و، نیشتەجێکردنی کوردە کەرکووکییە ئاوارەکان، لووس و باریک چەکدارەکانتان لە کەرکووک کێشایەوە و، کەرکووکتان کردە شاری «برایەتی»، وەك ئەوەی شارەکانی دیکەی کوردستان، شاری دوژمنایەتی بووبن، نەك برایەتی. خۆ مام جەلال، هەرخۆی، چەند سەت پارچەزەویی لە سلێمانی و کۆیە بەخشی بە بەرەی ترکمانیی دەسکەلای رژێمی ترك، کە هەتا ئەوڕۆ، دانێکی خێریان، نەك بە کورددا، بەڵکو بە ئێوەشدا نەناوە. هەر یەك دوو رۆژ دوای ئەو کارەساتەی کەرکووك، نامەیەکم نووسی بۆ کاك مەسعوود و، مەترسیی کشاندنەوەی هێزەکانی کوردم لە کەرکووك راگەیاندبێ. وەرامی کاك مەسعوود ئەوە بوو کە "ئەوان چی باش بێ بۆ کورد ئەوە دەکەن". بێگومان کشانەوەی هێزی کورد لە کەرکووك، هەڵەیەکی ستراتیژیی کوژەر بوو، چونکە کوردی کەرکووك بێ پشتیوان مانەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە سەربازی ترك لەو رۆژەدا بەهیچ جۆرێك زاتی ئەوەیان نەدەکرد پەلاماری باشووری کوردستان بدەن. خۆ ئەگەر ئەوەیان بکردایە، ئەوا بەزیانی گەورەی رژێمی ترك تەواو دەبوو.

گەورەترین هەڵەی ئێوە ئەوە بوو، بێ هیچ گەرەنتی و، بێ هیچ بەڵێن و پەیمانێکی ئەمریکا و بەریتانیا لەبارەی دواڕۆژی باشووری کوردستانەوە، نەك هەر خۆتان بە عێراقی دایە قەڵەم، بەڵکو گوتتان کە گەلی کورد دەیەوێ لە سنووری عێراقدا بمێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێوە، رێی هیچ جۆرە گشتپرسییەکتان نەدا، تا بزانین خەڵکی باشووری کوردستان، چییان دەوێ و چییان ناوێ.

لەلایەکی دیکەوە، هەوڵی ئەوەتاندەدا، لەکورد وا بگەیەنن کە سەرکردە عەرەبەکان و شیعەکان بە سیستەمی فێدەراڵی رازین. تەنانەت مام جەلال لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئەڵمانی "دێر شپیگل" گوتی: "سیستانی بە فێدەراڵیزم رازییە و پشتگیریی مافەکانی کورد دەکا و، مرۆڤێکی مۆدێرات

(معتدل) ە و لە خومەینی ناچێ". کەچی ڕۆژێك دوای ئەوە، سیستانی ئەو قسانەی بەدرۆ خستەوە. کە لە ڕۆژنامەی "میدیا" دا داوامکرد لە مام جەلال، ڕاستی و ناڕاستی ئەو هەواڵە دەربخا، مام جەلال نێستە و ئەوساش پەنای بردە بەر بێدەنگی. وادیارە هۆشیار زێباریش، نەیویستووە لە مام جەلال دوابکەوێ، بۆیە لەبەردەم "کۆمەڵی ئاسایشی نێودەوڵەتان" دا گەلێك پەسنی (مدحی) سیستانی دا، هەقی خۆیەتی، وەزیری عێراقە!

برایینە!

وەك دەزانن، ئێوە دەوڵەتی عێراقتان سەرلەنوێ بنیاتنایەوە و، سەروەرێتیتان بۆ عێراق وەرگرتەوە و، کۆتاییتان هێنا بە سەربەخۆیی ماڵۆچکەکەی کورد. تەنانەت کە "کۆمەڵی ئاسایشی نێودەوڵەتان"، کە بەپێی بڕیاری ١٥٤٦ سەروەرێتی بۆ عێراق گەڕاندەوە، ئەمەش هەر بەهۆی هەوڵ و تەقەلای وەزیرەکەی ئێوەوە، کاك هۆشیار زێباری بوو، وەك بەرپرسیارە گەورەکانی ئەمریکا دانیانپێدانا (الشرق الاوسط ٢٠٠٤/٦/١٠). ئەمە بێنەوەی کە بڕیاری ١٥٤٦ی (ك. ئا. ند.) بەیەك وشە باسی کوردستان، یان کورد بکا. کەچی ئێستەش ئێوە ناتانەوێ بەخۆتانی بگرن و، بڕیارێکی بنبڕانە نادەن و، هەر دەتانەوێ کات ببەنەسەر. ئەگەرچی دەزانن، کار لەکار ترازاوە و، عێراق بووەتەوە دەوڵەت و، کوردیش کەمایەتییەکە لەنێو عێراقدا، کە بە دەوڵەتێکی عەرەبی دەناسرێ و، کێشەکەش لە کێشەی ئینتەرناسیۆنالییەوە، بووەتەوە بە کێشەیەکی نێوخۆیی و، ئێوەش لەمەولا وەك سەرۆك حیزب تەماشا دەکرێن، خۆشتان نامەکەتان بۆ بوش هەروەك سەرۆك حیزب ناردووە و، چەکدارەکانیشتان وەك میلیشیا تەماشا دەکرێن، چۆنکە چەکداری حیزبین، نەك لەشکری نەتەوەیەك و، ڕێ بە مانیان نادرێ، مەگەر ئەوەی ئێوە بچنەوە سەرشاخ!!! ئەرێ بە تەمان بچنەوە؟؟؟

برایینە!

ئەوجا، با بێینەسەر ئەو هوردە هەڕەشانەی کە دەیکەن و نایبەنە سەر و، بە قسەی

سیستانی «هەڕەشەی ئێوە بۆ خۆکێشانەوە لە حکوومەتی عێراق، قسەیەکی کۆنە» (رۆژنامە عەرەبییەکانی رۆژی ٢٠٠٤/٦/١٠)، ئەگەر قسەکانی سیستانی بکەینە کوردی، دەبێ بێژین "هەڕەشەکەی ئێوە، چەمۆڵەی نێوگیرفانە" و، لەمەوە، دەبێ خۆتان بزانن، ئەو سیستانییەی کە ئێوە چەندجار چوونە سلاوی، رێزی ئێوەی چەند لایە. بەلام با وادابنێین کە ئێوە ئەورۆ خۆتان دەکێشنە دواوە لە حکوومەت، ئەوجا چی؟ دەمێکە ئەو پەندە کوردییەم داوە بەرووتاندا کە دەبێژێ **"ئەوەی بە کچێنی دەکرێ، بە بێوەژنی ناکرێ"**. خۆکێشانەوە، دەبوو پێش راگەیاندنی حکوومەتی کاتی بوایە. ئێوە خۆتان دەکێشنەوە، ئەوسا حکوومەتی دانپێدانراوی عێراق، بە یارمەتی هەموولایەك، لە هەموو عێراقدا هەڵبژاردنێك سازدەکا و، ئەو حەلەش دڵنیابن کە جەماوەری کورد دەنگ بەئێوە نادا، **ئەو شایەر و کوڕی رۆژ و کۆنەجاش و خاوەن فایل و چڵکاوخۆر و گامەسلەك و خزێژێن و کاسەلێسانەی کە ساڵانی ساڵە، بەلێشاو پارەی کورد دابەشدەکەن بەسەریاندا، پێش ئەوانی دیکە دەکەونە پەلاماردانتان.** خۆ ئەگەر بەربەرەکانێی حکوومەتی عێراق بکەن، دەبێ بزانن کە ئەوە جاری جاران نییە، چۆنکە نە جەماوەری کورد دەگاتە فریاتان و، نە سووریا و ئێران و دەوڵەتی ترك، ئەو دەمە بەهەموو لایەك لێتاندەدەن و، داگیرکەرانی کوردستانیش، ئەو ئاژاوەیە دەکەنە بیانوو بۆ کاولکردنی کوردستان و، دەربەڕاندنی کورد و ئەنفالێکی نوێ. خۆ ئەگەر لەنێو حکوومەتدا بمێننەوە، ئەوا متمانەی زۆربەی زۆری کورد دەدۆڕێنن، چۆنکە رژێمی نوێی عێراق، زۆر زەحمەتە مافێکی فیدراڵی وا بدا بە کورد، کە کورد دەیەوێ و، جەماوەری کورد، لەدەستدانی ئەو دەرفەتە گەورەیەی کە هەڵکەوتبوو بۆی، لەچارەی ئێوەی دەزانێ.

برایینە!

رێی راست و دروست ئەوەیە، بە فەرمی و بێ پێچوپەنا، دان بنێن بە هەڵەی خۆتاندا و، وەك سیاسەتکارانێك کە بۆ ئامانجێك هەوڵتانداوە و سەرینەگرتووە، بێنە قسە و هەردوو بەرپوەبەرێتییەکە بدەنە دەست ئەنجومەنێکی سەتکەسیی بێلایەن، کە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنێکی ئازاد بکا، لەو ستانانەدا کە بەدەست کوردەوەیە و، لەو شوێنانەدا کە بەدەست کوردەوە نییە، بەلام کوردستانن و کورد دەتوانن نوێنەری

خۆیان هەڵبژێرن. ئەوجا ئەو پەرلەمانەی کە دروستدەبێ، بڕیاربدا لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ بنرێن بۆ پاراستنی مافی کورد. ئێوە ئەگەر ئەم کارە بکەن و، ئەم هەنگاوە ئازایانە بنێن، ڕێزێکی زۆری نەتەوەی کورد بۆخۆتان دەپچرن و، کورد لە دووبارەبوونەوەی شەڕی نێوخۆیی رزگار دەکەن، چۆنکە دڵنیابن کە مەنجەڵی خەموخەفەت و ناهومێدی کورد بەجۆرێ دەکوڵێ کە لێیدەڕژێ. تکای براتان ئەوەیە کە ڕێ بەو کوێرەوەری و کارەساتە ناهەموارانە نەدەن. مەبەستیشم لەم نامەیە بۆ ئێوە، تەنێ خزمەتی کوردە، ئەگەرنا خۆشتاندەزانن، کە ئەز نە بەتەمای پلەوپایە و، نە بەتەمای هیچ جۆرە دەسکەوتێکی تایبەتی و، نە چاوەڕوانی خێروبێری کەسم.

ڕێزوسڵاوم دووبارە دەکەمەوە...

براتان

جەمال نەبەز

٢٠٠٤/٦/١٠

ڕۆژنامەی "میدیا" ژ ١٦٤، ٢٠٠٤/٦/١٥

گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە ٣١ - جۆزەردانی ٢٠٠٤